ستران عەبدوڵڵا

## مەسەلەی توتنەکە

## 1

# باسوخواسەکانی کوردایەتی

## (2010 - 1991)



1

ستران عەبدوڵڵا

باسوخواسەکانی کوردایەتی (1991 - 2010)

ڕێك ئێمە دەبێ کوردستانی ناو دڵ و دەروونی خۆمان بە ئاوات بخوازین و بۆی لە کایەدابین. کوردستانی هیوا جیاوازە لە کوردستانی بندەستی و تەنانەت لەو کوردستانە ڕاگوازەی ئێستاش کە دەسکەوتی کەم نییە، بەڵام هێشتا تێری ئێمە ناکات و تینوێتیمان ناشکێنێ. کوردستانی ناو دڵ و دەرونمان یەکسانە بە بەهەشتێك لەسەر زەوی کە تەنها سویسرای ڕۆژهەڵات نەبێت لە جوانی و
بێگەردیدا، بەڵکە سویسرای ڕۆژهەڵات بێت لە دیموکراسیی، دادی کۆمەڵایەتی و پاکژی ژینگە و هەرچی کە دڵی تۆی خوێنەر بیخوازێت. ئەم کوردستانە خوازراوە، ڕێك پڕ بەپێستی شایستەیی میللەتی ئێمەیە، دوای دەیان ساڵا و دەیە لە عەزاب و مەینەتی.
خاوەنداریێتی لە کوردستان یانی قبوڵنەکردنی کوردستانە بەو شێوەی لەسەری بووە و بەم شێوەی ئێستا پێیدا گوزەر دەکات. لێ ئەم خاوەنداریێتییە نایەتەدی ئەگەر هەرکەسە و بەشی خۆی لە ئەرك و فرمانەکان ڕایی نەکات.

مەسەلەی توتنەکە

1

# باسوخواسەکانی کوردایەتی

(2010 – 1991)

ستران عەبدوڵا

2010

- ناوی کتێب: **مەسەلەی توتنەکە**
- ناوی نووسەر: **ستران عەبدوڵلا**
- چاپی یەکەم: **کوردستان**
- دیزاین: شۆڕش ئەحمەد
- تیراژ: (500) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی

درۆیە هیچ کەس موحاید نییە
دورەپەرێزی ترسنۆکییە
ئەگەر خاوەنی بیروباوەڕی
وەرەپێشەوە ترست لەچییە

**محەمەد ڕەسوڵ هاوار**

## پێشەکی

# مەسەلەی توتنەکە، هەرخۆی مەسەلەی کوردە!

دەمێکە بەتەمای چاپکردنی ئەم زەنجیرە نووسینە بووم لەچوارچێوەی کتێبێکی گەورەدا، هەر جار بەربەستێک ئەم تەمایەی دوادەخست. جارێ لەبەر ئەوەی هەندێک نووسینم بۆ نەدەدۆزرایەوە، جارێ بەوەی لەسەر پۆلێنکردن و دابەشکردنی بەسەر چەند بەش و چەند فەسڵێکدا ساغ نەدەبوومەوە، جارێکی تر بەهۆی سەرقاڵی رۆژانەو هەندێک جارێش، نایشارمەوە، بیرم لەبێهودەیی پرسێکی وا دەکردەوە کە داخۆ نووسەر بۆ دەبێ بابەتەکانی کۆبکاتەوەو کای کۆن، بەتایبەتیش بۆ هەندێک نووسین کای کۆنی بواری سیاسەت، بەبادا بکات؟

بەڵام بەربەستی سەرەکی لەبەردەم ئەم تەمایە، گەورەیی قەبارەو زۆری نووسینەکان بوو کە یەک کتێب نەیدەگرتنە خۆی.

نووسەرێک کە لەبواری رۆژنامەنووسیدا کار بکات گەلێک دەسکەوتی چنگ دەکەوێت و گەلێکی تریش لەدەستدەدات. سەرەکی ترین دەسکەوتی بەندە ئەوە بوو کردمێ شاهیدی رووداو وکەمێکیش بەشدار لە چەند وێستگەیەکیاندا. کاری رۆژنامەنووسی بەوەی کارێکی رۆژانەیەو لەنووسەر دەخوازێت هەم بەردەوام بنووسێ و هەم بەردەوامیش چاودێری رووداوەکان و دەرکەوتەکان بکا و لەسەریان بخوێنێتەوە و ببیستێ و ببینێ و بەو هەموو داستانەشەوە ببێتە شاهیدێکی زیندووی بەسەرهاتەکانی کە رۆژانە یاداشتیان دەکا، یان هەفتانە لەسەریان دەنووسێ و دەپەیڤێ. بەندە شاهیدێکی زیندووی رووداوەکانی کوردستانم لەنزیکەی دوو دەیەی رابردوودا، لەوەتەی کوردستانی باشوور بۆتە خاوەنی خۆی لەم کتێبەو لەچەندین کتێبی پێشتر چاپکراو و ئەوانەشی لەئاییندەدا چاپ دەبن، من ئیفادە دەدەم و ئەو شاهیدییە دەگێڕمەوە وەک ئەوەی چۆن لەکاتی خۆیدا لەسەری دواوم و نووسیوومە. ئەمەش وەنەبێ خۆگێڤکردنەوەیەکی بێسەرو بەر بێت بەسەر خوێنەران و بەسەر نێوەندە سیاسی رۆژنامەوانییەکەوە، چۆلەکە خۆت چی وچێشتاوت لەچی؟ بەڵکو ئەمە لەبەر ئەمەیە پیشەکەم وەک رۆژنامەنووسێک و

شـوێنەکەم وەک هەڵـسوراوێکی سیاسـیی لـەبواری راگەیاندنـدا ،ناونیـشانی شـاهیدی ڕووداوەکانی پێدام.

شاهیدێک کە دەبێ دانی پێدابنێم قەت بێلایەن نەبوو و هەمیشە چاودێرو بەشدارێکی لایەنداری ڕووداوەکان بووە، هیچ نەبێ لەو بەشـەی پەیوەنـدی بـە ڕەهەنـدی میـدیایی ڕووداوەکان و گواستنەوەیانەوە هەبووە. بۆیە قەت ئیدعا ناکـەم لـەڕووداوو پێـشهاتەکانی لەم کتێبەدا لەسەریان نووسـراوە بێلایـەن بـووبم. بـەڵام دەتـوانم ئیـدعا بکـەم کـە لـەو ساتەوەختەدا چۆن نووسیوومە ئاوەها بیرم کردۆتەوەو دیارە ئێستا کەدەیکەمە کتێبـیش هیچ نەبێ قەناعەتم بەهێڵە سەرەکییەکانی نووسراوەکان هەیە کە بـۆ ئـەمرۆش دەسـت دەدەن و لەئەندێشەو بیرکردنەوەیەکی راستگۆوە نووسراون و هیوادارم پێکان و نـەپێکانی ئامـانج نەبێتـە باعیـسی ئـەوەی خوێنـەر لێیـان تـەوەلابێت و نـەتوانێت تاڵـەدەزووی ڕووداوەکانی رابورد بە تەونی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ و سبەینێی ژیانی کوردەواری و ماجەرای بزووتنەوەی کوردایەتی لەم نزیکەی دوو دەیەیەدا بدۆزێتەوەو پێکەوەیان گرێبدات.

کـارکردنی بەنـدە لـەبواری رۆژنامەنووسـی و بەتایبـەتیش کارێـک بـە نەفەسـی پێشمەرگانەوە، دەرفەتی زۆری پێدام لە هەندێک ڕووداو ئاگادار بـم و ئەوەنـدەی ئـەقڵم پێیان دەشکێت لەسەریان بنووسم و ئەوەندەی تابۆی حزبی و سیاسی دۆخی کوردستانی نیمچە ئازاد ، وەلێ تەواو گەمارۆدراو، بواری داوە لاپەڕەی شـرۆڤە کارییـان لەسـەر رەش بکەمەوە.

بەڵام دواجار بڕیارمدا ئەو بەربەرستی زۆری نووسینەکان و قەبارەی کۆکردنـەوەیان بـۆ کتێب، بەوجۆرە چارەسەر بکەم کە لەچەند زنجیرە کتێبێکدا پۆلێنیان بکەم، حاڵم حاڵی شاعیری تەڕدەست و قسەخۆش دکتۆر شۆیە کە لەپێـشەکی یەکـەم دیوانیـدا ئامـاژەی بەوەدابوو بۆ ئەوەی خوێنەری هەژاری کورد دەرەقەتی کڕینـی دیوانەکـەی بێـت وا ئـەو لەچەند بەشێکدا بلاویان دەکاتەوە. منیش بـۆ ئـەوەی خوێنـەر وەڕس نـەبێ و خۆشـم دەرەقەتی کۆکردنەوەو لەچاپدانیان بێم ، کردمنە چەند کتێبێک لەژێر تایتڵێکی سەرەکی (مەسەلەی توتنەکە)و چەند تایتڵی لاوەکی بۆ هەر بەشێک کـە هـی ئـەم بەشـەم ناونـا (خەم و خولیاکانی کوردایەتی لە 2001-2001) .

ئینجـا دێمـە سـەر دەسـکەوتە لەدەستـچووەکانی رۆژنامـەنووس کـە ئەمـە دیـوە ناخۆشەکەی کاری رۆژنامەوانییە.

رۆژنامەوان بەوەی شاهیدی زیندووی ڕووداوەکانـە و رۆژانـە قـسەی هەیـە، ناتوانێـت وەک نووسـەرانی دیکـەی خـاوەن کتێـب بەشـێنەیی تـر، کـۆکراوەتر بیرۆکـەکانی کـە لەکتێبێکدا بلاویان دەکاتـەوە وەک ئەفرانـدنێکی نـوێی شـایانی خورپـەی دڵ و شـۆکی

خوێندنەوەو چێژی تازە پێشکەش بکات. چونکە  زنجیرە نووسینی بڵاوکراوە بـا یـەکێتی بابەتیشیان تێدا بێت هێشتا ناتوانێت ئەو پرسیارە بسرێتەوە داخۆ  جەدوایـەک هەیـە بـۆ کۆکردنەوەیان؟ بەدیوێکی تردا ،ئەگەر ئەم بابەتە لەبنچینەدا وەکو کتێبێـک بـان باشـتر دەنەبوو؟

دەڵێم رەنگە وابێت!  بەڵام ئەو کاتە کێ دەڵێ ئێمە دەبووینە رۆژنامەنووس و کێ دەڵێ کتێبانمان دەنووسی و کێ دەڵێ کتێب هەمان تام و چێژی قوڵپ لێدانی نووسـینی دەدا لە ساتەوەختی خۆیدا؟ نووسین لە سـاتەوەختی خۆیـدا زینـدووە باخەسـڵەتی شـرۆڤەی شێنەیی لە دەست دابێ.

کێ دەڵێ ئەمڕۆ بەو هەموو دەردی سەری رۆژ گارو بەو هـەموو دڵـەڕاوکێی پرۆسـەی سیاسییەوە دەرفەتمان دەبوو کتێبان لەسەر ئەو دوو دەیەیە بنووسـین بـێ ئـەوەی لـەناو رووداوەکانی مێژووی  گێڕاوەدا بخنکێنیـین و یـان رووداوێـک لـەو سـەدان رووداوانـەی بەسەر ئەم ولاتەدا هاتن فەرامۆش بکەین، فەرامۆشی لە بیر بردنەوەی بە ئەنقەسـت یـان لە بیرچوونەوەی وردە وردە کوژانەوەی خانەکانی مێشک و وێستگەکانی یادەوەری؟

ئەوەی کە  ئەم نووسینانە بەکتێب دەبینی بەڵگەی ئەوەیە کە دواجار بڕیـاری خۆمـداو وا بەشی یەکەمیم هێنایە خزمەتتان.

ئەم رووداوانە بەزنجیرە دێنە چاپکردن و جارێ ئەوانـەیان بڵاودەکەمـەوە کـە دووبـارە بڵاوکردنەوەیان کێشەو گرفـت دروسـت ناکـاو زامـی کـۆن نالاوێنێتـەوە.  هەنـدێک لـە نووسـراوەکانم ، ئـەوی پێـشتر وەک کتێـب بڵاوکراونەتـەوە لـەم زنجیـرەی (مەسـەلەی توتنەدا) دووبارە نابنەوەو هەندێکیـشیان، کـە لـە سـەر رووداوی غـەیرە کوردسـتانیین و پەیوەندییان بەرووداوەکانی جیهانەوە هەیە، لەوانەیە لەژێر زنجیرە تایتڵێکی تردا بڵاویـان بکەمەوەو هەندێکیشیان لەوانەیە هەر بڵاویان نەکەمەوە چونکە: یان لاوازن و یاخود  سەر لەبەریان لێیان پاشگەزم.

مادام هەر باسی دەسکەوتی لەدەستچووم کرد خراپ نییە ئاماژەیە بەوەش بـدەم ئـەم نووسینانەو ئەوانەی پێشترو ئەوانەی دواتریش چاپدە بن، وەک چۆن بوونـە باعیـسی نـاو دەرکردنی خاوەنەکانیان ، کە بەندەی بەردەمتانم، ئاوەهاش لەگەڵێک وێستگەدا نەیارێتی سەرسـەخت و رکابەرییـەکی نـاڕەوای بەنـسیب کـردم لەلایـەن ئەوانـەی هەنـدێک لـە نووسینەکانم بەرۆکی دەگرتن و پەیوەندی بەسیاسەت و رەفتاری وانەوە هەبوو، بێگومـان ئەمەش نرخێکە دەبێ هەموو  مرۆڤێک، نەخاسمە نووسەر، بیان داو بـێ دوو دڵـی ئـازارو ئەشکەنجە نەفسی و هەندێکجاریش تیرۆرە رۆحیەکەشی بچێژێ.

بەندە هەتا توانیومە، بەئیجتهادی خۆم، هەوڵمداوە شرۆڤەکاری و نووسینی خۆم لە بەر یەککەوتن و هەڵە حاڵیبوون بە دووربگرم، لێ کە قسە هاتە سەر ئەوەی شتێک بنووسم کە باوەڕم پێیەتی یان شتێک کە ئەوانی بەرامبەر پێیان خۆشە باوەڕم پێی هەبێ، ئەوا بێ دوو دڵی باوەڕی خۆمم تۆمارکردووە و ئیمزای خۆم لەژێر داناوە. ئەی مەگەر نەمگوت پێشمەرگانە دەنووسم؟

ئەوەی لەم بەشی یەکەمەدا بڵاوبونەتەوە بۆ چەند فەسڵێک پۆلێنم کردوون:

-فەسڵی یەکەمیان: نووسینە درێژەکانن کە بە ئیجتهادی خۆم هەوڵی هەڵسوراوێکی سیاسییە بۆ روونکردنەوەی چییەتی کوردایەتی و گرفتەکانی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری و ئەوی ناومان ناوە (ئەدەبیاتی کوردایەتی). لەماوەی نێوان ساڵانی (1991-2000) .

-فەسڵی دووەمیان: لەسەر هەمان ئەو ئەدەبیاتانەیە، بەڵام بەرەچاوکردنی دۆخی گەشەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ماوەی نێوان (2000-2010)دا .

- فەسڵی سێیەمیان: هەندێک بیرۆکەیە لەسەر چاکسازیی ناو یەکێتی و رەدو بەدەلی لەم بارەیەوە هەبوون.

-چوارەمیان لەسەر باسوخواسی ئەنفالە.

سەیر لەوەدایە ئەو زنجیرە گۆشەیەی کە بۆتە تایتڵی ئەم زنجیرە کتێبە (مەسەلەی توتنەکە) هەموویان بەرێکەوت کەوتوونەتە کتێبی دووەمەوە کە لەوێدا، لەیەکەم ئەڵقە، شەرحی ئەوەم کردووە ناونیشانی مەسەلەی توتنەکە چییە ولەچییەوە هاتووە؟

جا بۆ ئەوەی خوێنەر لەناوی کتێبەکە بگات و بەندەش ناچار نەبم بۆ ئەو شەرحە زنجیرەکە تێکبدەم، هەر ئەوەندە دەڵێم مەسەلەی توتنەکە هەر خۆی مەسەلەی کوردە کە بەشی زۆری وتارەکانی زەنجیرە کتێبەکەی بۆ تەرخانە.

دواسەرنجم ئەوەیە: نووسینەکان چۆن بڵاوکراونەتەوە ئاوەها دامناونەتەوە، تەنها سێ و چوار وتاریان نەبێ کەچەند برگەیەکم لێ لابردوون بێ ئەوەی ماناو ناوەڕۆکیان بشێوێ و لە هیچیانیشدا بیرۆکەی ترم تێنەخزاندووە کە زادەی ئەمڕۆ بێت و بەنرخی بیرۆکەی دوێنێ بەخوێنەری بفرۆشمەوە.

**ستران عەبدوڵڵا**

**سلێمانی** -2010-11-3

## بەشی یەکەم

# بابەتە درێژەکان

# "کوردایەتی" چییەو چی دەوێت؟*

## یەکەم: چەند سەرەقەڵەمێک لەسەر کوردایەتی وئەدەبیاتەکەی

بۆ چاکتر تێگەیشتن لەم نووسینە پێویستە سەرەتا ئاماژە بەدوو چەمکی هەمیشە دووبارەبۆوەی نێو ناوەندی سیاسیی و رووناکبیری کوردستان بکەین و ماناو تاریفێکی سەرەتاییشی وەبیربێنینەوە. ئەو دوو چەمکەش هەردوو دەستەواژەی پێکەوە گرێدراو (کوردایەتی و کوردەواری)ن.

**کوردایەتی**: واتا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان کەبزووتنەوەیەکی مێژووکردەو ماناو خەسڵەتی خەباتێکی درێژخایەنی نیشتمانی و نەتەوەیی لەپێناو رزگاری کوردو کوردستان لەخۆ دەگرێت.

**کوردەواری**: بزاوتنی کۆمەڵی کوردەواری و چالاکییەکانیەتی لەپێناو پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵ و بنیاتنانی وڵاتێکی پێشکەوتوو و ئاوەدان.

1

لەرووی مێژووییەوە (کوردەواری) پێش کوردایەتی کەوتووە، بەو مانایەی کۆمەڵگەو بزاوتەکانی لەپێناو رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پێش هوشیاری سیاسی سیاسی کەوتووە. لەدۆخێکی وەک ئەوەی میللەتی کورددا بزاوتی کۆمەڵی (کوردەواری) لەو کاتەوە هەیە کەکورد وەک نەتەوەیەک لەسەر شانۆی ژیان دەرکەوتووەو هەوڵی داوە لەچوارچێوەی (کۆ)دا ژیانی خۆی پێش بخاو پەرە پێبدا. ئەگەرچی بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی کوردییەوە (سەبارەت بەڕۆژگاری لەمێژین)و هەروەک بەهۆی داگیرو دابەشکردنی کوردستانەوە (سەبارەت بەم چەرخەمان) هەرگیز وا هەڵنەکەوتووە (کوردەواری) دوور لەگرێدانی بەکۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکانی دەوروبەرەوە ژیانێکی کوردەوارییانەی سەربەخۆی بەسەر بردبێ و پەرە پێدابێت. ئەگەرچیش بەهۆی هەڵبەزو دابەزی ژیانی نەتەوەی کوردو ئەو مەینەتییە زۆرو زەوەندانەی ژیانێکی

* ئەم باسە کاتی خۆی بەچەند بەشێک لە گۆڤاری ڕێبازی نوێدا، چەند ژمارەیەکی ساڵی 2000، بڵاوبۆتەوە. لەهەرسێ بەشی (یەکەم، دووەم و سێیەم) پێکهاتووە.

جێگیری لەکورد قاتی کردووە دەرفەت بۆ ئەوە هەڵنەکەوتووە ئەزموونی شارستانیو تەجروبەی کۆمەڵایەتی وا کەڵەکە بکەین کەشەریتێک لەپێشکەوتنو خەسڵەتی کۆمەڵایەتی تایبەتمان بۆ دروست بکات، بەڵام وێڕای ئەوەش سەبارەت بەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی مانای بەردەوامبوونی ژیانو ئارەزووی پێشخستنی ژیانی لەخۆ گرتووە، ئەوا کوردەواری ئە.موونێکی چاکو بەکەڵکی هەیە لەواری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو تەقەلاکانی ڕێکخستنی ژیانو ئیدارەدانی کۆمەڵدا. با ئەو ئەزموونە لەچاو کۆمەڵەکانیترو لەچاو ئەزموونی میللەتانی سەردەستی دەوروبەردا کەمتر خەسڵەتی کۆمەڵێکی سەربەخۆو خۆماڵیشی پێوەبێتو کەمتر لەوەی وانیش پێشکەوتووبێت.

هەرچی (کوردایەتی)یە ئەوا قۆناغێکە لەڕووی دەرکەوتنەوە دەکەوێتە دوای (کوردەواری). بەدەیان شەقاوی مێژووییەوە. ئەگەر کوردایەتی تەنها لەتاریفەکەیدا سنوورداری بکەین بەوەی خەباتو تێکۆشانە لەپێناوی رزگاری کورد (وەک نەتەوە)و کوردستان (وەک نیشتمان)، ئەوا دەتوانین بڵێین هەموو ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینانەی گەلی کورد لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا لەدژی زوڵمو زۆرداری داگیرکەرانو لەپێناوی چێکردنی جۆرێک لەقەوارەی سیاسی تایبەت بەکورد کردویەتی بەشێکی دانەبڕاون لەدیرۆکی بزووتنەوەی کوردایەتی با ئەو وەختەش دەستەواژەی (کوردایەتی) دروست نەبووبێتو لەئەدەبیاتی سیاسی کورددا مانای (خەبات لەپێناوی رزگاری کوردو کوردستاندا)ی لەخۆ نەپێچابێت.

لەڕاستیدا تووشی گرفتێکی فرە ئاڵۆز دەبین ئەگەر لەدەرەوەی ماناو ڕەهەندە هۆشیارییە سیاسییەکەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەکوردایەتی بڕوانین. ئەگەر کوردایەتی تەنها بەمانای ئەو نیەتو نیازە پاکو بێگەردە لێک بدەینەوە کەهانی دەستەو تاقمێک، یان چەند دەستەو تاقمێک دەدا لەهەلومەرجی تایبەتی گەشەکردنی کوردەواریو ئاستی پێگەیینی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی تایبەتدا ڕاپەڕینو شۆڕش بەرپا بکەن، ئەگەر (کوردایەتی) تەنها لەڕەهەندی ئامانجەکەیدا لێک بدەینەوە کەئامانجی رزگارکردنی کوردو کوردستانە، ئەوا تەواوی شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی کورد، بەبچیکو گەورەیانەوە، مانای (کوردایەتی) کردن لەخۆ دەگرنو ناشێت لەو شەرەفەیان بێبەش بکەین کەشەرەفی کوردایەتییە. بگرە لەوانەشە بەشێکی ڕاپەڕینەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەم زیاتر لەهەندێک شۆڕشی سەدەی بیستو جوولانەوەی هاوچەرخیش سیفەتو ناوی کوردایەتییان بەسەردا ببڕێت. سەبارەت بەوەی ئەوانەی سەدەی نۆزدەهەم ڕاستەوخۆ لەپێناو دامەزراندنی قەوارەی

سیاسـی تایبەتـدا بـوون، بـا ئەو قەوارە داخـوازراوەش بەبەراورد لەگەڵ نمـوونەی پەسـەندکراوی قەوارەی دەوڵەتـی لەزەمـانی هاوچەرخـدا چەنـد پـلەیەک لەخـوارەوە بێت. لەکاتێکدا لەزەمەنی هاوچەرخی خۆمانو لەسـەدەی بیستدا جـوولانەوەی وامـان هەیە، لەم بەش یـان ئەو بەشـی کوردسـتاندا، کە (کـوردایەتی)یەک بـووە، لەپێنـاوی داخـوازی نەتەوەیـی، کەم یـان، زۆردا، واتە راسـتەوخۆ لەپێنـاوی رزگـاری خـاکو نەتەوەدا نەبـووە، بەڵام دیـارە لەئەدەبیـاتی سیاسـی کـورددا هەر وەک دواتـر دێـنە سـەری (کـوردایەتی) بەمانـا هـاوچەرخەکەی، هەمـوو رەهەنـدەکانی بـۆ پێشخـستنی خەباتی کورد پێویستن پێکەوە گرێ دەدا:

-خەبات لەپێناوی رزگارکردنی کوردو کوردستان.

-هوشیارییەکی سیاسی کوردانە کەئەو خەباتە ئاراستە دەکات.

-رێکخستنو دامەزراوی تایبەت بۆ ئیدارەدانی خەباتەکە... هتد.

ئەگەر بەو هەمـوو رەهەنـدانەوە (کوردایەتی) بناسـێنین ئەوا رەوتـی گەشەسـەندنی کوردایەتیمان بۆ دێتەوە سەر رێی ئاسایی خۆیو دەتوانین دیرۆکی تێکۆشانی کوردو ئاسـتی پەرەسـەندنی خەبـاتی کـوردایەتیش دیـاری بکەیـن. بەم پێـیە ئەگەر بـۆ سـەرەتایەکی دروسـتی بـزووتنەوەی کـوردایەتی بگەڕێـین دەتـوانین بێـژین هەمـوو شۆڕشو راپەڕینەکانی کورد، هەریەکەو بەگوێرەی زەمـانو زەمینـی خۆیـان، بەشێکن لەدیرۆکی کوردایەتیو ئەگەریـش بـۆ قۆناغێکی وەرچەرخـان بگەڕێین لەو دیـرۆکەدا کەتێیدا هەموو رەهەندو خەسڵەتەکانی کوردایەتی لەشۆڕشێکدا بەرجەستە بووبێت، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەشۆڕشـە مەزنەکەی شێخ عوبەیـدوڵڵای نەهـری بکەیـن ساڵی (1880) کەهەر بەڕاستی شۆڕشێکی عەیار کوردایەتی بوو لەڕووی ئامانجەکانییەوە کەڕزگـاری کـوردو کوردسـتان بـوو، لەڕووی جوگرافیـای شۆڕشـەکەوە کەنیـازی تەنیـنەوەی هەبـوو بـۆ هەمـوو کوردسـتان، هەروەک لەڕووی هوشـیاری سیاسـی رێبەراتیـیەکەیەوەو ئینجـا لەڕووی رێکخـستنو هەوڵـی پێکهێنـانی دامەزراوەکـانی شۆڕشەوە کەهەڵبەتە ئەم تەقەلایانە بەپێی هەلـومەرجی بابەتیو خـۆیی کوردەواری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، هەنگاوی گەورەو کاری زێدەمەزن بوون.

## 2

ئەوەی لێـرەدا دەمـانەوێ رۆشـنایی زیـاتری بخەیـنە سـەر رێـڕەوی دیرۆکـی کوردایەتی نییە هێندەی ئەوەی لەم رێڕەوەدا شوێنو پێگەی کوردایەتی یان راستتر تێگەیـشتنێکی کـۆنکرێتتر بـۆ (کـوردایەتی) بخەیـنە روو. ئەمەش زیـاتر بـۆ ئەوەیە

لەپێناسەی کوردایەتییەوە دەروازەیەک بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەبیاتی (کوردایەتی) یان ئەدەبیاتی سیاسی کورد بکەینەوە. لەڕاستیدا ئەدەبیاتی سیاسی کورد یان ئەدەبیاتی کوردایەتی (کەئیتر لەم وتارەدا هەر ئەم ناوەی دوایی بەکاردێنین) بۆخۆی لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتۆتە بوون، لایەنە هوشیارییەکەی کوردایەتیو ئاراستە فیکریو سیاسییەکانی دیاری بکات. بەواتایەکیتر ئەدەبیاتی کوردایەتی بۆ رۆشنکردنەوەی بەرچاوی تێکۆشەرانی کوردایەتییە لەڕێگای ئامانجە بەرزەکەی رزگارکردنی کوردو کوردستاندا. ئەدەبیاتەکە بۆ دیاریکردنی شێوەکانی خەباتو دوورابیەکانو هەلومەرجەکانی خەباتەکەیە. رەنگە لەم برگەیەو بۆ زیاتر دیاریکردنی پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان بزووتنەوەی کوردایەتیو ئەدەبیاتی کوردایەتی، واتە پەیوەندی (کوردایەتیو ئەدەبیاتەکەی)، وا پێویست بکات چەمکی (ئەدەبیاتی کوردایەتی) چاکتر خورد بکەینەوەو هەروەها جارێکیتر ماناو تێگەیشتنەکانی ئەو ئەدەبیاتە بۆ (کوردایەتی) تاووتوێ بکەین، چونکە لەمیانی تێگەیشتن لەچەمکی (ئەدەبیاتی کوردایەتی) دەتوانین چاکتر ئالۆزییەکانی خودی (بزووتنەوەی کوردایەتی) روون بکەینەوەو ئینجا لەوێشەوە پەیوەندییەکانیان بەکوردەواریو ئاراستە جیاجیاکانی دەستنیشان بکەین. تێگەیشتن لەئەدەبیاتی کوردایەتی دەتوانێت رۆڵو کاریگەری کەم تا زۆری ئاراستە فیکریو ئایدۆلۆژییە جیاجیاکانی نێو بزووتنەوەی سیاسی وڵاتەکەشمان بۆ روون بکاتەوەو وەڵامی ئەو پرسیارەشمان بداتەوە ئایا تاچەند دەتوانین کاریگەری ئەو فیکرو ئایدۆلۆژیایانەی بۆ ئامانجی سیاسی دیکەی دەرەوەی کوردایەتی کاریان دەکردو کار دەکەن، لەسەر (کوردایەتی) دیاری بکەینو تاچەند دەشتوانین کارو کۆششیان بەبەشێک لەدیرۆکی کوردایەتی بزانین؟

### 3

ئەدەبیاتی کوردایەتی هەموو ئەو دەقو نووسینو گوتانەیە کە لەکتێبو نامیلکەو گۆڤارو رۆژنامەکانی سەر بەدامودەزگاکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا لەسەر کوردایەتیو رەهەندەکانی بڵاو کراونەتەوەو بڵاو دەکرێنەوە. هەموو ئەو نووسینو گوتانە دەگرێتەوە کە لەو بڵاوکراوانەدا بڵاو دەبنەوەو بابەتی باسیان مانای کوردایەتیو گرفتەکانی کێشەی کوردو چۆنێتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە کەکورد لەپێناویدا خەبات دەکات.

ئەگەر بشمانەوێ بەشێوەیەکی تایبەتیتر بەشوێن ماناو پێناسەیەکی وردتری ئەدەبیاتی کوردایەتیدا بگەڕێین دیسانەوە وەکو چەمکی کوردایەتی خۆی دەبێت

ڕێڕەوو ڕەوتێک لەئەدەبیاتە سیاسییەکانی کورد بدۆزینەوەو خوێندنەوەیەکی وردیان لەسەر بکەین، دەکرێ ئەم پرسیارە دەروازەی ئەو ڕێڕەوو ڕەوتەمان پێ نیشان بدات:

سەرەتای ئەدەبیاتی کوردایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کەیو لە چ سەردەمێکدا گەڵاڵە بووەو دواتر چۆن شقڵ و ناوەڕۆکی چەمکێکی تایبەتی وەرگرتووە؟

ئێمە گوتمان بەو پێناسانەی بۆ کوردایەتیمان دیاری کرد شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نموونەی شۆڕشێکی عەیار کوردایەتی بوو. لەوەشدا تەنها لایەنی نیەتی کوردایەتیو گیانفیدایی ڕێبەری شۆڕشەکەو پێشمەرگەکانیمان ڕەچاو نەکرد، بەڵکو لەپشت ئەو شۆڕشەوە وەک دەردەکەوێت هوشیارییەکی سیاسی لەرادەبەدەری ڕێبەرایەتییەکەو بەرنامەیەکی سیاسی دامەزراو بۆ بزووتنەوەکە لەئارادایە.

واتە بزووتنەوەکەی شێخی نەهری بەئەندازەی پێگەیینی هوشیاری سیاسی لەو سەردەمەدا خیتابێکی سیاسی تایبەت بەخۆی هەبووە لەواری مامەڵەکردن لەگەڵ دەرکەوتەکانو دەوروبەرو پێشهاتەکانی دێنە ڕێی شۆڕش. ئەگەر دەرفەتی تۆمارکردنو نووسینەوەی سیاسەتو تاکتیکو ستراتیژی بزووتنەوەکە هەبووایە ئەوا ئەو خیتابە سیاسییە بۆ بزووتنەوەکانی دوای شۆڕشی شێخی نەهری دەبوو بەئەدەبیاتو کەرەستەیەکی چاکی ئەزموونی، بەڵام گرفت ئەوەبوو لەدوای شکستی شۆڕشەکە ئیتر (بەلانی کەمەوە لەسەدەی نۆزدەدا) شۆڕشێکی وا کوردستانی لەهەمان شوێن، یان لەشوێنێکیتری کوردستان، نەقەوماوە کەداخۆ بزانین چۆنی مامەڵ لەگەڵ ئەدەبیاتێکی بەجێماوی بزووتنەوەیەکی سەرکوتکراو دەکرد. ئەو بزووتنەوەیەی:

1-بەرنامەی بۆ ڕزگارکردنی تەواوی خاکی کوردستان پێبوو.

2-شەڕی ڕزگاری لەڕامالّینی داگیرکەران لەبەشێکی کوردستان دەست پێکرد بۆئەوەی ئەو بەشە ڕزگارکراوە قۆناغی دووەمی ڕزگارکردنی بەشەکەی دیکەش جێبەجێبکات.

3-لەواری دیبلۆماسیدا هەوڵی داوە پەیوەندی لەگەڵ زلهێزەکانی ئەو سەردەمەدا دابمەزرێنێو دۆستو دوژمن دیاری بکاتو ناوی شێرو ڕێویشیان لێبنێت.

بەڵام گرفتی بزووتنەوەکەی شێخی نەهریو ئەودوای بزووتنەوە چەکدارییەکانیتر کە بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستو سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمو دوای ئەویش بەماوەیەکی کەم، سەریان هەڵداو سەریان نایەوە ئەوەیە کە لەبەر تۆمار

نەکردنــی دەقــی تەواوی خیتــابی سیاســیو بەرنــامەو تاکتیکەکانیــان بەشــێوەیەکی سـەربەخۆ کەنـاوی ئەدەبیـاتی سیاسـی لێبنـرێ، نـاتوانین شـتێکی وای لـێ هەڵکرێنین. دیاریـشە نەک تەنهـا ئێمەمانـان کە بەدوای تـاڵە دەزووی سـەرەتاکانی کـوردایەتیو ئەدەبیاتەکانیدا دەگەڕێین، بەڵکو پسپۆرە بەرێزەکانی مێـژووش تووشی گرفتی ئەوە دەبن چۆن لەرووداوو دەرکەوتەکانی بزووتنەوە جیاجیاکانی کوردایەتی ئەو سـەردەمە بکــۆڵنەوە. مێژوونووســان لەو کۆشــشەدا کەمتــرین دەقــی نووســراوو ئەدەبیــاتی بزووتنەوەکەیـان لەبەردەسـتدایەو ئەوەی هەیـانە کتێـبە مێژووییەکـانی بێگـانە یـان بیــرەوەری گەورە پیــاوانو هەنــدێک وردە شــتیترە کەئەویــش تێکــڕا ڕێــڕەوی ڕووداوەکانی بـزووتنەوەکەو وردەکارییەکانی دەگێڕنەوە زیـاتر لەوەی خیتـابی سیاسـی یـان ئەدەبیـاتە سیاسـییەکەی دیـاری بـکەن. بـۆ نمـوونە لەمـاوەی ئامـاژە پێکـراودا لەکوردســتانی جنــوبی بــزووتنەوەی مەلیــک مەحمــودی حەفیــد زادەمــان هەیە کەمەعلومە بزووتنەوەیەک بووە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەگەر بشمانەوێ وردەکاری زیاتری لەبارەوە بزانین جگەلەوەی ئینگلیزەکان لەبیرەوەری یان لەراپـۆرتە نهێنییەکاندا تۆماریان کردووە، تەنها یاداشتەکانی رەفیق حلمی، یاداشتەکانی ئەحـمەد تەقـیو (چـیم دی)ی ئەحـمەد حـواجەو هەروا ڕۆژنـامە کوردییەکـانی ئەو سـەردەمە هەن، بەڵام ئەمانە بەتەواوەتی دیدو ستراتیژ، بەرنامەی کورت خـایەنو درێژخـایەنی بزووتنەوەکەمـان بـۆ نـاگێڕنەوە. ئەدەبیـاتە سیاسییەکەیمان بەمیـرات بـۆ نەمـاوەتەوە. هەمـان شـت دەربـارەی بـزووتنەوەکەی سمکۆی شـکاک لەڕۆژهەڵاتو شۆڕشـەکەی شێخ سەعیدی پیران لەباکوور. تەنانەت ئەو هەوڵو تەقەلا سیاسییانەشی لەدەرەوەی بــزووتنەوەی چەکــداری کــارو کۆشــشیان نوانــدووە، ئەوەش بــایی ئەوەنــدە کــۆ نەکراونەتەوە کەئەدەبیاتێکی تایبەتی وایان بۆ کەڵەکە کـردبین لەقۆناغەکانی دواتـردا مــایەی چــاولێکردنو تــاقیکردنەوە بێــت. راســتە لەمــاوەی نێــوان شــەڕی جیهــانی یەکەمەوە بۆ شەڕی جیهانی دووەم، چ لەکوردستانی جنـوبیو چ لەبـاکوور، تێکۆشـانی کـورد کەمو زۆر وەک کەلتـورێکی بەجێمـاوەی سـەردەمی خەبـات لەدژی دەوڵەتـی عوسمانی لێرەو لەوێ ڕێکخـراوو کـۆمەڵەی سیاسـی کـوردی هەبـوونو بەتـایبەتی لای خۆمان حزبێکی بەهێزی نەتەوەیی وەکو (حزبی هیوا) لەمەیـدانی تێکۆشـاندا هێنـدێک بۆچوونو سیاسەتی تایبەتی خۆی دارشتبوو، لەرۆژهەڵاتیش (ژ.ک) دروستبوو، بەڵام دەرکەوتنـی راسـتەقینەی ئەدەبیـاتی کـوردایەتی بـۆ سـەردەمی حزبـایەتی مـۆدێرن دەگەڕێـتەوە، ئەو حزبـایەتییە مـۆدێرنەی لەژێـر کـاریگەری بیـری چەپو ئامـادەگی حزبێکـی سەرتاسـەری وەک حزبـی شـیوعی عیـراق لەمەیـدانی سیاسـی کوردسـتاندا

سکێچی حزبی لەسەر شێوەی سۆڤێتی (شێوازی بەلشەفی لەڕێکخستنو لەپێکهاتەی هەرەمی حزبدا)، دارِشت.

4

لەڕاستیدا پێویستە ئەوە بڵێین کەسەرکەوتنی سۆڤێت وەک هاوپەیمانێکی وڵاتانی سویێندخۆر لەشەڕی دووەمدا هەژموونێکی گەورەی بۆ کۆمۆنیزمو لەوێشەوە بۆ (حشع) پەیدا کرد بەڕادەیەک کەشیوعییەکانو ئەوانەی لەدژیان بوون نەیانەدەتوانی لەو هەژموونەی حزبی شیوعیو شێوازی بیرکردنەوەو دابونەریتی سیاسی وی دەربازیان بێت، بۆیە دەبینین پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەئابی 1946دا حزبێکی وەکو (شۆڕش) کەمامۆستا ساڵح حەیدەری دوای جیابوونەوەی لەحزبی شیوعی عیراق وەکو حزبێکی (شیوعی کوردستانی) دایمەزراند سەرەڕای جیابوونەوەی لە (حشع) نەیتوانی لەشێوازی بیرکردنەوەی شیوعییەکانو دابونەریتی وان لەبواری رێکخستنی حزبو دانانی بنکەو ناوەندەکانیدا تەجاوزی بیری کۆمۆنیستی بکاو شتی نوێی تایبەت بەکورد دابنێ. بەڵکو (شۆڕش) لەژێر کاریگەری ئەزموونی بەرەی رزگاریخوازی میللەتان کەگوایە رێکخستنی چینی کرێکارانو جوتیاران پێشڕەوایەتییان دەکات لەچوارچێوەی حزبێکی فراوانتردا خۆی رێکخست کەئەویش حزبی رزگارییەو ئەم حزبەش بەپێی ئەو سکێچەی بۆی دیاری کرابوو بەرەیەکی فراوانی میللی بوو بۆ هەموو تێکۆشەرانی کورد لەهەموو چینوتوێژەکان کەدەبێ رێبەرایەتییەکەی بەدەست رێبەرایەتی حزبی پاکو پوختەی (شۆڕش)ەوە بێت.

دەتوانین حزبی شۆڕش وەک ناوەندێکی شۆڕشگێڕ بۆ بەرەی فراوانی (رزگاری) بەسەرەتاتکێی دەرکەوتنی بیری چەپی کوردستانیو بیری پێویستی بوونی حزبێکی شیوعی تایبەت بەکوردستان دابنێین کەئەو حزبە شیوعییەش وەک حزبی پێشڕەوی کرێکارو جوتیارانی هاوپەیمانیان لەچوارچێوەی بەرەی فراوانی گەلو توێژو وردە چینەکانیدا پێشڕەوایەتی خەباتی رزگاریی نیشتمانیی دەکات. دەتوانین لەچەند خاڵێکی کورتدا ئەو هێڵە گشتییە دەستنیشان بکەین کەئەزموونی شۆڕشو رزگاری پێیگەیشتبوونو لەئەدەبیاتەکانیاندا (زیاتر بەیاننامەو بڵاوکردنەوەی هەڵوێستی سیاسییان هەبوو) ئاماژەی پێ دەدرا:

-حزبێکی چینایەتی کوردستانی کەڕێبەرایەتی قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی دەکات.

-حزبێک هەوڵ دەدا بازنەکانی پەیوەندی مەسەلەی کورد دیاری بکات لەرێی پرسیاری (مەسەلەی کورد یەک مەسەلە یان چەند مەسەلەیەکە؟).

-لەخوێندنەوەی تایبەتمەندێتی مەسەلەی کورد لەهەر بەشێکی کوردستانو هەروا رەچاوکردنی رەهەندی نەتەوەیی کەهەموو کوردو بزووتنەوەکانی یەک دەخات، دەگاتە واقیعی ئەوەی کەمەسەلەی کورد یەک مەسەلەو هەروا چەند مەسەلەیەکیشە...هتد).

پێویستە دان بەوەدا بنێین کەئەگەرچی شۆڕشو رزگاری زوو بنەو بارگەیان تێکناو سەرۆکەکەیان گەڕایەوە ماڵە باوان (حزبی شیوعی عیراق)و ئەودوای حزبەکەش چوونە ناو پارتی تازە دامەزاوەوە، بەڵام هەر بەڕاستی (شۆڕش)و (رزگاری) هەندێک هێڵی گشتییان بۆ ئەدەبیاتی کوردایەتی ئەو سەردەمەی خۆیان دیاری کردبوو.

مادامەکی قسەمان لەسەر چەرخی زێرینی دەرکەوتنی حزبایەتییەو هەر لەو چەرخەشدا (ئەدەبیاتی کوردایەتی) گەشەیەکی باشی کرد، ئەوا دەبێت لەچەند دێرێکیشدابێت ئاڵۆزییەکانی تێکەڵی نێوان (هیوا) بۆ (ژ.ک)و لە (ژ.ک)بۆ (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)و لەو حزبەشەوە بۆ حزبێک لەتەرزی ئەوە کە (پارتی) لێکەوتەوە، ئاماژە پێبدەین:

(ژ.ک) رێکخستنێکی نەتەوەیی کوردستانی سەرتاسەری بوو.

هەلومەرجو گوشارەکانی ئەمـلاوئەولا وای لێکرد حزبێکی ئۆتۆنۆمیخوازی لێبکەوێتەوە کەهەر ئەو حزبە خۆشی سەروەری (کۆماری مەهاباد)ی بەنسیب بوو. لەدیوی کوردستانی عیراقیش بەهەمان شێواز پارتییەک پێکهات کە تادرەنگانیش لقەکەی (ژ.ک) لەسلێمانی نەچووە ناوی، لقەکەی ژ.ک مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەرپرسی بوو کەهاتە ناو پارتی، لەهەموو ئەمانە پێکەوە تایبەتمەندێتییەک لەئەدەبیاتی کوردایەتی پەیدابوو:

پارتێکی جەماوەری کەوردە وردە بەرفراوان دەبوو، هاوپەیمانی شیوعییەکان لەڕووی رێبازی بیرکردنەوەو لەڕووی ئامانجی سیاسی دژە ئیستعماری هاوبەشەوە، پارتێکی کوردی لەژێر کاریگەری بیری چەپدایەو پێشڕەوایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات لەخەباتیاندا بۆ مافە رەواکانی کورد لەچوارچێوەی عیراقدا. ئەم پارتە بەرنامەو پەیڕەوی خۆی دادەنێو رێبازی چەپی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو کەڵک لە (تیۆری زانستی) وەردەگرێ. ئەم پارتە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی تێدایە کە لەڕووی نەتەوەییەوە بەرپرسی لقی (ژ.ک)ی خاوەن رێکخستنی نەتەوەییو لەڕووی

ڕەهەندی عیراقی مەسەلەی کوردیشەوە یەکێک بووە لەوانەی لەسەرەتاوە خەمی پەیوەندی نێوان کوردو عەرەبو ئایندەی ئەو پەیوەندییەی خواردووە هەروەکو لەکتێبی (العرب والاکراد)ەکەی ساڵی 1937دا دەردەکەوێت، هەموو ئەمانە پێکەوە ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لەدەرکەوتنی قۆناغێکی نوێ کەدەتوانین بڵێین قۆناغێک بوو تێیدا بەچڕی باسوخواسی (کوردایەتی)و ئامانجەکانی کەوتنە نێو بەرنامەو ڕێبازو بانگەوازو بڵاوکراوەی ڕەوتە سیاسییەکانەوە. وردەوردە (ئەدەبیاتی کوردایەتی)یان هێنایە بەرهەمو پەرەیان پێدا.

## 5

ئەو ئاماژەپێدانەی سەرەوەمان کە بەدوای دەرکەوتنی حزبی مۆدێرنی سیاسییەوە لەکوردستاندا مەبەستمان لێی گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی حزبایەتیو حزبەکانی بۆ کورد کارو تێکۆشانیان کردووە، نییە. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەو کەشوهەوایە دیاری بکەین کە (کوردایەتی) تێیدا نەشونمای کردووە. مەبەستمان لێی ئەوەبوو شەقڵگرتنی (ئەدەبیاتی کوردایەتی) لەسەردەمی نوێبوونەوەی شێوەکانی تێکۆشانو ڕێکخستنی خەباتی نەتەوەییمان لەچوارچێوەی حزبو ڕێکخراوی سیاسیدا، دیاری بکەین. چونکە هەر بەڕاستی ماوەی نێوان کۆتاییەکانی جەنگی دووەم بۆ هەڕاشبوونی (پارتی)و دەرکەوتنی وەکو حزبێکی بەهێزی کوردی ماوەیەکی بەپیتو بەرەکەت بووە بۆ ململانێکانی جێگیربوونی چەمکی (کوردایەتی)و پەرەپێدانی (ئەدەبیاتی کوردایەتی) کەدیارە ئەرکەکەی هەر جێگیرکردنو ڕوونکردنەوەی چەمکی کوردایەتی بووە بۆ تێکۆشەرانی کوردو بۆ پاراستنی کوردایەتی بووە لەو هێرشە توندو ناڕەوایانەی لەو سەردەمەدا بەبیانووی جیاجیاوە دەکرانە سەری. ڕوانینو بۆچوونی (پارتی) بۆ پرسی کوردو چۆنیەتی چارەسەرکردنی و هەروا ئامرازەکانی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەو دیاریکردنی بەرنامەی هەنووکەییو درێژخایەن لەپەیڕەوو پرۆگرامە ڕوو لەگۆڕانو پەرەسەندووەکانی پارتیدا ڕوون دەکرانەوە. ئەگەر بمانەوێ خەسڵەتەکانی کاری کوردایەتیو خیتابە سیاسییەکەی لەسەردەمی تێکۆشانی پارتی تا پێش شۆڕشی ئەیلول دیاری بکەین ئەوا ڕەنگە باسەکە لەوەی ئێستای درێژتر بێت، بۆیە بەناچاری دیارترین ئەو خەسڵەتانە دەستنیشان دەکەین:

یەکەم: بیری چەپو بەتایبەتی چەپی سەرتاسەری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەرکەوتنی حزبی سیاسی بەشێوەی نوێ لەنێو کوردو بزووتنەوەی کوردایەتیدا هەبووە. لەوسەردەمە بۆ کورد تازەترین شێوازی حزبایەتی و داڕشتنی هەرەمی حزب

ئەوەبووە کە لەحزبی شیوعیو سکێچی حزبی لینینییەوە فێری بووەو هەڵسوڕاوە سەرەتاکانی پارتایەتی ئەوسەردەمەی کوردستانیش هەر لەخوێندنگەی حزبی شیوعییەوە پێگەیشتوون یان هامشۆی ئەو حزبەیان کردووە.

*روانینی عیراقیانەی شوعییەکانو پەرەسەندنەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەم وایان کرد پارتایەتی لەکوردستان بەگشتی و لەکوردستانی عیراق بەتایبەتی، لەقاڵبی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە قەرار بگرێو ئەمەش لەهەرەمو پێکهاتەی حزبو هەروا لەئامانجو دروشمەکانی حزبایەتی و کاری کوردایەتی ئەوسەردەمەشدا رەنگی داوەتەوە.

*دەرکەوتنی رەهەندی عیراقییانە بۆ مەسەلەی کوردو لەهەمان کاتیشدا وەک خۆی مانەوەی خواستو سۆزی نەتەوەیی کورد لەواری پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی بەشەکانیتر (وەک لەئەزموونی کۆماری مەهاباددا دەرکەوت)، ئەمانە پرسی کوردایەتییان زیاتر لەجاران ئاڵۆز کردو پێویستی ئەوەیان هێنایە پێش کەکوردایەتیو رێکخستنە حزبییەکانی ئەدەبیاتێکی ئەوتۆ بەرهەم بێنن پرسە هەمەچەشنەکانو ئاڵۆزییەکان بۆ تێکۆشەرانی کوردو بۆ دۆستو دوژمنانی کوردایەتی روون بکەنەوە. ئەمەش وایکرد لەراگەیاندنو لەبڵاوکراوەکانی پارتایەتیدا گفتوگۆی زۆر لەسەر پرسە نوێکان بکرێتو لەژێر کاریگەری نەریتی حزبایەتی شیوعییەکانو تیۆری سۆشیالیستیدا خواستو حەزی پەروەردەکردنو رۆشنبیرکردنی کادیرانو هەڤاڵانی پارتایەتی هاتە بوونو رۆڵێکی گەورەی گێڕا لەدەوڵەمەندکردنی (ئەدەبیاتی کوردایەتی) لەو هەلومەرجەدا.

*هەروەکو چۆن بوونی حزبی شیوعی عیراقو بوونی ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەری کورد لەو حزبەو دەرکەوتنی (حشع) وەک حزبێکی هەڵسوڕاو لەگۆڕەپانی سیاسی عیراقو کوردستانو لێرەولەوێ باسکردنی رەوایی پرسی کوردو داخوازییەکانی لەلایەن ئەو حزبەوە رۆڵێکی گەورەی گێڕا لەپەرەپێدانی ژیانی حزبایەتی لەکوردستانو دەرکەوتنی پارتایەتی و کەڵک لێوەرگرتنی کوردایەتی لەتێزو روانینو هەروا لەخوێندنگەی حزبایەتی شیوعییەکان، ئاوەهاش هەژموونی (حشع)و خواستی وی بۆ پاوانکردنی گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی بەگۆڕەپانی تێکۆشانی (کوردایەتی)یشەوە بووە مایەی پشێویو پەژارەی سیاسی ناپەسەند کەخۆی لە تانەلێدان لەکوردایەتی و رێکخستنە سیاسییەکەیدا دەبینییەوە. خۆی لەرەتکردنەوەی فیکری و سیاسی هەموو کارو رێکخستنێکی کوردانەی سەربەخۆ لەدەرەوەی دەسەڵاتو هەژموونی (حشع)دا دەبینییەوە. بەڵام ئەم لایەنە سەلبییەش سەرەنجام

(کـوردایەتی) ناچـار کـرد ئەدەبیـاتی خـۆی تیـژ بکـاتەوەو بەدوای وەڵامو پاسـاوی گونجاوی سیاسیو فیکریدا بگەڕێت بۆ ئەو دەرکەوتو مەسەلانەی دێنە پێش. بۆیە لەهەردوو مـاوەی پادشـاییو کۆمـاری لەعیـراقو تـا شۆڕشـی ئەیلـول، (ئەدەبیـاتی کوردایەتی) کۆششو هەوڵی چڕوپڕی دا تارەهەندە جیاجیاکانی کوردایەتی و رەوایی داخـوازییە نەتەوەیـی و دیموکراتییەکـانی گەلـی کـورد روون بکـاتەوەو دەستنیـشانی بکـات. لەو مـاوەیەدا (کـوردایەتی) لەململانـێ لەگەڵ کۆمۆنیـستەکاندا سـەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناو وای کرد دامەزراوەکانی کوردایەتی و رێکخراوە دیموکراسی و پیـشەییە جیاجیاکـانی کـوردەواری خەسـڵەتو تایبەتمەنـدێتی کوردسـتانیانە لەخـۆ بگرنو هەر لەوسەردەمەشدا بیرۆکەی رێکخراوی پیشەیی کوردستانی وەکو یەکێتیی قوتابیـان، ئافرەتـان، لاوان... هتـد گەڵاڵە بـوو. هەڤـاڵا مـامجەلال لەو سـەردەمەدا هەڵسوڕاوترین تێکۆشـەری کـوردایەتی بـوو کەدەرکـی بەپێویـستی کوردسـتانیبوونی رێکخراوەکانی کوردەواری (رێکخراوە جیاجیاکانی چینوتوێژەکان)و بەدامەزراوکردنی کوردایەتی کردو لەم پێناوەشدا لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا کۆششێکی فیکری و سیاسی و رێکخــستنی گەورەی ئەنجــام دا. ســەرکەوتن لەپرســی بەکوردســتانیکردنی دامەزراوەکانی کوردایەتی و کوردەواریدا لەسەردەمێکدا کەچەپی سەرتاسەریو بیری (عیراقێتـی) هەژمـوونی بەسـەر رەوشـی سیاسـی وڵاتەوە هەبـوو، بەگـوێرەی خـۆی سەرکەوتنێکی گەورەی کوردایەتی بوو.

*هەروا یەک لەخەسڵەتەکانی دیکەی (ئەدەبیاتی کوردایەتی) لەو هەلومەرجەدا دەرکەوتنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی خەباتو تێکۆشانی کورد بـوو. ئەمەش سەبارەت بەگەشەکردنی کوردەواری و هەروا سەبارەت بەوەی کە (کوردایەتی) هێشتا شۆڕشی چەکداری بەرپا نەکردبوو، لەناو خەڵکو لەکوردستاندا دەژیا (بەتایبەتی سەرەتای حـوکمی کۆمـاری (1958-1961)، هەروەک سـەبارەت بەوەی کـوردایەتی لەژێـر کاریگەری بیری چەپو لەململانێ لەگەڵ شیوعییەکاندا هەوڵی دەدا هیچ کەلێنێک، هـیچ مەیـدانێکی تێکۆشـان بەبۆشـی نەهێڵێـتەوە. بەتـایبەتی ئەمە لەسـەردەمی دروستکردنی رێکخـراوەی پیشەییدا زیاتر پەرەی سەند، چـونکە رێکخـراوە پیشەییە کوردسـتانییەکان لەپـاڵ ئەوەی بەپـلەی یەکەم بـۆ پەرەپێـدانی کـاری سیاسـیو پێشخـستنی (کـوردایەتی) دامەزرابـوون، بەڵام دروشـمو داخـوازی پیـشەیی تـایبەت بەچینو توێژەکەی خۆیان هەبوو. ئەم هەلومەرجە وایکرد پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێـوان بـزووتنەوەی کوردایەتیـو (بزاوتنـی کـوردەواری) دروسـت ببێـتو سـەرەتای دەرکەوتنێکی چۆنایەتی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی بێت.

هەر لەوسەردەمەشدا دەستەواژەی (کوردایەتی پێشکەوتنخواز) دروست بوو. ئەو بیرۆکەی دواتر مامجەلال لەکتێبی (کردستان والحرکە القومیە الکردیە)دا زیاتر پێشی خستو پەرەی پێدا.

لێرەشدا جێی خۆیەتی کەئاماژە بەوە بدەین ئەگەرچی ئەوکتێبە لەکۆتایی شەستەکان چاپ کراو لەساڵی (1970)ش دووبارە چاپ کرایەوەو دواتر وەک دیارترین (ئەدەبیاتی کوردایەتی) کەڕەوایی کوردایەتیو پێشکەوتنخوازییەکەی روون دەکاتەوە، دەرکەوت، بەڵام بیرۆکە سەرەکییەکانو دیدو بۆچوونە بنەڕەتییەکانی ئەو کتێبە لەکتێبە کوردییەکەی (کوردایەتی)دا تۆمارو نووسراوەتەوە. پێشدەچێ لەپەنجاکانو شەستەکاندا مامجەلال لەکۆڕو سیمینارەکانی کەئەو سەردەمە بۆ کادیرانی کوردایەتی ساز دەکران هێڵە گشتییەکانی (کوردایەتی) روون کردبێتەوەو بەشداری خۆی لەپەرەپێدانی (ئەدەبیاتی کوردایەتی)دا پێشکەش کردبێت. (کردستان والحرکە القومیە الکردیە)ش وەک کتێبێکی بەزمانی عەرەبی نووسراو چڕکراوەی دیدو بۆچوونەکانی پارتایەتیو کوردایەتی سەردەمی خۆی بوو. هەروا پەیامێکیش بووە بۆ عەرەبو بزووتنەوە سیاسییە عەرەبییەکان کەکورد چی دەوێو (بزووتنەوەی کوردایەتی)یش چ کارەیە؟

## دووەم: ئەدەبیاتی شۆرشی نوێ

1

هەوڵدەدەم لەم وتارەدا دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی لەشۆڕشی نوێو وەک لەئەدەبیاتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە، بدوێم (1). ئەو ماوە زەمەنییەی لێرەدا قورسایی خراوەتە سەر زیاتر ماوەی نێوان (1975-1991)ە، واتا ماوەی دامەزراندن بۆ ساڵی راپەڕینەکەی گەلی کوردستان کەئەم ماوەیەش دەکرێ سنوورێکی جیاکەرەوە بێت لەنێوان دوو قۆناغ لەژیانی یەکێتیو شۆڕشی نوێو بەوپێیەش لەنێوان دوو قۆناغ لەخیتابی سیاسی کوردو لەناوەڕۆکو بانگێشتنەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتیدا. دیاری کردنی ئەم ماوە زەمەنیەش سەبارەت بەوەیە کە:

-ماوەی نێوان سالانی (1975بۆ 1991) وێڕای هەورازو نشیوەکانی، سەرەڕای سەرکەوتنو شکستەکانیو ئینجاش سەرباری گۆڕانکاری لەئەدەبیاتەکەی، بەڵام لەهێڵە گشتییەکەیدا ماوەیەکی هۆمۆجینەو دەشێ بەکێرفێکی پلەیی هەڵکشاو بەرەو سەرەوە بیشوبهێنین. ماوەکە ماوەی خەباتی چەکداریو تیوری شۆڕشگێڕی، ماوەی سەنگەر لێدانی کوردایەتییە لەدژی داگیرکەران.

-سەرەتای نەوەدەکان بۆ خۆی تایبەتمەندێتی سیاسیو وەرگۆڕانی چۆنایەتی هەیە چ لەژیانی کوردو چ لەژیانی ناوچەکەو جیهاندا:

*بۆ ناوچەکە عیراق کوێتی گرتو ریزبەندییەکی نێودەوڵەتی لەدژ کۆکرایەوە.

*هەر لەنەوەدەکاندا بەهۆی هەڵوەشانەوەی سۆڤێتەوە دنیای دوو جەمسەری نەماو شەڕی سارد کۆتایی پێهاتو رێگای بۆ سیستمی نوێی نێودەوڵەتی خۆشکرد کەئەوەش لەسەرتاسەری دونیادا گۆڕانی گەورەی فیکریو سیاسی بەدواوەبوو.

*لەئاداری 1991دا راپەڕین لەکوردستان قەوماو ئیتر قۆناغێکی نوێ لەژیانی کوردایەتیو کوردەوارییەکەی دروست بوو.

*هەر لەسەرەتای نەوەدەکان واتا کانوونی دووەمی 1991 یەکێتی نیشتمانیی کوردستان خۆی یەکەمین کۆنگرەی گشتی بەستو گۆڕانکاری زۆری لەبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆدا کرد. بەجۆرێک دەتوانین ئەوەش بکەینەوە خاڵی هەڵوەستەکردن لەنێوان دوو قۆناغی جیاواز لەژیانی کوردەواریو شۆڕشەکەیو لەئەدەبیاتی سیاسی کوردایەتی.

بۆیە ئەو ماوەیە لەدامەزراندنەوە بۆ وەرگۆڕانی راپەرین ماوەیەکی هەستیارەو هی ئەوەیە رۆشنایییەکی تایبەتی بخەینە سەرو رەوتی ئەدەبیاتەکەی دەست نیشان بکەین.

## 2

سەرەتا دەبێ دوو خەسڵەتی جەوهەری لەئەدەبیاتی کوردایەتی لەشۆڕشی نوێدا دەستنیشان بکەین کە ئەو دووخەسڵەتەش هاوڕێو یاوەری هەموو شۆڕشێکی رەسەنو نیشتمانییە. دوو خەسڵەتەکەش ئەوەیە:

*شۆڕشی نوێ هەم درێژە پێدەری رەوتی دێرینی کوردایەتیو...

*هەمیش تێپەڕاندنیەتی لەپرۆژەیەکی نوێخوازدا.

واتا درێژەپێدەری ئامانجە گشتییەکانی کوردایەتیو تێپەڕاندنی ئەو شێوازە کۆنانەی کارکردنو تێکۆشانە کە لەڕابردوودا کورد پەیڕەوی کردووەو ئاکامەکانیشی بەو شێوە نەبوون کە دەیخوازێت. هەمیشە لەشۆڕشە رەسەنەکاندا لەلایەک رەسەنایەتی حورمەتی دەگیرێو لەلایەکی دیکەشەوە تازەگەری تەنگی پێهەڵدەچنێ. لەبارەی کوردەوە دەتوانین بڵێین لەنێوان حاڵەتی دێرینیو حاڵەتی نوێخوازیدا یەکێتی بزووتنەوەیەکی خوڵقاندووە. ئەمەش بەروونی لەئەدەبیاتەکەشیدا رەنگی داوەتەوە وەک لێرەدا باسی دەکەین:

ئەدەبیاتی کووردایەتی لەشۆڕشی نوێدا لەیەک کاتدا پابەندبوونی خۆی بەهێڵە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردەوە دووپات کردەوە، هەرواش پەرەی بەناوەڕۆکی هەندێک بواری جێی کارکردنو کارتێکردنی کوردایەتی دا، هەروەک پەرەی بەو روانینو دیدەش دا کەبنچینەکانی شۆڕشێکی هاوچەرخ پێکدێننو لەماوەی پێش لەدایکبوونی یەکێتیو سەرهەڵدانی نوێی کوردایەتیدا وەک بیرۆکەو بیروبۆچوون لێرەو لەوێ سەرەتاتکێیان دەکرد، بەڵام پەرتوبڵاوبوونو وەک بیرۆکەیەکی کامڵ نەخەملێبوون تا یەکێتیو شۆڕشی نوێ هاتنو پەرەیان پێدان. لەپاڵ هەموو ئەمانەش دا ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێ وەک هەموو بوارەکانی دیکەی شۆڕشەکە نوێبوونەوەو بوژاندنەوەیەکی چاکییان بەخۆوە بینی لەبواری فیکری تازەو بایەخ پێدانی نوێی ئەو بوارانەی نوێبوون.

دەکرێ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەپەیامو ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی کوردایەتی لەشۆڕشی نوێدا بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەشیان بکەین.

-تەوەرەی پێکهاتەی یەکێتیو ناسنامە فیکرییەکەی.

-تەوەرەی ئامانجەکانی یەکێتیو شۆڕشە نوێیەکەی گەلەکەمان.
-تەوەرەی بازنەکانی پەیوەندی شۆڕشی نوێ.
-تەوەرەی شێوازەکانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیاری کرابوون.

هەڵبەتە ناکرێ هیچ کام لەم تەوەرانە دوورلەیەکتریو بەشێوەیەکی ئەبستراکتو دابڕاو لەواقیعی سیاسیو شۆڕشگێڕی کەتێکڕا هەلومەرجی شۆڕشەکەیان خولقاند، تەماشا بکرێن. بەڵکو هەموویان پێکەوەو بەتێکەڵاویی کاریگەرییان لەسەر یەکتریو لەسەر کۆی رووداوو ئاراستەکانی هەبوون. پێکەوەش ناوەڕۆکی ئەدەبیاتەکانی کوردایەتیان دەوڵەمەندکردووەو ئیدیکەیان خستۆتە سەرو هەندێک ئاستی پێگەیینی ئەدەبیاتەکەیان تێپەڕاندووەو هەندێکیش نوێبوونەوەو وەرگۆڕانی مەزنیان تێدا خولّقاندووە.

لێرەدا لەتەوەرەی یەکەمەوە دەست پێدەکەین.

3

## پێکهاتەی یەکێتیو ناسنامە فیکرییەکەی

ناميلکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ لەهێڵە گشتییەکەیدا پێکهاتەی یەکێتیو ناسنامەکەی دەستنیشان کردووە (2). رەنگە لەرێرەوی شۆڕشەکەو لەئەنجامی گەشەکردنی، هەروەها لەئەنجامی پێکهاتە تازەکانو تاقیکردنەوەی نوێدا وەرگۆڕان روویاندابێت، بەڵام بەگشتی هێڵە گشتییە راستو دروستەکەی ئەو سەردەمە پتەویو دامەزراوی خۆی سەلماندو بەسەر چەندین تاقیکردنەوەی هەمەچەشندا گوزەری کردو زاڵیشبوو.

بەگشتی یەکێتی هەر لەسەرەتاوە تائێستاشی لەگەڵدا بێت هێڵێکی فیکری پێشکەوتنخوازانەو خیتابێکی چەپی تەبەنی کردووە . بەڵێ بەپێی هەلومەرجەکان گۆڕان رووی داوەو تەنانەت لەهەندێک وێستگەدا ئەو گۆڕانە جەوهەریش بووە، بەڵام دیدی پێشکەوتنخوازو روانینی چەپگەرایی لەفیکرو سیاسەتی یەکێتیدا هێڵێکی روونو ئاشکرای لەرێرەوە شۆڕشگێرییەکەی داگیرکردبوو. ئەم خیتابە چەپخوازە نەک تەنها لەسەر پێکهاتەکەی، نەک تەنها لەئاستی کۆمەڵایەتیو چۆنیەتی روانینی بۆ پێکهاتەکانی کوردەواری رەنگی دابۆوە، بەڵکو هەر وەکو چاوەڕوانیش دەکرا لەسەر ئاستی ئامانجە نەتەوەییەکان، لەبواری شێوازەکانی خەباتو ئینجاش بازنەکانی پەیوەندی شۆڕش بەدەوروبەرییەوە کە ئەمانە هەموو تەوەرەکانی دیکەی پۆلینکردنەکەمانن، رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هەبوو. هەڵبەت لەم تەوەرەدا بەپلەی

یەکەم لەسەر پێکەوە گرێدانەوەی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتی، پێکەوە گونجانی ئامانجە کۆمەڵایەتیو ئامانجە نەتەوەییو نیشتمانییەکان دەدوێین.

لەڕابــردوودا یەکێــک لەکێماســییە هەرە دیارەکــانی بــزووتنەوەی کــوردایەتی کەکەلێنێکی گەورەی لەنـاو بـزووتنەوەکەدا دروسـتکردبوو، پشتگوێخـستنی ململانێـی چینــایەتی نێــو هەنــاوی کــوردەواری بــوو وەک هەر کــۆمەڵگەیەکی فــرەچین. ئەو کێماسـییەش جـگە لەوەی ڕێگربـوو لەوەی دیـدێکی زانـستی لەسـەر ڕۆڵـی چـینو توێژەکانی کوردەواری لەشۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیدا پێک بێـت، هەروەها پانتـایی بڵاوبــوونەوەو تەشــەنەکردنی بزووتنەوەکەشــی کەم کردبــۆوەو پــرۆژەی ڕزگــاری نیـشتمانیی لەچوارچێوەیەکی دیـاریکراودا قەتـیس کردبـوو لەکاتێکدا مۆتـوربەکردنی شۆڕشی ڕزگاری بەناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی نیشتمانیی فراوانتر دەکردو مانـایەکی نـوێی پێدەبەخـشیو زۆرتـرین تـوێژو چینەکـانی کوردەواری هانـدەدا بێـنە ڕیـزییەوە مـادامەکی لەگەڵ ڕزگـاری نیـشتمانو ڕزگـاربوون لەزوڵـم و زۆری بێگـانە، خۆشیان لەدەستی زوڵم و زۆری خوێنمژانی ناوخۆش دەربازیـان دەبێـت، ئەم ڕوانیـنە وەک چـۆن لەبـواری پـۆلینکردنی چـینو توێژەکـانی کـۆمەڵی فرەچینـی کـوردەواریو ڕۆڵیان لەشۆڕشی نیشتمانییدا بـایەخی خـۆی هەبـوو، هەروەها گرنـگ بـوو بـۆ ئەوەی هەرەمی پێکهاتەی شۆڕشەکەشی پێ بنیات بنرێ. پرسێکی وا لەپێکهاتەی ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەو لەو نیـازو ڕێبازەشـدا کە ڕێکخـراوەکە هەواڵـی دەدا پەرەبـستێنێ، هەسـتی پێدەکرا.

دروستەکە لەدیرۆکی کوردایەتیو ڕاپەڕینەکانیدا ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا (ڕۆژی ڕەشــی 6-ی ئەیلــولی 1930) بەوەرچەرخــانو قۆنــاغی گــوێزانەوەی خەبــاتو ڕێبەرایەتییەکەی لەشاخەوە بۆ شارو لە شێخو پیاوانی ئایینو سەرۆک هۆزەکانەوە بۆ ڕووناکبیرو خوێندەوارو کاسبکار دەژمێردرێ، بەڵام ئەمە هەروا بەئاسانی جێگیرنەبوو. عەقڵیەتی خێڵ دوای چەند دەیەیەک لەڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوەو نوێنەرەکانیـان سـواری سـەری کوردایەتییە مـۆدێرینەکەی کە ئەدەبیـاتی سیاسیو ڕێبـازی سیاسی دروسـتی دانـابوو، بـوونو لەیەخەی نەبـوونەوە تاهەرەسـیان بەبــزووتنەوەی ئەیلـول هێنـا. بـۆیە پرسـی ڕێبەرایەتـی هەروا بـێ چارەسـەرمایەوەو بزووتنەوەی ڕێکخراوەیی خۆی پێ ڕانەگیرا لەبەردەم شاڵاوی دامو دەزگاکانی هـۆزی جڵەوگیــری بــزووتنەوەکەدا لەکاتێکــدا هەمــوو جارێــک لەئەدەبیــاتە سیاســییەکەی کوردایەتی دێرینـدا دەگـوترا پێـشتر کـورد بـۆیە هیچـی بەهیـچ نەکـرد، چـونکە حزبـی پێشڕەوی نەبووەو ڕێبەرایەتییەکی خوێنـدەوار ڕاسـتەوخۆ لەهەرەمەوە بـزووتنەوەکەی

نەبردووە بەرێوە. لەڕاستیدا شکستی ئەیلول جارێکیتر ئەو پرسیارەی هێنایەوە نێوان کە ئایا کورد دەتوانێ ڕێبەرایەتییەکی لێوەشاوەی ئەوتۆ لە هەرەمی بزوتنەوەکەیدا جێگیربکات کەدرێـژەی ڕەوتـی پەرەسـەندنی ئەزمـوونی ڕاپەڕیـنەکەی بەردەرکـی سەرابێت، یان خوو بەو لادانەوە دەگرێ کە پاشەکشەی بەکوردایەتی کرد؟ ئەوەی لەبواری ڕێبەرایەتییدا شۆڕشی نوێ دەیویست جێگیریان بکات ئاوەژووکردنەوەی هەرەمی دەسەڵاتی شۆڕشەکە بوو بەپێچەوانەی پێش خۆی. واتا ڕێبەرایەتییەکی شاری، خوێندەوارو هەروا پێشکەوتنخوازیش کەپرۆژەیەکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی هەبێت، بێتەکایەوە. لەهەمان کاتیشدا لادێ لانکی سەرهەڵدانەوەو دەریای لەژیان مـانەوەی ماسـییەکانی شـۆڕش بێـت. ئەوەی هانـدەرو پـاڵنەری پێـشڤەچوونی ئەم ئەزمـوونە نـوێیە بـوو لەڕێبەرایەتی کردنی شۆڕش، ئەزمـوونی لەمێـژینەی ڕێبەرانی شۆڕشەکە بوو کەپێشتر لەنێو ڕووداوەکانی ئەیلولدا ژیابوون وکێماسیو کورتییەکانی ڕەوشـی کوردایەتیـان هەسـت پێکردبـوو. سـەرەنجام هەرەمـی سـەرکردایەتییەکە بەڕاستی ئاوەژووکردنەوەی هەرەمە تەقلییدیەکەی جاران بوو.

لەسەرێکی تریشەوە شۆڕشی نوێ لەوەرگرتنی ناوەڕۆکی چینایەتی کۆمەڵایەتیی شۆڕشو لەجێکردنەوەی ڕوانینی پێشکەوتنخوازانە بۆ کوردەواریو گرفتەکانی هەروا بـێ پـشتخانو بـێ ئەزمـوون نەبـوو. لەمێـژە هەوڵ درابـوو بـۆ ئەوەی کـوردایەتی پێـشکەوتنخواز لـەگـەڵ مەسـەلە چینایەتییەکـان. لـەگـەڵ کـوردەواریو پرسـە کۆمەڵایەتییەکـان ئـاوێتە بکرێـت. بەڵام ڕێگرییەکـی دوولایەنە هەبـوو.. ڕێگـرییەک لەلایەن ئەو بەنـاو بـزووتنەوە چەپخـوازە سەرتاسـەرییەی دەترسا کوردایەتی لەکاتی فـراوان بـوونی ئامانجەکـانی لەئامـانجی نەتەوەیـی ڕووتەوە بـۆ ئامـانجە گەلێکـی کـۆمەڵایەتی جـڵەوەکە لەدەسـت ئەو دەربێنـێو پاکـانەی بـوونو جـێ پـێقـایمبوونی لەکوردستان نەمێنێ (3). ڕێگری دووەم هی ئەو ڕەوتە کۆنە پەرستە بوو کەحەزیان بەوەدەکـرد کـوردایەتی هەروا دروشـمێکی سیاسـی بەتـاڵا بێـتو هـیچ ڕەهەنـدێکی کـۆمەڵایەتی- ئـابووری کەهەڵقـوڵاوی ئاسـتی پێگەیـشتنی کـوردەواری بێـت، لەخۆنەگرێـت. بەڵام شۆڕشـی نـوێو لەهەلـومەرجێکی دژواری سـەختدا کەتەنـانەت کـوردایەتی ئاسـاییو تەقلیـدیش حەرامو سـەرکوتکراو بـوو، بـێ پەروا کـوردایەتیو کـوردەواری ئـاوێتەکردو خیـاتبێکی چینـایەتی نیـشتمانیی دارشـت کەوەرچەرخـانە گرنگەکـانی شۆڕشـی نـوێی بەدی هێنـاو کەلتـووری کـوردایەتی، هـی پـێش خـۆی، دەوڵەمەنـدو دەوڵەمەنـدترکرد. هەر بەڕاسـتیش لەڕێـڕەوی شۆڕشـی نوێدا مەسـەلەی کـورد وەک پرسـێک کەپێکهـاتووە لەلایەنـی سـەلبی کەئەویـش داگیرکـردنو

دابەشکردنی کوردو کوردستانو چەوساندنەوەی نەتەوەیيو کۆمەڵایەتيو ئابووریو رووناکبیریو لایەنی ئیجابیش کەبریتییە لەخەباتو تێکۆشانی کوردو (کوردایەتییەکەی) لەپێناوی لابردنی زولموزۆرداری داگیرکردنو دابەشکردنو لەرێگای لەناوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەییو کۆمەڵایەتيو ئابووریو رووناکبیریو..هتد، هەموو رەهەندە پێویستەکانی خۆی وەرگرتووە (کوردایەتی)یش لەوێدا نەک تەنها بزووتنەوەیەکی خۆرسکانەو رەدفیعلێکی راگوزاریانە نییە بەڵکو بزووتنەوەیەکی مێژووکردی خاوەن پرۆژەیەکی رزگاری هەمەلایەنەیە لەبوارەکانی نەتەوەیی، کۆمەلایەتی، رووناکبیریو..هتد. هەڵبەتە ئەمانە هەمووی لەئەدەبیاتە دەوڵەمەندەکەی یەکێتی لەو ماوەیەی نووسینەکەمان دەیگرێتەوە چەندین نوسینو تۆژینەوەی لەسەرکراوە کەوەک خەرمانێکی پڕبەرەکەت بۆ لەمەودوای ئەدەبیاتی بزوتنەوەکەمان کەلتورێکی چاکو بەکەڵکە.

لەهەموو بارێکیشدا ئەو سەروەرییە بۆ یەکێتی لەمێژوودا نووسرا کەبەوپەڕی جورئەتەوە دابرانی لەنێوان دوو قۆناغی مێژوویيدا دروستکرد بێئەوەی پەیوەندییەکانی خۆی بەقۆناغی دێرینەوە بپسێنێ، لەهەلومەرجی دوای هەرەسدا یەکێتيو شۆڕشەکەی نەک هەر بزوتنەوەی نیشتمانییان هەڵسانەوە بەڵکو ئەرکی سەرباری کۆمەڵایەتیشیان خستە سەرشان لەکاتێکدا شۆڕشەکەی کورد لەدژی وڵاتێک بوو لای بلۆکی رۆژهەڵاتو ئەوەی پێی دەگوترا قەڵای سۆشیالیزم بە وڵاتێکی پێشکەوتنخوازی روو لەسوشیالیزم ناودەبرا کەچی شۆڕشی نوێ بەو ئامانجە پێشکەوتنخوازانەوە بەرەنگاری کردو ئەمەش خۆی لەخۆیدا خاڵی گومانو پرسیاربوو لە پێشکەوتنخوازی رژێمی ناوەندی کە لە هەلومەرجی بەرژەوەندی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا کوردی پەلبەستکردبوو.

هەر بەڕاستیش لەو سەردەمەدا نامیلکەی یەکێتيی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ وەڵامێکی جەوهەری ئەو پرسیارانەی دەدایەوەو بگرە ریز بەندی هێزە کۆمەڵایەتییەکانیشی دیاریدەکرد.

پێویستە بگوترێ کەپتر لەهێڵێکی چەپ لەماوەی جیاجیادا کاریگەری خۆیان بەسەر ئەدەبیاتی یەکێتییەوە هەبوو، بەڵام دیارترینیان ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ بوو کەلەدونیای سێدا برەوی هەبوو سەبارەت بەوەی هەردوو پرسی چینایەتيو نەتەوەیی پێکەوە گرێدەدا. سەرباری ئەوەی یەکێتی لەئەنجامی کەڵەکەکردنی ئەزموون لەهەموو بوارێکدا رێچکەی تایبەتی بۆ خۆی داهێنابوو، کەدوور بێت لەکۆپیکردنو زیاتر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری رەچاو بکات. بەمەش هەم زیاتر

لەڕێبازی چەپی ڕاستەقینە نزیک دەبۆوە کە ڕێبازێکە دەخوازێ واقیعی کۆمەڵایەتیو تایبەتمەندییەکانی هەر کۆمەڵێک ڕەچاو بکرێتو هەمیش دیدە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لەگەڵ ئامانجەکانی کوردایەتیدا ئاوێتە کرد، ئەدەبیاتەکانی یەکێتی (بەتایبەتی کۆمەڵە) لەو قۆناغەدا پڕیەتی لەو شیکردنەوانەی تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (چـۆن بەشـێکی زۆر لەهۆکارەکـانی چەوسـاندنەوەی چینـایەتی لەکوردسـتاندا دەگەڕێـتەوە بـۆ چەوسـاندنەوەی نیـشتمانیو خـودی چەوسـانەوەی نیـشتمانیش بـۆ بەتاڵانبردنی خێروبێـرو بەهەرزان کڕینـی هێـزی بـازووی ڕەنجـدەرانی کوردەوارییە.. هەروەها پێکەوە گرێدانی خەباتی نیشتمانیو چینایەتی ڕەنگدانەوەی ئەو لێکدانەوە تایبەتمەندەی یەکێتی بوو کەهەرگیز خەباتی چینایەتی بەتەنیا ناتوانێ وەڵام دەرەوەی پێویستییەکانی قۆناغەکەبێ، هەروەکو چۆن برینی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی مانای ڕزگاری تەواو نـاگەیەنێ ئەگەر بێتـو چینو توێژەکانی کوردستان ڕێگەی گەشـەی کۆمەڵایەتیو ئابووریـیان لـێبگیـرێ.. ئەو پەیوەنـدییە دەرەبەگایەتییەی کەئەوەنـدەی لەمپەربوون لەڕێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاراستەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دوو ئەوەندەش ئاستەنگیان بۆ خەباتی هەقخوازانەی گەلی کوردستان دروستکردبوو). (4)

4

## تەوەرەی ئامانجەکانی یەکێتیو شۆڕشە نوێیەکەی گەلەکەمان

چونکە شۆڕشی نوێ لەهەموو ئاستەکاندا نـوێبـوو، گـۆڕانو نوێبـوونەوە لەدروشـمو ئامانجەکاندا خەسڵەتێکی دیکەی ئەدەبیـاتی یەکێتی بـوو، دروشـمو ئامانجەکان هەم لەسەرێکەوە لەکاریگەری ڕوانینی چەپ بەدوور نەبوونو هەم لەسـەرێکی دیکەشـەوە کـاریگەری پێـشکەوتنی خواسـتە نەتەوەییەکـانی گەلـی کوردیـان پێوەدیـار بـوو. ئەو خواستە نەتەوەییانەی هەرەسی 1975و شکستی کاتی پـرۆژە نەتەوەییـەکەی ئەیلـول نەیانتوانی ڕێگربن لەبەردەم گەشەکردنو پێشقەچوونیاندا.

خـاڵێکی ئیجـابی کەلەئەدەبیـاتی شۆڕشـی نـوێی یەکێتیـدا تێبینـی دەکـرا ڕەهەنـدی نەتەوەیی دروشمەکانی بوو کەبەئاشکرا دەستی لەسـەر برینەکـانی کوردو جەوهەری پرسی نیشتمانیی ئێمە دادەنا کەپرسی داگیـرو دابەشکردنی کوردو کوردستانەو بۆ چارەسـەرکردنی ئەو پرسـەش دەبـێ کورد مـافی ئازادانە بڕیاردانیچارەنووسـی خـۆی هەبێت. ئەدەبیـاتی یەکێتـی بەدرێژایـی ساڵانی شـۆڕش نەک هەر تەئکیـدی لەسـەر مافی چارەی خۆنووسین دەکردوە بەڵکو هەروا ئاماژەشی بەوەکردووە کەمافی چـارەی

خۆنووسین تائاستی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆش دەگریتەوە. یەکێتی ئەگەرچی وەک دروشمی قۆناغەکە ئامانجی مافی چارەی خۆنووسینی لەچوارچێوەی یەکێتی ئارەزوومەندانەو فۆرمەلەی ئۆتۆنۆمی راستەقینەو دیموکراسیدا شیدەکردەوە، بەڵام هەمیشەو بەردەوام کادیرو پێشمەرگەو لایەنگرانی خۆی بەگیانی کوردستانی بوونو یەکێتی نەتەوەیی کورد پەروەردە کردووە. ئەمەش ئەگەر لای هەندێک نەیار بەناکۆکو دژبەیەکی لەسیاسەتەکان لێکدرابێتەوە ئەوا لای یەکێتی دوو لایەنی تەواوکاری یەک مەسەلە بوون کەئەویش مەسەلەی دیاریکردنی ستراتیژی رزگاری نیشتمانیی لەلایەکو پیادەکردنی تاکتیکی قۆناغ بەقۆناغ بوو لەلایەکی ترەوە، یەکێتی بەپێچەوانەوەی ئەو هێزو گروپانەی کادیرانو هەڤاڵانیان بەگیانی سیاسەتی رۆژانەی حزبەکەیان پەروەردە دەکردو لەئەدەبیاتی خۆیاندا بەهەمان روانینی رۆژانەیی‌و تاکتیکییەوە دەیانڕوانییە ئەسڵو جەوهەری کێشەی کوردو خەباتی کوردایەتی، یەکێتی بەپێچەوانەی ئەوانەوە پەروەردەیەکی دروستو سیاسەتێکی ژیرانەو کامڵ، راهێنانێکی کوردستانی‌و شوێنکەوتنی ئەوەی قۆناغەکە دەیهێنێتە پێش لەدەسکەوتو ئامانجەکان، پەیڕەو دەکردو لەهەمان کاتیشدا دروشم‌و ئامانجە هەنووکەییەکانی واقیعی‌و بەپێی تەرازووی هێزو هەلومەرجە سیاسییە گوشارهێنەرەکان بوون، لەئەنجامی پەروەردە بوونو فێربوون لەخوێندنگەی ئەدەبیاتێکی وادا هەڤاڵاو تێکۆشەری یەکێتی هەم خاوەنی پرەنسیپی کوردستانی‌و نەتەوەیی بوو، هەمیش کادرێکی بزێوو دینامیکی نێو هەلومەرجە وەرگۆڕدراوەکان بوو.

لەڕاستیدا راوەستان لەسەر دروشم‌و ئامانجەکانی یەکێتی بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد لەکوردستانی عیراقدا هەڵگرتبوو، وردبوونەوەو تێڕامانی زیاتر دەخوازێ. وردبوونەوە لەدروشمی مافی چارەنووس‌و پەیوەندییەکانی بەیەکێتی ئارەزوومەندانەو داخوازی ئۆتۆنۆمی راستەقینەوە ئینجا پەیوەندییەکانی ئەمانە بەدیموکراتیزەکردنی عیراقەوە.

ئایا یەکێتی بەپێی پشتخانو کەلتورێکی لەمێژین دروشمی یەکێتی ئارەزوومەندانەو چوون یەکی لەهەموو ئاستەکاندا هەڵگرتووە یاخود بەپێی خیتابی سیاسی‌و هێڵی فیکری کەخیتابی مارکسیستی‌و چەپ بووە ئەو دروشمەی هێناوەتە پێش؟

لەڕاستیدا لەنێو گەرمایی واقیعدا گەلێک گرانە کەتاڵە دەزووی نێوان ئەو دوو پەیوەندییە دیاری بکەین. هەر وەک گوتمان کەیەکێتی درێژە پێدەری رێبازی دێرینی کوردایەتی‌و رەچەشکێنیشێتی. بۆیە داخوازی مافی چارەنووس‌و خورد

کـردنەوەی لەچوارچێـوەی یەکێتییەکـی ئارەزوومەنـدانەی نێـوان کـوردو عەرەب کەلەمێژە لەکوردایەتییدا قسەوباسو تویژینەوەی لەسەر دەکرێت داخوازییەک بووە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیو عورفو نەریتی کۆمەڵی نێودەوڵەتیشدا کۆکو تەبـابووە. هێنـدە هەیە کەمەیلـی چەپ لەنـاو بـزوتنەوەی کوردایەتیـدا کەلەدەورانـی دەرکەوتنـی یەکێتـیو شۆڕشـەکەیدا لەبەرهۆکارەکـانی پێـشتر ئاماژەمـان پێـدان لەدرەوشانەوەدا بوون، هەوڵی دەدا شیکردنەوەی مارکسیانەی راستو دروستیش بۆ مـافی چـارەی خۆنووسـینو مـافی گەلـی کـورد لەوەدا پێـشکەش بکـات. بـۆئەوەی لەمەیـدانی کێشمەکێـشی سیاسـیو ئایـدیۆلۆجی لـەگـەڵ هێـزە چەپەکـانی مـافی چارەنووسی کوردو رەهەندی نەتەوەیی خەباتی گەلی کوردیان دەخستە ژێر لێوەوە، سەرکەوتن بەدەست بهێننو بەوپێیەش پڕوپاگەندە پڕوپوچەکانی لەدژی کوردایەتیو بزوتنەوەکەی هەبوون تەفروتونا بکرێت، لەرێگای ئەو ئامانجانەشدا شیکردنەوەکانی لینــین بــۆ مــافی چارەنووســی گەلانو رەوتــی ماوتیــستیتۆنگی لەبیــری چەپــدا یارمەتیدەرێکی چاکی سەرکەوتنو رووبەڕووبوونەوە بوو.

هەرچی پرسی ئۆتۆنۆمییە کەدەگەڵ دیموکراسی بۆ عیراق ماوەیەکی زۆر دروشمی سیاسی قۆناغێکی دیاریکراو بوون ئەوا لای یەکێتیو لەئەدەبیاتەکەیدا چارەسەرێکی ناکامڵی پرسی کوردەو خواستە نەتەوەییەکانی پێتێرناکرێت.

لەقۆناغی تریشدا یەکێتی بەیەکجارەکی دەستی لەو داخوازییە قۆناغەییە هەڵگرتو راســـتەوخۆ دروشـــمی مافیچارەنووســـی بەرزکـــردەوە، ئەمەش دوای ئەزمـــوونی دانوستاندنی (1984) بوو کەتێیدا بەغدا ئامادەنەبوو داخوازییە بنچینەییەکانی کورد بسەلمێنێ. (5)

لەو هەلـومەرجە هەسـتیارەدا یەکێتـیو ئەدەبیـاتەکەی رەخنەکـانی خۆیانیـان لەئۆتۆنـۆمی روونکـردەوەو ئەلتەرنـاتیڤی چـاکتری چـوون یەکییـان لـەگـەڵ عەرەبـدا هەڵبـژارد. هەڤـاڵا مـام جەلال لەو سـەردەمەو دروسـت لەسـاڵی 1988 کەگەرمەی پاشەکشەی شۆڕشو پەلاماری کیمیاباران بـوو بەدیـدێکی رۆشـنەوە مـافی چـارەی خۆنووســینی شــیکردەوەو ســنووردارییی ئۆتۆنــۆمی دەســت نیــشان کــرد کاتێــک لەسـیمینارێکی پەیمـانگەی (ئیـبلا)ی مەدریـددا موحـازەرەیەکی لەسەرپرسـی کـورد لەعیراقــدا پێــشکەشکردو ئەم ئاماژانەیــدا کەپێــشبینی فــۆرمەلەی فیــدرالیو وەرگۆڕانەکانی دوای راپەڕینیشی تێدایە:

(هاوسـەنگی هێـز لەنێـوان ئەو دەوڵەتـانەی کوردسـتانیان دابەشـکردووەو لەنێـوان گەلـی کـورددا دەرفەتـی ئەوەنـادا ئێـستا مـافی چـارەی خۆنووسـین لەسـەرفۆرمەلەی

جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بەدی بێت، بەڵام ئەمانە هەمووی مانای ئەوە ناگەیەنێت کەمافی گەلی کورد لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە بەمافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتیشەوە، ئۆتۆنۆمی چارەسەرێکە بۆ کەمکردنەوەی ژان نەک بۆ لابردنی نەخۆشییەکەو لەڕەگەوە هەڵکەندنی پرسە نەتەوایەتییەکە.

ئۆتۆنۆمی لەمپەر دەخاتە بەردەم یەکێتی ئارەزوومەندانەی داواکراو بۆ داڕشتنی چاکترین پەیوەندی لەنێوان نەتەوە پێکەوەژیاوەکانی ژێر سایەی یەک دەوڵەتدا.

ئۆتۆنۆمی لەگەڵ پێداویستییەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەبو کوردی براو لەگەڵ ڕێڕەوی گەشەسەندنی بزوتنەوە ڕزگاریخوازو یەکێتی خوازو دیموکراتیخوازەکەیاندا ڕێک ناکەوێو ناگونجێ.

من یەکێتی ئارەزوومەندانە بەچارەسەرێکی دروستو واقیعیانە دەزانم بۆ پرسی کورد، دوو کۆماری یەکێتیانەی کوردستانیو عەرەبی لەچوارچێوەی کۆماری یەکگرتووی عیراقدا). (6)

بەهەرحاڵ لەهەموو ئەم دژوارییانەی هاتنەڕێی یەکێتیو ئەدەبیاتەکەی پرسی دیموکراسی بۆ عیراقیان نەخستبووە لاوە، چونکە دیموکراتیزەکردنی عیراق واتای دەرکەوتنی مینبەرێکی ئازاد کەکوردیش لەسەر ئەو مینبەرە ئامانجە کەموزۆرەکانی خۆی بەیان بکات.

## 5

## تەوەرەی بازنەکانی پەیوەندی شۆڕشو یەکێتی لەگەڵ دەرەوەدا

ئەم تەوەرەیە یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە ئەدەبیاتی شۆرشی نوێ بایەخی پێداوەو تازەگەری تێدا کردووەو بە وردو درشتی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام داوە.

ڕاستە کە ئێمە قسە لەسەر بازنەکانی پەیوەندی شۆڕش یاخود بابڵێین پەیوەندیەکانی یەکێتی لەگەڵ دەرەوەی خۆیو ڕەهەندە جیاجیاکانی بزوتنەوەی کوردستان دەکەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو کەلتورەی کە بزوتنەوەکە لە شۆرشەکانی پێشوو لە بواری پەیوەندی کردن بەدەرەوەی خۆی هەیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شۆڕشی نوێ ئەم بابەتەی لە شوێنێکی دیاری ئەدەبیاتەکەی خۆیدا جێکردۆتەوە، لەسەری وەستاوە.

داخۆ پەیوەندی بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی عیراق لەگەڵ (ئەوانی)تردا چۆن دەبێت؟ شوێنی بزوتنەوەکە لە هاوکێشەکەدا چۆنە؟...هتد.

سـەرەتا لە چـاوگە فیکـرییەکەوە دەسـت پێـدەکەین، یەکێتـی بەو پێـیەی ڕێکخراوێکی چەپە ڕوانگەیەکی فیکری چەپی بۆ مەسەلەی پەیوەندیکردن هەبووە. هەر دەشبێ لە چوار چێوەی هەلومەرجی فیکریو سیاسی ماوەی نێوان (1975-1991)دا ئەو پرسە هەڵبسەنگێنین، ئەگەرچی لایەنی فیکریو ئایدیۆلۆجی کەمو زۆر کاریگەری خۆیان بەسەر جۆری پەیوەندیو جۆری هاوپەیمانێتییەکانەوە هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی شۆڕشی نوێ لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا بووەو پتر لەو قۆناغەدا کار بۆ پرسە نەتەوەییەکە کراوە، ئەوا دەبینین پێوەری سەرەکی پەیوەندی گرتن بەدەرەوەو کێشانی بازنەی پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی مەسەلە نەتەوەییەکە بووە. راستە ئایدیۆلۆژیای چەپ زۆرجار تەگەرەی خستۆتە بەردەم بزوتنەوە میللییەکانی دونیای سێو مەودای پەیوەندییەکانی سنووردار کردووە، بەڵام بە حوکمی زاڵبوونیمەیلی نەتەوەیی بەسەر مەیلەکانی تردا بڕیاردەری پلەیەک لە هەڵسەنگاندنو ودیاریکردنی پەیوەندییەکان پێوەری دەستکەوتو قازانجی نەتەوەیی بووە لە ڕێگای دۆزینەوەی پتر لە ئەلتەرناتیڤێک بۆ جموجوڵی مەسەلەی کورد. راستە یەکێتی لە ڕووی فیکریو سیاسیو سیاسەتەوە خاوەنی هێڵێکی فیکریو پرەنسیپی جێگیرو سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی بووە بەڵام بەها جێگیرەکان هەرگیز بەمانای دۆگماو چەق بەستن مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە بەو جۆرەی پشت لە دەرفەتەکانی بۆ قازانجی کورد دەرەخسێن بکرێت تەنها لەبەر پاساوو بەربەستی ئایدیۆلۆژیی. بەم شێوەیە لە پەیوەندی کردندا مەسەلە نەتەوەییەکە نەک چینایەتی لە پێشتر بووەو شۆڕشی نوێش هەوڵیداوە دۆستو پشتیوان بۆ بزوتنەوە میللییەکە لە نێو گەلاندا پەیدا بکات. ئەمەش دۆزینەوەیەکی دروستی ئەرکەکانی قۆناغی رزگاریو دیموکراسییە.

بازنە فکرییەکە لە هەموو بزوتنەوەکانی دونیای سێدا وابوو:

-بزوتنەوەی رزگاریخوازی وڵاتانی دونیای سێ.

-بزوتنەوەی کرێکاران لە ئەوروپا.

-بـزوتنەوەی سۆشیالیـست لە ئۆردوگـای رۆژهەڵات کە ئەو وەختـە سـۆڤێت قەڵاکەی بوو.

ئەگەرچی ئەمە لە ئەدەبیاتەکانی شۆڕشی نوێدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کوردایەتی شۆڕشی گەلێکی بن دەستی حکومەتێکی دونیای سێیە بۆیە دەبینین سەرەرای کەلتوری ماویزم لەسەرەتاکانی یەکێتیدا کەچی هیچ کام لەم ڕەهەندە ئایدیۆلۆجیانە بەرەو داخرانی نەبردووین.

ئەدەبیاتەکـان دەیـانگوت مـادامەکی سـۆڤێت وڵاتێکـی سۆشیالیـستییە کەوابـێ سـەرەرای دووریو دوو دڵـی لە کـورد هەر دۆسـتێکی مەوزوعـی ئـێمەیە مـادامەکی ئـێمە بزوتنەوەکەمـان چەپو پێـشکەوتنخوازە. لـەگـەڵ ئەمەشـدا یەکێتـی بۆچـوونێکی رەخنەگرانەی بەرامبەر سۆڤێت هەبووە ئەویش ڕەنگە بەشێکی بۆ پێشینەی کەلتوری ماویزم بگەڕێتەوەو بەشـێکی دیکەشی سـەبارەت بە هەڵوێـستی نادۆستانەی سۆڤێت بـوو لە پرسـی کـورد. دەشـبێ بڵێـین کە پەسـەندکردنی تێزەکـانی مـاویزمیش مانـای پابەنـدبوون بە سیاسـەتەکانی چیـنەوە ناگەیەنێـت بەڵکـو پەسـەندکردنەکە زیـاتر پەسەندکردنی تێزی فیکری مارکسیزمی رۆژهەڵاتی بوو. ئەو مارکسیزمەی سـەرۆک مـاو تایبەتمەنـدێتی وڵاتـانی رۆژهەڵاتـی تێـدا رەچـاو کـردو ڕەنگێکـی نەتەوەیـشی بەبزوتنەوەی چینایەتی بەخشی.

دیـوێکی دیکەی پرسی بازنەکانی پەیوەنـدی شۆرشـی نـوێ دیـوی کوردسـتانییو عیراقییە یاخود بابڵێین رەهەندی کوردستانییو عیراقییە.

یەکێتیـــی نیـــشتمانیی کوردســـتان وەک لە نـــاوەکەی دەردەکەوێـــت هێزێکـــی کوردسـتانی بـوو نەک داش عیـراق. لە هەمـان کاتیـشدا هێزێکـی عیراقـی بـوو کە دەیویـست شۆڕشـەکەی شۆڕشـێکی عیراقـی بێـت هەروەک لەنـاوی ئێـزگەکەیەوە دەردەکەوێ‌کە (دەنگـی شۆڕشـی عیـراق) بـوو، ئەمەش پێـک نـاکۆکی نیـیە بەڵکـو تەواوکارییە.

-یەکێتی کوردسـتانی بـوو چـونکە بەشـەکانی دیکەو پارچەکـانی تـری کوردسـتان قـوڵایی سـتراتیژین بـۆ پرسـی کـورد لە کوردسـتانی عیـراق. لەبەرئەوە دەبینـین کەلەناوجەرگەی واقیعدا پشتیوان بوو بۆ بزوتنەوەی کورد لە ئێرانو لەپارچەکانی تر.

-عیراقییش بـوو، چـونکە گۆڕانکاری دەویـست لە سیـستمی حـوکمڕان لە عیراقدا. مادامەکی مافی کورد لەبەغدایەو بەغدای ئێـستاش هیچمـان بـۆ ناسـەلمێنێ کەوابێ پێویستە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی عیـراقو لـەگـەڵ ئۆپۆزسیۆنی نیـشتمانیی عیراقدا بەرەی هاوپەیمانێتیو پێکەوە خەباتکردن لە رێگای ئەنجامـدانی گـۆڕانی دیمـوکراتی لە ناوەنـددا دابـمەزرێ. لەسـەر ئەم بنچیـنەیە شۆڕشەکە چەندە کوردستانیی بوو هێنـدەش رەهەنـدێکی دیموکراسیانەو عیراقیانەی هەیە. دیـارە ئەم دوو رەهەنـدەش لە ئەدەبیـاتی کوردایەتیـدا پێـشینەیەکی هەیەو شۆڕشـی نـوێش لەبـاری چۆنـایەتییەوە گەشـەی چـاکی پێـداوەو بگـرە گەلێـک جـار دەستپێـشخەری هاوپەیمـانێتی عیراقیـانەی کـردووە بـۆ ئەوەی بەشـدارێکی سـەرەکی بێت لە گۆڕانی ناوەنددا نەک بانگێشت بکرێتو پشکێکی کەمی پێببرێت.

لەئاستی رەهەنـدی نێـودەوڵەتیو بەنێـودەوڵەتیکردنی مەسـەلەی کـورددا کەئەمەیان بازنە فراوانەکەی مامەڵەکردن لـەگـەڵ جیهان دەگرێتەوە، یەکێتی لەنێـو لاپەڕەی ئەدەبیاتەکانیـدا هەوڵیـداوە پتـر لەئەلتەرنانیڤێـک بـۆ بـزوتنەوەی کـورد رەچـاو بکـاتو بـازنەی پەیوەنـدییەکان بەقـازانجی بـزوتنەوەکە خـورد بکاتەوە.

ئەگەرچـی سروشـتی جیۆپـۆلەتیکی کوردسـتان وایکـردووە بـزوتنەوەی کـورد (بەتایبەتی هی چەکدارییەکەی کەئیتر چەک بەرزکردنەوەیە لەڕووی دوژمنو مانای نەمانی هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ناوەند دەگەیەنێ) دەرگاکانی لەبەردەمدا دابخرێو تەنها دەروازەی پەیوەندی بێت لـەگـەڵ دراوسێکان کەئەوانیش گرفتیان لەگەڵ کوردەکانی خۆیان هەیە، بەڵام یەکێتی هەوڵیدا پەراوێزێکیتر بۆ پەیوەندی کردن بکاتەوە.

ئەمە لەئەدەبیـاتەکەدا وا رەنگـی دایەوە کەبـزووتنەوەی رزگـاریخوازی گەلـی کوردسـتان دۆسـتو پـشتیوانی بـزوتنەوەی دیموکراسـیو شۆڕشـگێڕی گەلانـی نـاوچەکەیە. لەچـاوەڕوانی ئەوەدا کەبـزوتنەوەی دیموکراسـیو شۆڕشـگێڕی گەلانـی نـاوچەکە گۆڕانکـاری لەدەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵەتە سەردەسـتەکان بخـوڵقێنێو دەرەتانێـک بـۆ کـورد لەو پارچـانەی تـرو لەوێشەوە دەروازەیەک بـۆ کـورد لەبەشـی کوردسـتانی عیراقـدا پێـک بێـت کە هـاموشـۆو پـشتیوانی بەدەسـت بهێنێـت. ئەم شیکردنەوەیە لەوەرگـۆڕانە گەورەکەی ئێـران کەشـای تێدا گۆڕبەگۆڕبـوو دروستیو خۆی سەلماندو لەشۆڕشی ئێراندا دەرەتانێک پەیدا بـوو بـۆ کوردایەتی لەکوردستانی عیـراق تـا باسکی بـزوتنەوەکەی ئەستوورتر بێت. ئەگەرچـی لەدواییـدا جێگیربـوونی دەسەڵاتی شۆڕشی ئیسلامی پێوەرەکانی گەڕاندەوە بۆ پێوەری مامەڵەکردنی دەوڵەتو بەرژەوەندییەکانی، بەڵام شەڕی عیراق-ئێرانو پێشینەی مامەڵەکردنی ئێران لـەگـەڵ پرسی کوردو پەیوەندی لەپێشتری دەسەڵاتی تازە لەگەڵ ڕێبەرایەتـی شۆڕشـی نوێدا هەرچۆنێـک بێـت بـواری پەیوەنـدیکردنی بەدەرەوەو دامەزرانـدنی دۆسـتایەتی رەخساندبوو.

خاڵێکی دیکەی وەرچەرخان لەئەدەبیاتەکەمان ئەوەبوو کەبازنەی پەیوەنـدییەکان هێزە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپاش بگرێتەوە کەئەمە لەو سـەردەمەدا لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بڤە بوو. بەڵام لەڕووی پرسی نەتەوەیییەوە دەریچەیەکی خراپ نەبوو. بـۆیە راگەیانـدنی یەکێتـی لەنیـوەی یەکەمـی هەشـتاکاندا لەچەنـد وتـارێکی تـایبەت بەمەسەلەی کورد ئاماژەی بەپێویستی پەیوەندیکردن لـەگـەڵ ناوەنـدەکانی سۆشیال-

دیموکراتو هەوڵدان بۆ چاککردنی هەڵوێستیان لەکێشەی کورد کردبوو. ئەمە لەو کاتەدا جورئەتو تێپەڕاندنێکی چۆنایەتی بوو لەئەدەبیاتی شۆڕشدا.

کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالو لەگەڵیشیدا دەرکەوتنی کورد وەکو قوربانییەک لەسەر زەوی، ئەو شێوە درندایەتییەی بەغدا لەجینۆسایدکردنی کورد، جا هەرکوردێک بێت، پەیڕەوی لێکرد، کێرفی مەسەلەی کوردی وەک نەتەوەیەک کەڕووبەڕووی قڕکردن دەبێتەوە بەرزکردەوە.ئەو هەلومەرجە واکەوتەوە کە شۆڕشی کوردستانیش پرسە نەتەوەییەکە ببێتە خەمی یەکەمینی.

لەو سەردەمەدا هەڵوێستە سیاسییەکان دەربارەی کورد بەم شێوەیە بوون:

-کۆماری ئیسلامی ئێران هات بەهانای کوردەوە لەهەڵەبجە، دەرگای بۆ میدیاکان خستە سەرگازی پشت تاوێنەی تراژیدیای کیمیاباران بگرنو بەغداو هەردوو رۆژئاواو رۆژهەڵاتی دۆستی، بەدرۆ بخەنەوە.

-یەکێتی سۆڤێتو ئۆردوگا ئیستبدادییەکەی پشتگیری بەغدایان کردو کوردیان بەدرۆخستەوە.

-هێزە پێشکەوتنخوازو چەپەکانی عەرەبو جیهان پشتگیری بەغدایان کردو تاوانبارکردنی حکومەتی عیراقییان بەپڕوپاگەندەی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدا.

-دەوڵەتانو میدیاو ناوەندە دیموکراتییەکانی رۆژئاواو ئەمریکا وردە وردە بەشەرمیشەوە بوایە باسی کوردیان دەهێنایە گۆڕێ.

هەموو ئەم هەلومەرجە تازەیە زەمینەی ئەوەیان بۆ کوردایەتیو ئەدەبیاتەکەی رەخساند تاوەکو روانینێکی رەخنەگرانە بەرامبەر بەهێزە چەپو سۆشیالیستەکان بگرنەبەر. لەئاستی واقیعی سیاسیشدا دەستی کورد واڵاتر بوو کەبێ ئەوەی بەتۆمەتی نارەوا تاوانباری بکەن بەشوێن پەیوەندی دیکەو بازنەی دیبلۆماسیتردا بگەڕێ. سەرەنجام مەسەلەکە وای لێهات کەیەکێتی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەنێو هەناوی کوردەوارییدا چەپو پێشکەوتنخوازە نەک بۆ ئەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی ببێتە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی هێزە سۆشیالیستو چەپەکانی کە لەدیدی بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیانەوە، نەک لەڕوانگەی پرەنسیپەکانەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کوردو پرسی گەلانی بندەست دەکەن.

تا ئەو هەلومەرجەی بەهۆی پەرەسەندنی مەسەلەی کوردو شەڕی دووەمی کەنداوەوە کورد هاتە سەر شانۆی جیهانو دەورانێکی تازە لەڕێڕەوی کوردایەتیو رایەڵەی پەیوەندییەکانی دەستی پێکرد، رەخنەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتی لەهێزە سۆشیالیستو کۆمۆنیستەکان بەم جۆرە بوو:

(لەکاتێکدا بزووتنەوەی رزیگاریخوازی ئەودوای میللەتان یارمەتیو پشتگیری هێزە دیموکراتیو سۆشیالیستەکانی دونیایان بەدەست هێنابوو، بزووتنەوەی رزیگاریخوازی کورد لەلانی کەمی یارمەتیو پشتیوانیش بیبەش کرابوو. فەرموون لەگەڵ نموونەیەکی زەق کەراستی قسەکانمان دەسەلمێنێ:

لەئەمرۆدا کەگەلی کورد تووشی شەڕێکی وەحشیگەرانەی قڕکردنو بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو بکوژ دەبێتەوە، ولاتانی سۆشیالیستیو هێزە ئازادیخوازو دیموکراتەکانی جیهان هەڵوێستی بێدەنگی لەبەرامبەر هەقدا، هەڵوێستی لێوقرتاندن بەرامبەر بەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵدەبژێرن، هەڵوێستێک کەتێیدا یارمەتی سەربازیو داراییو سیاسی پێشکەش حکومەتی فاشیستی عیراق دەکەن کەشەڕێکی قڕکردن لەدژی گەلی کورد لەکوردستانی عیراق دەبات بەڕێوە.

حکومەتی عیراق شارو گوندە کوردییەکان بەچەکی کیمیاوی ئاوڕشێن دەکات لەرێی فڕۆکەکانی سۆخۆی سۆڤێتیو میراجی فەرەنسییەوە، هەردوو حکومەتی سۆڤێتیو فەرەنسی ئیدعای سۆشیالیزم دەکەنو بانگەشەی مافی مرۆڤو سۆشیالیزمو دیموکراسی بەرزدەکەنەوە، یەکەمیان حزبێکی کۆمۆنیست فەرمانڕەوایی دەکاتو دووەمیش حزبێکی سۆشیالیست دیموکرات) (7).

6

## تەوەری چوارەم: شێوازەکانی خەبات بۆ دەست هێنانی ئامانجەکان

لەڕاستیدا لەم تەوەرەش هەردەبێت ئاماژە بەدووخاڵ بکەین. مادامەکی گوتمان یەکێتی بیرێکی چەپی هەبووە کەواتە ئەوشێوازانەی بۆ خەبات کردنو بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی شۆڕش پەیرەوی کراون لەکاریگەری بیری چەپ بەدوور نەبوون. هەروەها ناشکرێ دیسانەوە ئاماژە بەوەنەکەین کەیەکێتی هەوڵی داوە ئەوشێوازانەی جاران لەشۆڕشی کورددا پەیرەوی دەکرا گەشە پێبداتو هی تریشی بخاتە سەر. شێوازەکانی خەبات، ئەوشێوازە جیاجیانە دەگرێتەوە کەبۆ بەدەست هێنانی ئامانجی دیاری کراو پەیرەوی دەکرێن. ئەگەر بێینە سەرئەزمونی ولاتان دەبینین شێوازەکان هەمەچەشنن: شێوازی خەباتی چەکداری، شێوازی خەباتی سیاسی، شێوازی خەباتی دبلۆماسی...هتد. بەلام ئەم شێوازانە دەکرێ لەژێر چەتری شێوازی خەباتی چەکداریو شێوازی خەباتی سیاسی دا کۆیان بکەینەوە. بێگومان هەریەک لەوانە لقوپۆپی جیاجیایان لێدەبێتەوە. بۆنموونە لەشێوازی خەباتی چەکداری دەکرێت پرسیار لەجۆری چەکدارییەکە بکرێت، ئایا خەباتی پارتیزانییە، ئایا شەڕی

بەرەیی راستەوخۆیە یان ئەگەر دەرفەت هەبێت شەڕی راستەوخۆ رامالێنی هێزی داگیرکەرە، ئایا توندو تیژی شۆرشگێری‌و تەقاندنەوەی دام‌و دەزگاکانی هێزی داگیرکەرە؟ هەروەها بۆ شێوازەکانی خەباتی سیاسیش هەمان پرسیار هەیە، ئایا خەباتی سیاسی لەناوەوە یان لەدەرەوە؟ ئایا لەوخەباتە سیاسییەدا دەرخستنی تەواوی ئامانجەکان یاخود دەرخستنی لانیکەمی ئامانجەکان پەیڕەوی دەکرێت؟ ئایا پەنابردن بۆ رێکخستن‌و تەنها رێکخستن‌و کاری نهێنی تاهەلومەرجی رزگارکردن دەرەخسێ یاخود کارکردن لە بواری خەباتی جەماوەریدا، یان خەباتی ئیعلامی، یاخود بزوتنەوەی دبلۆماسی لەدەرەوەو ناوەوە؟ ئەوانە هەموویان شێوازی جیاجیان کەدەتوانین لەژێر ئەو دوو چەترەدا کۆیان بکەینەوە.

لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەولەویات بۆ خەباتی سیاسی بووەو خەباتی چەکداری‌و چەک ئەو ئامرازە بوون کەئامانجە سیاسییەکانیان پێ بەدی دەهێنرا. لەوانەیە لەئاستی واقیعدا خوردکردنەوە یاخود جیاکردنەوەی هەردوو شێوازی خەباتەکە تۆزێک ئاستەم بێت، بەڵام چاوپێداخشانەوە بەسەرەتاکانی دروستبوونی یەکێتیو چۆنیەتی گەشەکردنی خەباتەکەی دەتوانن زۆرشتمان بۆ روون بکەنەوە. بۆ نموونە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەیادی (6/1)دەکاتەوە بەپلەی یەکەم یادی دامەزراندن (1975/6/1)، یادی دەستپێکردنی یەکەم هەنگاوی سیاسی دەکاتەوە ئینجا یادی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکدار واتا یادی (1976/6/1)، دەکاتەوە. کەیەکێتی دامەزرا لەیەکەمین ژمارەی (الشرارە) دروشمەکە وابوو (ومن الشرارە یندلع اللهیب)و کاتێک یەکەم چالاکی چەکداری لە 1976/6/1 داکرا نووسرابوو (هاقد اندلع اللهیب).

ئەمەش گوزارشتێک بوو کەدەستپێکی ئامادەکاری سیاسی بوو ئینجا بڵێسەی شۆڕش گریدا. تیمەکانی پڕوپاگەندەی چەکدار (فرق الدعایە المسلحە) کەلە نەخشەی (رزگاری) (مام جەلال)دا هاتبوو، کاریان شەڕی چەکداری نەبوو، بەڵکو پڕوپاگەندە بوو بۆ کوردایەتی تازە، بۆ دەست پێکردنەوەی شۆڕش لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا. دەستپێکردنی خەباتی چەکداری ئەمجارە دیسانەوە تەجاوزی قۆناغەکەی تێدابوو. پێوەرەکەی دەڵێ کورد بۆیە چەکی هەڵگرتووە، چونکە دوژمنەکانی ناچاری کردووە لێرەشدا دووبارە دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کورد ئەمجارە خۆی دەستپێشخەری لەتەقەدا کرد. ئەمەش بۆ ئەوە بوو، چونکە دەویسترا پیلانێکی بەغدا بۆ راگوێزانی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان پووچەڵ بکرێتەوە.

دەستپێکردنی خەباتی چەکدار بەمانای ئەوە نەبوو کەلایەنەکانی تری خەبات فەرامۆش دەکرێت. لەگەڵ ئەو راستیەدا کە دوژمنان هەمیشە خەباتی چەکدارییان بەسەر گەلی کورددا سەپاندووە، بەڵام یەکێتی بەردەوام هەوڵی داوە کە خەباتی چەکداری ئامرازێک بێت بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسییەکان. چەک، بیرو سیاسەت ئاراستەی بکەن نەک بەپێچەوانەوە، ئەو هۆشیارییە سیاسییەی هێزی پێشمەرگەو فەرماندەکانیان لەماوەی شۆڕشی نوێدا هەیانبووە ئاماژەیەکی گەورەیەو ئەو حورمەتەی کەرێبەری سیاسیو کادیر لەناو پێشمەرگەدا هەیەتی نیشانەیە بۆ ئەو کەلتورە دێرینەی یەکێتی کە سیاسەت، بیرو بۆچوون چەکەکانی ئاراستە کردووە. لێرەشەوە پێناسەکەی کە دەڵێت: "پێشمەرگە تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدارە" مانای پڕ بەپێستی خۆی وەردەگرێت. لەڕاستیدا هەتا لەخەباتی چەکداریشدا شۆڕشو یەکێتی هەربەوەشەوە نەوەستان کەسیاسەت، چەک ئاڕاستە بکات، بەڵکو خەباتی چەکداری خورد کردەوە بەمانای ئەوەی کەشەرێکی درێژخایەنی میللیو نیشتمانییە بۆ رامالینی هێزی داگیرکەر لەکوردستانو چێکردنی دەسەڵاتی گەل، دەسەڵاتی کورد خۆی. لەپاڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی پتر لەئەلتەرناتیڤێک بۆ کورد هەبێت یەکێتی دەستیکرد بەخەباتی سیاسی، ئیعلامی، بزوتنەوەیەکی دبلۆماسی لەدەرەوە، هەروەها بایەخدان بەراپەڕینو خۆپیشاندانو بزوتنەوەی جەماوەریو بایەخ بەهێنانەجۆشو خرۆشی خەڵکی کوردستان چ لەراپەڕینەکانداو رۆڵ پێدانیان لەرووداوەکانو چ لەبواری چێکردنی دەسەڵاتی خەڵکی لەناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان لەرێی ئەنجومەنەکانی گوندەوە. هەموو ئەوانە بەشێک بوون لەو شێوازە جیاجیایانەی خەبات کە "ی.ن.ک" رەچاوی دەکرد بەخەباتی دانوستاندنیشەوە کەشێوازێکە لەشێوازەکانی خەباتو یەکێتی لەماوەی 1975-1991دا بەقووڵی یەکجار سیاسەتی دانوستاندنیشی کرد لەساڵی 1984. ئەو موفاوەزەیەی کەئەگەر هەلومەرجەکان لەباربانو ئەگەر بەغدا پەشیمان نەبوایەتەوە ئەوا ئاکامەکانی هەوڵی گفتوگۆکاری کورد دەردەکەوت.

هەڵبەتە چ لەخەباتی سیاسی و چ لەخەباتی سەربازیو چ لەشێوازەکانی خەباتی جەماوەرییدا یەکێتی بڵاوکراوەو نامیلکەو ئەدەبیاتی پێویستی دەردەکرد کەرۆڵی هۆشیارکردنەوەی پێویستییان گێڕا.

***

لەڕاستیدا زۆر لایەنی تر هەیە لەئەدەبیاتی یەکێتی و ئەدەبیاتی کوردایەتی لەشۆڕشی نوێدا کەشایستەی هەڵوەستە لەسەرکردنن. بۆ نموونە ڕەگەکانی دیموکراسی لەشۆڕشی نوێدا کەئەوەشیان بابەتێکی تایبەتەو خوێندنەوەو لێوردبوونەوەی تایبەتی گەرەکە. لێوردبوونەوە لەو دیموکراسییەتەی کەیەکێتی بۆ رووناکبیرو ئەدیبەکانی ناوچەی رزگارکراوی دابین کردبوو. لەکاتێکدا هەلومەرجی شۆڕشەکە گەلێک دژوار بوو. هەروەها زۆر مەسەلەی تریش کە دەکرێ تێۆژینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت.

بۆنەی (25) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی بۆنەیەکە ئەوە دەهێنێ پتر لەکۆمیتەو ناوەندێک دروست بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبوارە جیاجیاکانی شۆڕشی نوێ، بەئەدەبیاتەکەشییەوە. ئەوەی ئێمە لێرەدا هەوڵماندا قسەی لەسەر بکەین ماوەیەکی دیاریکراو بوو "ماوەی نێوان 1975-1991". لەوێ بەدواوەو بەتایبەتی دوای راپەڕین کەیەکەمین کۆنگرەی گشتی "ی.ن.ک"ی تێدا ئەنجامدرا قۆناغێکیتر لەگەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردایەتی دەستیپێکرد. تەنانەت دەشێ لەوە بکۆڵرێتەوە چ پێویستە بژاربکرێتو چ پێویستە لاببرێتو هی تازەی لەجێ دابنرێو چ پێویستیشە گەشەی پێبدرێو ماناو دەلالەتە جیاجیاکانی دەوڵەمەند تر بکرێت.

**پەراوێزەکان:**

1-دەربارەی ماناو ڕەهەندەکانی کوردایەتیو، ئەدەبیاتی کوردایەتی بڕوانە بابەتی: ئەدەبیاتی کوردایەتیش پێویستی بەبژارو گەشەپێدانە. ڕێبازی نوێ ژمارە (18) ل 41-54

2- الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟ چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ.

3-ڕێبازی نوێ، سەرچاوەی پێشوو ل52

4-دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەڕێبازوفیکری "ی.ن.ک"دا کوردستانی نوێ ژ؛ 696 چوارشەممە (1994/6/1)

5-لەکتێبی "گفتوگۆ لەگەڵ میریدا" وردەکاری موفاوەزەو ڕەهەندە جیاجیاکانی چارەسەری پرسی کورد لە کوردستانی عیراقدا روونکراوەتەوە. ئەو کتێبە بەیەکێک لەبەرهەمە نایابەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتی شۆڕشی نوێ دەژمێردرێت.

6- جلال طالباني– حول القضية الكردية في العراق. منشورات دار ي ارارات للثقافه والنشر. بيروت چاپی دووەم 1996.

7-هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل28.

## سێیەم: پــەرەسەنــــدنی ڕۆڵی فـاکتـــەری دەرەکی و ڕەنــگـــدانەوەی لە ئەدەبیاتەکەماندا

چەند هەلومەرجێکی نێودەوڵەتیو دەرەکی وایانکرد کەپرۆژەی کوردایەتی لەڕووی شـێوازی کـارو نـاوەرۆکی ئامانجەکـانو تەنـانەت لەڕووی سـتراتیژی ئایندەییـشەوە گۆڕانی گەورەیان بەسەردابێت، بەڵام چونکە کوردایەتی پرۆژەی رزگاری نیشتمانیی نەتەوەیەکی هێشتا ژێردەستەو تەواو رزگارنەبووە دەبینین ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازو سروشـــتی دیموکراســییانەی خـــۆی هەروا لەدەســـت نەداوەو بگـــرە لـــەگـــەڵ ئەم هەلومەرجـانەی قـسەمان لەســەرێتی گەشــەدارترو دەرەوشـاوەتر خۆدەنـوێنێ. ئەو هەلومەرجانە بەپلەی یەکەم لەئاستی ناوخۆییدا قەومانی راپەڕینی کوردستان بـوو کەڕووبەرێکی فراوانی نیشتمانیی خستە بەردەم کوردان تـابتوانن ئیـدارەی بـدەنو دەســـەڵاتی خۆمـــاڵی خۆیـــانی تێـــدا دابمەزرێـــنن لەلایەکو پەرە بەئەزمـــوونێکی دیموکراسی، شارستانیی پێشکەوتوو بدەن تادونیا شایەتییان بۆ بدات لەلایەکیترەوە، هەڵـــبەتە هۆکـــار زۆرن کەهەلـــومەرجە ناوخۆییەکەیـــان لەشـــێوەی راپەڕینێکـــدا پێشخستو چانسێکی نوێو چۆنایەتییان خستە خزمەت کوردایەتییەوە. دوو هۆکار گرنگترینیانن:

*یەکەمیان: راپەڕین ئاکامی کەڵەکەبوونی خەباتو قوربانیدانێکی زۆری خوێنو ئارەقی نەتەوەی کوردو تێکۆشەرانی بوو.

*دووەمیان: راپەڕین قۆستنەوەی دژوارییە سیاسییەکانی دوای شەڕی گەردەلوولی بیابانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بوو لەدژی عیراق. بێگومان شرۆڤەکاری واهەن کەدەڵێن هۆکاری دووەم لەومەقتەعە زەمەنییەی ژیانی کورددا پشکی شێری بەردەکەوێ، کەچی ئێمە بەعەیبی نازانین کورد هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی لەبار بۆخۆی بقۆزێتەوە دوای ئەوەی لەزەمانێکی دێرینەوە کۆششی خۆیی کورد لەقەسابخانەی هەلومەرجی نێودەوڵەتیدا بێڕوحمانە سەردەبرا. بەڵام دەبێ لەمیانی هەڵسەنگاندنی رەوشی کوردایەتی لەدوای راپەڕینەوە کاریگەرییە هەرەگەورەکەی هۆکاری نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگرینو نمرەی خۆی بۆ دابنێین، ئەمەش نەتەنها لەبەرئەوەی سوپاسگوزاری ئەم هۆکارە بینو لەبەرامبەریدا ئیلتزامێکی ئەخلاقی سەرشانمان جێبەجێ بکەین.

بەڵکو لەبەرئەوەی لەو واقیعەوە کەبۆتە مایەی گۆران لەکوردایەتی، ئەدەبیاتی کوردایەتیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەروەک لەم وتارەدا هەوڵا دەدەین تیشک بخەینەسەری.

## فاکتەری ناوخۆییو فاکتەری دەرەکی

لەشۆڕشی نوێدا ئەدەبیاتی کوردایەتی بەخوێندنەوەی چەند ئەزموونێکی تاڵی مێژووی تێکۆشانی کورد لەڕابردوودا، لەمیانی شرۆڤەو دیاریکردنی پرەنسیپەکانی خۆیدا ئەوەی براندبۆوە کەفاکتەری ناوخۆیی (واتا توانا خۆییەکانی کورد) بڕبڕەی پشتی بزوتنەوەو تێکۆشانی نیشتمانیمانە، ئەمەش سەبارەت بەوەی:

-ئاڵۆزییەکانی دەوری کێشەی کوردیان داوە هی ئەوەنین پەراوێزێکی فراوانی هەڵسوڕانی سیاسییو توانای گەمەی گەورە بەپشت بەستن بەهێزی دەرەکی بۆ کورد بڕەخسێنن.

-ئەزموونەکانی کورد لەڕابرروودا نیشانیاندا کەکاتێک فاکتەری دەرەکی دێتە ناوپرسی کوردەوە بەئاسانی دەستەمۆی مەیلی نەتەوەیی کوردنابێت، بەڵکو داوای نرخی پاڵپشتیو بەشداریکردن لەگەمەی کورددا دەکات، بەتایبەتی ئەمە لەشۆڕشی ئەیلوولدا تێبینی کرا کەچۆن کارتی فاکتەری دەرەکی بووە هەڵسوڕێنەری کارتی کوردی.

-فاکتەری ناوخۆیی مانای نەرجسیەتی نەتەوەیشی دەگەیاند بۆ نەتەوەیەک کەجگە لەچیاکان هیچ دۆستێکی تری نەبوو. کەئەمەش لەسەردەمی بێکەسیدا غروری نەتەوەیی تێر دەکردینو وزەی سەرباری دەبەخشییە فاکتەری ناوخۆیی. پێویستە بگوترێ کەلەنێو واقعی سیاسیی شۆڕشی نوێو لەئەدەبیاتەکەشیدا بایەخدان بەفاکتەری ناوخۆیی وای لێنەهات کەبەجارێ فاکتەری دەرەکیو هەوڵەکانی پەیدابوونی پشتگیری دەوروبەر، تێکۆشان بۆ ناساندنی پرسی کورد بەدونیاو تەدویلکردنی مەسەلەکانیان فەرامۆش بکرێن، بەڵکو دەتوانین بڵێین کەلەکاتێکدا کەس مەرحەبای کوردی نەدەکرد فاکتەری خۆییو گەشەسەندنی توانا خۆماڵییەکان لەئیدارەدانی شۆڕشدا بووە مایەی پەرەپێدانی فاکتەری دەرەکیو کردنەوەی دەروازەی دەرەوە لەئاستو پلەی جیاجیادا. ئەمەش سەبارەت بەوەی نوێنەرانو پێکهێنەرانی فاکتەری دەرەکی لەسەر زەمینی واقیع بینیان کەوا هێزی کوردی هەیە بەتوانای خۆیی بوونی خۆی سەلماندووەو هیچ فاکتەرێکی دەرەکیش ناتوانێ ئەو واقیعە کوردییە گەشەکردووە نادیدە بگرێ. هەر لەبەر ئومێدی ئەو گەشەکردنەی

کەلەئەنجامی لەسەر پێ‌ڕاوەستانی فاکتەری ناوخۆیی دەکەوێتەوە، ئەدەبیاتیکوردایەتی ڕۆڵی فاکتەری دەرەکیشی فەرامۆش نەکردووە. ئەگەرچی لەپلەی دووەمو وەک ئاکامێکی گەشەکردنی فاکتەری خۆیی نێو بزوتنەوەکەش بێت.

ڕەنگە ناسنامەی نوێنەرانی فاکتەری دەرەکی لەئەدەبیاتی کوردایەتی پێش ڕاپەڕیندا جیاوازبێت لەوانەی دوای ڕاپەڕین دەرکەوتن. فاکتەری دەرەکی لەپێش ڕاپەڕین، هەروەک لەئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی خەباتی گەلانی دونیای بەناو سێدا باوبوو، بەمانای دابینکردنی پشتگیری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ژێردەستەی داگیرکاریو ئیمپریالیزم، دابینکردنی پشتگیری بزوتنەوەی چەپو ئۆردوگای بەناو سۆشیالیستی دەهات. لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە بۆ بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکانیتر لەدوای جەنگی ساردەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بۆ کوردیش سەرباری وەرگۆڕانەکانی دوای جەنگی سارد، خەسڵەتی گۆڕانەکانی دوای ڕاپەڕینیش کاری خۆیان لەماهیەتو ناسنامەی فاکتەری دەرەکیدا کردووە. بەواتایەکیتر پشتگیریکارانی ئەمڕۆ یان ئەوانەی ئەمڕۆ ئومێدی پشتگیرییان لێدەکرێت هەمان ئەو پشتگیریکارانەی دوێنێ، یان ئەوانەی وادەزانرا پشتگیریکارن، نین.

بەم پێیە سەبارەت بەخاڵی فاکتەری دەرەکیو ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەدەبیاتی کوردایەتییدا، دەتوانین لەناو گەرمایی واقیعی کوردایەتییدا دوو قۆناغ؛ پێشو پاش ڕاپەڕین، دەست نیشان بکەین.

*لەقۆناغی پێش ڕاپەڕین، قۆناغی خەباتی شاخ، فاکتەری دەرەکی لەپەراوێزدا بووەو وەک ئاکامی پەرەسەندنی فاکتەری خۆییو یارمەتیدەرێک چاوی لیکراوە، لەکاتێکدا لەدوای ڕاپەڕینو وەک ئاکامێکی هاتنە ناوەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتیو ناوەندە گەورەکانی دونیا، فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی سەرەکیو پشکی شێری بەرکەوت لەبڕیاردان. فاکتەری ناوخۆییش بووە یارمەتیدەرێک کەهەوڵا دەدات ڕۆڵی خۆی بپارێزێت.

*لەقۆناغی پێش ڕاپەڕین، قۆناغی دۆستایەتی چیاکان، فاکتەری دەرەکی هێزو ناوەندیتر بوون، ئەوانە بوون کە بەپێی خوردکردنەوەی ئایدیۆلۆژی چاوەڕوانی پاڵپشتیان لێدەکرا، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین فاکتەری دەرەکی لەو هێزو ناوەندانە پێکدێن کەبەفیعلی هاتنە هانای کوردەوەو کاریگەریو قورسایی ڕۆڵی خۆیانیان نیشاندا، ئەم واقیعە نوێیە لەئەدەبیاتی کورداتییدا ڕەنگیدایەوەو ئەدەبیاتەکەشمان بەچەند شێوەیەک لەکاتی خۆیو بەم دوادوایەش گوزارشتی لێکرد.

خەسڵەتێکی دیکەی ئەو فاکتەرە دەرەکییەی کە لەپێش راپەڕین چاوەڕێ دەکرا یارمەتیـدەری تێکۆشـانی کوردبێـت ئەوەبـوو کە توخمەکـانی زیـاتر ناوەنـدو هێـزە ئۆپۆزسـیۆنە چەپەکـان بـوون. واتـا زیـاتر ئەو بـزووتنەوە شۆڕشـگێڕییانەبوون کە بزووتنەوەی کوردایەتی چاوەڕێی ئەوەی لێدەکردن هاوسۆزبن لـەگـەڵ داخوازییەکانی کوردو ئامانجەکانی شۆڕشی کوردستاندا تا پێکەوە رەوتی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بتوانێـت گۆڕانکـاری رادیکـاڵی لەنـاوچەکە ئەنجـام بـدات. فـاکتەری ئایـدیۆلۆژیا لەم بوارەشـدا رۆڵـی گەورەی هەبـوو کە کەمتـر کـوردایەتی بپەرژێـتە سـەر مـانۆڕو ڕەچاوکردنی ئەلتەرناتیفە جیاجیاکانی پەیوەنـدیکردنو کەڵک وەرگرتن لەفاکتەری دەرەکی. لەکاتێکـدا لەدوای راپەڕیـن فـاکتەری دەرەکی بریتـی بـوون لەدەوڵەتـانو ناوەندەکانی بڕیاربەدەست کە جاران کورد لێیان دوورو لێیان بەگومان بوو.

ئەم ناوەندو دەوڵەتانە بەفیعلی لەکۆڕەوی کوردستانو لەناوچەی ئارامو دەرکردنی بڕیاری 688و ئینجا ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو جێگیرکردنی حوکمڕانی خۆماڵیدا پاڵپـشتو رۆڵگێربـوون. بەفیعلـی هاتنەدەسـتو زۆر گوێیـان بەبەربەسـتی ئایـدیۆلۆژی نەدا لەنزیک بوونەوەیان لەکورد. تا ئەو ئەندازەی کە ئیتر نالەبارو ناپەسند بوو کورد هاتنەپێشەوەو پشتگیرییە هەندێک جار بڕیارلێدەرەکەیان نادیدە بگرێت.

پێویـستە بگـوترێ کە لەبـاری روانینـی تەقلیـدیی بـۆ فـاکتەری دەرەکی ئەدەبیـاتی کوردایەتی هەر پێش راپەڕینو تەنانەت پێش داڕوخانی یەکێتی سۆڤێتو ئۆردوی رۆژهەڵاتو ئەو گۆڕانە ئایـدیۆلۆژییەی بەدوایـدا هـات، رەخـنەی خـۆی لەو نـوێنەرە تەقلیـدیانەی فـاکتەری دەرەکی گـرت سـەبارەت بەوەی کـورد چـاوەڕێی پـشتیوانی خەباتی نەتەوەیی لێدەکردنو ئومێدی زۆری پێیـان بـوو کەچی ئەوان پشتگیریکارو دۆستی رژێمی بەغدابوون. هەر بۆ نموونەو هەروەکو لەوتارێکی پێشووشدا ئاماژەمـان پێکـرد ئەدەبیـاتی کـوردایەتی رەخـنەی لەهەڵوێـستی سـۆڤێتو تەنـانەت سۆشـیال-دیموکراتەکانی حـوکمڕانی فەرەنساش گـرت لەبەرئەوەی پـشتگیریی عیراقیـان کـرد لەدژی کـوردی لێقەومـاوی هەڵەبجەو ئەنفـالو سیاسـەتی پاکتـاوکردنی نەژادی (1). ئـــەگەرچی ئـــەو رەخنەیە بەدرەنگـــەوەهات، بەڵام سـەرەتای روانینێکی نـوێ بـوو کە ئامــانجەکەی پەیداکردنی پشتیوانی راستەقینەبوو بۆ کـــورد نەک خۆهەڵواسین بەفاکتەری ئایدیۆلۆژییەوە.

لەراسـتیدا برەوپەیـداکردنی فـاکتەری دەرەکـی لەدوای راپەڕیـنەوە سـەرەتا بـۆ هەنـدێک بـووە باعیسی ئەوەی تێکۆشانەکانی پێشووی کوردایەتی بەهیچ بزانن. بۆ هەنــدێکیش بــووە گرێیەکـی سیاسـی کە چـۆن دەبـێ لەئەنجـامی هەلـومەرجێکی

دەرەكیــیەوە، هەلــومەرجی ئەوەی كــۆمەڵی نێــودەوڵەتی گــورزی لەعیــراق داوە، كوردایەتی بێتە سەر سفرەی سەركەوتنو منەتی فاكتەری دەرەكی هەڵبگرێ. ئەم مشتومڕە ئەدەبیاتی كوردایەتی بەزوویی چارەسەری پێویستی بۆ دۆزییەوەو وەڵامی رۆشنی خۆی بۆ دیاریكرد:

-كوردایەتی بزووتنەوەیەكی دوورو درێژی مێژوو كردەو لەئەنجامی كەڵەكەبوونی ئەزمـوونو دەسكەوتی جیاجیـاوە بەرەو پـێش دەچـێ. كـار لەدەرەوەی خـۆی دەكـاو كاریشی تێدەكرێ.

-هەمــوو بزووتنەوەیەكــی زینــدووی وەكــو بــزووتنەوەی كــوردایەتی لەكــاتی هاتنەپێشەوەی رەوشێكی لەباردا سێو دووی لێناكاو رەوشەكە دەقۆزێتەوە. شۆڕشی ئۆكتۆبەر لەئەنجامی تێكچوونی رەوشی روسیای هیلاكبوو لەشەڕی جیهانی یەكەمدا بڵێسەی داو ئینجا هەمـوو وڵاتی تەنیەوە، هەر بۆیەش كوردایەتی رەوشی دارِزانی رژێمی عیراقی قۆستەوەو بەچاكی هاتەدەست. وەختێكیش راپەڕینەكە شكستی خوارد تراژیــدیای كــۆڕەوو هاوســۆزی كــۆمەڵی نێــودەوڵەتی لەگەڵمانــدا رۆڵــی فــاكتەرە دەرەكیــیەكەی پێشخــستو لەئاكامــدا كوردســتانێك كە ئــێمە پێــشتر لەراپەڕیــن رزگارمان كردو لەكۆڕەو لەدەستمان دا، وردەوردە بەشێكی زۆری لەسایەی (688)و نـاوچەی ئـارامو گوشـاری ئیجـابی كـۆمەڵی نێودەوڵەتییـدا كەوتەوە دەسـت خۆمـانو ئەزمــوونێكی دیموكراتیمــان تێــدا بنیاتنــا كە ئەدەبیــانی كــوردایەتی لەمێــژە باســی لێوەدەكردو لەو هەلومەرجەشدا چاكتر رەهەندەكانی داناو باشتر خوردی كردەوە.

## وەرگۆڕان لەهەلومەرجی دونیاو رۆڵی نوێی فاكتەری دەرەكی

رەهەنـدێكی تـری دەركەوتـنەوەی سـەنگینی فـاكتەری دەرەكـی لەنـاو بـزووتنەوەی كـوردایەتیو ئەدەبیاتەكەیـدا ئەو گـۆڕانە سیاسـیو ئـابووریو فیكـرییە مەزنە بـوو كە لەدونیادا قەوماو پێكەوە چەند رووداوو دەركەوتێك رۆڵیان تێداگێڕا. بۆ یەكەمین جار لەسەروبەندی گۆڕانكارییەكانی یەكێتی سۆڤێتو روخـانی دیـواری بەرلینـدا كۆمەڵی نێودەوڵەتی دەرفەتێكی بۆ هەڵكەوت كە بناغەی لێكگەیشتنێكی هاوبەش دابرێژێو سەرەتایەكی نوێی هاوكاری سیاسیی نێوان زلهێزەكان دەست پێبكرێ. داگیركردنی كوێــت لەلایەن عیــراقەوەو ئەو ریزبەنــدییەی لەدژی داگیركــردنەكە دروســتبوو گوزارشتێكی نێو زەمینی واقیع بوو لەو تێگەیشتنە هاوبەشە.

ئەمەش هەم لەرووی سیاســییەوە تەنگژەیەكــی گەورەی بــۆ بەغــدا خولقانــدو هەلـومەرجی راپەڕینـی هێنایەكایەوە. هەم لەرووی فیكریـشەوە چەمكو روانینەكانی

سیستمی نوێی جیهان برەویان پەیداکرد یان روونتر بڵێین چەمکە دێرینەکانی رۆژئاوا کە جاران لەنیوەی دونیا (دونیای سەر بەئۆردوگای رۆژهەڵات) قەدەغەکرابوو، دەرفەتی بۆ هەڵکەوت کە لەتەواوی دونیادا بڵاوببێتەوەو مەڵبەندەکەی ئێمەش (کوردستان) کە کەوتبووە ژێر کاریگەییە ناوخۆییەکانی راپەڕینەوە، بگرێتەوە.

بەم شێوەیە تێکەڵییەک لەهەلومەرجی ناوخۆییو دەرەکی دروست بوو کە ئەستەمە لێکیان جیابکەینەوەو ئەو تێکەڵییەش وایکرد خواستی کورد بۆ ئازادیو رزگاری لەهەلومەرجی وەرگۆڕانە مەزنەکەی دونیادا لەگەڵ چەمکە دێرینو ئینجاش تازە برەوپەیدا کردەوەکانی رۆژئاوا (چەمکەکانی مافی مرۆڤ، دیموکراسی، مافی چارەنووس) ئاوێزان ببێت.

لەراستیدا ئاسان نییە هۆکاری بنچینەیی لەتەجاوبکردنی کورد لەگەڵ چەمکەکانی رۆژئاوا (چەمکی مافی مرۆڤو دیموکراسی) دەستنیشان بکەین. نازانین چەندی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەئەنجامی هەڵوێستی نالەباری ئۆردوگای رۆژهەڵات (بەناو ئۆردوگای سۆشیالیستی) لەمەسەلەی کورد، بزووتنەوەی کوردایەتی تووشی نائومێدی بووبێ لەچەمکو روانینە باوەکانی سۆشیالیزمی باوی ئەو سەردەمە؟ هەروەک ناشزانرێ کە تا چ رێژەیەک رەچاوکردنی خیتابی رۆژئاوایی لەسەردەمی تاک جەمسەریدا نیشانەی خۆگونجاندنە لەگەڵ ئەو سیستەمەدا؟ بەڵام سەبارەت بەهۆکاری ناوخۆیی دەتوانین بڵێین دروشمەکانی "مافی مرۆڤو دیموکراسی" هی ئەوەن کەکورد تەبەنی بکاو بەو شێوەیە شرۆڤەی بکات کەمەبەست لێی مافی ئازادیو مافی چارەنووسی نەتەوە بێبەشەکانیش دەگرێتەوە. لەبەرئەوە هەر لەسەردەمێکی زووی دوای راپەڕینەوە ئەدەبیاتی کوردایەتی موژدەی ئەوەی بەکوردەوارییدا کە ئەم گۆڕانە گەورانەو دروشمەکانی دونیای سەردەمو باهوزی دیموکراسی لەمنداڵدانی خۆیدا دەستکەوتی زۆری بۆ کورد هەڵگرتووە. ئەوەتا لەیەکەم پێناسەی گۆڤاری (رێبازی نوێ)دا کە گۆڤاری فیکریو سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەو کەموزۆر مەسەلەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتی رووندەکاتەوە، لەیەکەم پێناسەی ئەوو ئامانج لەدەرکردنی، باس لەو وەرگۆڕانە گەورەیە کراوەو لەهەمان کاتیشدا دیسانەوە تەئکید لەسەر ئامانجە دێرینەکانی کوردەوارییەکی مۆدێرن، کوردەوارییەکی ژێر سایەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کراوەتەوە. ئەو کوردەوارییەی ئامانجی دووری کۆمەڵێکی سۆشیالیستی دیموکراتی دەبێت:

"زەمانەش گۆڕاوە، دەورانیش دەورانێکی ترە. لەرۆژهەڵاتو لەدنیاشدا گۆڕان هەیە، جارێ لەدنیادا چیتر دوو قوتبیەکەی دوو زلهێزەکە لەکایەدا نەماوە، یەکگرتنی سۆڤیەتی هەرەسی هێناو رووخاوو دابەش بوو بەسەر پتر لە 15 جەمهوریەتی سەربەخۆدا، جەمهوریەتە بەناو سۆشیالیستەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش داتەپین. ئەڵەمانیا یەکی گرتەوە. باهۆزی مافی مرۆڤو دیموکراسی بەمانا راستەقینەکەی، بەمانا لیبراڵیەکەی، بەمانا بۆرژوا دیموکراتییەکەی لەئەوروپاوە هەڵیکردووەو خەریکە لەسەرتاسەری دنیاشدا بڵاودەبێتەوە. بەراییەکەی گەیشتۆتە تورکیاو لەوێش خەریکە هەڵکاتو بێگومان دەگاتە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، ئەمەش هەر سەبارەت بەپێویستییەکانی یەکێتی بازاڕی سەرمایەداری دنیاو گەشەکردنی سەرمایەدارییە لەجیهاندا.. لەگەڵ ئەو باهۆزەداو لەئەنجامی هەرەسهێنانی یەکگرتنی سۆڤیاتیو دەوڵەتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا گەردەلولی سۆشیالیزمی عیلمیش هەڵیان کردووە. کە رەنگە بەری چاوی زۆرلاو دڵسۆزانی رێگەی رزگاریو دیموکراسیش بگرنو سەر لەزۆر کەسانی سۆشیالیست ویستو زۆر لەتێکۆشەرانی رێگەی رزگاری مرۆڤ لەزوڵمو زۆری نەتەوایەتیو چەوساندنەوەی چینایەتیش بشێوێننو بۆ ماوەیەکی نەزاندراو- کورت بێت یان درێژ- گێژیان بکەنو پەکیان بخەن لەخەباتی نیشتمانییو چینایەتی راستو رەوادا. دیارە هەموو ئەوانەش کەموزۆر ئێمەمانانی خەباتگێڕانی رێگەی رزگاری -بەمانای تەواوی رزگاری هەم رزگاری نیشتمانییو هەم رزگاری لەچەوساندنەوەی چینایەتی- ناتوانینو ناشکرێ بێدەنگو سەرسامو دەستەوەستان لەئاستیاندا ملکەچو داماو بوەستین. بەڵکو دەبێ دەست بکەینەوە، هەوڵ بدەین، بیروڕای خۆمان دەربڕینو بەهەموو تواناوە هەوڵدەین خەباتگێڕەکان سەریان لێ نەشێوێ. ناهومێد نەبن گێژو داماو نەبن" (2)

### پەرەسەندنی بایەخی فاکتەری دەرەکی لەئەدەبیاتەکانماندا

ئاسان نەبوو بۆ شۆڕشێکی رزگاریخواز کەپێشتر بەهۆی فاکتەری دەرەکییەوە نیشتمانەکەی داگیرکراوەو بگرە خودی شۆڕشەکانیش دووچاری فریودان دەستبڕینی فاکتەری دەرەکی جیاجیابوونەوە، ئاسان نەبوو هەرواو بێ زەمینەسازی فیکری ئەوە قبوڵبکات کەبەلانسی بایەخدانی تیۆریو چانسی پێشکەوتنی سیاسیی بەلای فاکتەری دەرەکییدا بشکێتەوە. بەتایبەتی لەسەرەتاوە کەبەهۆی هەلومەرجی داڕوخانی ئۆردوگای سۆشیالیستییەوە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلان، کەدەبوایە پشت

بەخۆیانو هەندێک پاڵپشتی فاکتەری دەرەکی (ئۆردوگای سۆشیالیستی) ببەستن، تووشی حەپەسان هاتبوونو ورەیان لەنزیک پلەی سفربوو. کەچی هەرلەوکاتەدا کوردایەتی بەهۆی راپەرینەکەی خۆیەوە لەرووی سیاسییو شۆرشگێرییەوە بوژابۆوەو ئەوەی مابوو کەلەرووی فیکریو ئایدیۆلۆژیشەوە ببوژێتەوە، یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کانوونی دووەمی 1992) هەوڵیدا ئەو ئەرکی بوژاندنەوە جێبەجێ بکاو لەناویشیاندا رۆڵی روو لەپەرەسەندووی فاکتەرە دەرەکییەکەش روونبکاتەوەو وردەوردە هەڤاڵانی لەسەر رابێنێ. بۆیە راپۆرتی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرە کەبووە یەکەمین بەرهەمی چڕوپڕی کوردایەتی لەقۆناغی نوێی دوای راپەریندا شرۆڤەی رۆڵی فاکتەری دەرەکی بەم شێوەیەکرد:

یەکەم: دیاریکردنی رەهەندی مێژوویی فاکتەری دەرەکیو رۆڵی لەشکستپێهێنانی پرۆژەی نەتەوەیی کورددا:

(جاران کوردایەتیو کوردەواری گیرۆدەی وەزعی نالەبارو ناحەزی دەولیبوون، کوردستانەکەیان بەزۆری زۆردار، بەبریاری دەولی خرایە سەردەوڵەتی عیراقەوە. ئەمیش بەپێچەوانەی ویستو خواستی خەڵکەکەیو بەپێچەوانەی ئەو ئیعتیرافەی بەریتانیاو عیراق بەحکومەتی کوردییان کردبوو لەکانوونی یەکەمی (1922)... دوای جەنگی جیهانی دووەمیش هۆیەکی گەورەی روخاندنی کۆماری کوردستان کەپایتەختەکەی مەهابادی قارەمان بوو، هەروەزعی نالەبارو ناحەزی دەولی بوو. هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلولیش لەساڵی 1975دا دیسان هەر هۆیەکی سەرەکی، وەزعی نالەبارو ناحەزی دەولی بوو. هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلولیش لەساڵی 1975دا دیسان هەر هۆیەکی سەرەکی، وەزعی نالەبارو ناحەزی دەولی بوو...) (3)

واتا لێرەدا ئەدەبیاتی نوێ سەرەتا وەک پێداچوونەوەیەکی مێژوویی رۆڵی فاکتەری نالەباری نێودەوڵەتی سەرزەنشتو ئیدانە دەکات. ئەمەش بۆ ئەوەیە کەیادەوەری دەستە جەمعی کورد هەمیشە سیاسەتی فریودەرانەی پێشووی فاکتەرە دەرەکییەکەی لەبیربێتو لەرەوشی پشتگیری ئەمرۆی ئەو فاکتەرە لەکورد زەمانی پێشووی لەبیرنەچێو بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بەڵام ئەم ئاگاییە بەو مانایە نییە کە سڵ لەمامەڵەی فاکتەرە دەرەکییەکە بکەینەوەو بەهۆی گرێی دەروونی وەک گرێی کیسنجەرەوە (وەک هەندێک تووشی هاتوون) گۆشەگیرببین، بەڵکو دەبێ وامامەڵەی ئەو فاکتەرە دەرەکییە

بکەین کەرۆڵە کەمو زۆرەکەی، رۆڵەکەی کەئێستا گەشەی سەندووە تێکەڵ بەفاکتەری ناوخۆیی بکەین بەجۆرێک نەوا کەگرێی دەروونیمان هەبێو نەواش کەفاکتەری دەرەکی بەفریادڕەس بزانینو تووشی ئەو گرێیەبین کەلەئەدەبیاتی سیاسیی میسردا پێی دەڵێن (عقدە الخواجە) یان گرێی بێگانەپەرستی، بۆیە ئەدەبیاتی نوێ دوای ئەو گێڕانەوە مێژووییە دێتە سەر رۆڵی تازەی فاکتەری دەرەکیو دەڵێ:

دووەم: (کەچی ئێستە بۆ یەکەمین جار وەزعێکی لەبارو باشمان بۆ هاتۆتەکایەوە) (4) ئەم رستەیە سەرەتای دیاریکردنی رۆڵی نوێو ئیجابیانەی فاکتەرە دەرەکییەکەیە. بەدواییدا پەرەسەندنی رۆڵە ئیجابییەکە بەچەند قۆناغێک دیاری دەکرێت.

قۆناغی (أ): (جارێ هەربەتەنها لاچوونی وەزعی ناحەزو نالەباری دەولی. هەرنەمانی دوژمنایەتیان لەگەڵ داوا ڕەواکانی گەلەکەمان. هەرئەوەندە خۆی لەخۆیدا رامالّینی کۆسپێکی زۆر گەورەیە لەڕێی رزگاری کوردەواریو سەرکەوتنی کوردایەتییدا) (5) ئەم قۆناغەش هێشتا بۆنی سەرزەنشتکردنی رۆڵی خراپی فاکتەری دەرەکی لێدێت، بەلام سەرەتای هەڵسەنگاندێکی ئیجابییشە بۆی، چونکە دەربڕینی خۆشحاڵییە بەرامبەر بەنەمانی رۆڵێکی خراپ. نەمانی ئەو رۆڵە خراپەش دەرگا لەبەردەم گەشەکردنی بزوتنەوەکەمان والادەکات.

قۆناغی (ب): (بەڵێ، هەر سەلماندنی مافی ژیانو ئاسودەیی بۆ خەڵکی کوردستان، هەرپەکخستنی داپڵۆسینو شەڕکردنی لەدژی خەڵکی کوردستان یارمەتییەکی سیاسییو مەعنەویی زۆر گەورەو گرنگیشە. بەتایبەتی کەلەبڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا 688یش باسیان بکرێت...) (6) ئەم خاڵە سەرەتای رۆڵێکی نوێی فاکتەری دەرەکییە لەقازانجی کورد. ئەو رۆڵەی واتا هەنووکەش بەردەوامە.

سێیەم: فاکتەری دەرەکیو رۆڵە ئیجابییەکەی کەلەدوای کۆڕەوەوە بەقازانجی کورد وەرگەڕاوە چەند خەسڵەتێکی گرنگیشی هەیە کەکوردایەتی چاکتر دڵنیادەکاتەوەو دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی پشتیوانی ئەمجارە فریودان نییە چونکە:

(أ)-پشتیوانی فاکتەری دەرەکی لەوزەمەنە بەدواوە (بریتینین لەفسکەفسکی چەند دەزگایەکی جاسووسی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردایەتی وەک چەندین

جـار بەسـەرمان هـاتووە... بەڵکـو ئەوانە گـوتەو بەڵێنـی رەسـمیو ئاشـکراو سیاسیین...) (7)

(ب)- پشتیوانییەکە (لەکاتێکدا دەکرێ کەسەرلەنوێ نیزامی دەولی نوێ دادەمەزرێتەوە لەسەرچەندین کۆڵەکەی لەباروباش بۆ خەباتەکەی گەلەکەمان. وەک مـافی مـرۆڤ، دیموکراسـی،... هەڵوەشـاندنەوەی سـنوورە کۆنەکـان... سەلماندنی مافی رەوای چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی دنیا... کەهەموو ئەوانەش بۆ کوردایەتی باشن).

(ج)_ئەو پـشتیوانییە دەرەکیـیە (لەکاتێکـدایە کەفـاکتۆری دەرەوە، ئیمـرۆ لەهەموو کاتوساتێکیتر کاریگەرترو گرنگترە) (8)

شایانی باسە دەستنیشانکردنی ئـەو هێڵە گشتیانە هەروەک لەئەدەبیاتی نوێ، لەراپۆرتی سیاسییدا هاتووە رۆڵی چاکی بینی لەبەرچاوڕوونی بزوتنەوەی کـوردایەتی دەربـارەی هــەڵسوکەوتو مامــەڵەکردنی لـەگـەڵ فـاکتەری دەرەکییدا، هــەربۆیەش پاش نۆساڵ لــەکۆنگرە جارێکیترو لــەسەرەتای هــەزارەی نــوێدا رۆڵەباشەکەی فاکتــەری دەرەکی تەئکیدی لەسەرکرایەوە (9).

## فاکتەری دەرەکیش ئامادەباشی فاکتەری ناوخۆیی دەوێت

لەدواوێستگەی ئەم باسەدا واپێویست دەکات پێشنیازی گۆڕینی هەندێک لەروانیــنە کـۆنەکــانمان بکەیــن. بەتــایبەتی ئەو روانینــانەی باعیــسی بەهەڵەتێگەیشتنی ئێمەن لەرۆڵی دەرکەوتو فاکتەرە نوێیەکانی دوای زەمەنی شەڕی سارد لەوانەش فاکتەری دەرەکی کەجێی باسی ئێمەن.

لەم پێناوەدا پێویستە ئەوەبڵێین کە رامبوونی فاکتەری دەرەکیو ئارەزووی پشتگیریکردنی لەبزوتنەوەی کوردایەتی تەنها لەئەنجامی سۆزێکی راگوزەری نایەتەدیو ئەگەریش هاتەدی هەروا لەسەر ئەو سۆزە راناوەستێو دەبێ بەهۆی لەباری فاکتەری ناوخۆییەوە پەرەی پێبدەین. لەم بارەیەوە ئەوە بەبیـردێنینەوە کەفاکتەری دەرەکی پـشتیوانێکی گەورەی کـورد بـوو لەدوای راپەڕینەوە بەڵام نالەبـاری رەوشی نـاوخۆیی (فـاکتەری نـاوخۆیی) وایـان کـرد کەدەسکەوتەکانی لەبـاریی فـاکتەری دەرەکی پڕبەدڵیخۆمـان نەبێـت (10). ئەم خـاڵە واپێویـست دەکات ئەدەبیاتی کوردایەتی هەڵوەستەی لەئاستدا بکاتو کۆنگرەی دووەمـی یەکێتیــی نیــشتمانیی کوردســتانیش بەجیــددی رەچــاوی بکـات بــۆ ئەوەی

کارنامەکانی کۆنگرەی نوێ ببنە خەرمانی سەرباری خەرمانەکانی پێشووی ئەدەبیاتی کوردایەتی.

لەمەودوا چاوەڕێدەکرێ فاکتەری ناوخۆیی بەجۆرێکیتر بێتەوە مەیدان کەئەویش کارکردنێتی لەگۆڕەپانی فاکتەری دەرەکی لەپێناو پەرەسەندنی رۆڵی ئەو فاکتەرە دەرەکییەو رەنگدانەوەی کارکردنێتی بەقازانجی پرسی کورد، بەواتایەکیتر تێکۆشانی دیبلۆماسی کورد (فاکتەری خۆیی) هاوشانی لەباری رەوشی ناوخۆیمان (فاکتەری خۆیی) دەتوانن لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتییدا (فاکتەری دەرەکی) پرسەکەمان پێشبخەن.

دەستپێکی هەوڵێکی لەمجۆرەش لەوەوە دەبێت کەئەدەبیاتەکەمان تێزی نوێو روانینی نوێی سەردەمانە بخاتە نێوباس‌و توێژینەوەکانییەوە.

**پەراوێزەکان:**

(1)چەند سەرەقەڵەمێکیتر دەربارەی ئەدەبیاتی کوردایەتی-ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێ - 1975-1991- ڕێبازی نوێ -ژمارە (19)-ساڵی 2000-ل90.

(2) (ئەم گۆڤارەمان پێویستە)-سەروتاری (ڕێبازی نوێ)، ژمارە (1) ساڵی 1993 ل5-6.

(3)جەلال تاڵەبانی-ڕاپۆرتی سیاسیی-پەسەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 27/1-14/2/1992-ل53-54.

(4)هەمان سەرچاوەی پێشوو ل54.

(5)هەمان سەرچاوەی پێشوو ل54

(6)هەمان سەرچاوەی پێشوو ل54

(7)هەمان سەرچاوەی پێشوو ل55

(8)هەمان سەرچاوەی پێشوو ل56

(9)لەکۆبوونەوەیەک لەگەڵ فەرماندەو کادرانی پێشمەرگەدا مامجەلال سەدەیەک لەخەباتی کوردایەتی هەڵدەسەنگێنێ کوردستانی نوێ، (ژ): (2047) (2000/1/15) ل1.

(10) فەرەیدون عەبدولقادر، هەلومەرجی دەولی لەبار، هەلومەرجی ناوخۆیی نالەبار، کوردستانی نوێ، بەشی یەکەم، (ژ): (679)ی ڕۆژی 8/5/1994-ل3.

# یادی یەکێتی لە ساڵی 1999دا*

## آ-دوایین یادی یەکێتیو شۆڕشی نوێ لەم سەدەیەدا

*هەفتەی داهاتوو، دروست لە دووشەممە (6/1)دا بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو یادی هەڵگیرسانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان دەکرێتەوە، یادی ئەمساڵ دوایین یادی ئەم سەدەیە دەبێت. لە کاتێکدا هەموو بۆنەو بیرەوەرەییەکی سیاسی لە ساڵو ڕۆژی یادکردنەوەی خۆیداماناو ئیعتباری ساڵی پێوە گرێدەدرێو یادەکە، بە تایبەتی بۆ بزووتنەوە سیاسییە سەنگینو گەورەکان، دەبنە یادی جۆشداتەوەی تێکۆشان لەو ساڵەدا، ئەوا ئەمساڵ هەردوو یادی پێکەوەنانی ماڵی یەکێتی و هەڵگیرسانی شۆڕش دەبنە یادی وەبیرهێنانەوەی ڕێڕەوی تێکۆشانی کوردایەتی لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەر یادی جۆشدانەوەی خەبات لە دەروازەی سەدەیەکی نوێو سێیەمین هەزارەدا. لە ریشەوە مانا مێژوویی‌و مەغزا سیاسییەکانی یادەکانی ساڵی (1999)مان بۆ دەردەکەوێ.

*ئەم هەزارەیەی وا دەڕوات لە ساڵی (1629)دا، یەکەمین دابەشکردنی کوردستانی بەدواوە بوو، ئەم سەدەیەش وا چەند مانگێکی تر تەواو دەبێت لەسەرەتاکەیدا (واتا لە ڕێککەوتنی سایکس بیکۆو دوای تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان) دووەمین پیلانی دابەشکردنی کوردستانی بەنێوچەوانەوە بوو. لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمدا ڕاپەڕینەکانی کورد لە دژی داگیرکاری دەستی پێکرد.

بەتایبەتی لەسەدەی رابردووی نۆزدەدا کە ساڵی 1880 فراوانترین شۆڕشی نەتەوەیی لەسەردەستی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆدا، بەرپابوو. ئەم سەدەی وا تەواویش دەبێ، ئەگەرچی سەرەتاکەی بەدووەمین دابەشکردنی کوردستان دەستی پێکرد، بەڵام بەفیعلیش سەدەی تێکۆشانی نەتەوەیی‌و شۆڕشی ئامانجدار بوو، لە هەربەشێکی دابەشکراوییدا، ئەوە ڕێکخراوو کۆمەڵەو حزبە کوردستانییەکان بوون کە سەرەرای بەربەستە

---

* هەرسێ وتاری (آ – ب – ج) هەڵسەنگاندنێکی حزبییە بۆ یادی یەکێتی لە ساڵی 1999دا، کە بەش بەش لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

سۆسیۆلۆجیو تەگەرەکانی ناهۆمۆجینی کوردەواری، لە هەربەشێکی دابەشکراوییدا، ئەو رێکخـراوو کـۆمەڵەو حزبـانە بەرۆڵو نەخـشی خۆیـان کەمیـان بـۆ بەرپـاکردنی شۆڕش نەکرد ئەگەرچی رۆڵی حزب لە شۆڕشەکانی سەرەتای سەدەدا بەحوکمی پێکهاتە عەشایەرییەکەی کوردەواریو دەستپێکردنی تیکۆشان لەلادێکانەوە هی ئەوە نەبـوو کە شـەرەفی هەڵـگیرساندنی شۆڕشـەکەو دواتـریش شکستەکەیـشی بخـرێتە ئەستۆی حـزبو کۆمەڵەکـان، بەڵام لەگەڵ پەرەسـەندنی کـوردایەتی بەتـایبەتی لە کوردسـتانەکەی لای خۆمانـدا، تادەهـات حـزب یـان شـێوە ریکخـستنێکی دەرەوەی پێکهاتە عەشایەرییەکە رۆڵی لە کوردایەتیو کوردەواریشدا زیاتر دەبوو بەتایبەتی لەسـەرەتای ئەزمـوونی شۆڕشـی ئەیلـولو ئینجـا دوای هەرەس لە شۆڕشـی نـوێی گەلەکەماندا کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێبەرایەتی کرد.

یەکێتی لە نیـوەی دووەمـی ئەم سـەدەیە (1975/6/1) دامەزرا، بـۆ ئەوەی ببێـتە یەکەمـین حـزب لە کوردەواریـدا کە هەر بەفیعلـی بـۆ شۆڕشـێکی رێکخـراوی کوردایەتی خۆی تەرخان بکاتو بیانووی دامەزراندنیشی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان بێت. هەر لە بەر ئەوەش لە یادی یەکەمین ساڵەی خۆیدا شۆڕشی هەڵگیرساندو نەیهێشت کوردەواری بێ هێزێکی رێکخراوی چەکدارو سیاسی بێت، ئەمەش لەسـەردەمێکدا کە داگیـرکەران هەرەسـیان بە شۆڕشـی کـورد هێنـابووو کەوتبوونە وێزەی کوردەواری تا شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووری خەڵکەکەی تێک بدەنو لەسنووری رەسمی عیراقو لە سنووری مێژوویی کوردستانی جنووبییدا خەڵک تەهجیرو خەڵکی کوردشتانیش تەعریب بکەن.

*لەسەرینی ئەو هەلومەرجەی یەکێتی تێدا دامەزراو شۆڕشی تێدا هەڵگیرسایەوە، دەتـوانین دامەزرانـدنی یەکێتـی بەدووەمـین وەرچەرخـانی خەبـاتی کـوردایەتی لە کوردسـتانی عیـراق دابنـێن لەم سـەدەیەدا: یەکەمـین وەرچەرخـان راپەرینـی سـاڵی 1930ی بەردەرکـی سـەرا بـوو کە خەبـاتو تێکۆشـانی کـوردایەتی لە شـاخەوە گواشتەوە بۆ شار. یەکێتیو شۆڕشی نوێش دووەمین وەرچەرخانیان کرد کاتێک:

-کەڵەکەبـوونی دەستکەوتەکانی راپەڕنی بەردرکی سەراو لەوێ بەدواوەیـان بەو ئاقاوەدا بـرد کە رێبـەرایەتییەکی خوێنـدەوارو رێکخستنێکی هوشیاریان بۆ شـۆڕش پەیـداکردو سـەرەڕای بـوونی بنکەکـانی شـۆڕش لە شـاخو لادێکانـدا، بەڵام لە رێـی رێکخـستنەکانو لەرێـی پەیوەنـدی ئۆرگـانێکی شۆڕشـەوە پەیوەنـدی شۆڕشـگێرانە بەشارەوە تـا دەهـات پتەوتـر دەبـوو، ئەزمـوونی راپەڕینەکانی هەشتاکانو ئەزموونی رزگارکردنی هەنـدێک شارو شارۆچکەو بوونی هەژمـوونی شـۆڕش بەسـەر شارێکی

گەورەی وەکو سلێمانییەوە کە سەرەڕای ئەوەی رژێم بە ئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، کە چی ناوچەیەکی پاوانکراوی شۆڕش بوو، هەروا ئەزمووونی راپەڕینی مەزنی 1991، ئەمانە هەموویان بەڵگەی ئەو وەرچەرخانەن:

-یەکێتی بە شۆڕشکردنەوە هاتەبوون، لە دووسەرەوە ئیعبتاری بۆ رێکخستنو دامەزراوی شۆڕشگێرایەوە، لەسەرێکەوە ئەو شێواوییەی تووشی رۆڵی حزب هاتبوو لە شۆڕشدا چاککرایەوەو لە سەرێکی دەیکەشەوە، حزبی لە پاڵپشتێکی جارانی شۆڕشە ناوچەییەکانەوە کردە پێشەوای شۆڕشەکە خۆی.

-یەکێتی لە شێوەی پێکهاتنییدا رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بوو، ئەمەش دەرفەتی بەهەموو بیروباوەڕە پێشکەوتنحوازەکانی نێو کوردەواری دا کە شوێنی خۆیان لە رێکخستنەکانیدا بدۆزنەوە. سەرەڕای تێکەڵبوونەوەی باڵەکانی لەدوای راپەڕیندا، لێ هێشتا لایەنە ئیجابییەکانی ئەو خەسڵەتە بەرەییەی لە دەست نەداوە.

*لەبەر ئەو رەهەندە مێژووییە لەم هەزارەیەو لەم سەدەیەی رooیان لە تەواوبوونە. ئەمسال یادی یەکێتیو یادی شۆڕش رووی لەویە یادی هەڵسەنگاندنی رەوشی کوردو خەباتی کوردایەتیو بیرەوەری جۆشدانەوەی خەبات بێت لە دەروازەی هەزارەو سەدەی نوێدا.

### ب-له یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا

*له مێژووی تێکۆشانی میللەتاندا کەم جار هەڵکەوتووە کە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەتایبەتی ئەگەر لەدۆخی شۆڕشی چەکداریدا بێت، لەیەک کاتدا رابردوویەکی پڕ شـــانازی لەتێکۆشـــانی چەکـــداریو پێـــشمەرگایەتیو هەرواش رابردوویەکـــی شـەرافەتمەندانەی لە پیادەکردنی پرەنـسیپی حیـوارو گفتوگـۆی ئاشـتیانەدا هەبێـت، بەراستیش لێزانینو شارەزاییەکی چاکی تووله رێگاکانی خەباتی سەختی کوردایەتی دەویست تا بتوانرێت لەهەلومەرجی شۆڕشێکی چەکداریو لە پێگەی جێگیربوونی شـۆڕش لە لادێو نـاوچە دووره دەستەکاندا هەم کەشـی پەسـەندکردنی پرەنـسیپی حیـوارو گفتوگـۆ لەنێـو شۆڕشـگێڕانی، کە خەبـاتێکی سـەختیو تونـدو تیژیـان دەبـرد بەڕێـوه، جێگیربکرێـتو هەم لەسـەر ئاسـتی حیـوارو موفـاوەزەش لەگەڵ دەسـەڵاتی بەغـدادا بتوانیــت هاوســەنگییەکانی هێــز بەو ئاراســتەیەدا بگۆڕیــت کە بەغــدای دەسـەڵاتو توانـای دەوڵەتیـی ناچـار بکەیـت پرنـسیپی حیـوار لەگەڵ شۆڕشـێکی بێ پشتو پەنـای ئەو وەخـتەی کورددا پەسـەند بکـات (هەروەک لە حیـوارو گفتوگـۆی نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا روویدا).

یەکێتــی ئەو هاوســەنگییەی لە نێــوانی ســەختی خەبــاتی چەکــداری لەلایەکو پرەسنیپی حیواری ئاشتیانە لەلایەکی ترەوە هێنایەدی سەبارەت بەوەی:

-خەبـاتی چەکداری لای یەکێتیو لای کوردایەتی بەگشتی هەروا لـەبەر حەزی تونـدوتیژی چەک هەڵـگرتن نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دوژمنـانی کورد، کە هەقـی کوردیان لایە، بەتونـدوتیژیو سـەرکوتکردن مـامەڵەی کوردیـان دەکـردو هەردەبوایە خەباتی چەکداری بۆ پارسەنگی سەرکوتکردنی کورد، لەلایەن رژێمەوە بێتە کایەوە.

-پرەنـسپی حیـوار لە ئامـانجی یەکێتیـدا جێگیـرو شـیاوی بایەخپێـدان بـووە، چـونکە لەئاکامی هەر شەڕو گرژییەکیشدا هەر دەبێ بە حیوارو گفتوگۆ کێشەکان چارەسـەر بکرێنو کۆتاییان پێبێت.

*دەکرێ لێرەدا بازنەکانی پرەنسیپی حیـوارو گفتوگۆ لەناو یەکێتیو ئامـانج لێیـان بەم شێوەیە دیاری بکەین:

-پرەنـسیپی گفتوگۆو حیـوار لە نێوخـۆدا، ئەمەش خەسـڵەتێکی چۆنایەتی خەبـاتی یەکێتیــیە کە لە کەشــوهەوای رەوتــی چەپخــوازانەی ئەو ســەردەمەی نــاوچەکەو جیهانیشدا هەلومەرجی دیموکراتی ناوخۆیی بەو شێوەیە دەستبەر کردبوو، بیروباوەڕە جیاجیاکان لەهاتووچۆو هامشۆکردنی نێو هەڤاڵانـدا بـن بەو جـۆرەی حیـوارو گفتوگۆو

پێسەلماندنو قەناعەت پێهێنانی بەدواوەبێتو ئەو حیوارو گفتوگۆیەش یەکڕیزیو یەکگرتوویی سیاسەتی گشتی یەکێتیو شۆڕش بێنێتە کایەوە، ئەم خەسڵەتەش سەبارەت بەوەبوو کە یەکێتی لەسەرەتای دروستبوونییەوە ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەییو فەر باڵی بوو، بۆیە وێڕای هەلومەرجی شاخ، پرەنسیپەکانی دیموکراسیو حیواری تێدا پارێزراو بوو، ئەو خەسڵەتەش وێڕای یەکخستنەوەی باڵەکانیشی هەروا ماوەو تازە بۆتە نەریتێکی حزبی لە نێو یەکێتییدا.

-پرەنسیپی گفتوگۆو حیوار لەگەڵ هێزەکانی گۆڕەپانی کوردستاندا، ئەمەش لە پێناوی یەکخستنی هەڵوێستی کوردایەتی لەیەک بزووتنەوەی نیشتمانییدا. یەکخستنی هەڵوێستی کورد لەبەردەم دوژمنەکانیو لە دژی شەڕی ناوخۆو شەڕی براکوژیو لە پێناوی ئاشتی خۆماڵییدا.

-پرەنسیپی گفتوگۆو حیوار لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییدا واتا موفاوەزە لەگەڵ بەغدا کە هەقی کوردی لایە، ئەمەش سەبارەت بەوەی ئەگەر کورد داخوازییەکانی لە چواچێوەی عیراقدا بن، هەر دەبێ لە دەسەڵاتی عیراقی وەربگرێتو ئەگەریش مافی چارەی خۆنووسینی بەمانا ڕەهاکەی بوێت، خۆ هەر دەبێ بە حیوارو موفاوەزە لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکاتەوە.

-حیوار لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا، ئەم جۆرە حیوارە بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین بەرەوی سەندو دەشێ لەگەڵ باسی دیبلۆماسییەتی کوردایەتییدا تێکەڵکێش بکرێت. حیوار لەگەڵ ئیقلیم حیواری مەنتیقی جوگرافیاو دراوسێتییە. هەم بۆ ڕەوینەوەی ترسی وانو هەم بۆ شکاندنی هەر تەوقێک کە دەشێ یەخەی کوردایەتی بگرێت. حیوار لەگەڵ جیهانو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا بۆ پشتیوانی جیهانە لە پرسی کوردو هەروا بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی کێشەی کوردستانە لە پێناوی ئەوەی لە چوارچێوەی عیراقو ئیقلیمیدا قەتیس نەکرێت.

*بەڵام گرنگترین لایەنی پرەنسیپی حیوار لە کارو تێکۆشانی یەکێتییدا خەسڵەتی ئاستە هەمەلایەنەکانی حیوارو گفتوگۆیە. واتا حیوار لە چەندین ئاستی سیاسی ڕەسمیو شەعبیدا. چونکە ئەگەر حیوار لەگەڵ دەسەڵاتی بەغداو دەسەڵاتی ئیقلیمیو دەسەڵاتی وڵاتە بڕیاربەدەستەکاندا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی هەنووکەییو بەرجەستەکراو بێت، ئەوا حیوار لەسەر ئاستی شەعبیدا (واتا حیوار لەگەڵ جەماوەر، لەگەڵ ڕووناکبیرانو توێژەکانی کوردواری، لەگەڵ ناوەندو ڕووناکبیرانی دراوسێو جیهانیشدا) بۆ دەستکەوتی ئایندەیو بۆ تێگەیشتنی چاکترە لە پرسی کورد. نموونەی ئەمەش (لە ئاستی کوردەواریدا حیوار گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ ڕووناکبیرانو

تویژەکـانی کـوردەواری دەربـارەی موفـاوەزەی 1984، بەشـداریکردن لە حیـواری عەرەبی - کوردی لە قاهیرەو لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی بۆ رامکردنی پشتگیری رای گشتی لەولاتانی پێشکەوتووو دیموکراسیدا.

## ج-خەباتی چەکداری لە نەریتی شۆڕش ویەکێتیدا

*دوو مەسەلە هەن کە پەیوەندیان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ بەرێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارییەوە هەیە. هەردوو مەسەلەش پێکەوە گرێدراون و لەو نەریتە گشتییەی شۆڕشەکانی کوردی پێ دەناسرێتەوە، بەدوورنین. واتا نەریتی ئەوەی کورد لەقەهری داگیرکەران و لە ناچاری رەتدانەوەی زەبروزەنگی دوژمندا پەنای بۆ چەک بردوە. لە حاڵێکدا دوژمن تەنها بە چەک وەڵامی کوردی دابێتەوە ئەوا کورد جگە لە حیواری چەک هیچ تفاقێکی جەنگی تری پێ نەبووە تاململانێ و شەری دوژمنەکانی پێبکات.

دوو مەسەلەکەش ئەوەن:

-1976/6/1بە دەستپێکردنەوەی شۆڕش وسەرەتای شۆڕشی نوێ دادەنرێت.

-بەپێچەوانەی شۆڕشی پێشوو،رۆژی دەسپێکردنی شۆڕشی نوێ تەقەکردنی کوردە لە دوژمن، نەک رۆژی تەقەکردنی کورد لە دوژمن.

بۆ خاڵی یەکەم پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا لەبەر چی رۆژی دامەزراندنی یەکێتی کە (1975/6/1)ەو لەو رۆژەدا بەیانامەی دامەزراندن و بانگەوازی بەرپەرچدانەوەی هەرەس راگەیاندرا، بەرەسمی نەبووە رۆژی دەسپێکردنی شۆڕشی نوێ.. ئایا رۆژی راگەیاندنی بەرنگاربونەوەی هەرەس هەر خۆی شۆڕشێک نییە بەرووی واقیعی داسەپێنراو لەلایەن دوژمنانەوە..؟ لە دوای راگەیاندنی بەیاننامەی دامەزراندنەوە ئیتر جموجوڵێکی سیاسی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات دەستپێکرد، بەتایبەتی لەناوەوە کار بۆ سازدانەوەی رێکخستنەکان و کۆکردنوەیان کرا. لەدەرەوەش یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆچی ودەرکردنی ((رێبازی نوێ))و ((الشرارە))و هەوڵی بەدەست هێنانی پشتیوانی لە هێزە شۆڕشگێرییەکان لە ئارادا بوون. الشرارە دەینوسی ((ومن الشرارە یندلع اللهیب)) کە ئەوە شۆرشێکی نوێ بوو لە ئاستی ئەدەبی سیاسی ولایەنی روناکبیریی وراگەیاندنی شۆڕشدا، کەچی هەر ((الشرارە)) خۆشی تا ئەورۆژەی خەباتی چەکداری لە (1976/6/1) دەستپێدەکات، باس لەدەستپێکردنوەی شۆڕش ناکات. ((الشرارە)) لەدەستپێکی شۆڕشی چەکداریدا دەڵێ: ((هاقد اندلع اللهیب)) واتا واگری شۆڕش هەڵایساو خەباتی چەکداری دەستی پێکرد.

*رەنگە ئەو پرسە زۆر گرفت نەبێت لەدیاری کردنی رۆژی یادکردنەوەی یەکێتی و شۆڕشی نوێدا.بەتایبەتی کەهەردووکیان لە (6/1)دا بوون و لەورۆژەدا ئاهەنگ وبیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی و هەڵگیرسانی شۆڕش دەکرێتەوە. بەڵام ئەو

مەسەلەیە خۆی لەخۆیدا ئەو بایەخە دەردەخات کە یەکێتی و کوردایەتی بەخەباتی چەکدارییان داوە. خەباتێکی چەکداری کە کوردەواری و کوردایەتی لەبەردەم دوژمندا رادەگریّو بوونیان لەفەوتان دەپارێزێت.

هەروەها دەستنیشانکردنی رۆژی (1/6/1976) بەرۆژی هەڵایسانی شۆڕش زەنگە لەو بیرۆکەیەوە هاتبیّ کەدەڵێ: خەباتی چەکداری باڵاترین شێوەکانی خەباتە. بەتایبەتی بۆ ئەو میللەتانەی شۆڕشەکەیان بەپلەی یەکەم شۆڕشێکی نیشتمانیە لەدژی داگیرکەرانی بێگانە. نەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەدژی زۆردارانی ناوخۆیی.

*هەڵبەتە لەشۆڕشی نیشتمانیدا خەباتی چەکداری بەمانای راماڵینی هێزی داگیرکەر ورزگارکردنی وڵات دێت. ئەگەرچیش ئەو خەباتە مەرج نییە لەیەکەم نەبەردییەوە شەڕێکی بەرەیی یان شەڕێکی سەرەتایی ویەکلاکەرەوەبێت بۆ هێنانەدی ئامانجی راماڵینی یەکجارەکی دوژمن. بەڵام ئامانجی بەرەودوای هەموو نەبەردێکان بۆ پێگەیاندنی رۆژێکی ئەوتۆیە کەهەلومەرجی راماڵینی یەکجارەکی ببتەبوون.

دروستە کەوەک گوتمان کورد لەبەر ئەوەی بەزەبروزەنگ مامەڵی لەتەکدا دەکریّ، بۆیە ناچاربووە پەنا بۆ چەک بەریّ. تەنانەت لە شۆڕشی نۆیشدا دوای ساڵێک لەدامەزراندنی یەکێتی بەزوویی شۆڕش لە1/6/1976دا چەخماخەیدا تاریّ لەراگواستنی دێهاتەکانی پشتینەی سنووری بگریّ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی و شۆڕشی نویّ دەستپێشخەربون لەوەدا کە تەقەی خۆیان لە دوژمن بکەن و هەر رۆژی یەکەمین تەقەی شۆڕشیش کە رۆژی دەستپێشخەرییەکەیە ببێتە رۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە. ئەمەش تەنها رێککەوتێکی خۆش نیە. بەڵکو ئاماژەیە بۆمانای سیاسی ئەوەی کە کورد لە پێگەی هێرش بردنەوە نەک پێگەی لاوازی و داکۆکیکردنەوە، ململانێی خۆی دەستپێکردەوە. واقعی دەستپێکردن بەهێرشبردن هیچ لە رەوایی خەباتی کورد کەم ناکاتەوەو شۆڕشەکەشمان ناخاتە قاڵبی دەستپێشخەر لەشەرکردندا، بەڵکو مادامەکی گۆرەپانی شۆڕشەکە کوردستانەکەی خۆمان بووەو مادامەکی ئەو شۆڕشە بۆ لابردنی زوڵم و ستەمی سەرکوردان بووە، ئەوا هەر بەرەوایی دەمێنێتەوە وکوردیش هەر ئەو گەلە ئاشتیخوازەیە کە حەزی لێیە لەوڵاتی خۆیدا بە ئاشتی وئاوەدانی وئارامی بژێت.

*لەبەر ئەو ئیعتیبارەو پێشینەیەی کەخەباتی چەکداری لە شۆڕشی نوێدا هێناویەتییە بوون، دەبینین لای یەکێتی پتر لە هەر بزوتنەوەیەکی پێشووی کوردایەتی ناو وناوبانگی هێزی پێشمەرگە لە پلەیەکی باڵای ئیعتبارو حورمەتی

نیشتیمانیدایه ودواجار پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی لەناو یەکێتیدا سنووری شۆز وهاوسەنگی تێدەپەرێنێ ومەغزای سیاسی ئەوە پەیدا دەکات کە هێزی پێشمەرگە:

-هێمای بوون ودەسەڵاتی شۆڕشە لەو نەبەردی وچالاکییانەی لە شەڕی پارتزانییدا ئەنجامی داوە.

-هێزی ئیستنزافکردنی تواناکانی دوژمنە لەشەری درێژخایانی نیشتیمانییدا.

-هێزی رامالینی یەکجارەکی سوپای دوژمن وهێزی رزگاری کوردستانە کە لەسەر زەمینەی واقیع هاوسەنگییەکانی هێز دەگۆڕێ وسەرکەوتنی سیاسی بۆ کوردایەتی دابین دەکات.

بۆیە خەباتی چەکداری هێزی پێشمەرگە هەمیشە بەشێک بووە لەوخەیارو سیاسەتانەی لەبەردەم شۆڕشدا هەبوون بۆ نزیککەوتنەوە لە رزگاری نیشتمان وسەرفرازیی نەتەوەی کورد.

هەربۆیەش لە ئەدەبیاتی شۆڕش ویەکێتییدا ئاوەها وەسفی پێشمەرگە دەکرێت:

((پێشمەرگە؛تێکۆشەری سیاسی چەکدارە))

# هەندێک پرس لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە..*

1

بۆخۆی ئەو پێناسە جیاجیانەی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کراون نیشانەی تێڕوانین و نیازی جیاجیای ئەو کەس و گروپانەن کە (کۆمەڵگەی مەدەنی)-یان کردووە بەپرۆگرامی خۆیان. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەوردەکاری و خەسڵەتە گشتییەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی (کۆمەڵگەی مەدەنی) لەلای ئەوانە بەندە بەنیازو ئامانجیان لە چێکردنی (کۆمەڵگە)کە — ئایا دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی دوا ئامانج و ستراتیژی ناوەندیی ئەوکەس و گروپانەیە کەبانگەشەی بۆ دەکەن پێوەرێکی یان ئامانج و ستراتیژی دیکەی لەپشتەوەیە؟

ئایە پێوەرێکی گشتی بۆ خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە یان کۆمەڵگەیەک خوازیاری وەدی هاتنی بێ و بەم پێیەش دوا ئامانج و نیازی شایستەیە کەپێویستە کۆمەڵگەکان لەبەرچاوی بگرن و کۆششی بۆ بکەن. لای رۆسۆ مەسەلەکانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) چاکتر روونکراونەتەوەو دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەیەکی بەرپرسیار بەرامبەر بەئایندەی خۆی بەوجۆرەی رۆسۆ لێی حاڵی بووە. پۆلێن کراون. تائەو ئەندازەیە ناکۆکییەک لەنێوان زۆر لەوانەی قسەیان لەسەر (کۆمەڵگەی مەدەنی) کردووە بەدی ناکرێت سەبارەت بەوەی کەدواپلەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە گەیشتنیتی بەقۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنی. دەبێ ئەوەش بگوترێ کەئەوانە لەوردەکارییەکانی ئەو (کۆمەڵگە)یەدا جیاوازی و بگرە ناکۆکییەکی زۆریشیان لەنێواندا هەیە، بەڵام لەوەدا کۆکن کەگەیشتن بەو قۆناغە کاری بەردەوام و کەڵەکەکردنی کەلتوورو ئەزموونەکانی بەرێوەچوونی کۆمەڵگەی گەرەکەو هیچ رەچەتەیەکی ئەفسوناوی بۆ وەدی هاتنی (کۆمەڵگی مەدەنی) نییەو ناشکرێ قۆناغەکە لەزەمەنی پێشووی خۆی داببڕێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن کەکۆمەڵگەی مەدەنییان و بەهەندێک مەرجی تایبەتەوە قبوڵە. مەرجی لەبابەت ئەوەی کێ کۆمەڵگە بنیات دەنێ و چۆنی بنیات دەنێ؟ لای (ئەنتۆنیۆ گرامشی) وادێتە بەرچاو کە کۆمەڵگەی مەدەنی قۆناغێکی

* ئەم باسە ساڵی 1996 لە گۆڤاری رێبازی نوێدا بڵاوبۆتەوە.

پەڕینەوەیە بۆ قۆناغێکی تر کەتێیدا ململانێ و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگە بڕیارێکی دیکە لەبارەی ئایندەوە دەدەن. لای زۆربەی ئەوانەی بەتۆزقاڵ لەئایدیاو تیۆرەکانی خۆیان لانادەن (کۆمەڵگەی مەدەنی) پشووی جەنگاوەرێکە سەبارەت بەوەی کە هیچ کام لە گروپ و ناوەندەکانی کۆمەڵ ناتوانن ململانێکانی هەناوی یەکلایی بکەنەوە، بۆیە نیشتنەوەیەکی کاتی ململانێیەکان پەسەند دەکەن و لەشێوەی ئاخاوتنێکی گشتگیردا قسە لەسەر (کۆمەڵگەی مەدەنی) دەکەن. بەڵام کەدەپرسی شێوەی ئەو کۆمەڵگەیە چییە؟ مەرجەکانی وەدی هاتنی چین؟ ئەوا وەڵامێکی تەم و مژاوی دەدرێتەوە کە لەپشت ئەو وەڵامە گشتگیرەوە هەست بەحەشاردانی ئەدگاری ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین. لەهەندێک گۆشەنیگاوە تێڕوانین بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی جگە لەهاوپەیمانتییەکی کۆمەڵایەتی ماوە دیاری کراوە هیچی دیکەی لێ بەدی ناکرێت. ئەمە چونکە هەموومان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەدوێن بێ ئەوەی لەسەر بنچینە سەرەکییەکانی کۆک و تەبابن. هەیە کۆمەڵگەی مەدەنی وەک وەک چەمک پەسەند دەکا تائەو وەختەی بەدیدی خۆی دەسەڵات گرتنە دەستی بۆ دەلوێ و ڕووداوەکان بەئاڕاستەی تێڕوانینی خۆی بۆ کۆمەڵگەو بۆ گەردون-یش دەبا. هەشە پێوەرە هەرە وردەکارو تایبەتمەندییەکانی خۆی دەکاتە ئەلتەرناتیفی سکێچی خوازراوی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەمشێوەیە لای مارکسیستەکان کۆمەڵگەیەک بەئاڕاستەی سۆشیالیزم یان کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بچێت، ئەوا کۆمەڵگەی مەدەنییەو لای ئوسولییەکان کۆمەڵگەی مەدەنی گوزارشتێکی هاوچەرخانەیە لەکۆمەڵگەیەکی گەڕاوەبۆ ژێر قەڵەمڕەوی سەلفیەت. بەم شێوەیە گەمەی یاری کردن بەوشە هەمووان فریو دەدا وەهەر یەکێک لەناوەندەکانی کۆمەڵ والێ دەکا بێپەروا هەست بکا کە خۆڵی کردۆتەوە چاوی ئەوانی ترەوەو لەخشتەی بردوون. لەکاتێکدا کۆمەڵگەی مەدەنی خەیاری کۆمەڵگەیەکە کەرەوتی گەشەسەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری سیاسیی ڕەوتێکی شینەییەو کاری تاک و گروپەکانیشی ڕەخساندنی هەلومەرجی کارکردن و باشتر پێشڤەچوونی ئەو ڕەوتە شێنەییە یە (لێرەدا وشەی کارمان لەبریتی وشەی خەبات مەتەرح کرد سەبارەت بەوەی کە وشەی خەبات لە ڕینەوەیەکی شۆڕشگێڕی و گۆڕانی خێرای پێوەیە لەکاتێکدا وشەی کار شینەیی ترەو لێرەدا خزمەت بەباسەکەمان دەکا) کەوابێ سەرەتای کارکردنی ناوەندە هەڵسوڕاوەکانی کۆمەڵگەو حاڵی بوونیان لەکۆمەڵگەی مەدەنی قەناعەت هێنانیانە بەخودی چەمکەکە وەک ئامانجێکی باڵا کەشایستەی ماندوبوون بێت نەک وەک قۆناغی پەڕینەوە یان گوزارشتێکی گشتگیر کەتێڕوانینی ئەوان بۆ کۆمەڵگە بشارێتەوە. ئەم داخوازییە بۆ

ڕێکەوتن لەسەر لایەنی کەمی توخمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستی بوونی چەند گۆشەنیگایەک بۆ چۆنیەتی گەیشتنن بە کۆمەڵگەی مەدەنی ناسرێتەوە بەمەرجێک ئەو گۆشە نیگایانە هەرلەسەرەتاوە (مەدەنیانە) بخرێە روو و ئیش بۆ پەسەنکردنیان بکرێ دەنا بەتوندوتیژی (کۆمەڵگەی مەدەنی) نەک هەر نایەتە دی بگرە ڕێڕەوی دەشێوێنرێ. ئەوکاتەی کۆمەڵ بڕیاری ئەوەدەدا ناکۆکییەکان بەتوندوتیژی چارەسەر بکات هەرلەو کاتەدا دواکەوتنی ئاستی پێگەینی کۆمەڵگە بەئەندازەیەک دەردەکەوێ کەئیدی قسەکردن لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەبێتە خەیال یان خۆفریودان. سەرباری ئەوەش هەر لەگەڵ دەرکەوتنی بەئاشکرای ناکۆکییەکان لەشێوەی توندوتیژیدا (کۆمەڵگەی مەدەنی) برەو پەیدا دەکا بەو مانایەی کەبانگێشتکەرانی ئەو چەمکە ئاماژە بەوە دەکەن کەهەر غیابی کۆمەڵگەی مەدەنییە لایەنەکانی بەگژیەکدا کردووەو رۆژانە توندوتیژی بەرهەم دێنێت لەکوردستانیش دەکەوتەکە هەروا بوو- شەڕی ناوخۆو مەرجە تایبەتییەکانی زەنگی ئاگادار کردنەوەوە بو کەداخۆ چ زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی شەڕانگێزی لەنێو میللەتێکدا پەرە پێدەدا کە هێشتا کۆمەڵگەی بەحوکمی داگیرکاری و شێوانی کەلتورەوە فۆرمەلەیەکی تایبەتمەندی بۆ خۆی دا نەڕشتووە، لەئاستی دونیای سێ و جیهان بەگشتی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەدوای شکستی ئەزموونی سۆشیالیستی و زیندوو بوونەوەی پرسیاری کامەیە کۆمەڵگەی خۆش گوزەران. برەوی پەیداکردەوە بەجۆرێک کەئێستا لێدوان لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هاوشانی پرسیارکردنە لەسەر شەرعیەتی مێژوویی و رەوایەتی یاسایی دەوڵەت لەدونیای سێ. هاوشانی پرسیارکردنە لەسەر جۆری گەشەپێدانی ئابووری پەسەندکراو. لەسەرئەوەی پێناسەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبەراوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان زامن دەکرێت یان بەرچاوکردنی تایبەتمەندێتی هەر کۆمەڵەو پێشینەی مێژوویی لەبواری بەڕێوەبردنی دامودەزگاکاندا. هەڵبەتە وەڵامدانەوەی هەریەک لەو پرسیارانە توێژینەوەو گفتوگۆیەکی زۆریان پێویستە.

هەر لەم بوارەدا، هەندێک وا لەسیستمی نوێی دونیا دەڕوانن کەئەگەر نەشتوانێ لەئاستی دونیادا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جیهانگیر بنیات بنێ ئەوا پێویستە سەبارەت بەگرفتی ناوەندی گەشەکردووی سەرمایەداری و کەناری هەمیشە دواکەوتوویی ناوەند مداخەلەیەکی ئیجابیانە بنوێنێ و لەم پێناوەدا ئاستەنگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لابدات تا ئەو

ئەوانیش لێبڕاوانە بێنە مەیدانی دروستکردنی دەسەڵاتی مەدەنی و برەودان بە دیموکراتی و دواتریش هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گەشەکردوو.

## 2

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەسروشتی بزاوتنی کۆمەڵگەکانی دونیای سێ بکۆڵینەوە دەبینین بزاوتێک بووە کە (دەسەڵات) رۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوەو هێزی ئیلهام بەخشی ئاراستەی کۆمەڵگە بووە. بەواتایەکی تر بزاوتی کۆمەڵگە یەکسان بووە بەبزاوتنی دەسەڵات و پێچەوانەکەشی هەر راستە. بەم پێیە مێژووی سیاسی کۆمەڵگە لەرۆژهەڵات، مێژووی دەسەڵاتە ئەمما دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری کەهەموو توخمەکانی تر ملکەچی مەرج و پێداویستییەکانی خۆی دەکا. ئەمە لە پێشینەی مێژووییدا وا بووەو لەمڕۆشدا بەهۆی پاشماوەی ئەو کەلتورە دێرینەو بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەرەوە کەپەیوەندییان بەهەلومەرجی ئەو کۆمەڵگانەوە هەیە خۆی دەمەزەرد کردۆتەوە. مەبەست لێرەدا ئەو هەلومەرجە دژوارو ناخۆشەیە کەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەدەستییەوە گیریان خواردووە. ئاشکرایە کەنەمانی شێوە راستەوخۆکانی کۆلۆنیالیزم و رزگاربوونی وڵاتانی دونیای سێ لەداگیرکاری، لەکۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیست، ئەو وڵاتانەی خستە بەردەم پێویستی بونیادنانی ئەزموونێکی نیشتمانیی و ئەو ئەزموونەش لەئاستی سیاسیدا بەپلەی یەکەم خۆی دەسەڵاتێکی نیشتمانی-دا دەبینێتەوەو لەئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریشدا دەیویست مۆدێلێکی ئەوتۆی گەشەپێدان پەیڕەو بکات کەوڵاتانی ناوەندی سەرمایەداری بەبێزراو بناسێنن و لەلایەکی تریشەوە دەبوایە وەکو مۆدێلێکی سیاسیی و خەیاڕێکی شارستانی گەشەکردوو چاوی لێ بکەن. هەڵبەتە جێبەجێکردنی ئەرکی بونیادنانی ئەزموونێکی نیشتمانی لەدوای قۆناغی رزگاری نیشتمانییەوە لەکۆمەڵگەگەلێک کەئەسڵەن بۆخۆی کەلتوری دەسەڵاتی سەراپاگیری تێدا زاڵە. هەر بەدەوڵەت سپێردراوە. چونکە دەوڵەت تاکە دام و دەزگای شایستە و رێکخراوە لەدونیای سێدا کەدەبێ هێزی پاڵنەر بۆ ئاڕاستەکردنی بەرنامەی قۆناغی دیموکراتی لەئارادا بێ. ئەمانە هەردووکیان هەرئەوەیان لێ شین دەبێ کەئەرکی مۆدێلی نیشتمانی و خەیاری تایبەتی لەگەڵ گەشەپێداندا بەدەزگای دەوڵەت بسپێردرێت بەهەموو ئەو مەرج و پێشهاتانەی لەم دۆخە دەکەوێتەوە. لێرەدا سپاردنی ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەدۆخی پەڕینەوەدا بەدەوڵەت هەمان ئەو هەلومەرجانە دەخوڵقێنێ کەپێشتر دەوڵەتی رۆژهەڵاتی کردبووە تاکە بەخشێنەری

ژیان و ئاوەدانی لەکۆمەڵگە ئاسیاییەکاندا. بەرامبەر هەر خزمەتێک کەبەتاکەکەس و گروپ و کۆمەڵانی دەرەوەی دەسەڵات ئەنجام نادرێت. دەوڵەت تەنازولێک لەوانی تر وەدەست دێنێ و هەمــوو ئەو شوێن و ناوەنــدانەی کەپێشتر پــەی پێ نەبردبوو پاوانی خۆی دەکا. بەواتایەکی تر لەمیانی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا هەرکورت هێنانێک کەکۆمەڵگە لەبەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا تۆماری دەکات لەدەست دانی مەودایەکــی دیــاریکراوی ســەربەخۆیی بەدواوەیە. لەدونیــای ســێدا ئەمە گرفتــی بنچینەییــە لەمەســەلەی بیرکردنەوە لەکۆمەڵگەی مەدەنــی دا. ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کەپرۆسەیەکی سەرکەوتووی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری سەرەتایەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ کۆمەڵگەیەکی شێنەیی و گەشەکردوو و بەوپێیەش زەمینــە بــۆ دابــین بــوونی بنەماکــانی کــۆمەڵگەی مــەدەنــی خــۆش دەکــا. ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین لەبنچینەی گرفتەکە تێدەگەین. کۆمەڵگە ئەرکی بنیاتنانی (کۆمەڵگەی مەدەنــی) بەدەوڵەت دەســپێرێ لەکاتێکــدا مەرجــی پێکهــاتنی کــۆمەڵگەی مەدەنــی، بەپەلی یەکەم، کەمترین دەستێوەردانی دەوڵەت لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەخوازێ. واتا لەلایەک داوای موداخەلەی ئیجابیانەی دەوڵەت دەکرێ و لەلایەکی دیکەشەوە قسە لەســەر ئــاواکردنی کــۆمەڵگەیەک دەکــرێ کە کەس و گــروپ و چــین و تــوێژە جیاجیاکــان خــۆیــان لەرێکخــراوەو ناوەنــدو مینــبەرە ســەربەخۆکاندا رێــک خــستبێ و لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا چالاکانە هاوبەشی بکەن. ئەم گرفتە ئاڵۆزتر دێتە بەرچاو لەکاتێکــدا دەســەڵاتی دەوڵەت بەدەســت دەســتەیەکی ســەربازییەوە بێــت کەئەگەر زۆربەی دەسەڵاتەکانی (دونیای سێ) سەربازی نەبن بەلانی کەم رەگێکی میلیشیای-یــان هەیە. ئەم دیــاردەیە ســەبارەت بەهەمــان کێماســییە کەکۆمەڵگەکــانی (ســێ) بەدەستییەوە گیریــان خــواردووە. واتــا کێماسی نەبــوونی کــۆمەڵەو رێکخــراوی خــاوەن بەرنــامەو دیــسپلێن چ بەهــۆی کەلتــوری رۆژهەڵاتــی دەســەڵات ســەراپاگیرەوەو چ بەهۆی تازە پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگانەوە لەڕووی قەوارەی دەوڵەتیی هــاوچەرخەوە. ئەم کێماســییە وادەکــات کەســوپا وەک تــاکە یەکەیەکــی رێکخــراو و خــاوەن دیــسپلین ئومێــدی هەمــوان بێــت لە کــۆمەڵگەیەکی دواکەوتــوو و عەشــایەرگەریدا ، ئومێــدی دەســەڵاتداران بێــت لەپاراســتنی دەسەڵات و ئومێــدی گۆڕانخــوازان بێــت لەوەدی هێنــانی گۆڕانکارییــدا. لەم نێوانەشــدا سوپا وەک تــوێژێکی خــاوەن بەرژەوەنــدی دێتە مەیــدان و دەخــوازێ لەهەر پێکهاتنێکــدا ئەو بەرژەوەنــدییانەی لەبەرچــاو بگیــرێ. جــا ئەگەر ســـوپا کە ئەرکێکـــی پاراســـتنی ســـنووری دەوڵەت و قەوارەی کـــۆمەڵگەیە لەهەڕەشە دەرەکییەکان. بێتە مەیدانی ململانێی ناوخۆوەو گۆڕانەکان ئاڕاستەبکات و

لەزۆربەی کاتـدا دەسـەڵاتی (مەدەنـی) بگـرێتە دەسـت، داخـۆ لەحـاڵەتێکی وادا چ ئومێـدێک بەدۆخـی ئاسـایی دەمێنێـتەوە چ جـای کـۆمەڵگەی مەدەنـی؟ دەوڵەتێکـی سەربازی، کەئالیەتی توندوتیژی بەڕێوەی دەبا، چۆن دەتوانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنـی دروسـت بکـا کەکەمتـرین دەسـتێوەردانی (دەسـەڵات) دەخـوازێ، بـا تـەنانـەت ئەو دەسەڵاتەش مەدەنی بێت.

## 3

بەڵام قسە لەسەر غیابی رۆڵی بەرنامە بۆ داڕێژراوی کۆمەڵەو رێکخـراوی مەدەنـی لەکـۆمەڵگە دواکەوتووەکانـدا بەومانـایە نیـیە کەئیـدی ئومێـدێک بەئاینـدە نەمێنـێ. بۆخۆی کارکردن لەپێناوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆچـوونێکی لەهێکرا بێ بناغە نیـیە. رەگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئەزموونە دێرینەکانی رابـردوودا کەم و زۆر بوونیـان هەیەو سەندیکاو رێکخراوی پیشەکارانی شارو ئەنجومەنەکانی هەرەوەزی گوزارشـتی سـەرەتایین و بەحـوکمی هەژمـوونی دەسـەڵات دەرکەوتـن و هەراش بوونیـان ئیفلـیج کراوە. هەرواش دەشـێ لێرەدا ئاماژە بـۆئەوە بکەیـن کە دەسـەڵاتێکی مەدەنـی ئەگەر دەرفەتی پێـشڤەچوونی بـۆ لەبـار بێ دەتوانێ لەگەڵ جیگیربـوونی خۆیـدا بەو کەش و هەوا تەندروستیەی کەدەیخولقێنێ جێگە بـۆ خۆنواندنی ناوەنـدو توێژەکانی کۆمەڵگە خۆش بکات و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەراهەم بکات بەوپێیەی کەئەگەر دەسەڵات (مەدەنی)، یان جێگیر نەبێ و لەبریتی ئەوەیش لەهەڵبەزو دابەزی گۆڕانـدا بێ، ئەوا کۆمەڵگە دەکەوێتە بەرشێوان و شیرازە تێکچوونەوە، بەتایبەتی لەحاڵەتەکانی شەڕو ئاشوبی ناوخۆو ناجێگیریی سیاسیدا کەفیعلی شـەڕ تێکدەرانەیەو دڵی ناوەنـدو گروپەکـانی کـۆمەڵگە لەیەکتـری کرمـێ دەکـاو ئەوەی کـۆمەڵگە بەدەسـتی هێنـاوە لەپێشکەوتن و دابەشکردنی رۆڵ و ئەرکەکانـدا تووشـی هەڵقەنانـدن دێ و لەدۆخـی وەهاشدا سەرلەنوێ ئینتیمای عەشیرەتی لەبریتی ئینتیما بۆ کۆمەڵ و نیشتمان رەمێن پەیـدا دەکاتەوە بەوجـۆرەی کەپێکهـاتەی عەشـیرەت جـێگەی سـەندیکاو رێکخـراوی پیشەیی و دیموکراتی دەگرێتەوە.

بەهەرحـاڵ، ئەگەر تەماشـای ئەزمـوون و هەوڵەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی بکەیـن دەبێ بەدوو شێوازی بیانبینین شێوازێکیان بەراوردکردنە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنـی لەکۆمەڵی رۆژئاوا کەئەوە بەحوکمی چەندین سەدە لە کەلتوری دەوڵەتایەتی و بوونی دامودەزگـای دیمـوکراتی هاوشـان لەگەڵ دامودەزگـا رەسمییەکانی وەکـو حکـومەت و پەرلەمان پێشکەوتنی چاکی وەچنـگ هێنـاوەو شـێوازی دووەمیـشیان دەسـت پێکـردنە

لەواقیعــی خۆمــاڵییەوە کەبەپەســەندی دەزانــێ کەڵەکە بــوونی ئەزمــوونی کــۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان لەبەرچاو بگیرێ و لەسەر بناغەی ئەوەی لەبەر دەست دایە ئیش بکرێت. کەهەڵبەتە ئەمەی دواییان دەخوازێ ئەزمونێکی واقیعیانە بنیات بنێ. بێگومان کەس لاری لەوەنییە کەواقیعیانە لەبریتی سیاسەتی بەراوردکاری و خەونی بێ سەمەرەوە بیر لەکەڵەکە کردنی ئەزمونێکی خۆماڵی بکرێتەوە بێ ئەوەی ئەوەش لەبیر بکەین کەئەو ئەزمونە خۆماڵییەی کۆمەڵگەی مەدەنی تائێستا لەهیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتیدا بوونی نییە بەپێچەوانەی نموونە بەراوردکراوەکان لەرۆژ ئاوا. هەروەها بێ ئەوەی ئەوەش لەبیـر بکەیـن کەنابێ لەو نمـوونە خۆمـاڵییەدا بنەمـا گـشتییەکانی نموونەی کۆمەڵگەی مەدەنی فەرامۆش بکەین کەهیچ نەبێ کۆمەڵگەیەکە دەرفەتی دیموکراتی بۆ ئەندامانی دەرەخسێنێ کەرێکخراو و ناوەندی جیاجیا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە چێ بکەن و تەنانەت گروپەکانی گوشارو حکومەتی سێبەریش بخوڵقێنن. ئەمانە هەر خۆی لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین. هێندە هەیە کەلەکـۆمەڵگەی مەدەنیـدا ئەم بنەمایـانە جـگە لەوەی قەنـاعەتی جێگیـرین. هەرواش دامودەزگا خاوەن نەریتی خۆیانن و بەئالیەتی کاری ڕۆژانەی کۆمەڵگەوە پەیوەستن.

## 4

ئەگەر لەژێـر ڕۆشـنایی ئەو تێـڕوانینەی سـەرەوە ئاخـاوتن لەبـارەی کـۆمەڵگەی مەدەنـی بکەیـن وەک ئەوەی پەرە بەئەزمـوونی دەسـەڵاتی مەدەنـی خۆمـاڵی بـدرێ تامەودای پاڵپێوەنانی بۆ پەسەندکردنی مەرجەکانی گەمەی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوا دەتوانین لەبارەی گرفتەکانی کارکردن بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لەکۆمەڵگەکانی قۆناغی پەرینەوەی وڵاتە دواکەوتووەکاندا ئەم تێبینیانە دەربرین:

یەکەم: هەر لەپەیوەند بەگرفتی سپاردنی ئەرکی چێکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەوڵەت دەشـێ قـسە لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان شۆڕشـی نیـشتمانی و قۆنـاغی دیمـوکراتی-یـش بکەیـن لەو ڕووەی کەمەرج نیـیە هەمیـشە ئەو بـزاڤەی شۆڕشـی نیـشتمانی بەسـەرکەوتن دەگەیەنـێ بتـوانێ ئەرکـی قۆنـاغی دیمـوکراتی و دواتـریش دەسەڵاتی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام بدا. نموونە لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقا زۆرن. سـەرکردایەتی شۆڕشـی نیشتمانی لەجەزائیـر تـوانی جەزائیـر لە داگیـرکەران بستێنێتەوە و ئەزموونێکی نیشتمانی لەگەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەست پێ بکـا کەسـەرەنجام پـەکـی کـەوت. بەڵام هەر ئەو سـەرکردایەتییە بـوو کەنەیتـوانی

هەلومەرجی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی فەراهەم بکاو زەمینە بۆ دەسەڵاتێکی مەدەنی و دواتریش کۆمەڵگەیەکی مەدەنی خۆش بکا. هەروا لەمیسر دەسەڵاتی نیشتمانی دەسەڵاتێکی دیموکراتی و ئینجاش کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێ دروست نەکرا. سەرەنجام چەند نەوەیەک دوای جیلی (ئەفسەرە ئازادیخوازو نیشتمان پەروەرەکان) ئێستا میسرییەکان تازەبەتازە هەنگاو بۆ دامەزراندنی کۆڵگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەنێن.

دووەم: سەبارەت بەقۆناغی دوای شۆڕشی نیشتمانی لەکوردستاندا، دەتوانین تەماشای گرفتێک بکەین کەسەرچاوەکەی بۆ واقیعی فرە ئورگانی دەگەڕێتەوە لەبزاڤی رزگاریماندا. ئەم فرە ئۆرگانییە جیایە لە فرەمینبەری کە کەشێکی دیموکراتی بۆ ئاراستە جیاجیاکانی شۆڕش دەسازێنێ و هەمووان ئاخاوتن و ئەفراندنی خۆیان دەنوێنن بێ ئەوەی لە هێڵی گشتی مەسەلە نیشتمانییەکە لابدرێت. لەهی دووەمیشیاندا (فرە ئۆرگانی) پرۆگرام و سیاسەتەکانی تووشی پێکادان دێن و هەرگیز یەکێتییەکی، کەبۆ قۆناغی شۆڕش پێویستە، وەدی نایەن. چونکە بوونی چەند ئۆرگانێک کەهەریەکەو لەشوێنی خۆیەوە دیدێکی جیاواز لەسەر یەک مەسەلەی چارەنووساز نیشان دەدا، ئەمە سەر لەکورد و پەیوەنداران بەکوردەوە دەشوێنێ، دیارە ئەم سەر لێ شێوانە بابەتی باسی ئێمەش دەگرێتەوە. چونکە لەقۆناغی دوای رزگاری نیشتمانی دا، ئەم ئۆرگانییە تەنانەت لەتێڕوانین بۆ دیموکراتی و مەسەلەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەگشتی، رەنگ دەداتەوە چ جای پرۆژەیەکی بنەڕەتی وەک کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەتاقیکردنەوەی خۆماندا بەرەی کوردستانی وەک یەکە یەکی پتەو توانی راپەڕین ئاراستە بکا چونکە مەسەلەکان یەک بوون. بەڵام دوای راپەڕین بەهۆی فرە ئۆرگانییەوە پێکادان لەتێڕوانینەکان سەرەڕای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانیش گەیشتە ئاستی شەڕی ناوخۆ کەوەکو گوتمان کەش و هەوای (مەدەنیەت) تێک دەدا.

سێیەم: بزافی شۆڕشگێڕی کەخۆی بەپارێزەری دەسکەوتەکانی شۆڕشی نیشتمانی دەزانێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بزافە فرە ئۆرگانە لەبیرو کردەوەدا بەهۆی فرە حزبی کە کەلتورێکی سیاسی دیموکراتیانەی لەپشتەوە نییە، ئەمانە لەلایەک، کۆمەڵگەیەکی کوردەواریش کەدەخوازێ کەڵک لەئازادی دوای راپەڕین وەربگرێ و گروپ و ناوەندەکانی هان بدات بۆ پێکهێنانی رێکخراو و سەندیکای خۆیان، ئەمەشیان لەلایەکی ترەوە ئالەو هەلومەرجەدا ناکۆکییەک دەقەومێ سەبارەت بەتێڕوانین بۆ مەسەلەکان. چونکە کۆمەڵگە دەخوازێ دەزگا مەدەنییەکانی خۆی چێ

بکاو شۆڕش-یش، بەو فرە ئۆرگانییەوە، دەخوازێ چاودێری خۆی لەهەموو بزاوتێکی کۆمەڵگە نیشان بدا.
هاوکات لەگەڵ ئەوەش لەکەشی باوەڕ بەیەکتری نەبوونی پێکهێنەرەکانی بزاڤەکە پێکادان بەچەندین شێواز قەومان. ئەمانە هەمووی لەمپەرو لێک حاڵی نەبوونیان لەبەردەم باشتر جێگیربوونی دیموکراتی خوڵقاندو دەرفەتیان بۆ دەستتێوەردانی حزبایەتی لەهەموو کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگە رەخساند بەکۆمەڵ و ناوەندە پیشەیی و دیموکراتییەکانیشەوە. بەم جۆرە وەک چۆن لەئاستی سیاسیدا بەرەی حزبە سیاسییەکانمان بینی ئاوەهاش دۆخەکە بەرەو ئەوە دەچوو کەبەرەی ژنانی کوردستان لەرێکخراوەکانی ژنان و (ئافرەتان) پێک بێت. بەرەی خوێندکارانی کوردستان لەرێکخراوەکانی خوێندکاران و (قوتابیان)ێک بێت. بەرەی ئەندازیاران پزیشکان.. هتد کەئەمانە (لوبی)یەکی حزبایەتیان دروستکرد لەو ناوەندانەی گرنگی خۆیان هەیە چونکە روخساری سەرەتایی هەر (کۆمەڵگەیەکی مەدەنی)ن کەدەخوازین لە کوردستانیش بێتە دامەزراندن.
چوارەم: لەدۆخێکی وادا کەحزب تاکە ئالیەتی رێکخراو و خاوەن دیسپلینی کارو خەباتی نیشتمانییە، لەقۆناغی رزگاری نیشتمانیدا، زۆر ئاساییە ئیزدیواجیەتی ئینتیماو فرە ئینتیمایی لەلای تاکی کۆمەڵ رووبدات. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەتاک وەک پیشەکارێکی لایەنگیر بەهاوکاران و هاو هەڵوێستەکانی و لەهەمان کاتیشدا وەک تاکتیکی ئەو کۆمەڵ و نیشتمانە مافی خۆیەتی کەلەسەندیکایەکی پیشەییدا خۆی بکاتەوەو لەهەمان کاتیشدا وەک (رۆڵە)یەکی ئەم نیشتمانە لە شەرەفی بەشداریکردن لەخەباتی نیشتمانی بەهرەمەندبێ. بۆ نموونە خوێندکارێک دەخوازێ لەرێکخراوێکی خوێندکاری پیشەییدا لەم کەش و هەوا دیموکراتییە کەڵک وەربگرێ و لەهەمان کاتیشدا ئەو خوێندکارە وەک ئەندامێکی ئەم کۆمەڵە مافێکی نیشتمانی خۆیەتی کە لەنەبەردییەکانی قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا بەشداربێ کەئەندام بوون لەحزب تاکە رێگەیە. یان هەڵسوڕاوترین رێگەیە بۆ بەشداری کردن لەو نەبەردیانە. بەم جۆرە ئیزدیواجیەتی ئینتیما روودەدات لەنێوان بوونی ئەو خوێندکارە لەرێکخراوێکی پیشەییدا کەمەرج و پرۆگرامی کارکردنی خۆی هەیەو لەهەمان کاتیشدا بوونی وەکو ئەندامێک لە حزبێک کەئەویش مەرج و تیزی خۆی هەیە. بێگومان بەتێپەڕبوونی رۆژگارو هێوربوونەوەی ناکۆکییەکانی هەناوی کۆمەڵگەی قۆناغی پەڕینەوە ئەو ئیزدیواجیەتە بەقازانجی بزووتنەوەی دیموکراتی تەواو دەبێ و سەرەنجام رێگا لەبەردەم دەرکەوتنی بناغەو بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەخت دەبێ. بەڵام بێگومان ئەو هەلومەرجە پشوو درێژی و گرەو لەسەر ئایندەی گەرەکەو ئەوەشیان سەرباسی بابەتێکی ترە!

# لەیادی داستانی ئۆکتۆبەری 1991دا
# پایزی دوژمن و سەرەتای بەهاری کوردایەتی*

1

گەلێک جار لەمێژووی میللەتاندا دەرکەوتی وا دێنە پێش کەئەگەر لەئان و ساتی خۆی و بەپێی فاکتەرەکانی کەلەدەرکەوتەکە دەکەونەوە چارەسەر نەکرێن، لەوانەیە دەرفەتی گونجاو لەدەست بچێت و ئیدی پابەنبوون بەوەی پێی دەگوترێ (هێڵی سووری لەتەجاوزکردن نەهاتوو) داد ناداو بەفریای سیاسەتی جەدەلی بێزەنتی ناکەوێت. دەستپێشخەری لەچارەسەرکردنی مەیدانییانەی دۆخێک کە دوژمن دەیخوڵقێنێ بەبڕیارێکی یەکلاکەرەوەو هیمەتێکی پێشمەرگانە هەم دەتوانێ دۆخەکەی دوژمن تێکی داوە راستی بکاتەوەو هەم دەشتوانێ بەپێی دەرفەتی رەخساو هەڵوێستی بەرەنگاری بەهێرشێکی وەرچەرخێنەر بگۆڕێتەوە، ئەوانە تەاو بەسەر شەڕەکانی بەرگری تشرینی یەکەمی ساڵی 1991 جێبەجێ دەبن. شەڕەکانی پایزی 1991 سەرەتای بەهاری کوردایەتی و کورەواری بوون کەرێی راستیان بۆ هەڵبژاردنەکانی 1992 و ئینجا چێکردنی دوو دامەزراوە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم تەخت کرد. ناوەڕاستی پایزی ساڵی راپەڕینە مێژووییەکەی کورد و ئەو رەوشەی کوردستانی شەڕی سارد موفاوەزەی نێوان بەغداو بەرەی کوردستانی پێیدا گوزەری دەکرد، ژانی لەدایکبوونی نوێ و وەرچەرخانێکی چۆنایەتی بۆ کوردایەتی لەخۆگرتبوو.

مێژووی کورد و شۆرشە هاوچەرخەکانی ، مێژووی بەرەنگاربوونەوەی دوای بێ ئومێد بوون لەموفاوەزە. مێژووی بەرخودانی بێ وێنەو لەهەمان کاتیشدا رەدی فیعلێکی بەرگری بووە لەبەردەم هێرشێکی بڕیار لێدراودا. تەنانەت مێژووی ئەیلول-یش مێژووی وەڵامدانەوەی پەلامارو بۆردومانی نەیارانی کورد بووە. ئەوەی ئیستسنائێکی جوانی ئەم ئەم رێسایە بوو هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو، شۆڕشی حوزەیران نوێ بوو لەسەر هەموو ئاڕاستەکان و لەهەموو بوارەکاندا، نوێش

* لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1999، لە کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

بوو. لەواری ئەوەی یەکەم بڵێسەی ئاگرەکەی لێ کەوتەوە وەڵامدانەوەیەکی ناچاری پەلامارێکی نەیارەکەمان نەبوو، بەڵکو دەستپێشخەرییەکی کوردانە بوو، لەبیرەوەری یەکەم ساڵەی دامەزراندنی ئەو یەکێتییەی هەڵسوڕێنەری شۆڕشەکە بو لەگەڵ یەکەم بڵێسەدا (ئەلشرارەی)ی زمانحاڵی ئەو سەردەمە نووسیبووی (هاقد اندلع اللهیب). شۆڕشی حوزەیران لەوەشدا نوێ بوو کەبەرخۆدان لەبەردەم پەلامارەکانی دوژمن بکا بەهەلێک کەدژە هێرشێکی گەورەتری بەدواوە بێت. ئەو شەڕانەی لە 6و7و8-ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1991 دا قەومان ئەگەرچی دەستپێشخەرییەکی دەست و بردی لەشکری یەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بەڵام بەوەی کەپەلامارێکی بەربڵاوی دوو فەیلەقی لیوا روکن محمود فیزی ئەلهەزاع و فەیلەقی دوو بەڕێبەرایەتی لیوا روکن قیس ئەلعزمی بەدژە هێرشێکی یەکەو سەری راماڵین بگۆڕێتەوە ئەوا مانای وایە درێژەبوونەوەی هەمان کەلتووری شۆڕشی نوێ و یەکێتییە. بەم پێیە لەسەر زەمینی واقعی رووداوەکاندا نەبەردییەک لەپشت دوو دڵی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییەوە دەبێتە کوڕێکی شەرعی کەلتورێکی شۆرششگێڕانەی ئەوتۆ کەگەمەیەکی بێ هودەی مفاوەزەی سیاسیی بێ سەمەر کزو لاواز دەکاو بەتوانایەکی خۆماڵی، لەسەر بنچینەی تەرازووی هێز، مفاوەزەی عەسکەری دەگەیەنێتە ئەنجامی هەنوکەیی و بەرجەستە کە دەسکەوتەکانی لەدوو خاڵی هەرە جەوهەریدا کۆدەبێتەوە:

*لەجێی خۆدا مانەوەی هێزەکانی لەشکری عیراق و لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای راماڵینی هێزەکانی ئەوی یەکەم.

*گۆڕینەوەی دیلەکان کەئەفسەرو دەرەجەدارێکی زۆریان تێدابوو بەزیندانییە سیاسییەکانی کورد لای بەغداو دەسکەوتنی تەقەمەنییەکی زۆر لەئەنجامی شەڕەکاندا.

نییەتی حکومەتی بەغدا لەپەلاماری بۆ سەری کفری و ناوچەکانی دیکەی گەرمیان وابوو کە سیاسەتی کلاسیکی خۆی لەکاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ کورددا پەیڕەو بکات. دیارە هەمیشە لەمفاوەزەدا لەڕێگای لیژنەکانی تەنسیق و هاموشۆکردنی نێوانەوە بزوتنەوەی کورد هەژموونێکی خۆی بەسەر شارەکان و بەسەر ئیدارەدانیانەوە پیادە دەکات. ئەمەش تەواو پێچەوانەی خواستەکانی سیستمی تۆلتاری بووە کەهەمیشە حەزی لەپاوانکردنی دەسەڵات و جزگرافیاو دوورخستنەوەی هێزەکانی کورد بووە لێی، بۆیە پەلامارەکەی عیراق بۆ گرتنەوەی تەواوی ئەو ناوچانەی ناوەندی شارە گەورەکان و کۆنترۆڵکردنی ریگاکانی هاتوچۆی سوپا بوو،

کەبەدەست پێشمەرگەوەبوو، هەروا بۆ بێ بەشکردنی سەرکردایەتی کوردبوو لەئەگەرو حەزی بەڕێوەبردنی وڵات لەحاڵی سەرنەگرتنی مفاوەزەدا، ئەویش بەداگیرکردن و بردنی تۆربینەکانی هەردوو سەدی دەربەندیخان و دوکان کە کارەباو وزەی ژیانی شارستانی و ئیدارەدان دابین دەکەن.

هەموو ئەم نیەتانەی بەغداش دەخوازرا لەپەنای مفاوەزەو ئاگربڕی نێوان حکومەتی ناوەندی و بەرەی کوردستانییەوە سەربگرن. ئەگەرچی سوپای عیراق لەشەڕی کوێت و لەراپەڕیندا گورزی وێ کەوتبوو، بەڵام بەختی خۆی لەو پەلامارەدا تاقی کردەوە بەپشت بەستن بەو هەلومەرجەی لەسەرەوە باس کراوە، بەلێکدانەوەی ئەوەی جەماوەر پشتێنی راپەڕینی لێکردۆتەوە، لەهەمبەر ئەوانە هەمووی و لەگەرمەی ئەو پڕوپاگەندانەی دەیانگوت کورد ئێستا تەنها مفاوەزەو هێزەکانی MCC دەیپارێزن، هێزەکانی یەکێتی بەراسپاردەو سەرپەرشتی فەرماندەیی مەیدانی شەڕەکان و فەرماندەی ئەوکاتەی لەشکری یەک و (جەبار فەرمان) بەڕۆڵی دلێرانەی فەرماندەی هێزو پێشمەرگە قارەمانەکانیان هاتنە جواب و بەرپەرچی پەلامارەکەیان دایەوە.

لەو شەڕە نابەرابەرە لەرووی سەربازییەوە کەپێی هەڵسەنگاندنی راپۆرتی پسپۆرێکی سەربازی لەکوردستاندا (نا هاووسەنگ بوو لەڕووی ژمارەو چەکەوە، چونکە هەردوو فەیلەقی یەک و دووی سوپای عیراق بەژمارەیەکی زۆرو چەکداربوون بەنوێترین جۆرەکانی چەک. هەر لەتۆپی قورس و زریپۆش و تانکی نەفەر هەڵگرەوە بۆ پاڵپشتیکردنیان بەفرۆکەی سەمتی سەر بەواری فرۆکەوانی سوپا.. لەگەڵ ئەوەشدا لەزەمەنێکی پەلەو قیاس بۆ کراودا هەردوو فەیلەق تەفروتونا کران، واتا شەڕەکان کتوپڕ یەکلاکەرەوەبون).

لەو شەڕەدا پتر لەوانەیەک کەوتنەوە کەبۆئەمرۆش شایستەی تێفکرین و پەند لێوەرگتنن:

### ئیجماعی نیشتمانیی لەشەڕە نیشتمانییەکاندا:

لەکاتێکدا شەڕە ناوخۆییەکان دەبنە مایەی داهێزرانی هاوپەیمانی ناوخۆیی نێوان حزب و لایەنەکان لەنێو خۆیان و لەنێو حزبەکان و جەماوەر لەلایەکی ترەوە، دەبینین ئەو شەڕانەی کەدوورایيەکی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیەو لەگەڵ نەیاری سەرەکی بزوتنەوەی کوردایەتییە ئیجماعێکی نیشتمانی و گردبوونەوەیەکی جەماوەرییان بۆ دابین دەبێت. چونکە شەرکردن لەگەڵ دوژمنی سەرەکی شەڕێکە

بێ دوودڵی و لێکدانەوەی ئەملاولا، دەبێ هەموو لایەک لەسەری ڕێککەوتووبن و هیچ نەبێت ناتوانن بەرپەرچی بدنەوە، بۆیە شەڕەکانی پایزی 1991 سەرەڕای ئەو غەڵبە غەڵبەی لەنێو بەرەی کوردستانییدا نایەوە، بەڵام لەئاستی بنکەی حزبەکاندا زۆربەی حزبەکان بەموبادەرەیەکی شەخسی پێشمەرگەکانیان بەشاریان تێداکرد وەک پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی، زەحمەتکێشان، سۆسیالست و پارتی هەروا جەماوەریش کەدوای شکستی راپەڕین سامێکیان لێ پەیدا بوو بەرامبەر بەهێزەکانی حکومەتی عیراق. ئەم شەڕە جارێکی تر ترسی لەدڵ نەهێشتن و هێندە مایەی رەزامەندییان بوو کەناوی (راپەڕینی سێیەم)یان لێ نا ئەگەرچی بەرخۆدانەکە شەڕێکی موحتەریفانەی پێشمەرگەبو. شەڕەکانی بەرگری شەڕێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، جوغزی حزبایەتی و هاوپەیمانی حزبەکانی بەرەی کوردستانیشی تێپەڕاندبو، هەربۆیەش جەماوەر خۆی لێ کردە خاوەن و بەراپەڕینی سێیەمی ناوبرد، لەوەشدا ئەگەر لەڕووی سەربازییەوە پێناسەیەکی هەڵەی شەڕەکەشی کردبێ لێ لەڕووی مەعنەوییەوە هەقی خۆی بووە چونکە دەسکەوتەکانی شەڕەکە میللی و جەماوەری بوون.

وەکوو نەریت واباوە کەلەدۆخی پەڕینەوەی نێوان دووقۆناغدا هەموو فاکتەرەکان، بەرەسەن و نارەسەنییەوە بەیەکدا دێن و ڕەنگە کارت و سەنگەرەکانیش تێکەڵ ببن، کارت و سەنگەرەکانیش تێکەڵ ببن، لەلایەک حکومەتی عیراق و لەناوشارەکان و لەهەندێک مەفاصلی گرنگی سەربازی، لەلایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی لەهەندێک ناوچەو شارۆچکەکاندا باڵا دەست و لەهەندێک مەفاصلی گرنگدا ڕێگایان لەهێزەکانی عیراق دەبەستەوە، لەنێوشارەکانیشدا لیژنەی تەنسیقی پێکهاتوو لەهەردوولاو هەندێک کەسانی تر لەهاموشۆکردندا بوون. عیراق ویستی ئەم بارە بەقازانجی خۆی بشکێنێتەوەو سەرەنجام خۆی پاوانی وەزعەکە بکات. بەڵام ئاکامی رەتدانەوەی بەپەلەی سوپای عیراق بەڕامباڵینی ئەم بەیەکدا هاتووەی فاکتەرەکان و نەمانی دۆخی پەڕینەوە بەقازانجی کوردایەتی کۆتایی پێ هات. بۆیە هەموو ئەو فاکتەرانەی لەپاڵ هەلومەرجەکەوە دەیانویست باڵا بکەن و پێ بگەن لەبارچوون و لەجێدا پوکانەوە.

## لەجێی خۆدانانی ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان

دەنگۆیەکی زۆر لەکاتی راپەڕیندا هەبوو کەگوایە راپەڕین بەهۆی فاکتەری دەرەکی هاتەبوون و لەگەڵ کێشانەوەی ئەو فاکتەرەشدا شکست و کۆڕەو روویاندا.

نەک هەر ئەوەش بەڵکو گەڕانەوەی کورد بۆ شارەکان لەو سەردەمەدا بەبەرهەمی مفاوەزەو گوشاری هاوپەیمانان دەخوێنرایەوە. کەچی ئەو شەڕانە ناوچەگەلێکی دەرەوەی هێڵی دژەفڕینی رزگارکردو زەمینەی بۆ هەڵوەرینی هێزەکانی عیراق لەهەولێرو ناوچەکانی تریش خۆشکرد دوای ئەوەی لەراپەڕینی دووەمدا گورزیان بەرکەوتبوو. هەرواش کشانەوەی ئیداراتی حکومەتی ناوەندی بەدواداهات. ئەمە لەکاتێکدا هێزەکانی MCC لەزاخۆو دەوروبەری هێشتا لەقۆناغی جێگیربوون و شارەزابونی ئەرکەکانیاندا بوون. دواتریش ئەگەرچی تائێستا فاکتەری دەرەکی لەشێوەی هەڕەشەکردن لەنەیارانی کوردو پشتگیرکردنی سیاسی لەئەزموونەکەی و بۆ ئەمڕۆش لەئاشتبوونەوەی کورد بەردەوامە. بەڵام شەڕەکە دەرفەتی بە فاکتەری دەرەکیدا دەسکەوت بەدەست بێنێت و ئەمری واقیعی دوای پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان بپارێزێت.

یەکێک لەخەسڵەتەکانی شەڕی پارتیزانی تێکدانی هەموو ئەو سەرچاوەو ژێرخانانەیە کەژیان بۆ حکومەتی نەیار دابین دەکەن و شادەماری بەردەوام بوونی پێکدێنن. هێزی پارتیزان لەدرێژەی پرۆژەی شۆڕش و گەمارۆدانی دوژمن هەوڵ دەدەن هەموو سەرچاوەکانی ژیانی تەفروتونا بکەن بەو ئیعتبارەی (سبەی جوانتری دروست دەکەینەوە)، بەڵام خەسڵەتی شەڕی رامالین وایە کە دوای ئازادکردنی پانتاییەکی زۆر لەنیشتمان ئیدی بۆ ئایندەی ئیدارەدان و حوکمڕانی خۆماڵی هەوڵی پاراستنی دامەزراوە نیشتمانییەکان و ژێرخانی وڵات دەدات.

لەهەلومەرجێکی وا وەرچەرخێنەردا هێزی شۆڕش دەبێتە پارێزەری دامەزراوەکان و هێزەکانی حکومەتی چەندساڵی حوکم کردوو دەبێتە تێکدەر و دەخوازێ ژیان لەوڵاتی رزگاربوو تاریک بکات. لێرەوە ململانێ لەسەر پاراستنی تۆربینەکانی سەدی دەربەندیخان و دووکان لەلایەک و هەوڵدان بۆ کێشانەوەو فڕاندنی لەلایەکی ترەوە لەشەڕێکی سەربازییەوە دەبێتە شەڕێکی سیاسی کەچەندین مەغزای کۆمەڵایەتی و ئابووری لەخۆدەگرێ. چونکە بەغدا لەکاتی راپەڕیندا بەچاوی خۆی بینیبووی کەکورد لەو رۆژە کەمانەی ئازادی دا رووی کارەبای دەربەندیخانی وەرگێرا بەرەو سلێمانی و شوێنە رزگارکراوەکان کەئەوە مانای وەرگێڕانەوەی سەرچاوەکانی سامانی کورد بوو بەقازانجی کوردەواری و دوور لەدەسەڵاتی ناوەندی. بەغدا هەوڵیدا کەئەزموونی بەکاربردنی سامان و وزەی ناوخۆی کورد بۆ کورد خۆی دووبارە نەبێتەوە، بەڵام شەڕی بەرگری هەوڵەکەی بەغدای لەباربردو دوای چێبوونی حکومەت و پەرلەمان قۆناغی یەکەمی پرۆژەیەک دەستی پێکرد کەهەڤاڵ مام

جەلال نـاوی هەرسـێ دالەکەی لـێ نـابوو (د.د.د). واتـا بەسـتنەوەی کارەبـای دەربەنـدیخان بەدوکـان و هـی هەردووکیشیان لەقۆنـاغی داهـاتوودا بەدهـۆکەوە. ئەو پرۆژەسـەش سـەرکەوتنێکی دیـکەی ئیـرادەی کـورد بـوو لەحـوکمڕانی خـۆی و ئیدارەدانی دەسکەوت و دەرامەتە سروشتییەکانی بەقازانجی کوردەواری.

# لە پێناو یەکگرتنێکی نیشتمانیدا*

**کۆنە لە گیانەڵادایەو تازەش هێشتا نەیتوانیووە لە دایک بێت، لەم نێوانەشدا دیاردەگەلێکی زۆرو هەمەچەشنی نەخۆشی دەردەکەون.**

**ئەنتۆنیۆ گرامشی**

1

دوور لە جیاوازییەکانی نێوان شەڕی ڕەواو شەری نارەوا. خودی جەنگ و ئەزمونەکانی ئەوە نیشان دەدەن کە شەڕ فیعلێکی وێرانکارییەو توخمەکانی ژیان و ژینگە تەفروتونا دەکاو جڵەوی کۆمەڵگە لە دەستی هێزە ناوخۆییەکان دەردێنیو بە هێزە دەرەکییەکانەوەی گرێ دەدا، شەڕ مومکینە لە دەرئەنجامی تێکچوونی هاوکێشەی ململانێی شێننەییەوە دروست بێو بەم پێیەش وا دێتە بەرچاو کە لەگەڵ چاککردنەوەی هاوکێشە تێکچووەکەدا دوایی ببرێتەوە. وەلی ئەزمونەکان دەری دەخەن کە لە دوای هەڵایسان و ئینجا سەقامگیربوون و بوونی بەدیاردەیەکی ڕۆژانە کە لە گەڵمان دەخواو لە گەڵمان دەرواو دەخەوێ، شەر مەرجەکانی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێ کە جیایە لە کەش و هەوای ئەو هەلومەرجانەی بوونە مایەی هەڵایسانی شەرەکە بە جۆرێک کە لەم ئاستەدا (شەر) ئیدی توخمێکی سەربەخۆی وەزعە ئاڵۆزەکەیەو لەگەڵ خۆیدا کێشەو گرفتەکانی خۆی لە نزیکترین دانوستاندنی نێوان هێزە بەشەر هاتووەکاندا مەترەح دەکات. هەر دانوستاندنێک بۆ ڕاگرتنی شەریش دەبێ جگە لە هۆکارە بنەرەتییەکانی تێکچوونی هاوکێشەی لە سەرەوە ئاماژە بۆ کراو، خاسیەتی پتر ئاڵۆزکردنی دۆخەکە لەلایەن توخمی سەربەخۆی شەرەوە لەبەرچاو بگرێ. هەر لێرەشەوەیە ناپەسەندی و چارەگرانی شەر لای گەلان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە هێڵی جیاکەرەوەی

---

* ساڵی 1995 ئەم بابەتە وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ بە سێ بەش لە ژمارەکانی (1119، 1129، 1144)ی کوردستانی نوێ لە ژێر ناونیشانی (لە پەراوێزی شەڕی ناوخۆو هاوپەیمانێتی نیشتمانیی و کۆمەڵگەی مەدەنی دا) بڵاوکراوەتەوە. پاشان لەلایەن بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنەوە وەک نامیلکە بڵاوکراوەتەوە.

نێوان شەری ڕەواو شەری نارەوا گەلان و کۆمەڵگاکان لە هەڵوێست وەرگرتنیان بەرامبەر بە جەنگ دەکەونە ڕەوشی جیاجیای ئەوتۆوە کە زادەی کات و شوێن و جۆری جەنگەکانن.

شەڕ لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا بەزەرورەت ئیجماعێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دێنێتە بوون بە چەشنێک کە هێزو توخمەکانی دەرەوەی دەسەلاتیش لەگەڵ دەسەلاتی فەرمانرەوادا دەکەونە هاوپەیمانێتییەکی پیرۆزەوەو ململانێ ناوخۆییەکان تەجمید دەکرێن و هەموو تواناکان بۆ بەرەڤانی هەرەشەی دەرەکی پێکەوە دەکەونە کار. شەر لەگەڵ هێزێکی دەرەکی بێگانەدا لەبەر ڕۆشنی و هەڵنەگرتنی تەفسیراتی جۆراوجۆر هەموو یادەوەرییە دەستە جەمعییەکانی کۆمەڵگە دێنێتەوە سەر شانۆی ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی هەڵشاخانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگە فرێ دەداتە پەراوێزی کارتێکردنەوە بە ئەندازەیەک کە وەک بڵێی کۆمەڵگە جیاکاری و ناوەندی هەمەچەشنی پێکادانی بەرژەوەندییەکانی تێدانەبێ. لە شەری بەرگری نیشتمانیدا هەمووان وێڵی دوای تۆمارکردنی سەروەرییەکان دەبن تاوەکو لە ئایندەیەکی شێنەییدا لە باری داخوازی دابەشکردنی دەسکەوتەکاندا دەنگیان زولالترو لاپەرەشیان دروەشاوەتر بێ. لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە هەر خودی هەلومەرجی ئیجماعی نیشتمانی سەردەمی هەرەشە دەرەکییەکان بێ کەوا لە دەسەلاتە دیکتاتورییەکان دەکا لە پێناوی چەپاندنی دەنگی ئۆپۆزسیۆندا هەمیشە وەهمی هەرەشەیەکی دەرەکی دروست بکەن تاوەکو ئەو هاوسۆزییە نیشتمانییە لەگەڵ دەسەلاتدا تا ئایندەیەکی دوورتر درێژە بکێشێ. هەروا شەر لەگەڵ بێگانە هەمووان لە سەنگی مەحەک دەداو دڵسۆزی بۆ نیشتمان و پشوو درێژی سیاسیانەی هێزو لایەنەکانیش پۆلێن دەکاو لە بێژەنیان دەدا.

ئەمما دەشێ گرنگترین دەسکەوتەکانی ئیجماعی نیشتمانی شەری بەرەڤانی لە وڵات و نیشتمان لەوەدا ببینرێتەوە کە سەرجەم ئەو هێزو لایەنە سیاسیانە لەبەر پێویستی یەکخستنی تواناکان لە کاتی خەبات و بەرخواندا ناچار دەبن پرس و را بەیەکدی بکەن و پێکەوە کارو هەڵوێست بنوێنن.

ئەم پێکەوە کارکردن و هەڵوێست نواندنەش داب و نەریتی شۆڕشگێرانەو خەباتکارانە دەخاتە قالبی عەمەلییەوەو یادگاری و بیرەوەری ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە ڕێنمایی هەڤاڵانی هاوسەنگەری نیشتمانی دەکاو لە سەردەمی دوای ڕەوینەوەی هەڕەشە دەرەکییەکەشدا ئیلهامیان پێدەبەخشێ. نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان لە شەری بەرگری دژ بە ڕژێم لە بەهاری

(1995)دا نموونەیەکی دیاری ئیجماعی نیشتمانی بوو لە کوردستاندا.ئەگەر تەماشا بکەین ئەو شەرە، پێچەوانەی شەری ناوخۆ، لەبەر رۆشنی و رەهایی بوونی هەق تێیدا هەرگیز مایەی دوو دلی نەبوو بۆ هێزە کوردستانییەکان کە لەگەڵ یەکێتیدا بچنە ریز بەندی ئیجماعی نیشتمانییەوە. شەرە دەرەکییەکە تێکەڵکردنی سەنگەرەکانی پۆلێن کردەوەو (هەڤالانی هاوسەنگەری نیشنمانی) پێکەوە هێنایەوە مەیدان. ئەم هەماهەنگییەی هێزو لایەنە کوردستانییەکان و درێژبوونەوەشی بۆ ناوجەماوەر لە کاتی راپەرینی ئازاری 1991- یشدا تێبینی دەکرا.

## 2

رەنگە هەر خودی ئەزمونی شەری ناوخۆی کوردستان و هەڵوێستی جیاجیای حزب و لایەنە کوردستانییەکان لە هەمبەردا نموونەیەکی بەرچاوی جۆری دووەمی شەر بن کە چۆن شەر لەگەڵ (خۆ) دا بە پێچەوانەی شەر لەگەڵ (دەرەوەدا) نەک هەر ئیجماعی نیشتمانی پێک ناهێنێ، بەڵکو هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی تەندروستی نێوان هێزو لایەنەکانی بەشداربوو گەندەڵ دەکاو بێبروایی و بێ متمانەیی جێگیر دەکا. شەری ناوخۆ ئەگەر لە هەندێک وڵاتدا ململانێی نێوان هێزێکی کۆنە پارێزو هێزێکی نوێخوازو تازەگەربێ لە قۆناغی پەرینەوە بۆ هەلومەرجێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ‌و بەو پێیەش شەرێکی رەوای هاوشان بێ لەگەڵ رەوتی مێژوودا، ئەوا لە زۆربەی وڵاتانی تر بە تایبەتی لە وڵاتانی دونیای سێ هەروەکو ئەزمونەکان نیشانیدا شەرێکی وا یەکلاکەرەوەی نێوان دوو تەیاری دژ بەیەک نەبووە تاوەکو بگوترێ ئەو دوو تەیارە پێکەوە هەڵناکەن و هەر دەبێ بە خوێن ناکۆکییەکان بشۆردرێنەوە. ئەسلەن لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە فۆرماسیۆنە کۆمەڵاتییە ئابورییەکان پاشماوەو دیاردەی چەندین شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووری دیکەیان تێدایە و لەبەر رۆشنایی ئەوەش عەقلی دەستە جەمعی کۆمەڵگە هەڵگری چەندین کەلتوری جیاوازی ئاڵۆزکاوەو گروپ و دەستە جیاجیاکانیشی بە پێی پێگەیان لەو فۆرماسیۆنە ناجێگیرەدا، بەرژەوەندییان لە ئالووێرو هەڵبەزو دابەزدایە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا تێروانین بۆ دیاردە سیاسییەکان و چەمکی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگە، تێروانین بۆ دیموکراسیەت و بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لە ئایدلۆژیایەکەوە بۆ ئایدەلۆژیایەکی تر. لە حزب و گروپێکەوە بۆ ئەوی تر، لە ئەندامانی پێگەیەکی کۆمەڵاتییەوە بۆ پێگەیەکی لە خوارتر، یان هەورازتر، ئاسمان و رێسمانیان فەرقەو هەرگیزیش وێک ناچن. مەسەلەکە لێرەدا

ئەوەیە کە ئەوەی بۆ حزبێکی، بۆ نموونە، مارکسیست مایەی پێشکەوتنەو دەهێنێ شەڕێکی (چینایەتی) لەسەر بکرێ هەڵبەتە بۆ حزبێکی ئوسوڵی مایەی گەندەڵی کۆمەڵگەیەو شەڕکردن لەسەریشی (فیتنە)یەکەو هیچی تر. هەروەها مـوداخەلەی هێزێکـی ئیقلیمـی لە دەرکەوتە سیاسـییەکانی وڵاتێکـدا ئەگەر بـۆ لایەنێـک بە دەستێوەردانی بێگانە بخوێنرێتەوە ئەوا لەوانەیە بۆ لایەنێکی هاوئایدەلۆژیای هێزە ئیقلیمییەکە بە هاوپشتی و هاوخەباتی پێناسە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەو ئاڵۆزکاوییەی کە لە هەلومەرجی زۆربەی ئەو وڵاتانەدا هەیەو تێیدا ناتوانرێ دوو سەنگەری بەرامبەریەکی یەکلاکەرەوە لە شەری ناوخۆدا دیاری بکرێت. هێشتاش دەرفەتـی ئەوە هەیە کە هێـزو لایەنە سیاسـییەکان، ناوەنـدە کۆمەڵایەتییەکـانی کۆمەڵگە، پرەنسیپە بالا نیشتمانییەکان دیاری بکەن و خوێندنەوەو تێبینییەکانی خۆیان لە گێژاوی شەرە ناوخۆییەکاندا بە جورئەتەوە بخەنە روو و هەڵوێستی لە بارەوە وەربگرن، بچنە ناو شەرەکەو.. یەکلای بکەنەوە. یان بیکوژێننەوە یان ئاگرەکەی خۆشتر بکەن! ئیدی شتێک بکەن. کاتێکیش ئەو شتە ناکرێ و شەرەکەش ئیستنزافی وزەی مادی و مەعنەوی نیشتمان دەکا ئاسۆکانی ئایندە لێڵ دەبن و فیعلی شەری ناوخۆش هەلو مەرجە تایبەتییەکانی رەوانەی جەرگەی ئاگری ململانێکە دەکاو دەخوازێ مەرجەکانی ئەویش سازشی لەتەکدا بکرێ. لە نموونەی شەری نێوماڵی کوردیدا هەندێک دەرکەوتی وا هاتنە پێشەوە کە زۆر لە پرەنسیپە نیشتمانییەکانی لەگەڵدا ئاوەژوکران. زۆر لەو بنەمایانەی دەخوازرێ لە ئەزمونی دیموکراتی کوردیدا جێگیر بکرێن. پێشێل کران. تاکە سەرچاوەی داهاتی میللی پاوان کرا، کەچی وا دیتە بەرچاو کە شەرەکە بێئاسۆیەو دەرەتانێک بۆ ئیجماعی نیشتمانی، بۆ رایەکی گشتی لە بارەی شەری ناوخۆوە. نابینرێتەوە.

## 3

لە ئەدەبیاتە شۆڕشـگێری و کلاسـیکییەکاندا هەمیـشە ئەوە دەکـرایە بیـانووی هەڵایسانی شـەری ناوخۆی وڵاتانی دونیای سـێ کە گوایە ئەوە کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستەکانن بە (سیاسەتی پەرتکەو زاڵ بە) شەڕی ناوخۆ دەنێنەوەو ماسییەکانی نێو ئاوەکە بەشەر دێنن. ئەمە ئەگەر بۆ هەڵکەوتێکی مێژوویی سەردەمی شەری سارد راست بێ ئەوا مەرج نییە بۆ هەموو ئان و ساتێک بشێ. بە تایبەت کە لە دوای بـرانەوەی شـەری سـارد، خواسـتی زلهێزەکـانی ئەمـڕۆ دەسـتێوەرنەدانی راستەوخۆیەو هەوڵەکانیان بۆ سەقامگیرکردنی رەوشی ناوچە هەستیارەکانی دونیا

گەواهییەکی دروستی ئەم بۆچوونەن. لە راستیدا ئەزمونەکانی شەڕی ناوخۆ لە سۆماڵ. کوردستان و بۆسنیا دەری دەخەن کە وزەی شەڕو کاری تێکدەرانەی خۆبەخۆیی و کەلتوری بیانووەکانی شەڕ هێندە زۆرن کە پێویست بەپیادەکردنی شەری لە بریتی ناکات لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە. لە هەندێک شوێنی وەکو هەرێمی کوردستانی لێ دەربچێ کە هەندێک ناوەندی ئیقلیمی دەخوازن بەپێی پرەنسیپی شەری لە بریتی پێکادانی کورد – کورد بقۆزنەوە. ئەویش هەڵبەتە لەو کاتەوەی کە وەکو گوتمان شەڕ هەلومەرجە تایبەتییەکانی خۆی بەرهەم دێنێ. بەڵکو رێرەوی روداوەکانی ئەم دواییە لە هەندێک شوێنی دونیادا نیشانی دا کە زلهێزێکی وەکو ئەمریکا لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی مەبەستێتی بەشداری لە ئاراستەکردنەوەی دۆخی ئاژاوەی شوێنەکانی وەکو سۆماڵ، هایتی، سودان ... هتد بکات، بەڵام کەناڵێک بۆ وێک گەیشتن لەگەڵ چەکدارە پێکدا هەڵخشاوەکان نابینێتەوە یان هەروەکو مامۆستا مەسعود محەمەد لە وەڵامی هەندێک لەوانەی تا ئێستاش باوەریان بە تیوری (دوو ماسی لە ئاودا شەڕ بکەن خەتای ئینگلیزە) هەیە. دەڵێت (ناکرێ ئەم دەزگایانە – واتا دەزگاکانی زلهێزەکان- زمانێکی هاوبەشیان هەبێ لەگەڵ عیدی ئەمیندا. ئێمە موجامەلەی خۆمان دەکەین کاتێک گەندەڵ بوونی پەیوەندی نێوان دوو حزب یان دوو لایەن یان دوو دەوڵەت لە بودەڵەترین شتدا دەگێڕینەوە بۆ کەتنی ئیستعمارو پیلانی بێگانە – من هموم الحیاه. مسعود محمد). لە سۆماڵ ئەمریکا بە پرۆسەی گێڕانەوەی هیوا دەیویست شەر لەسەر ئازوقەی نێوان گروپە سۆماڵییەکان رابگرێ کەچی ژەنەراڵ عیدید وەکو پاڵەوانێکی نیشتمانی دەرکەوت و ئاسۆکانی هیوای کۆتایی هاتنی شەری ناوخۆی لێڵ کرد. لە سودانیش حکومەتێک ئیدعای ئەلتەرناتیفێکی شارستانی دەکا لە ئاستی جیهانداو کەچی لە ئاستی کێشەی باشووردا دەستە وەستانەو هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتیش بۆ چارەسەرکردن بە دەستێوەردانی (ئیمپریالیزم) دەداتە قەڵەم. لە کوردستانیشدا لایەنێک لە کەلی شەیتان نایەتە خوارەوەو دەرامەتێکی زەبەلاحی نیشتمانی داگیرکردووەو هەرواش دەستی بێگانە دێنێتەوە نێو مشتومرە ناوخۆییەکانەوە. لە کاتێکدا، بۆ نموونە، لە شەری ناوخۆی ئەمریکا هیچ کام لە باکوورو باشورییەکان دەرفەتی هاتنە ناوەوەی دەستی دەرەکیان نەرەخساندوە وێرای ئەوەی کە ئەو دەستە دەرەکییە بۆ پاڵپشتی ئەو لایەنە هاتبوو کە پەیوەندی پێوەکرابوو تاوەکو رەزامەندی لەسەر هاتنە ناوەوە بنوێنێ.

## 4

لەگەڵ ئەوەی کە گوتمان شەرو ململانێ تیژە ناوخۆییەکان ئیجماعی نیشتمانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەشێوێنن و ئاسۆکانی هەڵوێست وەرگرتن وهاتنە مەیدانی کاری سیاسی لێڵ دەکەن و ئەو ئیجماعە نیشتمانییەش زیاتر لە هەمبەر هەرەشەیەکی دەرەکی دروست دەبێ، بەڵام ئەو حاڵەتانەش دەگمەن نین کە تێیدا دوژمنێکی رەها لە ناو (خۆ)دا بە ئەندازەی هەرەشە دەرەکییەکەو رەنگە پتریش گێچەڵ بۆ رەوتی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەنێتەوەو ئیدی بە زەرورەت دژایەتییەکی رەهای ئەو دوژمنە ناوخۆییە رەهایە ئیجماعێکی نیشتمانی دروست دەکاو رەنگە لە درێژەی رووداوەکانیشدا ئەو ئیجماعە نیشتمانییە رەنگی هاوپەیمانێتییەکی نێوان هێزو ناوەندە سیاسییەکان لە خۆ بپێچێ.

دابی کۆمەڵگە تۆتالیتارەکان وایە کە دەسەڵاتی توتالیتار کاتێک لە داروخان نزیک دەبێتەوە سەرجەم کۆمەڵگە هاودەنگ دەبن لە پێویستی ئەوەی دوا فیشەکی رەحمەت بەسەری دەزگای توتالیتارەوە بنێن و کۆمەڵگە بۆ دەورانێکی دیکەی سیاسی بگوازنەوە. نموونەی ئەوەش کۆمەڵگەی عیراقە لە سایەی رژێمی (صدام)دا. لە عیراق هەمووان سەرەرای نیازو نیەتەکانی ئایندەیان لەسەر لە ناوچوونی سەری دەزگای توتالیتاری کۆکن و (رەنگە) گرفتەکەش لەسەر چۆنیەتی ئەو لەناوچوونە بێت.

بەڵام ئیجماعی نیشتمانی چییەو پەیوەندییەکانی ئەو چەمکە سیاسییەو دوورکەوتنەکانی لە چەمکەکانی بەرەی نیشتمانی، حیواری نیشتمانی، هاوپەیمانێتی نیشتمانی و پەیمانی کۆمەڵایەتی چییەو کام لەم چەمکانە دوا پلەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست دەکەن؟

## 5

هەرچەندە هەردوو چەمکی ئیجماع و هاوپەیمانێتی نیشتمانی لەگەڵ گفتوگۆی نیشتمانیدا زۆر جار لە بواری بانگێشتی رۆژانەی سیاسیدا تێکەڵ دەکرێن و بەیەک مانا دەخوێنرێنەوە. بەڵام پۆلێن کردنیان بە پێی زەمان و زەمینی دەرکەوتنیان جیاوازییەکانی نێوانیان نیشان دەدات. ئیجماعی نیشتمانی بەراییەکی میللییە بۆ هاوپەیمانێتی نیشتمانی (لێرەدا میللی بە واتای شەعبی، جەماوەری نەوەکو نەتەوەیی). لە ویدا لە ئاست ئەو دەرکەوتانەی دێنە پێش هەستێکی میللی بە دڵ نەوایی یان

بەهەرەشە دروست دەبێت بەهۆی دۆخی سیاسی یان ئابوورییەوە. ئەگەر کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەرزی پێگەین بێ، ئەوا ئەو هەستە میللییە رایەکی گشتی دروست دەکاو دواتر ئەو رای گشتییە لە گروپەکانی گوشارو ناوەندە دیموکراتییەکاندا رەنگ دەداتەوەو کاری خۆی لە بریاری دەسەڵات دەکات. ئەگەریش کۆمەڵگە هی وڵاتێکی تازە گەشەکردوو بێت ئەوا رێچکەی ئیجماعێکی نیشتمانی دەگرێو لە حاڵەتی ئامادە باشیدا دەبێت تاوەکو هێزو لایەنە دەست رۆیشتووەکانی گۆڕەپانی سیاسی بیگەیەنێنە ئاستی هاوپەیمانێتیەکی نیشتمانی لە نێوان خۆیاندا. بەم واتایە هەستی میللی بە پێی ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگە بە دووریانێکدا دەروا. یان لە وڵاتێکی گەشەکردوودا قۆناغی هەستی کە لە سایکلۆژیەتی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە بەجێ دێڵێو دەچێتە قۆناغی دروستکردنی رای گشتییەوە کە توخمی عەقڵ و لێکدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکان رۆڵی تێدا دەگێڕێ. یان لە وڵاتێکی تازە گەشەکردوودا بۆ ئیجماعی نیشتمانی دەگوازێتەوەو ئیدی یان لەو قۆناغەدا فەرامۆش دەکرێ یان حزب و لایەنەکانی بە پیر خواستی ئیجماعی نیشتمانییەوە دەچن و لە شێوەی رێکەوتن و بەرنامەی کاری نیشتمانیدا، دایدەرێژن.

ئەو جارانەش کەم نین کە هاوپەیمانێتی نیشتمانی لە رێگەی دەرک کردنی حزب و هێزە سیاسییەکان بە (مەترسی) یەک دروست دەبێو لەوە بەدوا هەوڵ دەدرێ گشتگیر بکرێ لە کۆمەڵگەداو بەهۆی شۆڕکردنەوەی بۆ خوارەوەی کۆمەڵگە ئیجماعێکی نیشتمانی بۆ مەیسەر بکرێ. هەرچی (بەرەی نیشتمانی)یە ئەوا لە بازنەی بەرەنگاربوونەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دوژمنێکی بێگانە یان دەسەڵاتێکی دواکەوتوو و دیکتاتۆری ناوخۆ دەخولێتەوە. خودی ووشەی (بەرە) زاراوەیەکی جەنگییە بە مانای سەنگەر لێدان و چوونە شەری بەرگرییەوە دێ لەهەمبەر دوژمنێک کە بە هێز داخوازییەکان دەسەلمێنێ. لە کاتی شەری جیهانی دووەمدا فەرەنسییەکان، یۆگسلافەکان و بولگارەکان لە نێو وڵاتانی خۆیاندا بەرەی نیشتمانییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران پێک هێنابوو. کۆمۆنیستەکان پتر لە هێزو حزبەکانی دیکە حەزیان بە رێکەوتنی شێوەی (بەرەی نیشتمانی) دەکرد بەو پێوەدانگەی کەرێکەوتنی نێوان حزب و کۆمەڵە سیاسییەکان مەرجدارە بە ئاراستەکانی خەباتی چینایەتییەوەو دەبێ پێکەوە کارکردن تا ئەندازەی پوکانەوەی هەرەشە هاوبەشەکە بێو لەوێ بەدوا هەر هێزێکی سیاسی بەدوای بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیدا دەروا. بە واتا لەدوای (بەرە) بەرگی شەر لەبەر دادەکەنرێو دەورانێکی دیکەی ململانێ دەست پێدەکاتەوە. کتێبەکەی جۆرجی دیمتروٚف لە بارەی (بەرەی

یەکگرتووی نیشتمانی)یەوە نموونەیەکی بەرچاوی تێڕوانینی کۆمۆنیستییە کە چۆن بە گرنگ دەزانرێ کۆمۆنیستەکان هەوڵ بدەن ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی بە دەستی خۆیانەوە بێ. لە جیهانی سێشداو لە ئەزموونی بزوتنەوە رزگاریخوازییە چەکدارییەکاندا کەلتوری بەرەی نیشتمانی دەوڵەمەندییەکی زۆرتری بەخۆیەوە بینی بە حوکمی پێکەوە گرێدانی هەردوو مەسەلەی چینایەتی و نیشتمانی.

لەو بزووتنەوانەدا فۆرمەلەی بەرەی نیشتمانی وا دادەرێژرا کە ڕێکخراوی کرێکاران و جوتیاران دەچێتە هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانییەوە لەگەڵ بورژوای بچوک و بورژوای نیشتمانی بە مەرجی مانەوەی سەرکردایەتی شۆڕشەکە بە دەست ڕێکخراوی کرێکارانەوە. نموونەی ئەم جۆرە بەرەیەش بەرەی (ڤیگتۆنگ)ی ڤێتنامییە. هەروەها لە ئەزمونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیشدا ی.ن.ک نیمچە بەرەیەکی نیشتمانی بوو کە (کۆمەڵە) تێیدا ڕۆڵی دڵی زیندووی دەبینی. پێش ئەوەی وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی گۆڕانکارییە فیکری و سیاسییەکانی دونیا باڵەکانی ئەو نیمچە بەرەیە لەیەک ڕێکخراوی فرە مینبەرو سۆشیال دیموکراتدا یەک بخا.

6

دوای سڕکردنی شەرو ململانێی ناوخۆی شاخیش بەرەی کوردستانی نێوان هێزە کوردستانییەکان دروست بوو کە تا پێکهاتنی حکومەت و پەرلەمانیش ئاراستەی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی بە دەستەوە بوو. لەو دەمەیەدا ئەدەبیاتی حزبەکان تەئکیدیان لەسەر پاراستنی (بەرە) دەکردەوە وەکو ئامرازێکی گونجاوی قۆناغی خۆی، هەڤاڵ مام جەلالیش بانگەشەیەکی لەم بارەیەوە گشتگیر کردبوو بۆ لایەنگران و دۆستانی (ی.ن.ک). بانگەشەکە دەستەواژەیەکی دوولایەنی تێدابوو جگە لە پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەل و یەکێتی ریزەکانی بەرەی کوردستانی پێویستە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) یش بپارێزن. بەو واتایەی کە هەم (ی.ن.ک) وەکو ڕێکخراوێک لەبەرچاو بێو هەرواش (یەکێتیی نیشتمانیی) نێوان هێزە نیشتمانییەکان ئەرکێکی ڕێکخراوەیی ئەندامانی (ی.ن.ک) بێت.

هەڵبەتە دوای گواستنەوەی دەسەڵات لە دۆخی شۆڕشگێڕییەوە بۆ دۆخی شەرعیەتی پەرلەمانی و حکومی ئیدی (بەرەی کوردستانی) ڕۆڵی کەمتر بۆوە بەو حیسابەی کە قۆناغی لاکردنەوە لە ئەرکە ناوخۆییەکان وەک ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە کوردستاندا قۆناغێکە بەرگی جەنگ لە خۆ داماڵینی (ژیانی سیاسی) گەرەکە کە

ئەویش بە ئەندازەیەکی زۆر رۆڵی بەرەی کوردستانی خستە پەراوێزەوە. لەوێ بەدوا (بەرە) بوو بە وێردی سەرزمانی ئەو لایەنانەی کە لە هەڵبژاردندا چانسی سەرکەوتنیان نەبوو. لەگەڵ هاتنە کایەی حکومەت و پەرلەمان و لە غیابی ناوەندەکانی گوشارو دامەزراوە دیموکراتییە نارەسمییەکان وا دەهاتە بەرچاو کە (بەرەی کوردستانی) دەشێ ئەو دامەزراوە بێ لە پاڵ شەرعیەتی رەسمییەوەکار بۆ ئاراستەکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بکات تا تێپەڕاندنی قۆناغی رزگاری نیشتمانی. بەو پێودانگەی کە شەرعیەتە رەسمییەکە سەرقاڵی جێگیرکردنی دۆخەکەیەو (بەرە)ش دەتوانێ بۆ تەواو کردنی ئەرکە شۆڕشگێڕیەکانی دیکە (سەنگەری) خەبات قایمتر بکات. لە کاتێکدا ئەوە لەگەڵ واقیعی نوێی هەلومەرجی کوردستان دا گونجاوتر بوو کە ئیدی (بەرە) کە سیمای قۆناغی شۆڕشگێڕی پێوە بوو بگۆڕدرێ بە فۆرمەلەیەکی دیکەی هاوتەریب لەگەڵ مەرجەکانی دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کورد لەلایەک و ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی و هەستیار بە هەلومەرجی دژواری ئەو دەسەڵاتە تازەیە لەلایەکی ترەوە. فۆرمەلەیەکی دیکە کە ووردەکاریەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەحیوارێکی نیشتمانی بسپێردرێ. دەشێ ئەو فۆرمەلەیە هاوپەیمانیەتی نیشتمانی بێ وە دەشێ هەر شێوازێکی تری کاری هەماهەنگی بێت کە هەموان لەسەری رێکبکەون، گرفتەکە لێرەدا گرێیەکی زمانەوانی خودی ووشەی (بەرە) نییە، بەڵکو گرفتەکە ئەو بەدواهاتنە ناکۆکەیە کە لەپێکەوە پیادەکردنی شێوازی (بەرەیی) لەلایەک و شێوازی حکومڕانیەتی یاسایی لەلایەکی ترەوە دروست دەبێ. بێگومان ئەگەر لە ئەزموونە ڕۆژئاواییەکانی شێوازی بەرەیی پێکەوە کارکردنی ڕەوەندە سیاسییەکان بڕوانین تەماشا دەکەین بەهۆی پێشکەوتنی نەریتەکانی گەمەی سیاسی لەو مەڵبەندانەدا دوای بڕانەوەی هەڕەشەی دەرەکی کە پێکهێنانی (بەرە) کەی بەدواوە بوو ڕاستەوخۆ بێچاوەڕوانی ئەو دەرفەتانەی عادەتەن لە وڵاتە تازە رزگاربووەکانی وەکو وڵاتی ئێمە تێبینی دەکرێ، هەلومەرجی شێنەیی گەمەی سیاسی دروست بووەتەوەو ناوەندەکان کەوتونەتە هەڵپەی دووبارە جێگرتنەوەی شوێنی خۆیان لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگەکەیاندا، چونکە پێش ئەو شەڕە دەرەکیانەی کە مەڵبەندە ڕۆژئاواییەکان (بۆ نموونە فەرەنسای سەردەمی شەڕی جیهانی دووەم) تووشی هاتن، کۆمەڵگەی مەدەنی لەوێدا کەلتوری جێگیری خۆی لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) و ڕێکەوتنی جەنتلمانی نێوان توێژو ناوەندە جیاجیاکانی کۆمەڵ پاراستووە بە ئەندازەیەک کە (شەڕەکە) حاڵەتێکی نەشازو ناپەسەندی پلەی

هەراش بوونی ئەو کۆمەڵگەیەیە. هەربۆیەش لەلای ئەوان کەمتر دەستەواژەکانی حیواری نیشتمانی و هاوپەیمانیەتی نیشتمانی بەکاردەبرێت. چونکە میکانیزمەکانی حیوارو پێکەوە کارکردنی ناوەندە جیاجیاکانی کۆمەڵگە رۆژانە کاری خۆیان جێبەجێ دەکەن و هیچ بیانوویەک بۆ بانگەوازکردن لە پێناوی پیادەکردنی دیاردەیەک نامێنێ لە کاتێکدا خودی ئەو دیاردەیە خۆرسکانە لە کۆمەڵدا دەبزوێ و پێویستی بە سەرزەنشت و بانگەشەی سۆزدارەکی نییە!

هەلومەرجەکانی بانگێشتکردن بۆ حیواری نیشتمانی هەمان ئەو هەلومەرجەن کە بەرەی نیشتمانی دەکەنە پێویستییەکی لە دواخستن نەهاتوو. یان ووردتر بڵێین ئەگەر رێکەوتن لە شێوەی بەرەی نیشتمانی. هاوپەیمانێتی نیشتمانی ... هتد، ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی قەیراناوی یان کۆمەڵگەی قۆناغی پەرینەوەبێ، ئەوا حیواری نیشتمانی ئامرازی هەرە دیموکراتی و هەرەکاریگەری پراکتیزەکردنی ئەو رێکەوتننانەو دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانیەتی. حیواری نیشتمانی هاوەڵی هەمیشەیی کاری هەرەوەزی نیشتمانی و زامنی بەگەرخستنەوەیە لە کاتی تەگەرە تێکەوتن یان راوەستان و سڕبوونی ئەو کارە هەرەوەزییەدا.

بەم پێیە ئەگەر زەمەنی دەرکەوتنی قەیرانی کۆمەڵگە ئەو زەمەنە بێ کە تێیدا تازە وڵات رزگاری بووەو کەوتۆتە هەلومەرجێکی نوێوە یاخود ئەو زەمەنە بێ کە ئەزمونی حوکمێکی نیشتمانی لە ئاستی جێبەجێکردنی پرۆگرامی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری شکستی هێنابێ. ئەوا دەشێ زەمەنی حیواری نیشتمانی ئەو زەمەنە بێ کە ئیدی لە ئەنجامی ئەو قەیرانە یاخود ئەو هەلومەرجە نوێیەی وڵاتدا پێویستی پێکەوە کارکردن و لێک حاڵی بوون هاتبێتە ئاراوە. حیواری نیشتمانی ئەگەر نەچێتە قالب و داخوازی پیادەکردنەوەو هەر لە نیازی پاکی دڵدا دەمێنێتەوە یاخود لە کاتی باس کردندا وەکو هەر موفرەدەیەکی پەسەندکراوی سیاسی دەبێتە وێردی سەرزمانی لایەنەکان و هەرگیز دەرفەتی ئالوێرپێ کردن و جێگیربوونی وەکو نەریتێک بۆ نارەخسێ. عادەتەن ئەو حیوارە بەدەست پێشخەری بانگێشتی لایەنێک دەست پێ دەکاو ئەگەر هەلومەرجەکەی لەباربێ بە پەسەندکردنی هەموو لایەنەکان کۆتایی دێ.

بەڵام سەرکەوتنیشی بەندە بە هاوسەنگی هێز لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا. بە تایبەتی لە جیهانی سێ کە دروست نییە رۆڵی فاکتەری دەرەکی فەرامۆش بکرێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر قەیرانی ناوخۆش بزوێنەری پراکتیزەکردنی

حیواری نیشتمانی بێ ئەوا هەلومەرجی لەباری دەرەکیش بۆ وڵاتێک کە پانتاییەکی کراوەی بەردەم دەستێوەردانی دەرەکییە، پاڵنەری پێشقەچوون و سەرکەوتنی ئەو حیوارە دەبن. دەبینین جار وا هەیە داخوازی حیواری نیشتمانی:

لە لایەن دەسەڵاتێکەوە دەخرێتە روو کە ئەو دەسەڵاتە بە دەست ئۆپۆزسیۆنێکی توندرۆوە گیری خواردبێ یان:

لە لایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە دەخرێتە روو کە پێیوایە سەرباری هەموو ناکۆکییەکان دەشێ حیوار لەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانرەوانی وڵاتدا بکرێ یان:

لە لایەن دۆستێکی دەرەکییەوە یان ناوەندێکی دەرەکییەوە دەخرێتە روو کە قازانجی لە هێوربوونەوەی دۆخی وڵاتی قەیراناویدا هەبێ و تەئسیری بەسەر ناوەندە بەهێزەکانی ئەو وڵاتەوە هەبێ. جاری وا هەیە ئەو تەئسیرە بۆ کەلتورێکی هاوبەش یان پێشینەیەکی مێژوویی دەگەڕێتەوە. ئاماژە بە چەندین نمونەی هاوکاتی ئێستامان دەکەین لەو وڵاتانەی کە شکستی ئەزمونێکی دیاریکراوی حوکمرانی پێویستی حیواری نیشتمانی لەلا دروست کردوون:

بۆ نموونە فەرەنسییەکان ئێستا لە رووی ئەدەبییەوە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن لە باری پێویستی یارمەتیدانی جەزائیر. هەر بۆیەش کاریگەریان بەسەر بارودۆخی جەزائیرەوەهەیەو دەتوانن بەپێی دەرفەتەکانی بەردەستیان حیواری نیشتمانی خوازراو لە نێوان رەوەندێکی ئوسولی موعتەدیل و حکومەتێکی نیمچە مەدەنیدا بە ئاراستەیەکی ئیجابی ببەن.

هەروەها موداخەلەی ئیجابیانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە باشووری ئەفریقیادا زەمینەی بۆ پێکهاتنەوەی (ئینسان لەگەڵ زاتی خۆیدا) رەخساند. لە نموونەیەکی تردا دەوڵەتی میسر داوای حیواری نیشتمانی کردووە تاوەکو بە هەموان رووبەرووی رەوەندی توندرۆ ببنەوە. بە پێچەوانەی ئەوەش سەندیکاو رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی یەمەن ئالا هەڵگری ئەو جۆرە حیوارەن.

## 7

هەڵبەتە ئێمە باسی ئەو هەلومەرجە ناوخۆییە قەیراناویەمان کرد کە تێیدا حیواری نیشتمانی دەسپێکێکی زەرورییە بۆ هاوپەیمانێتی نیشتمانی. دەنا خۆ لە هەلومەرجی هەرەشەیەکی دەرەکی یاخود هەرەشەیەکی ناوخۆیی (موتلەق)دا. دەرفەتێک بۆ ئەو حیوارە نامێنێتەوە. بەواتایەکی تر (حیواری نیشتمانی) دەبێتە (جەدەلی بێزەنتی) لە کاتێکدا وڵات دەکەوێتە بەر مەترسی داگیرکردنی بێگانە یان

سەرەڕۆیی (لادەرانی) ناوخۆوە. لە راستیدا لەو کاتەی کە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و لایەنەکـانی دیـکەی کوردسـتان لە یەک (بەرە) وەکـو رەنگـدانەوەیەک بـۆ هاوپەیمانێتی نیشتمانی چوونە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی رژێمەوە (لە شەرەکانی بەرگری 1995-دا) ئیتر هیچ بیانوویەک بۆ ئەوە نامێنێ کە گوایە دەبوایە پەرلەمان کۆبێتەوەو ئەو بریار لەسەر شەڕکردن بدا! لەو حاڵانەدا پراکتیزەکردنی هاوپەیمانێتی نیشتمانی پێش حیوارو (جەدەل بێزەنتی) دەکەوێ! هەروەها لە نموونەیەکی تردا لە شەڕی بەرگری ئۆکتۆبەری 1991 دا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرپەرشتی فەرماندەی مەیدانی شەڕەکە هەڤاڵ جەبار فەرمان (کە ئەو کاتە فەرماندەی لەشکری یەکی هـ.پ.ک بوو) بە دەست و بردی بەرپەرچی هێرشەکەی رژێمیـان دایەوەو لە پـشت جەدەلـی بێزەنتـی بەرەی کوردسـتانییەوە تۆربینەکـانی کارەبایــان پاراســت. لەوەشــدا جەمــاوەرو پێــشمەرگەی حزبەکــان شــیوعی و زەحمەتکێشان پاڵپشتیان بوون.

بەڵام بـۆچی ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی دونیای سێ‌دا- ئەگەر بە چـپەش بێ — چەمکی (حیواری نیشتمانی) وەکو ئامرازێک بۆ یەکێتییەکی نیشتمانی پتەوتر لەوەی کە جاران ئیدیعای بەدی هاتنی دەکرا. برەوی پەیداکردۆتەوە؟ ئایا مەسەلەکە بە تەنها دەرکەوتە تازەکانی سیستمی نوێی جیهانییە کە دروشمی دیموکراسی و بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەڵگرتووە؟ یاخود پێویستی هێوربوونەوەی دۆخی وڵاتانی دواکەوتووە تاوەکو زلهێزەکانی دنیا باشتر بپەرژێنە سەر جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆیان لەو مەڵبەندانەدا؟!

نمونەیەک لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دەسەڵاتێکی تاکرەوی پەیرەوی لێ‌دەکردو دواتریش شکست و داروخانی بە نسیب بوو. ئەو نموونەیە کە نەیتوانی جیاوازییەکانی نێوان لادێ و شار. بێ‌دادی کۆمەڵایەتی، بێکاری، گەندەڵی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی نەهێڵێ. پێشێلی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئینسان و تواندنەوەی لە بۆتەی کۆیەکی ئیرادە ئاودیوکراودا رابگرێ، ئەمانە هەمووی قەیرانێکی قوولی سیاسییان بەدواوە بوو کە ئیدی دەسەڵاتی فەرمانرەوا نەیدەتوانی بە تەنها بەرەنگاریان ببێتەوەو دەبوو بۆ چارەسەرکردنیان هێزو ئەلتەرناتیفەکانی تر لەبەرچاو بگیرێن و لە هەندێک نموونەدا وا دەبینرێن کە دەسەڵاتی فەرمانرەوا بۆیە ئێستا پەنا دەباتە بەر ئامرازی حیواری نیشتمانی و سیاسەتی کردنەوەی دەرگاکان بە رووی (ئەوانی) تردا پەیرەو دەکا، چونکە نمونەی گەشەپێدانی تا ئێستا بنیاتنراوە، نمونەی حوکمرانێتی تا ئێستا پیادەکراو

هێندە شکست خواردوو بوو، هێندە پاشماوەکانی پڕ گرفتن کە چارەسەرکردنیان لە توانای دەسەڵاتدا نییەو دەبێ بە ڕپرسیارێتییەکە ئەگەر تاوانەو ئەگەر تەشریفیشە هەموان تێیدا بەشداربن. سەرکردەی بەرەیەکی ئۆپۆزسیونی لە وڵاتێکدا رایگەیاند کە ئێستا ئێمەی ئۆپۆزسیۆن چیمان پێدەکرێو بۆچی دەبێ هەڵەکانی حکومەت لە ئەستۆ بگرین؟! هەڵبەتە دەبوایە ئەوەشی بخاتە سەر کە بۆچی حکومەتی وڵاتەکەی لە کاتی شێنەییدا ئیمتیازاتەکانی دەسەڵات و وڵات پاوانی خۆی دەکاو ئۆپۆزسیۆن دەکاتە شەریکە بەشی هەڵەکانی خۆی؟ ئەلبەتە لەوەشدا ناهەقی نەگوتووە.

ئەم شکستە لە بواری پیادەکردنی پرۆگرامی بەڵێن پێدراوی (دەسەڵات)ی دوای رزگاری نیشتمانی جگە لەوەی شەرعیەتی دەسەڵاتی فەرمانرەوای خستە گومانەوە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دونیای سێ (دواتر دێینە سەر قەیرانی شەرعیەت) هەروەش پرۆسەی هاوبەشی سیاسی دواخست و ئەزموونی حوکمرانی نیشتمانی بێبەش کرد لە زۆر وزەو توانای سیاسی کە دەشیا لە ئەوانی تری دەرەوەی دەسەڵاتدا بوونیان هەبوایە، هەروەها ئەلتەرناتیفەکانی لەبەردەم دەسەڵات کەمکردەوەو پێوەرێک نەما بۆ لەمەحەکدانی رەوتی سیاسەتی دەوڵەت لە باری سیاسی و لە باری گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. هەر بۆیەش چارەسەری قەیرانی هاوبەشی سیاسی لە حیواری نیشتمانیدا بینرایەوە بەو پێیەی دەسەڵات ئیتر لەوە لاوازترە کە بتوانێ خۆی بە تەنها گرفتەکان بنەبر بکاو یان لەوە زیاتر ناوەندەکانی ئۆپۆزسیۆن پشتگوێ بخاو حزوریان نەهێڵێ.

## 8

بە گشتی لەو وڵاتانەی کە مقۆمقۆی حیواری نیشتمانیان تێدایە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو واقیعە دەرک پێکراوە کەچی دی راستییەکان رەهانین و کەسیش ناتوانێ پاوانیان بکاو خەلکانی تریش بە هەمیشە هەڵە بخوێنێتەوە. ئەزموونەکان هەمووانی لەو باوەرە نزیک کردۆتەوە کە کێشە نیشتمانییەکان، گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و داتەپینی باری ئابووری لەوە ئاڵۆزترو پر ئەرکترن کە دەسەڵاتێکی تاکرەو یان حزب و لایەنێک بە تەنها بێئەوانی دی بتوانێ نەک هەر چارەسەریان بکا بەڵکو تەماشاشیان بکات! ئێستا دیدی هەموو ئایدۆلۆژیاکان ئەوەیە کە دەتوانرێ لایەنی کەمی بەرنامەی کاری نیشتمانی دابرێژرێ ئەگەر هەموان ڕاستگۆبن لە پەرۆشیان و دڵسۆزبوونیاندا.

ئەزمــوون و شکــستی عەمەلــیش ڕۆڵیــان کەم نەبــوو لە دروســت بــوونی ئەم قەنـاعەتە تـازانەدا. بـۆ نمـوونە شکستی ئەزمـوونی سۆشیالیـستی لە ئاستی دنیـادا هەنـدێک لە وڵاتـانی دونیـای سێی ناچـار کـرد (هەنـدێک لە وڵاتـانەی پەیـڕەوی حزبی تاک ڕەوی وپەرەسـەندنی نا سـەرمایەداری تەرزی سۆسیالیزمی دەوڵەتی و سۆشـیالیزمی تایبەتیـان هەڵبژاردبـوو) چـاو بە پرۆگرامـی خۆیانـدا بخـشێننەوەو لە ئەلتەرناتیفە کــانی تریــشدا بەدوای دەرەتــانێکی واقیعییتــردا بگەڕێــن. ئێــستا مارکسیـستەکانی دنیـای سێ مـوتەوازیعتر، ئاگـادارتر لە جـاران پرۆژەکانی خۆیـان دەخەنە روو، لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێو وەڵامەکەشی یان بە ئایندەیەکی تر دەستپێدرێ (ئایندەیەک کە شکستێکی دیکەی پێ بێو دەرسێکی عەمەلی دیکەش پێــشکەش بکــات) وە یــاخود ســاتێکی راســتگۆیی گەرەکە کە ســەرچاوەکەی خوێنـدنەوەیەکی دروستی واقیعـی هەورازو نـشێوی ململانێـی سیاسی بێ، ساتێکی راسـتگۆیی هەمـووان تێیـدا وا رەفتـار بـکەن کە ژیـان بەم هەمـوو ووردەکـاری و گێژەنانەی خۆیەوە هەروا بەدیدێک، هەروا بە کۆششی کەسێک دەستەمۆ ناکرێت، پرسیارەکەش ئەوەیە: شکستی ئەزمـوونی سۆشیالیـستی و کورتهێنـانی بەرنامەکانی گەشــەپێدان لە وڵاتـانی سۆشیالیــستی جیهـانی سێ-دا وانەیەکـی باشـی بەخـۆدا چوونەوەبوو بـۆ چەپـرەوو چەپخوازەکانی ئەو وڵاتـانە، ئایا پێویـست و زەرورییە کە شکستی ئەزمـوونێکی ئوسـوڵی لە وڵاتێکی دونیـادا بە چـاوی خۆمـان بینـین تـاوەکو تونـدرەوەکانی دونیـای سێ لە حیکمەتی هەروا بە ئاسـانی دەسـتەمۆنەبوونی ژیـان تێبگەن؟! لەڕاستیشدا دیدی هەمەلایەنی ئایدۆلۆژی کە ئێستا خەریکە لە بەشێکی وڵاتانی خاوەن ئەزموونی جیهـانی سێچەکەرە دەکات بە تەنهـا بـواری هەنـووکەیی نــاگرێتەوە. مەبەســت لێــرەدا ئەوەیە کە ئێــستا تێــڕوانینە جیاجیاکــانی گرنــگ و بایەخـدارن نەک تەنهـا بـۆ مـشت و مـاڵکردنی پرۆگرامـی ئـاواکردنەوەی وڵات لە دوای قۆنـاغی رزگـاری نیـشتمانییەوە، بەڵکـو گرنگیـشن بـۆ تێگەیـشتن لە قەیرانـی ناسـنامەی نەتەوەیـی و نیـشتمانی، لە قەیرانـی ئینتیمـای رەگەزی و مەزهەبـی، لە قەیرانی وڵاتێکی داماو لە دووریانی بەرۆژئاوایی بوون و گەڕانەوە بەرەو سەلەفیەت. کە تا ئێستا لەم بوارەدا تەنها حیساب بۆ دیدی دەسـەڵات دەکـرا، بە واتـایەکی تـر ناسـنامەی نیـشتمانی و چارەسـەری هەمەرەنگـی ئەتنیکـی و مەزهەبـی تەنهـا ئەو چارەسـەرە بـوو کە دەسـەڵاتی فەرمـانرەوا پەیـرەوی لـێ دەکـرد. دیـارە ئەم جـۆرە تێڕوانینەی دەسەڵات بۆ خـودی مەسـەلەکانی ناسنامەی نیـشتمانی و ئیزدواجیەتـی ئینتمای ئەنتیکی و نیشتمانی لە وڵاتێکی فرە رەگەزدا هەمیشەو بە پلەی یەکەم بە

زیـانی نەتەوەو گـروپە بچوکەکـانی ئەو وڵاتە شـکاوەتەوە. بـۆ نمـونە لە عیراقـدا تیرۆرانینێکـی تـایفەگەری سـونی بـووە لەدژی شـیعەی زۆریـنەی عیـراق، یـان تیرۆرانینێکی رەگەز پەرستی عەرەبی بووە لە دژی گەلی کوردستان. کە هەڵبەتە بوار نەدان بە تیرۆرانینی پێچەوانەی تیرۆرانینی لە قاڵبدراوی (دەسەڵات) بە تەنها واتای رەتکردنەوەی دیدو بۆچوونی (ئەوانی) دیکەی دەرەوەی دەسەڵات ناگەیەنێ، بەڵکو خودی ئەو تیرۆرانینەی دەسەڵات کراون بە یاساو بەرنامەو هەڵسوکەوتی پیادەکراو لە دژی گروپ و نەتەوەکانی تر کە ئیدی بەم جۆرە هەرگیز زەمینەی حیواری نیشتمانی لەوڵاتێکی فرەرەگەزدا نارەخسێو سەرەنجام دەسەڵات بەوەی کە لە بری (دایەلۆگ) پەیرەوی لە (مەنەلۆگ) دەکا. گوێی لە دەنگ و روانینەکانی ئۆپۆزسیۆن نابێ و (ئەوانی تر)یش لە دەسەڵات بەدگومان دەبن.

پێویستە پێش چوونە سەر باسی (دیموکراسیەت)و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەی مەدەنیـیەوە ئەو سـەرنجەش بـدەین کە حیـواری نیـشتمانی وەکـو یەکێـک لە رەگەزەکانی (دیموکراسی) وا دەخوازێ جگە لە نیەتی بەرەو پێش چوونیش نەریتی پیادەکردن و تاقیکردنەوەش لەبەرچاو بگیرێت. چونکە پیادەکردن هەلەو چەوتیەکان دەردەخاو لایەنەکانی حیوار قالبووی ئەزموونی دیموکراسی دەکاو ئیدی لە درێژەی گەران بەدوای ئالیەتی گونجاوترو شێوە هەمەچەشنەکانی لێک حالی بووندا پرۆسەی حیوارەکە گەشە دەکاو تاقیکردنەوەکانیش دەبنە نەریتێک کە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان یەکێک لە لایەنەکان لێی پاشگەز ببێتەوە لەلایەن هەمووانەوە وەکو حاڵەتێکی نەشازو پەسەندنەکراو ئیدانەو سەرزەنشت دەکرێت و فڕێدەدرێتە دەرەوەی گەمەی سیاسییەوە!

ئۆپۆزسیۆن راوێژکاری بێمووچەو بێ بەرابەری دەسەڵاتێکی ژیرو ئاقلە. دەشێ ئەمە سەرەکی ترین وانەی هەلینجراوی ئەو ئەزموونە پێگەییوانە بێ کەشەقاوێکی گەورەیان لە پیادەکردنی دیموکراسیدا هاویشتووە. بەو مانایەی کە (دەسەڵات) لە رەوتی پیادەکردنی دەسەڵاتدا. لە درێژەی جێبەجێکردنی ئەرکە گەلێک کە بەو سپێردراوەو سەرقالی وردەکارییەکانی بووە. دوور نییە بکەوێتە هەڵەو چەوتییەوەو نەپەرژێتە سەر پێداچوونەوە بەکارەکانی خۆیدا وە یاخود لەو جێبەجێکردنەدا بۆشایی هەبێ و هەندێک بوار کە لە خانەی ئەرکەکانی ئەودان وەک دەسەڵاتێکی خزمەتگوزاری بە پشتگوێ خراوی مابنەوە. ئەو دەمە ئۆپۆزسیۆن وەک چاودێرێکی دەرەوەی دەسەڵات ئاماژەیان بۆ دەکاو رەخنەیان لێدەگرێ. دەسەڵات لێرەدا دروست وەک ئەو یاریزانەیە کە (فاول)و کەم و کورتییەکانی خۆی لە گەرمەی

گەمەکەدا نـابینیو تەماشـاکەری شـارەزاش بە تێبینیـیەوە لەو کیماسـیانە دەروانـێ، هێنـدە هەیە لە گەمەی دەسـەڵاتدا (ئۆپۆزسـیۆن) وەک تەماشـاکەرێکی هەڵـسوراو دەخوازێ خۆی جێگری (یاریزانی) فەرمانرەوا بێو بەو پێیەش بێجگە لە هاندان و چەپڵەلێدانی رەتکردنەوەو پەسەندکردن. راستەوخۆ بە گەمەکەوە تێ ئاڵاوە.

مەبەست لە ئۆپۆزسیۆن لێرەدا ئەو هێزە هەڵسوراوو ئامادە باشەیە کە بە فیعلی کاریگەری بەسەر رووداوە سیاسییەکانەوە هەیەو نیەتی وایە لە بچوکترین کەلێنەوە کە دەردەکەوێ دەسەڵات پیادە بکات. مەبەست لێرەدا ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیانەیە کە لە حـزب و رێکخـراوی بەرجەسـتە بـوودا خۆیـان رێکخـستووەو دەتـوانن مـایەی هەرەشە بن بۆ دەسەڵات تا ئەو ئەندازەی کە ئەمی دوایی بە ناچاری حیسابیان بۆ بکـا چ بە رێکەوتـن لە گەڵیانـدا یـاخود بە پاشـقول گـرتن و (سیاسـەت) پێکـردن، هەرەشەکانیان کەم بکاتەوە. واتا ئۆپۆزسیۆنێک کە خۆی بە ئەلتەرناتیفی دەسـەڵات بزانـێ دەنـا ئەگەر مەسـەلەکە بە تەنهـا رەخـنەو پێـشنیارکردن بـێ خـۆ ناوەنـدەکانی گوشار دەتوانن ئەو ئەرکە باشتر جێبەجێبکەن. ئەمەو سروشتی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کە تــا ئەو دەمەی لە پێگەیەکــی بەرهەڵــستکارییەوە هەڵوێــست لە مەســەلەکان وەردەگـرێ، پرۆگرامێکی بـۆ چارەسـەرکردنی سـەرجەم گرفتەکانی کۆمەڵگا دانـاوەو چـاوی رەخنەگرتنـی میکرسـکۆب ئاسـا بچـوکترین کەم و کورتیەکـان دەبینـێ. هەر ئەمەشـە وای لە وڵاتـانی خـاوەن ئەزمـون کـردووە کە لە پرۆسـەی ئـالوێر پێکردنـی دەسـەڵاتدا کەڵـک لە هەردوو پـێگەی دەسەڵات و ئۆپۆزسـیۆن وەربگـرن، دەسـەڵات هەروەکـو (جـۆن کنیـدی) سـەرۆکی کـۆچ کـردووی ئەمریکـا دەیگـوت مەزنە بـۆ پیـادەکردن و جێبـەجێکردنـی دیـدو بۆچوونەکـان. ئۆپۆزسـیۆنیش بـۆ رەخنەگـرتن و چاودێریکردنی رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵات و جاربەجـاریش راوێژپێکـردن لە کێـشەو مەسـەلە گرنگەکانـدا، دەلێـی لەوێـدا گەمەیەک بـۆ دابەشـکردنی ئەرک و رۆڵەکان دارێژراوەو هەمووان خۆرسکانە لە هەوڵی جێبەجێکردنیدان.

## 9

ئەگەر بنـۆڕینە وێنەیەکـی پەسـەندکراو بـۆ گەمەی سیاسـی لەهەر وڵاتێـک کە خواستی جێگیری و تەندروستی ژیانی سیاسی هەڵسوکەوتی هەڵسوڕانی ئەو گەمەیە ئاراستە بکات ئەوا دەبێ ئەو وێنەیە شوێن و پلەی جیاجیا بۆ هەموو رێکخراوو حزبە سیاسییەکان دیاری بکات، هاوکێشەی (ئۆپۆسزیۆن ـ دەسەڵات) بەوە چارەسەر بکات کە هەمـووان لە گەمە سیاسییەکە تێوەگلێنێ. بـنکەی حـوکمڕانێتی فراوانتـر بێـت بـۆ

ئەوەی ئۆپۆزسیۆنیش بە ئەرکە گرانەکانی فەرمانرەوایی ئاشنا بێت و ئەو ئاستەنگیانەش بەچاوی خۆی ببینێ کە دەبنە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی هیواو خواست و بەرنامەکاندا. لە وێنەیەکی پەسەندکراوی وادا ئەگەر ئالوێرپێکردنی دەسەڵاتیش روونەدات ئەوا فراوانکردنی بنکەی ئەو دەسەڵاتە دەرفەتێک دەداتە ئۆپۆزسیۆن بۆ ناسینەوەی ئالیەتەکانی دەسەڵات و بەربەستەکانی تاوەکو لە ئایندەدا ئەگەر گەراشەوە بۆ پێگەی ئۆپۆزسیۆن شوێنی بەرنامەکانی واقیعی ترو گونجاوتر دابرێژێتەوە. لێرەدا بەشداریکردن لە دەسەڵات جیدیەتی پرۆگرام و بیرۆکەکان لە مەحەک دەدا. هەروەها جاری وا هەیە ئەو فراوانکردنەگرفتەکانی باڵە جیاجیاکانی دەسەڵات چارەسەر دەکات، لە وتارێکدا لە بارەی بە ئیئتیلاف کردنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم و بەشداری حزبە بچوکەکان بۆ ئەم مەبەستە ئیشارەتێک دراوە (ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەو حزب و لایانانە لە حکومەتی ئیئتیلافیدا بوارەکانی ئیحتیکاک لە نێوان یەکێتی و پارتی کەم دەکاتەوەو ئەوەش پێویستییەکی گرنگە بۆ خاوترکردنەوەی گرژییەکان)

لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەو وێنەپەسەند کراوە لە واقیعدا نموونەیەکی هەبێ تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا کە نەریتی دەوڵەتیو کەلتوری دیموکراسی بوونیان هەیە. هێندە هەیە کە دەخوازرێ بزاڤی گەمە سیاسییەکە بەکارو ماندووبوون بە تەنیشت وێنەکەدا گوزەربکاو لەدەوری بخولێتەوە، تا ئەو دەمەی باشترین هاوسەنگی لە وێنە پەسەندکراوەکە لە نێوان هاوکێشەی ئۆپۆزسیۆن – دەسەڵات دروست دەبێو مەرجەکانی گەمە سیاسییەکە لە دۆخێکی هێوردا دەخەملێن.

بەڵام سیماکانی دیاردەی ئۆپۆزسیۆن و راوەستانەوەی لەبەردەم دەسەڵات لە وڵاتانی رۆژهەڵات بە تایبەتیو دونیای دواکەوتوو بە گشتی چۆنە؟

## 10

دەگوترێ دیاردەکان دژەکانی خۆیان بەرهەم دێننەوە پێشینەی مێژوویی دەسەڵات لە رۆژهەڵاتدا کەلتوری دەسەڵاتی رەهای بنیات ناوەو لەهەمبەر هەر دەسەڵاتێکی رەهاشدا هەڵبەتە رەتکردنەوەو بەگژدا چوونەوەیەکی رەها دروست دەبێ، لە زەمانی دێرینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیاییدا بەهۆی سرۆشتی ئاوو هەواو جوگرافیای ئەو وڵاتانەوە. کشتوکاڵ کە بنچینەی ئابووری کۆمەڵگە جێگیربووەکان بوو، پێویستی بە بەربەست دروستکردن و کەناڵەکانی ئاودێری هەبوو.

ئەم پرۆژە گەورانەش لە توانای تاکە کەسدا نەبووە. هەمیشە بزواندنی چالاکییە ئابوورییەکانی کۆمەڵ بە دەوڵەت سپێردراوە. هەر ئەمەش پیرۆزییەکی رەهای بە دەسەڵاتی رۆژهەڵاتی بەخشیووەو پادشاو فەرمانڕەوای کردووە بە سێبەرو جێگری (خوداوەند)

لەم پێناوەشدا تا ئێستا نزاو پاڕانەوەی سۆمەرییەکان بو (پادشایەک رزق دەبەشێنێتەوەو زوریەت دەبەخشێ) لە تۆمارەکانی مێژوودا هەڵگیراون هەڵبەتە دەسەڵاتێک کە سێبەرو سایەیەکی پیرۆزبێ هی ئەوە نییە بەرهەڵستی بکرێ و بەم پێیەش هەموو بەرهەڵستکارییەکانی مێژووی رۆژهەڵات بەهەڵگەرانەوەو یاخی بوون خوێندراونەتەوەو دەسەڵاتی رەهاش زۆر بێ‌رەحمانە سەرکوتی کردوون. لە بەرامبەر هەر فەرمانرەوایەکی رەهادا کە بچوکترین نارەزایی پێ قووت نەدراوە ئۆپۆزسیۆنێکی رەها دروست بوو کە دەسەڵاتی بە هەموو مێژووو سەرووەرییەکانییەوە، بە هەموو دەزگاو لقەکانییەوە رەتکردۆتەوەو خۆشی بە درێژایی مێژوو بە رۆحێکی شیعەگەراییەوە تەجەلی لەگەڵ داب و نەریتی ئۆپۆزسیۆندا کردووەو تەنانەت چێژی لە ئازار پێگەیشتنی خۆی وەرگرتووە. بە ئیعتباری بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی رەهای هەڵگەراوە لەبەردەم دەسەڵاتێکی رەهای بەخشندەدا بەشێکی زۆری مێژووی فەرمانرەوایی لە رۆژهەڵاتدا ئەزموونی دەسەڵاتێکە لە بواری جێبەجێکردنی هەردوو ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و سەرکوتکردنی هەڵگەراوەکاندا. ئیدی تەواو ئەو کەلتورە چەسپاو بوو بە باو کە دەسەڵات لە جیهانی سێدا وڵات ئاوادەکاتەوە بۆ رازیکردنی رەعیەت و ئۆپۆزسیۆنیش سەرکوت دەکا. لەو نێوانەشدا تۆپۆزسیۆن راوێژکاری دەسەڵات نییە، بەڵکو گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی توانای سەرکووت کردنیەتی!

پاشماوەی ئەو نەریتە خراپەی هاوکێشەی (دەسەڵات – ئۆپۆزسیۆن) لە رۆژهەڵات کەشێکی وای خولقاندووە کە ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی گشتی ئەم سیمایانەی خوارەوەی هەبێت. هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان سکێچێکە بۆ ئۆپۆزسیۆن نەک وێنەیەکی سەد دەرسەد لە واقیعدا هەبوو:

* ئۆپۆزسیۆنێکە بە گومانە لە دەسەڵات، قینی لێیەتی، ئەزموونی لە دەسەڵات پیادەکردندا کەمەو وا رەفتار دەکا کەبوونی لە ئۆپۆزسیۆندا ئەزەلییە.

* ئۆپۆزسیۆنێکە هەموو جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ دەسەڵاتدا رەتدەکاتەوە، سنوورێکی لە نێوان پانتایی تایبەت بە خۆی و پانتایی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدا

کێشاوەو نایبەزێنێ، کاری بۆ ئەوە نەکردووە مەودایەک بۆ هامشۆکردنی نێوان خۆی وەکو ئۆپۆزسیۆنێک و دەسەڵات وەکو ئامرازێک بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی بهێلێتەوە. (موی مەعاویە)شی پساندووە. لەوە بەهەرەمەند نەبووە کە دەسەڵاتێکی میانرەو لەسەرکاربێ‌و، ئەویش هاوکاری بکا. ئیدی بەمجۆرە:

* دیدی ئۆپۆزسیۆن بۆ بەرهەڵستکاریکردنی دەسەڵات ئەوەیە کە هەموو بەرهەڵستکارێک دەبێ لەدەرەوەی پێکهاتەی دەسەڵات بێ. مامەڵەکردنی لەگەڵدا حەرام بکاوو بە خیانەتی نیشتمانی و ناجوامێری و ناشۆڕشگێری لە قەڵەم بدا. لە بەرامبەر توندو تیژی دەوڵەتدا جوانترین گوزارشتەکانی خۆی لە کاری بەرهەڵستکاری و لە بەکارهێنانی چەک و توندو تیژیدا ببینێتەوە. واتا ئۆپۆزسیۆنێک نییە کە لە پەرلەمان قرەی بێ‌و کورسی لە نەیارانی خۆی بەرزبکاتەوە، لە راستیدا توندوتیژی ئەگەر لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانیدا رەوا بێت و وا تەماشا بکرێ کە رەتکردنەوەی هەموو جۆرە هاوکارییەکە لەگەڵ دەسەڵاتی بێگانەدا با دیموکراسیش بێ. ئەوا لە دۆخی دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا توندوتیژی دژە توندوتیژی بەرهەم دێنێ‌و سەرەنجام کۆمەڵگە خوو بە کەشێکی نادروستی سیاسییەوە دەکرێ. ئەمە لە کاتێکدا تەنانەت بزوتنەوە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکانیش کەڵکیان لە دیموکراسیەتی داگیرکەرانیان وەرگرتووەو وەکو کەناڵێکی دیکەی خەبات بەکاریان هانیووە.

* ئەم نەریتانە وای کردووە ئەگەر دەسەڵاتێکی نیشتمانیش لە ئارادا بێ‌و کار بۆ بوژاندنەوەی وڵات و پاراستنی نیشتمان و ئاوەدانکردنەوەو دیموکراسیش بکا هێشتا (ئۆپۆزسیۆن) بە گومانەوە لێی دەروانێ‌و کەناڵێک بۆ دەست بەکاربوون و هاتنە مەیدانی خۆی نابینێتەوە. یان ئەگەر ئەو دەسەڵاتەش پەسەند بکا پەنا دەباتە بەر پاڵدانەوەو لە جیاتی ئەوەی گەشە بە گەمەی سیاسی بدات هاوکێشەیەکی ئاساییو هێوری (ئۆپۆزسیۆن – دەسەڵات) بخەملێنێ. خۆی لە ناو پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەتوێنێتەوەو جارێکی دیکە دەسەڵاتی رەهای بێ ئۆپۆزسیۆن دێتەوە گۆڕەپان. هەڵبەتە لە حالی ئاودیوکردنی رەوشی دیموکراسیدا ئیمکانی ئەوەش دێتە بوون کە دەسەڵاتی نیشتمانی لەبەر نەبوونی سەرزەنشت و رەخنە لێ گرتن بە حوکمی خۆتواندنەوەی ئۆپۆزسیۆن تووشی هەڵەو چەوتی ببێ سەرەرای نیەتی پاکی خۆی لە خزمەتکردن و کار کردن بۆ پێشکەوتنی وڵات.

لە لایەکی دیکەشەوە (دەسەڵاتی رۆژهەڵاتی) کە وەکو گوتمان سروشتێکی دیکتاتۆری رەهای هەیە وا دەروانێتە ئۆپۆزسیۆن کە:

* بوونەوەرێکی نامۆیە بە جەستەی نیشتمان و زۆر جار تاوانی (خیانەتکاری نیشتمانی) دەداتە پاڵ. هەر جۆرە هاوپەیمانیەتێک کە ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ هەر ڕێکخراوێکی بیانی و هەر ناوەندێکی نێو دەولەتی ببەستێت با ئەو ڕێکخراوە خێرخواز، یان تایبەت بە مەسەلەکانی مافی مرۆڤیش بێت، ئەوا دەسەڵات بە چاوی گومان و سەرزەنشتەوە تەماشای دەکا. دەسەڵاتی دیکتاتۆری سودان لە کاتێکدا خۆی کێشەکانی وڵاتی بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە هەر بانگەوازێکی ئۆپۆزسیۆنی سودانی بۆ مواداخەلەی ڕێکخراوە خێرخوازەکانی (UN) لە پێناوی رزگارکردنی خەڵکی برسی لە باشووری وڵاتدا بە خواستی هێنانە ژورەوەی بێگانە لە قەڵەم دەدا. مام جەلال لە دیدارێکی رۆژنامەنووسیدا ئاوەها رەخنە لە قەناعەتە چەوتەکانی رژێمی عیراق دەگرێ کـــە ئۆپۆزسیۆنی عیراق بە گشتی و هی کورد بـــەتایبەتی بە نۆکەری بێگانە دەزانێ (بۆچی بۆت هەیە - مەبەست لە رژێمی عیراقە- سازش لەگەڵ ئێران و تورکیا بکەی لە دژی من و لە منی حەرام دەکەی؟ ئایا تۆ سوپـــەرمـــانی و لە بەنی ئیسرائیلی؟ تۆ عیراقیت و منیش هەروا، ئەوەی بۆ تۆ دەشێ بـــۆ منیش شیاوە. ئەگەر پەیوەندی تۆ لەگـــەڵ ئێران حەرام بێ پەیوەندی منیش حـــەرامە. بەڵام ناکرێ لە منی حـــەرام بکـــەیت و خۆشت پەیوەندیت هـــەبێ لەگەڵ تورکیا، ئـــەوان لەبەر خاتری تورکیا لەگەڵ ئێمە ڕێک نەکەوتن کە ئێمە رۆڵەی عیراقیشین و ویستمان لە کاتی شەڕدا هاوکـــاریيان بکەین، بەڵام حەرامە بۆ ئێمە سەردانی خوالێخۆشبوو تورکوت ئۆزال، یان سەرۆک دیمیریل بکەین.

* هەر لەو روانیـــنە چەوتەوە دەسـەڵات ناسـنامەی نیـشتمانی لە ئۆپۆزسـیۆن دەستێنێتەوە گوایە ئۆپۆزسیۆن بە پەیوەندی کردن لەگەڵ بێگانە، یاخود بەڕوو بەروبونەوەی دەسەڵاتێکی خۆماڵی کارێکی نانیشتمانی پەیرەو دەکاو هی ئەوەیە لە سەری سزا بدرێ یان زۆرجار بەوە (ئۆپۆزسیۆن) تاوانبار دەکا کە سنووری بەرژەوەندییە باڵاکانی بەزاندووە بێئەوەی خودی دەسەڵات مەوداو شێوەی ئەو بەرژەوەندییە باڵایانە دیاری بکات، تاوەکو ئۆپۆزسیۆنیش لەو سنوورە تێنەپەرێ، پرسیارەکە بۆ نموونە لێرەدا ئەوەیە ئایا پاراستنی ئەمنی قەومی عیراق واتای پاراستنی کورسی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەگەیەنێ تاوەکو سەرجەم ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە خەباتیاندا بۆ روخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆر بە خائینی نەتەوە لە قەڵەم بدرێن؟

* ئەگەر دەسەڵات بۆ تەکتیکی سیاسیش بیەوێ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا ئاشت ببێتەوە ئەوا ئەو ئاشتبوونەوە وا دەخاتە روو کە گوایە گەرانەوەی گروپێکی سەرلێشێواوە بۆ ژێر (خیمة الوحدة الوطنیة)ی دەسەڵاتی باوک، نەک وێک گەیشتنی دوولایەنی چوون یەک کە چارەنووسی سیاسی خۆیان لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ژێر دەواری گەمەیەکی سیاسی شێنەییدا بینیبێتەوە.
* لە باشترین حاڵدا ئەگەر (دەسەڵات) پەنا بۆ تۆمەتی (خیانەتی نیشتمانی) یش نەبا رەنگە لەبەر بەشداربوونی ئۆپۆزسیۆن لەسەروەرییەکانی سەردەمی خەباتی رزگاری نیشتمانیدا کەچی وێڕای ئەوەش خواست و داواکارییەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە پێناوی هاوبەشی لە دەسەڵاتدا بەچاوچنۆکی و بەرژەوەندی تایبەتی دەخوێنێتەوە لە کاتێکدا ئەو خواستە رەواو سروشتییە نەک هەر بۆ هاوبەشی لە دەسەڵات دا، بەڵکو بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتیش! یاخود لە دۆخێکی تردا داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە بواری چاککردنی دۆخی گوزەران و باری ئابووری وڵات و رەوشی دیموکراسی بەپەلەکردن و هەڵەشەیی دەناسێنێ کە گوایە وەختی ئەو داخوازیانە نەهاتووەو بانگەواز بۆ کردنیشی دەچێتە خانەی ئیحراج کردنی دەسەڵاتەوە، ئەگەر تەماشای دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە عیراق بکەین دەبینین پتر لە سی ساڵە دۆخی ناسک و نائارامی نەبراوەتەوە تاوەکو (بەعس) بپەرژێتە سەر دارشتنی (دەستورێکی هەمیشەیی)!

ئیدی بەم شێوەیە (دەوامە)کەی سارتەر دووبارە دەبێتەوەو لە رەوشی مەنەلۆجی هەریەکە لەگەڵ خۆیدا و لە نەبوونی دیالۆگدا، دوور نییە لە کاتی هاتنە سەر کاری ئۆپۆزسیۆنیشدا هەمان چەوتییەکانی دەسەڵات دووبارە ببێتەوەو (کل حکومە تلعن أختها)!

سەرەڕای ئەو سیما گشتیانەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ئەگەر وردتر لە هەندێک ئەزمونی دونیای سێ بکۆڵینەوە تێبینی دەیان و سەدان نموونەو مۆدیلی سەیرو سەمەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دەکەین، بۆ نموونە (حکومەتی ئەتاتۆرک) دوای ئەوەی سەرکوتی بزوتنەوەی کوردی ئەنجام داو لە پێناوی رێچکەی تایبەتی بە رۆژئاوایی کردنی تورکیا هەموو توخمەکانی دیموکراسیەتێکی ئاسایی بەلاوەنا دەبینین لە نامەیەکدا یەکێک لە برادەرەکانی خۆی رادەسپێری تاوەکو حزبێکی کۆمۆنیستی مالی و کلک وگوێکراو پێک بێنێ! لە نموونەیەکی تری وەکو لوبناندا ئۆپۆزسیۆنێکی تایفەگەری لەبەردەم دەسەڵاتێکی تایفەگەری قووت ببووە نەک بەو واتایەی ئەو دەسەڵاتە نانیشتمانییە یاخود حکومەتێکی مەدەنی پێک نەهانیووە. بەڵکو لەبەر

ئەوەی تایفەی ئۆپۆزسیۆن بێبەری کردووە لە ئیمتیازات. واتا دووبەرەی تایفەگەری یەکێکیان کەڵک لە تواناکانی دەوڵەت وەردەگرێ و ئەوی دیکەشیان گۆرەپانی ئۆپۆزسیۆنی بۆ خۆی پاوان کردووە.

لەمجۆرە نموونانەدا کاری ئۆپۆزسیۆنی لەوەدا کۆتایی دێ کە لە بریتی گروپی دەسەڵاتدار ئیمتیازاتەکان ببەخشرێ بە گروپەکەی تر، چونکە گروپی یەکەم زۆری بەرکەوتووەو نۆرەی دووەمە! هەڵبەتە لە دۆخێکی واشدا ئاساییە کە ئالیەتەکانی ئیش کردن بۆ ئۆپۆزسیۆن و تێڕوانینەکانی بۆ ئایندەی دەسەڵات جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێ لەگەڵ ئالیەتەکانی ئیش کردنی دەسەڵات و تێڕوانینەکانی. ئەمما نموونەی ئۆپۆزسیۆنی توندڕۆی جەزائیر لەگەڵ حکومەتی سەربازیدا (پێش هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە) ئەوا وردەکاری ئەوتۆی تێدایە کە دەخوازرێ باسی سەربەخۆی لە بارەوە بنووسرێ، هێندە بەسە کە بڵێین ئەوان تەنانەت (مێژوو)شیان لەگەڵ دەسەڵاتدا بەش کردووەو خۆیان بە میراتگری خەباتکارانی خەباتی رزگاری نیشتمانی لە جەزائیر دادەنێین و پێیانوایە کە ئەوەی ئەو خەباتکارانە دوای دەرکردنی فەرەنساییەکان لە نیوەی ڕێگا بەجێیانهێشت ئەوان تەواوی دەکەن و دەیگەیەننە دوا مەنزڵ!

به ئیئتلاف کردنی کابینەی سێیەم و چەند سەرنجێک ستران عبدالله. کوردستانی نوێ، ژ (805) رۆژی 1994/11/30.

(پەراوێزەکان:

(التكوين الاجتماعي الاسيوي في منظور الفلسفة الشرقية القديمة) یون بانو لە کتێبی: ست دراسات في النمط الاسيوي للانتا ج، تحرير و ترجمة أحمد صادق سعد. دار الطليعة بيروت ط 1- 1997 ص 116.

نص حوار الطالباني مع جريدة شيحان الاردنية. الحلقة الثالثة صحيفة الاتحاد. لسان حال الاتحاد الوطني الكردستاني عدد (140) 15 تموز 1995.

# پەراوێزکەوتووانی کوردەواری و..
# پەراوێزێکی دیکەی گەمە بۆ کوردایەتی*

پەراوێزەکانی کۆمەڵ کێن؟ ئەوانەی کە لەپەراوێزی ململانێ سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەگوزەرێنن و بەحیسابی رەسمی، گشتگیرو تێڕوانینی سەرەتاییەوە، هیچ رۆڵێکیان لەهەڵسووڕانی کۆمەڵدا نییە، کێن و لەهەر کۆمەڵێکدا کێ پەراوێزەو کام توێژی کۆمەڵایەتی لەکەنار شەپۆلی پێکادانی پێکهاتەو چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵدا کز لێی دانیشتووە؟ ئایا پەراوێزەکانی کۆمەڵ تەنها پەراوێزن لە لێکدانەوەی رەسمی ناوەندەکانی کۆمەڵ و توێژو گروپە سەربەستەکانی کۆمەڵ؟ یاخود بەفیعلی لەهەڵسووڕانی ژیان و گوزەران، لەبەڕێوەبردنی چالاکییەکانی کۆمەڵیشدا پەراوێزن و بەوپێیەش لەگەمەی کۆمەڵایەتی و بزاڤی سیاسی کۆمەڵ دا بێ بەش کراون؟

بۆچوونی پەراوێز کەوتنی دەستە، یان چەند دەستەیەک لەکۆمەڵدا لەلای پتر لە بیرمەندێک قسەی لەسەرکراوە. بەگشتیش ئیشکالیەتەکە ئەوەبووە ئایا پەراوێز کەوتووانێک کەلە هەڵسووڕانی چالاکییەکانی کۆمەڵدا پشکیان نەبێت چۆن دەتوانن لەفیعلی گۆڕانکارییدا بەشداری بکەن؟ لای بیرمەندە کلاسیکییەکانی مارکیسیزم چینی کرێکار بەوەی کەهەڵسووڕانی کاری لە ئەستۆدایە بەهەمان شێوەش دەتوانێ فیعلی گۆڕان لەکۆمەڵگەدا ئەنجام بدا، چونکە ئەو بەمانگرتن، یان راگرتنی تەوعی کاری خۆی، دەتوانێ ببێتە مایەی لەکارکەوتنی کۆمەڵ. مارکسیزم گۆڕانی بەپرۆلیتاریا سپارد نەتەنها لەبەرئەوەی چەوساوەیە، بەڵکە لەبەرئەوەش کەچینی کرێکار هەڵسووڕانی چالاکییە ئابوورییەکانی لەئەستۆدایەو هەرئەویش دەکاریێ شۆڕش بەرپابکات و پۆلێنکردنێکی نوێی ریزبەندی چینەکان دابڕێژێ. لەبەرئەوە لەو سەردەمانەی هەرەسی ئۆردوی سۆشیالیزم گفتوگۆی راشکاوانەی هێنایە واری حیواری فیکرییەوە، ئابووری زانێکی وەک د.فوئاد مورسی لەکتێبی (الرسمالیه تجدد

* ساڵی 1997 لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە.

نفسها) پرسیاری کرد ئەگەر تەکنەلۆژیا جێگای کرێکاری گرتەوە ئایا پرۆلیتاریا هەمان پەیامی جارانی لەئەستۆدایە؟

لەراستیدا ئەم پرسیارە تەنها هی د. فوئاد مورسی نەبوو، هەروا بەو مەبەستەش نەکرابوو کەئیتر کرێکاران چەوساوەنین و داواکردنی مافەکانیان لەجێی خۆیدا نییە. بەڵکو ئەم پرسیارە مەنتیقی سیاسی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر پێوەر تەنها چەوساندنەوەبێت خۆ ژنانیش چەوساوەی کۆمەڵگای پیاو سالارین، کەچی نەگوتراوە کەدونیا لەسەردەستی وان رزگاری دەبێت. بیرۆکەی پەراوێزکەوتووانی کۆمەڵ دوورایيەکی دیکەشی هەیە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا کەئەویش هاوکێشەی پەراوێزکەوتن لەلێکدانەوەی رەسمی سەردەستەکانی کۆمەڵ و پەراوێزکەوتن لەبەرێوەبردنی چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەدا. بەواتایەکی تر ئەو توێژو گروپانەی کۆمەڵگە حیسابیان بۆ ناکات لە مامەڵەی کۆمەڵایەتی خۆی، لەماکینەی پرۆپاگەندەی خۆیدا، رەچاویان ناکات مەرج نییە ئەوانە لەبەرێوەبردنی چالاکییەکان و هەڵسووراوانی کۆمەڵدا هیچ رۆڵێکیان نەبێت. لەسەرێکی دیکەشەوە گروپە پەراوێزکەوتووەکان مەرج نییە ئتر لەفیعلی گۆراندا بەشداری ناکرێن تەنها لەبەرئەوەی گوایە لەبەرێوەبردنی چالاکییەکانی کۆمەڵدا دەستیان ناڕوات. بەڵکو گەلێک جار ئەم گروپە پەراوێزکەوتووانە لەبەر ئەوەی زۆربەی گرژییەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەواندا کۆبۆتەوەو هەروەها لەبەرئەوەی زیان لێکەوتوویی یەکەمی ناهاوسەنگی کۆمەڵگەو دەوڵەتن، دەبینی بزوتنەوە سیاسییە ژیرو لێزانەکان جێگای ئەو پەراوێزکەوتووانە دەکەنەوە، چونکە کۆمەڵگە لەشێوەی ئێستایدا هیچی تیا بەسەر نییە بۆ وان بۆیە خەم لەوەک خۆی مانەوە کۆمەڵگە ناخۆن و بگرە بەخۆشییەوە تێکەڵ بەو جموجۆڵە دەبن کە دەخوازێ گۆڕان بەرپابکات.

ئەم قسەیە بەتایبەتی بۆ ململانێ ئەتنیکی و بۆشەڕی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان لەگەڵ داگیرکەراندا. دەشێ و دروستە، چونکە لەململانێ و بزوتنەوە نەتەوایەتییەکاندا پاڵنەرە ئەتنیکی و جیاوازییە کەلتوورییەکان رۆڵی گەورەتر دەبینن لەپاڵنەرە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەرچی شێوەی بەرێوەچوونی کۆمەڵ و ریزبەستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێردەست، لەیەک وڵاتدا، تەئسیری خۆشیان لەسەر بزاوتی ململانێ نەتەوەییەکان هەیە. بەڵام پاڵنەری نەتەوەیی کاری خۆی وادەکات کە چەوسانەوەی نەتەوەیی بەچڕترین شێوە لە پەراوێزکەوتووانی نەتەوەی ژێردەست دەربکەوێت بەوجۆرەی ململانێی ئەتنیکی رۆڵی گەورەی لەخواستی گۆڕانکارییدا بگێرێت. واتا ئەوەی کەزاناو دۆستی کورد

ئیسماعیل بێشکچی ئاماژەی پێ دابوو کەمێژوو تەنها بریتی نییە لە ململانێی چینەکان، بەڵکو بریتیشە لەململانێ ئەنتیکییەکانیش.

لەسەرینی ئەمەوە تێدەگەین کەبۆچی هربرت مارکۆزە دەربارەی پەراوێزکەوتووەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری زیاتر پرسیاری وروژاند، نەک روانینەکانی فرانز فانون دەربارەی ئەو توێژو چینانەی کەچەوساوەکانی سەر زەوین. روانینەکانی مارکۆزە دەربارەی پەرەسەندنەکانی ململانێی چینایەتی و هەڵسووڕانی چینایەتی لەکۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان دەدوێت و پێی وایە کەپەراوێزکەوتوانی وەک ژنان ، پێست رەشەکان و خوێندکاران دەتوانن ئەو گروپە نوێیانە بن کە گۆڕان لەکۆمەڵی سەرمایەداری ئەنجام بدەن دوای گۆڕانی تۆبۆگرافیای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە سەرمایەدارییانە. بۆچوونەکانی مارکۆزە گۆمانێکی ئاشکرابوو لەرۆڵی سەردەستەیی چینی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، لەبەرئەوە ئەو پرسیارەی بەرامبەر ورووژێنرا ئایا خەڵکە پەراوێزکەوتووەکانی (مارکۆزە) کەبەرهەم هێنانی بەرهەمی کۆمەڵایەتی لەئەستۆی واندا نییە دەتوانن چی بکەن؟ لەکاتێکدا ئەوان خۆیان پەراوێزن لەکارو لەبەڕێوەبەردنی کۆمەڵگەدا ، دەتوانن چی رۆڵێک لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بنوێنن؟ ئەوانەی بەرهەڵستی مارکۆزەیان دەکرد شکستی بزوتنەوەی خوێندکارانی ئەوروپایان لەکۆتایی شەستەکاندا وەک نموونەی بەرپەرچدانەوەی قسەکانی وی دەهێنایەوە.

لەکاتێکدا روانینەکانی فرانزفانون زیاتر دەربارەی رێزبەندییە کۆمەڵایەتییە تازەکانی کۆمەڵگای جەزائیر بوو لەدۆخی شۆڕشدا، ئەویش نەک بۆ شۆڕشێکی چینایەتی هەنووکەیی، بەڵکو بۆ سەرخستنی کێشەیەکی نیشتمانیی کەخۆی لەرەتکردنەوەی سیاسەتی داگیرکاری فەرەنسای ئەودەمەدا دەبینیەوە. لەشێوەی گشتیدا بۆچوونەکانی (فانون) ئەگەرچی تایبەتمەندی جەزائیرو ئەفریقای رەچاوکردبوو، بەڵام ئەوەشی سەلماند کەپەراوێزکەوتوان لەململانێی نەتەوەییدا دەتوانن رۆڵێ مەزن بگێڕن لەبزوتنەوە نەتەوەییەکەدا ئەگەرچی لەکۆمەڵیشدا ئەوان هەڵسوڕێنەری چالاکییە ئابوورییەکانی بەرهەمهێنان نەبن.

جا ئەگەر بۆچوونەکانی مارکۆزە بوونە رەوتێک لەبیرکردنەوە کەتائێستا مشتومڕ لەسەر تێزەکانی دەکرێت و لەبەرامبەریشدا (فانون) ناوی لەنێواندا نەما، بەڵام فانون بۆ بزوتنەوە نەتەوەییەکە چاکی کرد کاتێک نیشانیدا گرژی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی زیاتر کەوتەسەر کام گروپی نەتەوەی ژێردەست، ئەوا دەشێ ئەوانە باشتر بخرێنە گەڕ لەبزوتنەوەی نەتەوایەتی لەرێگای وەدەستهێنانی مافە

نەتەوایەتییەکانــدا. پێــشدەچێ هەر لەبەرئەوەی شۆڕشــگێڕانی جەزائیـــر (بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی) بەقسەی فانون-یان نەکردو توێژی پەراوێزکەوتووانیان فەرامۆش کرد، بۆیە شۆڕشی جەزائیر دوای سەرکەوتنی نەیتوانی ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراتی و نیشتمانیی بەجێ بێنێ و سەرەنجام، چونکە هەناسەی شۆڕشگێڕان کــورتی هێنــا ڕەوتێکــی پاشــڤەڕۆ دەرکەوت کە زەمیــنەی دەرکەوتنــی نــاوچە پەراوێزکەوتووەکانی دەرەوەی پایتەخت و شارە گەورەکانی جەزائیر بوو. بەوجۆرە نەوەی ملیۆنان شەهیدی جەزائیر، ئەوانەی شەهیدبوونی کەسو کارو خانەوادەکانیان بــێ سەرپەرشــتیاری کــردن بــوونە ســووتەمەنی ئــاگری هەڵایــساوی ئەو ڕەوتە پاشڤەڕۆیە. واتا ئەوانەی موڵکی بزوتنەوەی نیشتمانیی بوون لەبەر پەراوێزکەوتنیان چوونە سەنگەری بزاڤێکی بێ هودەوە. ئەگەرچی نموونە هێنانەوە بە مارکۆزەوە و فانون بۆ ئەوەنییە شیکردنەوەیەکی مارکسیانە لەبابەتی پەراوێزکەوتواندا بسەپێنین، بەڵام هەردوو بیرمەندی ناوبراو دوو درەوشاوترین نموونەی ئەو بوارەن، بەتایبەتی ئەوان بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی جێگای باس و خواسیان سەڵیان لەشکاندنی ڕێسا مارکسییەکانیش نەدەکردەوە.

عیبــرەتەکە لێــرەدا ئەوەیە کەدەبێــت خوێنــدنەوەکان تایبەتمەنــدیی خۆمــاڵی ڕەچاوبکەن. ئەمەش بەتایبەتی لەمەسەلەی پەراوێزکەوتواندا ئاشکرا دەردەکەوێت.

بەوپێــیە حــاڵی پەراوێزکەوتــووان لەکــوردەواری و ڕەنگــدانەوەی ئەو حــاڵەش لە کوردایەتیــدا بەهەمــان شــێوە پێویــستە بەشــیکردنەوەیەکی واقیعــی و خۆماڵیــانەی ئەوتۆبێــت کەلەپــاڵ کەرەســتە تیورییەکانی بەردەستدا تایبەتمەنــدی کــوردەواری و کوردایەتی لەبەرچاوبگرێت کەئێمە لێرەدا هەندێک ئاماژەی لەبارەوە دەردەبڕین بەو ئومێــدەی بــۆ ئاییــندە زیــاتر بچیــنەوە ســەری و نووســەرانی دیــکەش ســەودایەکی لەگەڵدابکەن.

لەنموونەی کۆمەڵی کوردەوارییدا، خواستی گۆڕان بۆ دەسکەوتنی مافە نیشتمانیی و نەتەوەییەکــانە هــیچ نەبێــت لەم قۆنــاغەدا لەبەرئەوەی ئەو هەلــومەرجەی بەســەردا پراکتیــک دەبێــت کەلەبــزوتنەوە نەتەوەیــیەکەدا بــرەوی هەیە. ئەمە ئەو ڕاســتییە ناسرێتەوە کەلەپەیوەندی (نەتەوەی کوردی ژێردەست و دەسەڵاتی ناوەندی سەربە نەتەوەی سەردەســت لەعیراقــدا) جــگەلەوەی بەپــلەی یەکەم گرفتێکــی نەتەوەیــی لەئــارادایە، لەهەمــان کاتیــشدا فــاکتەرە چینایەتییەکــانیش دەســتێکیان لەململانــێ نەتەوەییەکەدا هەیە، بەواتایەکی تر چۆنیەتی ڕیزبەستنی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کــوردەواری کەلەچوارچێــوەی هەمــان وڵاتــدا هەیەو نــاکرێ ئەو کــارتێکردنە نادیــدە

وەربگیرێت. بۆیە پاش سەرگەردانییەکی زۆری بزوتنەوەی کوردایەتی لەنێوان خواستە نیشتمانییەکان لەلایەک و شێوەی ریزبەستنی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی هەڵسووڕانی چالاکییەکانی کورەواری لەلایەکی ترەوە، ساڵی 1976 لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی نوێی کوردایەتییدا، کوردایەتی لەپەیمانێکی شۆڕشگێڕیدا دەگەڵ پەیامی کۆمەڵایەتی کوردەوارییدا ئاشتبۆوە و بۆیەکەمین جار کوردایەتی مانایەکی کوردەوارییانەشی بەخۆوەگرت. لەراستیدا موتوربەکردنی کوردایەتی بەناوەڕۆکێکی کوردەوارییانە بۆخۆی لەبنەڕەتدا مانای رۆڵ پێدان بوو بەخەڵکە پەراوێزکەوتووەکانی کوردەواری. ئەوانەی پەراوێزکەوتبوون چ بەحوکمی ئەو زەرەرو زیانەی لەململانێ لەگەڵ داگیرکەرو دوژمنی بێگانەدا لێیان کەوتووە و خستوویانەتە مەوقیعی پەراوێزکەوتووانەوە.

یەک لە جیاوازییە پەسەندەکانی شۆڕشی نوێی کوردایەتی، لەخۆگرتنی کێشەی پەراوێزکەوتووانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو. لەوانەش کێشەی کرێکاران و رەنجدەران بەمانا فراوانەکەی، سەرەڕای ئەو قۆناغە جیاوازانەی کەگەشەسەندن و تێگەیشتنی کوردانە لەمەسەلەی چەپخوازی بەخۆیەوەبینی تاوەکو لەگەڵ گۆڕانە ئیجابییەکانی دونیادا تێڕوانینەکانیشمان گۆڕانی واقیعیان بەسەرداهات و لەسەر تێزی سۆشیال دیموکرات گیرسانەوە، کەچی هەلومەرجی کوردستان و شەڕی ناوخۆ رێگربوون لە پێشخستن و زیاتر لەباوەش گرتنی خەونە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی رەنجدەرانی بیروبازو. هەلومەرجی ناخۆو شەڕە ئاکام نادیارەکانی وایان کرد کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو خەڵک و ناوەندانەی کوردایەتی لەبەرگی نوێیدا گرفتەکانیانی لەباوەش گرتبوو، بکەونە پەراوێزەوە. لەپاڵ لەباوەش گرتنی گرفتەکانی رەنجدەران، ژنان، خوێندکاران و لاوان و رووناکبیران، لەهەمان کاتیشدا لەئاستی سیاسییدا کوردایەتی نوێ بایەخی بەو کێشە پەراوێزکەوتووانەدا کەپێشتر کەوتبوونە چێپێی بایەخ پێدانەکانی دیکەی کوردایەتی کلاسیکییەوە و لەپەراوێزدا تەماشادەکران ئەویش مەسەلەی کەرکوک و خانەقین و شەنگار، تراژیدیای فەیلییەکان، خەمە نیشتمانییەکانی برایانی ئێزیدی، مافەکانی تورکمان و کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی دیکەی کوردستان بوو. ئەمانە تێڕوانینێکی سەرەتایی، بەڵام ئیجابیانە دەربارەیان هەبوو کەدەکرا لەفیکرو مومارەسەدا گەشەیان پێ بدرێ و پێ بەپێی گەشەسەندنی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرەوپێش بڕۆن و گرنگی زیاتر وەربگرن. بەشێک لەگرفتەکانی ئەو ناوەندانە بەتایبەتی مەسەلەی کەرکوک و خانەقین و شەنگار، تراژیدیای فەیلییەکان، بایەخی خۆیانیان دووقات کردبوو

سـەبارەت بەوەی ئەو پەراوێزکەوتـووانەی کـوردایەتی بەحـوکمی چەوسـانەوەی بەردەوام لەسەردەسـتی داگیـرکەران و زۆرتـرین وزەی رەتکـردنەوەی واقیعـی داگیرکـاری و چـاکترین حەزی بەشـداریکردنی لەکوردایەتیـان تێـدابوو. ئەو پەراوێزکەوتووانەی ئەو سەردەمەی کوردایەتی خەمی کورد و ئازارەکانی کوردیان بەچڕتـرین شـێوە لەخۆیانـدا کۆکردبـۆوە. دەشـێ کـوردایەتی هەمیـشە رقە پیـرۆزە نیشتمانییەکانی خۆی بەوبیرکەوتنەوەی تراژیدیای وان دەمەزەردبکاتەوە.

تائێـستا لەپەراوێزکەوتـووانی کـوردەواری و لەپەراوێزکەوتـووانی کـوردایەتی گرفتەکانیان گەرموگوڕی خۆی لەدەست نەداوەو دەکرێ بۆ تیژکردنەوەی ململانێ نەتەوەییەکەمـان لەگەڵ داگیرکەرانـدا کەڵکیـان لێوەربگرین، بـۆ نمـوونە لەمەسـەلەی ژناندا دوای ئەوەی ئەو دیدو بۆچوونە هەرەسی هێنا کەمەسەلەی ئازادی ژنانی دوور لەمەسەلە نەتەوەییەکە تەماشادەکرد و پەیوەنـدی دیالێکتی نێوان ئازادی بەهەمـوو رەهەنـدەکانیەوە لەلایەک و کێـشەی کـۆمەڵایەتی و کێـشەی نیـشتمانیی لەلایەکـی دیکەوە فەرامۆش دەکرد، ئێستا زەمینەیەکی رەخساو لەئارادایە کەکوردایەتی بـاوەش بۆ تێکۆشانی ئازادی ژنـان بکاتەوە بەدوو ئاڕاسـتە: ئاڕاسـتەیەکیان بە خـستنەگەڕیان لەبزاڤە سیاسییەکەی کوردستان بەگشتی و بـوار پێدانیان بـۆ دەرخـستنی بـزوتنەوەی ئـازادیخوازی ژنـان. ئاڕاسـتەیەکی دیـکەش دەوڵەمەنـدکردنی تێـڕوانینە کۆمەڵایەتییەکانی مەسـەلەی نیـشتمانیی و جێکـردنەوەی ئازادی ژنان لە ستراتیژی کوردایەتیدا. ئەمەش رەوایی بوونی خۆی لەدووخاڵدا دەبینێتەوە:

یەکەم: مەسـەلەی ژنـان لەکوردسـتاندا کەوتبـووە نێـوان بەرداشـی مەسـەلە هەڵـسوڕاوەکانی کـورد لەگەڵ ناوەنـد لەلایەک و هەروا کێـشەکەش بەفیکـری مارکـسیزمەوە گرێـدرابوو. کـاتێکیش مارکـسیزم لەپیـادەکردنی سیاسـییدا شکـستی خوارد بەناهەق و ناڕوا لای رووناکبیرو هوشیارانی کورد مەسـەلەی ژنانیش لەگەڵ مارکسیزمدا پێچرایەوە.

دووەم: چونکە بزوتنەوەی ژنان لە عیراقی سایەی ناوەنددا بزوتنەوەیەکی رەسمی سـەر بەدەسـەڵاتی ناوەنـدبوو، ژنـانی کورد تێکەڵـی نەدەبـوون و بەوپێـیەی کەشـێکی دیموکراسـیی لەوڵاتەکەشـدا نەبـوو لەدەرەوەی ئەو بـزوتنەوە رەسـمییە ژنـانی کـورد دەرفەتی خەبات و کەڵەکەبوونی ئەزموونی خەباتیان نەبووە.

هەروا لەمەسـەلەی خوێنـدکاران و لاوانیـشدا کەئەوانە بەتـایبەتی سـووتەمەنی شۆڕش بوون و زۆربەی سـەرکردەکانی شۆڕش لەنێوەنـدی ئەوانەوە گەورەبـوون. بـۆ ئەمڕۆش دەتوانرێت گرەو لەسەر وزەو توانای لاوان و خوێندکاران بکرێت. لەراستیدا

بۆهەر بزوتنەوەیەکی نیشتمانیی ئەگەر بخوازێ ئایینده مسۆگەربکات و تەمەنی خۆی تابەدی هێنانی ئامانجەکانی درێژبکاتەوە، پێویستە گرەو لەسەر توانای ئەو گەنجانە بکات کەوزەی ئەمرۆیان هەیەو ئایندەشیان لای خۆیان عەمبارکردووە. ئەمەش بەدەرفەتدانیان بۆ بەرفراونترین بەشداری کردن لەبزوتنەوەی کوردایەتیدا دەبێت. بەشدارییەکی زیاتر لەوەی کەهەیە بەوەی نەتەنها ئیشیان پێ بکرێت بەڵکو بەشێکی کەمی ئیشەکانیشیان بدرێتە دەست کەدیارە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان (ئێش پێکردن) و (ئیش پێدان)دا.

ئەمەش لەو دیدە سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە کەسیاسەت ئەرک جێ بەجێکردن و ماف پێدانیشە.

هەروا واوەتریش لەئاستی کوردایەتیشدا شوێن کردنەوە بۆ خواستەکانی فەیلییەکان، کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئاوارەکانی هەڵەبجەو گەڕانەوە بۆ تێزی گرێدانەوەی بادینان و سۆران لەکوردایەتی نوێدا، گەشەپێدانی روانینە هاوچەرخەکان لەبارەی مافەکانی تورکمان، مەسیحییەکان و بایەخدان بەلایەنە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانیان، کوردایەتی تۆکمەترو پتەوتر دەکات لەشەڕیدا دژ بەداگیرکەران.

لەراستیدا قسەکردن لەسەر رۆڵپێدان بەپەراوێزکەوتووان هەروەک چۆن مەرج نییە رەوایی بوونی خۆی تەنها لەوەدا ببینێتەوە کەپەراوێزکەوتووان دڵی زیندووی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی کۆمەڵگەبن، بەهەمان شێوەش مەرج نییە ئەو رۆڵپێدانە بەومانایە بێت کەپەراوێزکەوتووان سەرکردەو پێشەنگی بزوتنەوەی گۆڕانەکە بن، چونکە نموونەی سیاسیی لەدونیا دەربارەی (کێ رابەرایەتی گۆڕانەکان دەکات) شکستی هێناو دەرکەوت فیعلی گۆڕان لەوە گەورەترە بەتوێژو چینێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت. بەتایبەتی بۆ مەسەلە نیشتمانییەکان کەبەرەیەکی سیاسیی یەکگرتوو دەخوازێ تاوەکو هەموو هەڵسوڕێنەرانی کۆمەڵگە. بەناوەندو پەراوێزەوە، بەشداری تێدابکەن و لەئەرک و فرمانەکاندا بەرێژەی جیاجیا هاوبەشی بکەن.

گرفتی پەراوێزکەوتووانی کوردەواری کەهەلومەرجە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردەواری و کوردایەتی دەروفەتی پێ نەداون، ئەگەر چارەبکرێت وەک ئێستا چەند هەوڵێکی جوامێرانە لەئارادان، ئەوا کوردەواری بەلەشێکی ساغ و سەلیمەوە دەتوانێ بەرەنگاریی ئەو شێواندن و داهێزرانە ببێتەوە کەداگیرکەران لەجەستەی کوردەوارییدا دروستیان کردووە. گرنگی پێدانیش بەپەراوێزکەوتووانی کوردایەتی یادەوەری دەستەجەمعی بۆ بەرەنگاری داگیرکەران بەزیندوویی دەهێڵێتەوە. ئەو

پەراوێزکەوتـووانە پەراوێزێکـی دیـکەی یـاری کـردنن بـۆ کـوردایەتی لەلایەک، و بەشـداریکردنێکی چـالاکتریش خەمـی وان لەخەمێکـی محەلیـیەوە دەکـاتە خەمێکـی نیشتمانیی، لەلایەکی دیکەوە.

بەپـێچەوانەی ئەوەشـەوە هەلـومەرجی کوردسـتان، کەسـەرقاڵی شـەڕی نـاوخۆی کـردووین، وادەکـات کەپەراوێزکەوتـووان بـکەونە چنـگ ئەو سـتراتیژییەی کەئەگەر دژی کوردایەتیش نەبن خۆ لەهەناوی خۆیاندا ستراتیژێکی بێ ئومێد و بێ هودەن، و نموونەی جەزائیرمان وەبیردێننەوە. ئەمڕۆ سەرەڕای هەلـومەرجە دژوارەکانی نـاوخۆو دەستێوەردانە دەرەکییەکان، وا ئەزمـوونی دیمـوکراتی کوردیی و خەیـاری نیـشتمانیی هێـشتا بەپێـوەن. لەبەرئەوە دەرفەتێـک مـاوە بـۆگەرم و گـوڕترکردنی پەیوەنـدی کوردایەتی لەگەڵ ئەو توخمە چالاکانەی لەسەرەتای نوێبوونەوەدا باوەشی بۆکردنەوە کەچی ئەمڕۆ لەبەر هۆکارە دەرەکییەکان، کەوتنەداوی فەرامۆش بوونەوە.

## (.......)!*

دەتوانین دەیان لەو جامە شیعرییە شۆڕگشێڕی و سەدان لەو سروودانە بژمێرین کەداوای یەکبوون و یەک دڵی کوردان دەکەن و زۆربەشمان، سەرەڕای جیاوازی ئینتیمای سیاسیی و حزبییمان، سەرباری پێگەی کۆمەڵایەتی و شوێنی هەورازو نشێومان لەبزوتنەوەی سیاسییدا، بەشێکی باشی ئەو شیعرو سروودانەمان ئەزبەر کردووە و لەبۆنە نیشتمانییەکان و ساتەوەختەکانی جۆش و خرۆشیدا دەیڵێنەوەو دەیڵێینەوە.

هەروا دڵنیاشین کەئەگەر هەندێ حاڵەتی نەشازو نموونەی بەرتەسکی لێ دەربکەی، ئەوا زۆربەی حزب و رێکخراوەکانی کوردستان، لەهەربەشێکی کوردستانی نیشتمان دا بن، لەونیازو خواستەیاندا راستگۆو جیددی، پەرۆش و بەتەنگەوە هاتووی دوا رۆژی نەتەوەکەیان بوون کە ئەو دەمەی لەپرۆگرام و ئەدەبیاتە حزبییەکانی خۆیاندا جەغتیان لەسەر دوورایی کوردستانیی، یەک چارەنووسی نەتەوەی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بێ، دەکردەوە، دروست خوێنەران باشتر لەئێمە ئەو بانگەوازە سیاسییانە دەرک پێ دەکەن کەدەخوازن کورد بەرپەچدانەوەی خۆی لەئاست پیلانی نەیاران و ئەوهێزە دەنگ و رەنگ جیاوازانەدا هەبێ کە کەیفیان بەچارەی بزوتنەوەی رزگاری خوازیمان نایەو پشکداری سیاسیی یانەی کوردییان لەئاراستەکردنی ئایندەی ناوچەکە پێ قووت نادرێ. بەڵێ بەو ئەندازەیە دڵنیاین، کەچی ئەفسوس ئاکامەکان بەو شێوەیە ناکەونەوە کەهەمووان لەسەری کۆکن و پەیمانی جەنتلمانانە یان بۆ مۆرکردووە!

### گەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکان

ئەوەی ئێمە لەئەدەبیاتە سیاسییەکان و پرۆگرامە نەتەوەییەکانەوە ئاشنای بووین ئەوەیە کەکێشەی کورد لەیەک کاتدا یەک کێشەو چەندین کێشەشە. یەک کێشە بەومانایەی کەبنەماکانی نەتەوەپەروەری و خاڵە هاوبەشە دیارو نادیارەکان کورد

---

* ئەم بابەتە بابەتی نووسەرێکی دڵشکاوە کەخەمی بۆ تێکچوونی پەیوەندی نێوانی یەکێتی و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەخوارد. خەمێک بۆ ئەوەی دوو هێزی بزووتنەوەی کوردایەتی لەم دوو بەشی کوردستاندا نەیاندەتوانی لانی کەمی رێککەوتنیان هەبێ.

بەرەو یەک چـــارەنووس دەبەن. هەروا بەو مانـــایەی کەئەو وڵاتـــانەی بەشـــە کوردســـتانیان بــۆ خۆیـــان گلـــداوەتەوە بەیەک چـــاو تەماشـــای ئـــێمە دەکەن و لەهەرپارچەیەک دا تروسکاییەک بەدی بکەن ترس و دڵە راوکێ دایان دەگرێ. وێجا سەرەڕای ناکۆکییەکانیان بزووتنەوەی کورد (کوردستانییانە) هەڵوێستیان یەک دەخا. چەندین کێشەشە بەپێی ئەوئاستە جیاوازانەی کەتێیدا کێشەکە لەهەلومەرجی جیاجیـــادا دەرکەوتـــن و تـــێ کەوتـــن، هەورازو نـــشێو بەخـــۆیەوە دەبینـــێ و لەهەرپارچەیەکدا پایەندی ئاستی پێگەیینی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز لەوەی تر دەبێ. هەروەها لەسەر ئەو بنچینەیەی کەئاستی پێشکەوتنی سیستمی سیاسیی و گەشـــەکردنی دیمـــوکراتیەت لەو وڵاتـــانەی کوردســـتانیان بەســـەردا دابەش کـــراوە پێگەیشتووە. ئەمە باهەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەرهەق بەسیاسەتەکانی ئەو وڵاتـانە لەبوارەکـانی دیـکەی غەیـری کێـشەی کـورددا، لەولاوە بوەسـتێ. نمـوونە بـۆئەوەش هەڵوێـستی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتییە بەرامـبەر بەسیاسـەتە چەوت و دژە جیهانییەکانی رژێمی عیراق کەلەم هەلومەرجەدا بەقازانجی کوردو دەرکەوتنەوەی کێشەکەی شکاوەتەوە.

لەژێر رۆشنایی ئەو پرەنسیپانەدا کەراست و چەقی بزاڤی کورد سەلماندوویانە، ئێمە نموونە گەلێکی زۆرمان لەبارەی هەماهەنگی و بەتەنگەوەهاتنی باڵە جیاجیاکانی بزوتنەوەی کورد لەم بەش، یان ئەو بەشی، کوردستان لەبیرەوەریدا هەیەو ئەوەش حاڵەتە دروست و ئیجابیەکەیە.

وەلـــێ لەبەرامـــبەریش دا ئەو نموونـــانە کەم نـــین کەتێیـــدا پێکـــادان لەنێـــوان بەرژەوەنـدی هێـزە ئیقلیمییەکـان کوردیـان بەرەو شـەڕ لەبریتـی ئەوانـی تـر راپـێچ کـــردووە. هەر لەدرێـــژەی پێـــداچوونەوەدا پرەنـــسیپێکی دیـــکەش وەبیـــردێنینەوە کەلەگێژاوی هەڵبەزو دابەزی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا لەئەندێشەماندا خەریکە کاڵ دەبێـتەوە. پرەنـسیپەکەش ئەوەیە پێویـستە کـورد کەڵـک لەئەزموونەکـانی خـۆی وەرگـرێ. نمـوونە باشـەکانی وەک هاوکاری نێوان باڵەکانی جیاجیاکانی بـزووتنەوەی کـوردایەتی بەرز راگـرێ و بیانکـاتە کەلتـوورێکی مەعـنەوی لەڕێگـای چارەنووسـی هاوبەشدا و هەڵوەستەیەکی توندو پێداچوونەوەیەکی راستگۆیانەش لەئاستی نمـوونە خراپەکانی پەرتەوازەیی و لێک دابڕان بکات تاوەکو لەدووبارەبوونەوەیان بگرێ.

ئەمانەی گوتمان دەچنە خانەی ئەدەبیاتی سیاسیی و تەنزیـرەوە کەهەڵبەتە واقیع هەلومەرجەکانی خۆی دەسەپێنێ و هەمیشە لەگەڵ خواست و پرۆگرامەکاندا وێک نایەتەوە، بەڵام خۆ خواست و پرۆگرامەکانیش لەتاوتوێکردن و خوێندنەوەی واقیعەوە

دێن و پاکانەی بوونی خەباتگێڕانیش کاری سەختی بەرد هەڵکۆڵین و رام کردنی واقیعە زاڵم و دژوارەکانە بەو جۆرەی ئیدی پلەبەپلە خواست و پرۆگرامەکانیش بێنەدی. لەم دۆخەشدا سەرەڕای پشتگیری نێودەوڵەتی لەبزووتنەوەکەمان ، هێشتا کورد بەدیلێکی ئەوتۆی چنگ نەکەوتووە تادەست بەرداری ئەو پەرەنسیپە سەرەتاییانە و ئەو قوڵاییە نەتەوەییە بێ کە زەرورییە لەهەموو پێشهاتە خۆش و ناخۆشەکاندا رەچاوبکرێن.

## بەڵام لەتەنگەژەکان چی دەقەومێ؟

رەنگە چاودێرانی دۆخەکە نەزانن چ دژوارییەک هاتۆتە رێگای هەڵسوڕاوان تا قەیرانەکە تێ پەڕێنن و کەسیش زامنی ئەوە ناکا خەڵکی تر لەجێگای ئەوان بان چۆنیان هەڵسوکەوت دەکرد. بەڵام خۆ مەسەلەکە لێرەدا ئەوەنیە (ئەگەر) رەوا نەبووایە دەبووایە چۆن بێ؟

مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە دیسانەوە کوردەکان لەساتە وەختی تەنگەژەکەدا تووشی سەرسامی و پشێوی هاتن. دیسانەوە لەخاڵی پەڕینەوەی قەیرانەکەدا رووداوەکە تاساندنی و موفاجەئەکە غەدری لێ کردن و لەپشتەوەڕا قەناعەتی چەسپیوی چارەسەرکردنی نەخۆشییە موزمینەکان بە موسەکین ، یان قەدبڕکرد.

هیچ خەوشێک لەخواستە نەتەوەییەکان و هیچ گومانێکمان لەدڵسۆزی بۆ گیانی پێوستیی نەتەوەپەروەریی نییە. کەچی لەتەنگەژەکەدا کاغەزەکانمان لێ تێکەڵ دەبێ و نازانین بەچ دووڕیانێک ئەلتەرناتیفەکان ئاڕاستە بکەین و لەتەنگەبەرە ناخۆشەکە دەربازببین.لەکاتێکدا بۆخۆی هێزو توانستی و ژیری هەر بزاڤێکی سیاسی لەوەدایە تاچەند کەڵک لەکەلتووری بۆماوەی خۆی وەردەگرێ بەتایبەتی لەبزوتنەوەیەکی وەک ئەوەی کورددا کەگەمەکە چەشنی حەتمیەتێکی قەدەری بەهەمان یاریزان و بەهەمان ناوبژیوانانی دڵرەقەوە دووبارە دەبێتەوە.

لەهی بزووتنەوەی کورددا وازەن دەکرێ کەپشکی کەڵەکەبووی ئەزموونەکان تا ئەندازەی (گرێیەکی مێژوویی) ئامادەبوونیان هەبێ تا پێش قەومان بەلەش ساغییەکی نیشتمانیی و یەکسانییەکی سیاسیی، ماوەی گەمەکەو کاتی بەفیرۆچووی قەیرانەکە بەسەربەرین، تائەگەر ئیجابیاتە بەتەنگ یەکترییەوە نەیەین خۆ هیچ نەبێ هەریەکەمان ئەوی تر لەگۆشەیەکی موحریج دا تەنگەتاو نەکات. کوا ئامادەبوونی ئەوە (گرێ مێژووییە)ی سەرەڕای سەلبیاتەکانی بەڵام بەلانی کەمەوە ئەزموونە کەڵەکەبووەکەمان لێ دەکاتە خەمێکی گەورە؟ ئەو پرسیارە لای هەموو کەسێک

کەتێبینی کێرڤی (نەتەوەی کورد) و چاودێری پاشەکشێ و پێشکەوتنی دەکا هەمیشە وەک دومەڵێک سەرهەڵدەداتەوە کەئایا ڕێی تێدەچێ کورد تائێستا لەسەر چۆنیەتی گرتنەبەری سیاسەتێکی عەمەلی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان ڕێک نەکەوتبێ؟ لێرەدا داخوازییەکەمان سیاسەتێکی سەرەڕۆیانە نییە تاداوای بزاڤێکی سەد دەرسەد نەتەوەگەرییانەو بانگێشتی کوردستانیی بوونێکی توندڕۆیانە بکەن. هەروا ئەوەشمان لەبەرچاوە کەبزووتنەوەکە لەهەر بەشێک دا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بەبزوتنەوەی دیموکراتی لەسەرانسەری ئەو وڵاتەوە هەیەو ئەویش هەوڵ دەدا کەڵک لەپێکادانەکانی ناوچەکەو رژێمە ناکۆکەکان وەربگرێ. بەڵام دەپرسین لەکاتێکدا کورد وێرای هەلومەرجە جیاجیاکان لەسەرلایەنی کەمی پرۆگرامێکی نەتەوەیی ڕێک نەکەوتووە، چۆنە والەمیانی ئەوەندە ساڵەی مێژووی سیاسی خۆیدا بیری لەهەلومەرجە لەهێکراو ناکاوەکان، کەهەمیشە بەرۆکیان گرتووە، نەکردۆتەوە؟ ئەی ئەگەر وانەکا خوێندنەوەی رابردوو و وەبیرهێنانەوەی مێژووە وێک چووەکان چ کەڵکێکی دەبێ؟! ئەگەر رابردووی دووریش لێ گەڕێین بەڵام چۆن دەکرێ سەرنج لەوە نەدەین لەدوای راپەڕین و پێکهێنانی حکومەتەوە کوردەکان لەنێوخۆیاندا ململانێ لاوەکییەکانیان یەکلایی نەکردۆتەوە بەو جۆرەی هەر حزبێکی کوردستانی میوان و خاوەن ماڵ لەئەرکە نەتەوەییەکانی سەرشانی خۆی بگات. ئەدی لەوچەند ساڵەدا ئەو هەموو کۆبوونەوە و دانیشتنە دوو قۆڵی –یانە لەپای چی؟ کەئێمە نەتوانین بۆساتێک هەڵوەستە بکەین و بڵێین: (ئەگەر رۆم و عەجەم بیانوویان ببڕین و نەهێڵین دەنگی ئاژاوەی نێومالّی ئێمەی ( (برا)) بگاتە ماڵە دراوسێ) ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین ئەی چۆن پاشکەوت و یەدەگی خۆمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵۆزی و پێشێوییە ئیقلیمییەکانی تر وەردەگرین؟

## شەڕی ناوخۆ.. پیرێژنی فەرهاد کوژە!

هەرگیز موزایەداتەکانی و تەلقینی وانەکانی نیشتمان پەروەری لە.... حوزنی ئەم رەوشە نەتەوەییەی پێ ناشاردرێتەوە کەکوردان دووچاری هاتوون. ئەوەی کەهەموو دڵسۆزان خەم لەم گرفتە نەتەوەییە دەخۆن بۆخۆی کەشێکی گەشبینی دەخولقێنێ بەو ئومێدەی ئیتر لەوە تێبگەین شەڕی ناوخۆی کوردستانی عیراق سەبەبکاری هەموو ئەو مەینەتیانەیەو وڵاتەکەمانی کردۆتە مەیدانی ساغ کردنەوەی ململانێ دەرەکییەکان. ئێمە گرفتێکی سەرسنووری پێنجوێن چارەسەربکەین و گلەیی

لەتۆپەکانی چیللەریش بکەین. کەچی لەم پەرتەوازەییەدا لەدوولاوە زەفەرمان پێ دەبەن و بەرپەرچدانەوەیەکی کاراشمان پێ ڕێک ناخرێ.

ئەوە دروست ئاکامێکی ناچاریی حەقیقەتێکی تاڵی شەڕی ناوخۆیە. ئەو حەقیقەتەی وەک چۆن لەغیابی یەک هەڵوێستییەکی نیشتمانی دەرهەق بەشەڕی خۆبەخۆی نێوان کوردی ئەم دیودا چەندین گرفتی لەم هەرێمی دیفاکتۆدا خستەوەو ئەو گرفتەش یەخەی هەموو لایەکی گرتەوە نەتەنها دوولایەنی شەڕەکە، ئاوەهاش هەرخودی ئەو شەڕە لەدوورایییە کوردستانییەکەی و لەغیابی هەڵوێستێکی نەتەوەییدا دەرکەوتی ناخۆش بۆیەک ریزی نەتەوەیی دەنێتەوەو پرێشکیشی هەموو حزبەکانی کوردستان، لەهەر پارچەیەکی کوردستان دابێ، دەگرێتەوە. کەوابێ ئەرکە نەتەوەییەکە وادەخوازێ ئەم تاوانکارە (شەڕی ناوخۆ) دەستگیربکەین تالەوەزیاتر پاشماوە خراپەکانی گەرا لەبزووتنەوەکەمان نەکاو هەرێمی ئازادکراویش وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورە نەبێتە (لوبنان)ێک بۆ ساغکردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی دەکرێ بۆ کاتێکی تر هەڵبگیرێن. ئەگەریش وەک دەردەکەوێ ئەزموونی خۆمان لەبەرچاو ناگرین با لەمێژوودا تەماشای برینی قووڵی فەلەستینی و ئوردونییەکان بکەین لەئەیلولی رەشدا. چونکە سەرەنجام ئەوانیش لەسەردەمێکی درەوشاوەی حیواری سیاسیی و بەئاشتیانە چارەسەری گرفتەکان دا، بەجیا لەگەڵ ئیسرائیل، لەسەر مێزی دانووستاندن، دانیشتن.

# لەنێوان جادەی سیاسیی‌و ڕاڕەوەکانی بڕیاری سیاسییدا*

لەهاتنە پێشی هەموو ڕووداوێکی سیاسیی ، هەمـوو دەرکەوت و لێقەومانێکدا دوو جـۆر تێگەیـشتن و لێکـدانەوە هەیە و بەو پێـیەش دوو جـۆر هەڵوێـست وەرگـرتن و هەڵوێست نواندن هەیە. لەهەرولاتێکی پێشکەوتوو، یان دواکەوتـوو، دیمـوکرات، یان دیکتـاتۆری، یـان ڕوو لەدیمـوکراتی ، لەنێـوان ئەم جـۆرە تێگەیـشتن و لێکـدانەوەیەدا پێکدان یان لێکجودایی هەس. ئەم دووجۆرە یەکێکیان هەڵوێست و ڕوانینی جادەی سیاسییە یان هەلوێستی ئەو گروپ و ناوەندانەی نزیکن لەجادەی سیاسیی و بیـروڕاو هەستوسـۆزی زۆریـنەی خەڵکەوە. ئەوەی دیـشیان ناوەنـدی بڕیـاری سیاسـیی، یـان سیاســەتی ڕەســمی بڕیــار لێــدراوی دەوڵەتە کەلەگەڵ نــوخبەی سیاســیی نزیکــی دەسەڵاتدا ڕەوتی ڕووداوەکان ئاراستە دەکەن.

هەمیـشە جۆرێـک لەجیـاوازی لەتێڕوانینـی ئەم دوو بەرەی سیاسـەت بـۆ ڕووداو و دەرکەوتە سیاسییەکان تێبینی دەکرێ. لێرەدا هەوڵدراوە کە ڕێژەی جیاوازی نێوان هەردوو بەرە ڕوونبکـرێتەوە، بەهەردوو دیـوی بـایەخی بـوونی جۆرێـک لەجیـاوازی بیـروڕا و مەترسـی ئەوەی ئەم جیـاوازییە بگـاتە پـلەی لێـک دابـڕان و تەنـگەژەی سیاسیی. بوونی ڕێژەیەک لەجیاوازی لەبیروڕای هەردوولا گەواهی تەندروستی باری سیاسـیی وڵاتەو قووڵبـوونەوەی ئەو ڕێـژەیە تـارادەی دابـڕان تەنـگەژەی سیاسـیی دەخـولقێنێ و وڵات تووشـی شڵەژان و نالەباری دەکات. دووریـش نیـیە گۆڕانکاری دراماتیکی لەپێکهاتەی دەسەڵات بهێنێتە کایەوەو زەمەنێکی دوورو درێـژ بخـوازێ تـا سەرلەنوێ گەمەی سیاسیی دێتەوە سەر ڕیتمی شێنەیی خۆی.

### گەمەی میکانۆ

بۆئەوەی بتوانین باشتر لەباسەکە نزیک ببینەوە، پـێش هەمـوو شـتێک وەکـو یـاری میکـانۆی منـداڵان پێکهاتەو توخموکانی گەمەکە لێـک جیادەکەینەوە بـۆئەوەی دوای لێوردبوونەوە و دیاریکردنی شـوێنی هەر یەکێکیـان لەنـاو گەمەکەدا ئینجا پێکەوەیـان

* ساڵی 2002 بە دوو ئەڵقە لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە – لەشاری دەربەندیخانیش کراوەتە کۆڕێکی سیاسی.

ببەستینەوە. ئێمە لەم میکانۆیەدا چەند پارچەیەکمان هەیە کەهەندێکیان بەرەی یەکەمی ململانێی سیاسیی یان بەرەی (جادەی سیاسیی) و ئەو پارچەکانی تریشی بەرەی دووەمن (ناوەندی بڕیاری سیاسیی ) :

**یەکەم/ پارچەکانی جادەی سیاسیی ئەمانەن :**

•دەزگاکانی راگەیاندن، چ ئەوانەی سەربەخۆن و چ ئەوانەی هی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنن.

•ناوەندو گروپەکانی گوشار، ناوەندو گروپەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێکدێنن. بەتایبەتی ئەو ناوەندانەی جۆرێک لەسەربەخۆیی و مەیلی ئازادی کارکردنیان هەیە، دوور لەدەسەڵاتی سیاسیی.

•هێزو لایەنە بچووکەکانی ئۆپۆزسیۆن، هێزو گروپە ئایدۆلۆژیەکانی لەدەرەوەی دەسەڵاتن یان بۆیان نالوێ دەسەڵات بگرنە دەست، جا چ سەبارەت بە لاوازیان لەناو هاوکێشەی سیاسیداو چ بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانە چەند دەیەیەک دەسەڵاتی قۆرغ کردووە بێ ئەوەی سەددەرسەد ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆی لەناوبەرێت. سەبارەت بەو دەسەڵاتە سیاسیانەی وەکو حوکمڕانی ئەزەلیان لێ هاتووە، هێزە ئۆپۆزسیۆنە رادیکالەکانیش ئەگەر چەند بەهێزیش بن، ئەوانیش بەشێکن لەجادەی سیاسیی چونکە سەبارەت بە سروشتی دیکتاتۆریانەی دەسەڵات هەژمونیان لەناو رەوشی سیاسیی چەندە بەهێز بێت ناتوانن دەسەڵاتی سیاسیی بگرنە دەست و ببنە ناوەندی بڕیار، بۆیە هەربەبەشێک لەجادەی سیاسیی دەمێننەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کەمەسەلەی ئەوەی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەحاڵێکی وادا تەبەنی خیتابی سیاسیی جادە دەکات مەرج نییە بۆئەوە بێت گوزارشت لەجادەی سیاسیی بکات و جۆرێک لەپەرۆشی بۆ نوێنەرایەتی رای جەماوەری لەخۆ نیشاندابێت، بەڵکو هەندێک جار هاوکێشە سیاسییەکان وای بەسەردا دەسەپێنێ لەسەنگەری جادەی سیاسیی و لەرێی تەبەنی کردنی خواست و دروشمەکانییەوە هەوڵبدات سەنگی سیاسی خۆی پەرەپێبدا با تەنانەت ئایدۆلۆژیای ئەو هێزە تەواو جیابێت لەوەی جەماوەرخواستێتی. دەتوانین ئەمەش بەجۆرێک لە (سواربوونی شەپۆلی ئاڕاستەی سیاسیی) لەقەڵەم بدەین.

•رووناکبیرانی رادیکاڵ و ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگۆڕانکاری سیاسییدایە بەتایبەتی لەسایەی رژێمە دیکتاتۆرییەکاندا کەئازادی ئەفراندن و رادەربڕین ئاودیو دەکات.

•خەڵکی بازاڕ و جەماوەری ئاسایی سەرجادە.

### دووەم/ پارچەکانی ناوەندی بڕیاری سیاسیی:

*دەسەڵاتی سیاسیی ، حوکمڕانی ڕاستەوخۆی وڵات.

*نوخبەی سیاسیی و هێزو گروپە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی نزیکی دەسەڵاتن یان تویژی سەردەستەی کۆمەڵ پێکدێنن و بەرژەوەندیان لەوەکو خۆی مانەوەی پێکهاتەی ئێستای دەسەڵات دایە، یان بەرژەوەندیان لەمەدایە کەدەسەڵاتی سیاسیی لەدەرکەوت و ڕووداوەکاندا ئەو هەڵوێستە سیاسییانە وەربگرێ و پیادە بکات کەقازانجی وانی تێدایە.

*لەپاڵ ئەمانەشدا ، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کەموزۆر لەژێر هەژموونی نفوزی عەسکەری و سیاسیی، یان هەژموونی مۆدێلی سیاسیی دەوڵەتە زلهێزو بڕیار دەرەکانن، دەتوانین بڵێین سەفارەت و نێردەی تایبەتی ئەو وڵاتانە یان هەندێک لەدەستە بژێری وڵات کەلەباری ئابووری، یان سیاسییەوە دۆستایەتی وڵاتی خاوەن نفوز لەوڵاتەکەی خۆیان دەکەن، دەتوانین ئەمانەش بەبەشێک لەناوەندی بڕیاری سیاسیی بژمێرین، چونکە بەفیعلی کارگەرییان بەسەر هەڵوێست و کردەوەی سیاسیی، یان بەسەر هەڵوێستی ڕەسمی دەوڵەتی ژێر هەژموونیانەوە هەیە.

### بەڵام لەسەرچی ناکۆک دەبن؟

لەنێوان ئەم دوولایەنەی دەوری هاوکێشەی جادەو ڕاڕەوەی سیاسیان داوە کۆمەڵێک چەمک و گوزارشتی سیاسیی هەن کە بریتین لەماف، سۆزی نەتەوەیی، سۆزی ئاینی، ئایدۆلۆژیا و کۆمەڵێک بەهاو نرخی ئەخلاقی و ئەدەبی. ئەمانە ئەو بابەتانەن کەجادەو ڕاڕەوی سیاسیی لەسەری کۆک، یان ناکۆک دەبن، ئەمانە ئەو شتانەن کەهەڵوێست و کردارە سیاسییەکان لەپێناوی واندا جێبەجێ دەبێت. بەتایبەتی لەبابەتی سۆزی نەتەوەییدا کە ئێمە لەم باسەدا لەسەری هەڵوێستە دەکەین. چونکە ئەم بابەتە لەوڵاتانی نیمچە سەربەخۆی خاوەن نیمچە قەوارەی وەکو کوردستان و فەلەستین و کۆسوفۆ، کەلەقۆناغی ڕزگاری نیشتمانییدا دەژین، گەلێک هەستیارە. وەک دەزانین پرسی نەتەوەیی و خواستە نیشتمانییەکان پرس و خواستێکی هاوبەشی نێوان جادەی سیاسیی و ڕاڕەوی بڕیاری سیاسیشن و هەردوولا ئەگەرچی لەوردەکاری کارو لەتەکنیکی ئیشکردن بۆی جیاواز بن لێ لە ئاواتە نەتەوەییەکەو لەدوا ئامانجی ستراتیژیدا وەک یەکن. بەپێچەوانەوە زۆر ڕێی تێدەچێ

کەلەپرسە کۆمەڵایەتییەکاندا جادەی سیاسیی لەهەمــوو شتێکدا روانینی جیاواز بێت لەگەڵ رارەوی سیاسیدا و بەمەش بێگومان روانین و پێشنیازەکانی چارەسەریش جیاوازییەکی سەد دەرسەدی دەبێت. لەکاتێکدا بۆ پرسە نەتەوەییەکان روانین و ئاواتەکان وەکو یەکن، بەڵام پێشنیازو چارەسەرییەکان جیاوازن. چونکە شەرایتی کارکردنی دەسەڵاتی سیاسیی (ناوەندی بڕیار) گەلێک پێبەندێتی و فاکتەری دەرەکی رێی پێدەگرن.

## خەسڵەتە باش و خراپەکانی هەردوو بەرە

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەخەسڵەتەکانی هەردو بەرەکە بکەین و بۆمان روونبێتەوە لەکوێدا تەواوکاری یەکترین و لەکوێش تووشی پێکهەڵپژان دەبن. سەبارەت بەجادەی سیاسیی، بەتایبەتی لەباری رای جەماوەرییەوە، ئەوا ئەو خەسڵەتانەی دەبنە مایەی هەڵوێست وەرگرتن و لەخۆنیشاندانی جۆرێک لەبزاوتی سیاسیی بریتین لە:

*رەهەندی مێژوویی، چ لەباری پرسی نەتەوەیی و چ لەبارەی پرسی ئاینییەوە واتا لێرەدا پشتخانی کەلتووری رۆڵ دەبینێ بەوەی هەست بکەیت بەپێی فاکتەرەکانی مێژوو و رەوایی مێژوو تۆی نەتەوە، یان تۆی میللەت، لەسەرهەقی و بۆ ئەو هەقە بێتە مەیدان.

*سۆز، هەڵچوونی دەروونی و کەفوکوڵی دەروونی رۆڵی گەورە دەگێڕێ لەهەڵوێست وەرگرتن و جوڵانەوەدا.

*بەپێی ئەو دوو خەسڵەتەی سەرەوەش جادەی سیاسیی بەتایبەتی لەپرسە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عادەتەن مایەی ململانێن لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا، هەڵوێستی یەک لایەنە وەردەگرێ و ئامادەنییە لەوە تێبگات لەو دیویش، لەو دەوڵەتەی ململانێی لەگەڵ دەوڵەتەکەی خۆیدا هەیە، ئاوەهاش جەماوەر و خەڵکی ئەوتۆ هەن کەبەهەرحاڵ ئەوانیش خەونی ئاینی و نەتەوەییان هەیە و ئامادەنین دەستبەرداری بن. جێی داخیشە کە گەلێک جار ئەم خواست و خەونانە رووبەڕووی خواست و خەونی ئەوانی تر دەبێتەوە.

*هەڵوێستەکانی جادەی سیاسیی رادیکاڵی و مەیلی وەرگۆڕانی دراماتیکی هەیە. بۆیە هەندێک جار لەزەمەنی قووڵبونەوەی تەنگەژەکاندا ئەم هەڵوێستانە رەنگە لەسنوورێکدا توندو تیژی بەکاربێنن چ لەناوخۆی وڵات و چ لەدژی دەسەڵاتی سیاسیی و چ لەباری گوشار خستنە سەر دەسەڵات کەهەڵوێستی توند وەربگرێت لەگەڵ وڵاتی رکابەر لەململانێدا.

لەبەرامبەردا خەسڵەتی دەسەڵاتی سیاسیی بەگشتی:
*واقیعی و عەقڵانییەت و میانڕەوی بەسەردا زاڵە.
*هەردوولایەنی ململانێکە دەبینێ و تێدەگات کەدەبێ بەپێی هاوسەنگی هێز مامەڵە بکات و مەرجیش نییە هەموو جارێک ئەو هاوسەنگییەی هێز. لەگەڵ ڕەوایی و هەقداریدا هاوجووت بن. دەسەڵاتی سیاسیی سەبارەت بەوەی مەحکومە بە ئیدارەدانی ڕەوشی سیاسیی، لەنێو هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، هەمیشە مەیلی بەلای جێگیری و وەکو خۆی مانەوەی وەزعەکەیە. تەنانەت ئەگەر ئارەزووی گۆڕانیشی هەبێ حەزدەکات گۆڕانەکە شێنەیی و بەکاوەخۆ بێت. چونکە بڕیاری دەسەڵات چارەنووسی وڵات و خەڵکی پێ دیاری دەکرێت. پێوەی پابەند دەبێت. بۆیە هەروەختێکی ڕاڕەوی بڕیاری سیاسیی گفتوگۆ لەسەر بڕیارێکی چارەنووساز دەکەن وا چاوەڕوان دەکرێ بەوردی لێی بکۆڵرێتەوە. دەنا ئەگەر بڕیاری لێدرا جێبەجێ دەبێت و کاریگەری بەسەر ڕەوشی وڵات و پرۆسەی ئیدارەدانی کۆمەڵگەوە بەجێدەهێڵێت.

بەڵام لەڕاستیدا ئەوی بوونی ئەم خەسڵەتە ئیجابیانە لەدەسەڵاتی سیاسیی و ڕاڕەوەکانی سیاسەت دیاری دەکات سروشتی پێکهاتنی دەسەڵاتەکەیە کە ئایا دەسەڵاتێکی تۆکمەیە لەباری شەرعیەتی یاسایی و دیموکراتییەوە، یان هێزێکی تەڵەکەبازی دیکتاتۆرییە کەلەڕێی پیلانگێڕی و دژ بەخواستی میللەتەکەی دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکەی قۆرغ کردووە، لێرەوە تێدەگەین کەهەڵوێستەکانی دەسەڵات و بڕیاری ڕاڕەوە ڕەسمییەکانی سیاسەت چەند کار لەواقیعی سیاسیی وڵات و کۆمەڵگەو بەوپێیەش چەند کار لەئاراستەکردنی چارەنووسیی جادەی سیاسیش دەکەن. ئەزموونی سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتووش دەریدەخات کەدەسەڵات و بڕیاردەری سیاسیی سەبارەت بەو هەموو تەقەنیاتەی کارکردن و ئەو هەموو تۆڕی میدیاو پەیوەندییە گشتییەکانی کەهەیەتی بەڕێژەیەکی گەورە کار لەجادەی سیاسیی دەکات لەکاتێکدا کاریگەری جادەی سیاسیی لەوڵاتانی پێشکەوتووشدا چەند زۆر بێت هێشتا ناگاتە کاریگەری دەسەڵات لەسەر جادەی سیاسیی کەوەک دەشزانین دەسەڵاتی سیاسیی لەوڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتخوازدا لەناو جادەی سیاسییەوە، یان بەشێوەیەکی تر لەڕێی دەنگدانی جەماوەرەوە، هەڵقوڵاوە. لەباشترین حاڵدا جادەی سیاسیی گوشار دەنوێنێ، هەرچی دەسەڵاتە ئەوا بەو پرەستیجە سیاسیەی هەیەتی کەبڕیاریدا جێبەجێی دەکاو لەڕێی ئەوەشەوە کۆمەڵگەو هێزەکانی کۆمەڵگەش ئاراستە دەکات و عاقیبەتی کۆمەڵایەتی ،

فەرهەنگـی سیاسـیی و هتـد..ی جیاوازیـشیان بـۆ دێنێتەپـێش. جـابۆیە گەرەکە ئەو بڕیارەی ڕاڕەوی بڕیاردانی سیاسیی دەریدەکات و کۆشش بـۆ جێبەجێکردنی دەکات لەگەڵ خواسـت و هەسـتی جـادەی سیاسـییدا نزیـک و بەڕێژەیەکـی دیـاریکراویش جـووت بێـت، ئەگینـا ڕووبەڕووی تەنـگەژەی سیاسـیی و سـەنگەربەندی دبێـتەوە و سەرەنجام ئاشتی کۆمەڵایەتی و جێگری کۆمەڵگەیی تێکدەچێت. هەروەها لایەنێکی تـری نێگەتیـڤ لەم تەنـگەژەیە ئەوەیە دەسـتی مـانۆڕو نەرمـی نوانـدنی سیاسـیی دەسەڵات کەڵەپچەو کورتدەکاتەوەو دەسەڵات ناچار دەکات لەڕاڕەوەکانی سیاسـەتدا هەڵوێستێک بنوێنێ و لەمیدیاکاندا هەڵوێستێکی تر نیشان بدات.

واتـا بەکـورتیەکەی کەی دەتـوانین بڵێـین دەسـەڵاتی سیاسـیی لەترسـی جـادەی خرۆشاوی سیاسیی ناچار دەبێت درۆ بکاتو راستی رەوشەکەو تواناو دەسـەڵاتداریێتی دەوڵەت لەمامەڵەی نێو دەوڵەتیدا بەخیتابی میدیایی دەهۆڵکوتـانەوە بشارێتەوەو کپـی بکـات. بێگومـان ئیزدواجیەتـی هەڵوێـستی دەسـەڵات لەحـاڵەتی وادا نـابێتە مـایەی چارەسـەرکردنی تەنگژەکە کە گوایە دەسـەڵات لێـی دەترسێ، بەڵکـو دەبێـتە مـایەی دواخـستنیو سـەرەنجام تەقیـنەوەی لەهەلـومەرجێکیتردا کە کەس پێـشبینی دوورو نزیکـی ناکـاتو کەسـیش نـاتوانێ مەزەنـدەی ئاسـەوارە خراپەکـانی بکـات. هەروا درۆکردنی دەسەڵات لەتەنگژەی وادا پرەستیجو ناوبانگی دەسەڵات دێنێتە خـوارەوە ، وەکو تەڵەکەبازێکی سیاسیی لەناوخۆی وڵاتو وەکو دەسەڵاتێکی نابەرپرسو یـاریکەر بەئاگر لەئاستی نێودەوڵەتیـدا دێتە ناساندن. ئەم فـاکتەرانەش هەمـوو یارمەتیـدەری بڵاوبونەوەی گەنـدەڵی سیاسین لەوڵاتـدا چـونکە دەسـەڵاتی سیاسیی لەمـلاوە دەسـتی لەدەستپێشخەریو داهێنـان بەسـتراوەو لەولاشـەوە دەمـی جادەی سیاسیی دەبەسـتێ لەبەدرۆخـستنەوەی دەسـەڵات لەو هەڵوێـستانەی بەرووکەشـی نیـشانی دەداو لەو هەڵوێستانەی ژێرەوە کەبە فیعلی پیادەی دەکات.

بێگومـان ئەوەی رادەی قـووڵی تەنگـژەکە یـان تەنکـی دیـاری دەکـات سروشـتی پێکهـاتەی دەسـەڵاتە وەکـو گوتمــــــان. ئەمەش دەمانخـاتە سـەر شـەمەندۆفەری چیرۆکی ئەسڵی: کێ لەکێ بووە؟ ئایا دەسەڵات کوڕی شـەرعی جادەی سیاسییە تـا بڕیارەکـانی گوزارشـت لەجـادە بکـات، یـان کـوڕێکی سـەرکەشو لاسـارەو لەڕێـی قەدبڕەوە چۆتە سـەر کورسی حـوکمڕانیو ڕاڕەوەکانی بڕیاری سیاسیی لەسـەرخۆیو تاقمەکەی داخستووە؟

بەڵام پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەبێ لایەنە پۆزەتیفەکانی بوونی جیـاوازی لەهەڵوێستی سیاسیی نێوان هەردوولا روونبکەیـنەوە. بەنـدە ئەم جیـاوازییە

لەخەسڵەتە باشەکانی جادەی سیاسییەوە دەخوازم. جادەی سیاسیی سەبارەت بەوەی ڕەنگدەرەوەی هەستو سۆزی میللەتە، راوبۆچوونی تویژە خوێندەوارەکانی میللەت دەردەبڕیو لەهەڵوێستە سیاسییەکاندا ڕەچاوی هاوکێشە سیاسییەکانو تەرازووی هێزو فرتوفێڵەکانی سیاسەت ناکات، بەڵکو ڕەچاوی خواستە میللیو نەتەوەییەکان دەکات، لەڕوانگەی بەرژەوەندی شەخسیو سیاسییەوە هەڵوێست دەرنابڕێ با هەڵوێستەکانیش هەر یەکەیان لەئاوازێک بخوێنێ، بەڵکو گوزارشت لەڕاستی دەکات با هەموو جارێکیش لەگەڵ واقیعدا وێک نەیەتەوە.بۆیە هەلوێستەکانی جادەی سیاسیی زاکیرەی دەستەجەمعی میللی بەگەشاوەیی دەهێڵێتەوە. بەدەسەڵاتی سیاسیی دەڵێ ئەم پرسو خەونە نەتەوەییانە هەیە لەبیریان مەکە، ئەم ئاوات ئامانجە نیشتمانییانە لەناو ڕاڕەوەکانی هاوسەنگی سیاسییو هاتوچۆی دیبلۆماسییدا فەرامۆش مەکە. ئەم گەشاندنەوەی زاکیرەی دەستەجەمعی میللەت کەجادەی سیاسیی پێی رادەبێ ئەگەر ڕێکبخرێو ئالیەتی ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی بۆ دابین بکرێ دەبێتە مایەی بوژاندنەوەی تەڕایەتی لەناو ڕاڕەوەکانی سیاسەتدا، چونکە دواجار دەسەڵاتی سیاسیی چەند بەرنامەی ڕۆژانەییو تەکتیکی بەڕێکردنی تەنگژەو دەرکەوتەکانی هەبێ، بەخواستو ئارەزووی ستراتیژییەوە جوانەو پێویستیشە ڕێی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەو ئەو ئارەزووە ستراتیژییە بەرنەداو خۆی تووشی هەڵدێری لادانو کوێرەڕێی لاساری نەکات.

لەرژێمە دیموکراتییەکاندا دەسەڵاتی سیاسیی ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکان. ئەم ئامرازە هەمیشە لەگۆڕاندایە. لێ سیاسەتەکان، مەبەستمان سیاسەتە ستراتیژیەکانە، جێگیرو درێژخایەنن. بۆیە هێزی سیاسیی، یان هێزە سیاسییەکانی لەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنو گەمەی دیموکراسییەوە دەسەڵات دەگرنە دەست سەبارەت بەوەی ملکەچی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەو هاتنەوەبەردەمی جەماوەرن ناتوانن دەستبەرداری جادەی سیاسییو هەڵوێستەکانی بن. بەپێچەوانەی دەسەڵاتی ناو رژێمە دیکتاتۆرییەکان کەتێیدا هێزە سیاسییەکان لەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە نەهاتوونو ملکەچی گەمەی دیموکراسیی نین، لەڕاو هەڵوێستو هەڵچوونەکانی جادەی سیاسیی بێ منەتن.

دەشبینین لەو رژێمە دیکتاتۆرییانەدا هەتا ماوەی مانەوەی هێزی سیاسیی لەدەسەڵات دوورودرێژ بێتو ملکەچی گەمەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نەبێت پلەی بێ منەتیو کێرڤی ڕێزنەگرتنی لەراو هەڵوێستی جادەی سیاسیی هەورازتر هەڵدەکشێ. بەو پێیەش جیاوازی نێوان جادەو ڕاڕەوی سیاسیی قووڵتر دەبێتو هاتنەپێشی

هەڵـومەرجی تەنگـژە لەبـارتر دەبێـت. لەحـاڵی وادا جـادەی سیاسـیی هێنـدە لەدەسـەڵاتی سیاسـیی بەگومـان دەبـێ کەتەنـانەت ئەگەر هەڵوێـستەکانی ئەو دەسەڵاتە لەپرسە سیاسییەکاندا راستو دروستیش بن، بەرژەوەندی نەتەوەییان تێدا بێت کەچی جادەی سیاسیی باوەڕ بەدەسەڵات ناکاتو ویژدانی میللی تەجـاوب لەگەڵ بڕیـاری ڕاڕەوەکـانی بڕیـاری سیاسـیی نـانوێنێو خەمـساردی لەئاستدا نیشان دەدات.

لێرەوە هەرەمی پێکهاتنی دەسەڵات دەتوانێ مەودای تەجاوبی جادەی سیاسیی لەگەڵ راڕەوی بڕیـاردانو بەپێچەوانەشـەوە هـی دەسـەڵات لەگەڵ جادەمـان بـۆ روونبکاتەوە.

لەڕاستیدا هەڵوەستەکردن لەئاستی بایەخی ملکەچبوونی دەسەڵاتی سیاسیی بۆ پرۆسـەی دیموکراسـیو سـەرلەنوێ هەڵبـژاردنەوە تەنهـا بـۆ تەئکیـدکردنەوەی باشـەکانی خەیاری دیموکراسی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بڵێ وەختێک شقلی گەمەی دیموکراسـیمان لا رۆشـن دەبێـت دەزانـین هەمـوو هێزێکـی سیاسـیی توانـــادار لەبەشـــداریکردنی لەگەمەی دیموکراســـیدا بەرنـــامە دەخـــاتە روو، چارەسەری بۆ پرسـەکان دیاری دەکات و لەسـەر ئەوبنچینـەیە خەڵکی دەنگی دەدەنێ و لەسەر ئەووەعدو بەڵێنانەی دەشیدات خەڵکی لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەن. لەحاڵێکی وادا هێزی تەماحکار لەدەسەڵات دەچێ تەبەنی ئەو بەرنامانە دەکات کەخواستی جەماوەرە. هەمـوو گەمەکانی هەڵبـژاردن لەهەمـوو ئەزمـوونە دیموکراسییەکاندا سەلماندوویەتی کەخواستی کۆمەڵایەتی و داخـوازییە ئابووری و فەرهەنگییەکـانی جەمـاوەرو ئەوی پەیوەنـدی بەگوزەرانییـانەوە هەیە هیچـی کەمتر نییە لەخواستە نەتەوەیی یان تەنانەت ئاین و ئایدۆلۆژییەکان. بەم پێیە هەچ هێزێکی کەبیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست ناتوانێ تەنها یاری بە دروشمە نەتەوەییەکـان بکـات و تەنهـا لەسـەر بەرنـامەی خواسـتە نەتەوەییەکـان گـرەوی هەڵبـــژاردن ببـــاتەوە. ئەمە خـــاڵێکی جەوهەری کەم کـــردنەوەی جیـــاوازییە گەورەکەی نێـوان جـادەو دەسـەڵاتە. چـونکە ئەمە سـەرەتای بـە عەقڵانیکردنـی پرۆســەی سیاســییە. لێــرەوە لەئەنجــامی دووبــارەبوونەوەی پتــر لەپرۆســەیەکی هەڵبـژاردن جەمـاوەر دەزانـن کێهـان خواسـت قـابیلی جێبەجێکـردن نیـیەو دەسەڵاتیش تێدەگا کێهان بەڵێنی پێ جێبەجێ دەبێ؟

بگـرە رەنـگە لەئەنجـامی شکـست هێنـانی هێزێکـی دەسـەڵات لەجێبەجێکردنـی بەڵێنەکـانی ببێـتە قوربـانی، بەڵام شکـستەکەی لەگەمەی هەڵبژاردنـدا ئامـاژەیەکی

شێنەییشە بۆ جەماوەر کەپرسە گەورەکان بەکفوکوڵ چارەسەر نابن. دیاریکردنی ئەم ڕەوشە لەبارێکی تریشەوە خزمەتی بەرگرتن لە تەنگەژە دەکات ئەمەش سەبارەت بەوەی چ جەماوەر، چ نوخبەی سیاسیی، چ جادەو چ ڕاڕەوەکانی بڕیاردان ، واتا تێکڕای لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی دەگەنە ئەو باوەڕەی کەتەنانەت لەسەرخستنی پرۆژەی نەتەوەیشدا پێشکەشکردنی مۆدێلێکی جوانی حوکمڕانی ، مۆدێلێکی پێشکەوتووی کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوو لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی ، ڕەونەقدار لەباری دیموکراسییەوە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ. بەم شێوەیە هەموو لایەنەکانی پرۆسە سیاسییەکە مانای دیکەی تێکۆشان بۆ قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دەدۆزنەوە. مانایەک کەبەو ئاراستەیە هیچ نەتەوەو وڵاتێک ناتوانێ شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی بباتەوە ئەگەر کۆمەڵەکەی ڕزگار نەبێ ، ئەندامانی کۆمەڵەکەی ئازادو بڕیاردەر نەبن لەسەر چارەنووسی خۆیان.

بەڵام لەگەڵێک نموونەدا دیتومانە کەهەر کاتێک بەبیانووی تەنگەژەی نەتەوەییەوە، یان بەبیانووی تەنگەژەی ئاینیەوە، بەبیانووی بوونی دوژمنێکی دەرەکییەوە گەمەی دیموکراسیی و هەڵبژاردن فەرامۆشکرابێ ئەوە قەوماوە کەلەنموونەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەیبینین : جادە کەفوکوڵی هەیەو دەسەڵاتیش لەتەنگەژەی بڕیاردان دایە.

ئەوی چاکتر دەتوانێ ئەم تەنگەژەیە دەربخات دیوێکی تری بایەخی بەشداری جەماوەرە لەپرۆسەی لێپێچینەوە لەدەسەڵات، چونکە بەشێکی هۆی کەفوکوڵی جەماوەری لەتەنگەژە سیاسییەکاندا ئەوەیە جەماوەر هێندە دوورە لەبڕیاردانی سیاسییەوە کەهەست بەغوبن دەکەن ، هەست بەپەنگخواردنەوەی ئارەزووی سیاسیی خۆیان دەکەن کە ئەم غوبن و چەپاندنە دواجار لەبۆنە سیاسییە گەورەکاندا، لەتەنگەژە نەتەوە هەژێنەکاندا خۆی نمایش دەکات. هاواری ئەو وەختە تەنها هاوارێک نییە بەڕووی داگیرکەرو دوژمنی دەرەکی زاڵمدا، بەڵکو هاواریشە بەڕووی دەسەڵاتێکی بێ منەت کەپرس بەجادە ناکاو خواست و داخوازییەکانیان ڕەچاو ناکات.

لەکاتێکدا دەشێ دەرفەتی ڕادەربڕینی شێنەیی لەکاتی شێنەییدا بەکەڵکتر بێ لەهاواری سەردەمی تەنگەژەکان. چونکە ئەوی سەردەمی شێنەیی بەڵێ دەنگێکی هێمنە، بەڵام کاریگەرترەو گوێلێگیراوترە، چونکە کەناڵێک بۆبەشداریکردنی جەماوەر لەبەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگە، لەچارەسەرکردنی پرسە سیاسییەکان، دابین دەکات.

**سکێچی ململانێیەک لەنێوان ڕۆژئاواو عەرەبدا**

بۆ تێگەیشتن لەشێوەو نموونەی پراکتیکی جودایی نێوان جادەو ڕاڕەوی سیاسیدا سکێچی وڵاتێکی ڕۆژئاوایی (ئەمریکا) وەردەگرین و دواتر لەسەر ئەزموونی دونیای عەرەب لەدنەدانی ( (جادەی عەرەبیدا)) هەڵوەستەیەک دەکەین.

بێگومان ڕەخنەگرانی نموونەی سیاسیی ئەمریکا زۆرن، بۆخۆشیان لەمیانی دەرکەوتەکانی دوای (11)ی ئەیلولدا دەپرسن ( (بۆچی ڕقیان لێمانە؟)) ڕەنگە ئەم دێڕە بۆخۆی باشترین گوزارشت لەواقیع بکات کەئەمریکییەکان لەنموونەی حوکمڕانی وڵاتی خۆیان و ئەوی لەبواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا ناویان لێ ناوە ( (شێوە ژیانی ئەمریکایی)) بێ گلەین، چونکە پرسیارەکەیان ئەوەنییە (بۆچی لەناو خۆماندا ڕقمان لەیەکترییە؟). پرسیارەکەیان ئەوەیە (بۆچی ڕقیان لێمانە؟) واتە کەسانێک هەن (ئەویتر)ن و ڕقیان لەسیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکایە. بۆیە ئەم لەخۆڕازی بوونە بابەتێکی سەرنجڕاکێشە. دەسەڵاتی سیاسیی لەئەمریکا ملکەچی هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسییە. ئەو هەموو تەکنیکە باڵایەی لەڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و کۆنگرێس و لەبەڕێوەردنی پرۆسەی ژیانی سیاسیی خەرج دەکرێت ناتوانن ئەوەمان نیشانبدەن داخۆ پەیوەندی نێوان جادەو ڕاڕەوی سیاسیی لەواشنتۆن کێ ئەیبات بەڕێوە؟ واتا کامیان لەویترن؟ چونکە هەڵوێستەکان والێکنزیکن و جووتن کەنازانرێ ئەمریکاییەکان تەبەنی خەیارات و سیاسەتەکانی دەسەڵاتەکەیان دەکەن، یان ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە تەبەنی داخوازی و ڕوانینەکانی میللەتی ئەمریکا دەکات؟ هەردوولا جووتن لەپرسە گەورەو هاوبەشەکاندا.

یەکێک لەبەڵگە ڕوونەکانی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا ئەو ڕەخنەیە کەعەرەب لەوانی دەگرێت کاتێک دەڵێن (ڕای گشتی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتەکەیەتی) عەرەب دەیەوێ بڵێ ئەمریکییەکان بەخوو شەڕانگێزن جاحکومەت بن یان میللەت. کەچی ئەو هاوچارەنووسییە خۆی گەواهی ئەوەیە دەسەڵات و جادەی سیاسیی وێڕای جیاوازی لەسەر وردەکاری، لەپرسە هاوبەشەکاندا یەک ڕاو یەک هەڵوێستن. ئەم جێگیرییەی هەڵوێست سەرەڕای هاتن و چوونی حکومەتەکان لەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بۆ عەرەب، کەدەخوازێ ئەمریکا هەڵوێستی باشتر بێت لێی، جێی ڕەخنەیە، بەڵام جێی سەرەنجدانیشە. هاوجووتیەک لەڕای ڕاڕەوی بڕیارو جادە سیاسییەکەی هەبێت. ئەمەش دەرکەوتێکی تری دیموکراسییە لەو وڵاتەدا. لەشەڕی

ئەفغانستان و درێژبووەکانیدا وەختێک لەمیدیای ئەمریکادا رەخنە لەسعودیەو وڵاتە عەرەبیەکان گیرا، پرسیاری زۆرێک لەناوەندە میدیایی و رۆژنامەوانییەکان وابوو داخۆ جادەی ئەمریکا فەرمانبەری پەیوەندییە گشتییەکانی جادەی سیاسین؟!

## گەمەی نەتەوەکان، کێ فێڵی لەکێ کردووە؟

عەرەبەکان لەشوێنێکی تر رەخنەشیان لەئیسرائیل گرت کەچی ئەو رەخنەیە لەزمانی سیاسەت بەقازانجی تەلئەبیب تەفسیر دەکرێ. ئەوان دەڵێن شارون بێت یان باراک، حکومەت بێت یان خەڵکی، جادەی سیاسیی لەئیسرائیل هەریەک راو هەڵوێستیان هەیە لەپرسە سیاسییەکانی هاوپەیوەند بە ململانێی عەرەب – ئیسرائیلدا. هەرچەندە ئەم روانینە زێدەڕۆیی تێدایە بەڵام ستایشی یەکدەنگی ئیسرائیلییەکان دەکات لەجادەو راڕەودا، چونکە هەڵوێستیان هێند جیاواز نیە. کەچی لەبەرامبەردا رژێمە عەرەبییەکان زۆربەی بەناوی کێشەی فەڵەستینەوە هاتوونەتە سەر کارو هەربەناوی دوژمنی دەرەکی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە هەموو ئازادییەک ، هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیان ئاودیو کردووە. بۆیە ئێستا جەماوەری عەرەبی کەخۆپیشاندان بۆ کێشەی فەڵەستین دەکات مافی خۆیەتی، چونکە وا راهێنراوە کەدەبێ رژێمەکانی داکۆکی لەفەڵەستین بکەن. ئەی ئەوەنییە بۆ فەڵەستین هەموو شتێک بەلادا خراوە؟ بۆیە لەحاڵێکی وادا چۆن کێشەی فەڵەستین بۆتە خێرو بەرەکەتی دەسەڵاتەکان تاوەکو لەڕێیەوە درێژە بەحوکمڕانی نادیموکراسیی بدەن، ئاوەهاش بۆ جادەی سیاسیی عەرەب بۆتە بۆنەیەک کەلەڕێیەوە هاواری چەپێنراو بەرزدەبێتەوە. ئەمەش وەک گەمەی نەتەوەکانی لێدێ: لەحەوزێکدا هەر دوولا رووتن کەچی هەردوولا واخۆیان نیشاندەدەن کەڕووت نین و یەکتریشیان بەڕووتی نەبینیووە. ئەمەش یەک لەئاماژەکانی گەندەڵی سیاسییە کە دەسەڵات و جادەی سیاسیی بە ئاماژەو جەفەنگ و تەلیسم لەگەڵ یەکتری قسان بکەن.

ئەز پێم وایە بەشێکی زۆری خۆپیشاندانەکانی پایتەختە عەرەبییەکان خۆڕسکەو دەستکردی رژێمەکان نییە، مەگەر ئەوەی وڵاتی وەکو عیراقی لێ دەربچێ (ئەم وتارە هی پێش روخانی رژێمی بەعسە لە نیسانی ساڵی 2003)، بەڵام لەگەمەی ئاماژەکاندا جادەی سیاسیش تێدەگات دەسەڵاتەکەی رێ لە خۆپیشاندانی هاوسۆزی لەگەڵ فەڵەستین ناگرێ و خۆپیشاندانی وا تاکە کەناڵە بۆ پشکداری جەماوەر لەپرۆسەی سیاسەتدا.

بەمجــۆرە هــاواری خۆپیــشاندان دەبێــتە فیعلێكــی سیاســیی، بەڵام فیعلێكــی بە كەفوكـوڵ. لەجیـاتی ئەوەی دژی سیاسـەتە گەنـدەڵە ناوخۆییەكـان بێـت رژێمەكـان وەرگۆڕانی تێدا دەكەن و دەیكەنە دژی دوژمنە دەرەكییەكان. لەڕاستیدا ئیسرائیل داگیركەری مافی فەلەستینییەكانە و كەس نكۆڵی لەوە نییە كەمافی فەلەستینییەكان و عەرەبـە بەهەمـوو شـێوازی گوزارشـتكردنی سیاسـیی داوای ئەو مـافە بـكەنەوە، بەتــایبەتی گوزارشــتی خۆپیــشاندان، بەڵام گــرفتەكە لێــرەدا ئەوەیە لەســەرەوە، لەمیـدیاكانی عەرەب، رژێمەكـان سیاسـەتی پـشتیوانی لەجـادەی سیاسـیی هانـدراو پەیــڕەوی دەكەن و لەولاشــەوە، بەدوور لەئاگـاداری و ئیــرادەی جـادەی سیاسـیی، سـازش دەكەن و راڕەوەكـانی سیاسـەتیان پڕكـردووە لە دەستپێـشخەری و پێویـستی سیاسەتكردن دوور لەخواستی جەماوەر.

ئەوان توانیان ئاڕاستەی كەفوكوڵی جادەی چەپێنـراو لەخۆیـانەوە بگـوازنەوە بۆسـەر دوژمنـی دەرەكی، ئەوی تۆمـاس فریـدمانی رۆژنـامەنووس لەوتارێكـدا ئامـاژەی پێـدا ((راپەڕینـی فەلەسـتینی سـەرەتا كەمـوزۆر لەدژی گەنـدەڵی دەسـەڵاتەكەی عەرەفـات بوو، بەڵام ئەو توانی ئاڕاستەكەی بەتەواوی بەرەو لای ئیسرائیل وەرگێڕێ)) بێگومان بەشی زۆری هەڵوێستی جادەی سیاسیی عەرەب وەک ئەوەی فەلەستینیەكان رووی لەگەنـدەڵی رژێمەكـان بـوو، بەڵام رژێمەكـان روویـان بەرەو لای دوژمنـی دەرەكـی، ئیسرائیل و ئەمریكا وەرگێڕا!

هەڵـبەت ئەمە مـاوەیەک خـواردی، بەڵام تاسـەر نەبـوو. بەڵكـو سـەرەنجام ئەو تەنگەژەیەی خۆڵقاندووە كەدەیبینین:

ئێستا رژێمە عەرەبییەكان لای جادەی سیاسـیی جێی گلەیـی و رەخـنەن چـونكە سـازش لەگەڵ (دوژمـن) دەكەن. لەنـاو راڕەوەكـانی سیاسەتیـشدا جێـی سەرزەنـشتی سیاسەتی زلهێزەكانن، چونكە جادە و كەفوكوڵی جادەیان پێ كۆنترۆڵ ناكرێ. ئەوەش وەک لەشەرحی حاڵی مەودای جیاوازی نێوان جادەو راڕەودا باسمان كرد نیشانەی گەنـدەڵی سیاسـییە: لەسـەرێكەوە دەسـەڵات دەسـتی گیـراوە لەدەستپێـشخەری و لەسـەرێكی تریـشەوە ناچـاری درۆكـردن دەبـێ لەگەڵ جـادەی سیاسـیی وڵاتەكەی خۆیدا.

## گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازوویەكی لاسەنگ!

ئەمەش دەمانباتە سەرئەوەی بپرسین كام شێوازی سیاسیی بۆ بەدەست هێنانی كام ئامانجی سیاسیی پێویست و شیاون؟

لەڕاستیدا جەماوەری جادەی عەرەب لەتەنگەژەکاندا هاندەدریٚ، بەڵام لەبڕیاردانی سیاسییدا پرسی پیٚ ناکریٚ. ئەمەش شپرزەیی و شێواوی دەخولقێنیٚ چونکە ناکریٚ بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسیی ئامرازی تری سیاسیی، ئەوی هی سیاسەتێکی ترە، بەکاربهێنیت. ئەوە وەکو ئەوە وایە بۆ هەڵسوڕانی ئامێرێک بورغوی ئامێرێکی دیکە دەکار بخەیت. هەندێک لەرژێمە عەرەبییەکان شێوازی دیموکراتی خۆپیشاندان، کەگوزارشتێکی دەستە جەمعییە، بۆ مانەوەی رژێمە ئیستبدادییەکانی خۆیان بەکاردێنن.

لەولاشەوە فەلەستینییەکان دەچنە ئۆسلۆو ریکەوتن دەکەن بیٚ پرسی جادەی عەرەبی، کەچی کەلێیان دەقەومیٚ دەخوازن جەماوەری عەرەبی بێتە سەرجادە بۆ راستکردنەوەی ئەو پارسەنگەی لەڕاڕەوەکانی سیاسەتدا لاسەنگ کراوە.

بێگومان خراپترین شت ئەوەیە لەحاڵەتی قەومانی ئەم تەنگەژە گەورانەدا داوای رەجەتەی سیحری چارەسەر بکەیت، چونکە ئەوی لەسەردەمی خۆپاریزی لەنەخۆشی بەهەرزان دەیکڕی لەکاتی تووشبووندا بەدەرەنگ دەکڕدریٚ. بەڵام بێگومان هەڵمەتی خۆپاریزی لەنەخۆشی تەنها بۆ دەربازکردنی نەخۆشێک نییە تابڵێین مادام تازە تووش بوو هەڵمەتی هوشیاری خۆپاریزیمان بۆ چەس؟ لەم حاڵەدا نەخۆشی عەرەبی ئەزموونێکی چاکە کەئێمەی کورد هەڵەکانی ئەوان دووبارە نەکەینەوە. لەم پرسەشدا، وەکو زۆر پرسی تر، خەسڵەتی ئەوەی کەئێمە کاغەزێکی سپین بەکەڵک دێت تاوەکو بەشتی باش پڕبکرێنەوە.

عەرەبەکان خۆشیان ئێستا لەو باوەڕەدان کە گێڕانەوەی هاوسەنگییەکە بەوە دەبێت سەرلەنویٚ پارچەکانی میکانۆکە ریٚک بخرێتەوە. دەبیٚ چیرۆکی پێکهاتنی دەسەڵات بنووسرێتەوە. خاڵی دەسپێک لەم ریگایەشدا گرتنەبەری ریٚی چارەسەری دیموکراسییە. بێگومان پرۆسەی دیموکراسی بەتەنها دەرمانی ئەم دەردە کوشندەی فرەبوونی جیاوازی لەڕوانینی جادەو ڕاڕەوی سیاسیی پیٚ ناکرێت. بەڵام پرۆسەی دیموکراسیی پێگە پتەوەکە و ریٚڕەوەکەشی ریٚڕەوە راستەکەیە. ئەوڕێی چارەسەری تەنگەژەی عەرەب، ئەوە چارەسەر لەسەر شێوەی دەرزی ئاژنی چینییەکان. ئامرازی دیموکراسیی ماشێنە ژنگ هەڵاتووەکە چەور دەکاتەوە و دەیخاتە گەڕ.

ئەم دەسپێکە لەوە باشترە لەو حاڵەتە ناکۆکەی لێرەو لەوێی پایتەختە عەرەبییەکان بینرا:

وەزیرەکان دەچنە ناو جادەو بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن، لەجیاتی ئەوەی نوێنەرانی جادە ببرێنە ناو ڕاڕەوەکانی سیاسەتەوە تابەشداری لەفۆرمەڵەکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا بکەن!

# حیوار.... حیوار لەهەموو ئاستەکاندا..*

*ئێستا قسە لەسەر حیوار دەکرێ، حیواری کورد-کورد بۆ چارەسەری قەیرانی شەڕی ناوخۆ، حیواری کوردو بەغدا بۆ چارەسەری کێشەی کوردو حیواری عەرەبی کوردی بۆ لێک تێگەیشتنی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب و زەمینە خۆشکردن بۆ پشتگیریکردن لەمافەکانی کورد لەچوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوودا. بەواتایەکی تر بۆ پشتگیریکردن لەحیواری کورد و بەغدا بێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێ کەتەنها دەبێ لەگەڵ (بەغدا) بەم شێوەی ئێستای، یان ئەوە بگەیەنێت کەهەردەبێ حیوارەکە بەڕێککەوتن کۆتایی پێ بێت.

*لەبەرئەوەی زۆر لەبارەی حیواری کورد-کورد و ئاستەنگی و پێشکەوتنەکانی گوتراوە، والێرەدا لەسەر دووجۆرە حیوارەکەی دوایی دەدوێن کەهۆردوکیان لەبن چەتری (حیوار لەگەڵ بێگانە)دا، یان حیوار لەگەڵ ئەوی دیدا راوەستاون. هەوڵیش دەدەین ئەوانە نەڵێینەوە کەپێشتر دەربارەی حیواری کورد و بەغدا نووسراون، یان ئەز لەبارەی حیواری عەرەبی کوردییەوە گووتومە.

*جارێک سەرەتا پێویستە خواستی حیوار لەمانای ئەخلاقی و یەک ڕەهەندی خۆی دەربێنین بۆئەوەی لەحیواری کورد بەغدا، کەزیاتر موفاوەزەیەکی سیاسییە، بتوانین ئەو زەمینەیە دەست نیشان بکەین کەوادەکا قسە لەبارەی حیوارو موفاوەزەی نێوان کورد و بەغدا ئاسایی و هاندراویش بێت دوای دابڕانێکی حەوت ساڵی (دوایین موفاوەزەی ڕەسمی لەساڵی 1991 دابوو).

ئەمە گەلێک پێویستە بۆئەوەی پێگەی کورد و ئاستی پەرەسەندن، یاخود پاشەکشەی کێشەکەمانی پێ بپێوین.. جا لەکاتێکدا دەسپێکی هەر دیاردەیەکی سیاسیی کەدەردەکەوێت، یان پێشەکی هەر خەیارێکی سیاسیی کەدێتەپێش بەتەشویق و بایەخ پێدانی زۆرەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت ئەوا دەتوانین بڵێین کەگوزارشتی لەبابەت (پێویستە حیواربکەین، چونکە حیوار زمانی شارستانی و

* ساڵی 1997 لە کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە. ئەم بابەتە بەرپەرچدانەوەیەکە بۆ وتارێکی د.ومیز عومەر نەزمی، یەک لە ناسیونالیستەکانی عەرەب، کە داوایکردبوو کورد و بەعس دەستبکەنەوە بە حیوار و موفاوەزە.

سەردەمە) گوزارشتێکی ئەخلاقییەو خواستی حەیقیقی بۆ حیوار یان پێویستی حیواری هەردوولای لەپشتەوەیە، مەبەستمان ئەوەنییە کەحیواری شارستانی ناپەسەندەو لەبری وی دەبێ حیوارێکی وەحشیگەرایی بەرێوەبچێت، بەڵکو دەمانەوێ بگەرێینەوە بۆ ئەسڵی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە دوولایەن ناچاربن یان پێویست بکات بکەونە حیواری ناڕاستەوخۆ ئەگینا وانەبێت خۆ گوزارشتی (حیواری شارستانی، یان گفتوگۆی ئاشتییانە) لەمێژە هەیەو لەدەمێکیشەوە ئەم گوزارشتە وەک مۆدێلێک بۆ چارەسەری کێشەکان لەئەدەبیاتی سیاسییدا ناوی دێت. کەوابێت مەسەلە هاتنەکایەی رەوشێکە لەکوردستان و عیراق و دەخوازێ هەردوولا هان بدات بۆ حیوار لەبەغدا. دروست وەک ئەوەی کیسنجەر لەبارەی رێککەوتنی نافتاوە گوتی. ئەو پێی وایە پێویستییەکی ئابووری بۆ هاتنەکایەی نافتا هەیە، بەڵام دارێژەرانی رێککەوتنەکە دەستپێداهێنانێکی شاعیرییان بۆ ئەنجامدا بۆئەوەی لەچێوەیەکی وشک و برینگدا دەرنەکەوێت.

لەراستیدا فیکرەی حیوار لەبنەرەتدا پەسەندە، بەڵام بۆ حیوار لەگەڵ بەغدا پێویستە ئێمە بپرسین کێهان هەلومەرج وایان کرد کەکورد بگەرێتەوە بۆ خەیاری عیراقی بەو هەلومەرجەی ئێستای عیراقەوە؟ ئەگەرچی ئێستا لەنێوان کورد و بەغدا، بەتایبەتی لەلایەن یەکێتییەوە، شتێکی وا لەئارادانییە کەناوی حیواری لێ بنرێ، بەڵام کەش و هەوایەک کەوایکردووە قسەکردن لەسەر حیوار خەوش و قەدەغەنەبێت لەئاکامی رەوشی نالەباری کوردستانەوە هاتۆتە بوون، بەتایبەت دوای 31-ی ئابی 1996-ەوە کەکارتی عیراقی بەشێوەیەکی جەرگبڕ هاتە سەرمێزی کوردستان و لەهێکرا بووە بەشێک لەهاوکێشە پێکداهاتووەکانی گۆڕەپانی سیاسییمان.

ئەگەر هاموشۆکردن لەگەڵ بەغدا، یاخود دەرگا کردنەوە بەرووی حیوار لەگەڵ ناوەند، یان راستتر حیوارکردن لەبارەی (حیوار کردن لەگەڵ ناوەند)، خەیارێکی تر بێت لەمیانی چەندان خەیارو ئەلتەرناتیف ، ئەگەر ئەوە بەشێک بێت لەسیاسەتی کرانەوە، رەچاوکردنی پتر لەئەگەرێک لەگەڵ دەرو دراوسێدا ئەوا باحیوار بەخێربێت و بائەو دەروەش کراوەبێت وەک پەراوێزێکی دیکەی مانۆڕکردن، بەڵام ئەگەر لەدەرەنجامی لاوازبوونی بەرەی ناوخۆیی کوردەوە بێت ئەوا ئاکامەکانی ناجۆر دەردەچن، بەتایبەتی ئەگەر لەلایەنی عیراقیشەوە حیوارەکە بۆ ئیحتیواکردن بێت، نەک بۆ باوەشپێداکردن. بەداخیشەوە ئەگەرچی ئێستا بەغەداو کورد بەتایبەتی سەبارەت بەیەکێتیی لەم هەلومەرجەدا دروشمیان (ئەزێتمان مەدەن ئەزێتتان نادەین)ـە، بەڵام هیچ زەمینەیەکی لەبار لەنێوانیدا نییە کە (حیواری شارستانی)

پەسـەند بکـات. تەنـانەت سـیمینارەکانی قـاهیرەش لەلایەن عیـراقەوە قـووت نەدراو ئەوانیش نەیانتوانی بیکەنە بەردەبازێ بۆ دووبـارە پەیوەنـدی گـرتن لەگەڵ کورددا ، ئیدی لەرەوشێکی وادا دەبێ دان بەو حەقیقەتەدا بنێین کەهەلومەرجی ئێستامان دوو خەسڵەتی ئەوتۆی تێدایە کەهاندەری حیوارێکی دروست نین تاخواستە لەمێژینەکانی کـورد بـۆ چارەسـەرێکی دیموکراتیـانەی تـۆکمە و، هەروا خواسـتی ئەو روونـاکبیرە عیراقییـانەی بەغــدا رێگــای پێــداون دووقــسەی خێــربکەن، بێــتەدی. ئەو دوو خەسڵەتەش ئەمانەن:

یەکەم: بانگێـشتەکردنی کـورد بـۆئەوەی بچێـتەوە بـۆ حیـوار لەهەلومەرجێکـدایە کەبەرەی نـاوخۆیی کـورد لاوازەو تووشـی نەزیفـی شـەڕی نـاوخۆیی بـووە، بەتـایبەتی دوای 31-ی ئـاب و ئینجـا پتربـوونی دەسـتتێوەردانی تورکیـا لەڕووی سـەربازی و لایەنگیری لەهاوکێشەی کوردستاندا. ئەم هەلومەرجەش مانای لاوازی پێگەی کورد دەگەیەنـێ لەبەردەم هەمـوو ئەوانـی تـر، چ بەغـدا یـان پـایتەختە ئیقلیمییەکـان، یـان ناوەنــدە دۆســت و نەیارەکــانی کــورد لەئاســتی نێودەوڵەتیــدا، (بەغــدا)ش وەک بەشداربوویەکی گەڕاوە دوای ئەم رووداوانەی کوردستانی لاوازکرد، دەخوازێ کەڵک وەربگرێ بۆ گێڕانەوەی کورد. تەنـانەت د.وەمیـز نـەزمـی لەو وتـارەی کەلەرۆژنـامەی (القدس العربی) و دواتـریش لەهەفتەنـامەی (الاتحـاد)دا بڵاوبـۆوە ئەویـش پێـی وابـوو دوای رووداوەکانی ئابی 1996 رەوشەکە بۆ حیـواری کـورد و بەغدا لەبـارە. کەئەمە بەداخەوە مانای ئەوەی دەگەیاند کەمادەمەکی کورد بریندارە، ئەوا هەلێک بۆ عیراق هەڵکەوتووە تاوەک دکتۆرێک چارەسەری پێ بێت، یان وەک باوکێکی بەرەحم بێتەوە مەیدان. لەمەشدا (بەغدا) هەقی خۆیەتی کەکەڵک لەڕەوشەکە وەربگرێ بەوجـۆرەی خۆی دەیخوازێ ، بەڵام دەبێ ئێمەش مەسەلەکە لەچوارچێوەی گوتەی ئەفسوناوی و گوزارشــتی جاویــدانی دەربێنــین و لەچوارچێــوەی رەق و تەقــی سیاســیی خۆیــدا دابیمەزرێنینەوە.

دووەم: سروشـتی پەیوەنـدی گرتنـی کـورد لەگەڵ بەغـدا لەو هەلـومەرجەی ئێستای ململانێـی عیـراق لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی و تێبینییەکانی وان لەسـەر بەغدا وادەکات کەحیواری کورد-بەغدا بەو هەمـوو هەلومەرجە ئاڵۆزەوە رەنگرێـژ ببێـت. یـان ئەو هەلـومەرجە کاریگەری خـۆی بەسـەر حیـوارێکی لەوجـۆرە بەجـێ بێڵێت. ئەمەش لەرەهەندێکی دیاریکراودا مانای ئەوە دەگەیەنێت کەحیواری کورد لەگەڵ بەغـدا لەوانەیە مانـای کوشـتن یـان لاوازبـوونی خەیارەکـانی تـری لـێ بکەوێتەوە:

ا/ چ لەسەر داخوازی بەغدا ئەودەمەی حیوارو موفاوەزە لەشێوەی چەند دانیشتنێکدا پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، داوای ئەوە دەکرێت پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی کورد بەدەرەوە نەمێنێت یان سنووردارو لەژێر چاودێری ناوەندا بەڕێوەبچێت.

ب/ چ لەسەر خواستی دەرەوە کە لێک نزیک بوونەوەی کورد و بەغدا ببێتە بیانوویەک بۆ کێشانەوەی هاوسۆزی تائێستای دەرەوە لەگەڵ تراژیدیای کوردان، ئەمەش بەمانای قوربانیدان بەچەند خەیارێک دەگەیەنێ لەپێناو خەیارێکی متمانە پێنەکراو و ناجێگیردا کەتائێستا بەرنامەی کاری بەغدا بۆ حیوار لەگەڵ کوردان روون نییە.

لەراستیدا دەستنیشان کردنی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوەنییە کەخەیاری موفاوەزە لەگەڵ ناوەند رەتدەکەینەوە لەهەموو زەمان و زەمینێکدا، بەڵکو بۆئەوەیە کەبزانین هەندێک هەنگاوی سیاسی هەیە کەباج و سەرانەی سیاسیی دەخوازێ یان ئەوەی لەئابووریدا پێی دەگوترێ گونجاندن (تولیفە) لەنێوان پتر لەشمەکێکدا. ئەو کاتەی بەکاربەر دەیەوێ برێک لەشمەکی (ا)ی دەستکەوێ ئەوا دەبێ قوربانی بەبرێک لەشمەکی (ب) بدات و لەداخوازییەکانی خۆی لە ئی دووەم کەم بکاتەوە. بەمجۆرە لەحیوار لەگەڵ هەلومەرجێکی سیاسیی تەندروستدا لایەن و گروپە سیاسییەکان دەتوانن پتر لەخەیارێک رەچاوبکەن یان لەیەک کاتدا لەگەڵ پتر لەناوەندێکی سیاسیی مامەڵەبکەن و بەمجۆرە پەراوێزی مانۆڕو ئەفراندنی سیاسیی لەبەردەم خۆیاندا بەرفرەتربکەن. لێ ئەوەی تائێستا بەغدا ویستوویەتی ئەوەبووە کوردایەتی سەرچاوەی خەیارەکانی تر کوێربکاتەوەو ئینجا لەتەنهاییدا بەغدا هەڵبژێرێ ، ئەمەش بەڕوونی لەنووسین و چاوپێکەوتنەکەی د.وەمیز و ئی ئەوەی د.موکەرەم تالەبانی و د.حسێن جاف و ئەوانی پێش ئەوان و لەگەڵ وانیشدا دەردەکەوێت کاتێک تانە لەپەیوەندییە ئیقلیمی و دەرەکییەکانی کوردایەتی و بزوتنەوەی کورد دەدەن بێ پۆلێن و دەرهاویشتن لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا.

لەراستیدا ئەمەی کەبەغداییەکان بەدەسەڵات و روناکبیرەوە دەیخوازن روانینێکی کلاسیکییە بۆ پەیوەندی هێزە سیاسییەکان بەدونیای دەرەوەو ترسێکی ناڕەوای تێدایە بەبیانووی سەروەری نیشتمان و ئەمنی نەتەوەییەوە، چونکە جاری واهەیە پەیوەندی لەسەر بنچینەیەکی ئایدۆلۆژی پێک دێت وەک ئەوەی حزبە بەعسییەکانی وڵاتانی عەرەب پێش تێکچوونیان پەیوەندییەکی هەرێمی و نەتەوەییان هەبوو. یان وەک ئەوەی حزبە ئیسلامییەکان لەسەر بنچینەیەکی ئایدۆلۆژی دۆستایەتی یەکدی

دەکەن یاخود بۆ لایەنێکی سیاسی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کەدەشێ بەحوکمی ڕێبازی سیاسی و فیکری دۆستی سۆشیال ئینتەرناسیۆنال و هەروا دۆستی حزبە دیموکراتخوازەکان و بزوتنەوە رزگارخوازەکان بێت، لەئاستی ڕێبازی نیشتمانیی و نەتەوەییدا دوورابیەکی نەتەوەیی بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی تر دەبەخشێت و ناشێ واز لەو پەیوەندییە دۆستانەیە بێنێت یان بیخاتە ژێر چاودێری حزب و دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

لەسەرێکی دیکەشەوە خۆئەگەر سیاسەتی کرانەوە لەبەغدا هەبێت ئەوا ئەم کرانەوەیە دروستە، کەبەقۆناغ لەدوای قۆناغ دەبێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جەوهەری ئەو کرانەوەیەش ئەوەیە کەڕوانینێکی تر بەرامبەر پەیوەندی و سیاسەتەکانی کوردایەتی هەبێت بۆئەوەی لەکاتی گەرمبوونی میانەی بەغدا لەگەڵ کورددا پەیوەندییەکانی کوردایەتی و ئەو میانەیەی ڕێبەرانی کوردایەتی لەگەڵ دەرەوەی دابڕاو لەعیراق دا دروستیان کردووە بەزەرورەت قازانجی بەغداشی تێدابێت و ناوەندیش کەناڵێکی دیکەی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ دەرەوەی بۆ مەیسەر ببێت.

لەم حاڵەتەدا کەوا پێدەچێ خەیاری ناوەند قوربانیدان بەخەیارەکانی تری بوێت، ئەوا دەبێت ئێمە ئەوەی بەدەستی دێنین لەپەیوەندی کردن لەگەڵ بەغدا بخەینە تای تەرازووەوە لەگەڵ ئەوەی لەدەستی دەدەین بۆئەوەی دەسکەوتێکمان هەبێت هانمان بدات بەپیر بانگەوازەکەی د.وەمیز و هاوڕێکانیەوە بچین. ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کورد بەتوکمییەوە لەگەڵ بانگێشتەکانی حیوار لەگەڵ بەغدادا مامەڵە بکات. بەواتایەکی تر حیواری کورد- کورد لەئاستی ئەو مەترسییانە بێت کەئەمڕۆ کوردایەتییان هاڕیوەو دەیانەوێ لەشەڕو موفاوەزەشدا ئیستفرادمان پێبکەن و خەیاراتەکانی دیکە لەدەست کورد دەربێنن. ئێستاش نەچووەو بچێ لاوازی کورد هی ئەوەیە بیرێک لەحاڵی خۆمان بکەینەوە، لەم بوارەشدا کورد لەنیوەی دووەمی هەشتاکانیشدا دوای ئەوەی یەکدییان هیلاک کرد لەلوتکەی مەترسییەکان و لاوازی کورد لەهەمبەریاندا لەهێکرا ئاشتبوونەوەی گشتی ڕاگەیاند و بەرەی کوردستانی پێک هێنا.

دەمێنێتەوە لەمەسەلەی تێزەکانی د.وەمیز هاوبۆچوونەکانی کەبەم دواییە لەرۆژنامەکانی بەغداوە پەخشیان کرد شتێک باس بکەین ئەویش مەسەلەی فیفتی- فیفتیە لەدابەشکردنی کێماسی و هەڵەکاندا بەسەر هەردوولایەنی دەسەڵاتی عیراقی و بزوتنەوەی کوردایەتیدا. ڕاستە کوردایەتی هەڵەی هەبووەو هەیە، بەڵام ئەم هەڵانە

بەپلەی یەکەم زیانیان لەکوردایەتی خۆی داوەو هیچیش نین لەچاو هەڵە بەبەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی ناوەند کەکوردەواری و کوردایەتی هەراسان کردبوو. بۆیە هەق نییە تۆمەتەکان چوون یەک لەنێوان کوردی قوربانی و بەغدای دەسەڵاتداردا دابەش بکەین. ئێمە لەکوردستان لەبابەت روناکبیرانی فیفتی- فیفتی مان فرەهەس ئیدی نازانین ئەمە خووی ئێرەیە بەغداشی گرتەوە یان ئی بەغدابوو وا کوردەکانیش بەدەست فیفتی فیفتیەوە گیریان خواردووە؟ بەهەرحاڵ هەردوو حاڵەت نیشانەی سڵەمینەوەو نەبوونی فەزایەکی دروستی ئازادییە. مادامەکی ئێمە لەواری قسەکردنین لەبارەی جەدوای حیوارو بەراورد لەنێوان دەسکەوت و بەخششەکانی ئەو حیوارەدا. جێی خۆیەتی لێرەدا کەبڵێن لەم دوورابییەوە حیواری عەرەب-کورد کەڵکێکی باشی هەبوو کەباجەکەی والەسەر کورد ناکەوێت و پەیوەندی و دۆستایەتیەکی وای خوڵقاند، بۆیە سەرەڕای کێماسییەکان بەشداری کورد لەوێدا ئیختراقی دونیای داخراوی عەرەبی دەگەیەنێ بەهەموو ئاستەنگی و دژوارییەکانی ئیختراقی دونیایەکی داخراوە.

هەروا وێرای تەگەرەکانی پشت گوێخستنی ئیعلامی و بەستنی ئەو حیوارە خۆی لەخۆیدا بەمانای ئەوەدێت کەدەسەڵاتی عەرەبی دەیەوێ شتێک لەگەڵ کوردبکات- دەشێ ریگەپێدانی دەسەڵاتی میسری وای لێبکەوێتەوە کەدەسەڵاتەکانی تر بەوەی بەغداشەوە.

پێیان خۆشە وای نیشان بدەن کەدەیانەوێ دەم و دوو لەگەڵ کورد بکەن و هەروا پشکداری لەوروژاندنی رای گشتی عەرەبیدا بکەن، چونکە ئەو رای گشتییە هەنگاوەکانی دەسەڵات و ریگەپێدانەکانی وی کاری تێدەکەن و دەتوانن بەئاراستەیەکی خێردا ببیەن. تائێستاش کورد لەحیواری هەموو ئاستەکاندا چاوەڕێیە رێبەرەکانی لەنێوخۆدا ئاشت ببنەوەو حیوارەکەیان سەربخەن بۆئەوەی لەئەگەری حیواری بەغدادا لاوازنەبن و لەپێناو خەیارێکی دیاری کراودا خەیارەکانی تر نەفەوتێنن.

# چەند سەرەقەڵەمێک دەربارەی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی کوردی![*]

هەوڵدەدەم چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی بابەتێک تۆماربکەم کەبۆتێگەیشتنی هەمەلایەنە لەبزووتنەوەی سیاسیی کورد لەلایەک و نووسینەوەی مێژووی ئەو بزووتنەوەیە لەسەدەی بیستەمدا لەلایەکی ترەوە بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە، بەتایبەتی وائێمە لەدەرگای سەدەیەکی نوێ دەدەین کەچی هێشتاش کەلێن و قوژبنە زۆرەکانی لێکدانەوە و تۆمارکردنی وردەکارییەکانی بزووتنەوەی سیاسییمان پڕنەکردۆتەوە. بابەتەکە لەبارەی دەستنیشان کردنی رۆڵی رەخنەگرانی دەسەڵاتی شۆڕشگێری کورد و دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردە لەو دەرفەت و ماوەکەمانەی ئیمکانی چێ کردنی حوکمێکی خۆماڵی هاتبێتە بوون. روونتر بڵێم مەبەستم ئەوەیە روناکی بخەمە سەرتوخمێک لەتوخمەکانی بزاوتی سیاسی لەکوردستاندا کەئەویش توخمی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی کوردییە لەهەردوو دەرکەوتنی شۆڕشگێڕی و حوکمڕانیدا.

پێوەری دروست دەڵێ ئۆپۆزسیۆن راوێژکارێکی بێ مووچەی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزارەو لەجەستەی دەسەڵات و کۆمەڵگە جیاناکرێتەوە، بەڵام بەگشتی لەهاوکێشەی سیاسیی وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهانی بەناوسێدا هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزسیۆن چ لەئاستی تاکەکەس و چ لەئاستی حزب و دامەزراوی دیکەدا وا ئۆپۆزسیۆن نارِوانرێ کەبەشێک بێ لەمیکانیکی بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی لەوڵاتدا، بەڵکو ئۆپۆزسیۆن دامەزراوێکی فڕێدراو و گومانلێکراوی دەرەوەی دەسەڵاتەکە دەخوازێ ئاژاوەو ناشوب بنێتەوە. لەدونیای سێدا بەبەرهەڵستکار دەگوترێ هەڵگەڕاوە (مرتد) بەو مانا ئاینیەی کەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا سێبەری خوداوەندە لەسەر زەوی و ئۆپۆزسیۆنی ناڕازیش لەو دەسەڵاتە لەدونیای دواکەوتوودا دژوار کردووە بەو پێیەی کەدەبێ ئۆپۆزسیۆن بەشێکی کۆششی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی تۆمەتی هەڵگەڕاوێتی تەرخان بکات.

---

[*] ئەو بابەتە لە رۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"، لە ساڵی 1997، بڵاوبۆتەوە. پێموایە یەکێکە لەوتارە سەرەتاییەکانی کوردستان کە باسی پێویستی و ئەدگارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کردووە.

لەراستیشدا ئەم مەسەلەیە زیاتر خۆی لەئیشکالیەتی نیشتمانپەروەریدا دەبینێتەوە. دەبینی لەبەشێک لەوڵاتانی دونیای سێدا دەسەڵاتی نیشتمانپەروەر هەڵکەوتوون. بەڵام نەیتوانیوە، یان نەیوسیتووە ئەو دامەزراوە دیموکراتیانە چێ بکا کەپەراوێزو دەرفەتێک بوو بۆ فیکرو سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن بهێڵێتەوە. بۆیە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانپەروەر لەدووریانی ئەوەی سیاسەتی خۆیان مەترح بکەن، یان هەوڵ بدەن بەدوژمنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی لێیان نەڕواندێ، تووشی گێژاوو ناهاوسەنگی دەهاتن. هەر لەم روانگەیەوە رەنگە تێبگەین کەبۆچی ئەو بەرهەڵستکارانەی لەلایەن دەسەڵاتی ناسرییەوە لەمیسر گیرابوون. لەزیندانەکاندا هوتافیان بەگیانی (عبدالناصر) دەکێشاو لەدەست لەکارکێشانەوەو دواتر لە مەرگیشیدا قوڕگیان پڕ لەگریان و چاوانیشیان پڕ لەفرمێسک دەبوو.

سەبارەت بە لێتوێژینەوەی توخمی رەخنەگرو، بەرهەڵستکار لەبزاڤی سیاسی وڵاتانی هاوچەشن و هاوچارەنووسی کوردستاندا رەنگبێ وێنەکە ئاڵۆزتریش بێ. وای بۆدەچم کە دەست نیشانکردنی رۆڵی بەرهەڵستکاری لەدەسەڵاتی شۆڕشگێڕی لەشۆڕشە جیاجیاکانی کورد و هەروەها رۆڵی بەرهەڵستکاری لەدەسەڵاتی کورد لەدەرفەتە کەمەکانی فەرمانڕەوایی خۆماڵیدا لەچەند لایەنێکەوە بایەخی هەبێ:

یەکەم: لەباری مێژوویی و بەئەرشیفکردنی مێژووەوە پێویستە سەرنج لەوە بدەین کەمێژووی تائێستای کورد لە بەشێکی زۆریدا مێژووی دامەزراوی حوکمڕانی خۆماڵی و دەوڵەتی کوردی نییە، چونکە لەدەوڵەتە دێرزەمانەکانی وەکو میدیا-وە تامیرنشینەکان ناتوانرێ بەکەماڵی لێکدانەوەی زانستی بگوترێ کورد دەوڵەتێکی ناسیونالیستی هەبووە تابێژین ئێمە دەخوازین مێژووی کورد بە نووسینەوەی مێژووی دامەزراوی دەوڵەت و رژێمەکانی حوکمڕان یەکسان بکەین، بەڵام پێویستە بۆ گشتگیرکردن و کەماڵی مێژوویی لەبزوتنەوەی سیسی کورددا مێژوو و وردەکارییەکانی رەخنەگرتن و فیعلی بەرهەڵستکاری – باکەم و کورتیش بێ- بنووسینەوە. کە گوێمان لەخاوەن شۆڕش و ماوە کەمەکانی حوکمڕانی خۆماڵی بووە. لەکاتێکدا بزووتنەوەی سیاسیی پڕکێشمەکێش و هەڵبەزودابەزی سیاسی بووە کەهەق وایە لەهەڵسەنگاندنی مێژوویدا لەئەو هەڵبەزودابەزە لەبەرچاوبگیرێت.

دووەم: لەبەرچاوگرتنی رۆڵی بەرهەڵستکاری لەدەرکەوتنە کەم و لاوازەکانیدا هەقێکی ئەخلاقی و نیشتمانی ئەو رەوتی بەرهەڵستکارییە لەسەر مێژوو، چونکە ئەوانە سەرەڕای هەر تێبینییەک کەلەسەر کارو کۆششی بەرهەڵستکاری هەمان

بێـت، بەشـی خۆیـان بـزووتنەوەی سیاسـی کوردسـتانیان ئاڕاسـتەکردووەو ڕۆڵیـان لەتەفعیل کردنی داگیراوە.

دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی لەدۆخی شۆرشدا هەلومەرجی هێندە ناسکە کە داخوازی یەکگرتنـی ریزەکـانی لەیەک بەرەو لەژێـر یەک ڕێبەرایەتـی دا خواسـتێکی زاڵتـرە لەگیـانی پەسـەندکردنی رەخـنەو بەرهەڵـستکاری نـاوخۆی خـودی شۆڕشـەکە. لەبـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕی میللەتـان لەبەراییـدا سـەرەتایی بـوونی بـزووتنەوەکە و ڕێبەرایەتـی کردنـی لەلایەن سـەرۆک هۆزەکـانەوە، دواتـریش لەگەڵ پەرەسـەندنی بـزووتنەوەی سیاسـی و ڕێبەرایەتـی کردنـی لەلایەن یەک حزبـی شۆڕشـگێڕییەوە قـالبێکی تیـۆری لەخـۆگرت، بـۆیە بەزەحـمەت بیـرو سیاسـەتی بەرهەڵـستکاری لەچوارچێوەی خودی بزووتنەوەکەدا، نەک بەهاوکاری لەگەڵ نەیارانی بزووتنەوەکە، زەمینەی نەش و نوما کردنی بۆ دەرەخسا. تابەو درەنگانە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دونیـادا ئەو بۆچـوونەش جێگـای خـۆی گـرت کەئەرکە بەپەلەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کەیەکگرتنی ریزەکانی دەخوازێ، دەشێ بەپرەنسیپی دیمـوکراتی زاخـاو بـدرێ و کـاری بەرهەڵـستکاریش دەتـوانێ ڕۆڵێکـی پرشـنگدار لەنێـو بـزووتنەوە شۆڕشـگێڕییەکەی میللەتێکـی هێـشتا رزگـار نەبـوودا بگێـڕێ. ئەویـش بەهـۆی خـستنەگەڕی میکانیزمێـک بـۆ ئـاڵوێرپێکردنی سیاسـەت و بۆچوونەکـان، چـونکە دیموکراتیزەنەبـوونی بـزووتنەوە شۆڕشـگێڕییەکان هەمیـشە سـەبەبکاری ئینـشقاقی حزبەکـان و لێـک دابرانـی ریـزی خەبـاتگێرانی بەدواوە بـووە. بەهەمـان شـێوەش بزووتنەوەی نیشتمانیی خۆماڵی لەسەردەمە هەوەڵینەکانی دەرکەوتن لەهەلومەرجێکی ناسـکدا دەژی کەبۆسەرخـستنی ئەرکەکـانی هەمـاهەنگی هەمـوو هەڵـسوڕێنەرانی کۆمەڵگە دەخوازێ تاجێگیر دەبێ و هەڕەشەی گەڕانەوەی دوژمنی دەرەکی لەخۆی دووردەخاتەوە. دەشێ چارەسەری ئەم گرفتەش بچێتە خانەی هاوکێشەی دەسـەڵاتی نیـشتمانی واتـا دەسـەڵاتی (دیموکراسیی)یەوە، بەڵام لەم پێنـاوەدا پێویـستە بەرنـامەو خواستەکانی پێ بەپێی پێشکەوتنی بزووتنەوە نیشتمانییەکەو جێگیربوونی بخرێتە روو. ئەگینـا لەتوانـاو تـاقەتی دەسـەڵاتەکەدا نـابێ بەپەلە پروزکێ ئەو هەمـوو خواسـتانە کەلەبنچینەدا دروست و رەوان وەدی بێنێت.

چاوپێداخـــشاندنەوەیەکی خێـــرا بەئەزمـــوونی دەســـەڵاتی شۆڕشـــگێڕی کـــورد لەشۆڕشـەکانی کورد و ماوەکەمەکانی حوکمڕانی کورد دەری دەخەن کە هەروەکو چۆن ئەرکەکانی دەسەڵاتی کوردی لە پاراستنی ئەو دەسـەڵاتە لەبەرامبەر دوژمنـانی دەرەکی و داگیرکەران دا قورس و بێ گرفت نەبوو، بەهەمان شێوەش بەرهەڵستکار

و ئەوانەی لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا رەخنەو تێبینیان لەسەرکارو بەڕێوەبردنی ئەو دەسەڵاتە هەبووە ، ئەوانیش لەهەلومەرجێکی سەخت و دژواردا بوون کەکەس هیوا بە هەلومەرجەکەیان نەخوازێ. بەتایبەتی کەئەو دەسەڵاتە بەهۆی دەسکەوتە نیشتمانییەکانەوە پیرۆزییەکی سروشتی پەیداکردبێ. چونکە لەهەلومەرجی ناسکی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی کوردی یان لەهەلومەرجی دەسەڵات و حوکمڕانی خۆماڵی دا کەزەمینەی جێگیربوونی بۆ هەڵنەکەوتووە، وای پێویست کردووە کە:

ا/ بەرهەڵستکاران و رەخنەگران تاڵە دەزووی نێوان پیادەکردنی کاری بەرهەڵستکاری لەلایەک و پاڵپێوەنانی کردەوەی پیشقەبردن و جێگرکردنی دەسەڵاتی کوردی وەکو رێگایەک بۆ وەدی هێنانی خواستە نەتەوایەتییەکان لەلایەکی ترەوە، نەپسێنن و پارێزگاری لێ بکەن.

ب/ بۆچوونەکانی بەرهەڵستکاران توندڕۆیەکی ئەوتۆیان تێدا نەبێ کەبەزیانی خۆیان و دەسەڵات بشکێتەوە.

ج/ بەرهەڵستکاریان بەوپەڕی ئاگاییەوە کردەی بەرهەڵستکاری و رەخنەیی بکەن تاوەکو خواستی بەرهەڵستکاری بەرەو تەلاقی ئێجگاری لەدەسەڵاتی کوردی —یان نەبا، چونکە دوورنییە زویربوون لەدەسەڵاتی نەتەوەیی لەسەرەتاکانی دامەزراندنیدا وەک دژایەتی کردنی پرۆژە نەتەوەییەکە تەماشابکرێ. لەڕاستیدا تائێستا لەمێژووی کورددا دەسەڵاتی کوردی تائەو ئەندازەو ماوەیە درێژە نەکێشاوە بۆئەوەی دوای جێگیربوونی شاهیدی دەورانێکی تری هاوکێشەی (دەسەڵاتی-ئۆپۆزسیۆن)بین. ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکی دووسەرەی خولقاندووە. لەلایەک ئێمە دەسەڵاتە دامەزراوەکانمان لەهەلومەرجێکی مێژووییدا درێژەو کەڵەکەبووی دەسەڵاتێکی (دەسەڵاتی کوردی بێگومان) پێشووتری خۆیان نین تاپەندو ئەزموونی حوکمڕانیان کەلتوورێک پێک بێنێ و لەلایەکی تریشەوە هەرلەبەرهەمان هۆی پچڕپچڕی ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی ئێمە کەلتوورێکی تۆکمەمان لەبواری بەرهەڵستکاریدا، نییە.

هەڵبەتە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گران و دژوارانەی سەرەوە تەنها لەتوانای ئۆپۆزسیۆنێکی پڕ ئەزموون و خاوەن پشتخانێکی سیاسی وڵاتێکی ئەوروپایی بووە، نەک لەتوانای ئۆپۆزسیۆنێکی کەم ئەزموونی دەسەڵاتێکی هەژاری جێگیرنەبوو.

ئەگەر بخوازین لەبواری پرلکتیکدا ئاماژە بەو سەرەقەڵەمانەی لەم نووسینەدا باسمان کرد بدەین، دەشێ لێرەدا لەبارەی نموونەی حوکمڕانی دووەمی شێخ مەحمود بدوێین کەکتێبە دووبەرگییەکەی م.ر هاوار (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی

خـوارووی کوردسـتان) سـەرچاوەیەکی دیکۆمنتی بەبەرەکەتە بۆتـویژینەوەو لیـدوان و سـەرجەم ئەزمـوونی شـیخی نەمـری لەخۆگرتـووە. لەبەرگـی دووەمـدا بەسـەرهات و دیـدو بۆچـوونی بەرهەلـستکارانی حکـومەتەکەی مەلیکـی کوردسـتان خـراونەتەڕوو کەجیاوازییەکی زۆریان لەبیروبۆچوونی سیاسیدا هەبووەو ئەمەش گێژاوێکی بۆ ئەوان و دەسەلاتی شێخیش دروست کردبوو. ئێمە دەتوانین (جەمال عیرفان) بەشەهیدی ئەو بیروبۆچـوونە پێـشکەوتنخوازە بـزانین کەدۆخـی کـۆمەلایەتی و سیاسـیی ئەو سەردەمەی سلێمانی تێپەڕاندبوو، هەرچەندە عیرفان بەوشیارییەوە دەگەڵ هاوەڵانی دا داوای گەڕانەوەی شـێخی کـرووە بـۆ حـوکمڕانی کوردسـتان لەو مـاوەیەی کەشـێخ لەمەنفای هیندستان بوو، بەلام زەقترین دوو نموونە کەبەڕای من یەکێکیان سەلبی و وئەویتریان ئیجابییە ئەزموونی (جمیل صائب)ی نووسەرو (حمدی)ی شاعیرە.

لەنموونەی جەمیل صائب دا

*جمیـل صـائب لەچیرۆکـی (لەخەومـا) هەروەکـو مامۆسـتا (عـومەر مەعـروف بەرزنجی) و زۆر نووسـەری تـریش ئاماژەیـان بـۆکردووە بـەزێدەڕۆیی یەوە لەزوڵم و زۆری حکومەتی شێخ مەحمود دواوەو کارتێکردنی مەسەلە شەخسیەکانی بەسـەرەوە دیارە.

*جەمیل صائب لەسەردەمێکدا لە (خەوما)ی نووسی کەشێخ مەحمود دەسـەلاتی حکـومەتی دووەمیشی لەدەست دابـووەو وەکو شۆڕشگێڕێک پەنـای بـۆ چیـا بردبـوو. کەئەمە هاوکـاتێکی بـاش نەبـوو بـۆ جمیـل صـائب لەکـاری بەرهەلـستکاریدا. جـگە لەوەش چیـرۆکەکە بەئەلـقە لەرۆژنـامەی (ژیـانەوە)دا بلاوکـراوەتەوە کەلایەنگـری ئینگلیزو عیراقی ئەو کات بوو. بەلام من ئەو بۆچوونەی مامۆستا بەرزنجی کەدەڵێ: (لەوسـەردەمەدا هەرکەس و بەرەیەک لەدژی شـێخ مەحمـودی بنووسـیایە جێـی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی ئینگلیزی داگیرکەربووەو تەنانەت هاندانی ئەویشی تیابووە) (1) بەقەتعـی و یەکـلایەنە دەزانـم، چـونکە دروسـت نـیە کەهەمـوو ڕەخنەگرتنێـک لەدەسەلاتی کوردی (دەسـەلاتی شێخ مەحمود) بەواتای خـزمەت کـردن و هاندانی داگیرکەر بخوێنرێتەوە کەئەم نووسینەی ئێمەش لەوبابەتە دەکۆڵێتەوە. دیارە لێرەدا مەبەستمان لەخۆفرۆش و پیاوی دوژمـن نییە چونکە بەتەبیعەت ئەوانە لەدەرەوەی بزووتنەوەی سیاسی کوردن بەهەردوو لایەنی (دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن)ییەوە.

لەنموونەکەی حەمدی صاحێبقران-ی شاعیردا

هەروەکو گوتم حەمدی نموونەیەکی ئیجابی بەرهەڵستکارییە. حەمدی بەشدارێکی هەلـسوڕاوی حکـومەتی دووەمـی شـێح مەحمـود بـووەو لەهەمـان کاتیـشدا لەگەڵ

هاوەڵانی تریدا رەخنەی لەوە گرتووە کەشێخ خەڵکی خراپ و بێ کەڵکی لەخۆی کۆکردۆتەوە و رۆشنبیرو شارەزایانی فەرامۆش کردووە (2).

حەمدی کەسێک بووە کەهەم سڵی لەرەخنەگرتن لەدەسەڵاتی کوردی نەکردۆتەوە دیسانەوەش کاری بۆ پێشخستن و سەرکەتنی خودی دەسەڵاتەکەش کردووە.

لەراستیدا (حەمدی) نموونەیەکی پێشکەوتووی هەڵسوڕانی سیاسییە لەنێو کورددا لەسەردەمێکدا کەبەزەمەنی سەرەتاتکێ کردنی بزووتنەوەیەکی سەخت لەمەیەدانی خەباتی نەتەوەییدا دەژمێردرێ. بیرمەندی عەرەب (د.محمد ارکون) لەپێشەکی کتێبێکی نووسەری ئێرانی (د.احسان نراغی)دا ئاماژە بەوەدەکا کەکۆمەڵگای عەرەبی پێویستی بەرۆشنبیرێکی ئۆرگانیکی ئەوتۆ هەیە کەرۆڵی خۆی لەنێو دەسەڵاتی سیاسیی و ئاراستەکردنیدا تەفعیل بکا وای بۆ دەچم (حەمدی)یەکەی لەمەڕ خۆمان لەسییەکانی ئەم سەدەیەدا لێهاتووانە رۆڵی رۆشنبیرێکی ئۆرگانێکی گێڕاوەو تێیدا سەرکەوتووش بووە.

مایەوە بڵێم کەپێ دەچێ ئەرکی بەرهەڵستکاری لەمڕۆی کوردستاندا بەهۆی هەلومەرجی شەڕی ناوخۆوە لەجاران دژوارت بووبێ، بەڵام دەشێ لەوەختێکدا کەدەسەڵاتی کوردی دووبارە جێگیر ببێتەوە هەڵسوڕانی ئۆپۆزسیۆن-یش رۆڵی بەرچاوی خۆی لەهەردوو ئاستی (حزبی بەرهەڵستکارو ناوەند و کەسانی رەحنەگردا) وەدەست بهێنێتەوە. چونکە ئۆپۆزسیۆنێکی تۆکمە لەهەمبەر دەسەڵاتێکی دیموکراتیدا دەتوانێ چەوتییەکان کەم بکاتەوە، بزووتنەوە نیشتمانییەکەش نیشتمانییەکەش جێگیرتر بکاو بەشداری لەدوورخستنەوەی هەڕەشە دەرەکییەکانیشدا بکات.

سلێمانی 1997/1/8

**پەراوێز:**

1.لێکۆڵینەوەو بیلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی 1925-1969 عومەر مەعروف بەرزنجی- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد –بەغدا 1978-ل 20-21

2.شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان (م.ر.هاوار)بەرگی دووەم 1991ل851.

3.کتێبی (من بلاط الشاە الي سجون الثورة)د.احسان نراغی-کتب المقدمە د. محمد ارکون.

# سیاسەتی دەرگاکراوەکانو پەنجەرەیەک بۆ هەناسەدانی هەرێمی ئازادکراو*

1

بەهەموو خۆشیو ناخۆشییەکانییەوە، بەهەموو سەرکەوتنو نوشوستییەکانییەوە، وا نزیکەی دە ساڵ بەسەر بەڕێوەچوونی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمەکەو هێزو دەسەڵاتە سیاسییەکانییەوە تێپەڕدەبێ. ئەم دە ساڵە شایەدی ڕێڕەوێکی هەمەچەشنو دوورو درێژی رووداوگەلێکی ناوخۆییو ناوچەیین کە نەخشیان لەسەر هەرێمەکەو چۆنیەتی هەڵسوڕانی کاروبارەکانی هەبووە. بەڵام وەک دەڵێن: ئاخرییەکەی خێربێ.

پێدەچێ تا ئێستا مادامەکی سەرەڕای هەموو شتێکی ناخۆش هەرێمەکە هەروا بەدەست کوردەوەیە، روو لەو ئاخرین خێر بکەین.

دە ساڵە کاروانی کورد بەرێکەوتووەو دە ساڵیشە نەیارانی لێمان نەبوونەتەوە. بەڵام ئاخرییەکەی پێم وایە خێردەبێ! هەردەبێ باوەڕێکی وا پتەویش لەخۆماندا بخوڵقێنین کە ئایندە خێری ئێمەی تێدایە بۆئەوەی ورەمان بڵند بێت لەبەرامبەر بڵندو نەویبوونی رەوشی سیاسیی لەهەرێمی ئازادکراودا.

لەراستییدا ئەگەر بەحسابی گرەوبردنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم رێڕەوە دە ساڵییەدا بکەین ئەوا کورد گرەوی بردەوەو لەباری تەمەن درێژی تەجرەبەکەیەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. با ئەو سەرکەوتنە بەقەرزاری (5) نمرەی سەرکەوتنیش بێت مادامەکی ئەو (5) نمرەیە رەسمییە.

ئاخرییەکەی مەرجە کە ئێمە هەرێمەکەمان بەدەستی خۆمانەوەیە. ئەرکی مۆراڵی سەرشانمانە کە بەزۆر رەشبینەکانی وڵاتەکەمان بڵێین سەرەڕای دووکەرتبوونی هەرێمو وێڕای شەڕی ناوخۆو دەرکەوتەکانی، لێ وڵاتی ئێمە نەبۆتە "ئەفغانستان". هەروەک ئەرکی مۆرالی سەرشانمانە کە بەزۆر گەشبینەکانمان بڵێین هاوڕێیان هێشتا

* لە گەرمەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی کوردستان و گەرموگوڕی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی، سەرەتای ساڵی 2002، ئەم وتارە لەدایکبوو.

زۆرمـان مـاوه ئـاواته دێـرینەکەی سـەرەتای ڕاپەڕیـن بەدیبهێنـین کە دەمـانگوت "کوردستان دەکەین بەدوورگەیەکی دیموکراسیی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا". هێشتا زۆرمان ماوە کە پێ بنێینە سەر ڕاستەڕێی ئەوەی کوردستان بکەین بەسوید. ئاخر ئەوە بەوە دەبێ کە کوردستانی کاولکراوی ڕوو لەئاوەدانکردنەوە بکەینەوە کوردستانە بـوژاوو ڕەنگینـەکەی جاران. ئەوە بەوە دەبێ کە کوردستان بکەینەوە بە سویسرای رۆژهەڵات هەروەکو رۆژهەڵاتناسەکان وەسفیان دەکرد.

ڕەنگە ئەمە خەون بێ. ئەمما خەونی ئەوەی هەرێمی ئازادکراو وا ئاوەدانبکەینەوە کە ببێتەوە بە سویسراکەی رۆژهەڵات، خەونی ئەوەی هەرێمی ئازادکراو و دیموکرات بکەین کە ببێتە سویدەکەی رۆژهەڵات (یانی ببێتە دوورگەیەکی دیموکراسیی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)، خەونێکی جوانو مامجەلال گوتەنی "منعش للامال"ە. خەونی وا لەوە باشترە بەتووڕەیی ئاوڕێک لە دە ساڵی ڕابردوو بدەینەوەو تەنها لایەنە "ئەفغانستان" ئامێزییەکەی ببینینو پێمان وا نەبێ عاقیبەتەکەی خێربێ.

## 2

ئەم ڕێڕەوە دە ساڵییە بەزۆر هەورازو نشیوی پەیوەندی ئیقلیمیو نێودەوڵەتییدا گوزەری کردووە. گرەوی رەوشە ئیقلیمییەکە لەسەر ئەوەبوو ناکۆکی نێوخۆی کورد ببێتە بەردەبازی ئامانجی وان لەتێکدانی تەجرەبەکەی کورد. گرەوی رەوشە نێودەوڵەتییەکەش لەسەر ئەوەبوو تەجرەبەکە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. ببێتە دیفاکتۆو گەشەبکاو لەم هەلومەرجی تێکچڕژانە سیاسییەدا گرەو لەزەمەن بباتەوە. گرەوە نێودەوڵەتییەکە لەبەردەم چەندین ئەگەردا کراوەبوو بەجۆرێک کە لەسەر هیمەتی کورد خۆی وەستابوو ئەگەرەکانی سەرکەوتن زاڵتربکات. لەڕاستییدا لەو مەیدانەدا گەلی کورد لەهەرێمەکە وێستگەی یەکەمی خۆجێگیرکردنی تێپەڕاندو هاتە قۆناغی خۆناسینی یاساییەوە.

لەو وێستگەیەی یەکەمدا دوای کێشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی ڕژێم لەناوچەی ڕزگارکراو، خۆڕاگری تویژو گروپەکانی کوردەواری لەبەرامبەر دەرکەوتەکانی کێشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانو هەڕەشەکانی برسێتیو سەرمای زستانو بێبژیویدا، زەمینەی ئەوەیان ڕەخساند کە گرەوی یەکەم لەئیبتزازی دامودەزگاکانی بەغدا ببەینەوە.

بەرەی کوردستانی جگە لەڕۆڵی لەماوەی حوکمڕانی خۆیدا ئەرکی ئەنجومەنێکی دامەزراندنیشی کەوتە ئەستۆ. لەوڵاتان کە قەوارەی سیاسیی پێکدێ ئەنجومەنی

دامەزرانـدن ئەرکەکـانی قۆنـاغە ئنتقـالییەکە بەڕێوەدەبـا تـا ڕێوشـوێنی پێکهـاتنی پەرلەمـانو حکـومەت دابـین دەبـێ. بەرەی کوردسـتانی دەورو تەسـلیمی لـەگـەڵ پەرلەمانـدا کـرد دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنـی 1992دا گەلـی کـورد یەکەم هەنگاوی لەڕێگای هەزار میلی چـوون بەرەو دورگەی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نـا. دواتر ململانێی نێوان مۆدێلە سیاسییەکان بەقازانجی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانو پەسـەندکردنی فـۆرمەڵەی فیـدراڵی وەک شـێوەی پەسـەندکراوی پەیوەندیی نێوان کوردو بەغدا، کۆتایی پێهات.

3

ئەم ململانێـیە بـۆ خـۆی کۆتـایی وێـستگەی یەکەمو سـەرەتای وێـستگەی دووەمیش بوو. هەر لەسەروبەندی رەوشێکی واشدا بوو کە PKK وەک هێزێکی مـوزایەدەچی لەدەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان مەلەفـی ئـاژاوەگێڕی نـاوخۆیی لەدژی قەوارەی پێکهـــاتوویی نـــوێ گرتەدەســـتو لاپەڕە لاپەڕە بەنـــاوی کوردستانێتیو یەکێتیی چارەنووسی نەتەوەیـیەوە هێزەکانی هەرێمی کوردستانی پـێ ئیبتـزاز دەکـرد. لەراسـتییدا لەرووی مێـژووییەوە گروپـی PKKو گروپـی سەرلێشێواوی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئەو وەختە رەوتی کۆمۆنیست زاڵترین دەسـتیان بـوو، تـاوانی ئەوەیـان لەسەرشـانە کە خۆپیـشاندانو پروپاگەنـدەی ژەهراوی ئەوتۆیان لەدژی بڕیاری گەلەکەمان لەهەڵبژاردنی پەرلەمـان کـرد کە تـا ئەو وەخـتە نەیـارانی کـورد شـتی وایـان نەکردبـوو. هەر بـۆ وەبیرهێنـانەوەی خـوێنەر دەیڵێین کە لایەنگرانی PKK لەپەرلەمـانی تورکیـا، واتا پەرلەمانتارانی کـورد لەحزبـی (هەپ) دەنگیـان بـۆ مـانەوەی هێزەکـانی ڕۆژئـاوا لە بـنکەی ئەنجەرلیک نەداو ئەمەشیان بەخەبات لەدژی تورکیا دەخوێندەوە!

لەراسـتییدا هەڵوێستی وا لـەگەڵ درەوشانەوەی پرسـی کـورد لەتورکیـا یەک نەدەهـاتەوە. چـونکە دەنگـدان بـۆ مـانەوەی هێزێکـی نێـودەوڵەتی کە کـوردی کوردسـتانی عیـراق لەدەسـتی هەڕەشـەکانی بەغـدا دەپـارێزێ بەشـداریکردنە لەکەمکـردنەوەی مەینەتییەکانی کـوردی بەشێکی کوردستان بێئەوەی لەسـەر کـوردی پـارچەیەکی تـر بـکەوێ، یـان لەسـەر حسـابی وان بـێ. دوو روانینـی دژ بەیەک: روانینی بزووتنەوەی سیاسیی دێرینی کوردستانی عیراقو روانینـی تـازە سـەرهەڵداوی کـورد لەتورکیـا سـەرەنجام لەچوارچێوەی بـزووتنەوەی نەتەوەییـدا نـاکۆکیو ململانێـی خوڵقانـد. سـەرەنجام PKK پـێش هەر هێزێکـی دەرەکـی،

تەنانەت پێش دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا، بەفیعلی شەڕی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانی کردو دڵی ئۆجەلان ئاوی نەخواردەوە تا تەقەی لەسەروەری نەتەوەیی‌و لەخەونەکانی دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کورد نەکرد.

هێزە هەرێمییەکانیش هاتنە ناو پرسەکەوە. دڵنیانەبوونی ئەوان لەخواست‌و ئەندێشەی دەسەڵاتی کوردیی‌و پێشبڕکێیان لەگەڵ زەمەن تاوەکو ئەم دەسەڵاتە نەبێتە دیفاکتۆ، رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لەتەنگژە یەک لەدوای یەکە ئیقلیمییەکان لەواری پەیوەند بەکوردو کوردستانی عیراقەوە. بەڵام لەوە ئاسانتر نییە کە هەموو شتێک وەپاڵ فاکتەرە دەرەکییەکە بدەین ئەمە لەکاتێکدا فاکتەری خۆیی زەمینەسازییەکی چاکی کرد تا ئەو ئەندازەی فاکتەری دەرەکی بێ‌ترس‌و سڵەمینەوە بێتە ناو رەوشی هەرێمەوەو خۆی بکاتە شەریکە بەش. رەوشی نالەباری شەڕی ناوخۆو گۆڕانی لەسەری یەکی تەرازووی هێزەکان، پەرەسەندنی نائارامی سیاسیی شایەدی حاڵی چەندین دەستتێوەردانی ئیقلیمیین کە ئامانجیان بەلوبنانکردنی کوردستان بوو. لەم پێکدادانی هێزە ئیقلیمییەکان‌و دیارنەبوونی ناسنامەی سیاسی ناوچەی ئازادکراوو دەرنەکەوتنی ئەدگارەکانی سیاسەتێکی دەوڵەتی ژێر لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەتی دەسەڵات لەهەرێمەکەدا، ئینجا رەدوکەوتنی سۆزو ئەندێشەی نابەجێ لەلایەن گروپێکی وەکو PKK-ەوە، لەمانە هەموویانەوە ئاکامگەلێکی وا دەرکەوتن کە پرۆسەی گەشەپێدانی هەمەلاینەی هەرێمەکەی دواخست. هێزە سیاسییەکانی وا لێکرد نەپەرژێنە سەر تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەرشانیان بوو. بەو پێیەش وای لێکردن نەپەرژێنە سەر ئەوەی گرەوی زەمەن ببەنەوەو بەیەکجارەکی ئەزموونی حوکمڕانی کوردی بکەنە "ئەمرێکی واقیع". نابێ ئێمە ئەوەمان لەبیربچێ کە دواکەوتن لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی ترمان وایکرد ئەوەی بەدەستیش هاتووە بکەوێتە بەر هەڕەشەی فەوتانەوە، دیارە ئەمەش لەچوارچێوەی پێشبڕکێی ئێمەو نەیاراندا بوو بۆ زووتر یەکلاییکردنەوەی گرەوە سیاسییەکە.

## 4

شەڕی ناوخۆیی بەدیوێکدا زیانی ئەوەی لێداین کە لەهەموو شەڕێکی زیانبەخش چاوەڕێ دەکرێ. بەڵام بەدیوەکەی تردا شەڕەکە هەروا تاقە سەرچاوەی هێزی ئێمەی ئیفلیج کرد کە هێزی یەکگرتن‌و یەکێتیی گەلی هەرێمەکەیە. چونکە بەو یەکێتیشەوە ئینجا ئێمە فریای ئەوە نەدەکەوتین بەتەواوەتی بەرپەرچی سیاسەتی

نەياران بدەينەوە. بەڵام يەكێتييەكە لەكاتی بەرجەستەبوونيدا لەساڵی پێش شەڕی ناوخۆ "واتا پێش 1994/5/1" نموونەی سەركەوتووی پووچەڵكردنەوەی هەڕەشە هەمەچەشنەكانی دەرەوەبوو يان با بڵێين هيچ نەبێ لەگەڵ ئەو هەڕەشانەدا سەروكاری دەكردو بەگۆڵی يەكسان دەردەچوو.

بەڵام زيانی گەورەتر ئەوەبوو كە لەكوردەواریو چانسەكانی بەردەم پێشكەوتنو گەشەكردنی كەوت. ئەوە هەر كۆستێكی گەورەبوو چونكە لايەنێكی هەرە گرنگی گرەوەكەی ئێمە لەسەر لايەنی پێشخستنی ئابووریو ئاوەدانكردنەوەی كوردستان وەستابوو. كەچی شەڕ ماوەيەك ئارەزووی خزمەتكردنی لا پەكخستينو كزی كردەوە. بۆ خۆشی لەرەوشێكی ناجێگيردا سەرمايەگوزاری نايەتەدیو ئابووريش پێش ناكەوێ. لەرەوشێكی گرژو نائارامی هەرێمەكاندا ئابووری ناكەوێتە گەڕو بازاڕی ئازاد نابوژێتەوە. لەبەرئەوە تەماشا دەكەين گەشەكردنی كوردەورايش ئاستەنگييەكی زۆری هاتە پێش كە بەهيمەتی كوردانەو دەركەوتەكانی بڕياری (986) وردە وردە هەندێكی لابران، بەڵام زۆری ترمان لەپێشە. لەولاشەوە بەغدا بێرەحمانەترين هەڵمەتی پاكتاوكردنی نەژادیی بەرپاكرد كە ناچاربووين بەهەڵمەتێكی چڕوپڕی ديبلۆماسيی كوردیی لەدەرەوەو هەڵمەتێكی ميللی لەناوەوە قەرەبووی لانی كەمی زەرەروزيانەكانی بكەينەوەو هەوڵی ديكەش هەروا بەرێوەيە.

لێ ئێمە لەلابردنی هيچ ئاستەنگێكی بەردەم گەشەكردنی كوردەواری دڵنيانابينو بەسەركەوتنی هەر هەوڵێكی سياسيی بۆ خەفەكردنی هەڕەشەكان دڵمان ئاو ناخواتەوە ئەگەر لەمە دڵنيا نەبين ئاشتی كورديی خۆی بۆ پێشهاتەكانی سەرەتای سەدەو هەزارەی نوێ ئامادەكردووە.

## 5

هەموو لايەك بەئەزموونی دە ساڵی رابردوو دوو ئاكامی سياسيی ئەوتۆ بنچينەييمان بەدەستهێناوە كە ئيتر دەبێ هاندەرمان بن بۆ هەڵسوڕانێكی كارامەتر لەبواری ئيقليميدا، بۆئەوەی هيچ نەبێ ئەزموونی تەمەن دە ساڵی بۆ دواجار بكەينە "ديفاكتۆ". ئاكامی يەكەم ئەوەيە: بەپچڕ پچڕی ناتوانين پەيوەندييەكی تۆكمەو پتەو بەدەوروبەرمانەوە دابمەزرێنينو بەرهەمی هەبێ مەگەر لەسەر حسابی رادەی پێگەينی بێ، ئاكامی دووەميش ئەوەيە كە چار نييە ئێمە هەر دەبێ لەگەڵ

دەروجیرانمان کراوەبین‌و دەبێ ژیرانەتر لەگەڵ دەرکەوت‌و ئاڵۆزییەکانی دێنە پێش، مامەڵە بکەین.

ئاکامی یەکەم دەبێ پاڵپێوەنەری جۆشدانەوەی پرۆسەی ئاشتی بێ‌و ئی دووەمیش هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەکردنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رووناکبیری لەوڵاتەکەماندا دەڕەخسێنێ‌و ئاستەنگییەکانی سەر ڕێگا تەخت دەکات.

ئێستا هەم خۆمان‌و هەم خەڵکەکەشمان‌و هەم دەرودراوسێش دەزانن ئێمە ئیدارەدانی ژیان‌و گوزەرانی ئەو ملیۆن‌و نیوە خەڵکەمان لەئەستۆیە، بۆیە هەڵسوڕان‌و چالاکی نواندنمان وا پێویست دەکات سیاسەتێکی دەوڵەتی درێژخایەن دابنێین لەئاستانەی هەزارەیەکی نوێ کە ناوچەی حوکمڕانی کوردی کردۆتە دەموچاوێکی باوو چاولێڕاهاتوو لەناو نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا. وا دەبینی هەموو لایەک ناچارن لەگەڵ ئەم دەموچاوە باوەی دە ساڵێکە پێی ئاشنان‌و هەروا ماوەو هەروا لەگەشەکردنە، مامەڵەبکەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش بەو سیاسەتە ژیرەی دەیگرینەبەر دەمووچاوە باوەکەمان بکەینە کائینێکی هەڵسوڕاو کە وێڕای رەچاوکردنی سەرەتا نیشتمانییەکان، سەرەتاکانی سەربەخۆیی لەبڕیاری سیاسیی، نەرمی‌و نیانییەکی ئەوتۆ بنوێنین کە دەوروبەر نەتوانن گێچەڵمان بۆ بنێنەوە، بەڵکو سەبارەت بەوەی دەبینە کارەکتەرێکی کارا لانی کەمی بەرژەوەندییەکانی هاجسی ئەمنی، هاجسی مانەوەو کردنەوەی پەنجەرەیەک بۆ هەناسەدانی هەرێمەکە کە کۆمەڵە هاجسێکی ئێمەن لەم قۆناغەدا، لەبەرچاو بگرن.

دیارە یەکەم هەنگاو لەم ڕێگایەدا پردی هاتوچۆی نێوان مەسیف‌و قەڵاچوالانە. هەڤاڵ مامجەلال ئەو پردەی ئاوا کردەوە چونکە پردی پەڕینەوەیە بۆ ئاشتی‌و بۆ یەکگرتنەوەی نیشتمانیی. ڕێگاش بۆ هاتووچوون‌و هامشۆکردن هەمەجۆرو هەمیشە کراوەیە. ئەم پردی هاتووچۆیە هاوشانی سووربوون لەسەر دیتنەوەی پەنجەرەیەکی هەناسەدانی بۆ دونیای دەرەوە، هاوشانی رەچاوکردنی پتر لە ئەلتەرناتیفێک بۆ پەیوەندییە ئیقلیمییەکان، بەردی بناغەی ئەوەن کە پێی دەگوترێ "سیاسە الخیارات المفتوحە"، بەردی بناغەی ئەوەن کە پێی دەگوترێ دابینکردنی هەلومەرجێکی سیاسیی ژیر بۆ کەوتنەگەڕی ئابووری دابینکردنی ئەمن‌و هێمنی ئاڵوگۆڕی تیجاری.

هەردەبێ ئەمەش ناونیشانو ئاراستەی ئەم قۆناغە بێ لەکاری چەسپاندنی ئیدارەو ئیرادەی کوردییدا. هەر ئەوەش ریگای مانەوەو گەشەکردنی هەرێمی ئازادکراوو کردنیەتی بە "دیفاکتۆ" پاش دە ساڵ لەدەرکەوتنی لەسەر شانۆی سیاسیی ناوچەکە. بێگومان هەر بەمەش دەتوانین بڵێین بیحەمدیللا عاقیبەتەکەمان خێرە!

# دوای ده ساڵ لەبەرپابوونی ئایا پەیامی راپەڕین هاتۆتەدی؟*

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ئەمڕۆ پاش دە ساڵ لەبەرپابوونی راپەڕینو لەدووتوێی ئەو پرسیارانەی رۆژنامەنووسان لەهەڵسوڕاوو پاڵەوانانی راپەڕینی دەکەن سەر دەردێنێو خۆی بەسەر گفتوگۆ گەرموگوڕەکانی تایبەتن بەمەغزای راپەڕینی ئاداری 1991 دەسەپێنێ. پرسیاری ئایا پەیامی راپەڕین هاتۆتەدی نە ئاماژەی پرسیارێکی فەلسەفیو نە بۆ گومان خستنە سەر جەدوای هاتنەدەنگی راپەڕیوانە لەدژی دامودەزگای زوڵمو زۆرداری، بەڵکو پرسیارەکە بۆ دیاریکردنی رێوشوێنی راپەڕینە لە سەر رەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەکوردستانو بۆ پێوانەکردنی پلەی پێشفەچوونی ئەو رەوشەیە لەدونیایەکدا کە دوای زەمەنێکی دوورودرێژی فەرامۆشکردن ئاخرییەکەی لایەکی لێکردینەوەو گوێی لەنەعرەتەی جەماوەری تووڕەی کوردستان بوو.

بەڵام پێش هەموو شتێک ئەم پرسیارە سەرنجمان بۆ پرسیارێکی تر رادەکێشێتو لەوەڵامی ئی دووهەمەوە دەتوانین شتێک بەدەست بهێنین.

پرسیاری نوێ ئەوەیە "پەیامی راپەڕین چی بوو؟" پەیامی ئەو راپەڕیوانەی هاواریان لێ هەڵساو هەڵیان کوتایە سەر دامودەزگاکانی سەرکوتکردنو کوردستان بەدەریان کردن چی بوو؟ چونکە هەر بەم شێوەیە دەتوانین بزانین داخۆ دە ساڵ دوای راپەڕین وەفاداری بەرامبەر بەپەیامی راپەڕین نیشاندراوە یاخود نا؟ دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەیامی راپەڕین یان هیچ نەبێ بۆ جەوهەری پەیامی راپەڕین. چونکە بێگومان لەماوەی دە ساڵی رابردوودا لەسایەی رەوشی دوای راپەڕین رەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەوڵاتی ئێمە هێندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە ئامانجی دیکەش، جگە لەئامانجەکانی راپەڕین، واتا جگە لەپەیامی راپەڕین، بێنە کایەوە.

ئەمەش خواستو ئارەزووییەکی رەوایە کە لەگەڵ پەرەسەندنی باری سیاسیو تێپەڕینی زەمەن ئامانجە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان پەرەبستێننو ئی دیکەیان بێتە سەر.

---

* بەهاری ساڵی 2001، لە یادی دەساڵەی ڕپەڕینی کوردستان لە ساڵی 1991دا، لە کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

ئەدەبیاتەکانی سەردەمی راپەڕینو دروشمەکانی سەر دیوارەکانو هاتو هاواری راپەڕیوان لەکاتی هەڵمەتبردندا دەتوانن بەشێکی ئەو پرسیارەمان بۆ وەڵام بدەنەوە کە پەیامی راپەڕین چی بوو. بەداخەوە ئالۆزییەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ وەک چۆن کەموزۆر زیانیان لەراپەڕینو دەستکەوتەکانی دا ئاوەهاش بوونە مایەی پەرشو بڵاویو هەندێک جاریش بزربوونی ئەرشیفی دەوڵەمەندی ئەوانەی ئەدەبیاتەکانی سەروبەندی راپەڕینیان لایە یان ئەوانەی بانگەوازو دروشمو گوتەکانی ئەو سەردەمەیان نووسیوەتەوە. دەنا ئێستا پێداچوونەوەیەکی ورد بەو بەڵگانەدا بەس بوون بۆ ئەوەی کەشوهەوای راپەڕین بەرجەستە بکەینەوەو لەوێوە پەیامەکەی وەبیربێنینەوەو جۆشی بدەینەوە. چەند کەڵکی دەبوو ئەگەر هەر بەڕێزێک ئەرشیفێکی وای لایە تۆژینەوەیەکی زانستی لەسەر دروشمو بانگەوازەکانی سەردەمی راپەڕین دەکردو کێرفی هەڵکشانو داکشانیانی بۆ دیاری دەکردینو یارمەتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی دەداین کە هەر بە فیعلی پەیامی راپەڕین چی بوو؟

بەندە ناچارم لێرە بەمەزەندە چەند هێڵێکی سەرەکی دروشمو ئاراستەی بانگەوازەکانی سەردەمی راپەڕین چڕبکەمەوەو خاڵی هاوبەشیان دەستنیشان بکەم کە هەڵدەگرێ خوێندنەوەی بۆ بکەینو لەئاستیدا هەڵوەستە بکەین، ئەمەش کەموزۆر لەئاراستەی سیاسیی هێزو گروپەکانی بوونیان بەپێی قورسایی گەورە یان بچووکی خۆیان هەبووەو هەندێکیان ئێستاش ئەو قورساییەیان ماوە.

راپەڕین پێش هەموو شتێک یەکلاییکردنەوەی حسابێکی یەکلایینەکراوی نێوان کوردو دەسەڵاتی ناوەندی بوو. کورد بەهەموو ئەو ئاراستەو تەییارە سیاسییانەی دروشمیان هەبوو، نەعرەتەی شۆرشگێڕییان بەدەنگی جیاواز بەڵام بۆ یەک ناوەڕۆک هەبوو. دەسەڵاتی ناوەندیش بەو هەموو زەبرو زەنگەی لەدژی هەمووان پەیڕەوی دەکردو هەمووانی بەدوژمنی خۆی دەزانی. لەبەر ئەوە هەر یەکەی ناونیشانێکی دابوو بە دوژمنەکەی کە لەروانینو جیهانبینیی خۆیەوە وەریگرتبوو، بۆیە لەیەک ساتەوەختدا کە ساتەوەختی تەقینەوەی راپەڕین بوو هەمان ئەو دەسەڵاتە ناوەندییەی دژی هەمووان بوو لەلای جیهانبینییە جیاجیاکانی هەمووان بووە، بەعسی شۆڤێنی (لای تەییاری نیشتمانیو نەتەوەیی لەکوردایەتیدا) بەعسی دیکتاتۆر (لای تەییاری دیموکراتی) بەعسی سەرمایە، بەعسی بۆرژوا (لای تەییاری مارکسی) بەعسی کافر (لای تەییاری ئیسلامی).. هتد ئەم ناوە جیاجیایانە هی یەک ناوەڕۆک بوون. ناوەڕۆکی دەسەڵاتێک کە هەموو لایەک دەردیان لەدەستی چەشتووەو پێویست بوو لەساتەوەختی راپەڕیندا خۆیانی لێ جیابکەنەوە.

ئەم جیهانبینییە جیاجیایانە لایەنێکی نیازی راپەڕیوانمان بۆ دەردەخەن.

بەدیوێکی تردا هەر هاوولاتییەکی کوردستان چیرۆکێکی تایبەتی خۆی هەبوو کە هانی داوە بۆ بەشداریکردن لەهەڵمەتی راپەڕین یان -هیچ نەبێ- دڵی پێخۆشبووە کە راپەڕین دەبێو پەلاماری دەسەلات دەدرێ.. ئیتر هاوولاتی وای تێدا بووە کە کەسوکاری شەهیدو لەسێدارە دراوەو هی واشی تێدا بوو، راپەڕینی بەدلا بوو تەنها لەبەرئەوەی لەوانەیە لەشوێنێکدا هەڵسوکەوتێکی ناشیرینی ئەفسەرێکی رژێم بێتاقەتی کردبێت.

ئەمانە هەموی دەشێ پاڵنەری خەڵک بن بۆ نارەزایی، بۆ راپەڕینو هەڵکوتانە سەر دامودەزگاکانی سەرکوتکردن. بەلام مەرج نییە پەیامی راپەڕینمان بۆ روونبکەنەوە. "پەیامی راپەڕین" تەنها ئەو خەڵکانە دەیزانن کە بەهۆشیارییەوە، بە بەرنامەڕێژییەوە کاریان بۆ راپەڕین کردو هەڵیانگیرساندو واش گری گرت کە هەر هاوولاتییەو لەراستی خۆیەوە بێتە سەر هێڵی راپەڕینو چیرۆکی ململانێی خۆی لەگەڵ سەرکوتکەران یەکلاییبکاتەوە.

کەواتە لێرەدا سێ ئەڵقەی پێکەوەگرێدراوی پرسیارمان لایە:

-ئایا پەیامی راپەڕین هاتۆتە دی؟

-ئایا پەیامی راپەڕین چیبوو؟

-ئایا پەیامی راپەڕیوان چی بووو راپەڕیوان کێ بوون؟

بەپێی ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی هەن، بەپێی گێرانەوەی رێبەرانی راپەڕین یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێکخەرو بەرنامەدارێژەرو رێبەری راپەڕین بوو، لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیو بەهاوکاریو هاوبەشی جەماوەری کوردستان یەکێتیو ئەندامو لایەنگرانی ناسنامەی راپەڕیوان پێکدێنن. ئەم راستییە بۆ ئەوە نییە مافی کەسانی تر بخورێ یان لەرۆڵی جەماوەر کەم بکرێتەوە. بۆ شانازی حزبیش نییە چونکە هێمنی موکریانی گوتەنی شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو جەفەنگ. چونکە راپەڕینەکە وەک چۆن لەلایەن هێزێکی حەریفەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو ئاوەها جەماوەرییش بوو. ئەمەشیان سەبارەت بەدوو هۆی روونو ئاشکرا:

یەکەمیان یەکێتی وەک هێزێکی شۆڕشگێڕی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، هێزێک کەزۆرترین وزەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی تێدا بوو. لەگەڵ گیانی نارەزایی جەماوەری راپەڕیودا ئاوێتەو تێکەلاو بووبوو.

دووهەمیان مەیلی زاڵا لەناو جەماوەری کوردستاندا مەیلی بزووتنەوەی میللیو بەدەستهێنانی داخوازییە میللییەکان بوو. ئەم مەیلە تەنانەت لەگەڵ مەیلی ئازادییە گشتییەکانو ئازادییە تاکە کەسییەکانیش تێکەڵا بوو، لێی جیا نەبوو.

کەوابێ بۆ تێگەیشتن لە پەیامی راپەڕین ناسنامەی راپەڕیوان رێنیشاندەرمانە، دروشمو بەرنامەی ئەو هێزەی راپەڕینی رێبەری کرد وەڵامدەری پرسیارەکەمانە. ئەرکی ئەو قۆناغەی یەکێتیو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی خەڵکی کوردستان ئەرکەکانی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی بوو کە خۆی لە رزگاریو راماڵینی سوپای سەرکوتکردنو لەجێدانانی دەسەڵاتێکی میللیدا دەبینییەوە. دەسەڵاتێکی میللی کە ئازادییە گشتییەکانی بەدەست هاتبوون بپارێزێو دامودەزگای دیموکراسی چێ بکاو نیشتمانێکی کاول بوو ئاوەدانبکاتەوە. ئەرکی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی بەگشتی ئەرکی قۆناغی دیموکراسییە بەهەموو رەهەندو ماناکانییەوە. ئەم ئەرکانەش بەپلەی یەکەم ئەرکی کوردستانینو ئەگەر ئاراستەیەک بەلای گۆڕان لەبەغداش هەبووبێ ئەوا هەمان داخوازی دێرینە کە رەهەندی عیراقی پرسی کوردی لەبەرچاو دەگرتو ئێستاش ئاراستەی وا هەیەو ئاساییە کە بیەوێ رەوشی کورد بە یەکلاییکردنەوەی رەوشی عیراق بگۆڕێو بەقازانجی کورد کۆتایی پێبێنێ.

بەم شێوەیە ناسنامەی راپەڕیوان پەیامی راپەڕینی پێ ناساندین کە پەیامی رزگاریی میللیو هەموو رەهەندە پەیوەندداره‌کانی وییە.

ناسنامەی راپەڕیوان کە هەمیشە ئارەزووی گۆڕانکارییان هەیە پەیامی راپەڕینی پێناساندین کە پەیامی گۆڕانکاریو گۆڕانکاریی هەمیشەییە. لەبەرئەوە کە قسە لەسەر ئەوە دەکەین داخۆ پەیامی راپەڕین هاتۆتە دی دەبێ لەیەک کاتدا دەستکەوتە بەدیهاتووەکان رەچاو بکەین لەلایەکو چاویشمان لەمەیلی گۆڕان بێ کە بەردەوام پەیامی تر دەخاتە سەر راپەڕینو ئەرکی قورستری پێ دەسپێرێ.

بەم جۆرە

(أ) پەیامی راپەڕین ئەگەر ئەوەی ساتەوەختی راپەڕین بێ کە ئازادییە، ئەوا ئازادی کورد هەروا ماوە.

(ب) پەیامی راپەڕین ئەگەر داخوازییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بێت ئەوا بەشێکی هاتووەتە دی کە رزگاریی بەشێکی خاکی کوردستانە.

(ج) پەیامی راپەڕین ئەگەر جێگیرکردنی داخوازییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بێت لەشێوەی دەسەڵاتێکی میللیو دیموکراتدا ئەوا ئەو دەسەڵاتە هاتەدی، کورد پەرلەمانی هەڵبژاردو حکومەتی دامەزراند. راستە شەڕ قەوماو حکومەت بووە دوو

کەرت بەڵام بەڵێن بەپلەی یەکەم بەدیهێنانی دەسەڵاتەکە بوو، ئەمما جێگیرکردنی ئەو دەسەڵاتە، پاراستنی یەکێتیی ئەو دەسەڵاتەو بەدیهێنانی یەکگرتنەوەی ئەو دەسەڵاتە ئەوا لەئەرکەکانی دواى راپەڕینە نەک ساتەوەختی راپەڕین.

شەرتی راپەڕیوان بەدیهێنانی ئاواتەکان بوو، شەرتی ئەوانەی بەروبوومی راپەڕین دەخۆن دەبێ پاراستنی ئاواتە بەدیهاتووەکان بێت.

(د) دواجار پەیامی راپەڕین ئەگەر پەیامی گۆڕانکاریو مەیلی گۆڕانی هەمیشەییو بەردەوام بێ ئەوا تا ئەو شوێنەی ئەرکی ترو پەیامی قورستر دەخەینە سەر راپەڕین، تا ئەوکاتەی خاڵی تر دەخەینە ئەجینداى راپەڕینەوە کە پێشتر ئەو خاڵانەی تێدا نەبووە ئەوا مانای وایە رۆحی راپەڕین کە هەوێنی گۆڕانکارییە هەروا زیندووە.

سەرەنجام پەیامی راپەڕین هاتۆتەدی چونکە دەستکەوتمان هەیە، مەیلی جێگیرکردنی ئەو دەستکەوتانە و خستنەسەری ئی دیکەشمان هەیە.

بەڵێ کەفو کوڵی ساتەوەختی راپەرین نیشتۆتەوە، بەڵام ئەوە پەیامی راپەڕین نەبوو. پەیامی راپەڕین جێگیرکردنی دەستکەوتەکان بوو، لەگەڵ پاراستنی رۆحی راپەڕین لەپێناو دەستکەوتی تردا.

## بەشی دووەم

# شرۆڤەکاری هەفتانە

# شوێنی کورد لەناو گێژەنی گۆڕانکارییەکاندا*

بەغدا پایتەختی سیاسەتی کوردیشە!

ئێمە چۆن خۆمان بۆئەم هەلومەرجە تازەیە ئامادەکردووە و دوای نیشتنەوەی گەردەلولی گۆڕانکارییەکان ئەجندای بزوتنەوەی کوردایەتی چییەو چۆنی رایی دەکات؟

ئەمە ئەو کۆمەڵە پرسیارەیە کەنزیکەی دەساڵە ، لەوەتەی بەشێکی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە دەست کورد خۆی، ئێمە لەیەکتری دەکەین و لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر ئەگەرێکی گۆڕان و وەرچەرخانێدا دەمەزەرەی دەکەینەوە. ئەمەش سەبارەت بەوەی کەجاران پرسیارەکانمان ، خواستەکانمان لەهەر هەلومەرجێکی نوێدا بەئەندازەی سەنگ و دەسەڵاتی سنووردار بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەمان بوو. بەڵام لەوەتەی دەسەڵاتمان هەیە، قورساییەکی سیاسیمان بۆ خۆمان پێکهێناوە، لەهەموو وەرسوڕانێکدا پرسیارمان زۆرو خواست و ئاواتەکانمانیش زۆرتر. دەساڵە کورد بەو سەنگ و پایەی لەناو ئاڵۆزی سیاسەتەکانی ناوچەو دونیادا بەدەستی هێناوە پرسیار لەچارەنووسی خۆی و بەرنامەی رێبەرایەتی بزووتنەوە سیاسییەکەی دەکات. دەستی لەسەر دڵیەتی داخۆ ئەمەی دێتە پێش دەبێتە مایەی جێگیرکردن و پەرەپێدانی ئەوەی بەدەست هاتووە یان، خوانەخواستە، لەدەستچوون و گەڕانەوە بۆ خاڵی تەنانەت پێش سفریش؟! لەراستیدا هەرئەم دڵەراوکێیەی کەسەرچاوەکەی پەرۆشییە بۆدەسکەوتەکان و هەر ئەم خواستەش کەمەبەستێتی پەرە بەو دەستکەوتانە بدات و ئیتری بخاتە سەر، لەبنچینەدا کرۆکی پرسیارەکانی جادەی کوردین.

هەرئێستا ئێمە لەقۆناغی ترس لەگۆڕان و خواستی گۆڕانداین. ئەم هەلومەرجەی والەژێرناوی دونیای دوای (11)ی ئەیلولی 2001-یشدا قەراری گرتووە، چونکە

---

* ئەم باسە ساڵی 2002، لەگەرمەی ئەگەری هاتنی ئەمریکا بۆ ڕووخانی سەددام حسێن و کردنەوەی دەرگای پایتەختی عیراق بەڕووی کورددا، بەدووبەش، لە کوردستانی نوێدا بڵابۆتەوە.

هەڵــومەرجێکی هەرەنــوێ و ســەرەتای وەرچەرخــانێکی هەرە گەورەی هاوکێــشە سیاسییەکانی دونیایە وادەبینین ترسەکەمان زیاترو خواستی گۆڕانەکەشمان زیاترو دوور مەوداتــرە. ئیــدی هەرلەبەرئەوەش پرســیارەکانمان جیــددی تــرو بێگومــان وەڵامەکانیشیان وردبینی و هەڵوەستەی دەوێت.

1

## هەڵوێستی کورد لەسەردەمی تیرۆری نێودەوڵەتیدا

کورد لەبواری هەڵوێست گرتن لەدونیای دوای (11)ی ئەیلولی (2001)دا نزیک بەخۆســاغکردنەوە شــوێنی هەرێمــی ئــازادکراوی دیــاری کــرد کەلەســەنگەری تێکۆشـاندایە لە دژی تیـرۆرو تۆقانـدن. بەڵـێ لەوسـەنگەرەدا کـوردایەتی هەوڵـدەدا تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێ، وەک بزوتنەوەیەکی رەسەنی رزگاریخواز کەلەهەموو دەرکەوتێکدا مەیلی تایبەتمەندێتی هەیە، بەڵام ئەم تایبەتمەندێتییە بەمانای نەشاز دەرکەوتــن نــایەت لەنــاو ســەنگەری دژی تیــرۆردا. ســیما ســەرەکییەکەو خــاڵە هاوبەشەکانی رووبەڕوبوونەوەی تیرۆر، بەتایبەتی ئەم تیرۆرە وێرانکەرەی توندڕۆکانی چەشنی ئوسامە بن لادن ئەنجامی دەدەن، هەریەکن و تایبەتمەندێتی تێدا هەرگیز هێڵە گشتییەکە ناسڕێتەوە. بەم مانایە هەڵوەستەی کورد لەهەڵبژاردنی سەنگەری دژە تیرۆر چوون هەڵوەستەی هەندێک لەو گروپ و ناوەندو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی نـاقین نیـیە کەپەرژینـی پـشتیوانیان لەشـەڕی دژە تیـرۆر پـڕ لە لـوغمی (بەڵام) و هەڵوەستەکردنە. تا ئەو ئەندازەی خەریکە کاڵدەبێتەوە. هەندێک لەودەوڵەتانە ئێژن دژی تیـــــرۆرین (بەڵام) ، و (بەمەرجـــــێ). ئەم مەرج و (بەڵام)ەش لەبنچیـــــنەدا هەڵوێستگرتنیان لەتیرۆر بەتاڵ دەکاتەوە.

ئەمە بۆکورد وانییە. چونکە کورد خۆی قوربانی دەستی تیرۆرە. بەتایبەتی تیـرۆری رێکخـراوی دەوڵەت. شتێکی تـازەش نـاڵێن کەبـزوتنەوەی کوردایەتی ئەگەر بەراورد بکرێــت لەگەڵ هەمــوو بــزوتنەوە رزگاریخوازەکــانی دونیــا ئەوا پاشــەڵی کــردەوە سەربازییەکانی پاک و خاوێن و لاپەڕەی لە تۆماری رەشی تیـرۆردا پڕنەکردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی تێکچـڕژاوی پرسی کورد لەنێو جوگرافیایەکی خنکێنەرو هاوشانی توندوتیژی بێ رەحمانەی دوژمن هی ئەوە بوو نەک بابای کورد ، بەڵکو غاندیش بکاتە کارلۆسێکی تر.

سەرەنجام پێ دەچێ ئەم پاکژی و تۆمار خاوێنییەمان، لەم رۆژە رەشەی بزوتنەوە سیاسییەکانی دونیای سێدا، بەکەڵکمان بێت.

چونکە ئەگەر بۆ هێزە سیاسییەکانی قورسایی هەڵسوڕانی سیاسیی خۆیان خستبێتە سەر چالاکی تیرۆر و تۆقاندن هەندێک زەحمەت بێت 180% پلە وەرچەرخێن و دەستبەرداری چەکێک بن کەبۆئەوان کەلێنێکی گەورەی بێ دەسەڵاتی پڕدەکردەوە، ئەوا بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی زیاتر توور هەڵدانی زیاتری چەکێکی لەبنچینەدا توور هەڵدراو، هیچ حەیف و مەخابنێکی ناوێت.

بەڵام هەڵبژاردنی سەنگەری نێودەوڵەتی دژە تیرۆر لەلایەن کوردەوە تەنها لەبەر لایەنی مۆرالی و ئەخلاقی دژایەتی کردنی تیرۆر نییە. تەنها لەبەرئەوەنییە کوردایەتی باوەڕی بەتیرۆر نییەو تۆماری لەم مەیدانەدا سپی و بێگەردە. بەڵکو پێش هەموو شتێک هەڵبژاردنی سەنگەری دژە تیرۆر هەڵبژاردنێکی پراگماتی، واقیعی و ژیرانەی بزوتنەوەکەمانە. ئەویش سەبارەت بەوەی :

●لەوەرخەرجــانە مێژووییەکــانی وەک ئەوەی دونیــای دوای 11-ی ئەیلــول کەزلهێزەکان بڕیاری جەنگ و ئاشتی و پۆلێنکردنی سەنگەرەکان دەدەن، بۆ هێزە ئیقلیمییەکان زۆر ئەستەمە خۆ لەئاگری گوللەی وێڵ بپارێزن چ جای هێزە بچووکەکانی وەکی ئێمە. لەسەروبەندی جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەدژی تیرۆر، وڵاتی خاوەن چەکی ناوەکی وەکی پاکستان ناتوانن لەسەر چەند پەتێک یاری بکەن. داخۆ دەبێ ئێمە چ سەنگەرێکی پێچەوانەی سەنگەری نێودەوڵەتی دژی تیرۆر هەڵبژێرین؟

لێرەدا یەک لەپرسیارە زۆرەکان ئەوەیە ئایا ئێمە بزوتنەوەکەمان لەتوانایدایە لەدژی شەپۆڵە گەورەکە مەلوان بکات و دەستکەوتەکانی لەم بارەیەوە چی دەبێت؟

●لەبەرامبەر ئەو شەپۆڵە گەورەدا لێرەو لەوێ بەردو ئاستەنگ هەن کەبەبیانووی بەهەڵواسراوی مانەوەی پرسی وەکی پرسی فەلەستین هەڵوەستەو (بەڵام)یان لەبەرامبەر شەڕی ئەمریکا لەدژی تیرۆر هەیە. ئەمانە ئەمریکا بەپێوان بەدوو پێوانە تاوانبار دەکەن، لێ خۆشیان لەئاستی پرسە میللی و ئەتنیکییەکانی وەکو پرسی کورد بەسەد پێوانە دەپێون. پێش ڕووداوەکانی (11)ی ئەیلول لەکۆنگرەی دۆربان فەسڵێکی ڕووبەڕوبوونەوەی نێوان شەپۆلی ئەمریکاو دژە شەپۆڵی وەک پڕیشکی ئاوی بەرامبەریشمان بینی. لەوێدا رەخنە لەئەمریکا گیرا کە لێناگەڕێ زایۆنیزم وەک بزوتنەوەیەکی شۆڤێنی بناسرێت لەکاتێکدا ئەو دژە شەپۆڵە چاوی خۆی لەئاستی رەفتارە شۆڤێنییەکانی خۆی دادەخست.

پرسیاری دووەم ئەوەیە ئایا هەمان تەحەفوز و (بەڵام)ی ئەوانمان هەبێت؟

•ئـێمە خۆشـمان لەدەرکەوتە ناوخۆییەکـانی تیـرۆری نێودەوڵەتیمـان چێـشتووە. کـردەوە تیرۆریـستییەکانی جندالاسـلام-ی درێـژ بـۆوەی ڕێکخـراوی (القاعـدە) لەکوردسـتان فەسـڵێکی لۆکـاڵی کـردەوە تیرۆریـستییەکانی دونیـا بـوو. لەبەرامـبەر قـووتکردنەوەی جنـد الاسـلام و هەوڵـدان بـۆ وەرگـۆڕانی کوردسـتان لەسـەرزەمینی تەجرەبەیەکـی نەتەوەیـی و دیموکراتخـواز و ئومێـدێک بـۆ ئاینـدەی عێراقێکـی دیمـوکراتی فـدرالی بـۆ سـەرزەمینی ئـاژاوەو تیـرۆر و ناوەنـدێک بـۆ دەسـتێوەردان و بەئەفغانـستان کردنـی کوردسـتان، پێویـست بـوو بـزوتنەوەی کـوردایەتی بەپەلە سـەنگەری خـۆی دیـاری بکـات و ئیعتبـار بـۆ ناسـنامەو جەدوای مـانەوەی هەرێمـی ئازادکراوی کوردستان، دوور لەدەستێوەردان، بگێڕێتەوە.

هەڵبەت ئەمەش لەبەرئەوەبوو کەوەک ماوەی دەساڵی رابردوو کوردستانی پارێزراو بەهاوکێشە نێودەوڵەتییەکان تەنها ناسنامەی تەجرەبەیەکی دیموکراتی روو لەگەشـەکردن و چەسـپاندنی هەبێـت، نەک ناسـنامەی ئەفـغەنەو لەبنـنەو بەلقەنە.

لەبەر هەمـوو ئەم دەرکەوتـانە کـوردایەتی بەزوویـی سـەنگەری دژە تیـرۆری هەڵبژاردو ئەم هەڵوێستەشی بەئاشکرا راگەیاند.

## 2

## چوارەمین هەلی رەخساو بۆ گەلی کوردستان لەمێژووی هاوچەرخدا

گوتمان دونیاکە خۆی لەقۆناغی گۆڕانێکی نوێدایە. هەن ناوی ئەو گۆڕانە دەنێن هـاتنە سـەرهێڵی سیـستمی نـوێی جیهـانی دوای دەسـاڵ لەسـستی و پشتگوێخـستنی خواستی سیـستمێکی نـوێ کە دونیـای دوای روخـانی سـۆڤێت رێـک بخـات. هەشـن دەڵێن ئەم گۆڕانە تازەیە بەئەندازەی وەرچەرخانەکە هەرخـۆی لەخۆیـدا سیـسیتمێکی نوێ دەخوڵقێنێ کەدەشێ ناوی سیستمی جیهانی سەدەی بیـستویەکەمینی لێ بنێین. بەهەرحاڵ ناوهەرچی بێت گرنگ ئەوەیە ئەرک و ئومێدە پێسپێردراوەکانی چۆن پێ رایی دەکرێت؟

لەنـاو ئەو گێـژاوەی دەرهاوێـشتەی رووداوەکـانی (11)ی ئەیلـولن، لێـرەلەوێ لێکـدانەوەی وردو ژیـرانە سـەرهەڵدەدەن کەلەئاکامـدا دەخـوازن بڵـێن نـاوچەکەی ئـێمەش پرێـشکێکی گەورەو ، بگـرە لەوانەیە ئـاگرێکی بڵێسەداریـشی بەرکەوێـت. نـاوچەکەی ئـێمە هەڵـبەت پـێش هەمـوو شـوێنێک عێـراقەکەی لەمەرخۆمـان دەگرێتەوە؟

لەبیرمانە کەلەدوای نەمانی جەنگی ساردەوە، ئەمە دووەم دەرفەتی زێڕینە کەبۆکورد دێتە پێشەوە. دەرفەتی یەکەم وابوو کەلەیەک کاتدا نەمانی دونیای دووجەمسەری و شەڕی دووەمی کەنداو لەگەڵ رابوونێکی نیشتمانیی کوردایەتی یەکی گرتەوە کەلەتۆماری مێژوودا ناوی راپەڕینەکەی ئاداری 1991-ی پێ براوە. دەرهاویشتەکانی ئەم یەکانگیرییە وابوو کەتەنانەت لەکۆڕەو و شکستیشدا گەلی کورد توانی سەرەنجام ناوچەیەکی ئارام بەدەست بێنێت کەتێیدا:

-لەمەترسی نەمان و جینوساید پارێزراوبێت.

-پێگەیەک لەسەر زەمین بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی بخولقێنیت کەلەو پێگەیەوە شوێن پێی خۆی بۆ هەنگاوە گەورەکان قایم بکات.

-تەجرەبەیەکی حوکمڕانی بنیات بنێت کەوادەبینین پتر لەدەساڵە دەسکەوت لەسەر دەسکەوت کەڵەکە دەکات.

لەمێژووی هاوچەرخی بزوتنەوەی کوردایەتیدا لەسێ وەرچەرخانی جیهانیی گەورەدا گەلی کوردستان کەوتۆتەخۆ و ئەجری هەوڵدانی بەرکەوتووە، لێ لەدوانیاندا ئەجری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە:

-لەوەرچەرخانی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم مەلیکی کوردستان حوکمڕانێتییەکی راگەیاند کەدواتر ئینگلیزەکان لەناویان برد.

-لەوەرچەرخانی دوای شەڕی جیهانیی دووەمدا کۆماری مەهاباد دامەزرا بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد، لێقەوام ئەلسەلتەنە تەماعی نەوتی خستە بەردەم شورەویی لەبەرامبەر سڕینەوەی ئاسەواری کۆمارەکە.

-لەوەرچەرخانی شەڕی جیهانیی. دوای نەمانی جووت جەمسەری (سێیەمین شەری جیهانی) قەوارەیەکی نیمچە خۆبەخۆمان پێکەوە نا. ئەم قەوارەیە درێژترین ئەزموونی حوکمڕانی کوردە، کەسەرەڕای تەگەرەکانی سەر رێگا، سەرەڕای سستی و کەمی تواناو کەرەستەکانی پێوستن، وا دەساڵە بەردەوامەو گەشەدەکات.

لەم هەلومەرجەدا ئەمە یەکەم جارە ئێمە دەسکەوتی وەرچەرخانێکی پێشووتر دەرپارێزین و لەبەردەم وەرچەرخانێکی نوێشداین کەشەڕی جیهانییە لەدژی تیرۆر. ئەم شەڕەی دەشێ پێی بڵێن چوارەمین شەری جیهان کەوەرگۆڕانێکی گەورەی نێودەوڵەتی بەدواوە دەبێت. ئەمە یەکەم جارە کلیلی کوردستانی ئازاد لەدەست خۆمانەو پەنجەرەیەکمان بۆ خواستی زیاتر کردۆتەوە. خواستی ئەوتۆ کەخەریکە بڵێم هەرێمی ئازادکراوی دووکەرت بوو بەشی ناکات. هەربەفیعلیش ئەم جوگرافیا گەمارۆدراوەی ئێمەی تێداین، سەرەڕای گەشەکردنی، بەشی ئەو خواستانە ناکەن

کەئـێمە هەمـانە. ئەم جوگرافیـایە بـۆ ئـێمە تەنـگەبەرەو حەیـفە ئـاوات و ئیـرادەی ئەوەمان نەبێت فراوانتری بکەین.

## بەڵام شکل و شێوەی ئەو فراوانکردنە چۆنە؟

دەمەوێ بەســەرنجدان لەدووبــواری قودرەتمەنــدی سیاســەتی کــوردایەتییەوە لەبارەی لاوازییەکی هەرهەمان ئەو سیاسەتە بدوێم. ئەمە مەتەڵ نییە، بەڵکو ئەمە دەرکەوتێکی سەیری جوگرافیا گەمارۆ دراوەکەیە کە ئێستا ئاماژەم پێدا. وادەبینین سیاسەتی کوردایەتی لەماوەی دەساڵی رابـردوودا لەناوخۆدا چ کەمتەرخەمییەکی ئەوتـۆی نەبـووەو هەروا حوکمڕانییەکەمـان پـتەو دەکات. لەئاسـتی نێودەوڵەتیـشدا دیبلۆماسیی کوردیی هەنگاوی باشی ناوەو سەفارەت و ناوەندەکانی سیاسـەت جێی بزاوتێکـــی بەرچـــاوی نوێنەرەکانمـــان بـــوو، بەڵام لەنێـــوان ئەم دوو مەیـــدانە قودرەتمەندەدا ئێمە لەماوەی دەساڵی رابـردوودا شایەدی پتر لەجارێـک گـرژین و نالەباریمـان تـووش هـات لەگەڵ پـایتەختە ئیقلیمییەکانـدا. لەنێـوان کوردسـتان و هەندەرانـدا پردێـک هەیە کەپـردی ئیقلیمیـیەو هـی ئەوەنیـیە لەمـامەڵەو سـەودای سیاسیدا پشتی تێبکەین، سەرەڕای پێکدادان و پێکهەڵشاخان کەهەر روو دەدەن. لێ لەدواجاردا ئەم پێکدادان و پێکهەڵشاخانە هەق نییە بێ ئومێد و چارەڕەشمان بکات بەجۆرێـک کەهیچ دەرفەتێکی مـامەڵەو سـەودای سیاسیی لەگەڵ پـایتەختە ئیقلیمییەکانـدانەمێنێت. جـائەگەر هەنـدێک جـار ئەوگـرژییە ئیقلیمیـیە پاسـاوی سیاســیی خــۆی هەبووبێــت، ســەبارەت بەوەی کــورد لەم جوگرافیــا داخــراودا هەرئەوەندەی لەدەست هاتووە، ئەوا دەبێ لەم وەرچەرخانە نـوێیەدا بەدوو ئاڕاستە کاربکەین:

*ئەو پردە ناجێگیرەی نێوان هەرێم و هەندەران جێگیربکەین.

*لەبەغدای پایتەختدا ، لەهەرگۆڕانێکدا ، قورسایی و سەنگی خۆمان هەبێت.

بێگومـان بزاوتێکی ئیقلیمـی بـۆ دڵنیـاکردنەوەی پـردە ئیقلیمیـیەکە وادەکـات کـورد سەنگێکی شایستەی لەبەغدای دوارۆژ هەبێت.

هەروا بەپێچەوانەشـەوە سـەنگی کـورد لەوبەغـدایەدا، دەبێـتە مـایەی پتەوکردنـی رایەڵـی پەیوەنـدییە ئیقلیمیـیەکەو لەوێـشەوە پتەوبـوونی پـردەکە بەدەرەوە، بەکـۆمەڵی نێــودەوڵەتییەوە، تــالەوێ کێــشەکەمان هەمیــشە لەدروشــانەوەدابێت.تــالەوێ ئەو قودرەتمەنـدییەی دەرچوونمـان لەقومقـومەکە خولـقانـدوویەتی، ببێـتە تـۆڕێکی فراوانـی مامەڵەو هەڵسوڕانی سیاسیانە بۆ کوردایەتی.

## 3

## بەرەیەکــی نــوێی کوردســتانیی، دەستپێــشخەرییەکی نــوێ لەپێنــاو ڕووبەڕوبوونەوەی ئەگەرەکان

شتێکی تازە ناڵێین ئەگەر ئاماژە بەوەبکەین کلیلی ئامادەباشی کورد بۆ گۆڕانەکان یەکێتی هەڵوێست و ڕێککەوتنە لەسەر خاڵە بنچینەییەکانی کە ستراتیژی بزوتنەوەی کوردایەتی پێک دێنن لەم قۆناغەدا. چونکە یەکێتی هەڵوێست نەک هەر قەرەبووی زەرەرو زیانەکانی سەردەمی پەرتەوازەیی و ململانێی ناوخۆمان بۆدەکاتەوە، بەڵکو ئێمە جگە لەو یەکێتییە هیچ ڕێبازێکی ترمان نییە کە:

-وابکات رۆڵێکی گەورە لەگۆڕانەکاندا بگێڕین.

-وابکات ئەوەی بەدەستمان هێناوە لەسنووری هەرێمی ئازادکراودا بیپارێزین.

-وابکات دەسکەوتی رۆڵی خۆمان وەربگرین کەوەک لەسەرەتای ئەم وتارەوە گوتمان (پاراستنی ئەوەی کەهەیەو پەرەپێدانێتی).

تەنها یەکێتی هەڵوێستە کەرێبازی بەدەست هێنانی ئەو خواستانەمان بۆ رۆشن دەکاتەوە. بۆیە بانگەوازی هەڤاڵ مام جەلال بۆ پێکەوەنانی بەرەیەکی نوێی کوردستانیی لەم هەلومەرجەدا پێش ئەوەی داوایەکی تەبشیری بێت دەست نیشانکردنی یەک لەپێداویستییە هەرەسەرەکییەکانی هەلومەرجی روو لەگۆڕاوی ناوچەکەیە، دەستپێشخەرییەکی جیدیە بۆ خۆئامادەکردن بۆئەگەرەکانی گۆڕان. بەرەیەکی نوێی کوردستانیی دووپاتکردنەوەی ئەزموونێکی کاری بەرەییە کەلەوەختێکی ناجۆردا پێک هات، بەڵام لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، لەراپەڕینی1991، ئەرکی گەورەی خۆی بەجێهێنا. چونکە (بەرەی کوردستانی) لەوسەردەمەدا رێکوپێکترین هێز بوو لەسەر گۆڕەپانی راپەڕین لەکاتێکدا راپەڕینەکەی باشووری عێراق تووشی پەرتەوازەیی و پشێوی هاتبوو. لەوەش دەچێ پێکهێنانی بەرەیەکی نوێی کوردستانیی، یان هەر گوزارشتێکی دیکەی یەکێتی هەڵوێست، دەستەبەری سەنگێکی بەرچاوی کورد بێت لەعێراقی ئایندەدا. راستییەکەی پێکهێنانی بەرەیەکی نوێ هێندە کارێکی دژوارنییە وەک هەندێک بۆی دەچن. چونکە بەرە بۆیەک هەڵوێستی لەهەلومەرجێکی نوێ دێت کەهەموان قازانجی راستەوخۆ دەوریان لەئاراستەکردنیدا هەیە. بەم پێیە دەشێ بەرەیەک هەبێ کەلەوردەکاری رەوشی ناوخۆی کوردستان، رەوشی وەک ئەوەی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر بەڕێوەبردنی هەرێم، ئیجتهادی جیاجیای تێدا بێت، بەڵام لەپرسە

سەرەکییەکەی بەشی کورد لەپایتەخدا، ئەوا هاوهەڵوێست بێت. بەڵێ خۆشتر وایە کەیەگــرتنەوە و یەکخــستنی هەرێــم هەرئێــستا بێــتەدی، بەڵام (یەکخــستنی) هەڵوێستیش لەبەرەیەکدا خۆی لەخۆیدا داخوازییەکی هەنووکەیی خۆئامادەکردنە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ گۆڕانەکاندا. دواجار دەشێ لەمیانی کاری بەرەیی بۆ ئامانجە گەورەکەی (رۆڵـی سـەنگینی کـورد لەبەغـدا)دا شـتەلاوەکییەکانی بـوونەتە مـایەی نـاکۆکی نێوخـۆی هەرێـم بچـووکببنەوە و پێکەوەکـارکردن لەبەرەیەکـی گەورە بـۆ ئامـانجی گەورە، زەمیـنەی دەروونـی و سیاسـیی گونجـاو بـۆ چارەسـەری ململانـێ ناوخۆیەکەش دابین بکات.

## 4

## بەغدا، پایتەختی سیاسەتی کوردییشە!

هەڵـبەتە یەکێـک لەخەسـڵەتە هەرە باشـەکانی کـاری بەرەیـی ئەوەیە کەیەکێتـی ئامـانج رێ لەگـرتنە بەری شـێوازی کـارکردن و رێ لەخەسـڵەتە تایبەتییەکـانی پێکهاتەکـانی نـاو بەرەکە نـاگرێ. یەکێتـی هەڵوێـست لەکـاری بەرەییـدا یەکێتییەکـی قەسری و ئینـدماجی نییە، بەڵکو یەکێتییەکی ئیختیـارییە لەسـەر شـێوەی یەکێتـی و هەمەچەشنی (الوحدە والتنوع). بەتـایبەتی لەو بەرانەی لەنێـوبزوتنەوەی کوردایەتیـدا پێک دێت، چـونکە بـزوتنەوەکە خـۆی لەبـاری ئامـانجە سیاسییەکانەوە دژی یەکێتـی ئیندماجی و قەسرییە و لەگەڵ یەکێتی ئیختیارییەکە هەمەڕەنگی پێکهاتەکە بپـارێزێ و بەم پێیە یەکێتی هەڵوێست هەروا لەپاڵ هێزە سیاسییەکانی تر بـوارێکی فـراوان بـۆ تاکەکانی نێوکوردەواری و هەڵسوڕاوانی بوارە جیاجیاکانی روونـاکبیریی، کۆمەڵایەتی و سیاسـیی لەنـاو کـورد دەڕەخـسێنێ کەئەوانـیش بێـنە مەیـدانی تێکۆشـانی فـراوانەوە لەبەغـدای روو لەدیموکراسییدا. چـونکە وەختێـک رەوشـی بەغـدا ئاسـایی دەبێـتەوە، سـاڵۆنەکانی سیاسـەت و ناوەنـدەکانی بڕیـارو ناوەنـدە ئەکـادیمی و رونـاکبیری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەکانی لەوێ دروست دەبنەوە پێویستیان بەکورد دەبێ تـارۆڵی خـۆی بگێـڕێ لەناویانـدا. ئەم ئامـاژەیە بـۆ خۆئامـادەکردنە لەپێنـاو ئەو هەلـومەرجە نـوێیەی لەو سـەردەمەدا دێـنە پێـشەوە، بـۆ تێگەیـشتن لەسـکێچی ئەو سـیناریۆیانەی لەدوای گۆڕان، لەدەروونی سیاسەتی عێراق و کۆمەڵی عێراقی سەردەمی دیموکراتیدا بەرجەستە دەبن. هەرگیزئامانجەکانی کوردایەتی و هێزە سیاسییەکانی لەوەدا کۆتـایی نـایەت و تەنهـا بەوەش پەرژینـی ئاسـنینی پارێزگـاری ئامـانجە نەتەوەییەکانمـان مسۆگەر ناکەین کەلەعێراقی ئایندەدا فیـدرالیزم وەربگرین و چەنـد وەزیرێـک (یان

بۆچی سەرۆکایەتی نەبێ)؟ بەنسیبی کورد بێت، بەڵکو لەپاڵ ئەو ئامانجە پیرۆزو گرنگانەشدا چاوەڕێ دەکرێ چالاک و هەڵسوڕاوانی کورد لەناو زانکۆکانی پایتەخت و لەناو دامەزراوە روناکبیریی و کۆمەڵایەتییەکاندا ببزوێن و رۆڵ بگێڕن. چاوەڕێ دەکرێ فەیلییە گەڕاوەکان تەنها بەوەرگرتنەوەی رەگەزنامەی بەناهەق لێوەرگیراوەی عێراقی و چەند چالاکییەکی سنوورداری بازاری شۆرجە ئیکتفا نەکەن. بەڵکو رێگای ئاوریشمی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری لەپتر لەوڵات و مەملەکەتێک بکەنەوە. ئەگەر قەرارە کورد لەعێراقدا هەر ئەم جوگرافیایە بەشی بێت چونکە گوایە دەبێ (شوێنێک هەبێت توتنەکەی تێدا ساغ بکاتەوەو بفرۆشێ) ئێ کەوابێ بۆچی بازرگانانی کورد خۆیان هەناردن و ئاڵوگۆڕپێکردنەکەش نەگرنە ئەستۆ؟

هێنانە بەرچاوی سکێچێکی سەرەتایی ئەو سیناریۆیانەی لەپێشن، خەیاڵ پڵاوی نییە هەرچەندە خەیاڵ لەسیاسەتدا ئاسۆی بیرکردنەوە فراوان دەکاو پاڵنەری کۆشش و هەوڵدانە. بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە کەچەمکەکانی پتر لەچەندە دەیەیەکە دەربارەی بازنەکانی پەیوەندی بزوتنەوەی کوردایەتی بەپرسی عێراقی بوونەوە دەخرێتە روو، خورد بکەینەوەو مانایەکی نوێ و واقیعیانەی پێبەخشین.

لەڕاستیدا دەبێ دان بەو هەقیقەتەدا بنێین کەهەندێک جار بیرکردنەوەی لەبابەت ئەوەی کورد تەنها فیدرالیزمی بەسەو (وكفي الله المؤمنين شر القتال) بیرکردنەوەیەکی نەک هەرتەسک بینە، بەڵکو ئاسۆ لێڵ و تەلخاویشە.. بگرە دەکارین بڵێین ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەمەڵییەکی گەورەو قەناعەتێکی موتەوازیعانەی لەپشتەوەیە. ئەگینا گۆڕان لەبەغداو هاتنە پێشەوەی هەلومەرجی سەندنی مافی فیدرالیزم سەرەتای رێگایەکی دوورودرێژی کۆشش و خەباتی سیاسیی بزوتنەوەی کوردایەتی و هەڵسوڕاوانی بواری سیاسییە لەکوردستاندا.

رێگاياکی دوورودرێژی وا کەپێشکەوتنی ئەدائی سیاسیی کوردو تەکنیکی کاری هێزەکانی لەماوەی دەساڵی رابردوودا یارمەتیدەرێکی چاک دەبێت بۆ هەمووارکردنی کۆسپەکانی بەردەمی. لەبیریشمان نەچێ کە سێ دەیەیە بەغدا خۆشی بەهۆی هەژموونی تۆتالیتاریزمەوە لەسیاسەت و تەکنیکی سیاسیی پێشکەوتوو داشۆراوە. ئەمەش مانای وایە کەئێمە لەبەغدای ئایندەدا سەبارەت بەدەساڵ ئەزموونی کارمان، دەساڵ لەپێش هێزە سیاسییەکانی تری عێراقەوەین لەئەزموون و شارەزاییدا. دەبێ بایی ئەودەساڵە زووتر بێینە دەست و جێی خۆمان بکەینەوە.

لەم پەیوەندەدا جیاوازی نێوان ئەزموونەکانی رابردوو و ئەوەی ئێستا لەئاسۆدایە جیاوازییەکی گەلێک جەوهەرییە. ئێمە ئێستا لەناو ئەم رووداوانەدا دەژین و خۆمان دروستکەربین.

لەکاتێکدا ئەزموونەکانی رابردوو مەگەر لەکتێبان لەسەری بخوێنینەوە و حەسرەت بۆهەلەلەدەستچووەکانی بخۆین. ئێمە ئێستا هەموومان، بەهێزەکانی نێو کوردایەتی و بەهەڵسوڕاوانی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە، بانگێشتکراوین لەم گەمە تازەیەدا بەشداربین و پشکی خۆمانی تێدا تاقیبکەینەوە.

## دواجار

شەر لەئەفغانستان و تۆزی دەستکەوتەکان لەکوردستانە. لەناو ئەوتەپوتۆزەدا هەلێک بۆ کورد هاتۆتە پێش کەوازیکەرێکی لێهاتووبێت. وازیکەری لێهاتووش هەمیشە هێرشی دەستپێشخەری لەسەرووی داکۆکی کردنەوە دادەنێت.

وازیکەری لێهاتوو لەبەغدای ئایندەدا لەرێی دەستپێشخەرییەوە داکۆکی لەکوردستانەکەی دەکات.

گەمەکە دەڵێت.. هەولێرو سلێمانی دوو ناوەندی گەورەی سیاسەتی کوردین و کەرکوکیش بەدەردی رەواندزییان دەڵێن ((ئی خۆنە))، بەلام هێڵی تەماسی داکۆکی لەوانە بەغدایە. لەوێ تۆڕی پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی فراوان و فراوانتر دەکرێت.

# ئایندەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان*

دەبێ ئەم پرسیارە راستەوخۆیە (ئایندەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان) بەسێ حاڵەتی لێک جیاواز، بەڵام تەواوکاری یەکترییەوە گرێبدەین، حاڵەتەکان ئەمانەن:

یەکەم: شیکردنەوەمان بۆ رەوتی پەرەسەندنی رووداوەکان لەکوردستان و کاریگەرییەکانی ئەو پەرەسەندنە لەسەر پرسی دەسەڵات و رەهەندەکانی. پێشبینییەکانمان لەم بارەیەوە چین؟

دووەم: کاریگەرییەکانی فاکتەری دەرەوەیی- (عیراقی-ئیقلیمی-نێو دەوڵەتی) لەسەر ئەم دەسەڵاتە.

سێیەم: کارکردنمان، هەوڵ و کۆششمان بۆ ئاراستەکردنی ئەو ئایندەیەو گیرسانەوەی لەسەر رەوشێک کە خۆمان وەکو کورد، وەک بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و وەکو هەڵسوڕاوێکی ئەو بزوتنەوەیە، لەهەر پایەیەکی بەرپرسیارێتی ئەدەبی و ئەخلاقیدا بین، ئاواتی بۆ دەخوازین.

حاڵەتی (یەکەم) یارمەتیدەرمان دەبێت لە تێگەیشتن لەو رەوشەی دەسەڵاتی کوردستان و بگرە تەواوی رەوشی سیاسیی وڵاتەکەمان تێیدا گوزەر دەکەن. هی (دووەم) و کاریگەرییەکانی لەسەرمان پابەندییەکی بەهێزی بەئەندازەی پتەوی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، چ لەباری خۆپاراستن لەهەڕەشەو مەترسییە هەمە چەشنەکان و چ لەبواری خۆنوێکردنەوەو گەشەکردنی ئەو دەسەڵاتە کوردستانییە بەوجۆرەی قبوڵکردنی گشتی خۆی درێژە پێبدات. هەردو حاڵەتی (یەکەم) و (دووەم) ئاستی کارکردنمان و ئەو رێوشوێنانەی بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی گەش و جێگیری دەسەڵاتی کوردستان پێویستن، دیاری دەکەن. واتا لە حاڵی (یەکەم) و (دووەم)ەوە دەشێ بەرەو حاڵی سێیەم بڕۆین و مەودای کۆششی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ سەرخستنی ئەو دەسەڵاتە کوردستانییە دیاری بکەین.

---

* ئەم باسە بۆ گۆڤاری ڕۆشنگەری سەر بە بەشی ڕوناکبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی نووسراوە کە ئەو وەختە بەڕێز شەماڵ عەبدولوەفا بەرپرسی بەشی ڕوناکبیرییەکەی بوو. چەند پرسیارێکیان بۆ تەوەرێک لە بەندە کرد و ئەمەش وەڵامەکەی بوو. ساڵی 2002.

چۆن دۆخی ئایندەی دەسەڵاتی کوردستان شیبکەینەوە؟

مەبەستمە (شیکردنەوە)ی دۆخی دەسەڵاتی کوردستان (حوکمڕانی کوردی) پێش (هەڵوێست)وەرگرتن لەو دەسەڵاتە بکەویت. هەقە ئەو کەموکوڕییە لەئەدەبیاتی بزوتنەوەی کوردایەتیمان، لەوتاری رۆژنامەو گۆڤارەکانمان چارەسەر بکەین کە خەریکە (ئارەزوومان) لەبارەی ئاڕاستەی دەرکەوتە سیاسییەکانەوە پێش شیکردنەوەی ئاڕاستەی فیعلی دەرکەوتە سیاسییەکە دەکەوێت. ئەوەی کە ئێمە حەزبکەین دەسەڵاتی هەرێم بگاتە ئەو چڵوپۆپە نەتەوەییە نیشتمانییەی ئێمە ئارەزووی لێ دەکەین و کەرکوک و خانەقینی بچێتە سەرو هەرێمی یەکگرتووی کوردستان یەکپارچەو یەک حکومەت بێت شتێکەو شیکردنەوەمان بۆ رووداوەکان، بۆ جموجۆڵی بزوتنەوەی کوردایەتی و رەفتاری سیاسیمان لەسەر بنچینەی فاکتەرە واقیعییەکانی لەسەر گۆڕەپان روودەدەن، شتێکی ترە. ئێمە ئارەزوومان بەدیهێنانی هەموو ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە رەوایانەیە. بێ خەوبینینیش بەو مەسەلە رەوایانە ناتوانین بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەڕێوەببەین. خەونی لەم بابەتە کە هەموویان دەچنە چوارچێوەی چەمکی مافی چارەنووسەوە، مام جەلال وتەنی: (حلم منعش للامال، خەونێکە هیواکان دەبوژێنێتەوە)، بەڵام بۆ هاتنەدی ئەو خەونە (ئەسبابی جەنگمان) پێویستە کەلەم رەوشەی عیراقدا ئامادەگی سیاسیی، تەگبیرو دەستپێشخەری سیاسیی لەهەموو ئاستەکاندا، دەگرێتە خۆی. باشە بۆ رەچاوکردنی هەر تەگبیرێک چۆن دەتوانین بێ (شیکردنەوە)ی رەوشەکەو هەڵسەنگاندنمان بڕیار بدەین و تسمیم وەربگرین؟ لێرەوەیە (شیکردنەوە) بادژوارو ناخۆشیش بێت، باکەموکوڕی و سنوورداری دەسەڵات و وزەی ئێمەش دیاری بکات و هەندێک جار لەباری دەرونییەوە ئەو حەقیقەتانە ئازارمان بدەن، بەڵام گەلێک پێویستن تافێری سیاسەتێکی ژیرانەی وردمان بکەن. بۆ بزوتنەوە شۆڕشگێرییەکانی وەکو بزوتنەوەی کوردایەتی شیکردنەوەی رەوش و هەڵسەنگاندنی تواناکانمان چەند بەدڵی خۆشمان نەبێ دواجار دەبێ ئەنگێزەی هیمەتکردنی زیاتری ئێمە بێت نەک پاڵنەری دەستەوەستان مانەوەو ئەژنۆ شکاوی.

لەبارەی (حاڵەتی دووەم)ەوە کە فاکتەری دەرەوەیی (دەرەکی) پێکدێنێت و ئەمیشیان کاریگەری لەسەر کۆششی ئێمە بەجێدێڵێت، بەگوێرەی ئەو فاکتەرە ئایا عیراقی یان ئیقلیمی یان نێودەوڵەتییە، هەریەک لەم لایەنانەش هەڵوێستیان و بەم پێیەش کاریگەریان لەسەر کوردستان دەگۆڕێت. فاکتەری عیراقی

بەگوێرەی هێزو ناوەندە سیاسییەکان دەگۆڕێت، هی نێودەوڵەتی لەم دۆخەدا لە قازانجی کوردستاندایە.

لەهەموو شیمانەیەکی کاری کورد بۆ ئایندەی دەسەڵاتەکەی دەکارین ناوی فاکتەری دەرەکی و هۆکارەکانی تر بە (ئەوانی تر) یان بەفاکتەری مەوزوعی ناوبنێین.

هەڵبەت فاکتەری گرنگ و بڕیارلێدەر فاکتەری خۆیی و خۆمانین. کارو ئاکامی کۆششی خۆمانە. جا ئەگەر ئێستا بچینەوە سەرەتای باس دەبینین:

ڕەوشی کورد بەم شێوەیە: دوو دەسەڵاتی لێکترازاو، هەرێمی گەشەکردووی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەدەڤەری سلێمانیدا، هەندێک دەسکەوتی جێگیرنەکراو. پەرلەمانێکی سست هەیە کەبەلانی کەم دەرەقەتی ئەم دۆخە تازەیە نایەت. لەهەمان کاتدا ئێمە ئایندەخوازین. چاومان لەشتی دیکەیە بەدەلیلی ئەوەی پرسیار لەسەر ئایندەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان دەکەین. ئەمەی هەیە بەکەمی دەزانین و ئارەزوومان لەشتی ترە. فاکتەری دەرەکیش لەگۆڕێدایە. کەوابێ ئەرکی کوردە کە ئایندە بەو ئاڕاستەیە ببات کە ئارەزووە نەتەوەییەکانی لەیەک حکومەتی هەرێمی یەکگرتووی بەقانونی دانپیانراوی خاوەن دەسەڵاتی بڕیاردان و خاوەنی سەروەری لەتەواوی خاکی کوردستانی عیراقدا، بەدیدەهێنێت. خواستەکە دەسەڵاتێکی چون یەکسانە لەگەڵ باقی عیراقدا. دەسەڵاتێکی دیموکراسییە کە هەموو مەرجەکانی گەمەیەکی تەندروستی دیموکراسی و بزوتنەوەیەکی سیاسیی کاریگەر دابین بکات، کە حزبەکان شوێن و ڕێی خۆیانیان تێدا هەبێ، دەسەڵات بەهەڵبژاردن ئاڵوگۆڕ بکەن و گروپەکانی گوشار، ناوەندەکانی ڕۆژنامەوانی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش، ڕۆڵی خۆیانی تێدا بگێڕن.

ئالەم ساتەوەختانەدایە کەئەکتیفی سیاسیی ئێمە بۆ هاتنەدی ئەو دەسەڵاتە دەبێتە پێویستییەکی لە دواخستن نەهاتوو. لەم ساتەوەختەدایە کە ئامانج و نیازی هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی لەم چەشنە لە کوردستان خۆی لەخۆیدا دەبێتە ئامرازو ڕێبازی هێنانەدی ئایندەی دڵخوازی خۆمان. کۆشش بۆ ئەو ئایندە گەشە ئێمە نزیک دەکاتەوە لێی و هاتنەدی ئەو کۆششەش هەر بەیەک ڕێگە دەبێ: گرتنەبەری ڕێی نوێکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان. ئەگەر وانەکەین فاکتەری دەرەکی دۆست ناتوانێ هاوکاریمان بکا و فاکتەری دەرەکی

دوژمنیش زەفەرمان پێ دەبن و لەجیاتی ئێمە ئەو ئایندەیە بەسیماو کردەوەی خۆیان رەنگریژ دەکەن.

کورتی و درێژی هاتنەدی ئەو ئایندەی ئێمە دەمانەوێ واقیعی رەوتی سیاسیی و دژوارییەکانی دێنەرێمان، دیاریان دەکەن.

# 33 ساڵ لە دوای دامەزراندن[*]

پاراستنی یەکێتیی وەک قەوارەیەکی نیشتمانیی نەتەوەیی بۆ کوردایەتی

بیرۆکەی سەرەکی لێرەدا ئەمەیە چیتر نابێ لەڕوانگەیەکی حزبی ئەبستراکتەوە سەیری ڕۆڵی گەورەی حزبێکی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکرێت لەوێستگەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا.

یادی 33 ساڵەی دامەزراندن دەرفەتێکی چاکە بۆ "داماڵین"ی ئەم حزبە لە ڕەهەندە حزبییەکانی. ئەمەش نەک بەمەبەستی بێبەشکردنی تێکۆشەرەکانی لەسەروەری بەڕێکردنی کاروانی شۆڕش و سەرخستنیدا، حەسانەوە لەسایەی درەختی رەنجدا مافێکی حاشاهەڵنەگرە و سەلماندنیشی کەمترین پاداشتە بۆ ڕێبوارا نی ئەم ڕێگا دوور و درێژە، بەڵکو "داماڵین" بەمانای سەیرکردنی یەکێتی و دامەزراوەکانی، سەروەری و تەجرەبە چاک و خراپەکانی لەڕوانگەیەکی نەتەوەیی – نیشتمانیی سەروو حزبییەوە کە ئیتر پارێزگاری و بەپەتەوی ڕاگرتنی و نەشونوماپێکردنی دەکاتە ئەرکێکی نەتەوەیی نیشتمانی گشتگیر نەک تەنها ئەرکێکی ڕێکخراوەیی دەروون حزبی. دابوڕەسمی حزبایەتی و گیروگازە ڕۆژانەییەکانی بەڕێوشوێنی خۆی و بەرپرسیارێتی گشتی لەمیانی پاراستنی دامودەزگا سیاسییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیش بەڕێوشوێنی خۆیان. ئەم بیرۆکەیە بۆ ئەوە نییە حزبایەتی و کارەکتەرەکانی لەناو قورقوشمی چەمکی هولامی گشتیدا بتوێنینەوە و شەریکە بەشی تر بۆ خاوەنانی ئەم حزبە دابتاشین، بەڵکو ئەمە بۆ سپاردنەوەی یەکێتییە بە باعیسی سەرەکی دروستبوونی : کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوانەی یەکێتی لەبەر خاتریان رەنجی کێشا وشەهیدی دا و هەر بەوانیش کاروانەکەی سەرخست و سەردەخات.

[*] ئەم باسە لەژمارە (1)ی گۆڤاری هەفتانە لە 2008/6/1دا بڵاوبۆتەوە.

**"یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟"**

ئەم پێسپاردنەوەیە خەون و خەیاڵێکی ڕۆمانسی نییە، بەڵکو ئەمە بەشێکی جەوهەری ئەدەبیاتی بەرایی یەکێتی پێکدێنێت کە مام جەلال، رابەری بزوتنەوەکە، لە "یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی"دا ئەدگارە گشتییەکانی دارشت. باوکە دامەزرێنەرەکان ئەو ناسنامەیا ن دایە یەکێتی کە باسکی پۆلایینی بزوتنەوەی رزگاریخوازی بێت و بۆ وی نەبەردی بکات. بەم مانایە یەکێتی دامودەزگایەکی سیاسیی کارای بزوتنەوەی کوردایەتییە کە پاراستنی سەنگ و قورساییەکەی شەئنێکی گشتییە و هەموو لایەک خاوەندارێتی لەتەندروستی و لەڕەوتی بزاوتەکەی دەکەن.ئەمەش بێ پێشێلکردنی ململانێ سیاسییە دیموکراسییەکەی لە هەموو ئەزموونێکی سیاسیی دیموکرات ودەستووریی چاوەرێدەکرێت، یان بێ خواردنی هەقی سەروەری کەسی تر و مافی یاساییان لە شەڕی دیموکراسیی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دەستاودەستکردنی بەرێوەبردن و حکومڕانیدا. ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر ئیعتیبارە مەعنەوییەکەی پێویستی پاراستنی دامەزراوە نەتەوەییە مێژووکردەکانە.

پێکەوەنانی یەکێتی بەری رەنجی فەرهادی میللەتێکە کە مێژوو کەمترین دەرفەتی شێنەیی و فرە ئیختیاری لەبەردەمدا والاکردووە، پێویستە لەتەک گۆرانکردن وگونجاندنەوەی لەگەڵ سەردەمی نوێ وئیستحقاقاتەکانیدا، سازانێک لەنێوان پاراستنی کرۆکی مەبەست لەو پێکەوەنانە و چوارچێوە رێکخراوەییەکەی بکرێت. ئەگینا پرۆسەکە دەشەمزێت. بێ ئەم سازانە وەک ئەوە وایە حزبێکی تر ناوی یەکێتی بۆ خۆی بەرێت یان یەکێتی بمێنێتەوە، بەڵام لە گۆڕەپانەکە بێتە دەرەوە وشەمەندۆفەری پێشکەوتن بە جێی بێڵێت. کەوابێ هونەر پاراستنی هەردوو خەسڵەتی رەسەنێتی، وەک رەوتێکی سی وسێ ساڵە، ونوێگەریی وەک نهێنی مانەوە و ئایندەخوازی یەکێتییە. تێنەگەیشتن لەم دوانەیە هاوتای تێنەگەیشتنە لە دوانەکانی دیکەی یەکێتی: حزبی درێژەپێدەری رێگا دێرینەکەی تێکۆشان و حزبی دەستپێشخەری نوێ، حزبی دەستەبژێری خوێندەوار وحزبی بنکە فراوانی کۆمەڵانی خەڵک، حزبی نەبەردی چەکداری ئەو کاتەی پێویست بوو وحزبی کەینوبەینەکانی سیاسەت و دانوستاندن لە شێنەییدا، حزبی پێکهاتەی جودا وحزبی هاوپەیمانێتی وکاری بەرەیی، حزبی رەهەند شۆرشگێری کوردستانیی وحزبی واقیعگەرایی لە هەلومەرجی عیراقدا.

**پایەدارکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی یان....؟**

لەدیرۆکی میللەتە خواپێداوەکانی ئەمرۆدا هەرگیز ڕوویەنداوە دامودەزگا نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەبەر هەلومەرجی ڕۆژ یان گۆڕینی دەوران بنکۆڵ بکرێن و خەڵکیش کە پەیوەندداری ئەم دامودەزگایەن بێ پەروا سەیری، خوانەخواستە، داڕوخانی تەلارەکەی بکەن و لەسەری هەڵنەدەنێ. سەرمایەی ڕۆحی و ئایدیاییی میللەتان، دەزگا و دەوڵەتان با لەبناغەشدا هی دەستەبژێرێک بووبێت، لێ هاوشانی قووڵبوونەوەی ڕۆڵی گشتییان لەم کۆمەڵگەدا دەبنە موڵکی گشتی چ بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ لەناویدان و سەرمایەگوزاری سیاسیی تێدا دەکەن و چ بۆ ئەوانەی بەتۆڕێک لە خاوەنداریتی، یادەوەری دەستەجەمعی و تۆڕێک دەستکەوتی مەعنەوی و بەرجەستەییەوە پێی گرێدراون.

لەنموونەی مۆدێلی کوردستان و عیراقدا، ئەمڕۆ کورد لە دەسەڵاتە ڕەسمییە دانپیانراوەکانی وەکو حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی کوردستان و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانی ناوچە تەعریبکراوەکانی وەک کەرکوک خانەقین و مەخموردا بەشدارە. مسۆگەرکردنی ئەم بەشدارییە ئامانجی تێکۆشانەکە بوون، بەڵام ئەمانە هیچیان جێگەی بە پایەداری مانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و دامەزراوەکانی ناگرنەوە، دامەزراوەکانی بزووتنەوەکە لەوانەش حزبێکی دنیادیدەی وەکو یەکێتی لەهەلومەرجی دانەمەزرانی یەکجارەکی دینگەکانی دەوڵەتی نوێی عیراق و لەم دۆخە ئیقلیمییە تێکچڕژاوەدا، یەکسانە بەپاراستنی ئەمنییەتی کوردایەتی و دابینکردنی لەسەر پێ مانەوە و نەشونوماکردنی.

ئەم ڕەوتە سیاسییە دێرین و نوێگەرە ماڵە باجێنە نییە، سپێدان چێبکرێ و ئێواران تێکبدرێتەوە. دەستمایەی ڕەوتی سەدەیەک لەخەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان، کە لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە شقڵی یەکێتیدا گەڵاڵەبووە، دەست مایەیەکی گۆترە نییە، کە بە بادا بدرێت بۆ پێچانەوەی دەورانێک یان تەنانەت بۆ دەستپێکردنێکی نوێ. لەکاتێکدا تەجرەبەکانی مێژووی کورد و هی خەڵک و خوای ئەو دونیایەش دەریدەخات لەسفرەوە دەستپێکردن یانی زەحمەتییەکی سەربار و دواکەوتن لەکاروان، بۆ ئەو میللەتانەشی دەستمایەیەکی چاک وجێی شانازییان هەبێت کاری لەوجۆر ە جگە لە بێهودەیی و بێچارەیی هیچی دی ناگەیەنێت.

## چاكسازيی نەک باجكاريی؟

لەكوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حزبێک هەیە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، 33 ساڵ لە خەباتی سیاسی، دەیان و سەدان نەبەرد ی و سەروەری، سەدان سەرکردە وفەرماندە و پێشمەرگەی شەهیدی هەیە، دەیان و سەدان دامەزراوەی بچوک و گەورەی سیاسی، میدیایی، ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی دامەزراندووە، سکرتێرە گشتییەکەی تۆمارێکی شەش دەیەیی لەئەزموون و شارەزایی و سەروەری کوردستانیی، عیراقی و نێودەوڵەتی هەیە. سەرۆکی گەورەترین وڵاتی دونیا هاوپەیمانێتی و گەورەترین مەرجەعی ئاینی بەزامنکەر و سەرکردەی وڵاتان بەجێی متمانە و سەرکردەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش بە هاوخەباتی خۆیانی دەزانن. ئەم حزبە سەدان کادیری ناوەندیی و هەڵسوڕاوی ئامادەباشی هەیە.

دەیان دبلۆمات و خوێندەواری لە جومگە جیاجیاکانی وڵاتدا پێگەیاندووە، پارێزگاری لەم حزبە ئەرکی نەتەنها"یەکێتییەکانە" بەڵکو ئەرکێکی ناسیۆنالیستییە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ کوردستان ئایندەیەکی دیموکرات و دادپەروەرانەی هەبێت. گەشەکردنی ئەم حزبە بۆ ئەمنییەتی هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق، بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان پێویستییەکی یەکەمە. سەربەرزی کەسوکاری شەهیدەکان وزیندانییانی سیاسیی و ئەنفالکراوەکان وکەمئەندام وگوندسووتاو وزیان لێکەوتووانی ماجەرای شۆڕشەکەی یەکێتی لە دژی داگیرکەران کە تێکرایان خەریکن دەبنە توێژێکی بەرینی کۆمەڵایەتی دوارۆژیان گرێدراوی ئەم ماڵە گەورەیەیە.. ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەمەودوای گەلی کورد لەگەڵ هەر پاشەکشێیەکی پرۆسەی سیاسیی عیراق و لەبەرامبەر ڕەوتی شۆڤێنیزمی عەرەبی وناو چەکە قودرەتمەندیی یەکێتی و بزووتنەوە سیاسییەکەی گەرەکە.

هەڵبەتە فۆرماتکردن یان چاکسازی و نوێکردنەوەی ئەم حزبە و تەواوی بزوتنەوەی کوردایەتیش هەروا پێویستییەکی یەکەمی دووجارە (اول مکرر)، بەڵام گۆڕانی دراماتیکی بژارێکی ڕاست ودروست نییە، کارەکە تێکدەدا لەجێی ئەوەی بیخاتە سەر ڕاستەڕێی خۆی. چاکسازی ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی: چاکسازییە نەک باجکاری. پەرەپێدانە نەک هەڵوەران.

جا ئێستا کە ئێمە داخوازیی برەوپێدانێکی میللیی یەکێتی دەکەین کە بۆتە دامەزراوەیەکی کوردستانیی و شەئنێکی عام، دەبێ بڵێین ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ئەم حزبە لەلایەن ڕەوتە حزبی و نا حزبییەکانییەوە هەق و ئەرکیشە، مادامەکی ئەوەمان

دەوێ دەبێ ئەمەش قبوڵبکەین. بەڵام هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەکەی یەکێتی یان هەر حزبێکی تر جیاوازە لە لێدانی جەوهەری پرۆژەکەی، جیاوازە لە ناشیرینکردنی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی رەوا لە رێی داد و مافی گەلی کورددا. رەخنەکردنی و ێستگەکانی خەباتی یەکێتی و گەڕان بەدوای راستییەکانیدا جیاوازە لە نابودکردنی جەدوای تێکۆشانی کوردایەتی.

# کوردستانێتی وعیراقێتی چیرۆکی ململانێیەکی ئاشکرا و پەنهان*

چیرۆکی ململانێیەکی دێرین لە کوردستان هەیە کە بەم زوانە یەکلایی نابێتەوە. ئەم ململانێیە هی نێوان یەکێتی و پارتی یان هەردووکیان و حزبە کوردییەکانی تر نییە، ئەم چیرۆکە ململانێی نێوان دوو ئاڕاستەیە لەکارکردن بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی تا بگاتە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی. ئایا بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بزووتنەوەیەکی بێگەردی کوردستانییە یان بزووتنەوەیەکی عەیار بیست و چواری عیراقییە؟ عیراقێتی یان کوردستانێتی گرەوی چارەسەری پرسی کورد دەبەنەوە؟ هەن خۆ ڕادەپسکێنن و بە لووتبەرزییەوە گەڤ لە پرسیاری وادەکەن، بەڵام خۆشاردنەوە لەم پرسیارە یەکسان نییە بە نەبوونی ململانێی شاراوە لەنێوان ئەم دوو ئاڕاستەیە لەمڕۆی سیاسەتی کوردیدا. عومری ئەم جەدەلە جەوهەرییە بە پانتایی عومری بزوتنەوەی کوردایەتی هاوچەرخە لە سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان «بە ئەمانەت» لەلایە. یانی ئێمە لە بەشەکانی تریش ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کە ئایا ئێرانێتی، تورکیایەتی، سوریاییەتی یان کوردستانێتی ڕێی دەربازبوونی نەتەوەییمانە؟

دیارە لێرە قسەم لەسەر دوو ئاڕاستەیە کە لە چێوەیدا کوردایەتی ئیمکانی هەبێ. ئەمەش نزیکە لە عیراقێتی مەرجدارەوە و دوورە لە عیراقێتییەکەی شێخ زاری و ساڵح موڵتەگ کە عروبەیەکی بێ غەلوغەشە؟ لە کاتێکدا عیراقێتی مەرجدار ئەوەیە مەنزومەی بەها نیشتمانییەکانی عیراق وا بگۆڕێت بەشی بەهاکانی کوردی تێدابێتەوە.

دیارە لەم حاڵەشدا کوردستانێتیش، چۆن حاڵی عیراقێتی، دەبێ کەمەری شل بێت تا لەقاوغی ناسیونالیستی بەرتەسک قەتیس نەبێت وبتوانێت جێی ئەتنیکە کوردستانییەکانی تر بکاتەوە و سەودای دەسکەوتدار لەگەڵ عیراقێتی و درێژبووەکانیدا بکات.

* گۆڤاری هەفتانە - ژمارە بەرایییەکانی ساڵی 2008.

## جەواهیری و زەبیحی

ئەمەویٚ بیرۆکەکەم بە باسی دوو پەیکەری جەواهیری و زەبیحی ڕوونتربکەمـەوە. لـە دوورِیـانی سـەرچـنـار لـە سـلێمانی، دوو پـەیکـەری ڕێزلێنیـان بڵنـدکراون کـە خاوەنەکانیان چەفەنگن بۆ دووباڵەکەی کوردایـەتی. یـەکەمیان پـەیکـەری محـەمـەد مەهدی جەواهیرییە، شاعیری گەورەی عەرەب و باڵایەکی بەرزی کولتووری عیراق. دووەمیان پەیکەری عەبدوەلرەحمان زەبیحی قامووسزان و تێکۆشەری گەورەی کورد کە لە هەرەتی لاویدا لە(ژێ کاف)، بـۆ کوردستانی ڕۆژهـەڵات خـەبـاتی کـرد و ئیتـر گەنجێتی و تەمەنی خۆی کردە قوربانی کوردایەتی لە بەشەکەی کوردستانی عیراقدا. ئایـا دوورِیـانی ئـەو دوو پـەیکـەرە ئاماژەیـە بـە دوورِیـانێکی واقیعـی لـە بزوتنـەوەی کوردایەتی یان نیشانەیە بە قەدەرێک دەمێنێ تا ئامانجە نەتەوەییەکان چێدەبێت؟

هەمیشە وابووە: باڵێکی بزووتنەوەی کوردایەتی قووڵایی ستراتیژیی نەتەوەییـە کـە بریتین لە کوردستانەکانی تر (زەبیحی نموونـەیـە بـۆ دەیـان و سـەدان تێکۆشـەری تـر کە یان ڕاستەوخۆ پێشمەرگەی کوردایەتی بوون لە بەشی باشوور و یانیش خەباتیـان لە بەشەکانی تـر کـەرەستەی یـەدەک و دەستکەوتی کـەڵکـەبـوون بـۆ ئێمـە) بـاڵێکی دیکەش بزووتنەوەی دیموکراتی عیراق و دۆستە عەرەبەکانی نێو ئەم بزووتنـەوەیـەن (جەواهیری نموونەیە بۆ دەیان دیموکراتخوازی عەرەب کە لە تەنگەنەدا ئیمزایان بۆ ئاشتی کوردستان، بۆ مافی نەتەوەیی کوردستانییان و بۆ بەرپەرچدانەوەی دیکتـاتۆری و شۆڤێنی کردووە) بانگەشـەکارانی کوردستانێتییەکی بێ بـەری لـە تـۆرِێکی ئـاڵۆزی پەیوەنـدی ئیقلیمـی و نێودەوڵـەتی، تائێستا نـەیانتوانیوە نموونـەیـەکی سـەرکـەوتـووی خۆیـان پیـشان بـدەن. هـەروەهـا ئـەوانـەی عیراقێتییـەکی بێ مـەرج ئـەکـەنـە ڕێـی سەرفرازی کورد، ئەوانیش پاساوە فیکرییەکەیان لاوازە . ئەزمـوونی دەوڵـەتی عیـراق، لەسەرەتا تارِوخانی بەعس، ئەزموونێکی یارمەتیدەری ئەوە نییە کە جێی تێکۆشانێکی کوردانەی تێدابێتەوە. لە دەوڵەتی پادشایدا (کە لەچاو دەوڵـەتی جـەمهوری بـەعس، عیراقی بوو نەک ناسیۆنالیستی عەرەبی) کەسانی وەک تۆفیـق وەهبـی، ئـەمـین زەکـی بـەگ و سـەعیـد قـەزاز کـارەکتـەری دەوڵـەتـی چـالاک بـوون و کـورد شـانازییان پێوەدەکات، بەڵام زەحمەتە کەس بتوانێت لەناو ئەلبومی یادگارییەکانی کوردایەتییـدا جێیـان بکاتـەوە. دیـارە نموونـەی بـەشـداری هـەردوو تـەهـا (محێـدین و یاسـین) لـە دەوڵـەتی بـەعـسدا نموونـەیـەکی هێنـدە قێـزەونـن لـە هـیچ ئـەزمـوونێکی بـەشـداریێتی نەتەوەییدا هەڵوەستەیان لەسەرناکرێت.

## ئەدی دۆخی دوای بەعس؟

ویستگەی دوای بەعس شتێکی نوێمان پێدەڵێت دەوڵەتی نوێ جێی بەهاکانی کوردی تێدا دەبێتەوە: کوردستان لە دوو قۆڵی دامەزراوەوە کوردایەتی پایەدار دەکات: قۆڵێک لەناو ئەزموونی حوکمڕانی کوردی (سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت)، قۆڵێکی دیکەش لەناو ئەزموونی دیموکراتی عیراقی نوێدا، (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆکایەتی حکومەتی فیدراڵ). کەوابێ دووڕیانەکەی سەرچنار لە ئاستی دوو پەیکەردا نەماوە، چۆتە ناو دوو دامەزراوەی ڕەسمییەوە. ئەمەش وەک بازنیشتنەوە وایە بەسەر شانی کرمانجانەوە. دەتوانین بازەکە بتارێنین و دەشتوانین بازەکە ماڵی بکەین.

هەڵبەت لە نێوان دامەزراوەکانیشدا ململانێ هەن، هی پەنهان و هی ئاشکراش، بەڵام خەسڵەتی ململانێی دامەزراوەکان وایە کە ڕێوشوێنی ئیداری، یاسایی بۆ چارەسەرکردن دابین دەکات بە جۆرێک ململانێکە ببێتە مایەی بزاو نەک مایەی پەکخستن.

## سروشتی ململانێکە

هەتا پەیوەندی نێوان هەرێم و نێوەند لە بەغدا بەڕێوشوێنە دەستوورییەکان چارە دەبێت و ڕێچکەی خۆیان دەگرن کوردستان دەتوانێ هەردوو قۆڵەکەی خۆی بخاتە گەڕ لەڕێی کەڵەکەکردنی دەسکەوتی نەتەوەیشیدا. هەروەکو ئەگەر بە قسەی هەرزەگۆییان بکرێت دەتوانرێت هەردوو قۆڵ قۆڵی یەکتری بشکێنن. بەو جۆرە دووبەرەکی دێرینی کوردایەتی لەناو کایە مۆدێرنەکانی دەوڵەتیشدا دووبارە دەبنەوە و سەرەنجام ماشێنی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست جارێکی تر کورد دەکاتە دەرەوەی یارییەکەوە.

هێزی کورد لە کوردستان هێزە بۆ کورد لە بەغدا و هێزی کوردیش لە بەغدا دەستمایەیە بۆ کوردستان، هیچ بزاوتێکی ژیر و دەربەست، کە بزوتنەوەی کوردایەتی یەکێکە لە بزوتنەوە حەریف و دەربەستەکان قۆڵێکی کارکراوی خۆی ناخاتە ناو چیسەوە، بەڵکو پێکەوە تەکامول دەکەن. بە مەرجێک هەریەکە و فەرمانی سەرشانی ئەویتر بزانێت: قۆڵی کوردستان دەبێ پێداگری بکات لە چوارچێوەی کوردستان و قۆڵی بەغداش لە چوارچێوەی دەوڵەتداریی عیراقدا سەودا بۆ بەهێزکردنی پێگەی

کورد له عیراق بکات. بێ تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە گفتوگۆ لەسەر «کوردستانێتی و عیراقێتی» جەدەلێکی بێزەنتییە نەک هەوڵێک بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیانی کوردایەتی.

کەوابێ چیرۆکی ئەم ململانێ دێرینە بەم زوانە ناگاتە کۆتایی، بەردەوامە تا ئەوەی کوردایەتی لە قەوارەیەکی پایەداردا دەگیرسێتەوە .

ئەوەی دەیەوێ بە نوکی قەڵەمێک یەکلایی بکاتەوە دیارە یەک پەڕەی لە مێژووی کوردستان نەخوێندۆتەوە.

## دیمستۆرا و شۆكی كورد ئایا UN تەراویلكە بوو؟*

كە بەڕێـز ئەخـزەر ئیبراهیمـی تێكۆشـەری دێرینـی خەبـاتی ڕزگـاریخوازی نیشتمانیی جەزائیر و نێردراوی سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان لە بەغدا بوو بۆ تەگبیركردن لە گواستنەوەی سەروەری بۆ عیراق، كورد دانەیەكی كتێبی (كەركـوك و دەوروبەری، حكـومی ویـژدان و مێـژوو)ی پێـشكەشكرد كە لەنووسینی پرۆفیسۆر د.كەمال مەزهەر ئەحمەدە. كتێبی نێوبراو بەشی یەكەمی سەفەریكی دووردرێژیی مێژوونووسێكە بەناو لوغمە چێنراوەكانی تەعریب و تەرحیل و گۆڕینی دیموگرافیادا. كورد بۆیە كتێبەكەی دایە ئیبراهیمی تا بەڵكو ئەو نوێنەرەی نەتەوەیەكگرتووەكان بە هەستی تێكۆشەرێكەوە لە مافی میللەتان بڕوانێ، نەك تەنها بە هەستی فەرمانبەرێكی گەورەی دەزگایەكی بیروكراسیی. كەچی كە ئیبراهیمی ڕۆشتەوە نەك هەر پێناچوو (حوكمی ویژدان و مێژوو) كـاری تێكردبێـت، بەڵكـو لە كۆبـوونەوەی نەتەوە یەكگرتووەكـان بە خـوێی چێشتیش باسی كوردی هەرێمە نێوە ناچڵەكەشی نەكرد.دیاریش نییە كە لەپاش خۆی كتێبەكەی بۆ دیمستۆرا جێهێشتبێ!!

بڵێی نەتەوە یەكگرتووەكان، ڕاپۆرتەكەی دیمستۆرا، دواجار تەقی و شتێكی ئەوتۆی پێنەبوو كە خەیاڵی تەسكی عیراقییەكان لە باری پرسەكانی جێی ململانێ فراوانبكات و لە چارەسەر نزیكیان بكاتەوە، خۆی كێشەكە كەم ئاڵۆز نەبوو تا یوئێنیش ئاڵۆزتری بكات.

دەبـــێ دانـــی پێـدابنێین لەبـــەرئـــەوەی هەردوولایەنـی كێـشەكە: كـورد و دەوڵەتی عیراق، نەیانتوانی لەمـــاوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا چارەی بكەن، ئیتر دیمستۆرا حـــەقی بـــەخـــۆیدا وەك مـایسترۆیەكی نەشاز ئـاوازگـــەلێك بە هـــەموو لایەك لێبدات. ئێستا وادەبینین بە كورد و عەرب و تـوركمان ڕیتمی (نەخێر) بۆ پێشنیازەكـانی لێدەدەین، بەڵام یەكێ بـــە سۆلۆیەكـێ بەرز، یەكێ قـــەرار و یەكێ سێگای بۆ دەخوێنین.

---

* هەفتانە ژمارە بەراییەكان، ساڵی 2008.

**موی (UN) له ماستی عیراقدا.**

پــێش هەمــوو شــتێک دەبــــێ تیمــی کــوردی ڕەتکردنــــەوەی خــــۆی له ڕەتکردنــــەوەی ئەوانــی تــر جیــابکــــاتەوە. یـانی پـێش هەمـــووشتێک دەبـــێ بزانین ئێمه بــــۆچی ڕەخنەمــــان له پێشنیازەکانی دیمستۆرا هـــەیه و عەرەب به شیعه و سوننه، به بەعس و سەدرییەوه بــۆچی ڕەخنەیان لێی هەیه؟

ئێمه ڕەخنەمان هەیه چونکه بنمیچی پێشبینییەکانمان له UN بەو نزمییه نەبوو، ئەوانـیش ڕەخنەیـان هەیه، چـونکه له بنەڕەتـدا هەر ڕەخنەیـان له تەواوی دۆسـێی کەرکـوک هەیه.ئەم جیاکـارییه بـۆ ئەوه گـرنگه تـا پـێکەوه و لەگەڵ ئەو نەیـارانەی UNمــان هێنــاوەته نــابژیوانی نێوانمــان، چەپــۆک نەکێــشین بەســەر فــاکتەری نێودەوڵەتییدا.

ئێمه لێره نــــاوبژیوانێکی "لایەنگرمان" هەیه له دژی خۆمان که هەمیشه UN بۆئــــەوەی بتوانێـت مـــــافی مـــوستەزەعفین بەدەسـت بهێنێـت لایەنگــــری مــستەکبرینی کــردووە. سروشــتی UN وایه! ئـــــەگـــــەر وانەکـات نــــەجێی دەبێـــتەوه له کایــــــەکه و "نەموســــتەکبرین" بەنــــاوبژیوان قبــولّی دەکەن و ســەرەنجام بەلێکـدانەوەی خـۆی نــــاتوانێت هـیچ مـافێکی "موسـتەزعفینەکان" وەربگرێتەوه.

بێگومــان ئــێمه وەکــو کــورد دژی ئەم هاوکێــشه زاڵمــانەیەن، بەڵام نیــشاندانی سروشتی UN و داواکاری مامەڵە لەگەڵکردنی وەک ئەوەی هەیه،نەک وەک ئەوەی ئێمه دەخوازین، جیاوازه له بیروڕای خۆمان لەسەر ئەم دەزگا بیروکراسییه جیهانییه که هەموو دونیا به گەوره و بچووکییەوه دژین و هەموو دونیاش، دیسان به گەوره و بچووکەوه، وەک واقیعێکی تاڵا سەودای لەگەڵ دەکەن.

**تومەس ئاکرێ کوردستان نەبوو!**

کەوابێ ئێستا ئێمه کەوتوینەته داوی ناوبژیوانێکەوه له جێی وەرگرتنەوەی شـەنگار ئاکرێمـان بـۆ یەکلایـی دەکـاتەوه و سـبەی له جێـی خـانەقین کفریمـان بـۆ مـسۆگەر دەکـات! مەســەلەکه شـۆخی و گـاڵتەکردن نیــیه، مەســەلەکه ئەوەیه له بەرامــبەر ئەجینــدایەکی کـوردی که داوای کەرکـوک و مەخمـور دەکـات ئەجینـدایەکی دژه کورد هەیه دەیەوێ لەڕێی UNەوه ئێمه به یارییەکی لابەلاوه مژولا بکات، یارییەک که هەر لەسەر خاکی کوردستان و لەسەر حیسابی ڕاستییه جوگرافی و مێژووییەکان،

مێژووی پێکهاتە ئیدارییەکانی دوای ئینتیدابی عوسبەتولئومەم لە عیراقی سییەکاندا دەکاتە بنەمای دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و خاک.

یارییەکە هەمووی لەسەر خاکی کوردستانە نەک خاکی عەرەبستان، لەسەر دووزە نەک شرگات، لەسەر مەندەلییە نەک باقوبە، لەسەر کەرکوکە نەک تکریت و میسڵ کەچی هەموو ئەم ململانێیە خراوەتە چوارچێوەی ئەگەر ومەگەر و ڕاسپاردەی نامولزەمەوە!

ئایا خراپە هانا بۆ UN بەرین؟ نابێ پەلە بکەین لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەروەک چۆن پەلەمان نەکردووە لە شاربەدەرکردنی ڕاسپاردە نامولزەمەکانی دیمستۆرا. لە بنچینەدا UN ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییە لەکێشەکان کە کورد لەوەتەی کێشەکەی لەچوارچێوەی عیراقدا قەتیس بووە هاواری سەرلەنوێ بەنێودەوڵەتیکردنێتی، بەڵام مەعلومە فاکتەری نێودەوڵەتی توخمێکی ساردوسڕە، بێ گەرمایی فاکتەری ناوخۆیی کە بریتییە: لە توندوتۆڵی و شیلگیریی سیاسەتەکان، میانڕەوی پێویست لەدەمی خۆی و تۆکمەیی خوازراو لەدوڕیانی چارەنووسسازدا.

فاکتەری نێودەوڵەتی نابێ جێی ترس بێت لێ ئەبێ بە سیاسەتی ژێر و لێبڕاوانەی ناوخۆیی بەر بەزیانەکانی بگیرێ و لەگەڵ شۆکە ناکاوەکانی، وەک شۆکی ئەم راپۆرتە، دەستپێشخەری هێرشبەرانە و ئیجابی بکرێت. لەبەرامبەر هەر ڕاپۆرتێکی ناوبژیوان و هەر ڕاپۆرتێکی نەیاراندا دەبێ ڕاپۆرتێکی کوردستانییانە و دەستپێشخەری کوردانە هەبێت. تا لەسەر مێزی دانوستاندنی چارەسەری کۆتاییدا تەنها ڕاپۆرتی دیمستۆرا و ڕاپۆرت گەلێکی نەیارانی پرۆژەی کوردستانیی بنەمای گفتوگۆ و موفاوەزەنەبن، بەڵکو ئەوانی دی ڕاکێشرێنە سەر لاپەڕەی پێشنیازەکانی کورد تا وردە وردە لەدانوستاندنی ئاڵوگۆڕی سەرئەرزدا هەڕەشەکان لەسەر خاکی کوردستان دووربخرێنەوە و دابەشکردنەکە تەنها لەم دیو حەمرین نەبێ و شوێنی تریش بگرێتەوە: یانی با چیتر 140 ماددەیەکی کوردی نەبێت، بەڵکو جگە لەوەی دەسکەلای دەستووری کورد بێت بەرەو ئەوە بازی پێبدرێت کەماددەیەکی عیراقی بێت بۆ ئەودیو حەمرین، بۆ نێوان شیعە و سوننە ئەو کاتەی لەسەر ڕومادی و نەجەف دەکەونە ناکۆکییەوە و یارییە عیراقییەکە گەرموگوڕتر دەبێت.

## چی لە ڕاپۆرتەکە بکەین؟

دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە: ئایا خراپە هانامان بۆ UN بردووە؟ جارێ UN لەسەر ئارەزووی بێدەنگانەی هەموو لایەک هاتووە ئەو دەمەی

هەردوولایەنی ناکۆکییەکە گەیشتنە بنبەستی دوای وادەی ڕاپرسی لەسەر کەرکوک. بەغـداش ڕازی بـوو دەنـا (UN) بەپێـی تەفـویزی بڕیـاری (1770) ناتوانێـت هـیچ شتێک بکات لەدەرەوەی داوای حکومەتی فیدراڵی.

ڕاسـپاردەکانیش ئەگەر چـی مـولزیم نـین، بەڵام بمـانەوێ و نەمـانەوێ لەغیـابی پرۆژەیەکـی نووسـراوی کـوردی یـان عەرەبـی عیراقییـدا، ئەو ڕاسـپاردانە فەزای گفتوگۆکان داگیردەکەن. ئەوەش مانای وایە پرۆژەی تر پێویستە کە نەهێڵن پـرۆژەی ناوبژیوانەکەمان بەتەنها زەفەر بەگفتوگۆکان بەرێت. هەروەها ئەگەر زانـرا فاکتەری UN تەنها لە کەرکوک و ناوچەکانی ململانێ خۆی قەتیس دەکات و عیراقییەکانی تریش بێ پـرۆژەن، ئەوا کـورد هەقە تەواوی مەلەفی مەسـەلەی کـورد،نەک نیـوەی، ببـاتە UN. جـا ئەو کـاتە فـاکتەری UN دەبێـتەوە فـاکتەری نێـوان دوو نـاکۆکی چوونییەک لە نموونەی سودان : سودانی ناوەند و سودانی باشوور.

خـاڵێکی دیـکەی گرنـگ پتەوکردنـی فـاکتەری ئامـادەگی نێـودەوڵەتی یـوئێنە بەفاکتەری نێودەوڵەتی وەک هاوپەیمانەکانی کورد و عیراقی دیمـوکرات و فیـدراڵ، یانی ئەمریکا کە بەسەد داوەوە بەرژەوەندی لەعیراقدا هەیە.

فـاکتەری ئەمریکـی فـاکتەرێکی نێـودەوڵەتی هـاوتەریبی فـاکتەری UN ونەو لەهەنـدێک جـومگەدا دەتـوانێ پـێش خاوەخـاو و بیروکراسـیی تـیمەکەی دیمـستۆرا بداتەوە. ئەمەش خۆ تەیارکردنە بەتۆڕێکی فراوانی نێودەوڵەتی.

لەهەموو حاڵێکیشدا دەبێ کورد هەموو پرۆژەکەی UN پێکەوە داوابکات تا پێکەوە تۆژینەوە و بڕیاری پێویستی لێ بدرێت. نەک هەندێک هەنگاو بە کورد بسەلمێنن و کەرکوک، دایکی کێشەکان، هەروەکو دیمستۆرا وتی، بەچارەنووسی وردەکێشەکانەوە ببەستنەوە.

لەم سـەروبەندەدا خاوەخـاوی UN سـەلبییە چـونکە کێـشەکان دوادەخـات، بەڵام لەهەمـان کاتیـشدا ئەو خاوەخـاوە ئەگەر سـیناریۆش بێـت هێـشتا بەئەنـدازەی ئەوە خراپ نییە لەچاو تروکانێکدا کێشەکەمان لە دەست دەربکەن. با ئێمەش وەک UN لەسەر ئاگرێکی کز بیکوڵێنین.

# پرسیارە دێرینەکە سەرەتاتکێیەتی!
# دیموکراسیی لە عیراق مەسەلەی کورد چارەسەر دەکات؟*

ئایا دیموکراسی مەسەلەی نەتەوەکان چارەسەر دەکات؟ یان راستتر ئایا دیموکراسی عیراق مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە عیراق چارەسەر دەکات؟

ئەم پرسیارە لەم هەلومەرجە تێکچڕژاوەی عیراقدا، کە کورد نیگەرانە، وەک جۆرێک لە پاشەکشە دێتە بەرچاو، چونکە قەرار بوو عیراقی دیموکراتی مەسەلەی کورد لەم وڵاتە چارەسەر بکاتو ببێتە نموونە بۆ چارەسەر لە وڵاتانی دیکەی کوردستانیان زەوتکردووە، بەڵام بە دیویکی تریشدا پرسیارەکە پرسیارێکی ڕەوایە و بۆ هەموو کاتێک دەشێت. بەتایبەتی بۆ ئەو کاتانەی کێشەکەمان گیر دەخوات . رەوایە چونکە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورد، لە ئەدەبیاتی سیاسی داگیرکەرانی کوردستان و هێزە ئیقلیمیی و نێو دەوڵەتییەکانیشدا پتر لە مۆدێلێک بۆ چارەسەری پرسی کورد تاقی کراوەتەوە. هەر لایەنێکیش لەم لایەنانەی بە پرسی کوردەوە "کێشەدارن" بەگوێرەی زەمان و زەمینی سیاسیی مۆدێلی چارەسەری بۆ پێشدەخەن. نەیارانی راستەوخۆ، یانی ئەو پایتەختەی بەشە کوردستانێکی لایە، بەگوێرەی لاوازی و هێزی سیاسیی خۆی چارەی دەکات. هێزە ئیقلیمییەکان بە (حەلکردن)، یانی هەڵوەشانەوە، مەسەلەکە (چارەسەر) دەکەن، دەوڵەتە زلهێزەکانیش بەکپکردنەوە و رۆژ بەرێکردن مۆدێلی چارەسەری "هاوڵاتیبوونێکی بێ رەنگ و بۆ" دەخەنە ژێرلێوەوە و زمانحاڵیشیان ئەوەیە کێشەمان کەم نییە تا کێشەی کورد یان کێشەکانی کوردیشی بێتەسەر.

## چارەسەر یان رێگاکەی؟

بۆ هێزە دیموکراسییەکانی نەتەوەی سەردەست دیموکراتیزەکردنی وڵات چارەسەرە، کورد لەگەڵ ئەمەیە بە جیاوازیەکی بچوک بەڵام جەوهەرییەوە: دیموکراتیزەکردن "رێی چارەسەرە" نەک خودی چارەسەرەکە.

---

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2009.

یانی دیموکـــــراتیزەکردنی وڵاتانی سەردەست پـێگەی یەکەمە بـۆ تێهەڵچوونی سیاسی کورد لەڕێی دابینکردنی مافەکانیدا.

ئەم ڕێڕەوە گەواهییەکی گرنگە لەسەر ئەوەی هیچ ڕەوت و ئاراستەیەکی سیاسی تەنهـا بەلای چـاک یـان خـراپەدا هەڵناسـەنگێنرێ‌و دەبـێ هەردوو دیـوی دراوەکە ببینین.

لەبەر ئەوە لە سـاتەکانی کـرانەوەو دیموکراسـیدا، لەهەر یەکێـک لەو وڵاتـانەی کوردسـتانیان لایە، کـورد توانیـویەتی بـزووتنەوە نەتەوەیـیەکەی خـۆی پێـشبخاو داخوازییەکـانی بەڕاشـکاوی رابگەیەنـێ‌و جەمـاوەری کوردسـتان، کە تینـوی ویـستە نەتەوەییەکانن، لە دەرەوەی خۆی کۆبکاتەوە.

لە عیراق لە سەردەمی پادشایی کە هێزە سیاسییە دیموکراتەکان سەنگیان پەیدا کـردووە، لە بەرایـی حـوکمی جەمهوریـدا، لەکـاتی نەرمونیـانی حکـومەتی بەزاز و لە ساڵەکانی (1970- 1974)، لەم پێنج ساڵەدا کە دیکتـاتۆریی رووخـاوە و حـوکمێکی دەستووری لەسەرکارە، لەم وێستگانەدا کورد جۆشوخرۆشی پرسە نەتەوەییەکەی تـاو داوە، بەڵام لە هـیچ کامیانـدا، جـگە لە وێـستگەی ئـازادی دوای راپەڕینـی (1991- 2003) و پێـنج سـاڵی دوای رووخـانی سـەدام، کـورد نەیتوانیـوە مـافە نەتەوەییەکـانی جێگیر بکات. بەڵکو هەندێکی سەرەتایی پیادە کردووە و خۆی بۆ ئەوانی تـر تـاو داوە تا ئەو رۆژەی دیموکراسی لە عیراق پێچراوەتەوە. واتا ئەگەر بەحیسابی جۆشدانەوەی خەبـاتی نەتەوەیـی سـەیر بکەیـن لە وێستگە دیموکراتییەکانـدا کـورد سـەنگدار بـووە، بەڵام ئەگەر ئەو جۆشـدانە بە مـافی پیـادەکراو بەراورد بکەیـن، ئەوا دیموکراسـیی سەرتاسەری عیراق هیچ یەکسان نییە بەچارەسەری مەسەلەی کورد، بەڵکو یەکسانە بە کردنەوەی "ڕێی چارەسەر" یانی کردنەوەی ڕێی حازراتی‌و گفتوگۆی ئاشکرا لەسەر مۆدێلی چارەسەر.

کە وابێ لایەنی چاکی دیموکراسی سەرتاسەری دابینکردنی ڕێی چارەسەرە، لایەنە خراپەکەشـی ئەوەیە تووشـی واهـیمەی ئەوە بـین ڕێـی چارەسـەر هەرخـۆی خـودی چارەسەرە. بۆ ئەمەش دەشێ نموونەی وێستگەی دیموکراسـی پێنج سـاڵی رابـردووی دوای رووخانی سەدام شرۆڤە بکەین.

### ئەزموون لە عیراقی فیدرالیدا

کـورد بە توانـاوە هـاتە نـاو پرۆسـەی دیمـوکراتیزەکردنی عیـراقەوە، دەسـەڵاتێکی کوردسـتانی لە مـاوەی (1992- 2003) دانـاو ئەمەشـی لە دەسـتووری هەمیـشەیدا

جێگیـر کـرد. ئیتـر لەمە بەدواوە دەسـتوورێکی دیمـوکراتی جێـی جەدەلـی بێزەنتـی وێـستگە جیاجیاکـانی دیموکراسـی جـارانی گـرتەوە. ئەم دەسـتووره هەم قەوارەی کوردستانی بە رەسمی ناساندووە و هەم ڕێگای چارەسەری (ناوچەکانی جێی ململانێ + بەشی کوردی لە داهاتو دەسەڵات) دیاری کردووە. یانی ڕێی چارەسەری ئەوەی ماوە لە مەسەلەی کورد لە عیراقدا. بە مانایەکی تر لە مەسەلەی کوردی عیراقدا "نیو مەسەلە"ی کورد ماوە چارەسەر بکرێت کە وا دەبینین دیموکراسیی سەرتاسەری لەم وڵاتەدا ئیفلیجە لە چارەسەرکردنی.

ئەوەی وادەکات ئەم پرسە ئاڵۆزتر بێت دوو بابەتی هەستیارە:

- ئەم نیوەی ماوە لە مەسەلەی کورد، نیوەیەکی جەوهەرییە کە بێ وی قەوارەی کوردسـتان شـەلوکوێر دەبێـت. (ناوچەکـانی ململانـێ) یـانی کەرکـوک و دەسـتە خوشکەکانی. (داهات) یانی نەوتو براکانی. (دەسەڵات) ئەوی براو خوشک لەسەری بەشەڕ دێن، ئەمانە وەکو خۆیان ماونەتەوە.

- هێـــزە عیراقییەکـــانی شـــەریکە بەشـــن لەم دەســـتوورو لەم دیمـــوکراتییە سەرتاسەرییەی عیراقدا، بۆ بەرپەرچدانەوەی داوامان لە چارەسەری (نیوەی دیکەی مەسـەلەی کـورد)دا هەڕەشـەی سـەندنەوەی نیـوەی یەکەمیـشمان لێـدەکەن (یـانی هەڕەشـەی وەرگـرتنەوەی قەوارەی هەرێمـی دانپیـانراوی کوردسـتانیش). بـۆ ئەم هەڕەشـــەیەش هەمـــان ئـــامرازی دەســـتوورو هەمـــان ڕێوشـــوێنی دیموکراســـی سەرتاسەرییان خستۆتەگەڕ.

لە دەریچەی ئەوەی کورد لەگەڵ دیموکراتخوازانی سەرتاسەری عیراقدایە لەوەی دیموکراسی لە دیکتاتۆریی باشترە و لەمەدا لێیان جیادەبێتەوە کە کورد دیموکراسی بە "چارەسەر" نازانێ بەڵکو بە "ڕێی چارەسەری" دەناسێنێ، کوردایەتی لە ئەدەبیاتی خۆیدا دیموکراسی سەرتاسەریی تێکەڵا بە تایبەتمەندێتی نەتەوەیی دەکات.

## دیموکراسیی دینامیکی یان میکانیکی؟

ڕەنـگە ئەمە شـرۆڤەی (دروشـمی دیمـوکراتیزەکردنی عیـراقو ئۆتۆنـۆمیکردنی کوردستان) بکات کە دروشمێکی دێرینی کوردایەتی بوو. هەروەک شرۆڤەی ئامانجی مافی چارەی خۆنووسین، بڕیاری پەرلەمانی کوردستانو هەڵبژاردنی فیدراڵیو یەکێتی ئارەزومەندانەی ناو دیباجەی دەستووری عیراق بکات.

بۆ ئەم مەبەستەش کورد کاری لەسەر لەمپەڕی دەستووریی، مافی ڤیتۆ لە چەند جـومگەیەکی چارەنووسـسازی دەسـتووردا کـردووە (ڤیتـۆی سـەرۆکایەتی کۆمـار،

ئەنجومەنی فیدراڵی، دادگای دەستووری، 3/2ی هەرسێ پارێزگایەک... هتد) کە ئەمانە هەموو لەمپەڕی پارێزەری مافە نەتەوەییەکانن.
بەڵام دەنگدانی رۆژی 22ی تەمووزی رابردوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا. دیسانەوە ئەو پرسیارەی هێنایەوە کایەوە کە ئایا دیموکراسیی سەرتاسەریی دەتوانێت چارەسەری پرسی نەتەوەیی بکات، بێ رەچاوکردنی تایبەتمەندێتی نەتەوە بندەستەکان؟
لە 22ی تەمووزدا دیموکراسی کلاسیکی (دیموکراسی ژمارەیی) گورزی لە دیموکراسی مورەکەب، دیموکراسی نوێ و تێکئاڵۆز (دیموکراسی تەوافوقی)دا. بە واتایەکی تر دیموکراسی سەرتاسەریی گورزی لە مەسەلەی کورد دا لە جومگەیەکی هەستیاردا، ئەویش جومگەی کەرکوک (یانی نیوەی دووەمی مەسەلەی کورد لە عیراق کە نیوە جەوهەرییەکەیەتی). ئەم دۆخە رێک لەو حاڵەتە دەچێت کە بیرمەند تۆم، جی، بالمر لە نووسینێکی جوانی خۆیدا (ئاستەنگەکانی گۆڕانی دیموکراسیدا)وا وەسفی دەکات:
(مەترسییەک هەیە کە دیموکراسی ببێتە ئامرازێکی زوڵمکردن، بەتایبەت لە کۆمەڵگە فرە ئەتنیکو فرە ئایینو فرە زمانەکاندا. کاتێک کێشەیەک روودەدات زۆرێک لە سیاسەتمەداران ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی گرووپەکانی تر، زۆربەی کاتیش دەیخەنە ئەستۆی کەمینەکان، ئینجا داوا لە دەوڵەت دەکەن سزایان بدات و دەستبەسەر دەستکەوتەکانیاندا بگرێت). ئینجا درێژەی دەداتێ وەک بڵێی باسی هێزە شۆڤێنییەکانی 22ی تەمووز دەکات (لە وانەشە سیاسەتمەدارە هەلپەرستە نادادپەروەرەکان داوا لە دەوڵەت بکەن مولکوماڵی کەمینەکان بەسەر لایەنگرانی خۆیاندا دابەش بکاتەوە). جا ئێستا ئەدەبیاتی سیاسیی هێزە عیراقییەکان رێک بەم شێوەیە بانگەوازی کورد دەکەن . فشەیان بە دیموکراسی تەوافوقی دێت و کەیفیان لە دیموکراسیی ژمارەییە (وەک ئەو دیموکراسییەی تورکیا کە تا ئێستا کێشەی کوردی چارە نەکرد)
باشە یانی ئیتر دەرگا لە کورد دادەخرێت مادام دیموکراسیی سەرتاسەریش کێشەکەی چارەسەر ناکات، یان (رێی چارەسەری) لەبەردەمدا دادەخات؟
پێموانییە وابێت! دیموکراسیی دەرگایەک دەکاتەوە کە تا گەشە بکات پانتایی کرانەوەو کردنەوەی فراوانتر دەبێت. بەڵام سەرەنجام دیموکراسیش ئەزموونێکی مرۆییەو ملکەچی ئارەزوو نیەتەکانی مرۆڤ و ململانێی هێزە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکانە، ملکەچی ململانێی گرووپ و ئەتنیکەکانە، ئەمەش یانی ئێمە لە پاڵ

دیموکراسی قودرەتمەندی نەتەوەیی و هێزی ململانێمان پێویستە. پێویستیمان بە ئیرادەی درێژەپێدانی شەڕی جێگیرکردنی دیموکراسی تەوافوقییە (دیموکراسی دینامیکی) لەهەمبەر دیموکراسی ژمارەیی (دیموکراسی میکانیکی). دیارە ئەوەیان باسێکی سەربەخۆیە.

# تاوادن لەبەغدا*

ئەولەویاتەکانی کورد لەم خولی تازەی گفتوگۆیە لەگەڵ بەغدا چین؟
ئایا ئەم خوولە هەموو داخوازییەکانی کورد "یەکلایی" دەکاتەوە؟ یانی یەکلایی دەکاتەوە بەقازانجی کورد یان ئیتر تۆپی بەفرینی پاشەکشێ هەروا غلۆر دەبێتەوەو دەبێ لەوێستگەیەدا لەجێی چوونەپێش بەر بە تۆپەکە بگرین یان ئومێد و توانستو ویستی کورد لە ئامادەسازییەکانی نەیارانی چاترن؟

## بەڵام ئەجینداکە چییە؟

سەرۆک مام جەلال گەڕایەوە بەغداو وەک هەموو جارێک لەگەڵ خۆیدا جوولە و ئومێدو گەشبینی بوژاندەوە. هەموو لایەک دۆسێکانی خۆی ئامادەکردووە تا لە گردبوونەوەکانی مامدا مەترەحی بکات، خەیاڵی وا نەکەین تەنها کورد یان زوڵملێکراوانی قۆناغی رابردووی پرۆسەی سیاسیی وەکو ئەنجومەنی بالا، سەدرییەکانو سوننەکان دۆسیێ داواکاریو عەریزەی زوڵملێکردنی خۆی پێیە، بەڵکو دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بین تەنانەت سەرۆک وەزیران نوری مالکیش دۆسیێ گازندەو زوڵملێکراوی خۆی ریزبەند کردبێت لەسەر شێوازی عەرەبی (چربنی وبکی، سبقنی واشتکی) یانی لێیدامو گریامو پێشم کەوتو سکاڵای لێکردم.

ئینجا ئیتر مام جەلال لەو نێوەندەدا دەبێ بە ئەزموونی نزیکەی لە پەنجا ساڵەی ناو ناکۆکییەکانی سیاسەت ئیدارەی تەنگەژەکە بکات، زاڵمو زوڵملێکراو پێکەوە بسازێنێتو بەشە کوردییەکەی خۆشی دابینبکات. هەڵبەت لە چەند ساڵی رابردوودا سەرۆک کۆمار توانیبووی هاوسەنگی نێوان رۆڵی عیراقی خۆیو چاوەڕوانی کوردانە لێی رابگرێت لەسەر بنچینەی ئەو هاوکێشەیەی دەڵی: (عیراقییەکی دیموکراتو فیدراڵخواز)و پارێزەری دەستوورێک کە ئەم بەهایانەی تێدایە، هەر خۆی یانی کوردێکی دڵسۆز بۆ چارەسەری پرسی کوردستان.

---

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2008.

بەڵام ئێستا گــرفت لە مەدایە عــیراقییەکانی تر، غەیرە کورد، ئیمانیان رووی لە کزییەو خەریکن فیدراڵی دەخــەنە ژێر لێوەوەو کــە فیدراڵیش نەما دیموکراسی تۆ بۆ بمێنی؟ لەم دووڕیانەدا گفتوگۆکردن لەگەڵ عیراقییە هەڵگەڕاوەکان گــەلێک زەحمەت دەبێت، چونکە دەستوور کە جاران حەکمی نێوانو تەوافوق کە پێشتر عــورفی سیاســەت بــوو، ئەمــڕۆ یەکەمیــان پێویــستی بە "دەســتوور"دانە بــۆ بەگەڕخستنەوەیو دووەمیشیان، کە تەوافوقە، خۆی پێویستی بەوەیە تەوافوقی لەسەر بکرێتەوە.

بەڵام مام جەلال لەم مەیدانەدا تەنها نییە، وەفدی کوردستان بەسەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدایە تا هەم قورساییە کوردییەکە لە ئەستۆ بگرێو هەمیش لە هاوسەنگکردنی ئیدارەدانی تەنگژەکەدا تەکبیری هاوبەش لەگەڵ سەرۆک کۆماردا بکات.

ئەوی وادەکات ئەم ئەرکە رێی بۆ تەخت بێت، ئەوەیە تاڵەبانیو بارزانی دوو هەفتە لەمەوبەر هەردووکیان زنجیرەیەک گفتوگۆی کوردستانییان کردووەو بەیەک ئەجینداو بۆ یەک ئەجیندا لە بەغدان.

ئــەجیندای کــــوردی لە بەغدا سێ ڕەهەنـدە کــە هەرسێکیان پێکەوە گرێدراون:

ـ رەهەندی مەسەلە کوردستانییەکان، ئەوی کۆنو تازە. ئەوی چەند ساڵە لەدوای پرۆســەی رزگــارییەوە داوای دەکــاتو ئەوی بەم دوایــیە لە شــەڕ پێفرۆشــتنەکانی بەغداوە یەخەی بە کورد گرتووە.

ـ رەهەندی مەسەلە عیراقییەکان.

ـ رێککەوتنی ئەمنی عیراق- ئەمریکاو رەهەندی نێودەوڵەتی کێشەکان.

ناشــتوانرێت هــیچ لایەنێــک لەم رەهەنــدانە فەرامــۆش بکەیــن، بەڵکــو پــێکەوە گرێدراونو هەریەکەیان کار لەوی تر دەکەن.

### ڕەهەندە کوردستانییەکە

رەهەنـدە کوردسـتانییەکە بـریتییە لە کێـشە هەڵواسـراوەکانی کـورد لـەگـەڵ بەغـدا: کەرکـوک یـانی سـنووری کوردسـتان، نەوتو بـودجە واتـا بەشـمان لە سەروەتو سامان، دەسەڵاتی فیدراڵیو بەشداری کورد لە بەغدا واتا شـەراکەتی راستەقینە لە بەغدا.

ئەم کێشانەش هەمان کێشە سەرەکییەکانی عیراقن لە وەتەی عیراق دامەزراوە.

جا ئێستا پرسیار ئەوەیە کورد لەم خولە گفتوگۆکارییە دەتوانێت بەهەشت رۆژ ئەو باسانە یەکلایی بکاتەوە کە زیاتر لە هەشتا ساڵە لە عیراقدا پەنگی خواردۆتەوە (دەسەڵات، سنوور، پارەوسامان)؟

بەدیویکدا دەشێ بڵێین کورد، لەگەڵیشیدا بەغدا، دەتوانێت ئەمە بکات، چونکە ئەو کێشانە ئەوەندە خوردکـــــراونەتەوەو ئەوەندە نەخشەی ریگای بۆ دانراوە هیچ لایەک بـــەداخوازییەکانی ئەویتر نامـــۆنییە، مەگەر لەبەر هەلــومـــەرجێکی ئێستا خۆی لێ نەبان بکات، بۆ ئەم خۆ لێ نـــەبان کردنەش چەردەیەک هـــەنگــــاوو سیاسەت پەیڕەوکراون کە چـــاوەڕێ دەکرێت ببنە بەشێک لە بابەتەکانی گفتوگۆی کوردو بەغدا.

بەمجۆرە ئێمە دەبینین بابەتە جەوهەرییە هـــەڵواسراوەکان (سنوور، دەسەڵات و پارەو سامان) + بابەتە نوێیەکانی بـــۆ لەمپەر دروستکردن لە بەردەم چارەی بابەتە جەوهەرییەکان دانراون، ئەجیندای خولی نوێی گفتوگۆ دروستدەکەن. لێرەوە بایەخی دیاریکردنی ئەولەویاتی کورد دەردەکەوێت کە لەنێوان:

ـ بابەتە جەوهەرییەکان

ـ بابـــەتە لاوەکییەکـــان کـــامیان هـــەڵدەبژێرێتو بگـــرە لەنـــاو بابەتە جـــەوهەرییەکـــانیش کامـــیان دەبـــنە ئـــەولەویـــەتی هەرە یەکەم:

## کەرکوک هەموو ئەولەویاتەکانە

ئەولەویاتەکان بۆ ئەمە گرنگن، چونکە لە سیاسەتدا هەمووشتێک پێکەوە بەدی نایەن، بۆئەوە گرنگن، چونکە دەبێ کۆششە سەرەکییەکە بۆ بابەتێکی جەوهەری تەرخان بکرێت. بەڵام لە پرسی کەرکوکدا ئەولەویاتەکە، جگە لەو دوو هۆکارەی سەرەوە، گرنگن چونکە "کەرکوک" هەموو بابەتەکانی دیکەی لەخۆیدا چڕکردۆتەوە (کەرکوک: سنوورە، ئەندازەی دەسەڵاتی فیدراڵی کوردستانو سامانی ئەوێشی تێدایە) بۆیە دەبێ کورد ئەولەویاتەکەی خۆی لە کەرکوکدا چڕ بکاتەوە، چونکە جەدەلی بودجە دەکرێت لە نزیکترین سەرژمێری گشتی لە عیراقدا یەکلایی بکرێتەوە. نەوتو سیاسەتی نەوتی دەتوانێت مشتومڕێک بێت بۆ دوای پێشکەوتن لە پرسی کەرکوک. لەوەشەوە شەراکەت لە بەغدا هەتا بڵێی گرنگە، چونکە ئەمە دەستی کورد بەهێز دەکات لە دوو بواردا:

ـ لە بواری بەرپەرچدانەوەی لەمپەڕەکانی دەخرێتە بەردەم پرۆژەی کوردستانیی کەرکوک.

ـ له بواری تواناداركردنی كورد له پرۆسەی سیاسیی عیراقدا تا عیراق ببێته دەوڵەتێكی میانڕەوی نا دوژمنكارانە لەگەڵ میللەتەكەیو لەگەڵ دراوسێكانیشی.

رووداوەكانی پتر لەدوو مانگی رابردوو دەریانخست هەوڵی دورخستنەوەی كورد له بڕیارو بچوككردنەوەی رۆڵی نە تەنها زیانە بۆ ئەجێندای كوردی، بەڵكو سەرەتایەكیشە بۆ پاوانكردنی حوكمو دوورخستنەوەی شەریكەكانی تر كه له وێستگەی دوورخستنەوەی كورددا بێدەنگ بوون. له مێژووی پەیوەندی كوردو بەغدایشدا هەمیشە بچوككردنەوەی دەوری كورد سەرەتایەك بووە بۆ بچووكردنەوەی ئەوانی ترو زەفەر پێ بردنیان لەمەوە گرنگە بزانین ئەولەویاتەكان، هی كوردستانیی، دەبێ له پرسی كەركوكدا چڕبكرێتەوە. لێ پرسی شەراكەتی كوردی سەرەڕای رەهەندە كوردستانییەكەی بۆ رەهەندە عیراقییەكەش گرنگە.

## لەمەدا كورد تەنها نییە

جا له پرسی شەراكەتدا كورد تەنها نییە، ئەگەر كەركوك خاڵی ناكۆكی كوردو هەموو هێزەكانی عیراقە، شەراكەتو گۆڕینی بیچمو ناوەڕۆكی حكومڕانی مالیكی مەسەلەیەكە كورد بەرەیەكی فراوانی نەیارانی سەرۆك وەزیرانی لەگەڵدایە. ئەم بەرەیە له بەرچەندین هۆ دژی مالیكییە. خراپ ئیدارەدانی حوكمڕانی، پاوانكردنو دوورخستنەوە، دروستكردنی دەزگای هاوتەریبی دەزگا هەڵبژێردراوەكان، گەشەپێدانی هێزەكانی ئیسناد كه پرۆژەی میلیشیای داهاتووی حزبی دەعوەی بێ هێزی چەكدارە، ئەمەش ترسی لای هەمووان دروستكردووەو بۆ چارەسەر كردنی هەموو هێزە عەرەبییەكان ناچارن هاوپەیمانێتی لەگەڵ كورد بكەن كه ئەگەرچی نابێتە پاشا، بەڵام رۆڵی دروستكردنی پاشا دەگێڕێت. بەڵام پێویستە وریابین پاشا دروستكردن هەر بۆ بێتاقەتی نییە . دەبێت له پاشا گرنگتر جۆری پادشایەتییەكەبێت. ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە له وەختێكدا قسە لەسەر بەجەعفەریكردنی مالیكی دەكرێت، دەبێ ئەو تەختوتاراجە بنكۆڵبكرێت كه هەموو سەرۆك وەزیرانێك دەكاتە جەعفەرییەكی تر. پرسیاری ئەوەیە بۆچی هەركەسێك چووە سەركورسیی سەرۆك وەزیران ئیتر دەستوور گوڵبژێر دەكات.

## 140 یان مالیكی؟

جگە له ئەولەویاتەكان، جگە له شەراكەت بابەتێكی گرنگی تر بۆ كورد له بەغدا دێتە پێش:

لەنێـوان گرێبەسـتێکی سیاسـی دیـاریکراو بە زەمـینو زەمـانەتی جێبەجێکـردن لەلایەکو گـۆڕینی مـالیکی بە تەرزێکـی نـوێ لە سـەرۆک وەزیـرانو سـەرۆکایەتی حکومەت،کە تاکرەوی بەرهەم نەهێنێتەوە، کامیان؟

مەبەستمانە بـزانین کـورد لەم نێوانەدا یەکێکیـان هەڵدەبژێرێت یـان سیاسـەتێکی هاوتەریب پەیرەو دەکات؟ واتا لـەگەڵ مـالیکی لەسـەر تەوەرەی یەکلاییکـردنەوەی کەرکوک و لەگەڵ نەیارەکانی لەسەر تەوەرەی گۆڕینی حکومەت؟

خۆی بژارەی پەسـەندکراو ئەوەیە هەمـووی پێکەوە بەدەست بهێنین، بەڵام ئەمە لەم دۆخە تێکەڵاوەی عیراقدا زەحمەتە بەتـایبەتی کە لەوە ناچێت مـالیکی ئامادەی هـیچ وەرگۆڕانێـک بێـت لە سیاسـەتو روانیـنە (کوردییەکـانی). بـۆیە بـژارەی دووەم گرنگە کە گۆڕینی پاشا و شێوەی پاشایەتییە لـەگەڵ پێدانی ئەولەویەت بەگۆڕینی پاشایەتی.

لەم حـاڵەدا کە پاشـایەتی دەگۆڕێـت دەبـێ هێـزە عیراقییەکـان ئیتـر لە رۆڵـی دروستکەری پاشا سڵبکەنەوەو نەرمی بنوێنن لە ئاست داخوازییەکانی کورددا.

## رەهەندی رێککەوتنەکە

رێککەوتنـی عیـراق- ئەمەریکا بەهـۆی دژوارییەکانی عیـراقەوە وا تەنکبـۆتەوە کە هەر نەکرابایە باشتر بـوو. سـەرۆک بـوش دوو مـانگی هەستیاری لەپێشەو ئەمەش سیاسـەتی لە ئەمریکاو لە عیـراقیش نـیمچە ئیفلـیج کـردووە. لەجێی ئەوەی ئەگەری رێککەوتـنەکە کـار لەسـەر بابەتەکانی سیاسـەتی عیـراق بکـات، خەریـکە بچـوکترین باسـی عیـراق ئەمریکا تووشی هەڵامەت بکات. ئەوەی دەرووییەکی باشـە ئەمەریکا دەریخـست کە پێویـستی بە رۆڵـی کـوردە لەم رێککەوتـنەدا، ئەمەش دەرفەتـێکە بـۆ کورد تا ئەمەریکا بهێنێتە سەر رێی گوشارخستن بۆ گۆڕینی پادشاییەتی لە عیراقدا. لەم هەلومەرجەدا ئەمەریکا ناتوانێـت ویـستە کوردییەکان نادیـدە بگرێـت، بەڵام لە چوارچێوەی هاوسەنگی رەچاوکردنی ویستی گروپەکانی تری عیراقیشدا.

ئەم جەنـگە کـوردییە لە بەغـدا هەڵـبەت پێویـستی بە ئـارامکردنەوەی بەرەی کـوردییە لە کوردسـتان. شـتێک کە بەداخەوە تائێـستا دابـین نەکـراوەو سیاسـەتی کوردی لە ناوەوە بێکێشە نییە.

# کوردستان و کەرکوک و عیراق، گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا؟[*]

ئایا پرۆسەی سیاسی عیراق بەهۆی پرسی کەرکوکەوە دەگەڕێتەوە سەر خاڵی سەرەتا، یانی خاڵی هەموو ئەو کێشانەی ناونیشانی دەردەداری دەوڵەتی عیراق بوون؟ لەوانەیە وابێتە بەرچاو؟ بەڵام مادام ئەوانەی ئەم پرۆسەیە هەڵدەسوڕێنن مرۆڤن و مرۆڤیش بە ئەندازەی کەموکوڕییەکانی خاوەن ئیرادەیە، ئەوا دەروازەی چارەسەر دانەخراوە..

بەڵام ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە، دیوەکانی تری لەمپەری زۆرمان دێنێتە پێش، لەپێش هەموویانەوە مرۆڤەکان لەپرۆسەی عیراقدا خۆیان نین وەک تاک، بەڵکو خۆیانن وەکو پێکهاتە جیاجیاکان . یانی مرۆڤە کوردەکان لەناو پێکهاتەی کوردیدا، مرۆڤە شیعەکان لەناو پێکهاتەی شیعە و مرۆڤە سونییەکان لەنێو پێکهاتەی سوننەدا. تێنەگەیشتن یان خۆگێلکردن لەم هاوکێشەیە وەکو (127) پەرلەمانتاری عیراق کردیان، سەپاندنی دیموکراسی ژمارەیە بەسەر دیموکراسی تەوافقی کە ئامرازی دستوریی بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان دابینکردووە. هەتا ئیرادەی پێکهاتەکان لەناو دەوڵەتی تازەی عیراقدا ساغنەبێتەوە ئیرادەی تاکەکان، مرۆڤەکان، وەک ئەوەی خۆیان مرۆڤن ساغنابێتەوە و ناتوانێ خۆی بنوێنێ. ئیرادەی مرۆڤەکان ئیرادەی دیموکراسی ژمارەیە کە ناتوانێت کێشەی نەتەوەکان چارە بکات. ئەگەر کێشەی نەتەوەکانی چارە بکردایە ئەوا لەتورکیا چارەسەری کێشەی کوردی دەکرد چونکە دیموکراسی تورکیا لەهی عیراق کۆنترە. جا دیموکراسی عیراق بۆیە دەرفەتی چارەسەری مەسەلەی کوردی هێناوەتە پێشەوە چونکە دیموکراسییەکی تەوافوقییە، ئەگەر فیشەی تەوافوقەکەی لێ دەربکرێت کێ زامنی ئەوە دەکات ژمارەکان لەقازانجی کورد یان پێکهاتەیەکی تر دەنگ دەدەن و ماف دابیندەکەن؟

## دیموکراسی ژمارە

بەڵام پێش هەموو شتێک باپرسین ئەوانە کێن کە دیموکراسی ژمارەیان کردە فێڵێک بۆ قوتدانی مافی پێکهاتەی کوردی؟ ئەوانە لە لیستە پەرلەمانیە داخراوەکاندا

[*] گۆڤاری هەفتانە .

بوونەتە پەرلەمانتار. کەسێ لەو پەرلەمانتارانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمرۆ لەبەر قیافەت‌و لیاقەتی خۆیان نەبوونەتە پەرلەمانتار، گشتیان بە چاکوخراپیانەوە بەرهەمی لیستی داخراوی پێکهاتەکانن. بە کوردییەکەی بەرهەمی دیموکراسی تەوافوقین. ئەگەر هەر یەکێک لەوانە،خۆی بەناوی خۆیەوە، پشتی بە دیموکراسی ژمارەیی دەنگدەران ببەستایە ئەوا هەرگیز نەدەبووە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران کە لافوگەزافی دیموکراسی ژمارەیی لێی بدەن‌و بیانەوێت پاشقوڵ لەتەوافق و دەستوریش بگرن.

جا چۆن دەبێت ئەوانەی بە تەوافق هاتوون بە دیموکراسی ژمارە مافی دەنگدەری کەرکوکی قووتبدەن و نەهێڵن خەڵک بۆ خۆی دەنگ بدات نەک بۆ لیستێکی نەتەوەکەی کە پێشوەخت ژمارەی کورسییەکانی بۆ دیاریکراوە؟

بانێکەو سەد هەوا، لەحاڵی دیموکراسی عیراقدا کە تەوافوق لەعیراقدا لە چوارچێوەی زۆرینەو کەمینەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دادەرێژێت بیەوێ تەوافوق تەقنین بکات لە کەرکوک و ئەو موحاسەسەیەی هی قۆناغی ئینتقالی عیراقە و هەمووان لەدژی قسە دەکەن، بێت لە کەرکوکدا بنەمای قانونیشی بۆ دابرێژرێت.

## بەشی خۆی دەخوات و لەوەی کوردستانیش شەریکە

هێزە سیاسییەکانی عیراق حەزیان لەشەراکەتە، درۆیە ئەگەر بڵێن وانین، بوختانیان بۆ دەکەن ئەگەر بڵێن حەز ناکەن لەگەڵ کورد برابەشی بکەن، بەڵام ئەوان برا بەشی لەسەر حیسابی کوردستان دەکەن. دەیانەوێ لە کوردستان شەریک بن، جا بە تەوافوق یان بە دیموکراسی ژمارە یان بەزۆر وەکو سەدام، بەڵام چاویان بەرایی نایە ئەم برابەشییە لەشوێنەکانی تری عیراق بکەن. دەیانەوێ لەکەرکوک کورسی دابەش ببێت چونکە کەرکوک عیراقی بچوکە، بەڵام ئەمە بۆ عیراق (کەرکوکە گەورەکە!) دەست نادات. هێزە عەرەبییەکانی عیراق بەکۆڵ دەگرین بۆ مافی تورک‌و کلدۆ ئاشور، بەڵام تا ئەو کاتەی لە بەشی کوردیان بدرێتێ. کەناڵی عیراقییەی یەک بۆ خۆیانە بە هەموو پرۆگرامەکانیانەوە. کەناڵێکی سەقەتی تر دادەنێتن. کە گوایە بۆ کوردە، لەوێ بەشی تورکەکان‌و کلدۆ ئاشوور دەدەن! رۆژنامەی سەباح لەبەغدا بۆ خۆیان، رۆژنامەیەکی کوردی لەهەولێر دەردەکەن بەناوی (نوێ)وە کە پڕە لە هەڵەی زمانەوانی و بابەتەکانی بێکەڵکن. لەوێ بەشی تورکمان و کلدۆ ئاشوور دەدەن.

لەسەر حسابی کورد مافی تورکمانو کلدۆ ئاشوور دەدەن و کە دێتە سەر بەغدا تورکمان بزر دەکەنو مەسیحییەکانیش هەموو کەسێ دەزانێت جگە لەکوردستان لە باقی ناوچەکانی عیراق چ حاڵەتێکی پڕ بەڵایان هەیە؟ ئەمە چییە جگە لەپیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە کە لە ماددەی 24ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هەروایان کرد.

## کێ بەرمیلە بارووتەکە دەتەقێنێتەوە

دۆخی کەرکوکیان ناوناوە (بەرمیلی باروت) کە هاکا تەقییەوە، بەڵام راستییەکەی کەرکوکیان کردووە بەبەرمیلی بەتاڵ کە دەنگی پێ هەڵدەستێنن لەدژی کورد. ئەگەر خۆیان نەخوازن بتەقێتەوە کەرکوک ئارامترین شاری عیراقە لە دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمی ئێستای کوردستان. بۆ بەسرە بەرمیل نییە کە ئاژاوەی تیا قەوما؟ مەدینەی سەددر بەرمیل نییە کە خەڵکی تیا سەربرا؟ بۆ رومادی بەرمیل نییە کە پاتریۆس ئاشتی بۆ هێنا، نەک حکومەتی مالکی؟

دیارە گەردەنی کوردی لەکێوی بێستوون مەحکەمترە، بۆیە هەموو گرفتەکانی خۆیانی پیا هەڵدەواسن و لە هەموو شتێکدا کورد بە بەرپرسیار دەزانن. خۆیان نایانەوێ هەڵبژاردن ببێت نەوەک سەحوە لەتەوافوق و سەدر لەشیعەی رەسمی ببێتەوە. خۆیان نایانەوێ هەڵبژاردن ببێت نەوەک کەرکوک ئەو دەسەڵاتانەی هەبێت کە لەیاسای پارێزگاکاندا هاتووە. هێزی لۆکاڵی نوێ دروستبووە کە هەقی بەسەر پارێزگاو ناوچەکانی خۆیانەوە هەیە، بەڵام ئەمان دەخوازن ئەوانە لەبیر خەڵک ببەنەوە و بەباسی مێژوویی کەرکوکەوە مەشغولیان بکەن.

بۆ سەرپێیترین چاودێر ئەمە دیارە کە هێزە سەرتاسەرییە عیراقییەکان کە باسی عرووبەی عیراق دەکەن ئەمرۆ کەوتونەتە گێژاوی دەنگدەری عیراقییەوە کە داوای گوزەران دەکەن نەک دروشمی عروبێتی. جا ئەمرۆ ئەم هێزە عیراقییانە دەیانەوێت کورد بکەنە ئەو خێوەی نایەوێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان ببێت بۆ ئەوەی جەمسەرگیری نەتەوەیی لەدژی کورد دروستبکەن و هەم جەماوەری عیراق لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و هەمیش هەڵبژاردن دوابخەن بەناوی گوایە کەللەرەقی کوردەوە. لە کاتێکدا ئەوان بەداخوازی دواخستنی هەڵبژاردن لەکەرکوک بە پراکتیکی کەشێکیان دروست کردووە کورد لە هەڵبژاردنی داهاتوو نەترسێت چونکە لەبنچینەدا هەرێمی کوردستان ئەم هەڵبژاردنە نایگرێتەوە و کەرکوکیش وا خۆیان دوای دەخەن، ئیتر کوا بەرژەوەندی چاکو خراپی هاوپەیمانی کوردستان لە کردن، یان نەکردنی، ئەم هەڵبژاردنەدا؟

**شەراکەت یان فەلاکەت؟**

لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هێزە عەرەبییە سوننی و شیعەکان، لەچەندین وێستگەدا نەزانییەکی گەورەیان لەخۆیان نیشاندا لەپرسی کورددا. جا نەزانییەکە خۆرسک، یان ئەنقەست بێت، هیچ لە بارەی ئاکامەکانی ناگۆڕێت.

نەزانی خۆرسک بەوە چارە دەکرێت کە چەند جارێک تووشی پێکدادان دێن لەهەموو مەسەلە کوردییەکاندا، بەڵام نەزانی ئەنقەست چارەی بۆ نییە، چونکە ئەوە بڕیارێکی پێشوەخت لە پشتییەوەیە کە نایەوێت تێبگات، چونکە تێگەیشتن بەرپرسیارێتی بەدوادا دێت، بەرپرسیارێتی دۆزینەوەی چارەسەری لە سەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە، چونکە بێ ئەمە دەیان جاریتر تووشی پێکدادان دێین لەگەڵیاندا. کورد و باقی عیراقییەکان لەسەریانە وێستگەیەکی راستگۆیانەیان هەبێت کە بزانن دەخوازن پرسە هەڵواسراوەکانیان چارە بکەن یان هەر بە ئایندەیەکی دوورتری دەسپێرن. دیموکراسی عیراق لەسەرەتایە و نابێ لەگەڵ "کێشەی کورد" رابێت، بەڵکو دەبێ لەگەڵ "چارەسەری کوردی"رابێت. ئەگینا ئەمیش دەبێتە دیموکراسییەکی بێ تام کە بۆ ناوچەکانی تری عیراق کاری خۆی دەکات، بەڵام لە پرسی کوردا تووشی ئیفلیجی دێت. دوو کابینەی دیکەی عیراق بێ چارەسەری مەسەلەکانی کورد تێپەرێت مانای وایە ئیتر هیچ حکومەتێکی عیراق خۆی بە مەسەلەی کوردەوە ماندوو ناکات و بۆ هەڵمەت و سیاسەتی هەڵبژاردنی خۆی پشت لە مەسەلەی کورد دەکات چونکە لەشوێنی دەرەوەی کوردستان بەدوای دەنگدەر وهاوپەیماندا دەگەرێت.

هەروەها بۆ کوردیش گرنگە لەم وێستگەیەدا لەگەڵ شەریکە عەرەبەکان قسەبکات داخۆ بەراستیانە دەیانەوێت لەگەڵ کورد هەڵبکەن یان ئەمە رۆژ بەرێکردنە؟ ئەگەر دەیانەوێت هەڵبکەن دەبێ رێوشوێنی دەستووری بۆ گەیشتن بەو هەڵکردنە درێژەی پێبدرێت. ئەگەریش بۆ رۆژ بەرێکردنە ئەوا کورد کەمی لەرۆژو ساڵ و سەدەکانی خۆی بەخەسارنەداوە تاهی دیکەی بخاتە سەر. ئەوە ئەسڵی گرفتەکەیە و پێویست ناکات کورد بەکوردی هەڵمەت بکاتە سەر عەرەب کە ئەوان کوردی ناخوێننەوەو عەرەبیش بە عەرەبی تانە لە مەسەلەی کورد بدەن و ئەمەشیان بۆ بچێتەسەر. دەبێ هەردوولا بگەنە ئەو قەناعەتەی کێشە نەتەوەییە ئاڵۆزەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارە دەبێت نەک لەسەر پەڕی رۆژنامە پۆلپۆلیستەکان کە هەریەکەیان جەمسەرگیری بۆ خۆی دروستبکات.

بۆ لایەنی کوردیش دەبێ ئەو راستییە باش بزانین کە هیچ سیاسەتێک بێ ئەولەویات دیاریکردن نابێت. ئەگەر کەرکوکمان گەرەکە بۆ باوەشی کوردستان دەبێ نەرم بین لە شەراکەتی ئیدارە لە کەرکوک. ئەگەر خاکمان دەوێت لەکەرکوک دەبێ نەرم بین لەپرسی نەوتدا. ئەگەر بودجەمان دەوێت دەبێ داوای سەر ژمێری بکەین لەعیراقدا. کەس هەموشتێکی پێکەوە تەرح نەکردووەو هەموو شتێکی پێکەوە دەستنەکەوتووە. سیاسەت لە مەملەکەتەکانی دونیا وایە، مەگەر کوردستانیش مەملەکەتێکی ئەم دونیایە نییە؟

# خوێنی ترمان نییه بۆ بەخشین*

زۆر باشـە! ئێستا خەریـکە دۆخە دژوارەکە دەنیـشێتەوە، وا ئێستا ئەوەی دۆسـتی کوردە یان پێی وایە بۆ قۆناغی داهاتووش پێویستی بە دۆستایەتی کوردە دێتەوە سەر هێڵـی هەمـاهەنگی لەگەڵمـان. ئەوەشـی نەیـارە و پێـی وابـوو سێـشەممەی رەش دەرفەتێک بوو بۆ پشتشکاندنی کورد، پاشەکشە دەکات نەک بۆ ئەوەی تۆبە بکات، بەڵکـو بـۆ ئەوەی هێـزی خـۆی بـۆ زەفەربردنێکـی تـر خڕبکـاتەوە. ڕاسـتە کـوردیش،عەرەب وتەنـی الحـربە التـی لاتقتلنـی تقـوینی، بەڵام چـونکە ئەم ئیـدیۆمە عەرەبییە لەپرسی کەرکوکدا بۆ کورد دەست نادات،کەوابێت ئەوی لەسەر کوردە ئەوەیە بە دڵێکی بەردینەوە خۆی بۆ نەبەردییە سیاسییەکانی تر ئامادە بکات.

### رەشترین سیناریۆ

باشترین جۆرەکانی بەرەنگاریی پێشبینیکردنی رەشترین سیناریۆیە، بەڵام خراپترین وانە کە لەڕەشترین سیناریۆوە بەدەست دێت ئەوەیە تەسلیمی بین. سیناریۆی رەش قەدەری کوردی داماو نییە و سەرکەوتنی هەتاییش کێۆماڵی دەستی کەس نابێت. لەبەر ئەوە پێویـستە پێـشبینی رەشـترین سـیناریۆ بکەیـن تـا سـاز بـین بـۆ بەرپەرچـدانەوەی، یـان ئیحتـواکردنی، بەڵام هەرگیـز نـابێ لێگەرێـین ئەم رەشـاییە چۆکمـان پێدابـدات، لە کۆشـش سـاردمان بکـاتەوە وخەبـاتی ئاینـدەمان لا بێهـودە بکات.نە لەباری ببەین نە مرداریی بکەینەوە، ئەمە رێسای زێرینی بزاوتکردنە بۆ میللەتانێـک کە تێـدەفکرن و بـۆ ئەو بـزوتنەوە سیاسـییانەی حەریفـی رێگـای دوورودرێژی تێکۆشانن.

جا تەگبیر چییە؟ لەکوێ دڵی بەردین بێنین تا ئەگەر تووشی سیناریۆ رەشە هات دانەخورپێ ولەهەمان کاتدا بە تیلەی چاو هەڵیبسەنگێنێ؟ دۆخی وا نموونەیی لە کـوێ چنـگ دەکەوێ و لەکـام کتێبـی ئەزموونـدا هەیە جـگە لە ئەزمـوونی ژیـان وئەزموونی شکست وبردنەوەکانی کورد خۆی نەبێت؟

---

* گۆڤاری هەفتانە .

## گەلەکۆمەکێ لە کورد

لەم دیدەوە دەشێ بپرسین رەشترین سیناریۆی داهاتوو چییە؟

ئەوەیە ئەمەریکا و بەریتانیا وتورکیا و ئێران و سوریا و خودی عیراقیش یەک لەدوای یەک یان پێکەوە گەلەکۆمەکێمان لێ بکەن؟ ئێمە کێین وا گشتیان لێمان رابوونەتەوە و تاکەی ئەم هەستی خۆگرمۆڵەکردنە، ئەم ئارەزووە دیرۆکییە بۆ تیوریی پیلانگێران لە پەلوپۆمان دەخات؟ بۆچی پێمان وایە ئێمە ئەوەندە" گرنگین" کە ئەو هەمـوو وڵاتە "لەڕ و لاوازە" گەلەکۆمەکێمان لێدەکەن و بۆچی پێمان وایە ئەوەندە "بچووکین" هەر گەورەیەک هات دەتوانێ پێشێلمان بکات؟ بۆچی ناتوانین ئاسایی بین وەک خەڵق و خوای ئەم دونیایە کە لە نێوان خۆبەگەورەیی زانی وخۆ بەبچووکداناندا پەراوێزێکی فراوانی مامەڵە وسەودا، بەرەنگاریی و تێهەڵچوونەوەیان هێشتۆتەوە و نەوە لە دوای نەوە دەسکەوت و ئەزموون کەڵەکە دەکەن؟ سەیریکەن عەرەب و تورک و فارس، سێ نەتەوە سەردەستەکەی ناوچەکە، پێیان وایە ئەمەریکا، یەریتانیا و رۆژئاوا بەگشتی لە دژی وان پیلاندەگێرێ و سەرەنجام دەوڵەتێکی کوردی پێکدێت، کەچی کوردیش پێیوایە ئەمانە هەمووشتێکیان لەگەڵ ئەمەریکا براندۆتەوە ومەسەلە مەسەلەی کاتە. گەلۆ کەس هیچی لەگەڵ کەس نەبراندۆتەوە و کەس سوێندی تەڵاقی بۆ کەس نەخواردووە، راستییەکەی هیچ کاتێک وەک ئەمرۆ سیاسەت و ریاسەت لە بەردەم هەموو ئەگەرێکدا کراوە نەبووە، ئەمرۆ، لەم سەرەتای سەدەی بیستویەکەمینەدا، دەرگای چانس لەسەر گازەرەی پشتەو هەر کەس بیەوێت دەتوانێت ئەوەی هەیبووە قاڵتری بکا و ئەوەی نیەتی بەدەستی بخات.خوا لە هیچ شوێنێکی لەوحی مەحفوزدا نەیوتووە کورد تا هەن سەرگەردانی بێ کەرکوک دەبن، بە پێچەوانەوە قورئان دەفەرمێ: نرید ان نمن علي الذين استضعفوا في الارض ونجعلهم الائمة ونجعلهم الوارثين. جا مەعلومی باوەڕمەندانە کە خوا گەورەترە لە ئەدمۆنز، لە مەشهەدانی، لە ئیمەسکایەو پۆڵ هارفی وساڵح موتلەگیش. کێ بە ئەندازەی تێکۆشەرانی رێی رزگاریی باوەڕمەندن بە پرسەکەیان؟

## ئیستیعمار لەناخی خۆماندایە

گرفتی یەکەم لەرێی تێهەڵچوونەوەیەکی نوێ ئەوەیە خۆمان قەناعەتمان بەرەوایی پرسەکەمان پەیدابکەینەوە، پرسی کوردستان ولەناویشیدا پرسی کەرکوک، پرسێکی

ڕەوایە، لەگەڵ ڕاستییە مێژوویی وجوگرافییەکاندا دژ نییە، هەرچی چارەیەکی دەستووریی وسیاسیی، یاسایی ودیموکراتی، گفتوگۆ ونمایشکردنی جەماوەریی هەیە کوردستانییان دژی نین، پێشوازی لێدەکەن وهەوڵدەدەن تاقیبکەنەوە. ئەمەش ئیتمامولحوجەیە بۆ ئەوانەی دەخوازن کورد ئیحراجبکەن وخواخوایانە یەک لە پێشنیازەکانی چارەسەر ڕەتبکاتەوە تا بڵێن لەگەڵمان پێکنایە. لەبەر ئەمە کورد بێگەردترین و ڕەواترین کێشەی هەیە دەبێ تینوتاوێکی مەعنەویی هاندەری کارەکانی بێت و تەگبیری وردیشی هەبێت کە لە دەرەنجامەکاندا باسی دەکەین. بەڵام ئەم لایەنە مەعنەوییە گرنگە، چونکە مەترسیدارترین جۆرەکانی ئیستعمار ئیستعماری ناخە یان ئەوەی مالک بن نەبی پێی دەڵێت: لەباربوون بۆ داگیرکردن. ئەم دۆخە چارەی نییە چونکە هی فاکتەرێکی دەرەکی نییە کە بشێت هۆکاری کێماسییەکانی بخەینە ئەستۆ، ئەم دۆخە هی ناخ وناوەوەیە بۆیە بە زەحمەت دان بە شکستێک، یان دۆڕانێکی کاتی، دەنێت چ جای ئەوەی لە دووڕیانەکاندا هەڵوێستە بکات. جا ئەگەر ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ کوردستان دۆخێکی خراپتر لە دۆخی کۆلۆنیالی هەیە، چونکە موستەعمەرەیەکی ناوخۆیی وڵاتانی جیهانی سێیەمە، ئەوا ناخی کورد دۆخێکی لەباربوون بۆ داگیرکردنی هەیە. ئەم ڕۆحە لێی رادەبینرێت لەهەر ساتەوەختێکدا پێشبینی پیلانێک بکات نەک وەک تیفتیفەیەکی چۆنایەتی لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن، بەڵکو وەکو بەرجەستەکردنێکی قبوڵکردنی کارەسات وشکست تەنانەت ئەگەر رووشنەدات، پێشبینی کارەسات لای ئەم ڕۆحە بۆ دابینکردنی تفاقی ڕووبەڕووبوونەوەی نییە، بەڵکو وەکو قەدەرێکی قبوڵکراوە. گرنگترین کارێک کە لە دوای ڕووخانی بەعس کارەکتەرە سیاسییە ئەکتیفەکانی کوردایەتی لە کوردستان ولە بەغدا کردویانە ئەوەیە ئەم ناخە کۆلۆنیالیکراوە ئیحتوا بکەن و نەهێڵن ببێتە خوویەکی ڕەسەن ئایندەشمان داگیر بکات. هەڵبەت وەبەرهێنانی سیاسیی کراوە لەم وێستگەیەدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم هەرەشە ناوەکییە دوورخراوەتەوە.

## پێچانەوەی سیاسەتی "وزە بەفیرۆدان"

ئەم هەلومەرجە سیاسییە کە گردبوونەوەی نەیاران، هاوشانی فاکتەریی ناوخۆیی قەپ لەبەش ودەسکەوتەکانمان دەگرێت، وزە وتوانایەکی زۆری لە سیاسەتی کوردیی بە خەسارداوە ویەکەم ئەرکی سەرکردایەتی کوردستان لە دیدارەکانی لوتکەی بەغدا ئەوەیە سەری ئەم بۆرییە بگرێت کە وزەی کورد وەک ئاوی سازگار

به فیرۆ دەدات. وزەی کورد جا دڵۆپی ئارەقی ئاوەدانی یان رەنجی کاریی سیاسیی یان خوێنی رژاوی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵک بێت. ئێمە ناتوانین وەکو نەتەوە خواپێداوەکان چیتر هەڵەکانمان ناوبنێین ئەزموون بۆ ئاینده.ئەوەنده "ئەزموونمان" زۆرە بەبەرییەوە نەماوە. ناکرێ وزەی نارەزایی وهەڕەشەی کشانەوەمان بۆ بابەتی بچووک بەکاربێنین، بەڵکو پێویستە وەک ئەم جارە وزەمان تەنها وتەنها بۆ کەرکوک وکێشە چارەنووسسازەکانمان بخەینەکار. یانی چی وزە لە سیاسەتی نەخوێندنەوەی بەرامبەرەکانمان بەفیرۆ بدەین ونەتوانیین شەراکەتێکی لۆکاڵییان لەگەڵدا بکەین تا ئەوەی نەیارەکانمان ئەم هەڵەیەمان لەسەر بکەن بە ماڵ؟

کەچی لە بچوکترین هەلامەتدا ورەی تەندروستیمان وا بێتەخوارەوە وەک بلێی تەواو تووشی سەرەتانی سیاسیی هاتبین؟ کەی ئەمە قودرەتمەندیی بزووتنەوە دێرینەکانە؟

لەم وێستگە سیاسییە چارەنووسسازەدا تەگبیرێکی سیاسیی هاوبەشمان گەرەکە لەسەر بنچینەی کەمترین خەسارەت وزۆرترین دەسکەوت. یان وەکو ئەوەی لە زمانی نووسەری ئێرانی مەحموود دەولەت ئەبادییەوە دەیگێرنەوە ئازادیمان دەوێت وهیچ خوێنێکی تریشمان نییە بۆ بەخشین. هەڵبەت سیاسەت وتێکۆشان تیجارەت وکەسابەت نین، بەڵام ئەگەر تیجارەت وکەسابەت دەبنە مایەی گێرانەوەی خوێن ورەنج بۆ کورد وەک رەوتێکی ئەقلانی وبەرپرسانە، ئەوا تیجارەتێکی وا لە سەد سیاسەتی سەرگەردان وبێ مایە چاکترە . ئەگەر قەرارە "بەرخی نێر هەر بۆ سەربڕین بێت" ئەوا هیچ نەبێ با لە مەولوویەکی گەورەدا بێت. بە کورتییەکەی سیاسەتی کوردی لەم پێداچوونەوەیەدا دەبێ بگاتە فۆرمێکی کارکردنی نوێ تا ئەوەی سێشەممەی رەش بگۆرینەوە بە سەرەتایەکی سپی وەک ئەو لافیتە سپییەی رۆژی خۆپیشاندانەکەی کەرکوک کە خەڵتانی خۆینکرا.

# نەبیکەرو نا بایدن، پرۆژەیەکی کوردستانییمان گەرەکە*

نە بیکەرو نە بایدن. شتێک دەبێ لەو نێوانەدا. نە ئەو مەرکەزیەتە توندە جێبەجێ دەبێت کە عەرابی سیاسەتەکانی بوشی باوک تەرویجیان بۆ دەکردو نە ئەو فیدارلّییەی فراوانەی کە نەیارەکانی بوشی کوڕ دەیخەنەڕوو. شتێک دەبێ لەو نێوانەدا، شتێک کە لە دەستووری عیراقدا هاتووەو عیراقییەکان دەنگیان بۆ داوە. بێگومان بڕگەی دابەشکردنی سەروەت‌و سامانی لێ دەربچێت پرۆژەکەی بایدن بەدڵی ئێمەی کوردە، بەڵام لێرە وەک نووسەرێک دەمەوێ شرۆڤە بکەم نەک وەکو کوردێک ئارەزووەکانم بگێڕمەوە.

ئەی کەواتا کایگەری پرۆژەکەی بایدن چی دەبێت؟

بەڕای من هەمان کاریگەری ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن: بە ئاگا هێنانەوەی لایەنە پێکناکۆکەکانی عیراق‌و لایەنە ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتییەکان بەوەی وەزعەکە ناجۆرەو دەبێ هەموو لایەک بجوڵێن‌و ئحمێک بکەن.

ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن بانگەوازێکی کۆنی سیاسەتی سەردەمی بوشی باوک بوو بۆ بەشداریپێکردنی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان‌و گەڕانەوە بۆ حوکمی قیزوەنی مەرکەزی. لەبەرئەوە بەدڵی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بوو، پرۆژەکەی جۆزێف بایدن‌و هاوکارەکەی: لیزلی گلیب، بانگەوازێکی نوێیە کە ماوەیەکە بە گوێی ئەمریکادا دەدرێت‌و چەند ماوەیەکی تریشی دەوێت تا گوێی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ ڕادێت. لەبەرئەمە بەدڵی کوردستانیانە. هی یەکەمیان بەدڵی دەوڵەتە سەردەستەکان‌و هی دووەمیشیان بەدڵی موستەزعەفینی کوردستانە. ئەمما سیاسەت هیچ نییە جگە لە چارەسەرە مامناوەندییەکان. سیاسەت لە حاڵی وادا بریتییە لە فۆرماتکردنەوەی دەستووری عیراق کە نەوا مەرکەزی بێت کورد لێی بترسێت‌و نەوا سێ دەوڵەت بێت لەناو یەک دەوڵەتدا هەروەکو دەوڵەتانی ئیقلیمی لێی دەترسێن.

کەواتا بە پێچەوانەی خواستی خاوەن هەردوو پرۆژەوە، بیکەر و هاوڕێکەی‌و بایدن‌و هاوڕێکەی، پرۆەکانیان ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام مەسەلەکان بە

---

* گۆڤاری هەفتانە.

گـــویڕەی ئامـــانجی ســـەرەکی ئەوان دەبێـــت: بێـــدارکردنەوەی عیراقییەکـــان لە خاووخلیچکی پرۆسەی سیاسییان.

لەکاردانەوەی هەردوو پـرۆژەدا عیـراقییە عەرەبەکان مەسـەلەیەکی پرەنـسیپییان دووپـاتکردەوە: ئەمە کاروبـاری نـاوخۆی عیـراقەو "دەسـتووری عیـراق مەرجەعـی بڕیاردانە لەسەر ئەمڕۆو ئاییندەی ئەم وڵاتە". کوردەکانیش وتیان دەستووری عیراق فیدرالی پەسـەندکردووە. بێگومـان ئەمەشیان مەسـەلەیەکی گرنـگو هەستیارەو هەر ئەمە چـاوەڕێ دەکرێـت کە دەسـتووری دەنـگ بـۆدراو بە مەرجەع وەربگـرن، بەڵام ئەم پرەنسیپەش ڕەهانییەو دەبێ لەچوارچێوەی واقیعی عیراقدا سەیر بکرێت:

1ـ عیـراق، مەسـەلەیەکی نێـودەوتییەو لەناویـشیاندا کوردسـتانیش هەر بۆخـۆی مەسەلەیەکی نێودەوڵەتییە تا چارەسەری دەگیرسێتەوە.

2ـ ئەمریکا لەناو عیراقدایەو خوێنی بۆ پرۆسەکەداوە. لە دوا وتاریدا بایدن هەمـان بیـــروڕای دوپـــاتکردەوە (لەگەڵ بـــوونی 160 هەزار ســـەربازی ئەمەریکـــایی کە ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە، لەگەڵ ملیارەها دۆلاری خەرجکراو وکوژرانی 3800 کەس وبریندار بوونی 28هەزاری تر، مافی ئەوەمان هەیە گوێمان لێبگیرێت).

3ـ دەستوری عیراق خۆشی لە قۆناغی دەستکاریکردندایەو هێشتا شقڵو شێوەی کۆتایی خۆی وەنەگرتووە.

جا هەمـوو ململانێکەش لەم برگەیـدا کۆبـۆتەوەو هەمـوو لایەک شـەڕیانە لەسـەر ئەمەی دەسـتوور لەدوا دەستکاریدا ئەو شـێوەیە وەربگرێـت کە خۆیـان دەیانەوێـت. هەنووکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چەندین پرۆژە دەبینرێت بـۆ چارەسـەرو هەمووشیان دەتـوانن ڕۆڵی ئەنگێزەیەکی بەئاگا هێنـانەوە ببیـنن. هەمـوو لێـدوانەکانی ڕەتکـردەوەو قبـوڵکردنی پرۆژەکـان، لەلایەن هێـزە عیراقییەکـانەوە، بـۆ ئەوەیە هەرلایەنەو تەئکیـد لەســـەر مەســـەلە پرنـــسیپەکانی خـــۆی بکـــاتەوەو لە دوا گەمەی دەســـتکاریکردنی دەسـتووردا ئەوەنـدەی دەکرێـت جێـی ئەو پرەنـسیپانە بکـاتەوە کە خـۆی بەڕەوای دەزانێت.

ئـێمە ئێـستا لەهەلومەرجێکـدایـن دەرەوە پـــرۆژە دەخـــاتە ڕوو، کـــاتی ئەوە هـــاتووە عیراقییەکان خۆشیان بکەونە شەڕی سیاسەتی پرۆژەکانەوە.

کوردستانییان، لەلایەن خۆیانەوە پێویستییان، بە پرۆژەیەکی نووسراو هەیە. شتێک لە بـــابەت ئـــیعلان مەبـــادیئی کوردســـتانیی کە تەئکیـــد لەســـەر داخـــوازییە کوردستانییەکان بکاتەوە.

بەڕای بەندە جاڕدانی پرۆژەیەکی کوردستانی لە چەند سەرەوە گرنگە:

1ـ چونکە کاتێتیو هەر لاینەو پرۆژە دەخاتە ڕوو.
2ـ چونکە کورد جگە لەو ویستە ڕەواکانی هیچی نییە بیشارێتەوە.
3ـ لە جیاتی مشتزمڕ لەگەڵ هێزە عیراقییەکان کە ئەم پرۆژە هی بێگانەو ئەویتر دەستی لە پشتە، چاکتر وایە ئێمە خۆمان داخوازییە گرنگەکانمان لە جاڕنامەیەکدا بخەینەڕوو.
4ــ بــۆ ئەوەی نەبیــنە بەشــێک لە گێــژاوی ململانێــی نێــوان کۆمــاریخواز و دیموکراتەکان.

لێرەداو ئەو تێڕوانینەم قبوڵە کە دەڵێ لە بنچینەدا کورد لە مێژە داوای ئەو شتانە دەکات کە لە پرۆژەکەی بایدندا هاتووە، بەڵام دەپرسم ئێمە بۆ بچینە ناو ئەو رەدو بەدەلەوە؟ با پرۆژەی خۆمان هەبێو هەموولایەکی بۆ بانگهێشت بکەین تا گفتوگۆی لەسەر بکەن. پرۆژەیەک کە جێی چارەسەری کەرکوکو دابەشکردنی سامانی سروشتیشی تێدا بێت جا ئەوجا دەشێ بکەوینە تێکۆشانی سیاسییەوە بۆ ئەوەی زۆربەی خاڵەکانمان، بێگومان هەموی نابێ، لە دەستکاری دەستووردا جێگیربکەین.

ســوپاس بــۆ بایــدن کە بنکــۆڵی دۆخــی گفتوگــۆی ئەمریکــاو عیراقــی کــرد و دیکۆمینتێکی گرنگی داینێ. لەم قۆناغەدا ئەوەمان بەسە. هاواری شۆڤێنییەکانیش هەر لەبەر ئەوەیە کە نە پرۆژەی بایدنیان دەوێتو نە ئەو فیدراڵییەی لە دەستوردا هــاتووە. لە ڕاســتیدا ئەوان پــرۆژەی ڕاپــۆرتی کــۆنگرەی نــوێیەمی حزبــی بەعــسی هەڵوەشاوەیان دەوێت! کە لە هیچ کتێبخانەیەکی عیراقدا کۆپییەکی دەستناکەوێت.

لەبەرامبەر ئەو دۆخە تازەی عیراقدا کاتی پرۆژەی کوردستانیی هاتووە. ئێمە لەگەڵ رۆحی دەستووردا گونجاوین، با ئەوانە لە خۆیان بترسن کە دژی دەستوورن.

# کورد لە مەتەڵی ڕێککەوتنی عیراق و ئەمریکادا*

کورد دەکەوێتە کوێی مەتەڵی ڕێککەوتنی دوورمەودای عیراق و ئەمریکاوە؟ ئێستا ئەمریکا و عیراق ئامادەباشی بۆ ڕێککەوتنێکی دۆستایەتی دوور مەودا دەکەن تا لە کۆتایی ساڵدا شوێنی ئەو پێسپاردنە نێودەوڵەتییە بگرێتەوە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە هێزەکانی فرە ڕەگەزی بەخشیوە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی ڕۆتینی نوێ کراوەتەوە.

## عیراق دەبێتە 116مین وڵات

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (115) وڵاتی تردا ڕێککەوتنی هاوشێوەی ئەمەی دەخوازێ لەگەڵ عیراق بیکات، ئیمزاکردوە دەربارەی دۆخی بوونی سەربازیی ئەمریکا لەو دەڤەرانەدا. خانم کۆندۆلیزا ڕایس وەزیری دەرەوە و ڕۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە لە وتارێکی هاوبەشدا باعیسی پێویستی ڕێککەوتنیان لەگەڵ عیراق وا ڕووندەکەنەوە: ئێمە وەکو ئەمریکا لەگەڵ دۆستەکانمان لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، بە پێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقین، جا لەکاتێکدا کۆتایی ئەمساڵ ئەو پێسپاردنە کۆتایی پێدێت، بۆیە عیراق نیشانیدا ئارەزوی درێژکردنەوەی ماوەی پێسپاردنە نێودەوڵەتییەکەی نییە و لە بری ئەوە حەزدەکات تەکبیرێکی ئەوتۆ دابنرێت کە بەشێوەیەکی نموونەیی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی خاوەن سەروەری ڕێکبخات

بەم مانایە حکومەتی عیراق وا سەیری کۆتایی ساڵ دەکات کە دەرفەتێکی نوێی دەداتێ هەندێک خۆی لەم جۆری پەیوەندییەی لەگەڵ ئەمریکا هەیەتی ڕاپسکێنێ و گاڤێکی تر لە پرسی سەروەرێتی وڵات بچێتە پێشەوە، بەڵام ئەو ویستە عیراقییە دوو تەگەرەی لە پێشە: دۆخی ئەمنی کە هێشتا هی ئەوە نییە پێداچوونەوە بە پرسی بوونی سەربازی ئەمریکا بگاتە ئاستی گۆڕانێکی دراماتیکی. تەگەری دووەمیش دوودڵی نێوەندە سیاسییەکانی عیراقە، بە تایبەتی مەرجەعیەت و میزاجی گشتی

* گۆڤاری هەفتانە، ژمارە بەرایییەکان ساڵی 2008.

خەڵکی شیعە، لە باسوخواسی ڕێککەوتنی دوورمەودا لەگەڵ واشنتۆندا. تەوژمی میللی شیعە زیاتر بەلای پرسی شیعەگەریتیدا دەڕوات تا دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوچەرخ و دیموکراتی دۆستی ئەمریکا. مەیلێکی واش چواردەورێکی غەیرە ڕۆژئاوایی دەوێت: ئەمانەش بە ئەندازەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ویستی مالیکی دادەنێن کە دەیەوێ بە ڕێککەوتنێکی وا پێگەی دەوڵەتداریی خۆی لە ئاستی ململانێی ناوەوەو دەرەوە بەهێز بکات.

## ڕێککەوتنی دوورمەودا یانی چی؟

سەرۆک وەزیرانی وڵات لە 2007/8/26 ولە ڕێی کۆبوونەوەیەکی تەلەفزیۆنییەوە جاڕنامەی نیەتەکانی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش ئیمزا کرد. ئەم جاڕنامەیە کە دەبێتە بنەما بۆ گفتوگۆکانی تایبەت بە ڕێککەوتنی هاوبەشێتی و دۆستایەتی دوورمەودا لە سێ فەسڵ پێکهاتووە و بریتییە لە هاوکاری کردنی عیراقییەکان لە بەرەنگاری مەترسی و تیرۆر، ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ویارمەتیدانی عیراق لە نەهێشتنی قەرز و قەرەبووەکانی لە سەرێتی (تەماشای چەند پێدراوی هاوپێچ بکە) ئەمەش خاڵگەلێکی جەوهەرین و لە توانایدایە ئیلتزامێکی سیاسیی، ئابووریی و ئاسایشی گەورە لەسەر واشنتۆن دروستبکات و مەسەلەی بوونی سەربازیی فراوانی ئەمریکا لە ئێستادا بە ئامادەگییەکی سەنگین و بەردەوامی ئەو وڵات لە عیراقدا بگۆڕێتەوە.

پابەندێتی درێژخایەنی واشنتۆن بەرامبەر بە عیراق، بەپێی ئەم پرۆژە ڕێککەوتنە، دەبێتە میراتێکی درێژخایەن کە جۆرج بوش بۆ سەرۆکەکانی دوای خۆی، جا کۆماریی بن یان دیموکراتی، بە جێیدێڵێت. ڕەنگە ئەم ویستە میراتییە بێت کە بوشی هاندابێت پەلە لە گەڵاڵەکردنی ڕێککەوتنەکە بکات تاوەکو بیکاتە خەڵاتی کۆتایی دوو ماوەی جەنجاڵی سەرۆکایەتی خۆی. بەتایبەتی لەم چەند ساڵە جەنجاڵەدا دۆسیێی ڕزگارکردنی ئەفغانستان و عیراق و شەڕی سەرتاسەری لە دژی تیرۆری نێودەوڵەتی لە چەندین ئاستدا گۆڕانی دراماتێکی زۆری بەخۆوەبینی. بێگومان خەڵاتی وا یانی کۆتاییەکی گەشبینانە بەو هەڵبەزودابەزەی چەند ساڵی ڕابردوو.

## ناوی کورد لە مەتەڵەکەدا

تائێستا دیارنییە ناوی کورد لەم ڕێککەوتنەدا هاتبێت. ئاماژەی کوردی وەکو مەتەڵێک ماوەتەوە: ناوی نەهاتووە، بەڵام بە ناوەڕۆک لەوێیە. یانی ئەمریکا پشتیوانی

لە عیراقییێکــی دەســتووریی دەکــات کە دەســتەواژەکانی (یەکێتــی ئارەزوومەنــدانە، دیموکرات و ئیتحادی) تێدایە.

ئەمەش هەواڵــی زۆر خــۆش نیــیە بــۆ ئــێمەی ئەگەر بمانەوێــت تایبەتمەنــدێتی کوردستان بەناو و ناوەڕۆکەوە باسبکرێت، بەڵام هێڵی گشتی سیاسەتی کوردی وا باشترە بەو ئاراستەیە کاربکات کە پشتیوانییە لە ڕێککەوتنی دوورمەودا، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بدات هەرچی لە توانایدایە بۆ مسۆگەرکردنی ڕەسمی تایبەتمەندێتییە کوردستانییەکە بیکات.

ڕایس و گێتس دەڵێن "چەندین هێزی سیاسی میانڕەو لە هەموو پێکهاتەکانی عیراق لە سوننە و شیعە و کورد پشتگیری ئەم ڕێککەوتنە دەکەن". لەم چەندانەشدا دیک چینی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دوای دیداری لەگەڵ سەرۆک تاڵەبانیدا، بە پەلە زەخمێکی نوێی دایە پەیوەندی کوردستان – ئەمەریکا: هاتە هەولێر سەرۆکی هەرێم بارزانی لە قووڵی پەیەندییەکە دڵنیاکردەوە و بە رەسمی داوەتی ئەمریکاشی کرد. کاری هاوبەشی تاڵەبانی و بارزانی لە ئاستی بەغدا و هەولێردا، کە تائێستا بە خێر بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە، لە تیفتیفەی دوایی ڕێککەوتنی عیراق و ئەمریکاشدا ڕۆڵی سەنگینی دەبێت.

ئەزموونی مێژوویی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا نیشانیدەدا ڕاستە فاکتەری نێودەوڵەتی کوردستانی بەشکرد و دایە دەست ئەم دەوڵەتە ئیقلیمییانەوە، بەڵام هەر کاتێک هەر خودی ئەو فاکتەرانە ئامادەگیان لە یەکێک لەو وڵاتانە هەبوبێت کورد پەراوێزی پایەداری نەتەوەیی زیاتری هەبووە:

تا عیراق پادشایی بوو وئینگلیز لێرە بوون، دەوڵەتی عیراق زۆر بە کورد نەدەوێرا، کەچی "دەسەڵاتی جەمهوری"، بێ پابەندێتی نێودەوڵەتی، لەسێ دەوراندا کوردی جینۆساید کرد.

لە سوریا تا فەرەنسییەکان لەوێ بوون، بنەماڵەی بەدرخان و چالاکەکانی کوردستانی رۆژئاڤا گۆڤاریان دەرکرد و تەجرەبەیەکی ڕۆشنبیری چاکیان بیناکرد، کە فەرەنسییەکان ڕۆشتن پشتێنەی عەرەبی گەمارۆی کوردی وێندەرێی دا. دیارە ئێران و تورکیاش، چونکە لە دەستوەردانی نێودەوڵەتی بێ دەربەست بوون کوردی لای خۆیانیان قۆڵبەستکرد ومەگەر ئەو کاتەی گوشاری نێودەوڵەتی چاویان لێ سوور بکاتەوە دەنا بۆ خۆیان بێ منەتن

عیراقێکی دیموکرات کە پابەندێتی درێژخایەنی لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگەی موتەمەدندا هەبێت، نایەوێ یان ناتوانێ پابەندێتی ناوخۆیشی لەگەڵ کورد پاشەکشێ

پێ بکات. دەستوری عیراق بە گـــرێبەستێکی ناوخـــۆیی دەمێنێتەوە، بـــەڵام لە ڕێـــی عـــــەهدی دەولـــی و ڕێککەوتنـــی واوە ڕەهەنـــدێکی نێـــودەوڵەتی وەردەگرێت.

بێگومان ئەم پێشهاتە بە دڵی ئەو بنمیچی پێشبینیانە نییە کە ناسونالستی کورد لە هاوپەیمانێتی کورد و ئەمریکای دەخوازێت، بەڵام تاڵەبانی و بارزانی بەسەر تەپکەی میندا کار لەسەر تەونێکی پتەوی بەرژەوەندییە کوردییەکان دەکەن و تا ئێستا باشیان هێناوە. لەمەشدا هەر دەتوانن وا بکەن.

خالێکی تر پەیوەندی بە بنکەی سەربازیی ئەمەریکاوە هەیە کە کورد حەز دەکات لە کوردستان هەبێت وعیراقییەکانی تر حەز ناکەن نە لەهەرێم ونە لە باقی دەڤەرەکانی عیراق دابمەزرێت، ئەم ڕێککەوتنە هیچی لەو بابەتەی لێ هەڵناکرێنرێت چونکە ئەمەریکاش بۆ ڕازیکردنی عیراقییەکان یەکبینە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ناخوازێ بنکەی لە عیراق هەبێت. بەڵام وەکو جەنەڕاڵەکانی تورکیا لە ئـــەزموونی بنکەی ئەنجەرلیک لە کـــــوردستانی باکوورەوە فێری بوون: زەحمەتە ئەمەریکـــا بچێتە شوێنێک و بە ئاسانی جێی بێڵێت. وەڵڵاهو ئەعلەم.

چەند پێدراوێک

* ڕۆژی 2007/8/26 مالیکی و بوش جاڕنامەی نیەتەکانیان ئیمزا کرد کە دەبێتە بنەما بۆ ڕێککەوتنی دوور مەودای "پەیماننامەی دۆستایەتی". لەو جاڕنامەیەدا هاتووە:

*ئەمریکا پشتیوانی کۆماری عیراق دەکات لە دژی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و لە پێناوی ڕێزگرتن و پشتگیری دەستوور کە گوزارشتە لە ویستی گەلی عیراق و دژی هەر هەوڵێک بۆ تەگەرە تێخستن، یان پەکخستن یان پێشێلکردنی ئەو دەستوورە دەوەستێتەوە.

*هەردوو حکومەتی عیراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندی گەشەپێدانی پەیوەندییەکی دوور مەودا دەبن لە بواری هاوکاری و دۆستایەتیدا وەکو دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری و سەرداریتی کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و.... پشتیوانی ئاڵوگۆڕی کەلتوریی و فێربوون وزانست دەکەن.

*ئەمریکا پشتیوانی عیراق دەکات لە بواری ئابووری وپەرەپێدانی توانای وەبەرهێنان وسڕینەوەی قەرزەکان و پشتگیریی هاتنی وەبەرهێنەرە بیانییەکان دەکات بۆ عیراق.

*مسۆگەر کردنی هاوکاری ئەمنی بۆ عیراق دژی هەر دەستوەردانێکی دەرەکی، ... پــشتیوانیکردنی کۆمــاری عیــراق لە دژی گــروپە تیرۆریــستییەکان: قاعیــدە و سەدامیەکان و هەموو گروپە یاخییەکان لە یاسا، بێ گوێدانە بنەچەیان.

*ئەو جارنامەیە دەبێتە بنەما بۆ ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە کە لە کۆتایی ساڵدا دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەویش بڕیاری لێدەدات.

# پێبکەنن تا وێنەکە جوان دەربچێت*

لە وێنە کۆنەکان کە لە گۆڤاری سلێمانیو گۆڤارە هاورێبازەکانی ویدا بڵاو دەبێتەوە. گوزارشتی سەرنجراکێش هەن وەک ئەمەی "راوەستاون لەلای راستەوە" یان (پێدەچێ ئەم وێنەیە لە ساڵی....) یاخود "ئەوەی چوارەمیان نەناسراوە". دەمەوێ ئەم گوزارشتانە لە پاسێکی سیاسیدا تەوزیف بکەم، ئەمەش بۆ شۆخی نییە لەگەڵ گۆڤارە دەستە خوشکەکاندا، بەڵکو لەبەرئەوەیە لەم چەندانەدا کۆششێک دەستی پێکردووە لە ئاستی سیاسی و میدیاییدا بۆ راستکردنەوە، لابردنی تەڵخی و جەماوەریی و شێواوی سەروێنەی کورد لای دەرو دراوسێکانی کوردستان.

وێنەی شێواوی کورد پێش هەموو شتێک بابەتێکی میدیاییە، بەڵام ئەم بابەتە ئاکامە، نەک هۆکار. ئاکامی سیاسی شاردنەوەی وێنەی راستەقینەیە. وێنەیەک کە ئەگەر لێی وردبینەوە دەریدەخات دەووروبەر دەستێکیان لە بیناقاقای کورد گیر کردووە، دەستێکی تریان نەقیزەو نوقورچی لێدەگرێو یەکێکی تریش دەستی لە گیرفانیدایە کە بەگوێرەی دەستەواژەی "ساغنەبۆتەوە"ی هونەری ساغکردنەوەی وێنە نازانرێت کەچی لە گیرفانی کورد دەردێنن؟

بەڵام بەپێی ئەوە کە لەچیرۆکی هەزارو یەک شەوەی ئەدەبی عەرەبیدا باسی کوردێک کراوە کە هەگبەیەکی پێبووە لە بازاڕی ئەفسوناویدا شتی فرۆشتووەو بەکریار دەڵێ چیدەوێت لەم هەگبەیەدا هەیە، پاپۆڕ، دەریا، شاخو داخ و ئەشکەوتی گەورە؟، کەوابێ گیرفانی کورد شتی زۆر و دەسکەوتی فرەی تێدایە بۆیە دەست وا لەگیرفانیدا!

هەڵبەت لە بەرامبەر ئەم وێنە راستەقینەدا کە لە چەکمەجەکەی خوارەوەی مێژوو شاردراوەتەوە، وێنەیەکی تر نیشان دەدرێت کە بە فۆتۆشۆپی ئەمڕۆ یان بەهەر کەرەستەیەکی کامێراسازی زەمانی خۆی دەستکاری کراوە. سێ کەس لە وێنەکەدا پێدەکەنن، بەتەڵخی تارمایی کەسێکی تر دیارە کە ئەگەر بەزووم گەورە بکرێتەوە بۆ خەڵکی ئەندێشمەند دەردەکەوێت کەسێکی تریش هەیەو کراوەتە

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2009.

دەرەوەی وێنە. بۆ داپۆشینی ئەم کەموکوڕییە کە لەو وێنەدا هەیە نووسینی درۆ و دەلەسە دەخوازێ مودەعی بەسەر کەسی نادیاری ناو وێنەکە لەقاوبدات و نەهێڵێت بەزوومی کامیرا خۆی دەربخاتەوە، بەڵام گرفت ئەمەیە ئەمڕۆ وێنە دەستەمۆ ناکرێتو شارەزایی بواری میدیا دەمێکە گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی یەک وێنە کاری سەد نووسراو بەلادا دەخات، بەمەرجێک وێنەیەکی دەستکاری نەکراوبێت، یان ئەگەر دەستکاریش کرابێت بەزووم دەستکارییەکە دەربخرێت.

## "راوەستاو لەلای راستەوە"

راوەستاو لەلای راستی وێنەکە، ئەوی بەتەنیشت تورکو فارسەکەوەیە. برا عەرەبەکەمانە.

کارەکتەری عەرەبییە کە لە مێژووی پێش ئیسلامدا گیرۆدەی دەستی ئیمپراتۆریای رۆمانیو ئیمپراتۆریای فارسەکان بوو. ئیسلام هات دەرفەتی دانێ لە قوڕەیشەوە، لە جەزیرەی عەرەبەوە تێهەڵبچنەوە و بە شەرقو غەربی دونیادا بڵاوببنەوە، بەڵام دونیا تاسەر بۆ هەموو کەسێک نییە. زۆری پێنەچوو ئەم کارەکتەرە کەوتە بن دەستانەوە. تورک هاتن بەهەمان قورئانی عەرەبییەوە دوای ساغکردنەوەی نیشتمانی عەرەبو کورد بەلای خۆیاندا ئەسپی عوسمانلییەکانیان تا ڤییەننا برد. برای عەرەب شەش سەدساڵ لەگەڵ کوردو ئەرمەنو کێو کێی تر کەوتنە بن سێبەری عوسمانلییەوە. بگرە خەریک بوو هەرلە وێنەکە بکرێنە دەرەوە. خوا بەزاتی قورعانی خۆی رەحمی پێکردنو پاراستنی، لە سەرەتای سەدەی رابردوودا عەرەب وا داهێزرابوو کە ساڵی 1914 کۆنگرەی رزگاری عەرەبیان لە وڵاتی ئیفرەنج گێڕا. یانی لە وڵاتی کافران لەدژی ستەمی هاودینە تورکەکانیان رابوونەوە.

مێژوونووس د.کەمال مەزهەر لە نووسراوێکی سەرنجڕاکێشدا دەڵێت: "عەرەبەکان لەو کۆنگرەیەدا دەڵێن چ دەبێت ئەگەر عەرەب لە ناوچەکانی خۆیاندا بە عەرەبی بخوێنن"، لەوەش سەرنجڕاکێشتر وەک د.کەمال بە بەڵگەوە باسی دەکات، دەڵێن: "چ دەبێت ئەگەر کورد لە نیشتمانی خۆیدا، بۆ نموونە کەرکوک بە زمانی خۆیان بخوێنن". برای عەرەب سەرەنجام بەیارمەتی ئینگلیز خۆی لە دەستی تورکان، لەدەست جەمال پاشای سەفاح راپسکاند.

چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی لەناوجەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆخۆی دامەزراند کەچی هەر کە لەوێنەکە دەرکەوتەوە بە عەبای سەرشانی ویستی کورد لە وێنەکە

بشارێتەوەو لەوەش سەیر تر، بەتایبەتی عەبای دا بەسەر کەرکوکدا کە لەکۆنگرەی نەتەوەیی خۆیان، لە ولاتی ئیفرەنج، وەک نموونەی ولاتی کوردەواری لێی دواون!

## "پێدەچێت ئەم وێنەیە"

پێدەچێت ئەم وێنەیە زۆر کۆن بێت، دڕاوو پچڕ پچڕە. هەندێک لێواری چەماوەتەوە، ڕەش‌و سپییە، لەوەدەچێت دەستکاری کرابێت.

هەندێک توێژینەوە دەڵێن لە ساڵی (1514)ەوە، یانی لەپاش شەڕی چاڵدێرانەوە دەستکاری کراوە، هەنێکی تریش ئەمە بەدەستکاری یەکەم دادەنێن. لەم دەستکارییەدا بەیەکجاری وێنەکە نەشێوێنراوە، بەڵام دووکەس بەزەقی لەوێنەکەدا دیارن کە کارەکتەری فارس‌و تورکن. یانی ئەوەی لە لاوکە کوردییەکاندا بەڕۆم‌و عەجەم ناویان هاتووە. وەک لەڕشتەی پێشوودا باسمان کرد، عەرەبیش لەو دەمانە لەوێنەکە کرابووە دەرەوە.

دەستکاری دووەمی وێنەکە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە (1914- 1918) کراوە. کوردستان لەسەر خواستی ئینگلیز بە عیراقەوە لکێنراو کارەکتەرەکانی تر گوشار دەخەنەسەر کارەکتەری عەرەبی کە تازە سەری هەڵداوەتەوە بەڕاشکاوی پێی دەڵێن: "بەحاڵ جێگەی تۆمان کردۆتەوە. کەسی تر مەهێنە ناو وێنەکە. عەباکەت بەسەر شانتدا بدە با بەزەقی دەربکەویت، بەڵام کەسی تر بێتە ناو وێنەکەوە قەرەباڵەغی دروست دەبێت".

## (ئەوی چوارەمیان نەناسراوە)

ئەوی چوارەمیان کە نەناسراوەو ئێستا وردە وردە لە وێنەکە دەردەکەوێت، ئەوە کوردە. ئەمە ئەو کارەکتەرەیە کە هەمــوو تەزویرکارییەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حیلفی سەعد ئابادو حیفلی 22ی تەمموز. شەڕی چاڵدێران‌و قەتڵوعامی دەرسیم‌و موکریان. شەڕی ئەنفال‌و شەڕی تەعریب‌و ڕاگوێزان لەدژی وی بەرپاکراوە.

ئەم نەناسراوە کە لە دەرەوەی وێنەکەیەو وەختێک دەیەوی سەرەتاتکێ بکات بەکولاج دەکرێتە دەرەوە، بە یاخی و کۆنەپەرست و پیاوی رووس و ئەمریکا و ئینگلیز تۆمەتبار دەکرێت. ئەمە ئەو کارەکتەرەیە کە چەند دەیەیەکە شارەزایانی وێنە بەدوای ئەدگاراکەیدا دەگەڕێن. دەمووچاوو سەروو سەکوتی لەم کارەکتەرانەی تر جیاوازە. مەسەلە ئەوە نییە کێ لەوی تر قۆزترە. لەوانەیە ئەم کوردە

ناشرینترینیان بێت، بەڵام بەشێکی رەسەنە لە وێنەکە. بەشێکی حەوت رەقەمی ئەسڵە، لە هەموو ناشیرینییەکانی ناوچەکە و لە هەموو جوانییەکانیدا بەشدارە.

**"پێبکەنە با وێنەکە جوان دەربچێت"**

ئەمە ناونیشانی فیلمێکی عەرەبییە. ئەمە بۆ گوزارشتکردن لە وێنەی نوێ دەست دەدات.

نەتەوەیەک لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرهەڵدەداتەوە. ئەم نەتەوەیە بەشی خۆی دەوێت. هەتا درەنگتر بەشی بدەن داخوازییەکەی دەبێتە بەشی "خۆی دەوێتەوە" یانی داوای بەرودوای ئەوە دەکاتەوە کە لێی براوە. قەرەبووی هەموو زیانەکانی رابردووی دەخوازێت. لەناو ماڵەگەورەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.نەتەوەیەک بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێت بۆ رۆڵ نواندن، بۆ حەسانەوەی دوای ماندوبونێکی زۆرو بۆ بەشداری کردن لەسەر خوانە گەورە دەوڵەمەندەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هیچ کەسێک ناتوانێت بحەسێتەوە، رۆڵبگێرێت و لەسەر خوانەکە بەکەماڵی ئیسراحەتەوە چێژ لە خێرووبێری ئەم رۆژهەڵاتە وەربگرێت بێ ئەوەی جێی کورد بکاتەوە. یانی لەکوێ جێی ئەم کوردە دەکەنەوە؟ لە ئەمریکای لاتین یان لە ئەفەریقا؟

ناوچەکە لە گۆڕاندایە، سەدەی بیستو یەکەمین کراوەیە لەبەردەم هەموو ئەگەرێکدا. کارەکتەرێکی رۆژهەڵاتی بەکارەکتەرێکی کوردی گوتبوو بەومانایە مەنزوومەیەک لە میللەتانی ناوچەکە دروست بکەین. کە خێروو خۆشیو گەشەپێدانی ناوچەکەمانی بەدواوە بێت. کارەکتەرە کوردەکە جوانی گووتبوو (ناهێڵین ئەمە بێ کورد ببێت).

ماڵەکە سواخ بدەنەوە، دەرگاو دالآنی تری لێ بکەنەوە تا خۆروو هەواو ئازادی لێ بێتە ژوورەوە. خەتای رۆژئاوا، ئەمریکاو رووسیاو ئیمپریالیزم مەگرن، رەگی شێوانی وێنەکەو ماکی هەناسەبڕیو پەنگخواردنی کەشەکە لە خۆتانەوەیە.

ئینجا وەرن پێبکەنن. با وێنە شێواوەکە راست بکەینەوە، هەرچوار کارەکتەر پێبکەنن. یەک، دوو، سێو چوار گرتەیەکی راستەقینەیە لە زەمەنی وێنەکاندا.

# مالئاوا دەستوور!؟*

لە وەختێکدا قسە لەسەر "کشانەوە"ی هێزی ئەمەریکا لە عیراقدا گەرمە و سەرۆک وەزیران توند دەستی بە دۆسێی دانوستاندن لەگەڵ ئەمەریکاوە گرتووە و دەیەوێ لەدەستی خۆیدا بێت، هاوڕێکانی لە گەورەترین ئیئتلافی نێو پەرلەماندا، لە پەنجەرەی کەرکوکەوە خەریکن لە پابەندێتییە دەستوورییەکانیان پاشگەز دەبنەوە.

پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی عیراق، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتە هاوچەرخەکەوە، پەیوەندییەکی ناجۆر بوو، کورد و شیعە وەک دوو پێکهاتەی سەرەکی پەراوێزخران. حکومەتێکی سوونی عەرەبی بە سەرۆوەریێتی شا فەیسەڵی یەکەم دامەزرا. فەیسەڵ ئەگەرچی بەو قەڵەمڕەوە شاد بوو کە داوای دەکرد، یانی کوردستانیی جنوبیشی پێدرا، بەڵام هەر لە خەمی ئەم پێکهاتە ناجۆرەدا بوو کە چۆن ئامێتەیان بکات و لە بری عەرەبایەتی و کوردایەتی، لە جێی شیعە و سوننە، یان عەشیرەت و ماڵباتەکان، ناسنامەیەکی عیراقێتییان بۆ پێکبهێنێت.

## دیاری بێگانە

شا فەیسەڵ بەو داخەوە سەری نایەوە، چونکە تووندانەوە، بە زۆرەملێ بێت یان بە خوایشت، شتێکە دژی سروشتی ژیان وسروشتی مرۆڤەکانە. دوای ئەویش ئینگلیز و حکومەتەکانی پادشایی هەفت و هەشتێکی زۆریان کرد لەم ڕێیەدا. هەبوون وایانزانی گەشەسەندنی شێنەیی ئەم ناجۆرییە چارە دەکات. یان دەستووریی 1925،کە لە نائامادەگی کورد و شیعەدا نووسرابوو، دەبێتە زامنی ئاشتبوونەوەی عیراق لەگەڵ زاتی خۆیدا.

بەڵام عیراقی سێ نۆرەی جەمهوریی، زامەکانی قووڵتر کردەوە، ئەوی دەستووریی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق، دەستووریی ساڵی 1925، خۆی لێ لادابوو دەربارەی عروبەی عیراق، دەستوورە کاتییە پێشێلکراوەکانی عەهدی قاسم و هەردوو عارف،

---

* گۆڤاری هەفتانە.

زوڵمەتی ڕۆژگاری بەکر و سەددام کردیانە قاپی قورئان و لە ملی هەموو سازانێکیان گیرکرد.
بەهاری 2003 فاکتەری دەرەکی هاتە کایەوە بۆ ڕاماڵینی ئەو سیستمەی زیاتر لە هەشتا ساڵ دەوامیکرد چونکە ئەم عیراقە توانای خودی نەبوو خۆبەخۆ ڕێگا ببینێتەوە. بۆ یەکەمینجار بازی بەخت لەسەر شانی ئەم قەوارە ناجۆرە نیشتەوە کە بتوانێت سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکات، بەڵام چونکە ئەم هەلە نوێیە دیاری دەستی دەرەوە یان ئەوی د. فوئاد عەجمی پێی دەڵێت "دیاری بێگانە" بوو، بۆیە لە هەموو وێستگەیەکدا زۆرینە، کە هاوپەیمانیی کورد بوو لە سەنگەری زوڵملێکراواندا، ئەوە سەودای بوو هەل و دەرفەتەکە لەسەر مەحەک دابنێت تا هاوپەیمانەکەی تر، کورد، دەستبەرداری بەشی خۆی بێت لە ڕاستکردنەوەی ڕابردووی ناجۆردا.

## کێ یەکەم کشانەوەی لە بیرە؟

دیمەنی کشانەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دوا کشانەوەی لە یادەوەریدا ماوەی پرۆسەی سیاسیی بوو، بەڵام ئەدی کێ یەکەم دیمەنی کشانەوەی لە بیرە؟
یەکەمیان هی پێنج کەسایەتییە سەرەکی و دیارەکەی پێکهاتەی شیعە بوو لە ئەنجومەنی حوکمڕانی سەردەمی پۆڵ بریمەردا.
پێنج کەسایەتی شیعە لەناو بیستوپێنج سەرکردەدا لە دواساتی ئیمزاکردنی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عیراقدا پاشگەز بوونەوە . ئەوە وایکرد ئیمزاکردنی قانوونەکە چەند ڕۆژێک دوابکەوێت تا لە 8ی ئاداری 2004دا ئیمزاکرا.
پێنج برا شیعە هاوپەیمانەکانمان لەبەر چەند خاڵێک کشانەوە کە بە "ڕێککەوت!!" هەموویان پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو:
- دژی بڕگەی فیدڕاڵی بوون.
- دژی بە ڕەسمی ناساندنی حکومەتی هەرێم بوون لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتدا.
- دژی مادەی 58 بوون لەو قانوونەدا کە نەخشەی ڕێگای کەرکوک بوو.
- دژی ئەو بڕگەیە بوون کە هەقی ڤیتۆی هەموو بڕیار و دەستوور و یاسایەک دەداتە 3\2ی سێ پارێزگا.
برا شیعەکانمان بوغرا ببوون چونکە سەددام تازە دەستگیرابوو، ترسی دیکتاتۆریی سوننەیان لەسەر نەمابوو، بۆیە لە گفتوگۆکانی سەردەمی قانونەکەشدا لە هەموو

ڕێککەوتنێکی سەردەمی ئۆپۆزسیۆن پاشگەز بوونەوە، لە جێی فیدرالی کوردستان دەیانویست فیدرالی پارێزگاکان بسەپێنن.

لەسەر زەمینی واقیعیش هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو وەختێک لە بەغدا لایەنگرانی سەدر دەیانگوت "لااله الاالله – کوردستان عدو الله"، وەختێک لە کەرکوک جەماعەتی سەدر دەستیان لەگەڵ تەعریب و بەرەی تورکمانی تێکەڵکرد و دژی هێزە کوردییەکان یەکیان گرت، ڕێک وەکو دوا کشانەوە، کە هی کورد بوو، برا شیعەکانیش هیچ هەڵوێستێکی هاوپەیمانێتیان نەبوو لە بەرامبەر نەیارانی ماددەی 140 و پابەندێتی دەستووردا.

## تۆماری هاوپەیمانێتی!

لەنێوان یەکەم کشانەوەی شیعە و دوا کشانەوەی کورددا چەندین وێستگەی خۆ دزینەوەی هاوپەیمانەکانمان دەبینین کە نیشانەی گۆڕینی تەرازووی هێز و گۆڕینی بەرژەوەندییەکانە:

- وەختێک بە ئەمری مەرجەعە ئاینییەکان نەیانهێشت لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا قانونی ئیدارەی دەوڵەتی کاتیی ناونووس بکرێت.

- لە یەکەم حکومەتی دوای یەکەم هەڵبژاردندا ویستیان کورد کەمترین بەشی بەرکەوێت و لە پێکهێنانی حکومەتی جەعفەریشدا پابەندی بەرنامەی سیاسیی حکومەت نەبوون.

- لە بەغدا –58 – 140یان جێبەجێنەکرد و لە کەرکوکیش هەمیشە دژی کورد و نزیک لە نەیارانی بوون.

- لە جەعفەرییەوە بۆ شەهرستانی و بۆ سامی عەسکەری و لەیس کوببە دەیان کەسیان هاندا لە تەنگژە سیاسییەکاندا پەلاماری کورد بدەن و بە زمانێکی قەومەچییانە تەخوینی بکەن.........هتد

لە ڕاستیشدا ئەم تۆمارە وەنەبێ لە کەس شاراوە بێت و ئەوی وایکردووە هەمیشە هەردوو هاوپەیمانە بابەتییەکە بگەڕێنەوە سەر هێڵی هاوپەیمانێتی لە جێی هاوکێشەی دژایەتی هی ئەوە بووە کورد ژمارەیەکی دژواریی ناو پێکهاتەکانی عیراق بووە بە حوکمی ئەو گێرە دەستوورییانەی لە عیراقی نوێدا بۆی دابین بووە. یانی گەڕانەوە بۆ هاوپەیمانێتی لەبەر ئەوە نەبووە برا مەزڵوومەکانی دوێنێمان لە دژایەتیمان پاشگەز بوونەتەوە، بەڵکو لەبەرئەوە بووە ناچار بە کورد بوونەتەوە.

## یاسای هەڵبژاردن، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمەریکا

ئەمــڕۆش جــارێکی تــر لەبەر نیــشتنەوەی پــشێوی ئەمنــی لە بەغــدا و هێــز پەیداکردنەوەی زۆرینە، بەهۆی گەڕانەوەی بەرەی تەوافوق بۆ حکومەت، جارێکی تر براکانمان بوغرابوونەوە و ئەگەر سبەی هاتنەوە سەر هێڵ دیسان هەر لەبەر ئەوەیە ناچاری هاوپەیمانێتی کوردن نەک لەبەر بە ئاگاهاتنەوەیەکی ویژدانی لەبەر خاتری براکانیان لە کەرکوک و لەبەر خاتری یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان. بێگومان کورد لەمەدا هەڵە نیـیە کە بەشداریی بونیاتنـانەوەی دۆسێی ئەمنی بەغدا و پتەوکردنی ئیدارەی فیدرالییە، چونکە ئەمە بۆ خۆشی چاکە، چونکە ئیتر ڕووبەڕووی کێشە هەڵواسراوەکانی دەبێتەوە کە چەندین ساڵە پشێوی بەغدا دوای خستووە، بەڵام کورد لەمەدا هەڵەیە کە پێیوابێت بەغدای ئارام یەکسانە بە بەغدای متبوو، بەڵکو دەبێ هەموو دەسکەلا دەستووریی، یاسایی و سیاسییەکانی بخاتە کار و لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ناوخۆی پیادە بکات هەر لە کوردستانەوە بۆ ئیدارەی ڕەوشی ناو کەرکوک کە ئەمرۆ نەیارەکان کردویانەتە دەسکەلا لە دژمان، تا ڕێکخستنەوەی کاغەزەکانی یاریکردن لە بەغدا.

بۆ ئەمەش دەبێ هاوپەیمانیی کوردستان دەستبەرداری هەقی ئاگاداربوون لە ڕێککەوتنی عیراق – ئەمەریکا نەبێت و بگرە لەم هەلومەرجەدا،کە کورد تاقە لایەنە بە ڕاشکاوی پشتگیریی دەکات، دەکرێت ئەوە کارتێک بێت بۆ ڕاکێشانی پــشتیوانی ئەمەریکاییەکــان کە چەنــدین ســاڵە خۆیــان لە پرســی کەرکــوک و ململانێکانی کورد و بەغدا دزیوەتەوە. ناکرێ وەکو سەرەتای پێکهاتنی مەملکەتی عیراق خیتابی سیاسیی عەرەبی عیراق ئینگلیزی بە پشتیوانی کورد و کوردی بە دۆستی ئینگلیز دەناساند، کەچی ئینگلیز هەر لە هەوڵی ڕازیکردنی – بەغدا – ئەنقەرەدا بوو.

ئەمرۆش کورد بە خاڵی لاوازی گفتوگۆی "نیشتمانپەروەرە" عیراقییەکان لەگەڵ واشنتۆن نیشانبدرێت و گوایە کورد بێ مەرج لایەنگری ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەمەریکا و کەچی ئەمەریکاش لەبەر خاتری بەغدا،بە شیعە و سوننەوە، و دەوروبەری ئیقلیمی، بە تورک و عەرەبەوە، هەر گوشار بنوێنێ.

لەناو پارییەکانی کورد بۆ بە دەستخستنەوەی هێزی سیاسیی هەمیشە دەبێ دەستوور دەسکەلای دەستمان بێت، چونکە ئەگەر بەهێزیش بین ئەم دەسکەلایە هێزمان پتەوتر دەکات و وەکو خاوەنی رەوایی یاسایی سەیر دەکرێین و ئەگەریش

بێهێـزیش بـین دەسـتوور و یاسـا هەمیـشە بە کەڵکـی بـێ هێزەکـان دێـت، کە زیـاتر مەجبوریین، تا بە هێزەکان، کە ئەڵتەرناتیڤی تریان هەیە.

بـۆ ئـێمە دەسـتوور هێـز و دەسـکەلایە بە هەردوو دیوەکەیـدا و بـۆ ئەوانـی تـریش دەتوانن لێی پاشگەز ببنەوە چونکە بۆیان دەلوێت.

# کوردستان پەرلەمان نوێ دەکاتەوە؟
# بردنەوە یەکسانە بە هەڵبژاردنێکی پاکژ*

ئەمساڵ ئەم سەر و ئەوسەری عیراق بە دوو هەڵبژاردن دەورە دراوە، بەڵام بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش هەڵبژاردنێک لە نێوان ئەو دوو هەڵبژاردنەدا هەیە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.

کۆتایی ئەم مانگە هێزە سیاسییەکانی عیراق دەچنە گەورەترین پرۆڤەی دیموکراسییەوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە. تەنها هەرێمی کوردستان و پارێزگا هاوچارەنووسەکەی،کەرکوک، نەبێت کە یەکیان بە ئیرادەی کورد و ئەویتریان بە ڕێککەوتنی هاوبەشی کورد و عەرەب و تورکمان و فەزای ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەڵبژاردنی پارێزگاکانیان دوا دەخرێت.

بەم شێوەیە هەموو پێکهاتەکانی عیراق خۆیان لە مەنگەنەی دیموکراسیی بردنەوە و دۆڕاندن دەدەن. ڕاستە کورد لە چوار پارێزگاکاندا بەشدارە، بەڵام لە هەموویاندا نەفەسی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە و خوێندنەوەی هەلومەرجەکە پێمان دەڵێن کورد بۆ تەعادول یاریدەکات و گەشترین سیناریۆ ئەوەیە لە ناوچە کوردستانییەکانی ئەو پارێزگایانەدا(خانەقین، لە دیالا، مەخمور و شنگال لە موسڵ و ڕەنگە هەندێک ناوچەی پارێزگای سەلاحەددینیش ، بەغدا زەحمەتە) پێگەی کورد بپارێزرێت. کەواتا ئێمە دەتوانین بڵێین مەشقی هێزە عیراقییەکان مەشقێکی جددی دەبێت لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا کە هەم یاری باش بکەن و هەمیش لە نەخشەی سیاسیی نوێ تێبگەن. براوەکانی نەبەردی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەگەر حکومەت و پەرلەمانی ئیتیحادیشیان بەدەست نەبێت ،کە کۆتایی ساڵ دەگۆڕێن، بەڵام بە ورەیەکی بەرزەوە دوای سەرکەوتنیان لەهی پارێزگاکاندا ڕوو لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری عیراق دەکەن. تەنیا کوردە، ئەمجارە بە دەست خۆی، لە کاروانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دوا دەکەوێت و ناتوانێت ئەم هەڵبژاردنە لۆکاڵییە بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەری عیراق تاقیبکاتەوە.

---

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2009.

## پارێزگاكانی كوردستان له‌ قوتودان

هه‌تا سیستمی یاسای هه‌ڵبژاردنی پارێزگاكانی كوردستان له‌ په‌رله‌مان ده‌رده‌چێت هه‌ڵبژاردنی پارێزگاكان له‌ كوردستان ناكرێت وئه‌م پێكهاته‌یه‌ی ئێستای ئه‌نجومه‌ن بێ خه‌م ده‌بن و ده‌مێننه‌وه‌. به‌مه‌ش ئاره‌زووی لامه‌ركه‌زی له‌ كوردستان له‌به‌رده‌م ئاره‌زووی به‌ ناوه‌ندێتی كردنی ده‌سه‌ڵاتی كوردی پاشه‌كشێ ده‌كات، چونكه‌ تا ئێستا یاسایه‌ك په‌سه‌ند نه‌كراوه‌ كه‌ وه‌كو یاسای پارێزگاكانی عیراق لامه‌ركه‌زی تێدابێت و وه‌كو واقیعی هه‌رێمی كوردستانیش له‌باری سیاسیی و نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ یه‌كپارچه‌یی هه‌رێم بپارێزێت كه‌ ده‌ورانێكی زۆر به‌هۆی ناكۆكی ناوخۆییه‌وه‌ به‌ده‌ست په‌رته‌وازه‌ییه‌وه‌ گیری خواردبوو و ئێستاش سه‌ره‌ڕای یه‌كگرتنی حكومه‌تیی، ئاسه‌واری دوو هه‌رێمی پێوه‌ ماوه‌.

مه‌نتیقی په‌له‌نه‌كردن له‌ لامه‌ركه‌زی پارێزگاكان له‌ ترسی كه‌رتبوونه‌وه‌ی جارێكی تری هه‌رێم و تایبه‌تمه‌ندێتی ده‌سه‌ڵاتی كوردی خاوه‌خاوێتی له‌ داڕشتنی یاسایه‌كی دڵنیاكه‌ره‌وه‌ كه‌ دیوه‌ ناسیۆنالیستییه‌كه‌ی سه‌رتاسه‌ری دابین بكا و له‌ باشی لامه‌ركه‌زی و خزمه‌تگوزارییه‌كانی ئه‌نجومه‌نێكی ده‌ست واڵای پارێزگاكان به‌هره‌مه‌ندبێت، به‌ڵام به‌هانه‌ بۆ ئه‌مه‌ هه‌ر هۆیه‌ك بێت پاساوی ئه‌وه‌ی پێ ناكرێته‌وه‌ كه‌ كوردستان، ئه‌وی لانكی یه‌كه‌م ته‌جره‌به‌ی دیموكراسی بوو له‌ عیراق، له‌ یه‌كه‌مین هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی له‌ مایسی 1992دا، له‌ ڕێره‌وی دیموكراسیی سه‌رتاسه‌ری وڵات دوابكه‌وێت و به‌سره‌ و نه‌جه‌ف و ئه‌نبار پێشی بده‌نه‌وه‌.

پارێزگاكانی عیراق به‌ربڵاوترین ده‌سه‌ڵات وه‌رده‌گرن به‌ گوێره‌ی قانونی تازه‌ په‌سه‌ندكراوی پێكهاتنی هه‌رێمه‌كان كه‌ له‌وه‌تای ئه‌م ده‌وڵه‌ته‌ دروستبووه‌ ئه‌مه‌ یه‌كه‌مین جاره‌ پارێزگایه‌ك تیفتیفه‌ی وای به‌ نسیب ده‌بێت. له‌گه‌ڵ ئه‌م بایه‌خه‌ بۆ دروستكردنی دیموكراسی له‌ بنكه‌كانی خواره‌وه‌ بۆ سه‌ره‌وه‌، كه‌ هاوشانی هاتنه‌ مه‌یدانی هێزه‌ لۆكاڵییه‌كانی سوننه‌یه‌، ئه‌نجومه‌نه‌كانی سه‌حوه‌، به‌ڵام ئه‌م هه‌ڵبژاردنه‌ له‌ چاو هه‌ڵبژاردنه‌ سه‌رتاسه‌رییه‌كه‌ی عیراق هه‌ر به‌ پرۆڤه‌یه‌كی ناسینی هێزه‌كان و مه‌شقێكی سپێشاڵ بۆ هه‌ڵبژاردنی داهاتووی په‌رله‌مان ده‌مێنێته‌وه‌.

## هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان

باسكردنی واده‌ی نوێ بۆ هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان تائێستا ته‌نها مه‌نه‌لۆجێكی ناوخۆیی په‌رله‌مانی كوردستانه‌.

سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشنیازی کردووە رۆژی (5/19) ببێتە رۆژێ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری سێیەم. یانی هەمان رۆژی ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان. بەڵام لەوە ناچێ بەرواری هەمان رۆژ مانای هەمان تینوتاوی هەڵبژاردنی یەکەم بگەیەنێت، چونکە رۆژی (6/4) خولی چوار ساڵەی پەرلەمان تەواو دەبێت و هێشتا هیچ ئامادەکارییەک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو نەکراوە. بە واتایەکی تر هێشتا خاوەنداریێتی لە پێویستی هەڵبژاردنێکی نوێی کوردستانیی بزرە. تەنانەت حزبی ئۆپۆزسیۆنەکان یان حزبایەتی دەرەوەی دوو حزبە گەورەکەش ئەگەرچی جار جارە باسی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن، بەڵام ئەوانیش وادەیەکی دیاریکراویان لەزەین نییە تا بیکەنە گوشارێک بۆ دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن یان تەنانەت بیکەنە کارتێک بۆ رەخنەگرتن لە حزبە گەورەکان. ئەوەش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە دەردەخات ویستی هەڵبژاردن و پابەند نەبوون بەوادەکانییەوە هێشتا نەبۆتە نەریتێکی سیاسیی لە کوردستان. هەروەک بە دیوێکی تریشدا ئەو دەرکەوتە تاڵە دەسەلمێنێتەوە کە حزبە "ئۆپۆزسیۆنەکان" پشت بە بابەتی رۆژانەیی دەبەستن لەکاری ئۆپۆزسیۆنیدا و دوای بابەتە رەخنەییە باوەکان کەوتوون، ئەوی میدیا یان کەسایەتییە سەربەخۆکان وەکو رەخنە لە دەسەڵات دەیوروژێنن.

جا لە وەختێکدا ئۆپۆزسیۆنەکان کە بەحسابی چیرۆکی ململانێی سیاسی دەبێ لە مەشقی بەردەوامدا بن بۆ لابردنی دیموکراسیانەی حزبی فەرمانڕەوا یان حزبە فەرمانڕەواکان نابنە مودەعی بەسەر پێویستی سازکردنی هەڵبژاردنەوە، ئیتر چۆن چاوەڕێ دەکرێت ئەوی دەسەڵاتەکەی بەدەستە داوای بکات و سەڵتەنەت لەخۆی بشێوێنێ؟

## هەڵبژاردن ببێتە نەریت

بەڵام ئێمە لێرە قسەمان لەسەر پراگماتیزمێکی تەسکی حزبایەتی بوو، دەنا وەکتری بۆ پرۆسەی سیاسیی کوردستان زۆر گرنگە پرەنسیپی وادەی هەڵبژاردن و جولەیەکی رێکخراوی هەڵبژاردن لە واقیعدا پراکتیزە بکەین. چونکە پرەنسیپی هەڵبژاردن چەند لەیاساو دەستورەکاندا هاتبن، نابنە واقیعێکی چەسپیوو ئەگەر لە چوارچێوەی نەریتێکی سیاسی بەردەوامدا خۆی رێک نەخات. نەبێتە ئاتاجێکی سیاسیی دەستلێهەڵنەگیراو، نەبێتە فەرهەنگێکی کۆمەڵی مەدەنی کە بێوی جولەی سیاسیی هەم ناشەرعی و هەمیش سست و خاو و بێ مانا دەبێت. نموونەی زۆر وڵات هەن کە دەریدەخەن ئەگەر هەڵبژاردن وپاشکۆکانی وەک: وادەکەی،

پێویستییەکانی سەرخستنی و دیارینەکردنی ریتمێکی جێگیر بۆ ئەنجامدانی خولەکی، نەبێـتە نەریـت لە باریـدایە ئەو گوزارشـتە دیموکراسـییەی دەستاودەسـتکردنی دەسەڵات رێکدەخەن بخرێتە ژێر پێی رووداوە سیاسییەکانی ترەوە.

باسـکردنی ئەم سـستییە لە تەداروکـاتی وادەی هەڵبـژاردن و لەدابینکردنـی پێویستییەکانی سەرخستنی بۆ ئەوەیە کە بزانین فەزای سیاسیی کوردستان هێشتا یارمەتیـدەری نەریتێکـی چەسـپاوی پرۆسـەی هەڵبـژاردن نییـە،ئەگەر ئەو باسوخواسانەشمان لەبەر چاو بێت کە هەڵسوڕاوانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە کوردسـتان وەکـو نەریـت کۆمەڵێـک ئامادەکـاریی پێـشوەخت وجـاڕدانی وادەو پێویستییەکانی هەڵبژاردنیان گەرەکە وتا ئێستاش مەشق وئامادەگی لەم بابەتە لە ئارادا نییە کەوا ترس لە خاوەخاو ومەیل بۆ دواخستنێکی هاوشێوەی دواخستنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کوردستان ترسێکی بێ جێ نییە. وەگەر نا کوا کۆبوونەوە ودەستبەکاربوونی کۆمسیۆن؟ کوا دەرخستنی رێوشوێنەکانی سازکردنی و هەڵمەتی داوای ناو تۆمارکردن کە ئەمانە هەمووی بەشێکی دیمەنەکانی هەڵبژاردن پێکدێنن وراییکردنیشیان کاتێکی

زۆری دەوێت ،کاتێکی زیاتر لەوەی ئێستا لەبەردەستە جا چی ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی خۆشە لە 19ی مایس بێت وچ ئەو وادەیەی کە پەرلەمان خۆی بەرەسمی ئەم دەورە ئینتخابییەی تەواو دەبێت لە 4ی حوزەیرانی داهاتوو.

## پێویستی هەڵبژاردن

جیاواز لە ئیستحقاقە دەستووری و یاساییەکان ، کوردستان خۆشی پێویستی بە هەڵبژاردنێکی نوێ هەیە. هیچ نەبێ لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی باعیسی خاوە خاوی سازکردنەوەی هەڵبژاردنن: بۆ شکاندنی ترسی هەڵبژاردن لە فەزای سیاسیماندا

بۆ ئەمە دەبێ ڕاشکاوتر قسە بکەین. ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە دەستکاری یان گۆڕانکاریی هەیە لە نوێنەرایەتیکردن لە دەزگا دەوڵەتییەکانیدا.

کەس لە کوردستان بە دەسەڵاتدار و هەڵسوڕاوی سیاسییەوە نکوڵی لەوە ناکات وڵاتەکەمان پێویستی بە دەستکاری هەیە لە نەخشەی نوێنەرایەتی و ڕۆڵگێڕانی حزب و هەڵسوڕاوە سیاسییەکاندا. جیاوازی لە نێواندا لەسەر قەبارەی دەستکاریکردنەکە و ڕێوشوێنێتی. هەیە شەو و ڕۆژ دروشمی میللیگەرایی و گۆڕانی

جەرگبڕی یەکجارەکی بەرزدەکاتەوە و بۆ ئەمە تەنانەت ئامرازی دەرەوەی گەمە سیاسییەکانیش پەسەند دەکا و لە شێوەی هاندانی سیاسیی ناو مینبەر و بڵاوکراوەکاندا دەیخاتە ڕوو. هەشە ئومێدی بە کەناڵە ڕەسمی و ڕاستەقینەکانی گۆڕان هەیە وەکو هەڵبژاردن و بەشداریی سیاسیی قانونمەندکراو هەیە بۆیە لە چوارچێوەی تەگبیریی ژیر و سیاسیدا دەکرێ (هەڵبژاردن) کردن دەرفەتێکیش بێت بۆ بەشداریی سیاسیی زیاتر و دەستکاریکردنێکی هێمنانەی نوێنەرایەتی لە چەند ئاستێکدا:

- نوێنەرە چالاک و هەڵسوڕاوەکانی ئێستای حزبە دەسەڵاتدارەکان نوێنەرایەتی و شەرعیەتی دیموکراسییان تۆخ بکەنەوە.

- گۆڕان لە پاڵیوراوەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕەچاوبکرێت.

- نوێنەرایەتی نوێ لە ئۆپۆزسیۆن و کەسانی سەربەخۆ بێنە پێشەوە .

ئەمانە پێکەوە پێکهاتەیەکی نوێی پەرلەمان دروست بکەن و ئەوە بۆ نارازییەکان بسەلمێنرێتەوە کە هەر کەناڵە دەستوورییەکان دەتوانن گۆڕانی سیاسیی بکەن و نوێنەرایەتیکردن بەرفرە بکەن.

هێزە بڕیاردەرەکانی کوردستان ئەمڕۆ لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سیاسیی نوێدان. لێرەش قسە لەسەر تاقیکردنەوەی دیموکراسیی یان نوێکردنەوەی نەفەسی دیموکراسیی نییە بە ئەندازەی ئەوەی قسە لەسەر ژیری سیاسیی و تەگبیری عەقلانییە بۆ ئیدارەدانی وڵات و بەڕێکردنی پرۆسەی سیاسیی و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان کایە سیاسییە جیاجیاکانی حکومەت و نەیارە سیاسییەکانی. لێرەوەیە پرۆسەی فراوانکردنی نوێنەرایەتی ئەوەندەی بۆ قازانجی هێزە بڕیاردەرەکان و بۆ دەستەبەرکردنی جێگیریی سیاسیی و پێدانی وزەی درێژخایەنە بە ئەزموونی کوردستان ئەوەندە بۆ لایەنی مۆراڵی پەرەپێدانی دیموکراسیی نییە سەرەڕای بایەخی هەرە گەورەی ئەم لایەنە مۆراڵییە. مەبەستمانە بڵێین پێداچوونەوە بە میکانیزمی بەڕێوەبردن، فراوانکردنی نوێنەرایەتی و شەراکەت و بەشداریی سیاسیی ڕاستەقینە پێویستییەکی جددی مانەوەی هەموو دەسەڵات و قودرەتمەندییەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

## هەڵبژاردنی پاکژ

لە هەلومەرجێکی وادا دیسان بابەتێکی دیکەش مەودای مۆراڵی تێدەپەڕێنێ و دیوێکی واقیعی و عەقڵانی وەردەگرێت، ئەویش پێویستی هەڵبژاردنێکی پاکژ و تانەلێنەدراوە.

بێگومـان ئەم پێویـستییە بـۆ هەمـوو هەڵبژاردنێـک گـرنگە، بەڵام بـۆ هەڵبژاردنـی داهاتوو گەلێک گەلێک گرنگترە لەهی زەمانە و زەمینی تر. لەبەر:

- دۆخی ناوخۆیی، سەرەڕای دەسکەوتەکانی، بەهۆی ناکۆکی و زاڵبوونی کەلتووری حزبییەوە ڕێگربوو لەوەی لە دوو دەیەی ڕابوردوودا زیاتر لە دوو هەڵبـژاردن بکرێت بە جۆرێک نەریتێکی جێگیری هەڵبژاردن بچەسپێت.

- دامودەزگـا تەنفیزییەکـانی وڵات بەدەسـت هەردوو حزبـی دەسـەڵاتدارەوەن، بە دەزگاکـــانی پـــۆلیس و ئاســـایش و دەزگاکـــانی پەروەردە کە زۆری چـــاودێر و سەرپەرشتیارانی بنکەکانی دەنگدان لەوان دەبن.

لەوەش وردتر ئەم دەزگایانە لەناوچەکانی دوو ئیدارەی پێشوودا تا ئێستاش لەژێر هەژموونی یەک حزبدان کە حزبی دەسەڵاتداری پێشووی هەر ئیدارەیەکە.

- بەرپەرچـدانەوەیەکی تونـدی عیراقـی، هەرێمـی و تـاڕادەیەکیش نێـودەوڵەتی لە دژی کوردستان هەیە کە بیانووەمان پێدەگرێت.

ئەم هۆکارانە پێکەوە هەڵبژاردنی داهاتوو دەخەنە ژێر نەشتەری چاودێرییەوە کە دەبێ بە وردی ئامادەسازی سەرخستنی بکرێت و لە تانەو تەشـەری نەیاران دوور بخرێتەوە.

بێگومـان زەحـمەتە بەزوویـی چـارەی (بـێ لایەنـی) و (لایەنـداریی) دامودەزگـا تەنفیزییەکان بکرێت (ئەمە پرۆسەیەکی چاکسازی دوور مەودایە بۆ جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت) بۆ ئەوەی دەستەبەری هەڵبژاردنێکی دیموکراسیی بکەین، بەڵام دەکرێ بە فراوانکردنی بازنەی چاودێریی عیراقی، نێودەوڵەتی، بە یارمەتی لۆجستی نەتەوەیەکگرتووەکـان و دەرفەتـدان بە ڕوومـاڵکردنێکی چـالاکی میـدیا نـاوخۆیی و دەرەکییەکـان، بەرێنـوێنی تونـدی کۆمـسیۆنی هەڵبژاردنەکـان و زیـاتر لەوەش بە پەیماننـامەی شـەرەفی نێـوان یەکێتـی و پـارتی و پارتەکـانی حـوکمڕان، بەڵێنـی هەڵبژاردنێکی پاکژ بدرێ و ڕێوشوێنی پابەندبوون پێوەی مسۆگەر بکرێت.

هەڵبەتە ئێمە خەیاڵپڵاو نین کە پێمان وابێ سەد دەرسەد نەیارەکانی یەکێتی و پـارتی تـانە لە هەڵبـژاردنەکە نـادەن، بەڵام زامنکردنـی ئەو تەداروکاتـانە زیـاتر لە بیروڕای حزبە نەیارەکان و ئۆپۆزسیۆن، بیروڕای چاودێرانی دەرەوە مسۆگەر دەکات.

سەرەنجام هەقە هێزە بڕیاردەرەکان و لیستە ئیئتیلافییەکەیان دوای ئەولەویەتی بەدەسـتهێنانی زۆرتـرین ڕێـژەی کوردسـی پەرلەمـانی داهـاتوو، بـایەخ بە پـاکژی هەڵبژاردنەکە بدەن. بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییەکی پاکژ و بێگەرد ببەنەوە و لەبەردەم نەیارە سیاسییەکانیاندا شەرعیەتێکی جەماوەریی پایەدار نیشان بدەن.

1992/5/19

## یەکەم تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن

ساڵی 1992 ساڵی دەستپێکردنی یەکەمین ئەزموونی دیموکراسیی و هەڵبژاردن بوو، لە کوردستانی ڕزگاردا، چەند کیلۆمەترێک لەولای لولەی دەبابەیەکی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە میللەتێک بڕیاری دابوو ئیرادەی خۆی بخاتە کار. لیستی سەوز و لیستی زەرد بەجیا، لیسی ئیسلامییەکان، لیستی یەکگرتن، لیستی شیوعی و لیستی ئاشوورییەکان کە کۆتایان هەبوو. شەڕی دروشم و بەرنامەکانیان دەستپێکرد.

بڕیاربوو لە سەرەتای مایسدا هەڵبژاردنەکە بکرێت، بەڵام کێشەی مەرەکەبی دەنگدان کە پێویست بوو لە کارگەیەکی دەرەوەی وڵاتەوە دابین بکرێت سەری هەڵدا. هەموو گەلی کوردستان ترسی ئەوەیان لێ نیشت دوژمنانی کورد پیلانێکیان گیراپێت لەدژی هەڵبژاردن. بۆ ئەوەی نموونەی کورد لە بەرچاوی دونیا بخەن. سەرەنجام ڕۆژی 1992/5/19 هەڵبژاردنەکە کرا. سەرەڕای گلەیی لە تەزویر و گزی کردن، بەڵام جۆشوخرۆشی بەشداری لە یەکەم ئەزموونەدا تامی سەروەرییەکی نەتەوەیی گەورەی دەدا.

لەم هەڵبژاردنەدا (967229) دەنگدەر بۆ پڕکردنەوەی (105) کورسی پەرلەمان دەنگیاندا. لە حەوت لیستدا تەنها سێ لیست بردیانەوە.

لیستی زەرد (پارتی) 50 کورسی

لیستی سەوز (یەکێتی و زەحمەتکێشان) 50 کورسی

لیستی کۆتای مەسیحییەکان 5 کورسی

چوار لیستی تر لەبەر ئەوەی ڕێژەی (7%)یان بەدەست نەهێنا لە کایەکە کرانە دەرەوە.

## (2005/12/15) لەگەڵ حەشری عیراقدا

ساڵی (2005) لە کوردستان فیستڤاڵی هەڵبژاردنەکان بوو، سێ هەڵبژاردن لەیەک کاتدا بەڕێوەچوو، ڕۆژی (2005/12/15) هەڵبژاردنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق بەرپاکرا.

(1753919) دەنگدەر کە هەزارانیان کچ و کوڕی گەنج بوون و تازە مافی هەڵبژاردنیان بەدەستهێنابوو، دەنگیان بۆ پڕکردنەوەی (111) کورسی دا. لە کۆی (13) لیستی بەشداری ململانێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەمانە بردیانەوە:

- لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان: (یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو و شیوعی و لایەنگرەکانیان) (104) کورسی.

- لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی (6) کورسی.

- لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان (1) کورسی.

ئەگەرچی لە سەروبەندی ئەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی گلەیی زۆری لە ئەدائی ئیداری و سیاسیی دەسەڵاتی کوردستان هەبوو، بەڵام لەبەر بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانی کورد لە عیراقی تازەدا تینوتاوی بەشداریکردن لە دەنگدان بەرگێکی نەتەوەیی لەخۆگرت، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر چی لە یەک ڕۆژ لەگەڵ ئەوی عیراق کرا، بەڵام دەرفەتێکی چاکیش بوو بۆ نوێکردنەوەیەکی سنوورداری نوێنەرایەتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دوای زەمەنێکی زۆر لە دابڕانی سیاسیی، لە دوو ئیدارەیی و نەبوونی بۆنەی هەڵبژاردن.

پەرلەمانی نوێ لە چاو ئەوی یەکەم بزێوتر و هەمەڕەنگتربوو، حکومەتی کوردستانیش یەکی گرتەوە.

ئایا پەرلەمانی داهاتوو چۆن دەبێ و حکومەتی داهاتوو دەتوانێت ئاسەواری دوو ئیدارەیی چارە بکات.

# کەرکوک لەنێوان بایدن و ئەندۆرادا*

بەگوێرەی چەند دەرکەوتێک کەرکوک جارێکی تر بۆتەوە چەقی وێستگە سیاسییەکانی عیراق. بۆیە جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی سەردانەکەی بۆ عیراق کەرکوکی کردە وێستگەی خۆی و لەگەڵا پێکهاتەکانی ئەو شارەدا بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد. ئەگەرچی تائێستا هیچ پەیامێکی پشت هاتنەکەی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام هاتنی بایدن کە لە کێشە ئەتنیکییەکانی عیراق شارەزایە دەروازەی پەیڕەو نەکراو لە پرسی کەرکوک دەکەنەوە.

بایەخدانی ئیدارەی بوش بە کەرکوک شتێکی نامۆ نەبوو، ئێستاش ئیدارەی نوێ دەورانی خۆی بە سەردانی کەرکوک دەست پێبکات، دیسانەوە بایەخی ئەو شارە لە رۆژەقی سیاسەتی ئەمساڵی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەردەخات.

### بایدن چی بۆ کەرکوک پەسەند دەکات؟

جۆزیف بایدن لە ململانێی سیاسەتی سەرۆک بوشدا، تێزی عیراقی سێ هەرێمی خاوەن فیدراڵییەکی بەرفراوانی خستەڕوو، راستە بیرکردنەوەی ئەوەی لە بەرپرسیارێتییە جیاوازە لە بیرکردنەوەی ئەوی لە دەرەوەی پۆستە. بەڵام راستتر لەوەش، ئەوەیە بایدن حاشای لە رابردووە "دابەشکارییەکەی" خۆی نەکردووە. ئەوساڵە سیناتۆر بایدن بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەزگای تەشریعی وڵاتی خۆی بوو، ئێستاش جێگری ئۆبامایە. بۆ کەسێک لە سەنگی سیناتۆری ئەمریکایی بگات روونە کە ئەوساش بێدەسەڵات نەبوو، بەڵام ئێستا بوارێکی فراوانتری لەپێشە بۆ پیادەکردنی تێزەکانی بەتایبەتی کە دەگوترێ سەرۆک ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەدا، هیچ نەبێ لەوی بەرامبەر عیراق پەیڕەو دەکرێت، کاغەزێکی سپییەو چاوەڕێی نەخشی جێگرەکەیەتی.

---

* گۆڤاری هەفتانە – ساڵی 2009.

خانم رایس وەزیری دەرەوەی بوش داوای لە کەرکوکییەکان کرد پشت لە مێژوو بکەن. کەرکوکییەکان بەقسەیان کرد و هەندێک "راستی تاڵ"ی ئەمڕۆیان پەسەند کردووە. ئێستا ماقووڵا نییە ئەم خەیاڵا دەوڵەمەندەی تێزی بۆ گشت عیراق پێیە شتێکی پێ نەبێت بۆ (عیراقە بچکۆڵە)؟

لە دوو دەیەی رابردوودا وا کــــەوتەوە کۆمارییەکان سیاسەتی رادیکاڵی لە عیراق بگرنەبەرو دیموکراتەکان جێگیری پێ بدەن (بوشی باوک ناوچەی ئارامی بــۆ کورد کــرد، کــلنتۆن (8) ســاڵا ئەو نــاوچە ئــارامەی دابــین کــرد)، ئێــستاش کــاتێتی دیموکراتەکان جێگیری بە وەرچەرخانی سیاسەتی بوشی کوڕ بدەن کە عیراقی لە دیکتاتۆری دەرباز کرد.

راستە نابێ کەرکوکییەکان ببنە دیلی مێژوو، بەڵام ئەمریکاییەکان د.فوئاد عەجمی وتەنی: خۆشیان خولیای مێژوویان هەیە و ئەدەبیاتی سیاسییان گەلێکجار مێژووی سیاسیی دونیا و ئیمپراتۆریا گەورەکان بۆ لێکدانەوەی نوێ تەوزیف دەکەن. بۆیە لە رۆژەڤی هاتنی بایدن بۆ تێگەیشتن لە تەنگژەی "عیراقە بچوکەکە"، مێژوو بەتەوژمێکی زۆرەوە لەبەردەرگای ئێستای کەرکوک وەستاوە و داوادەکات لە دوارۆژی شارەکەدا سەنگی ئەویش رەچاو بکرێت. بەتایبەتی کە مێژووی راستییەکانی کەرکوک لەم ماوەیەدا دەستپێشخەری زۆری کرد بۆ نزیککەوتنەوە لە واقیعی فرەڕەنگی کەرکوک، سەردانەکانی سەرۆک کۆمار بۆ پایتەختی ناوچەکانی جێی ململانێ کەشێکی لەباری بۆ سیاسەتێکی نوێ کردەوە کە پێکهاتەکان لەسەر ئەمڕۆی شارەکەیان، لەبواری پێکەوەژیان، کۆک بن با لەسەر رابردوو ئایندەشی، ناکۆک بن.

ئەگەر لە دۆخێکی وادا بایدن بیری تیژ بکاتەوە و راپۆرتی خۆی بۆ سەرۆکی هەڵبژێردراو بەدیتنی ئەو راستییانە و پێشنیازکردنی تێزی جێگیری دیموکراتەکان دەوڵەمەند بکات بە دووری نازانین باسی کەرکوک گڕوتینێکی تازە بەخۆیەوە ببینێ.

## عیراقییەکی تریش بیر دەکاتەوە

هاوتای ئەم بزاوتە ئەمریکییە، بزاوتە مام جەلالییەی ماوەی رابردوو، عیراقییەکی تریش بیری خۆی تیژکردۆتەوە و هەوڵدەدا لە کەرکوک نزیک بێتەوە. ئەو عیراقییە د.عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری وڵاتە. عەبدولمەهدی لە دوو دیداری ماوە جیاوازی ئاسۆو هەفتانەدا بیروڕای جیاواز، بەڵام جێی مشتومڕی خستە بەردەم نقیسکارەکانی دەزگای خەندانەوە. لە یەکەمیاندا وتی لە چارەسەری

کەرکوکدا نابێ تەنیا دیلی مێژوو بین‌و لەهی دووەمیاندا وتی: هەندێک تەنگژەی عیراق، لەوانە تەنگژەی کەرکوک، نیشانەی تەنگژە نییە، بەڵکو وردەوردە دۆخی وڵات باش دەبێ و پێویستە دەست بۆ دۆسێ گەرمە هەڵپەسێردراوەکان ببەین. عەبدولمەهدی پێیوایە هەرچارەسەرێک بۆ کەرکوک مافی لایەنێک فەرامۆش بکات، ئەو چارەسەرە درێژە ناکێشێ. لەدوو دیداری ئەم دواییەشدا پێشنیازی نموونەی (ئەندۆرا)ی کرد. ئەندۆرا ئەمارەتێکی هاوبەشە لەنێوان فەرەنسا و ئیسپانیا، لەناو خاکی فەرەنسایە، بەڵام سەرۆکی فەرەنسا و حاکمی ئاینی هەرێمی ئیسپانیا لە سەرووی حاکمی ئەمارەتەکەوە بەرپرسن.

لەم نموونەیەدا عەبدولمەهدی وەک ئەمریکاییەکانی کرد کە داوای دوورکەوتنەوە لە مێژوو دەکات، بەڵام زۆری پێناچێ خۆشی هەر مێژوو تەوزیف دەکاتەوە. ئەمەشیان خۆی لەخۆیدا کارێکی سەلبی نییە مادام خاوەنەکەی هاندەدات بیربکاتەوە. رەنگە عەبدولمەهدی تاقە عەرەبی عیراقی بێت کە لە رووی فیکرییەوە خۆی بۆ کەرکوک ماندوو دەکات و دەیەوێت بیروڕایەکی عیراقییانە بڵێت کە تائێستا جیاواز لە کورد عیراقییەکانی تر زۆر خەمیان نەبووە بیر لە مەسەلەی کەرکوک بکەنەوە.

وەک سەرکردەیەکی شیعە د.عادل عەبدولمەهدی زۆر کارەکتەری دیکەی شیعەی تێپەڕاندووە، لەوانەش د.جەعفەری و نوری مالکی دوو سەرۆک وەزیرانی لە سەریەک کە بیروڕای زۆر کرچوکاڵیان لەسەر کەرکوک هەیە و بەلای عروبەییەکی سادەو ساکاردا دای دەشکێنن.

### بەڵام کەرکوک ئەندۆرا نییە؟

د.عەبدولمەهدی لە بیرکردنەوەی کەرکوکدا بە دوو ئاراستە دەڕوات: ئاراستەیەکی هەستی کوردستانیی دەبزوێنێت کاتێک تێگەیشتنی خۆی بۆ داوای مێژوویی لە کەرکوکێکی کوردستانیدا رەچاو دەکات و لەهەمانکاتدا خەمە عەرەبییەکان و خولیای دەوڵەتداریی عیراقیش رەچاو دەکات. بۆیە دەڵێ (دەکرێ بەشێک بێت لە کوردستان، بەڵام قەوارەیەکی تایبەتی هەبێ و حکومەتی ئیتیحادیش بەشداربێت لە ئیدارەدانی)، لێرەوەیە نموونەی ئەندۆرا دەگێڕێتەوە. عەبدولمەهدی ماوەیەکی زۆر لە فەرەنسا ژیاوە و خراپ نییە کە دیتن و خوێندنەوەکانی خۆی وەک بیرمەندێک‌و کارەکتەرێکی سیاسیی لە مەنفای فەرەنسا ژیاو لە پرسە عیراقییە ئاڵۆزەکاندا بخاتەکار. بەتایبەتی کە ماشەڵڵای لێبێت ئەدەبیاتی سیاسیی عیراق لە

خوێنـدنەوەی رەهەنـدە جیاجیاکـانی تەنـگەژە عیراقییەکانـدا زۆر هەژارو بەلەنگـازە. هێنانەوەی نموونەی خەواجەکان بـۆ چارەسـەر عەیبی نییە. پێش عەبدولمەهدی بە چەندین دەیە، لەسەرەتاکانی سەدەی رابردوودا، ئەسیری شاعیری نەتەوەیی کورد لە باسـکردنی خـاکی کوردسـتاندا نمـوونەی کێـشەی ئەلـزاس‌و لـۆرینی هێنـاوەتەوە کە ئەوانیش کەرکوک و خانەقینی نێوان فەرەنسایی و ئەڵمانەکان بوون.

زۆریش ئاساییە ئەگەر پرسی کەرکوک چارەسەر ببێت نموونەی چارەسـەرەکەی ببێـتە قیبلەنومـا بـۆ ناوچەکـانی ململانـێ لە زۆر شـوێنی دونیـادا وەک چـۆن بۆسـنیا، کۆسـۆڤۆو جنـوبی ئەفەریقـا بـوونەتە نمـوونە بـۆ پەنـدوەرگرتن، بەڵام ناسـاندن و چارەسەرییەکان هەرچۆنێک بێت نابێ لە بیرمان بچێت کەرکوک هەر بە نموونەی کەرکوک دەمێنێتەوە و چارەسەرەکەشی دەبێ چارەسەرێکی کەرکوکییانە بێت.

بۆیە لە گفتوگۆمان لەگەڵا زۆر لە چالاکوانەکانی پرسی کەرکوک ئەو ئارەزووەمان بینی کە پێویستە کورد بەروانین و هەستێکی کراوەوە پێشوازی لەهەر تێزێک بکات کە بە راسـتگۆیی دەخوازێـت لە پرسـی کەرکـوک نزیـک ببێـتەوە جـا ئیتـر تێـزەکە بایدنی بێت یان عادلی، ئەلزاسی و لۆرین بێت یـان هـی ئەندۆرا (کە لەم ژمارەیەدا ئەم شوێنە بناسەمان بۆ تەرخان کردووە). گرنگ ئەوەیە ئێستا بیرکردنەوە هەیە لە چارەسەر، شتێک کەچەندین ساڵە کورد داوای دەکات. شەریکەکانی کورد لە عیـراق و لە کەرکوکدا دەتوانن بیرۆکەکانیان بێننە سەرمێزی گفتوگۆ لەگەڵا کورد، ئێمەش خۆمان لەبیرمـان بێـت، چـونکە چەنـدین دەیە بیـر لە پرسی کەرکوک دەکەیـنەوە و خەباتی بـۆ دەکەیـن، هەمیـشە تێـزی کوردسـتانیی تێزێکـی دەوڵەمەنـدە. لەبەر ئەوەی تێـزێکە ئەزمـوونی مێـژووی لەبەرچـاوە و بـۆ ئێـستاش دەوڵەمەنـدتری دەکـات تـا لە چارەسەرێکی ئایندەیی نزیک ببێتەوە.

# ئەم وڵاتە پێناسە بکەنەوە؟*

ئەوەی پێنج ساڵە پرۆسەی سیاسیی لە عیراق پێویستی پێیەتی. جارێکی تر سەریهەڵداوەتەوە. ڕێککەوتن لەسەر ناساندنەوەی دەوڵەتی عیراق بەو جۆرەی ئیتر بە یەکجارەکی دەرگا بە ڕووی ناکۆکی بونیادیدا دابخرێت. دەڵێم "بونیادی"، چونکە نەک لە عیراق، بەڵکو لە پرۆسەی سیاسیی هەموو دونیادا بەشی ئەوە ناکۆکی دەمێنێت کە ببێتە سووتەمەنی هەڵسوڕانی پرۆسەی سیاسیی و پەک نەکەوتنی. ئەوی لە عیراق ڕوودەدات، گرفتێکی بونیادییە بە موجامەلە و ئەملاولا ماچکردن، خاتر خاترێنە، لێدوان و پەشیمانبوونەوە، هەڕەشە و ڕوونکردنەوەی پێچەوانە چارە نابێت. پێنج ساڵە پرۆسەی سیاسیی لە عیراق لە گرێیەکی جومگەییدا گیریخواردووە و داوای وەڵام لە عیراقییەکان دەکات.

چۆن پێناسەی ئەم دەوڵەتە دەکرێتەوە؟ هەموو کارەکتەرەکانی ئەم شانۆیە: لە کورد و عەرەب و گروپە نەتەوەییەکانی دیکە لەسەر گۆڕەپانەکەن. عەرەب هەر شیعە و سوننەکەی سەرەتای دامەزراندنی ئەم مەملەکەتەن، کورد هەمان خەمی کوردستانیی لە کۆڵ ناوە.

تورکمانیش هەمان ئەو کارەکتەرەن نە کورد تەفاهومیان لەگەڵ دەکات، نە خۆیان مەبەستیان تەفاهومە لەگەڵ کورد، نە تورکیا هیچی بۆ کردوون و نە عەرەبیش هیچیان بۆ دەکات، دوای ئەوەی بەگژ کوردیاندا دەکەن.

دەوڵەتە ئیقلیمییەکانیش هەمان کارەکتەرەکانی جارانن. ئێران و تورکیا جۆرە عیراقێکیان دەوێت گرفتە بونیادییەکەی چارەسەر نەبێت. لەولاشەوە تەیاری عروبە لە "جەعجەعە بیلا تەحین"نەکەی خۆی ناکەوێت. نە دەستبەرداری ناسنامە بەرتەسکە عروبییەکەی عیراق دەبێت و نە ئامادەی ئاشتبوونەوەیەکی مێژوویيە لەگەڵ کورد کە لە ئاستی "کوێخایەتی" خۆیان بێت. دەوڵەتانی میانڕەوی عەرەبی، میانڕەوی کورد تەنها بەوە تێدەگەن دەستبەرداری کەرکوک و ناسنامەی کوردستانێتی خۆی بێت.

* گۆڤاری هەفتانە.

دەوڵەتــانی ناسیونالیــستییان دنەی یــادەوەرییە نەتەوەییەکــانی ســوننە دەدەن و لێنـاگەڕێن ئەمـانە وەک خۆیـان هەن بیـربکەنەوە. دەزانـم تورکیـا لە سـایەی داد و گەشەپێداندا ڕووی لە گۆڕانە، بەڵام ئەم گۆڕانە چەن پەلەبێت ناگاتە ئاستی پەلەیـی گۆڕانەکان لە نـاوچەکە و تێری پێویستییەکانی کـورد و عیراقـی دیمـوکراتی ناکات. ئێمە لەم دەرکەوتە زەمەنییەدا بەری گۆڕانەکەی تورکیامان گەرەکە. دوای بڕانەوەی هەموو شتێک گۆڕانی تورکیا بەکەڵکی ئەم ساتە چارەنووسسازەی کوردستانی باشوور نایەت، خوابکەم بەکەڵکی پسمامەکانمان بێت لە دیاربەکر و دەستە خوشکەکانی.

ئێـران دەوڵەتـێکە لە بەفیرۆدانـی ڕەنـج و قوربانیـدان، هـی خـۆی و هـی دراوسـێ کوردەکانی، هەمان ڕیتمی سیاسەتی جاران کە هیچی تیابەسەر نەبوو بۆ ئێران و بۆ کـوردی باشـوور و خەریـکە بڵـێم بـۆ حکـومەتی تـارانیش لە "شـا"وە تـا ڕێـزدار د.ئەحمەدی نەژاد.

## ئەوی ئەمەریکا و دەستە خوشکەکانی

ئەمریکا گەورەترین نەبەردی لە تەواوی مێژوویی خۆیدا تۆمارکرد. ئێستانا ڕەنگە چەند نەوەیەکی تری ئەمریکاییەکان بزانن وەرچەرخـان لە لابردنـی سـەدام حسێن، زۆر گەورەترە لە شەڕی سەربەخۆیی و جاڕدانی یەکێتی فیدراڵی نێوان ویلایەتەکان. گەورەترە لە هەموو ڕووداوە گەورە و گچکەکانی مێژووی زلهێزترین وڵاتی دونیا. ئەو قوربـانییەی کچـان و کوڕانی ئەمەریکا لە نەبەردی ڕامـاڵینی سـەدامدا داویـانە، هـی ئەوە بـوو ئەمەریکـا بە ڕاسـتە و پڕگـاڵ، بە دەرزی ئـاژنکردن سیاسـەتی لە عیـراق بکـردایە، تـا ئەم هەمـوو خـوێنە بەفیـڕۆ نەڕوات، بەڵام ئەوی خـوێن ئـاوی دەدا سیاسەتی بێباکی و گوێنەگرتن لە دۆستەکان سیسی دەکاتەوە.

ئیدارەی ئەمەریکا ئیدارەی دەوڵەتێکی سەنگین و گەورەیە، هەم پێیەوە دیـار نییە و هەم بەسەر خۆشیدا نایهێنێت دەنا ئەم دۆخە چەقبەستووەی ڕێککەوتنی عیـراق، ئەمەریکای گیرۆدەی دەستی مـالیکی سـەرۆک وەزیـران کـردووە بەسـەر قەتەریـشدا نەهاتووە.

پیاوێک بڕیاری ئازایانەی سەرۆک بوش هێناویەتییە سەرتەخت و تاج و گروپێک قوربانی خوێنی سەربازەکان و قوربانی مـاددی باجـدەری ئەمەریکایی کردوویەتی بە ڕێبەر، ئاوەها بێ منەتانە و سپڵەییەوە مامەڵە بکات.

ئێـستا دیپلۆماتەکـانی ئەمەریکـا بەدەسـتییەوە گیریـان خـواردووە، بەو حاڵەشـەوە ئەمەریکا لە کێ بپرسێ؟ لە بریتانیـای هاوپەیمـانی کە ئەگەر لە هـاتنی یەکەمیـدا بـۆ

عیراق (سەرەتاکانی سەدەی بیست) کارەکانی تەواوبکردبایە و ئەم عیراقەی، وەکو هەر دروستیکرد، بەوجۆرە دروستبکردبایە کە هەموو لایەکی دابین بوایە، پێویستی بە هاتنی دووەم (هاتنی خۆی و ئەمەریکا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمین) نەدەکرد؟ ئەم ئۆینە ئۆینێکی بریتانییەکانە، هی مسز بێل و فەیسەڵی یەکەمە کە بۆ "عیراقییە تازەکان"ی بە میرات جێهێشتووە (دەک بە میراتیان بێت).

کارەکتەرەکان هەمان کارەکتەرەکانن و شانۆکەش هەمان تەخت و پەردە و شانۆیە. سەربەخۆی کوردیان جڵەو کرد و هانیاندا لە عیراقدا بە دوای قەوارەدا بگەڕێت.

ئینجا قەوارەیان پێچایەوە و بەیتوبالۆرەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی کوردیان یەکسان کرد بە مافی نەتەوەیی. تا نوری (مەبەست نوری سەعیدە نەک نوری مالیکی) خۆی گرتەوە و کوردیش کرایە قوربانیی سیاسەتی ڕۆژهەلات ئیستبدادی و ڕۆژئاوای دلڕەق و بێباک.

شایەدەکان هەموویان ماون و زیندوون

شێخ بەو داخەوە مرد و مەلا مستەفای بارزانیش بەو خەفەتەوە مەنفای هەڵبژارد. شایەدەکان ماون.

دنەی دەوڵەتی ئیستبدادی ڕۆژهەلاتی بدەیت وەکو مار پێتەوە دەدات. قەوامو سەڵتەنە و ئەتاتۆرک وایان کرد و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا سەدام بووە کەڵەگای کەنداو.

شایەدەکان ماون: نەتەوەی سەردەست هەتا پێیکرا گیرفانی ئینگلیزی تەکاند و ئینجا کوردی بە پیاوی ئینگلیز ناوزەد کرد. شایەدەکان ماون نەتەوەی سەردەست یانی "عیراقییە تازەکان" هەتا توانی باخەڵی ئەمەریکا گەڕیا، ئینجا کوردی لە دانوستاندنەکان دوورخستەوە، نەکا بنکەی سەربازی ئەمەریکایان لە کوردستان بوێت.

****

بەسەرشانی ئەمەریکا و کورددا گەڕانەوە بەغدا، ئێستاش یاتاخ و کەلوپەلەکانیان لە ماڵە مەنفاکانیان لە کوردستان ماون و کەس نانێرن بوخچەکانیان کۆبکاتەوە، کەچی کە باسکیان ئەستوور بوو، لاسایی سوپا هەڵوەشاوەکە دەکەنەوە.

کەس ئەم وێنانە وەکو خۆی نابینێت: دۆستەکانمان هەر ئەوە ماوە دەست لە کاروباری خوا وەربدەن و بە کورد بڵێن توخوا کورد مەبە.

وادەزانن تەنازولکردن بە کورد کەفوکوڵی عیراقییە تازەکان دادەمرکێنێت.

هەموو لەسەر حیسابی کورد دەیانەوێت کێشەکان چارەبکرێت، هەموو دەیانەوێت وا لە کـورد بگەیەنێـنن سیاسـەتی عەقڵانیـی، سیاسـەتی ژێـر و مـۆدێرن ئەوەیە دەسـتبەرداری کەرکـوک بێـت، لە دەسـتوور بـێ ئومێـد بیـت و تێبگەیـت دونیـا دارستانێکی چڕی بەرژەوەندییە نارەواکانە.

هەندێک لە میـدیاکانی رۆژئاوا، ئەوانەی لە کیمیابارانی هەڵەبجە بێدەنگ بـوون، چـونکە وەکـو میـدیایەکی "سـەربەخۆ" بەرژەوەنـدی لە دەوڵەتەکانیـان لە بێدەگیـدا دەبینییەوە، هەندێک لە میدیاکانی ڕۆژئاوا ئەوانەی دواتر پەشیمان بوونەوە و کەوتنە پشتگیریمان تا سەدامیان لەگەڵ بـڕوخێنین، چـونکە ئێستا دەیانەوێت دەستبەرداری کەرکـوک بـین لەجێـی ئەوەی هاوکاریمـان بـکەن لە چارەسـەری گەنـدەڵیی و کەموکوڕییەکانیانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەمانە دەکەنە دەسکەلایان تا لە کەرکوک بێبەشـمان بـکەن. ئەمەش وەکـو جـاران بەنـاوی میـدیای سـەربەخۆوە، بە نـاوی دۆستایەتی بۆ سیاسـەتێکی عەقڵانـی کـورد دەکەن. ئەمـانە لە کەوڵکردنـی هیواکـانی کــورددا بەشــدارن و ئەگەر وا بــڕۆن کــوردایەتی بــۆ ســەنگەرێکی هاوشــێوەی سەنگەربەندی ناسیونالیستی ناوچەکە پاڵپێوە دەنێن یانی سـەنگەرێکی نادیموکراتی، تەنگنەزەر، چـونکە ئەم پاڵپێوەنانە دەریـدەخات کوردایەتییەکی کراوە و دیمـوکرات، کــوردایەتییەک هەم کــار بــۆ چارەســەری کێــشە ناوخۆییەکــانی بکــات و هەم دەستبەرداری داوا ڕەواکانی نەبێت، کوردایەتییەکی پێشوازی لێکراو نییە لەم دونیا سیاسییە دوو ڕەوەدا، ئەمانە تێکۆشانی کورد بە ماڵە باجێنە تێدەگەن نەک تۆمارێکی خوێنــاوی کە تێیــدا نووســراوە (بــۆیە ســەربڕام، چــونکە داوای کەرکــوک دەکەم. لەبەرئەوەی داوای کەرکوک ناکەم، چـونکە سـەربڕاوم)، پێیـانوایە کەموکورتییەکانی سـەرکردایەتی لە بـواری ئیـدارە یـان جیـاوازی سیاسـەتەکاندا یـانی شـەرعیەتدان بە سیاسەتی دەستەمۆیی و سەرکزی کورد.

وێنەکە لە بەرچاوە: ئەگەر ئەم گرفتە بونیادییە چارە نەکرێت کە چۆن دەوڵەتـی عیـراق پێناسـە دەکـرێتەوە کە دەبێـت دەوڵەتـی هەمـوو عیراقییەکـان بێـت و ئەم پێناسەکردنەوەیە لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدارێتی عیراقدا ڕەنگبداتەوە، جارێکی تــر یــانی لە کۆتــایی ســەدەی بیــستویەکەمیندا لەوانەیە دەوڵەتێکــی زلهێــزی تــر هاوشێوەی بریتانیای سەدەی بیست و ئەمەریکای سەدەی بیست و یەکەمین ناچار بێت هێز بۆ گیانی عیراق کۆبکاتەوە.

من بۆ ئەو کاتە پێشنیاز دەکەم کوردەکانی کۆتایی سەدە ئەم دەستەواژەیە بڵێنەوە (دەستی لێ مەدەن با ئاوارە بێت).

دەستی لێ مەدەن ئەمانە خۆیان ئارەزوویان لێیە هەروا سەرگەردان بێت.

ئەوەی دەتوانێت نەهێڵێت سەد ساڵی تر ئەم هەڵانە دووبارە بێتەوە ئەمەریکا و عیراقییە عەرەبەکانن.

ئەوان دەتوانن کۆشش و سیاسەتەکان بۆ ئاوەدانی و ئازادی بخەنە کار، لەجێی ئەوەی سەرگەردانی و ئاژاوە ناونیشانی هەمیشەیی دەوڵەتی عیراق بێت.

ڕەنگە بڵێن ئەی کورد، کورد قەرزاری کەس نییە؟ تەنها قەرزاری خۆیەتی؟ کوردەکان لەناو خۆیاندا قەرزاری یەکترن. قەرزاری ئەوەن بیانووی دوو ڕووەکانی سیاسەتی جیهانی ببڕن تەنها سیاسەتێکی ناوخۆیی ڕەوا و دیموکرات و دادپەروەرانە دەتوانێت سیاسەتێکی دەرەکی ڕەوا و دیموکرات و دادپەروەرانە و لە هەمانکاتدا شیلگیرانە و پێداگر دروست بکات.

با ئەمە بکەین بۆ خۆمان (بۆ شەهید و زیندووەکانمان) و تەنانەت بۆ عیراقییەکان و بۆ قوربانی ئەو سەربازانەی سەرۆک بوش ناردنی تا بۆ هەتاهەتایە لە ستەم و دیکتاتۆریی ڕزگارمان بێت.

# بەدامێنی چارەی گرفتەکانی کوردستانەوە*

هەمووشتێک لەسەر نەخشەی سیاسیی کوردستان تەواو و بێگەردە. بنەماکان جێگیرن، دەستوورێک هەیە پێکهاتەی کوردستان دەپارێزێ‌و ڕێگای چارەسەری کێشە چارەسەر نەکراوەکانیشی داناوە. لە کوردستانیش وا هەنگاو دەنێین کە دەستوورێکی کوردستانییمان هەبێت. حکومەتمان هەیە، پەرلەمان هەیە کە بەڵێنی پێداوین ساڵی داهاتوو هەڵبـژاردن بکاتەوە، یانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش دەیەوێ سەردەربێنێت. بوودجەیەکی مفتمان هەیە لە بەغداوە دێت. چ لە عیراقەوەو چ لە دراوسێکانەوە بێت، ئەم بودجەیە وایکردووە هەموو لایەک چاو لە قەدەغە سیاسییەکان بپۆشن و لەچاو جاران گەمارۆی ئابووریشمان لەسەر تەنک بۆتەوە.

**ئەی کە وابێ لە چیمان کەمە؟**

لەوەمان کەمە ئەم نەخشەیە لە ئاسمانەوە گیراوە. بە باڵی فڕۆکە و دیتنی سەرپێی زوومی کامێرای خراوەتەسەر. تا فڕۆکە لە نیشتنەوە نزیک دەبێت درز و کەلێنەکان باشتر دەردەکەون. بە نەفەسێکی ئۆپۆزسیۆن نانووسم نەک لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن بوون عەیبە یان دەستوور قەدەغەی کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەمە کایەی کاری سەرەکی ڕۆژنامەڤانی نییە. تاقیگەی ڕۆژنامەڤانی لەباری دایە هەموو توخمەکان بە حکومەتەکان و دەسەڵاتەکانەوە بخاتەژێر میکرۆسکۆبی هەڵسەنگاندنەوە. ئیمتیازی وا سەد دەزگاو دایەرەی دەوڵەتداریی، سەد سەکۆی بەرهەڵستکاری بە فیدای بێت.

جا کە وێنەکە لە نزیکەوە درزەکان دەردەخات، دەتوانین بپرسین داخۆ نەریتی سیاسیی لە کوردستاندا دەستووریی عیراق هەڵیدەسورێنێ یان «پێوەرەکانی شۆڕش»؟ مەسەلەکە ئەو کاتە ڕووندەبێتەوە کە ڕێڕەوی دەستاو دەستکردنەکە چاودێری بکەن. کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراتی عیراق بۆ دەستوور خەباتی کردووە. دەستوور بەری ڕەنجی ئەم دووانەیە لە خەباتدا، بەڵام ئەوی لە دەستووردا

---

* گۆڤاری هەفتانە.

هاتووە وەکو ماف‌و ئەرک ئیتر هی دەستوورەو منەتی کەسی بەسەرەوە نامێنێت. پێداگری لەسەر دەق‌و ناوەڕۆکی دەستوور، چ لە مافە نەتەوەییەکان لە هەمبەر بەغدا و چ لە مافە کەسییەکان (ئازادی، مافی رۆشنبیری، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی) لەناو کوردستاندا، هەم ویستێکی رەوایە ،هەم وەفاداریيە بۆ ئەو رەنجەی لە کوردایەتی‌و دیموکراتیدا بە خەسار دراوە و بەرهەمەکەی «دەستوور»ە، بەڵام ئیتر دەبێ دەستوور (بە عیراقی‌و کوردستانییەوە) ناوبژیوان بێت بۆ ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان خۆیان‌و لەبەرامبەر دەزگای دەوڵەتدا. چیتر نابێ داموو دەزگاکانی کوردایەتی بۆ کوردستان، یان عیراقێتی بۆ تێکڕای عیراق، ناوبژیوانی ناکۆکییەکان بێت. دەستوور دەبێ قەولی فەسڵی پێ بێت.

ئێستا جێی خۆیەتی بپرسین دەستوور لەکوێی رەوتی ژیانی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیدا جێبەجێ دەبێت؟ بۆ کوردستانییان دەستوور تەنها دەستووری «مافە نەتەوەییەکان» نییە، بەڵکو دەبێ دەستووری مافە کەسییەکانیش بێت. ئەمڕۆ ماددەی 140 لە دەستووری عیراق ماددەی زێڕینی ویستە نەتەوەییەکانە، بەڵام ماددەکانی ترو ،دەیان ماددەی دیکەی دەستووریی بەڕێوەی کوردستانیش، بەدەوری خۆیان ماددەی زێڕینن بۆ تاک‌و گرووپەکان. بۆیە دەبێ تۆزی فەرامۆشییان لەسەر لابەین، پیادەیان بکەین تا رەنج‌و قوربانییەکانی پێشوو بەهەدەر نەڕۆن.

### لەسەر زەمینی واقیع

باسەکە لەڕووی پرەنسیپەوە عەیبی نییە، بەڵێ دەستوورەو جێبەجێی دەکەین! بەڵام لەسەر زەمینی واقیع وا نییە، لێرە ئەم ئازادییەی هەیە تەنها وەک بەری تێکۆشان نازی دەکێشرێت، نەک وەک بەری دەستوور کە بەری تێکۆشانە. مەسەلەکە وەک فیڵێکی زمانەوانی دێتە بەرچاو، بەڵام ئەو دیدەی ئەم دەستەواژەیەی داڕشتووە مەبەستێتی گوزارشت لە واقیعێک بکات: واقیعی منەتباری بە کەمترین دەستمایەی ئیجابی کە هەبێت. بێگومان کەس لاری لەوە نییە هەموو دەستوورێک ، بۆ جێبەجێکردن، ژینگەیەکی لەباری دەوێت. زۆر وڵات دەستوورو یاساو رێسایان هەیە، بەڵام لە چەکمەجەدا هەڵگیراوە، چونکە ژینگەی جێبەجێ کردنیان لەبار نییە. دیارە بۆ ئێمە کە خواستی رەوامان زۆرە لە یەکەم هەڵسەنگاندندا بەو وڵاتانە دەڵێین هەر خۆیان بەخۆیان بن‌و نەبنە نموونە بۆ کەس،

له دووەم هەڵسەنگاندنیشدا دەڵێین داخۆ ژینگەیان لەبار نییە چونکە گەشەیان کزە؟ یان کارەکتەرەکانیان پاشقوڵ لە دەستوور دەگرن؟

ئەگەر گرفتی کوردستان کزی گەشەکردن بێت ئەوا خاڵی دەستپێکردن هەیە: تینووتاو بدەینە بەر جێبەجێکردنی دەستوور و ئەگەریش مەیلی پاشقوڵگرتن هەیە، ئەوا دیسان خاڵی دەسپێک هەیە: کە دیسانەوە تینووتاو بدەینەبەر جێبەجێکردنی دەستوور! ئەمەش لەوەوە دەستپێدەکات تا دەستووری کوردستان دێت، تەرجەمەی کوردی دەستووری عیراق لە چاککردنی رەوشی کوردەواریدا بکرێتە مەرج، راستە بەغدا پڕبووە لە شۆڤێنی، بەڵام یاسای هاتوچۆو یاساکانی گوزەرانو مافەکانی تاکەکەس لە بەغداو نەجەف، بۆ هەولێر و سلێمانیش دەستدەدەن! ئێمە لەم وتارەدا قسەمان لەسەر دەستوورێک بۆ مافی تاکەکان کردووە، دوای زەمەنێکی دوورودرێژی چڕکردنەوەی دەستوور لەمیانەی مافە نەتەوەییەکاندا، ئێستا دەتوانین بێژین دەستوور دەتوانێت گرفتەکانی حکومداری کوردستانییش بخاتە سەر شەمەندۆفەر، لێ دەزگای گرنگ یەکی نەگرتۆتەوە (دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ). ئەمەش هۆکارەکانی دیارن، چونکە (پاوەر)ی دەسەڵاتدارێتین لای دوو هێزی سەرەکی کە هێشتا تارمایی ناکۆکی دەیانترسێنێت.

هاوتەریبی ئەمە گرفتێکی تریش هەیە کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمە. ئەم گرفتە بەدوای هاوسەنگییەکەدا دەگەڕێت لەنێوان ئارەزووی کوردستانییان بۆ یەک دەسەڵاتی کوردستانییو ئارەزوویەکی دیکەش بۆ نا ناوەندێتی دەسەڵات کە ئەمڕۆ خەریکە دەبێتە مۆدێلێک لە هەموو عیراق و دەستووریش رێی پێداوە. باشە ناکرێت پێکەوە چارەسەرێکی مامناوەندی ئەو چەند گرفتە بکرێت؟ بۆ نموونە:

ـ یەکخستنەوەی داراییو دابینکردنی خەرجی حکومەتی یەکگرتوو لە بودجەیەکی هاوبەشدا.

ـ بەشە بودجەی سلێمانی بچێتە ئەنجومەن و ئیدارەی پارێزگای سلێمانیو هی هەولێرو دهۆکیش بۆ پارێزگاکانی خۆیان، بەمەش هەردوو ئیدارەی پێشوو لە بوودجەی ناوچەکانیان دڵنیا دەبنەوە.

ـ سپاردنی کاری لۆجستی هێزەکانی ناوخۆ بە دەسەڵاتی پارێزگاکانیان لەگەڵ پارێزگاریی لە دیسپلینی مەرکەزییان لە یەک وەزارەتی هاوبەشو دامەزراندنی یەک دەزگا بۆ پاسەوانانی هەرێم.

ـ دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی خۆجێیەتیو رەچاوکردنی نا ناوەندیێتییەکی ئەوتۆ کە رێڕەوی ئیدارە لە رێڕەوەی سیاسیی جیابکاتەوە، ئیدارە بۆ دەزگاکانی پارێزگاکانو بەڕێوەبردنی سیاسەتیش بۆ حکومەتی هەرێمو سەرۆکایەتی هەرێم..

## بودجەی 17%

تا ئێستا کوردستان لە 17% بودجە وەردەگرێت، راستە لە روانینی کوردەوە ئەوە رێژەی هەموو کورد نییەو کورتو درێژی زۆری تێدا دەکرێت، راستە بە ئەندازەی وێرانی کوردستان پێویستیمان بە قەرەبوو دەبێت، بەڵام هەر ئەو لەمپەرانە دەبێ هاندەری دارشتنێکی عەقلانی بابوجوابەکانی بودجەی هەرێم بێت. ئەگەر نها بە عەرەبی بۆ هاوبەشە عەرەبەکانمان قسە بکەم لە وەڵامی پرسیاری «ئۆینبازییان» لەسەر چارەنووسی 17%ی بوودجە بەپرسیارێکی تر بەرپەرچیان دەدەمەوە: ئەی ئێوە چیتان لە 87%ـەکەی بوودجەکە کرد کە بەشێکی بۆ ناوچە جێی ململانێکانی کوردستانیشە، بەڵام من ئێستا بە کوردیو لەگەڵ کورد قسە دەکەم، بۆیە دەڵێم بودجەی تەرخانکراو پێویستی بە دارشتنەوەیەکی ئەوتۆ هەیە کە بنمێچی ویستە سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری دابین بکات. قەیرانی راستەقینەی گوزەرانی خەڵکی لە نەمان، یان نزیک بە نەمانی، خزمەتگوزارییەکی رێکوپێکە. ناخوازم موجادەلەی ئاستی مووچە، لەلایەن خەڵک، یان رێژەی لەسەدا ئەوەندەی تەرخانکراوی بودجە بۆ مووچە، لەلایەن حکومەتەوە، بکەم. بەڵکو جێی خۆیەتی ئاماژە بەگرفتە سەرەکییەکە بدەین: نەبوونی خزمەتگوزارییەکی رێکوپێک لە کارەبا، ئاو، سووتەمەنیو رێگاوبان..... هتد، باعسی سەرەکی تەنگژەکەیە، چونکە ئەم دۆخە بەشێکی زۆری مووچەو گوزەرانی هاووڵاتیان قووتدەدات و خۆیان ناچاردەبن بەشێکی بەرچاوی داهاتیان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کێماسییە خزمەتگوزارییە گشتییەی دەوڵەت تەرخان بکەن، هەر لە گازو مۆلیدەوە بۆ تەلەفی ماشێنو تەلەفی پێڵاوی هاتوچۆ، بۆ کارەساتەکانی رێگاوبان و تێکچوونی ژینگە بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی ژیرانە لە کەرتی هاتوچۆ، کەرتی وزەو سووتەمەنی.

## دەسکێک یاساو بڕیار

ئەم دەرکەوتانە کە دەرەنجامی وردەواڵەن و لە ئاسمانەوە نابینرێن، بەڵام لەسەر زەمین کاری خۆیان دەکەن، جگە لە ئاکامە ئابوورییەکانیان، ئاکامی کۆمەڵایەتی

سـەرنجڕاکێـشیان هـەیـە: داوایـەکـی بـەردەوامـی چـاککردنی مووچـەو گـوزەران، بەرزبوونەوەیەکی شێتانەی تێچووی ژیان وایان کردووە توێژی ناوەند لە کوردستاندا ئـەنفال بکرێت، هـەژارەکان هـەژارتـرو دەوڵـەمـەنـدەکانیش دەوڵـەمـەنـدتر. دوور لـە شرۆڤەکردنێکی چینایەتیش بەم حاڵەوە کوردستان ناتوانێت خۆی لە بەریـەککەوتنی کۆمەڵایەتیو سەرەنجام تێکچوونی ئاشتی میللی بەدوور بگرێت.

ئەم دەرکەوتە ئابوورییە کۆمەڵایەتییە هاوشانی دیاردەکانی ناعەدالەتی، گەندەڵی ئیداریو دارایی پەستانی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێت. بێ چاکسازییەکی سیاسیی گونجاویش کە گیان بە بەر ئەو دەزگا مۆدێرنانـەدا بکاتـەوە کـە ئێمـە لـە ئاسمانەوە جوانی دەبینینو لە خوارەوە درزو کەلێنی هەیە، زەحمەتـە رەچـەتـەیـەکی سیحریمان چنگ بکەوێت، کە ئەم دۆسێیانە چارە بکات. کوردستان لە مەمالیکەکانی تر جیاواز نییـە: چاکـسازی سیاسـیی لـە دەسـتگرتن بـە دەسـتوور، تـەفعیلکردنـی گرێبـەسـتی کۆمەڵایەتیو گرێبەستی سیاسییو رەچاوکردنی دەسکێک یاساو بڕیاری بـەرگرتن لـە گەندەڵییەوە دەستپێدەکات.

ئـەمـە شـرۆڤەکردنێکـی سـەرەتاییـە بـۆ دۆخـی وڵات، بـەم برینانـەوە نـاتوانین وەڵامدەرەوەی ئیستحقاقە نەتەوەییەکانی بەرامبـەر بـەغدا بین، پێش هـەمـوو شتێک دەبێ فڕۆکەکانی شرۆڤەکردن کەمێک لە نزمی بە ئاسمانی وڵاتـدا بفـڕن، بۆ ئـەوەی نیشتنەوەیان لەڕێی چارەسەردا نیشتنەوەیەکی نەرموونیان بێت.

# (سەربەخۆیی) خورمایە بۆچی، یان قسەی شەیتانییە؟*

باسوخواسی سەربەخۆیی هاوشانی باسوخواسی کوردایەتییە. یانی چۆن بێکەس بە تەوسەوە پرسیویەتی (کوردیەت خورمایە بۆچی، یان قسەی شەیتانییە)، دەبێ بزانین باسی سەربەخۆیی کوردستان باسێکی هەروا سانا نییە کە لە هێکرا رابگەیەنرێ، لەناکاو ببێتە درووشم و لە بۆنەکاندا مەزایەدەی پێ بکرێت. باسی سەربەخۆیی وەک هەمــوو چەمــک و باســەکانی ئەدەبیــاتی کــوردایەتی گرێــدراوی وتەوانەکەیەتــی. گرێدراوی ئەو پاشخانەیە هانی هەندێک دەدا بیکەنە دەسکەلا بۆ تانەلێدان لەو ئاراستە سیاسییانەی جیاواز لەوان لە کوردایەتی دەڕوانن و پێیانوایە کوردایەتی بەرپرسیارێتییەکی قۆناغبەندییە لە ڕێی رزگاری کوردستاندا نەک (خورما، یان قسەی شەیتانی).

## سەربەخۆیی دەسکەلایە؟

سەربەخۆیی لە ئاواتێکی لە مێژینەی کوردستانییانەوە دەکرێتە دەسکەلا بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی سیاسیی پێکناکۆکەکان. لەبەر ئەوە وادەبینی حزبێک کە لەباری ئۆرگانیکییەوە سەربەخۆیی حزبی نییە و وابەستەی حزبێکی باکوورە، بە ناوی حزبی باشووری رۆژئاواوە پەلاماری سەرۆک تاڵەبانی دەدات کە سەربەخۆیی بە خەون زانیووە. کەچی هەر کە لێی دەپرسن باشە حزبی ئێوە چی بۆ برا کوردەکانی سوریامان داوادەکات؟ تێزی مافی کلتوری لە چوارچێوەی سوریا دەبەشێنێتەوە!

جا قەوارەی فیدراڵی کوردستان، کە ئاکامی خەباتی تاڵەبانی و کوردایەتی باشوورە، نزیکترە لە سەربەخۆیی یان (مافی کلتوری) کە کەمترە لەو مافەی حزبە کوردییە رەسەنەکانی باشووری رۆژئاوا داوای دەکەن؟

دیسانەوە هەر ئەم بە دەسکەلاکردنەی (سەربەخۆیی)یە هانی هەندێک ئاراستەی سیاسیی داوە فرمێسک بۆ سەربەخۆیی لەدەستچووی کوردستان برێژن لە کاتێکدا سیاسەت و رەفتاریان بەناوچەگەرێتی و خیتابی سیاسییان بە شارچێتی ئالودە بووە.

* گۆڤاری هەفتانە – ساڵی 2009.

وا له خەڵکی دەگەیەنن که سەربەخۆیی له ئانوساتدا بووه و گوایه لێدوانێکی تاڵەبانی بەر به جاڕدانی دەگرێ! لەکاتێکدا تەواوی ئەدەبیاتی سیاسییان بگوشن نابینی داکۆکی له تەواوێتی خاکی باشوور بکەن، چ جای ئەوەی سەربەخۆیی بخوازن.

ئینجا بەو حاڵەشەوه هەن باسەکه چەواشه دەکەن، سەربەخۆیی یەکسان دەکەن به رزگاری کوردستان و گوایه شەهیدەکان لەپێناو سەربەخۆییدا خەباتیان کردووه و ئەوه سەرکردەکانن سەربەخۆیی به خەون دەناسێنن.

یانی تەماشا ئەم نیو سەربەخۆییخوازانه بوونەته وەکیل و واریسی شەهیدەکانیش. یانی وەک بڵێی شەهیدەکان نەیانزانیبێت لەریزی چ شۆڕشێکدا خەباتیان کردووه و ئەدەبیات و بەرنامەی حزبەکانی شۆڕشیان نه ناسیبێت که داوای ئۆتۆنۆمی، مافی چارەنووس‌و فیدراڵیان کردووه. کێ باوەڕدەکات که شەهید مامەڕیشه نەیزانیووه درووشمی شۆڕشی نوێ چییه وەختێک گیانبازی کردووه؟

بەپێچەوانەوه گیانبازانی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ زانیویانه بۆچی خەبات دەکەن. شەهیدەکانی دیموکراتەکان و کۆمەڵەکانی رۆژهەڵات زانیویانه لەپێناو چ جۆره خودموختارییەکەدا شەهید دەبن و سەرکردایەتییەکانیان ئەوانیان هان نەداوه که بۆ (سەربەخۆیی کوردستانی گەوره) تێبکۆشن کەچی دواتر، له ئیمراڵی، سەربەخۆیی به ماف له چوارچێوەی کەمالیزمدا له زینداندا قەتیس بکەن.

## پابەندبوون به بەڵێنەکان.

بەرنامەی سیاسیی و خیتابی نەتەوەیی هێزو لایەنەکان بریتی نین له ئارەزووی خێرخوازی تا هەر کەسێک له رێوه هات دەستێکی تێوەربدات. بەرنامەی سیاسیی بەڵێننامەی هێزەکانه بەو جەماوەرەی باوەڕ بەو بەرنامەیه دەکەن. خیتابی نەتەوەیی هەر حزب و هێزێکیش ئیراده و توانای تێکۆشەرانی ئەو حزبه دەردەبڕێت لەو بوارەی دەتوانن خزمەتی پێبکەن. کەس ناتوانێت به زۆر دیدی خۆی بەسەر لایەنەکانی تردا ساغبکاتەوه، بەڵکو دەتوانێت له دیموکراسی و یاسای وڵات بەهرەمەند بێت تا له مینبەرێکەوه بانگەشه بۆ بڕواکانی خۆی بکات. کورد هەن وەک شەپۆلێک له دەستەبژێری قەومەچی عەرەبی لەگەڵ سیاسەتدا مامەڵە دەکەن. یانی شەڕ به خەڵکی تر دەکەن و پێشمەرگەی هێزی تر بۆ ئامانج و روانینه سیاسییەکانی خۆیان بەکار دێنن. ئەوی باوەڕی به سەربەخۆیی هەیه دەتوانێت هێزی خۆی لەو تێکۆشانەدا تاقیبکاتەوه و خەڵک بۆ جەنگی سەربەخۆیی ببات. بەڵام

ئەمە بـابەتێکی کاریکـاتۆرییە کە ئیفلیجـی خـۆت نەبینـی و شـەڕی سـەربەخۆیی بە پێشمەرگەکانی (مافی چارەنووس) بکەیت.

کەس نـاتوانێ لێپێچیـنەوە لەگەڵا هێزێـک بکـات لەسـەر ئەو ئامانجـانەی هـی ئەو نین. بەلاغی دامەزراندن، بەرنامەی دوو کۆنگرەی گشتی یەکێتی، چەند کۆنفرانسی کۆمەڵەی رەنجدەران و چەند کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامانجەکانی لەنێوان مـافی چـارەنووس، ئۆتۆنـۆمی، ئۆتۆنـۆمی راسـتەقینە، فیـدراڵی و شـەراکەتی راستەقینەو ئیتحادی ئیختیاریدا) دیاری دەکەن. لە هەڵبژاردنی 1992 سەربەخۆیی لای هەردوو هێزی براوە درووشم نەبوو، لە دوو هەڵبژاردنی ساڵی 2005دا لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە هەموو هێزەکانییەوە، بانگەشەی سەربەخۆیی نەکردووە و خەڵکیش دەنگیان بۆ داوە.

ئایا نوێنەری ئەم لیستە، سکرتێری گشتی یەکێتی و سەرکۆماری عیـراق، دەبێ پابەندی بەرنامەی حزبەکەی بێت یان خەونی شاعیرانەی نیو سەربەخۆییخوازەکان؟ دەبـێ پابەنـدی بەرنـامەی لیـستی هاوپەیمـانی بێـت لە هەڵبـژاردن یـان ئـارەزووی ئەوانەی لەوانەیە لە هەڵبـژاردن دەنگیـان نەدابێـت؟ ئایـا سـەرکۆمار دەبـێ پابەنـدی دەستووری وڵات بێت کە باس لە ئیتحادی ئیختیاری عیراقێکی دیموکراتو فیدراڵا دەکات، یان پابەندی نەفس و هەوای رێبوارە راگوزەرەکانی کوردایەتی بێت؟

سەیرە لە دیموکراسی کوردستان کە رێ لە سەرکۆمار دەگرێت باسی یەکلایی نەبۆوەی کوردایەتی (کە زیاتر لەحەفتا ساڵە ئەدەبیاتی سیاسییمان قسەی لەسەر دەکات و هێـشتا بڕیـاری کۆتـایی لەسـەر نەدراوە، داخـۆ کوردسـتان چـۆن رزگـاری دەبێت؟) لە روانگەی خۆی و لە روانگەی پابەندییەکانی وەک پارێزەری بەرنامەی یەکێتـی و وەک پـارێزەری دەسـتووری دەنـگ بـۆ دراوی عیـراقو وەک وەفـاداری بەرنـامەی لیـستی هاوپەیمـانی کوردسـتان شـرۆڤە بکـات؟ سـەیرە لە دیموکراسـی کوردستان هێرشی خاچپەرستانە دەکاتە سەر هەر کەسێک وەک ئەوان بیربکاتەوە. لە کاتێکــدا ســەربەخۆیی کوردســتان پــێش هەمووشــتێک یــانی ئــازادی! چ لە کوردستانێکی سەربەخۆ بکەین کە رێ بە ئازادی بیـروڕا لەسـەر رێوشـوێنی رزگاری کوردستان نەدات؟ ئەمە چ جۆرە سەربەخۆییەکە کە رێگە بە ئەزمـوون دیەیەکـی وەکو تاڵەبانی نەدات، وەسفی خۆی لەسەر ویستی سەربەخۆیی بڵێت.

برایان! رێگا بـۆ سـەربەخۆیی کوردستان لە کاری راستگۆیی و لە پابەندبوون بە بەرنامەی لیستەکانەوە دەستپێدەکات. کوردایەتی لە باشوور بەڵێنی مافی چارەنووسی داوە. لەسەر ئەوە دەبێ حیساب و کیتابی لەگەڵدا بکرێت نەک لەسـەر درووشمێک

کە هەڵگری نەبووە. لەسەر پرسی کەرکوک دەبێ حیسابی لەگەڵ بکرێت نەک لەسەر قامشلوو دیاربەکر و کرماشان. بێ ئەم راستگۆیی و پابەندبوونە سەربەخۆیی نەک خەون، بەڵکو بە داخەوە لەبندەستی ئەم نیو سەربەخۆییخوازانە دەبێتە وەهم. گۆران گوتەنی: "تەبەخور مایەیە هەیهات."

# براوەی هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان؟*

لە ناکاو گۆمی مەنگی دیموکراسیی کوردستان شڵەقا. وادەی هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان دیاری کرا. یەکێتی و پارتی گفتوگۆی چڕیان دەستپێکرد لەسەر هاوپەیمانێتی نێوانیان و لەم نێوەندەشدا کەینوبەینی لیستی جیای حزبەکان و لیستی جیایی کەسەکانیش قسەی لەسەر دەکرێت.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق تینوتاوێکی نوێی دایە دیموکراسی لە سەرتاسەری وڵاتدا. گەرمایی ئەو تینە گەیشتە کوردستانیش.. ئێستا هەموو گوزارشتێکی سیاسیی لە چاوی هەڵبژاردنەوە هەڵدەسەنگێرێ. چوار حزبەکە راپۆرتێکیان لەسەر چاکسازی بڵاوکردەوە. دوو حزبەکە وەڵامیان دانەوە. سێبەری هەڵبژاردنیش لە پشت ئەم جوڵانەوە دیاربوون و هەر لایەو ئەوی تری بە هەوڵی جەمسەرگیری بۆ هەڵبژاردن تۆمەتبار دەکات.

## تۆماری پێشوو

لە سێ هەڵبژاردنی پێشوودا، دوانی هی عیراق و یەکیان هی کوردستان، یەکێتی و پارتی بە یەک لیست بوونە جەمسەرێک بۆ هێزەکانی تریش. بۆ پەرلەمانی کوردستان یەکێتی، پارتی، یەکگرتوو، سۆشیالیست و بە شیوعی و چەند وردە حزبی دیکەش لە هاوپەیمانیدا بوون، لێ کۆمەڵی ئیسلامییان نەخستە ناو لیستەکەیانەوە. کۆمەڵ تەحەدایەکەی قبوڵکرد و شەش کورسی بەدەست هێنا. لیستی سەربەخۆش هەبوون کە هەندێکیان بەجیا و هەندێکیان لە لیستی سەربەخۆی حزبی زەحمەتکێشاندا خۆیان رێکخست کە تەنیا یەک کورسی بەنسیب بوو.

راستییەکەی هەڵبژاردنی پێشوو لە دۆخێکی هەستیاردا کرا: لە لایەک کوردستان تازە برینی ناوخۆی سارێژ دەکرد و لە لایەکی تریش عیراق خۆی لە هەمان رۆژدا هەڵبژاردنێکی هەبوو کە جەمسەرگیری نێوان گروپەکانی وڵاتی دروستکردبوو. لەبەر ئەوە کورد هەموو ململانێ ناوخۆییەکانی مەیاند بۆ ململانێ نەتەوەییەکەی ناو

---

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2009.

عیراق. بۆیە لە رۆژی هەڵبژاردندا 2005/1/31 هەڵبژاردنی کوردستان مەیی، لە هیی عیراقدا کوردستان یەک لیست بوو. تەنها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان مابوو کە ببێتە پرۆڤەی ململانێی نێوان هێزەکان و ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەش هیچی بەدەستەوە نەدا. یەکێتی لە ناوچەکانی سەوز بردییەوە و پارتیش لەناوچەکانی نفوزی زەرد، هێزە کوردستانیەکانیش لە جێی ئەوەی هیچ نەبێ لەو ئاستەدا ململانێی دیموکراسی گەرم بکەن لە ناوچەی سەوز چوونە هاوپەیمانێتی یەکێتی و لەناوچەی زەردیش بوونە هی پارتی. باقی وەلسەلام.

## ئەم جارە لە چ کەشێکدایە؟

لەم هەڵبژاردنەدا نەخشەکە دەگۆڕێت. هێزە دیارەکان جێگۆڕکێیان تێدا دەکرێت و کارەکتەری نوێش لە ئێستاوە سەرەتاتکێیانە.

زەمینــــی ئەم هەڵبـــژاردنە جیاوازیـــشە: جـــارێ بەشـــێکی بەرچـــاوی ویـــستە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووردا جێگیربوون. لە عیراقیشدا جەمسەرگیری سوونە و شـــیعە لە پاشەکـــشێدایە و هەڵبژاردنـــی پارێزگاکـــان ئەمەی دەرخـــست. ئەم دەرکەوتـانەو گـۆڕانی میزاجـی هـاووڵاتی کەشـێکیان درووسـتکردووە کە زەحـمەتە تینوتاوە نەتەوەییەکە دەرەقەتی ئەوە بێت، ململانێی هەناوی کوردستان وەکو جاری پێشوو بمەیەنێت. داوای گۆڕانی سیاسیی لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتدا بابەتێکی پەنهان نییە. بەڵکو بابەتی دەمەتەقێی سیاسی، مشتومڕی توندو خاو و میانڕەوی میدیاکانی کوردستانە.

ئەم ویـستە میللییە، رەخنەگرە سیاسییەکان بە دەنگی بەرز باسی دەکەن، میـدیا رەسـمییەکانی وڵات بە شـەرمەوە لێی دەدوێـن. لـێ کەس حاشـای لـێ ناکات.

دیموکراسی کوردستان لە ئاستی دەرەوەش رووبەڕووی رەخنە بۆتەوە. لە بەغدا هەولا بۆ ئیحتیواکردنی تەجرەبەکە دەدرێت. بەجۆرێک لە جۆرەکان مەیینی دۆخە سیاسییەکە و ئارەزوو بۆ گۆڕانیش سەرنجێکی لە دونیای دەرەوە دروستکردووە کە کوردستان پێویستی بە تەکانێکی ترە. ئەم فاکتەرە دەرەکییەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ قەناعەتهێنان بە گۆڕان لە رێی سندوقەکانی دەنگدانەوە. یەکێتی و پارتیش بۆ برینی ئەنجەت و جێبەجێکردنی ئیستحقاقێکی دیموکراسی شایان بە کۆمەڵانی خەڵک بەجدیی هاتوونەتە پێشەوە. جا لەم دەروازەیەوە کارەکتەرەکانی هەڵبژاردن دێنە ژوورەوە.

## یەک لیستی یەکێتی و پارتی........ یان؟

یەکێتی و پارتی ڕێککەوتنێکی ستراتیژیان هەیە. ئەم ڕێککەوتنە لە عیراقدا بۆ کورد یەکیخستوون و لەناو کوردستانیشدا، بۆ خۆیان، یەکی خستوون.

دابەشکردنی ئەرکەکان لە بەغدا و کوردستانیش کاری ئیجابی لەمە دەکات.

لەباری ڕەسمییەوە ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە بەشی هەڵبژاردنی ئەمجارەشی تێدایە. یانی بەشی ئەوەی یەکێتی و پارتی جارێکی تر یەک لیست بن و لەگەڵا خۆشیاندا هاوپەیمانە سوننەتییەکانیان کەمەندکێش بکەن (زەحمەتکێش، سۆشیالیست و شیوعی).

یەک لیستی پارتی و یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا زۆر گرنگە، چونکە:

- یەکێتی هەڵوێستیان پتەو دەکەن.

-نەیارەکانی هەردوولا گرەو لەسەر گۆڕانی دراماتیکی دەکەن. ئەگەر پێکەوە بیبەنەوە و چاودێرانی عیراقی، عەرەبی و نێودەوڵەتیش خەتمی هەڵبژاردنی بێگەرد لە پرۆسەکە بدەن، ئەوا هەردووکیان بیانووی نەیارەکانیان دەبڕن و گوڕتر دێنە مەیدانەوە.

هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە عیراق دوولایەنی پۆلێن کرد: هێزی دەوڵەتداریی (لیستەکەی مالکی) سەلماندی خەڵک عادەتەن دەنگ بە حکومەت دەدەن. هێزی شکستخواردوو (لیستەکەی ئەنجومەنی باڵا)، یانی خەڵک لە دەسەڵاتدارێک بێزار بن دەنگی رووی لە کزییە.

- جاران ڕکابەر کەمتر بوو، دەگوترا یەکێتی و پارتی بە هاوپەیمانێتیان دیموکراسی بەرتەسک دەکەنەوە. ئێستا، کە ڕکابەر هەیە، بێ ترس لە تۆمەتبار کردن، دەتوانن یەک بن.

ئەمە باشییەکانی پێکەوەیی، بەڵام خۆ هەردوو هێز سوێندیان نە خواردووە تا قیامەت یەک لیست بن. هەر ئەو جوڵە سیاسییە گۆڕاوەیە خەریکە یەکێتی و پارتی بە دوو ئاراستەی دیموکراسی دەبات. دیدێک هەیە کە جووڵەی سیاسی زوو گۆڕاوی دەڤەری سەوز "نیگەرانییەکی" لای پارتی دروست کردووە. گوایە ئەگەر لیستێکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی یەکێتی هەبێت:

-ئەو لیستە لەوانەیە دواجار ببێتەوە هاوپەیمانێتی یەکێتی و باڵانسی هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی بەلای یەکێتیدا بشکێنێتەوە. یان:

-لیستەکە لە دەنگی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی بخوات.

به دوور نازانرێت ئەمە بەشێک بێت لە گەمەی دانوستانی لیستی هاوبەش و لەوانەیە تا دوا دەستپێداهێنانی لیستەکەش ئەم گەمەیە بەردەوام بێت، بەڵام راستییەکەی ئەگەر هەردوولا بەجیاش دابەزن دۆخی سیاسیی بەشی ئەوە قایم بووە کە تێک نەچێت. یەکێتی و پارتیش لەسەر یەک پەکیان ناکەوێت بۆ لیستکاری ئەگەر میکانیزمی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی شارستانیانەی ململانێکان بدۆزنەوە.

## لیستی جیا بۆ گوشار؟

خەریکە بەرەی چوار حزبەکە یەکلایی دەبێتەوە. لەوانەیە زەحمەتکێشان و سۆشیالیست بێنە پاپۆڕە گەورەکەی نوحەوە. لەوانەشە کۆمەڵ و یەکگرتوو سەوڵی بەلەمی ئیسلامییەکان دوور لەم پاپۆڕە لێبدەن.

ئەمە ئەگەر:

ـ پارتیو یەکێتی خۆیان پێکەوە ناخودای پاپۆڕەکە بن.

ـ لیستی سەربەخۆ ئەم هێزانە و وردە هێزی ناڕازیی تر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

راستییەکەی بیروڕا لەسەر پڕۆژەکەی بەڕێز نەوشیروان مستەفا هەرچۆنێک بێت هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە لیستی سەربەخۆ:

-یاسایی و دیموکراسییە.

-گەمەی دیموکراسیی خۆش دەکا.

-لەوانەشە گرفتی دووبەرەیی خۆساغ نەکردنەوە لەناو رەوتی یەکێتیدا یەکلایی بکاتەوە، چونکە لە عیراق لیستی سەربەخۆ سەرەنجام بەڕێز د.ئیبراهیم جەعفەری بە یەکجاری لە حزبی دەعوەی حکومڕان جیاکردەوە و دوور نییە هەمان تەجرەبە لە کوردستانیش دووبارە ببێتەوە.

ئەگەر لیستی سەربەخۆ هەمان ئاکامی رەوتی ئیسلاحیی بەڕێز جەعفەری بەنسیب بێت و یەکێتی و پارتی تەجرەبەی (ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون) بکوردستانێنن، ئەوا پرۆسەی سیاسیی کوردستان پێ دەنێتە وێستگەیەکی نوێوە:

لەلایەک بە دیموکراسی نوێ دەبێتەوە و لەلایەکی تریشەوە گرفتە ناوخۆییەکانی لەمەیدانی دیموکراسیدا ساغ دەبێتەوە.

هێشتا زووە بزانرێت لیستی سەربەخۆ بۆ گوشارە لەسەر یەکێتی یان بەرنامەیەکی ساغ بووەیە، بەڵام ئەوی پەیوەندە بە گێمی نوێی هەڵبژاردنەوە پەراوێزێک بۆ گەشەکردنی رکابەری هەڵبژاردن دروست دەبێت و یەکێتی و

پارتیش دەتوانن ئەم پەراوێزە بە گۆڕانێکی چۆنایەتی لە نوێنەرایەتییەکانیان تۆکمەتر بکەن:

-نوێنەرایەتییەک کە دەموچاوی تازە بێنێتە پێشەوە و لە لیستی براوەکاندا، نەک لە لیستە ململانێکارەکاندا، گۆڕان بخولقێنێ.

- ئەم نـوێنەرایەتییە تـازەیەی هەردوولا بـۆ پەرلەمـان بە فیلـتەری هەڵبژاردنـی ناوخۆیی حزبدا تێپەڕێت ئینجا ببرێنە بەردەم جەماوەری دەنگدەران، تا حزبییەکان دەنگیان بۆ بدەن و دەنگیان بۆ کۆبکەنەوە.

# ئەوەی نوێ ها لە کوێ؟*

پێداچوونەوە بە سروشتی ململانێی سیاسیی لە کوردستان.

سروشتی ململانێی سیاسیی نێوان هێزە سیاسییەکان، هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان چۆنە؟

هەیە شرۆڤەکردنی ئاسایی، ساکارانە بۆ ئەم دەرکەوتە دەکات:

1- ململانێکە وەکو جارانە، هی نێوان یەکێتی و پارتی.

2- یان هی نێوان یەکێتی و پارتی لەلایەک و هێزە کوردستانییەکانی تر لەلایەکی ترەوە.

3- ململانێکە هی نێوان رەوتی دیموکراسیی و عەلمانیی لەلایەک و رەوتی سەلەفی- ئیسلامیی سیاسییە لەلایەکی ترەوە.

4- هەشە پەرگیرتر لە مەسەلەکە دەڕوانێت: هی نێوان دەسەڵاتداریێتی و جەماوەری کوردستانە.

## تێڕوانینی رووکەش

گروپی (1): لە روانگەیەکی تەسکی حزبایەتی جارانەوە لە مەسەلەکە دەڕوانن، دینامیکیەتی "ململانێ و هاوکاری" ئێستای نێوان ئەم دوو حزبە ناخوێننەوە.

گروپی (2): بە چاوێکی رۆمانسییەوە رۆڵی حزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی هەڵدەسەنگێنن، بێ ئاگا لەوەی میزاجی گشتی ئەو پۆلینە وردە ناکات و حزبایەتی و حزبەکانی کوردستان وەک یەک یەکەی ناو کایەی مێژووی سیاسیی کوردستان دەبینێ، بە نارەزایی و رازییەوە. جیاوازی لە نێوانیان ناکات و هەموویان وەک (بەرەی کوردستانیی) جاران تەماشا دەکات: کاری زۆر باشیان هەیە و تێبینی زۆرباشیش هەڵدەگرن.

دیارە میزاجی گشتی هی خەڵکە و جیاوازە لە میزاجی دەستەبژێری کادیر و سیاسییەکان کە دەتوانن ئەو پۆلینە بە دوو ئاڕاستە بکەن: ئاڕاستەیەک رۆڵی

---

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2009.

سـەرکردایەتی یەکێتـی و پـارتی پـێ چـاکە و بـۆ کـورد بە زەروری دەزانێـت و ئاراستەیەکی تر پێی وایە "مەزبەتەی چوار حزبەکە" دەردەکان چارە دەکات.

گروپی 3 لە روانگەیەکی ئایدیۆلۆژی رووتەوە سەیری ململانێکە دەکات. پێی وایە ئەوی دەستـەبژێری سیاسـی وفیکـری لایەنگرانـی عەلمـانیەت وئیـسلامیی سیاسـیی پێـیەوە مـژولن ولاپەرەی کتێـب وگۆڤارەکـانی پـێ رەشـدەکەنەوە هەر ئەوەیە کە لەنـاو خەڵـک و لەنـاو کـۆمەڵگەدا هەڵدەسـورێ. شـرۆڤەکارانی ئەم گـروپە لەبەرەی عەلمانییەکـان بەوەی نـاوی خۆیـان دەنـێن دیموکراتخـواز مەبەسـتیانە ئیـسلامییەکان، هەمـوو ئیـسلامییەکان، لە ناسـنامەی "چـاکەی" دیموکراسیی دابماڵن، ئەوانەی بەرەی ئیسلامیش فشەیان بە دیمـوکراتیی دێت کە"رجس من عمل الشیگان"ە وگرەو لەسـەر ئەو دۆزەخە دەکەن کە لەو دونیـا بـۆ قەومـی کـافر دانـراوە. هەر دوولاش خۆیـان لەوە نەبـان دەکەن کە دەشـێ لەکۆمەڵێکدا ئیسلامییەکان بە گەمە دیموکراسییەکە رازی بن و دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن ودەشێ عەلمانییەکانیش بە دوور خستنەوەی دین لەمەیدانی دونیای بێ بار و بێ ئامانی سیاسەت مەبەستیان بێت گەورەترین حـورمەتی بـۆ بگێرنەوە.

### دەسەڵات وجەماوەر

گروپـی 4 شـرۆڤە ناکـات، ئومێـد دەخوازێـت کە ململانـێکە وابێـت: هـی نێـوان دەسـەڵاتداریێتی کوردسـتان و جەمـاوەر بێت. دیـارە لە حـاڵێکی وادا ئەم گـروپە کە "تەشخیسی" ئەم ململانێیە دەکات خۆی نابێتە ناوبژیوان، بەڵکو بە خەیاڵدا دێت کە خـۆی "ئەلتەرنـاتیڤ" بێـت. دیـارە مەبەسـت ئەلتەرنـاتیڤە بـۆ دەسـەڵات نەک بـۆ جەماوەر!

جا وشەی جەمـاوەر وشـەیەکی پەنهـان و نارِوونە وەک وشـەی "دەسـەلاتداریێتی". ئەمە زیـاتر لە شـرۆڤەکردنێکی میتـافیزیکی دەچێـت کە دونیـا دەکـاتە دوو بەشـەوە "فستاتی خێر و فستاتی شەر"، چونکە دەسەڵات دامەزراوەیەکی فراوانی خاوەن دەیان دامودەزگـایە و لەو ناوەراسـتەدا کـارەکتەری ململانـێکە بـزر دەبێـت، هەروەهـا "جەماوەر"یش، هیچ نەبێ بەو جۆرە شرۆڤەکردنە، وشـەیەکی ساف و بێگەردە کە لە بارەیـدایە دەیـان ململانێی نێـوان تـوێژ و چیـنە کۆمەڵایەتییەکان بشارێتەوە. پێکەوە گرێدانەوەشـیان لەیەک هاوکێـشەدا دانـانێکی سـاکارانەی "دەسـەڵات و جەمـاوەر"ـە لەبەرامـبەر یەکـدا بـێ رەچـاوکردنی تۆرێـک لە دامودەزگـا کە ئەم دوو دیـوەی

هاوکێشەیە پێکەوە گرێدەدا و بەرژەوەندی چوونیەک و دژ بە یەکیان بۆ دروستدەکات.

بەڵام با ئێمە واز لەم جۆرە شرۆڤەکردنە پەرگیرە بهێنین کە هی "ئۆپۆزسیۆنەکانە"، ئەوانەی لە بیریان دەچێت کە هەر شرۆڤەکردنێکی بابەتیی دۆخی ململانێی سیاسیی لە کوردستان هەموو کارەکتەرەکان جا ئۆپۆزسیۆن بن یان دەسەڵاتدار یان لەو نێوانەدا، دەخاتە بەر رۆشنایی شرۆڤە و وەک توخمێک لە توخمەکانی سیاسەت سەیریان دەکات کە مەرج نییە هەموو جارێک بە پەرێزی پاکەوە لێی دەربچن.

### ئەسڵی ململانێکە

بە بۆچوونی من سرووشتی ململانێی سیاسی کوردستان دوو تەوەرەی تەواوکەری یەکتری پێکدێنن:

ـ ململانێی نێوان نەوەکان.

ـ ململانێی نێوان دوو تەرز لە هەڵسوڕاوان و تەکنیکی سیاسی. ئەم دوو تەوەرە جەوهەری ململانێی سیاسی کوردستانە کە هەموو ململانێکانی تر یان بەدەوریدا دەخولێنەوە یان ئاکامو دەرکەوتەی ئەون.

ململانێی نێوان نەوەکان سرووشتی ترین جۆرەکانی ململانێن لەهەر کۆمەڵێکی بزێودا، لەگەڵا ئەوەشدا ململانێکانی تر لەچەند ساڵی رابردوودا بەناوی جیاجیاوە ویستویانە ئەم دەرکەوتە سروشتیەی ململانێی سیاسی کۆمەڵی بزێو پەردەپۆش بکەن و لەناو ململانێکانی تردا بزری بکەن. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر پێمان وابێ کوردستان لەم ئاکامە سرووشتییەی گەشەکردنی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەدەرە ئەوا دەبێ باوەڕ بەوەستان و چەقبەستنی کوردەواری بهێنین کە زۆر نیشانەی قوڵپدان و جوڵەی خێرای لەخۆی نیشانداوە.

ململانێی نێوان نەوەکان ناونیشانێکی دیارە لەهەر شرۆڤەکارییەکی سیاسییدا، بەڵام بۆ ئەوەی وەک زۆر چەمکی تر نەبێتە دەسکەلا یان نەبێتە دەستەواژەیەکی بێ رووح و بێ گیان پێویستە لەگەڵا واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا، پێکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین. ئەمڕۆ کەس نییە نکۆڵی لەوەبکات کە بزوتنەوەی سیاسی کوردستان گرفتدارە لەناوخۆیداو زوو یادرەنگیش ئەم گرفتدارییە ناوخۆییە ئاو دەخاتە ژێر پایەداری سیاسەتی کوردی لە ئاستی دەرەوەی خۆیو مژۆڵی دەکات. لەم

روانگەیەشـەوە لەسـەر ئاسـتی هەرە بـاڵا بیـر لە پرۆسـەی چاکـسازی دەکـرێتەوە وپرۆژەکەی سەرۆک کۆمار هەنگاوێکی پراکتیکی گەورەیە لەو بوارەدا.

بژارەکان چیمان پێدەڵێن؟

کە سەیری بژارەکانی چارەسەر دەکەین لە دوو تەوەرەدا دەخولێنەوە:

ــ نـوێکردنەوە و دەستاودەسـتکردن لە پلەکـانی سـەرکردایەتی و پێگەکـانی هەڵسوڕانی سیاسیدا.

ـ رەچاوکردنی سیاسەتی نوێ کە لەگەڵا سەردەمدا بگونجێت.

کە لە هۆکاری گەیشتن بەم قەناعەتە ورد دەبێتەوە دەزانین:

ـ لەبەر ئەوەیە کەموکوڕی و گەندەڵی هەیە.

ـ لەبەر ئەوەیە هەندێک شێوازی کارکردن هەیە پەیرەو دەکرێت کە بۆ جاران باش بوون وبۆ ئەمرۆ دەست نادەن.

باشە کێ دەتوانێت ماددەی نوێکردنەوە و سەرکردایەتیەکی نوێ بێت نەوەی تازە نەبێت؟ کێش دەتوانێ تەکنیکی نوێ لەجێی هی کۆن دابنێت نەوەی نـوێ نەبێت کە هیچ یادگارێکـی سۆزداری لەگەڵا تەکنیکە کـۆنەکاندا نییە کە هەندێک جار رێگـرن لەبـەردەم وەلاخـستنی ئـەو تـەکنیکانـە و گـرتنەبەری هـی نوێدا؟

بـەڵام ئـێمە لەسـەرەتاوە باسـمان کـرد ئەمـە (ململانێـیە) و کەس بەئاسانی دەستبەرداری بەشی خۆی نابێـت، کە وابێ لەم سەروو بەنـدەدا ئێمە پێویـستیمان بەکەنـاڵا و رێوشـوێنی نەرم هەیە بـۆ ئیـدارەدانی ململانێـیەکە کە سەرەکیترینیان ئەوەیە ئەم دەرکەوتەش بەبارێکی ئایدۆلۆژیایدا نەبرێت بەوەی:

ـ هەموو نەوەی نوێ بەنوێ بزانرێت و هەموو دێرینیەکیش بەکۆن و بەسەرچوو بناسرێت. نوێ هەیە هیچ لەبارا نەبووە و دێرینیش هەیە دەخوازێت دەوری عەراب بگرێت لە هێنانە پێشەوەی نوێدا. لەم چوارچێوەیەدا بۆ ناسینەوەی ململانێی نەوەکان دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان "حەرەسی قەدیم" کە حەزیان لێیە دۆخەکە وەکو خـۆی بهێڵـنەوە بەو ئیعتبـارەی" هـیچ کێـشەیەک لە ئـارادانییە" ولەنێـوان تێکۆشـەر وسـەرکردە بە ئەزموونەکـان کە لە دەرەوەی بازرگـانیکردن بە چەمکەکـانەوە، بەهەستی شۆرشگێری خۆیان، دەزانن کوردایەتی پێویستی بە چاکسازیی ونوێبـوونە وگۆڕان هەیە، بەوزە وشارەزایی خۆیان بەشی قۆناغی زیاتری تێکۆشانیان پێیە وتوانا وسەرمایەگوزاریی سیاسییان هی ئەوە نییە دەستبەرداری لێ بکرێت. هەروەک دەبێ لە دیوی نەوەی نوێش جیاوازیی بکرێت لەنێوان ئەو تەیفە لەنەوەی نوێ کە خۆیان

به نوێ دەناسێنن کەچی لە بنچینەدا بوونەتە ئەسپەکەی تروادە لە بزاوتی نەوەکە ولەنێوان ئەوانەی بیری نوێ وتەکنیکی نوێ دەخوازن.

ـ رێگە چارەی دراماتیکی چارەسەرێکی مایەپووچە بۆ ئەم ململانێ سرووشتییە چونکە چارەسەرێکی تیژو لێواری تەنگەژەیە، نە نەوەی نوێ بەپەرژینێکی قایمی شارەزایی و ئەزمون دەور دەداو نە دەستمایەکی بەدەستەوە دەبێت کە لێیەوە بجوڵێت.

رێوشوێنی نەرم بریتییە لەوەی ژیرەکانی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان لە سرووشتی ئەم ململانێیە تێبگەن و ئەسباب و تەداروکاتی سیاسی بۆ دابین بکەن بەتایبەتی ئەمە لە ئەستۆی سەرکردایەتی باڵای حزبە سەرەکییەکانە کە نەوەیەکی نوێ لە سیاسەتکاران بێننە پێشەوە، لەو ناوخۆی حزبەکانی خۆیانەوە دەست پێبکەن، هەر حزبە و بەپێی میکانیزمی گۆڕین لەناوخۆیدا، تا سەرەنجام نوێبونەوەی سیاسیی لە کوردستان هاوتا نەبێت لەگەڵ پشێوی سیاسیی و تەنگەژەدا. بەڵکو هاوتابێت لەگەڵ خوڕەی ئاسایی دوور مەودادا.

دەنا وەکتری ئەم ململانێیە کە دەخرێتە ژێر دۆسێی ململانێکانی ترەوە لەباری دایە ئیغترابی سیاسیی لای وەچەی سەدەی بیست و یەکەمینی کوردەواری و کوردایەتی بخولقێنێ شتێک کە بەردەوامی بە کاروانی تێکۆشین نادات و لەنیوەی رێدا پەکی دەخات کە هێشتا دوا مەنزڵگای دوورە.

پێم وایە لاکردنەوەی بەشێنەیی وهێمنانە ، لە چارەسەری دەرکەوتەکانی ئەم ململانێ جەوهەرییە، دوور لە ژاوەژاوە وهەڵکوتانەسەر، دەرگا بۆ چارەسەریی هەموو تەنگژەو ململانێکان دەکاتەوە، چونکە خوێن وەبەر بزوتنەوەکەدا دەکاتەوە، ئامادەی دەکات هێز وئیرادەی نوێ بێتەوە بۆ بەرەنگاریی دۆسێ هەڵواسراوەکان.

# خاوەنداریّتی لە کوردستان*

خاوەنـداریّتی لە کوردسـتان، وڵاتـی کوردسـتانیان، نیـشتمانیی دانیـشتوانی ئەم دەڤەرە لە کورد و تورکمان و عەرەب و کلدۆ ئاشورو... هتـد. شتێکە نزیـک لە چەمکــی ئینتیمــا یــان ئەنــدامیّتی لە کــۆمەڵی کوردەواریــدا، بەڵام شــتێکی فراوانتریـشە لێـی. خاوەنـداریّتی لە کوردسـتان یەکسانە بە لەسـەر هەڵـدان و لەسەر هـاتنە جـوابی هەمـوو ئەو باسوخواسـانەی چارەنووسی کوردسـتان دیـاری دەکەن.

مانـای خاوەنـداریّتییە لە شـەئنی گـشتی، سیاسـەتیی نـاوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە هەڵسوڕان و میکانیزمی ناوەکی ململانێکان. هەندێکجار یاسا و ڕێسا و دەسـتوورەکان ئەم خاوەنـداریّتییە ڕێکـدەخەن. وەک ئەوەی ئەم ڕێـسا و یاسـا و بنەمـا دەسـتووریانە مــاف و ئەرکــی ئــێمە لە مەســەلە گــشتییەکانی کــۆمەڵا دەستنیــشان دەکەن، هەندێکجاریش ئەم خاوەنداریّتییە هەستێکی ناوخۆییە کە تینوتـاوی ئینتیمـا بـۆ وڵات دروســتی دەکـات و یـادەوەری دەســتەجەمعی لەگەڵا ئەنــدامانی ئەم وڵاتە پەرەی پێدەدات و بەرژەوەندی پێکەوەیی بۆ ئایندەش هەڵیدەسوڕێنێ.

خاوەنداریّتی لە کوردستان دەشێ دامودەزگاکانی وڵات لە پەروەردە و لە میـدیا و لە مانشێتی پڕوپاگەندەی دەوڵەت ئاراستەی بکەن و کاریگەری لەسەر دابنێن، بەڵام هەرگیز ئەم فاکتەرە دەرەکیانە ناکەنە کاریگەری خـودی و هەسـتی مرۆڤێـک بەوەی خۆی بە خاوەن بزانێت لە وڵاتەکەی.

بـۆ ئەوەی ئەم وەسفە نەبێتە وەسفێکی ڕۆمانسی دەچـمە سـەر وردەکاری ئەوەی خاوەنـداریّتی لە وڵات بێ بنەمـا نییە. ئەم ستایـشە ستایـشێک نییە بـۆ ئیمزاکردنـی چەکێکی بە تاڵا بۆ کوردستان، هەرکوردستانێک بێت. قسە لەسـەر خاوەنداریّتی لە کوردستان مانـای ئەوە نییە ئـێمە کوردسـتانمان بە هەمـوو شـێوەیەک خـۆش بوێـت. یـانی کوردسـتانی جەور و سـتەم، کوردسـتانی بێـدادی و بێ ئـازادی و بێ ئاشـتی و ئـاوەدانی بخـوازین و بیپەرسـتێت، بەپـێچەوانەوە دەبـێ ئـێمە ئەوەنـدە کوردسـتانمان

---

* گۆڤاری هەفتانە - ساڵی 2009.

خۆش بوێت و ئەوەنده خاوەنداریتی لێ بکەین و خۆمان بە خاوەنی بزانین کە لە هەموو بارێکدا قبوڵمان نەبێت.
ڕێک ئێمە دەبێ کوردستانی ناو دڵ و دەروونی خۆمان بە ئاوات بخوازین و بۆی لە کایەدابین. کوردستانی هیوا جیاوازه له کوردستانی بندەستی و تەنانەت لەو کوردستانە راگوازەی ئێستاش کە دەسکەوتی کەم نییە، بەڵام هێشتا تێری ئێمە ناکات و تینوێتیمان ناشکێنێ. کوردستانی ناو دڵ و دەرونمان یەکسانە بە بەهەشتێک لەسەر زەوی کە تەنها سویسرای رۆژهەڵات نەبێت لە جوانی و بێگەردیدا، بەڵکە سویسرای رۆژهەڵات بێت لە دیموکراسیی، دادی کۆمەڵایەتی و پاکژی ژینگە و هەرچی کە دڵی تۆی خوێنەر بیخوازێت. ئەم کوردستانە خوازراوە، رێک پڕ بەپێستی شایستەیی میللەتی ئێمەیە، دوای دەیان ساڵا و دەیە لە عەزاب و مەینەتی.
خاوەنداریتی لە کوردستان یانی قبوڵنەکردنی کوردستانە بەو شێوەی لەسەری بووە و بەم شێوەی ئێستا پێیدا گوزەر دەکات. لێ ئەم خاوەنداریتییە نایەتەدی ئەگەر هەرکەسە و بەشی خۆی لە ئەرک و فرمانەکان رایی نەکات.
یان بەکورتییەکەی خاوەنداریتی نایەتەدی ئەگەر خاوەنداریتی لێ نەکەین.
سەیرکەن:
- فەرهەنگی بێ پەروا.
مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر ئێمە لە خاوەنداریتی کوردستان داگیرکەران نین. هەروا هیچ دەستەو تاقمێکی پاوانخواز نین کە دەشێ لە وڵاتی ئێمەدا سەرهەڵبدەن یان سەریان هەڵدابێت و ئامانجیان زەوتکردنی کوردستان بێت لە تێکڕای کوردستانیان، بەڵکو مەترسی گەورە فەرهەنگی بێ پەروایییە لە شەئنی گشتیی. فەرهەنگی وەجواب نەهاتنە لەسەر کوردایەتی، وەک چەتری سیاسەتی کوردستانیی، فەرهەنگی لەسەر نەکردنەوەی داد و وەکیەکی هەل و چانسە لە دۆخی ناوخۆی وڵاتەکەماندا. ئیدیۆم و پەندەکانی کوردەواری نموونەی زۆری ئازایەتی و جوامێرییان تێدایە، بەڵام بەربڵاوترین ئیدیۆمەکان ئەوانەن کە هی ترس و بێ خەمی و بێ خاوەنداریتییە، دەست بەکڵاوتەوە بگرە با نەیبات. بۆ خۆت پیاو خراپ دەکەیت؟ بۆچی خۆت تووشی کێشە و چەرمەسەری دەکەیت؟.. هتد. ئەمە بەشێکی دەستەواژە و گێڕانەوەکانی ناو خەڵکن.
هی باشمان هەن لێ نەقڵی بەربڵاوی ئەم ئیدیۆمە خراپانە هی زۆر بەکارهێنان. کڵاومان بۆچییە کە ئەو بێ خەمییە بەرە و بێ خاوەنیمان ببات، چونکە وڵاتەکان لە چنگ دەردێنێ.

کڵاومان بۆچییە کە ساباتی حەسانەوە و گوزەرانمان پشێوێ چی لە کڵاوێکی نەخشین بکەم کە بێ خەمی و بێ پەروای سەرم بپەڕێنێ. خەریکە بڵێم بە ئەندازەی شەهیدە سەربەرزەکانی کورد، قوربانیانی بێ وەیی گوللەی وێڵیمان هەس کەویستیان سەریان دەرباز بکەن لێ سەر و ماڵیان تێداچوو.

سەیری ئەم دەشتاییە، سەوزاییە پان و بەربەرینەی کوردستان بکە، هاوشانی سەدان زوڵملێکراوی دەستی زاڵمەکان خەڵکمان هەن کە زوڵملێکراوی کڵاوی بابردووی خۆیانن و سەرەنجام نەک شووشە شکاو، بەڵکو رەزیان سوتا.

ئەم فەرهەنگە شعوری بەرزی خاوەنداریێتی لە وڵات بەرهەم ناهێنێ. بەعەس بەرهەمدێنی ئەم فەرهەنگە نییە، بەس تا دواچۆڕ کەڵکی لێوەرگرت و پەرەی پێدا، بۆیە چوار نەوەی لە هاووڵاتیان بەگیانی خۆدزینەوە لەئەرک و مافی خاوەنداریێتی پەروەردەکران.

هەموومان گوێمان لەم قسە ورە بەدەستەوانە بووە:

هەقمان چەس، سیاسەت کەی کاری ئێمەیە؟ کاکە ئێمە حزبایەتی ناکەین،... هتد. وا ئەمڕۆ دەبینی بۆتە فەرهەنگێکی باو خەڵک رقی لە حزبایەتییە، خۆیان لە ئەرکێکی گشتیی دەشارنەوە و وایدەبینن ئەوەی کاری وا دەکات یان گێلە یان دەبێ بەرژەوەندییەکی شەخسی راستەوخۆی تێدا بێت. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی حزبایەتی ئەمڕۆ نابوود کراوە، بەڵکو باسوخواسی نابوودی حزبایەتی و سیاسەت بۆنەیەکە بۆ خۆدزینەوە لە هەموو رەهەندێکی حزبایەتیکردن و سیاسەت کە بەناونیشانی خزمەتی گشتیی و خاوەنداریێتی لە وڵات لە کایەدایە. خەڵک رقی لە حزبایەتیە لە بەرئەوەی حەز بە ئەرک و هەڵسوڕانی حزبایەتی ناکەن، نەک لەبەرئەوەی حزبێک لە مەقتەعێکی زەمەنیدا هەڵەیەکی کردبێت. خەڵک خۆی لە سیاسەت دوورەپەرێز دەگرێت، نەک لەبەر ئەوەی سیاسەت یانی هونەری ئیدارەدانی درۆ و دەلەسەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی سیاسەت بەرەوخاوەنداریێتی و بەرپرسیاریێتی رامان دەکێشێ و کەم کەسیش ئامادەیە نرخی ئەوە بدات.

نموونەی دیاردەکە ببینن؛ باسی کەرکوک و فیدراڵی دێتە گۆڕێ وادەزانن ئەمە تەنها باسی ناسیۆنالیستی و کوردایەتییە. باسی چاکسازیی و دیموکراتیزەکردن دێتە گۆڕێ وادەزانن ئەمە قسەی ئەوانەیە چاویان لە دەسکەوت و ئیعتیباری شەخسییە.

باسی پەرەپێدانی دیموکراسیی و گوشاری مەدەنی، لەسەر ژن و ژیان هاتنە جواب دەکرێ پێیانوایە؛ ئەمە بەرژەوەندییەکی تێدایە دەنا کێ وا خێرخوازە بێ بەرامبەرەکی لەسەر کێشە گشتییەکان هەڵبداتێ.

ئەم فەرهەنگە دەرفەت نادات کە خاوەنداریتی لە وڵاتی خۆمان بکەین. هەن وادەزانن باسکردنی ئەم خاوەنداریتییە شتێکی رۆمانسی و خەیاڵپڵاویە، دەنا نیشتمان کەی هەست و سۆزی هەیە کە ئێمە بانگهێشتی ئەو هەست و سۆزە بە هەست و سۆزی خۆمان بکەین. راستییەکەی کوردستان گیانلەبەری هەستیار نییە. شاخ و بەرد و کەژو کێو ئاو سەوزاییەکی وشکی بێ رۆح و گیان لێ ژیان هەر لەم توخمانە دروست دەبێت.

راستە کوردستان گیانلەبەری خاوەن هەست و سۆز نییە، بەڵام خۆ لەو گۆڕەش گۆڕەپانێکی سەرچڵی و بێ پەروایی ئێمە نییە. کوردستان ساحەی تۆپانێ نییە با یاری و ململانێشی تێدا بێت. کوردستان نیشتمانی ئێمەیە و دەبێ هەرکەسە و خاوەنداریتی لێ بکات.

# بۆئەوەی چەمکی گەندەڵیش گەندەڵ نەکرێت*

گەندەڵی تیرۆرێکە ئەگەر بەرەنگاریی نەکرێتەوە، لاشەی بزووتنەوەی دیموکراتی کوردستان دادەڕزێنێ. بەڵام خۆ ئێمە لە ناولێنانی تیرۆریشدا گرفتمان هەیە. ئایا هەموو بیروڕایەکی جیاواز و هەموو بەرخودانێکی میللی تیرۆرە؟ بەهەمان شێوەش هەموو نەفرەتکردنێک لە گەندەڵی مانای چارەسەری کێشەی گەندەڵییە؟

ئایا لە کوردستان بەم شێوە گشتاندنەی تۆمەتی گەندەڵی جۆرێکی دیکە لە تیرۆر بەرهەم ناهێنێتەوە کە هیچی لە تیرۆری گەندەڵیو تیرۆری (توندوتیژی) کەمتر نییە؟ یانی لێرە مەبەستمان لە تیرۆری مەعنەوی و تیرۆری رۆحی و فیکری کەسەکانە بەناوی بەرەنگاربوونەوەیەکی گشتی گەندەڵی؟

لەم نێوانەدا رێگا بۆچارەسەری گەندەڵی لەکوێیە؟

گەندەڵی چییە؟

ئێمە لێرە بە سەر تاریف و ناساندنە گشتییەکانی گەندەڵیدا ناچینەوە، چونکە دۆسیێ ئەمجارەی هەفتانە رای شارەزایانی ئەم بوارەی بە وردی و بە هەڵسەنگاندنی زانستیانەی ئەوانەوە گواستۆتەوە. بۆیە بەندە هیچ ئیزافەیەکم نییە، باسکردن لە رەهەندی سیاسیی ئەم دیاردە ئیداری و دارایی و فەرهەنگییە نەبێت بەو شێوەی لە کوردستان و کەمێکیش لە عیراقدا هەستی پێدەکرێت.

گومانی تێدا نییە کوردستان و عیراقیش وەک زۆر شوێنی دونیا گیرۆدەی دەرهاویشتەکانی گەندەڵی بووە. ئەمەش بۆ پاکانەکردنی دیاردەکە نییە گوایە مادام جیهان وایە کەوابێ ئەوی لای خۆشمان پاکانەی هەیە. بەڵکو ئەم دەستنیشان کردنە بۆ ئەمەیە کە گەندەڵی لە قەوارەی خۆی دابنێین و لە بەرەنگاربوونەوەی نەترسین.

رەنگە جەدەلێکی زۆر هەبێ لەسەر رێوشوێنی بەرەنگاریی گەندەڵی. هەندێک لەو رێوشوێنانە جیهانیین، مادام دیاردەی گەندەڵی هی ئیدارەی مۆدێرنە. هەندێکی تر کارکردنە بۆ دۆزینەوەی رێوشوێنی کوردستانیی لە بەرەنگاربوونەوە مادامەکی گەندەڵی لە کوردستان تایبەتمەندی ژینگەی لۆکاڵی خۆی هەیە. دەبێ بڵێین بەشێکی

---

* گۆڤاری هەفتانە – ساڵی 2009.

بەرەنگاربوونەوەکان هۆکاری گەندەڵی تەنیا لە گرفتێکی ئیداری، یان رەوشتی، یان تەماعێکی شەخسیدا قەتیس دەکەن. بۆیە تەنها رێی ئیداری یان رێی سەرزەنشتی مەعنەوی و دارایی لە چارەسەر دەگرنەبەر. بەڵام دەبێ ئێمە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەپێشدا دیدێکی گشتگیرو هەمەلایەنەمان لەسەر هۆکاری دیاردەکە هەبێت.

**لەم دەروازەیەوە دەکرێ رەهەندی سیاسیی بەسەر بکەینەوە.**

هۆکاری سەرەکی لە گەندەڵی دارایی و ئیداریی گەندەڵی سیاسییە. گەندەڵی سیاسیی باڵا بەسەر دۆخی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵا سامانی گشتی و موقەدەراتەکانی میللەتدا دەکێشێت. نەبوونی دەسکێک ئیجرائاتی سیاسیی بۆ نوێبوونەوە و گرتنەبەری رێوشوێنی جێگیر، نەرموونیان لە ئیدارەدانی سیاسەتدا بەشێکی هۆکارەکانی گەندەڵی سیاسیین کە دەشێ بە فراوانکردنی بازنەی بەشداریی سیاسیی، پابەندبوون بە پرەنسیپی دیموکراسیی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوەیەکی رەوا و لە رێی سندوقەکانی دەنگدانەوە چارەسەر ببێت.

خراپترین جۆرەکانی چارەسەری دابڕینی گەندەڵییە لە ژینگە سیاسییەکەی و کورتکردنەوەیەتی لە باسوخواسی ئیداری و داراییدا. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە فشەمان بە چارەسەرییە ئیداری و داراییەکان، پەیڕەوکردنی یاساو ماددەکانی بێت. بەڵکو بەو مانایە ئەگەر دەست بەسەر هۆکارە سیاسییەکاندا بگرین، رێگا لە بەردەم چارەسەرە ئیداری، دارایی و سیاسییەکان دەکرێتەوە.

**گەندەڵی دەسکەلایە!**

بەم مانایە باسوخواسی گەندەڵی باسێکی سیاسییشە. راستە بۆ دەسکەوتی ئابووریی‌و داراییە، بەڵام سایەی سیاسەت بە سەرییەوە دەخولێتەوە.

بەو پێیەی گەندەڵی کەموکوڕی، بەهەدەردان و داهێزرانێکی گەورەشە لە بەڕێوەبردنی وڵاتو دەرگا گشتییەکانی حکومڕانی، بۆیە تەشەنەسەندنی دەبێتە ماددەیەکی باش بۆ رەخنەکاری نەک تەنها لەلایەن میدیاکان یان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و گروپەکانی گوشار، بەڵکو لای نەیارە سیاسییەکانیش، ئەوی حزب و گروپی سیاسیین و بەشوێن بابەت و کەرەستەوەن بۆ رەخنەگرتن و شکاندنی دەسەڵاتی سیاسیی لە رێی جێگرتنەوەیدا.

تا ئێرە ئەم گەمەیەش بەشێکە لە گەمەی سیاسیی رەوا کە: خاڵی لاوازی نەیارەکان بخەیتە خزمەت پرۆژەی نەیاریتی سیاسییەوە، بەڵام دەرکەوتی خراپ

بەکارهێنانی تۆمەتی نارەوای گەندەڵییە بۆ شکاندنی سیاسیی، بۆ لێدانی نەیار و دوژمنە سیاسییە جیاوازەکان. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، لە بەغدا، کە دامەزراوەی دەستەی نەزاهەت چالاک و هەڵسوڕاویشە دۆسیێ گەندەڵی بە گوێرەی ئیعتیبارە سیاسییەکان بژارە کراوە، لێی هەڵبژێردراوە و لێی شاردراوەتەوە. هەر حکومەتێک یەخەی نەیارە سیاسییەکانی خۆی پێ گرتووە. دۆسیێ چەند بەرپرسێکی قوتکردۆتەوە کە هی گروپی جیاوازی نەتەوەیی، یان تائیفی، یان حزبی بووە. دۆسیێ چەند بەرپرسێکی شاردۆتەوە، چونکە لە دۆست و ئەحبابی فلان یان فیسارن. سەرەنجام لای رای گشتی کە فاکتەرێکی سەنگینی بەرەنگاری گەندەڵین، هەوڵی شێواندنی راستگۆیی دەستەی نەزاهە دراوە.

لە کوردستان ئەو دۆخە دژوارترە، چونکە لێرە بچوکترین کەموکوڕی ئیداری یان کەمتەرخەمی لەژێر ناونیشانی گەندەڵیدا ریز دەکرێت. لەپاڵ ئەمەشدا، چونکە بەرپرسیارێتی یاسایی، میدیایی باش رایی ناکرێت تۆمەتی گەندەڵی و گەندەڵکاری تۆمەتێکی ئامادەیە کە نەیارەکان لەدژی یەکتری بەکاری دێنن و کەس نییە راستی ئەم تۆمەتە یان درۆییەکەی ساغبکاتەوە.

گەندەڵی لە کوردستان وەک چەمک و وەک تاریفێکی دیاریکراوی ئیداریی ــ یاسایی بە نا رۆشنی ماوەتەوە و بۆتە چەکێک بە دەستی دەستەیەک سیاسەتکار تا نەیارەکانیانی پێ بدەن بەزەویدا، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان تەعمیمی بکەن و پیسوپاکی پێ بسووتێنن. هەموو چالاکوانێکی شەئنی گشتی پێ ناوزڕاو بکەن، ئەوەندە تۆمەتەکە بەکاربێنن کە بۆ بۆنەیەک یان وێستگەیەکی سیاسیی کاریان پێیەتی و ئیتر بێ هیچ سەنەدێکی قانوونی یان ئیداریی پشتی تێدەکەن. هەر ئەو تۆمەتە دەبێتە چەکێک بۆ خستنەگەڕی لەدژی نەیارێکی سیاسی تر تا دێتەسەر رێی خوازراو یان تا یەکێکی تر دەستبەرداری جۆرێک لە قەناعەتی سیاسیی خۆی دەبێت و لەگەڵا رەوتێکی سیاسیی تر رێک دەکەوێت. بەم جۆرە تیرۆری گەندەڵی کە ئابووری وڵات و سامانی گشتی تووشی داچۆڕان و دارزان دەکات، بە دیوێکی تردا دەبێتە بۆنەی تیرۆرێکی مەعنەوی بۆ ترساندن و تۆقاندن، بۆ تیرۆری رۆحی و فیکری و مەعنەوی نەیارە سیاسییەکان.

## دۆسیێکە لە دەست موزایەدەکاران دەربکەن

بەمجۆرە وا دێتە بەرچاو ئەوی دەخوازێ دۆسیێ گەندەڵی بەرزبکاتەوەو لێی بکۆڵێتەوە مەبەستێتی چارەسەری بکات لە کاتێکدا گشتاندنی حاڵەتی گەندەڵی بۆ

سڕینەوە و شاردنەوەی حاڵەتی موشەخەسی گەندەڵییە یان بۆ سەنگەر جیاییە، کە هەر ئەوانەی گەندەڵییەکە بە بەرچاویانەوە قەوماوە کاتی خۆیی لێی بێدەنگ بوون و لەوانەشە دایان پۆشیبێ یان بەشداریش بووبن تێیدا، لەکاتێکی تردا دەبنە شمشێرکێشی دۆنکێشۆتی لە دژی گەندەڵی.

لەحاڵی وادا دەتوانین بڵێین ئەمجۆرە بەرەنگارییەی گەندەڵی بۆ چارەسەر نییە، بەڵکو بۆ ئومێدی درێژەکێشانێتی تا بابەتێکی سیاسیی هەمیشە ئامادەبێت. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە دۆسێی گەندەڵی تاووتوێ ناکات و بیر لە ڕێوشوێنی دەرکردنی یاسای بەرەنگاری گەندەڵی یان بەگەڕخستنی دەستەی نەزاهەت، یان کاراکردنی دەزگاکانی چاودێری دارایی ناکات، چونکە ئاشی ئەو لە پشێوی وادا دەگەڕێ و مەبەستی نییە دەزگاکانی ئیدارە، قانوون و راسپاردەکانیش گەشەبکەن و دەزگایەکی ئیداری کاریگەری ترمان هەبێت کە هەم ئەکتیڤ و هەم شەفاف و رۆشن بێت لەبەردەم لێپرسینەوەی یاسادا.

ئێمە بەر لەهەر شتێک بۆ پرسی چارەسەری گەندەڵی پێویستیمان بەوەیە ئەم دۆسێیە لەدەستی موزایەدەکاران دەر بێنین و بیگێڕینەوە دەستی یاسا و ئیدارە و دەستەکانی چاودێری. بەمەش دیاردەی گەندەڵکردنی "بەرەنگاری گەندەڵی" لەقاو بدەین.

# گەندەڵی کوردستان، دەسکەلای دەستی نەیاران*

هەرچی لەسەر گەندەڵی کوردستان بڵێی هێشتا کەمە. ئەوی دەستی ڕێکخستنی چوارینە و پێنج خشتەکی هەیەو کەمێک بەڵگەی چنگ بکەوێت دەتوانێت شانامە لەسەر گەندەڵی لە کوردستان بدۆزێتەوە.

لەپاڵا گەندەڵی ئیدارەیی و دارایی و سیاسی دووجۆری دیکەی گەندەڵیش سەریان هەڵداوە کە هیچیان لە مەترسی نەخۆشییە کوشندەکەی دارووخانی وڵات و بنکۆڵکردنی مەمالیکەکان کەمتر نییە. ئەوانیش:

1ـ کردنی گەندەڵییە بە دەسکەلای دوو سەرە.

سەرێک بۆ تۆمەت هەڵبەستن بێ بەڵگە و سەرێکی تریش بۆ کردنی گەندەڵییە بە ناونیشانی سیاسیی نەیارە سیاسییەکان.

2ـ کردنی گەندەڵییە بە دەسکەلا بۆ قووتدانی مافی نەتەوەیی و نابوودکردنی مافی نەتەوە لە خۆ بەڕێوەبردن و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسیندا..

یەکەمیان لە کوردستان ململانێکارە سیاسییەکان لە دژییەکتری بەکاری دێنن. ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی گەندەڵکردنی "گەندەڵی"، دووەمیان کە بابەتی وتاری ژمارەمانە، نەیارەکانی کورد بۆ نابوودکردنی ئەزموونی کوردستان دەیخەنە گەڕ.

## داگیرکردنی کوردستان گەورەترین گەندەڵی نێودەوڵەتییە.

لە بەردەم بە دەسکەلاکردنی گەندەڵی لە دژی هەڵسانەوەی نەتەوەی مەزڵومی کورددا، دەبێ ئەوە وەبیر پەرۆشەکانی چاکسازی "ئیقلیمی" بهێنینەوە کە داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان گەورەترین پرۆسەی گەندەڵی سیاسییە لە جیهاندا (ئەی ڕێکخراوەیی شەفافیەتی جیهان تۆ لەکوێی)، قووتدانی خاک و خەڵکی وڵاتێک و کردنی بە پاشکۆو وابەستەی زنجیرە وڵاتێکی دیکتاتۆرو گەندەڵا، بێ بەشکردنی کورد لە گەشەی نەتەوەیی و سەرەنجام لەگەشەی خۆبەڕێوەبردن و پەرەپێدانی

---

* گۆڤاری هەفتانە – ساڵی 2009.

سیستمێکی ئیدارییو دیموکراتی ئەو تۆ دەرەقەتی گەندەڵی و تۆڕی گەندەڵکاران بێت، گەورەترین گەندەڵی پیادەکراوە لە جیهاندا.

ئیتر لە حاڵێکی وادا مرۆڤ دەبێ قسەی حەزرەتی مەسیح بژێنێتەوە (کامتان بێ تاوانن با ئەوەتان بەردێکی تێبگرن)، ئەمە وەختێک بوو باوەڕمەندە پەرۆشەکانی پاکیزەییو شەرەفمەندی لە خانمێکی گومانلێکراویان دەدا. تۆ بڵێی مەسیح مەبەستی کوردستان نەبێت کە مرۆڤێک وا وەسفی کردبوو "کوردستان، پاکیزەیەک ترسنۆکەکان لاقەیان" کرد. جا ئەگەر لە دەرفەتێکدا خاتەمی سولەیمان بەختی کوردییارکردووە و هێشتا باشی نەقۆستۆتەوە و ئەمەش پاساوێک بێت بۆ لێخۆشبوون لە جینۆساید و تەعریبکردنی کوردستان، ئەوا هیچ پاساوێک بۆ ئەوە نییە، جارێکی تر، نەیارەکانی کورد گەندەڵی کوردستان بکەنە بۆنەی بنکۆڵکردنی مافەکانی کورد. کارێکی وا خوانەخواستە ئەگەر لە باری هێزیشەوە لە دەستیان بێت، ئەوا هەرگیز لە باری مۆراڵی و ئەخلاقییەوە هی لێخۆشبوون نییە. ئەوانەی گەندەڵی کوردستان دەکەنە دەسکەلا بۆ سوککردنی داوا رەواکانی کوردو گوایە سەرخستنی تێزی بندەستی کورد، ئەوانە لە گەندەڵکارەکانی کورد گەندەڵترن.

لە ئاستی هەرە بالای دەولەتی ئیتیحادییەوە بۆ دەستەو تاقمەکانی دیموکراسی عیراقی هەڵیتۆقاندون تا دەگاتە پەناو پەسێوی سایتە شۆڤێنییەکان تەنها قسەیان لەسەر گەندەڵی کوردستانە، ئەوانە لە بیریان دەچێتەوە ئەگەر کوردستان لەناو ژینگەیەکی گەندەڵدا گەندەڵ نەبێت، ئەوا بەفیعلی هەر ئەو کاتە، نەک ئەو کاتانەی خۆیان دەیڵێن، دەبێتە "ئیسرائیلی دووەم"! کوردستانێکی گەندەڵا چۆن لەناو ژینگەیەکی پاکژو دادپەروەری عیراقیدا دەتوانێ بمێنێتەوە؟!

## خراپترین ئیدارە

دەڵێی زاناو سۆسیۆلجستی سەربەرزی نەتەوەی سەربەرزی تورک، ئیسماعیل بێشکچی، ناو لەپی رووداوەکانی ئەمڕۆی خوێندبۆوە کاتێک گووتبووی خراپترین ئیدارەی کوردی لە باشترین ئیدارەی داگیرکەرانی بۆ کورد باشترە! دەڵێی دڵی دڵڕەشە شۆڤێنییەکانی خوێندبۆوە کە خراپی ئیدارەی کورد دەکەنە بیانوو بۆ قوتدانی ئیدارەکە خۆی، ئێمە دەبێ بۆ سلاوکردن لە هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو زانایانەی نەتەوەی سەردەت بڵێین "باشترین ئیدارەی کوردیمان بۆ کوردو باشترین ئیدارەیشمان بۆ دەوروبەریشی دەوێت".

کەس بەشی کەس ناخوات و دەبێ بە هەواو نەفەسی باشترین ئیدارەوە تێکۆشان بکەین. باشترین جۆرەکانی تێکۆشانیش ئەوەیە بە ئیدارەی خراپ رازی نەبێت، هەوڵی چاکسازی بدەین و نەخشەی ڕێگای نەهێشتنی گەندەڵی دابرێژین.یاسا سەروەر بکەین و نەهێڵین لە میانەی شەڕی گەندەڵیدا ئەم پرسە تەوزیفێکی سیاسی بکرێت. ئەگەریش لەم نەبەردییەدا نەتەوە سەردەستەکانیارمەتییەکیان لەدەست بێت، ئەوەیە سیاسەتکارەکانیان، رۆژنامەنووس و کارەکتەرە رۆشنبیرییەکانیان لێ نەگرێن گەندەڵی ئیداری و دارایی کورد بەنرخی گەندەڵکردنی مافەکانی کورد بە خەڵک بفرۆشرێت.

دەنا مرۆڤ هەقێتی بپرسێت، ئەی بۆ گەندەڵی دەسەڵاتی فەلەستینی نابێتە پاساو بۆ دەستبەرداربوون لە مافی میللەتی فەلەستین؟

## کتێبی ڕەشی شۆڤێنی

یەکێک لەوانەی دەخوازێت مافەکانی کورد قووتبداتەوە دەڵێ 17% لە بودجە نادەینە کورد، چونکە گەندەڵی هەیە لە کوردستان. جایەکێک نەزانێت لە 83%کەی تری بودجە لە کاری خێرخوازیدا خەرجدەکرێت.یەکێکی تر بە ناوی دەزگایەکی وەهمییەوە زنجیرەیەک هەواڵا و راپۆرت و وتاری کۆکردۆتەوە کە هەموویان لە دژی کورد و ئەزموونەکەین. ئەمەی بەناوی خانمێکی نەناسراوەوە تۆمار کردووەو ناوی "کتێبی ڕەشی کوردان"ی لێ ناوە. ئەم کتێبە گوایە لە لوبنان چاپکراوە، کەچی بەپەلە خراوەتە سەر هەموو تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

بەعسییەکانی دوێنێ و عیراقییە تازەکان"ی ئەمرۆ هەموویان پێکەوە ئەم کتێبە بۆیەکتری فۆرۆرد دەکەن. وەک بڵێی هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە و بەڵگەی تۆمەتبارکردنی کوردیان دەستکەوتبێت، هاکە دایانە UN و بەرەسمی داوای بەیەکجاری لە ناوبردنی کوردیان کرد. کە تەماشای کتێبەکە دەکەیت، دەبینی تەنها چەند وتارێکی چەند نووسەرێکی کوردیان تێدایە کە پێشتر لە سایتە عەرەبییەکاندا بڵاویان کردۆتەوە.

هەندێک وتاری هی چەند نووسەرێکی عەرەب و تورکمانی شۆڤێنین کە لەوەتەی هەن هەروا لەسەر کورد دەنووسن. هەندێکیشی ناو و وێنەی نەناسراوی کوردیان وەپاڵا دراوە.

بەشێکیش نووسەری عەرەب و بیانی نووسیویانە کە هێندەی رەخنەیە لە ویستە نەتەوەییەکانی کورد نیو هێندە رەخنە نییە لە گەندەڵی کوردستان.

دوای ماوەیەک لە دەرچوونی ئەمە چییان بینی:

یەکەم: چەند نووسەرێکی کورد کە نووسینەکانیان خراوەتە ناو کتێبەکەوە لە وانەش ئەحمەد رەجەن پرۆتستۆی ئەم مەسەلەیان کرد کە نووسین و رەخنەی وان بێ پرسی وان ببێتە مایەی رەشکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی.

دووەم: دەرکەوت کتێبەکە بێ پرسی تەنانەت نووسەرە عەرەبەکانیش "تەجمیع" کراوە. ناوی نووسەری وەهمیو وێنەی چەند نووسەرێکیش هی درۆینەن.

سێیەم: خانەی پەخشی کتێبەکە سەر بە سایتی میزۆپۆتامیای سەر بە سەلیم مەترە.

چوارەم: سەلیم مەتریەک لە بانگەوازخوازەکانی "ئوممەی عیراق"یە کە نازناوی وا گەورەترین گەندەڵی فیکرییە، چونکە عیراق میللەتێکی فرە نەتەوەیە، چونکە سەلیم مەتر ئوممەی عیراقی تەنها لەمەدا دەبینێتەوە، بەناوی عیراقێتییەوە دژی هەموو داوایەکی کورد بێت و لە تەعریب و سیاسەتی شۆڤێنی نەتەوەی سەردەست خۆش بێت.

کە وابێ ئەو کتێبە گەورەترین گەندەڵییە لە بواری رووناکبیری و دابونەریتی چاپەمەنیدا. کەچی دەخوازێت گەندەڵی کورد بکاتە بیانوو بۆ لێدانی پرۆژەی نەتەوەیی کورد لە عیراقدا.

### خەتای خۆشمانە

بەڵام ئەم دیاردەیە خەتای خۆشمانی تێدایە. خەتای ئەوەی گەندەڵی لە کوردستان تەنها زیان نییە لە کۆمەڵانی خەڵکی، بەڵکو زیان و نابوتکردنی بزووتنەوەی رەوای کوردایەتیشی بەدواوە دەبێت. ئەمەش هاوکێشەیە، خوێنەران شایەدن لە نووسینی چەندین نووسەردا ئاماژەی بۆ کراوە. ئەگەر گەندەڵی لە ژینگە گەندەڵەکەی دەوروبەرمان تەنها زیان بێت لە هاونیشتمانی، ئەوا گەندەڵی کوردستان زیانە لە هاونیشتمانییو نیشتمان خۆشی. ئەزموونی کوردستان قەدەری وایە کە هەم ئەزموونە بۆ ئیدارەی ژیانی خەڵکی و هەمیش ئەزموونە بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. ئەگەر نەیاران رێگر بوون لەمەدا کورد ببێتە خاوەنی کلتوورێکی جێگیرو دەوڵەمەند لە بەرێوەبردن و لە شارەزایی دەوڵەتدارییی بەجۆرێک بەرگەی گەندەڵی بگرێت، ئەوا خۆشمان کەم هیممەت بووین لە پەرەپێدانی تواناکانی نەتەوەکەمان لە بواری پەیداکردنی پەرژین لە دژی ئایدزی گەندەڵی. ئەمەش لەلایەن نەیارانی کوردەوە دەقۆزرێتەوە.

وەک دەبنین گەندەڵی توانا دارایی و ئیدارییەکانی کورد دەبات، متمانەی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵانی خەڵک لە نەمان نزیک دەکاتەوە.

کەچی هەن وا دەزانن بەرەنگاری لەمە خزمەت بە دوژمنانی کورد دەکات. لە راستیدا گەندەڵی گەندەڵکاران خزمەت بە دوژمنانی کورد دەکات و وایان لێدەکات "تەجمیعی ئەشیای" کۆن بکەن و کتێبی رەشی لەسەر بڵاوبکەنەوە، سەیر لەوەدایە واقیعی گەندەڵی کوردستان ناهێڵرێت بزووتنەوەی کوردایەتی تەنانەت ورە بداتە بەرخۆی، تا وەڵامی ئەو هەڵمەتە شۆڤێنییە بداتەوە کە کتێبی وا و دەیان و سەدان مینبەری تر لەدژی کوردستان دەخاتەگەڕ.

سوپایەک لە وانەی لە خێرو بێری گەندەڵی وڵات دەخۆن ئامادەی هەموو شتێکن، تەنها ئەوە نەبێت بەرپەرچی شۆڤێنیزمی عەرەبی بدەنەوە.یانی ئەمانە لە گەندەڵی وڵات دەخۆن و لە گەندەڵکردنی ناوبانگی دەرەوەی وڵاتیش هەروان!

کەوابێ رەخنەکردنی دڵسۆزانەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەم کارێکی هاونیشتمانیانە و هەم کارێکی نەتەوەیشە و بەپێچەوانەشەوە چارەنەکردنی نزیکایەتییە لەو بیانوانەی دوژمنەکانی کورد بۆ نابوودکردنی ماف و بزووتنەوەکەی بەکاری دێنێت.

# ئیتر با سندوقی دەنگدان یەکلایی بکاتەوە*

ئیتر ئەم گرفتە چووە سەر شەمەندۆفێری خۆی. گرفتی ململانێی سیاسیی و چەلەحانێی پێکناکۆکەکان چووە سەر راستەڕێی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی کوردستانیی و لەوێ دەنگدەری وڵات قسەی کۆتایی خۆی دەباتە ناو سندوقە سیحرییەکە، سندوقی دەنگدان.

سندوقی دەنگدان سیحری ئەم ململانێیە بەتاڵ دەکاتەوە، قودەرتمەندی دەداتە دەست ئەوەی لە چوار ساڵی داهاتووی دەورانی سیاسییدا کوردستان دەبات بەڕێوە. سندوقی دەنگدان کۆبەندی باوەڕ و روانینەکانی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر کارەکتەرو هێزە سیاسییە دژەکان لەخۆی دەگرێت. ئەوی بردییەوە بەرنامەی خۆی جێبەجێ دەکات و ئەوی دۆراندی با ئۆپۆزسیۆنێکی یاسایی، بەرچاو و شەفاف بێت لە پەرلەمان و لە گروپەکانی گوشار و سەکۆکانی میدیادا قسە بکات و تەواو.. دەستوەردانی لا بەلا نەمێنێت و هەر کەسە و بەرپرسیارێتی بەشی خۆی لە ئەستۆ بگرێت. عیراق یەک سیستانی بەسە و دەبێ ئەوانی تر لە کایەکەدا کار بکەن و رەنج بدەن، لە هەڵەوپەڵەی خۆیان بەرپرس بن قسەیان هەبێ و ئیجتهاد بکەن نەک فەتوا بدەن و کار و کۆشش بخەنە ئەستۆی خەڵکی ترەوە.

## بڕیار پەک نەخرێت

ئیتر لە دەرەوەی ئەم ئالیەتە دیموکراسییە- یاساییە هەرچی قسە دەکات بۆخۆی قسە دەکات، دەتوانێ بازاڕی گفتوگۆ و ئەزموونی سیاسیی دەوڵەمەند بکاو بیگێڕێتەوە، بەڵام بڕیار، بڕیارِ لەماوەی چوارساڵی داهاتوودا، لای براوە دەبێت.

خۆشی هەر دەبێ ئەم بابەتە وا مامەڵە بکرێت. ناکۆکی هەیەو هەر لایەو ئیدیعا دەکات کە خوا و خەڵق و خاک و خۆڵا لەگەڵا ئەون و مەسەلەکە بڕاوەتەوە. ناکرێ فەلسەفەی ' هێلکە لە مریشک یان مریشک لە هێلکەیە لە شرۆڤەکارییەکی فەلسەفییەوە ببێتە بابەتی رۆژی سیاسیی کە بەرژەوەندی و گوزەرانی خەڵکی لەسەر

---

* گۆڤاری هەفتانە.

پەک بخرێت. ناکرێ چیتر جەدەلی بێزەنتی دۆخی گشتی وڵات بکاتە بارمتەی ململانێ و ئیجتهادە تەسکە حزبی، یان گروپییەکان. لەمەودوا دەبێ دوو دۆسێ پۆلێن بکرێت:

ـ دۆسێی شەئنی گشتی وڵات، خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی رۆژانە.

ـ دۆسێی شەئنی سیاسیی و ململانێی دەستەبژێر و ئاراستە سیاسییە جیاوازەکانی چینی سیاسیی کوردستان.

واتا ریڕەوی سیاسیی لە ریڕەوی ئیدارە و خزمەتگوزاری جیابکرێتەوە. ریڕەوی ئیدارە و خزمەت هی ئەوە نییە گەمەی پێ بکرێت، ئیفلیج بکرێت و گیرۆدەی دەستی مەیلە سیاسییەکان ببێت. ریڕەوی سیاسیش با بەڕێوشوێنی خۆی گەشە بکات و ململانێ سیاسییەکانی هەناوی ببات بەڕێوە.

هەر دوو دۆسێش رادەستی هەڵبژاردن و کەلتووری ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و حکومەتایەتی بکرێت. کە ئەم پرۆسەیە سەریگرت کوردستان لە قۆناغی دیموکراسی ئاڵوگۆڕی بیروراوە دەچێتە سەر قۆناغی دیموکراسیی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەوە، یانی دایکی دیموکراسییەکان کە لە چاویا هەموو یەکتری قبوڵکردن و دانەواندنێک زۆر بچووک دەردەکەوێت، چونکە لەم دیموکراسییەدا کورسی دەگۆڕدرێتەوە.

## رادەستی هەڵبژاردن بکرێت

بەڵام با پرسین بۆچی گرنگە ئەم ململانێیە رادەستی هەڵبژاردنی داهاتوو بکرێت؟

وەڵامەکە چەند سەرەیە:

ـ جارێ، چونکە هەر ئەمە دیموکراسییە راستەقینەکەیە کە بریتییە لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات یان، ئەگەر پێکهاتەی ئێستا مایەوە، دەمەزەردکردنەوەی رەوایی یاسایی لە رێی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەو پێکهاتەیەی ئێستا حکومڕانە.

ـ چونکە هەتا سندوقە سیحرییەکە قسەی خۆی نەکا ململانێ سیاسییەکە وەک ململانێیەکی بەرژەوەندخواز، یان تەنانەت ململانێیەکی فیکریی بێ کۆتا خۆی نمایش دەکات و یەکلایی نابێتەوە. بگرە پەیوەندییەکانی نێوان جیاوازەکان ژەهراوی دەکات و هیچ بەهرەیەکیان لێ دەرناکەوێت.

ــ چونکە ئەگەر ئەو ململانێیە چووە سەر لێواری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، ئیتر دوودڵەکان بڕیارێک دەدەن و بژارەی دیموکراسیی خۆیان ساغ دەکەنەوە. بەمەدا دەردەکەوێت ئیتر نارۆشنی و مەزەندە لە پرسی سیاسیی کوردستان پاشەکشێ دەکات و شتێکمان دەبێ بەناوی گەمەی سیاسیی کە بنەماو یاسای خۆی هەیە.

ـ بردنەوەی دوو هێزە سەرەکییەکە، دەستیان والآ دەکات بۆ جێبەجێکردنی روانینیان بێ دوودڵی و ترس لە لێکترازان. بردنەوەی نەیارەکانیشیان، بە قەبارەی خۆیان، هێزی پەنهانیان دەردەخات.

جا لەبەر ئەوە، لەم هەڵبژاردنەدا، چەند پرەنسیپێک زۆر گرنگن:

توخمەکانی (ئالیەتی هەڵبژاردنەکە، چاودێریکردن و دابینکردنی ئەمنیەت) ئەولەویەتیان هەیە، پێشی هەموو شتێک بۆ هەردوو هێزی سەرەکی خۆیان. ئەم هەڵبژاردنە هەستیارە و شێوەی بەڕێوەچوویی پێویستی بە شەرعیەتێکی رەوا و رەوان هەیە: بۆیە ئەم توخمانە زیاتر لە دانپیانان و ئەشهەدوومابیلای ئۆپۆزسیۆن کاریگەری دادەنێن.

ئەگەر ئەم سێ کوچکەیە شایەدی بۆ هەڵبژاردنەکە بدەن سەنگێکی زۆریان دەبێت و بەقەدەر بردنەوەیەکی گەورەیە بۆ یەکێتی و پارتی. چونکە ئەگەر هەڵبژاردن پاکژیش بێت، دەشێ دۆڕاو دانی خێری پێدا نەنێت، لەبەر ئەوەی کەس بە دۆڕاندن رازی نابێت. بەڵام ئەگەر توخمەکانی کە چاودێری هەڵبژاردنەکە و سەرپەرشتی دەکەن و ئاکامەکەی رادەگەیەنن لە پرۆسەکە رازی بن، ئەوا سەرکەوتنی حەڵاڵ و بێگەردی لێ دەدەن.

لەبەر ئەم هۆکارانە پێکەوە گەڕانەوەی کوردستان بۆ سندوقەکانی دەنگدان کەشێکی تەندروستی سیاسیی بۆ ململانێکانی ئەمڕۆ دابین دەکەن و ئیدیعا لە راستی جیادەکەنەوە.

## مەگەر بەشێک بێت لە پروپاگەندەی هەڵبژاردن

ولاتی ئێمە دەمێکە پێویستی بەوەیە کارەکتەرەکانی کار لەسەر ئەوە بکەن دەنگدان و دیموکراسیی بکەنە سەنگی مەحەک لە یەکلایکردنەوەی جەدەلی بێزەنتی نێوان ناکۆکەکان. هیچ کۆمەڵێک ناتوانێ ململانێ و ناکۆکییەکان قەلاچۆ بکات و کەسیش چاوەڕێی ئەوە لە کوردستان ناکات. بەڵکو هونەر لە دۆزینەوەی رێوشوێنی ئیدارەدانی ئەو ناکۆکییانەدایە، لە دۆزینەوەی کەناڵ و جۆگەی رێکوپێکە بۆ پالاوتنی ئەو ململانێ و ناکۆکییانە.

جا لەم رێگەیەدا یەکێتی و پارتی چاکیان کرد تەحەدداکەیان قبوڵکرد. ئەوان تەقدیریان وایە پێکەوە دەتوانن شەڕەکە بکەن و ئەمەش هەقی ئوسوڵی و یاسایی خۆیانە. هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش با تەحەداکە قبوڵا بکەن و لە جێی رەخنەگرتنی نا

دیموکراسـێتی یەک لیـستی دوو حـزبەکە، بـا خۆیـان بچـن دوو حـزبەکە بە هاوپەیمانێتییەکی (دیموکراسیی) دەورە بدەن.

کـاتی هـاتنە بەردەم سـندوقی دەنگـدانە، نەک گلەیـی. مەگەر ئەو گلەیـیە خـۆی بەشێک بێت لە شەڕی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکە و ئەوەشیان بابەتێکی ترە.

# بەهاری بەغدا، پارێزی حوکمی مەرکەزی*

پەتای هەڵبژاردنی پارێزگاکان تەواوی عیراقی گرتۆتەوە، ئەگەرچی هەڵبژاردنی ئەمجارە هەرێمی رەسمی کوردستان ناگرێتەوە، بەڵام پریشکی ئەم باسە لەرێی ناوچە رزگارکراوەکانەوە بەر ئێمەش دەکەوێت.باسوخواسەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەکوێ گەیشتووە؟

ئەگەر گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەتەگبیرێکی هاوبەش تەواوبێت ئەوا یاسای رێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەردەچێت و ئەمەمان بۆ ساغدەکاتەوە ئیدارە لۆکالییەکان بەچ دابورەسمێکی دیموکراسیی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکەن؟ هەروا روونــدەبێتەوە ئیتر چەند خنەخنی دواخستنی ئەم هەڵبژاردنەش بکرێت سەرەنجام بنمێچی درێژەکردنەوەی وادەکەی نابێ ساڵی 2008 بترازێنێ.

بۆ خۆی لە بنچینەدا ئیستحقاقی هەڵبژاردن ئیستحقاقی دوو ساڵا لەمەوپێشە لەئاستی هاوپەیمانە هاوبەشەکە، ئەمریکادا، سەرۆک بوش دەمێکە بەتەمای ئەم پەرەسەندنەیە تا لەرێگەیەوە "تەگبیرێکی دیموکراسیی" بۆ بەشداری پێکهاتە سوننییە هەڵگەراوەکانی ژێرسایەی قاعیدە و ئیرهاب بکات. ئێستا کە لە دەستپێداهێنانی کۆتایی ئەم سیناریۆیەش نزیک دەبینەوە هەست دەکەیت نەک بوش و سوننەکانی، بەڵکو شیعەکانی سەدر، عیراقییە "بێ مەزهەبەکانی" عەلاوی و بێ سەبر و تەحەمولەکانی وەکو د.ئیبراهیم جەعفەریش چاوەرێی گەمەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکەن چ وەک نمایشێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حکومەتی مالیکی و چ وەکو پرۆڤەیەک بۆ هەڵبژاردنە گەورەکەی داهاتوو، هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە ساڵی 2009دا. لەبەرئەوە ئەگەرچی وادێتە بەرچاو لەباری زەمینەی تەشریعییەوە هێشتا کەینوبەینەکانی یاسای هەڵبژاردنەکە تێر گفتوگۆ نەکراوە و نەبۆتە تەشریعێکی دەوڵەمەند و پڕانی، بەڵام لەباری ئاتاجی پێویستی گۆڕینی سیاسییەوە ئیتر بە بەرییەوە نەماوە: هێزی تازە دروستبوون و ئامادەی نەبەردی سیاسیین، مالیکیش

---

* گۆڤاری هەفتانە.

نــــاتوانێ لە سیـــــستمێکی دیمـــوکراتی چـــاودێریکراو لەلایەن عەرابـــی عیراقـــی دیموکراسییەوە، ئیدارەی بوش، خۆی لە گەیینی هەلومەرجەکە نەبان بکات.

هیچ گێچێکی ڕامکردنیش ناتوانێ سوکانی لێخوڕینی سیاسیی ڕێکبخات دوانەی چاودێری دەرەکی و هێزی ناوخۆیی هەمیشە ئامادەی نەبەردی هەڵبـژاردن نەبێت. بەم تەرزە شـــەمەندۆفەری پرۆســـەی سیاســـیی لە عیـــراق وا کەوتـــۆتە ڕێ کە دیموکراسیی خولەکی وئاڵوگۆریی دەسەلاتی شیرین وای لێهاتووە زۆر نۆرماڵ بێت و داخراوترین سیاسەتمەدار وتەنگنەزەرترین ڕەوەندی سیاسیی خۆشەبن وئەم پرۆسە چارەنووسسازەیان وەکو گەمەی تیلماج بێتە بەر چاویان.

**ڕیزبەندی سیاسیی نوێ**

بــۆ ئەم مەبەســتە هێــزە عیراقییەکــان خەریکــی ڕیزبەنــدی سیاســیی نــوێ و دروستکردنی بەرەی سیاسیی نوێن.

مەوسمی هەڵبژاردنی دەسەڵاتە لۆکالییەکان، لەناو سیستمە دیموکراسییەکاندا، تەواو لە مەوسمی هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکانی وڵات جیاوازە.

خەڵکی لە نموونە ڕۆژئاواییەکاندا ئەوەنـدەی بەنـدی دەسـەڵاتە لۆکالییەکـانی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ و ئاوەدانی بەرجەستە پێشکەش دەکەن، ئەوەندە عەودالی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان نین.

مەسەلەکە لە خولی یانەکانی ناو وڵات دەچێت لەچاو پاڵەوانێتییە کیشوەری و جیهانییەکان.

لە خـــولی یانەکانــدا یاریزانەکــان تــا دەســتپێکردنی خـــــولەکان لە خــۆ گواستنەوە وهاتوچۆدا دەبن و نرخیشیان بەرز و نزمی ناو کایەی کێبڕکێی یانەکانە.

لە خولە کیشوەریی و جیهانییەکاندا ناسیونالیزم ئامادەیە، ئەمما چوار ساڵ جارێک نەک وەکو خولی ساڵانەی یانەکان. وێنەکەش لە عیراق بەمشێوەیە: جەعفەری بۆ یانەیەکی تازە دامەزارو (بزووتنەوەی ئیسلاحی نیشتمانیی) یاری دەکات و د.ئەحمەد چەلەبیش حەز دەکا و نازدەکات. هەرچی ئەیاد عەلاوییە وەک چۆن لیستەکەی کەشتی نوحێک بوو بۆ خۆی، ئێستا هەرچی دەنکەجۆیەکی ماڵی پاشای ئۆپۆزسیۆنی خواردبێت لەدەوری ئەو گردبوونەتەوە. جارێ بەرنامەی یانەکانی تر ئاشکرانییە ئەگەرچی دیارە یانەی "هاوپەیمانیی کوردستان" ئەگەر بەشدارییکردنی خۆی یەکلایی بکاتەوە هەر بەهەمان تاقم و هەمان فانیلەوە یاری دەکات، بەڵام

یاریزانەکانی ئەوان و هی هەموو لایەنەکانی تریش دوای یەکلاییکردنەوەی سیستمی لیستی داخراو یان کراوەییەکەی، بچمەکانیان دەردەکەوێت.

## یاریگای کەرکوک تارتانە!!

وتمـان هەڵبژاردنـی پارێزگاکـان پەیوەنـدییان بە خزمەتگـوزاری و دیموکراسـی لۆکالییەوە هەیە. دیموکراسییەکە کە لە خوارەوە ڕا نەشونما دەکات، بەڵام چونکە لە عیراق هەمووشتێک بارگاوی کراوە بە سیاسەت، دوو دەورانی دیکەش هـەڵبژاردنی لۆکـاڵی لەژێـر سـێبەری سیاسـەتە گـشتییە عیراقییەکـان و ململانێـی پێکهـاتە گـەورەکانی عیراقـدا دەمێنێـتەوە. لەبەرئەوە سـەیر نیـیە کە هـەموو بارگـرژییە نەتەوەیی و مەزهـەبییەکان بۆ ناو جومـگە لۆکالییەکانی دەسەڵاتیش شۆڕدەبنەوە. هێـشتا یـارییەکە یـارییەکی مەرکەزی گەورەکـانە، بەڵام لە گۆڕەپـانی جیاجیـای پارێزگاکاندا.

بـۆیە هەنـدێک هێـز بـابەتی گەرمـی (ڕێککەوتننـامەی عیـراق- ئەمریکـا) دەکەنە دەسکەلای خۆیان و لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا حکومەتی مالیکی پێ دەکوتن. ئەمە بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بابەتێکی ئامادەیە خـوا داویەتی. هێـزی پێکهاتەکانیش وەک بەشـێکی جەمـسەرگیرییە نەتەوەیـی و مەزهەبیـیەکە، بـابەتە نەتەوەیـی و مـەزهەبییەکان دەبنە کەمەندکێشی دۆست و لایەنگرە زیزبووەکانی دەستی کـەم خزمەتی و بێ وەفایی بەرامبەر بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پێشوودا.

لەو نێوەندەدا کەرکوک بۆ کورد و موسڵا بۆ عەرەبی سوننە و هەرێمی باشووریش بـۆ شـیعە وزەی تێهەڵچـوونێکی چۆنـایەتی دەبـن کە ئـاگری ململانێکـانی هەڵبـژاردن گەشتردەکەن.

بەڵام ئەم تێهەڵچوونەی کورد گرێدراوی شێوەی هەڵبـژاردنە لە کەرکـوک. ئایـا وای لێدەکەن کە (32- 32- 32) بێت و دڵی زۆرینـەی کورد سارد دەکەنەوە لە دیموکراسـی و دەسـتوور و هەمـوو چارەسـەرییە ژێرەکـان؟ یـان وەکـو پارێزگاکـانی دیـکەی عیـراق دەبێـت کە هەر لایە بە بـازووی دەنگـدەری خـۆی دێـتە زۆرانبازییەکەوە؟

## بەشداری بکەین یان؟!

لەوەتەی عیراقی دیموکراسی سەرەتاتکێیەتی کێشەی کەرکوک دەبێتە وێستگەی ئەگەرونەگەری بەشـداریی کـورد لە هەڵبژاردنەکانـدا، دواجـاریش کـورد هەر بەشداربووە و هەر سەربەرزی ناو کەرکوکیش بووە.

ئەمـساڵیش جێبەجێنەبـوونی مـادەی 140 وەک نەخـشەی ڕێگـای دیـاریکردنی چارەنووسی ناسـنامەی کەرکـوک و دەڤەرەکانی جێـی ململانـێ، باری گرانـی خـۆی بەسەر ڕەنگی ئاڵوواڵای هەڵبژاردندا کێشاوە، بەڵام ئەزمـوون پێمـان دەڵـێ کورد هەر بەشداریی دەکات و لەمەشدا زیانی نەکردووە و ناکات.

ئەگەر دیموکراسـی بـۆ کـورد زیـانبەخش بـوایە نە خەبـاتی بـۆ دەکـرد و نە دوژمنەکانیـشی لە ترسـی بـردنەوەی دیموکراسـییانەی کـورد دژی ڕاپرسـی، دژی شێوەی ئاسایی هەڵبژاردن لە کەرکوک دەوەستانەوە؟

هێشتا کورد بڕیـاری خـۆی لەسـەر بەشداریی هەڵـبژاردن یەکلایـی نەکردبـۆوە کە نەیارەکـانی ترسـیان لـێ نیـشتبوو و داوای هەڵبژاردنـی قۆڵبەسـتکراوی (32- 32- 32)یـان کـرد. ئەمەش گەواهییەکـی ڕۆشـنی ئەوەیە کە کـورد ئەگەرچـی دەشـێ کورسییەک لێرە و پۆستێک لەولا بدۆڕێنێ، بەڵام بەردەوامی پرۆسەی دیموکراسیی و بەشداریی بەردەوامی لەوەدا دەسکەوتی بۆ کەڵەکە دەکات و دیموکراسیش دەبێتە کەرەستەیەکی ستراتیژیی بۆ جێگیرکردنی مافە نەتەوەییەکان.

جا لەکاتێکدا کورد تەنها لە کەرکوک و ناوچەکانی ململانـێ و تـا ڕادەیەکیش لە بەغـدای پایتەخـت گیـرۆدەی هەڵبـژاردنە و بەرەی پـشتەوە، هەرێمـی کوردسـتان، لە ململانێی هەڵبژاردن پارێزراوە، کە وابێ ئەمە دەرفەتێکی چاکە هەموو تواناکانی کورد و سیاسـەتەکانی بچێـتە خزمەتـی هەڵبـژاردن لەو سـنوورە جـوگرافییەی ڕووبەرەکەی نیوەی کوردستانە و کەچی تائێستا لەدەرەوەی هەرێمی دانپیاندراوێتی.

# تەنگژەی خانەقین یان تەنگژەی میدیای کوردی؟*

رووپێوێکی میدیای کوردستانیمان پێویستە لەم قەیرانەی ماوەی رابردوو تووشی پرسی کورد هات. رووپێوێک کە کێرفی سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی رۆژنامەنووسیی کوردستان لەمامەڵەی تەنگژە نەتەوەییەکان دەربخات.

جارێ وا ئەو رووپێوە نەکراوەو ئەمەش یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی رەوتی میدیا لە وڵاتەکەماندا کە سەنتەرو دەزگای وای نییە چاودێری ریتمی کارکردنی بکات. لەبەر ئەمەیە کەس نییە رێنوینی میدیامان بکات و بەشی زۆری کەناڵەکان "ئەڵلا قویسن"یان کردووە بە بەرنامەو هەندێکی زۆر کەمیشیان بە ئیجتهادی خۆیان کاریان کردووە. ژبەر هەندێ ئەم تێبینییانەی ئێمەش هەر سەرەقەڵەمن و بۆ کردنەوەی چەند کۆدێکە کە یارمەتی تۆژینەوەی ئایندەیی بدات.

## میدیا دەزگایەکی بێوەی نییە

لە هیچ شوێنێکی دونیادا میدیا بێ ئەجیندایەکی سیاسیی ئاشکرا یان پەنهان هەڵناسوڕێ. هێندە هەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کەناڵەکانی میدیا تەکنیکی وابەرز بەکاردێنن لە داڕشتنی پەیوەندییان بەکۆمەڵا، دەوڵەتو دەزگاکانییەوە کە پێویستیت بە لێوردبوونەوەیەکی زۆر دەبێت تا تاڵەدەزووە نهێنییەکان ببینیت. میدیا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ناشێ بەمە تۆمەتبار بکرێت کە پاشکۆی دەسەڵاتو کارەکتەرە سیاسییەکانێتی، بەڵکو بەشداری دەکات لە دروستکردنی خەیاڵدانی سیاسیی کۆمەڵاو دەزگا دەستەبژێرییەکانی. بەشداری دەکات لە ئاڕاستەکردنی فەزای سیاسیو مەزاجی گشتی میللەتدا. بەم مانایە "تۆمەتەکە"ی میدیا لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا دووقاتە نەک یەک بار. بۆ نموونە کە میدیای رۆژئاوا، لەوانەش رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ماوەی ساڵێکە هەڵمەتێکی دژی کوردو کەرکوک بەرپاکردووە، ئەوا لەسەر راسپاردەی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا ئەمە ناکات، بەڵکو ئەمە میدیایە فەزایەکی

---

* گۆڤاری هەفتانە .

سیاسی وای دروستکردووە میزاجی گشتی خەڵکو خەیاڵدانی دەستەبژێری سیاسیی ئەمەریکا هەڵوێستێکی سەلبی لەداوای کورد بۆ گەڕانەوەی کەرکوک وەربگرن.

بەڵام دەبێ وریابین رەخنەکانی ئێمە لە میدیای رۆژئاوا نابێت هاوشێوەی رەخنەکانی نەتەوە سەردەستەکانی دراوسێمان بێت کە پێیان وایە رۆژئاوا وێنەی ئەوان دەشێوێنێت. لەم ئاستەدا دەبێ ئێمە وەکو نەتەوەیەکی بندەست سەنگەری رەخنەکانی خۆمان لە هی نەتەوە سەردەستەکان جیابکەینەوە.

ئێمە پێویستمان بە روانینێکی هاوسەنگانەیە بۆ میدیای رۆژئاوا: نە پێمان وابێت فریادڕەسی یەکەمو کۆتایین، وەکو هەندێک کە وەکو قورئان سەیری ستایلی کاری رۆژنامەوانیی رۆژئاوا دەکرن. نەپێشمان وابێت شەڕانگێزی رەهان وەکو هەندێکی تر وێنای دەکەن.

میدیای رۆژئاوا کوڕی فەزای فەرهەنگ و سیاسیی رۆژئاوایە: لە ئەنفال بێدەنگ دەبێت لێ لەسەر هەڵەبجەو کۆڕەو دێتە جواب. لەسەر ئەزموونی حکومڕانی کوردستان شانامە دەهۆنێتەوە، چونکە بۆ دژایەتی سەددام کاری پێیەتی، با تەنانەت ئەو ئەزموونە وەکو هەر ئەزموونێکی مرۆیی تر پڕ بێت لە کەموکوڕیو لەسەرکەوتنیش، بەڵام کە پرۆسەی رووخانی سەددام کۆتایی پێدێت لەدژی وەرگرتنەوەی کەرکوک دەکەوێتە تەقە لە کوردو هیچ خاڵێکی ئیجابی لە کورددا نابینێتەوەو وێنەیەکی رەشمان لەسەر نەخشدەکات. ئێمە روانینێکی میانڕەومان دەوێت کە تێبگات میدیای رۆژئاوا بەتەکنیکی بەرزی پیشەگەریتی کار دەکات، لێ زۆر لە ئەجیندا سیاسییەکان دوور ناکەوێتەوە.

جا وەک بینیمان میدیا لە کانگای خۆیدا بێوەی و بێ غەرەز نییە، بە مەرجێک دەزگاکانی تویژینەوە لە رۆژئاوا بەردەوام ئەوانە دەخەنەژێر میکرۆسکۆبی هەڵسەنگاندنەوە.

ئیتر بۆ باوەڕبکەین لە کوردستان بێگەردو سینەسافە؟

### شەڕە قسە

ئاڕاستەکانی میدیای کوردی لەم تەنگژەیەدا بە جوانی دەرکەوت. ئاڕاستەی حزبی رەنگدەرەوەی هەڵوێستی حزبەکانو ئەوی پەراوێزێکی زیاتری ئازادی هەبوو رەنگدەرەوەی هەڵوێستی دوانەیەک بوو (لایەنی خاوەندار یان لایەنی خاوەن هەژموون + ستافی بەڕێوەبەری کەناڵ یان مینبەرە میدیاییەکە) ئەم قسەیەش هێندەی دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەیە هێندە بۆ تانە لێدان نییە، چونکە نەریتی

سپۆنسەریی میدیا خۆی لەخۆیدا گرفت نییە بە ئەندازەی ئەوەی پشتیوانی چی ئاراستەیەک دەکات لە کاری میدیایی؟ هەیە پشتیوانی ئاراستەیەکی شەعبەوی یان رۆژنامەوانیی سکاندال دەکات.

و هەشە کاری بۆ میدیایەکی سەنگینو دیموکراتە کە بەرپرسیاریێتی گشتی لەسەرشان بێت. د.مەئمون فەندی لە کتێبی (حروب کلامیە)دا باسی شەڕە قسەی نێوان کەناڵە میدیاییەکانی عەرەب دەکات کە هەریەکەیان گوزارشت لە ئاراستەیەکی سیاسیی دەکەن. ئەو پێیوایە پێوەرە کلاسیکییەکانی کە میدیای ئازاد و پەیوەندی نێوان میدیاو دەسەڵات لە رۆژئاوا دیاریدەکەن بەسەر میدیای عەرەبیدا جێبەجێ نابێت، چونکە سپۆنسەرەکانی میدیای عەرەبی سیاسیین. ئەو شتێکی لە بابەت ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە باس دەکات (لایەنی خاوەندارو سپۆنسەر + ستافی بەڕێوەبەر). بەو مانایە ستافی بەڕێوەبەریش دەتوانێ پەراوێزێکی بۆ مۆنۆپۆلکردنی مینبەرەکە هەبێت.

## ئاراستەکانی میدیای کوردی

دەکرێ ئەم پۆلێنکردنە بەسەر میدیای کوردیشدا جێبەجێ بکرێت لەگەڵ رەچاوکردنی تایبەتمەندێتی دۆخی کوردستان. بەداخەوە تایبەتمەندییەکەش میدیای کورد بەچەند پلەیەک خستۆتە خوار میدیای عەرەبییەوە. لە کوردستاندا دەشێ هەندێک میدیا ناوی میلیشیای میدیایی لێ بنێین، چونکە خەسڵەتی میلیشیای هەیە:

"ناتوانین سپۆنسەری دیاری بکەین، چونکە وەکو میلیشیا باج لە زۆر کەس وەردەگرێت. لە پەناو پەسێوی دانیشتنە تایبەتییەکاندا سازش دەکاتو لەگەڵ لایەنە پێکناکۆکەکان رێکدەکەوێت لەسەر ئەرکێکی دیاری کراو بەرامبەر شتێکی دیاری کراو. ناتوانێت لەڕێی سەروتارو وتارە سەرەکییەکانییەوە ئاراستەکەی دیاری بکەیت. هەشیانە بەتایبەتی لە سایتەکاندا وەکو مەفرەزەیەکی دەموچاو داپۆشراو لەناکاو هەڵدەکوتێتو لە پاش خۆی جگە لە قوربانییە کوژراوەکان هیچ ئەسەرێکی تاوان بەجێ ناهێڵێ".

لەم تەنگژەی دوایی خانەقیندا ئاسەواری کاری ئەم جۆرە میدیاییە دەرکەوتن کە بێ هیچ بەرپرسیارێتییەکی گشتی بەرامبەر پرسی نەتەوە، پرسی نیشتمانو پرسی گشتی کۆمەڵ یان بەلای توندڕەوی نەتەوەیدا دایدەشکاندەوە یان قسەی نەیارانی کوردی وەک موژدە بڵاودەکردەوە.

لەباری توندڕەوی نەتەوەیدا شەڕەکەی کردە شەڕی کوردستانو بەغدایەک کە "هیچ هیوایەک بە پێکەوەژیانی تێدا نەمابێت"، ئەمەش گرژییەکی نەتەوەیی بەتاڵی دروستکرد کە دیار نییە کورد دەرقەتی دێتو ئامانجە سیاسییەکانیشی لەگەڵ هیچ پێوەرێکی ئەقڵانی ـ نەتەوەیدا ناگونجێت.

لەباری ئەو میدیایەی قسەی نەیارانی کوردی وەکو مەنتیقو قسەی بێ لایەن هێنایەوە ئەوا کەم نین ئەو مانشێتو هەواڵانەی پێ بزانن یان نەزانن ئاشی نەیارانی کوردیان هەڵدەسوڕاند. لە هەردوو حاڵەتیشدا ئێمە نە میدیاییەکمان بینی ئەرکی پیشەیی خۆی جێبەجێ بکاتو نە مینبەرێکی کوردستانییمان بینی کە ئەرکی بەرپرسیارێتی گشتی خۆی لە بەرامبەر کۆمەڵگە جێبەجێ بکات.

میدیایی دیکەش هەن کە میلیشیایی نین لێ سپۆنسەرەکانیان ئەجیندای سیاسییان هەیە. هەندێک لەوانە لەو ماوەیەدا لەجێی راوێژپێدان (لەباری بیروڕا)و لەجێی کێشانی وێنەی رووداوەکانو وەکو ئەوەی خۆیان هەن (لەباری رووماڵکردنی هەواڵییەوە) کاریان بۆ پاکتاوکردنی حساباتی سیاسیی کرد لەگەڵ نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا، چونکە ئەمە هەم لەگەڵ ویستی سیاسیی خاوەنەکانیانو هەمیش لەگەڵ ویستی نا رۆژنامەوانی ستافەکانیان یەکیدەگرتەوە. مەعلومیشە قینو رق لێبوونەوە نە لەبارەی پیشەییەوە دەتوانێت وێنەیەکی راستەقینە بکێشێ و نە لەباری ئەرکی سیاسیو ئەرکی گشتی میدیایی بەرامبەر بە کۆمەڵگە دەتوانێت شتێکی بەکەڵک پێشکەش بکات.

لەم حاڵەتەدا ئەو نموونەی د.مەئمون فەندی بەسەر ئەم جۆرە میدیایەدا جێبەجێ دەبێت کە لەبارەی ململانێی (شەڕەقسە)ی نێوان قەتەرو سعودیە دەیگێڕێتەوە. مەسەلە بۆ میدیاو بۆ خزمەتی گشتی نییەو پێوەرە رۆژئاواییەکانی بەسەردا جێبەجێ نابێت. مەسەلەکە بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی سیاسییە. وەک چۆن میدیاشمان هەیە بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی ئایدۆلۆژی کار دەکات کە ئەمە نموونەی ململانێی میدیای نێوان گرووپە پێکناکۆکەکانی لوبنانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت: تۆ عەلمانیت کەواتا هەمووشتێکی ئیسلامی بشێوێنە، تۆ باکگراوندێکی ئیسلامیت هەیە، کەواتا هەموو خزمەتەکانی هێزە عەلمانیو دیموکراتییەکان بشێوێنەو ناوی میدیای ئازادیش لە خۆت بنێو ئەم تەنگژەیە بکە بە دەرفەتێک بۆ پەلاماردانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کە بە زەرورەت تا ئێستا بزووتنەوەیەکی دیموکراتو عەلمانییە.

## ئەفسانەی بێلایەنی

لەم ناوەڕاستەدا میدیای کوردی لە ئاستی دەرەوە بەم هەموو کەموکوڕییانەشەوە چاودێری دەکرێت. ناوەندە میدیایەکانی کە لە کوردستان مەشقمان پێدەکەن هەموو پەلاماردانێکی دەسەڵاتی کوردی بە میدیای ئازاد دەخوێننەوە. لێ هەر میدیایەک رەخنە لە سیاسەتی عیراق، لە سیاسەتی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی بگرێت لە پرسی کوردو کەرکوکدا بە "میدیایەکی سەر بە حزبەکان" دەناسرێن. وەکو بڵێی میدیای کوردی هەر دەبێ دژی ویستەکانی کورد بێت تا پیشەگەریتی خۆی بسەلمێنێت. سەیر لەوەشدایە زۆر لە کارەکتەرە میدیاییەکانی کورد کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەم تێزەوە بێ ئەوەی بپرسن ئەی میدیای (سەربەخۆی عیراقی) بۆچی لەم تەنگژەیەدا لایەنگری موتڵەقی بەغدا بوو؟ ناپرسن ئەی بۆ میدیای بێ لایەنی رۆژئاوا لەم تەنگژەیەدا دەرگاکانی بەڕووی کورددا داخست؟ مەگەر لەبەر ئەوە نییە کە دەخوازن رێگە بەدەنگو رەنگی کورد نەدەن لەم جومگە زەمەنییەدا؟

مەسەلەی نەتەوەکان ئەگەر لەسەر واقیع ماتریالی خۆیان نەبێت سەد میدیا پشتگیرییان بکات نابنە شت، ئەمە مەسیجێکە بۆ ئەو میدیایەی توندڕەو و ناسیونال بوون... ئەگەریش لە واقیعدا ماتریالیان هەبێتو مێژووکرد بن سەد میدیا دژیان بێت ڕێی خۆیان هەر دەکەنەوە، ئەمە مەسیجێکە بۆ میدیای رۆژئاواو "دۆستەکانیان" لە کوردستان.

دەشێ بۆ دۆستەکانی پیشەگەریتی میدیا لەسەر شێوازە رۆژئاواییەکەی ئەو نموونەیە باس بکەین کە دۆستێکی ئەمەریکایی بۆی گێڕامەوە: ئەگەر لاپەڕەی رۆژنامەکانی دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستای بەریتانیا هەڵبدەیتەوە دەبینی بە ئازادیخوازانی ئەمەریکای گوتووە "تیرۆریست". لێرە نموونەکە خۆماڵی دەکەمەوە داخۆ (85) ساڵ پێش ئێستا میدیای بێلایەنو پیشەگەری رۆژئاوا چی بە مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید گووتووەو ئێمەی کوردیش چۆنی دەناسێنین؟

بۆ ئەوانەیش کە ئەم تەنگژەیان کردە دەرفەتی پاکتاوکردنی حساباتی سیاسیی دەشێ بڵێین رۆڵی هەموو کارەکتەرەکان سەرەنجام دەردەکەوێت، مێژووی دوور نا مێژووی نزیکیش دەریدەخات کێ کۆڵی داوە؟

ئیتر با میدیای میلیشیایی لەولاوە بووەستێ و قسەی لەسەر نەکەین. نەک بە مەفرەزەیەکی دەمووچاو داپۆشراو غافڵکوژمان بکەن.

# نەخشەکە بە چ بارێکدا دەکەوێتەوە؟*

لەم ژمارەیەدا هەفتانە دۆسیێی نەخشەی سیاسیی کوردستان دەکاتەوە بۆ ڕووماڵکردنی ئاڕاستەی سیاسەتی ناوخۆیی لە هەرێم و تێگەیشتن لەو ئەنگێزانەی کێرڤی حزب و کارەکتەرە سیاسییەکان دەبەن بەرێوە و بە گوێرەی میکانیزمی گەشە، یان پاشەکشێ، یان لە چەقدا مانیان، شوێنیان دەردەخات.

تائێستا زەحمەتە بگوترێ باسوخواسێک لەسەر نەخشەی سیاسیی لەناو میدیاکان یان ناوەندەکانی توێژینەوە کرابێت کە دوور لە ڕوانینی لایەنداری یان حزبێتی یان حوکمدانی پێشوەخت ناو و ئامار و کاریگەری هێز و کارەکتەرە سیاسییەکان لەناو هەناوی سیاسەتی کوردیدا ڕوونکرابنەوە، ئەوی لەسەر شتێ لەم بابەتە دوا بێت یان بە وتاری هەڵوێست یان بە خیتابێکی گشتگیر لەسەری دواوە. جا لەم فەزایەدا (هەفتانە) ناتوانێ ئیدیعا بکات کە لە دۆسێکەیدا هەموو شتێکی ڕووماڵکردووە، بەڵام دەواتێت بڵێ بابەتەکەمان وروژاند و ئیتر با خەڵک و ناوەندی تریش لەم دەستپێکەوە بەردی تر لەسەر تەلارەکە هەڵبچنێ.

بەڵام بۆچی گرنگە نەخشەی سیاسیی بناسین؟ وەڵام بۆ ئەمە زۆرە، بۆ نموونە، چونکە ئەمەش زانیارییە و دەبێ میدیا ئەم زانیارییەشمان بداتێ. یان لەبەر ئەوەی هەموو هاوڵاتییەک لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا قەوارەیەکی سیاسییە و هەڵوێستی بە هەر بارێکدا بێت شوێن لەسەر ڕووداوەکان دادەنێت، کار لە هێزەکان و کارەکتەرەکانیان دەکات. زانینی نەخشەی سیاسیی و هێزەکانی لە هەڵبژاردنندا یارمەتی دەنگدەر دەدات بڕیارێکی ژیرانە بدات کە چۆن دەنگی بە فیڕۆ نەڕوات؟ لەکاتی ئاساییشدا یارمەتی دەدات بە گوێرەی ئەو زانیارییانە لایەنداری بۆ هێز، یان بێ لایەنی بۆ خۆی هەڵبژێرێت و لە یەک مەسافە لەنێوان پێکناکۆکاندا بووەستێت. بەم مانایە زانین هاوڵاتییەکی ژیرمان دەداتێ کە لە بازاڕی مامەڵەدا باشترین شمەک هەڵبژێرێ و بکڕێت و نەکەوێتە داوی پڕوپاگەندەی بریق و باقی دەوری شمەکەکان.

---

* گۆڤاری هەفتانە .

هەروەها زانینی نەخشەی وا بۆ بڕیاردەری سیاسییش گرنگە: ئەگەر بڕیاردەری سیاسیی لە مەسافەی نێوان هێزەکان وەستابێت لەسەر شێوەی «سەرکردایەتییەک لە سەرووی مەیل و ئاڕاستەکانەوە»، یان بڕیاردەر هێزی سەرەکی پێکهێنەری حکومەت و دەزگاکانی بێت. گرنگە بزانێت کێ دەبێتە هاوپەیمانی لە بڕیاردان، کێ ئۆپۆزسیۆن و نەیارێتی؟ کامانەن ئەو هێز و گروپانەی دەبنە ململانێکاری چاوەڕوانکراو؟ هێزی خۆی لە چاو هێزەکانی تر چۆنە و لە کوێ کەموکوڕی هەیە و چۆنی چارە بکات؟

بە بارێکی تردا ئەم زانینە کار لەسەر نەخشەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتیش دەکات. بڕیاردەر لە کۆمەڵە دیموکراتەکاندا ناشێ حوکمی خۆی بە هەتاهەتایی بزانێت کە نەیارەکانی پانتایی لێ داگیرنەکەن، نارەزاییەکانی لێ گاڵنەدەن و تەبەنی ویست و داخوازییەکانی نەکەن، بۆیە لە ئیدارەدانی دەوڵەتیشدا پڕکردنەوەی کەلێنەکان لە زوومی ناوچە یان لایەنە بێ خزمەتەکان، هەم لە قاودانی گۆڕان و نارەزاییە، هەمیش خزمەتێکی دەوڵەتدارییە.

دیارە ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ ئۆپۆزسیۆن یان هێزە دووەم و سێیەمینەکانیش ڕاستە. زانینی نەخشە یارمەتی دروستکردنی هاوپەیمانێتی، ناسینی شوێنگەی کۆمەڵایەتی، جوگرافیای هێزەکانی دەدات. ڕێگە بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ئەقلانی دەکاتەوە کە حیسابی قازانج و زیان لێکبداتەوە. بێ داتا و پێدراوەکان هێزەکان سەرچڵییەکی گەورە دەکەن، ئەگەر نەڵێین سەری خۆیان بە فەتارەت دەدەن.

لەبەر ئەوە دۆسێی وا دەتوانێت بەشداریی بکات لە عەقلانیەتی سیاسیی لەوەختێکدا پتر لە دەرکەوتنێک نیشانی دەدەن سیاسەتی کوردی لە دۆخێکی نا عەقلانی و گرژدا خەریکە ڕێی ئیدارەدانی ڕەوشی ناوخۆی لێ تێکدەچێت.

دیوێکی دیکەی گرنگ کە پەیوەستە بە ناسینەوەی نەخشەی سیاسییەوە ئەوەیە ئایا هێزی نوێ لە کۆمەڵی کوردەواری سەریانهەڵداوە، یانی هێزی کۆمەڵایەتی نوێ کە لە دەرەوەی پێکهاتە سیاسییەکانی ئێستادا وێڵبن بەدەوای گوزارشتی سیاسیی دا؟ هەمـوو گروپە کۆمەڵایەتییەکان سەرقەپاغی وا دەخوازن لەگەڵ ویست و داخوازییەکانیاندا بگونجێت. لە کۆمەڵە دیموکراتییەکاندا حزب و گروپە سیاسییەکان پێ بەپێی گۆڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گۆڕان لە خۆیاندا دەکەن کە بتوانن ئیستیعابی ویستی نوێی گروپە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بکەن. جاری واش هەیە گۆڕانەکان ئەوەندە گەورەن کە توێژە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان ناخوازن بە سەد تیفتیفەی حزبەکان بخەڵەتێن، بۆیە یان دەچنە قۆناغی متبوونەوە یان هێزی نوێ لە

وەرچەرخانەکاندا گوزارشتیان لێ دەکەن و ئیتر نەخشەی سیاسیی گۆڕانی دراماتیکی بەخۆیانەوە دەبینن.

لە کوردستاندا نازانرێ مەیلی هێزی نوێ هەیە یان نا؟ بەڵام تێبینی دەکرێت گوزارشتی سیاسیی وا هەن کە دەخوازن هێزی کۆمەڵایەتی نوێ داڵدە بدەن تا لە هەلێکدا شەرعیەت لە نوێنەرایەتیکردنیان وەربگرن. جا ئێستا دۆخەکە لەوەدایە نەخشەی ئەمڕۆی سیاسیی کوردستان دەتوانێ باوەش بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات تا هێزەکانی هەناوی دەورانی تری گەشەکردن بە خۆیانەوە ببینن؟ یان ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت لە یارییەکەدا نەقلەیەکی تر بکات بە قۆستنەوەی هەلی سیاسیی ناوخۆ کە رێڕەوی وا هەن کار لەسەر بنکۆڵکردنی سیاسەتیی رەسمی کوردستان دەکەن.

لە هەموو ئەگەرێکیشدا دەبێ بزانین دەستبردن بۆ دۆسێی نەخشەی سیاسیی بێ گرفت نییەو جگە لەم بەسەرکردنەوەیە بەسەرکردنەوەی تریش هەڵدەگرێت.

# سەرمایەگوزاری لە چینێکی سیاسیی تازەدا*

کوردستان پێویستی بە چینێکی سیاسی نوێیە. ئەوی بە زاراوە فەرهەنگییەکەی political class پێ دەڵێن، یان بە کوردەواری خۆمان چینێکی (جۆرێکی) نوێی سیاسیی پێویستە جیاواز لەم جۆرەی ئێستا. یانی بە مۆدیلە جیهانییەکەی بێت یان بەمانا کوردەوارییەکەی، توێژێکی سیاسیی تازەمان گەرەکە کە دەورانێکی جیاواز لە کوردستان ئیدارە بدات.

بێگومان لەبەرخاتری جۆرێک لە گەشبینی نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنەکانمان بابەتی بێت و فەرهەنگی میانڕەوی و ناوەنجێتی سەرەوەر بکەین، هەر لە ئێستاوە ئێژم ئەم داخوازییە بۆ هاتنە ئارای چینێکی سیاسی نوێ مانای وانییە سیاسەتی کوردستانیی کارەکتەری چالاک و شایستەی نییە و لە سەرکردایەتی لێوەشاوە بێبەشە، بەڵام ئێمە قسە لەسەر چینێکی تەواو دەکەین کە دامودەزگای سیاسەت و هەژموون و دەسەڵاتداریێتی لە جومگە سەرەکییەکانیدا، هەڵدەسورێنن. ئەم چینە پێویستی بە هەژانێکی گەورە هەیە. هەژانێک بۆ ئەوەی بە فیعلی دەورانێکی تازە بابەت بێنێتە کایەوە دەبێ هەژانێکی نەرمونییان بێت، زۆرترین گۆڕان بکا و کەمترین زیان بە قەوارەی کوردستان بگەیەنێت بەو ئیعتبارەی قەوارەیەکی شایان و ژیارییە بۆ کوردستانییان. لەم پەیوەندییەدا کارەکتەری سیاسیی هەر ئێستاش دەتوانن رۆڵی پێشڕەوایەتی یان رۆڵی ئەنگێزەی رووداوەکانی گۆڕان بگێڕن.

راستییەکەی ئەگەر ئەم هەژانە گەورە و قووڵ و لەهەمانکاتیشدا نەرموونیان نەبێت نابێتە وێستگەیەکی نوێ و سەرەنجام دەورانێکی لەبار بۆ چینێکی سیاسیی تازە ناسازێنێ، چونکە ئامرازی هاتنە کایەی وێستگەی نوێ شێوەی دوارۆژی دەورانی تازەشمان بۆ دەکێشێت.

ئامرازی توندوتیژی، وەک دەفتەری ئەزموونی میللەتان دەریدەخات، دەورانێکی نوێی شێواو و چینێکی سیاسی شەلوکوێر بەرهەم دێنێت. واتا دەورانی نوێ هەر دێت

---

* گۆڤاری هەفتانە.

و چینــی ســەرقەپاغی خۆشــی لەگەڵــدایە. بەس وا شــێواوە کە دەشــێ نــاوی "پاشەکشێی"لــێ بنێین. جا با ئەم هۆشدارییە ناخۆشەش بدەین: هیچ پرەنسیپێکی وەک ئەوەی "ئاینـدە بـۆ راسـتی و پێـشکەوتن و رەورەوەی مێـژووە" دادمـان نـادات وەختێک دەورانێکی شێواو دێت و چینێکی سیاسیی پاشەکشێخواز و کۆنسەرڤاتیف باڵی بەسەردا دەکێشێ. چیرۆکی ململانێی سیاسیی لە کۆمەڵگاکانمان دڵنیایی ناداتە کەس مەگەر جیهـاد و تێکۆشـان و خاوەنـداریێتی لە کوردسـتان و بەرپرسـیاریێتی لە هەمـبەر کـوردەواری نەبێـت گـوایە دەبێـت سیاسـەتکردن وەک شـەئنێکی گـشتی ئەرکێکی مۆراڵی هەر دەستەبژێرێکی سیاسییە.

دێینەوە سەر خاڵی سەرەتا، تابپرسین پاکانەی داوای هاتنەکایەی چینێکی سیاسیی تازە چییە؟

پاکـانەکە ئەوەیە چینـی سیاسـیی ئەمـرۆ لە تەنـگەژەدایە، خۆشـی دەرکـی پێـدەکات و ئـارەزووی چارەسەرکردنیـشی هەیە. بەڵام ئـارەزووی قوربانیـدان و تێهەڵچوونەوەیەکی شایستەی ئیستحقاقاتی نوێی تێدا کزە. ئیرادە هەیە، بەڵام تەکەلوسی کردووە و دەرەتانی دەستپێشخەری کەمە. یەک لە ئاماژەکانی ئەم وەسـفە ئەمەیە بەشـێکی دەسـتەبژێری نـاو ئەم چیـنە سیاسـییە تەنـگەژەی هەستپێکراو لە گەندەڵی دارایی، ئیداری و هەندێک جاریش مۆراڵیـدا سنووردار دەکات. لەکاتێکدا ئەمە بەشێکی تـــەنگەژەکـــەیە نەک هەمـوو بازنـــەکە. مـــانگی چـــواردەی هەڵـــسەنگاندن تەواو نابێـــت ئەگـــەر تەواوی وێـــنەکە سەیرنەکەین:

دیوی شاراوەی وێنەکە پێمان دەڵێ چینی سیاسی تەنها بریتی نین لەوانەی بە رەسمی دەسەڵاتیان لەدەستە چ لە دەزگای تەنفیزیو چ لە دەزگای تەشریعی. بەڵکو "ئۆپۆزسیۆنە"کـانیش بەشێکی چینـی سیاسـیی ئێـستا پێکـدێنن و تەنهـا بەیاننـامەی راگەیەنــدراوی ئەســتۆپاکی ئەوان لە بەرپرســیاریێتی فەزای سیاســیی بە ئەمــرۆ گەیشتوومان کورت ناکرێتەوە. فەزای ئەمرۆ ئاکامی دەورانێکی سیاسیی جارانییە کە بۆ ئەمرۆو ئایندە بڕ ناکات.

لە کوردستان ململانێ سیاسییەکە بەو ئاقارەدا براوە کە شەڕی نێوان دوو بەرەی شەڕی جیاوازە. لەکاتێکدا کۆمەڵگە لە وردەکارییەکاندا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بەسەر خێرو شەڕ، چاک و خراپدا دابەش بکرێت.

بــۆ نمــوونە یەک لە رەهەنــدە هەرە جەوهەریــیە فەرامۆشــکراوەکان رەهەنــدی ململانێی نێوان نەوەکانە.

چینی سیاسی هەژمووندارى ئەمرۆ لەجێی ئەوەی رووبەڕووی تەنگەژەکان ببێتەوە بە خاوکردنەوە، یان کاکەبرالەیی پینەوپەڕۆیان دەکات. ئەمەش نە لەگەڵا تەجرەبەی هەژدەساڵە و نە لەگەڵا دیرۆکی شۆڕشگێڕی خەباتی شاخدا ناگونجێت. بڕوانن جاران شۆڕشــگێڕەکان لەگوندێکــدا بــێ ئەوەی خەڵــک داوایــان لــێ بکــات هەڵبژاردنــی ئەنجومەنی گوندەکانیان ساز دەدا، کەچی ئێستا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەوپەڕی هێــزی خــۆیەوە لە دەرگــا دەدات، کوردســتان بە نــابەدڵییەوە ســوچێکی دەرگاکەی دەکاتەوە.

بەشـێکی چینـی سیاسـیی کوردسـتان نـوقمی سیاسـەتی لۆکـاڵی و نـاوچەگەرێتییە. رەخنەکردنـی ئەم رەوتە نـابێ وا لێکبـدرێتەوە کە ئـێمە فـشەمان بە خزمەتکردنـی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان دێـت، چـونکە خـۆی نیشتمان بـریتییە لە کۆی ئەم کـۆمەڵگە لۆکاڵییانە. بەڵام هەرگیز کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان ناکەنە کۆی نیشتمان و یەکسان نین بە خەمی گەورەی کوردستانی. سیاسەتی لۆکاڵی سیاسـەتی تـوێژێکی چینـی سیاسییە کە تەنها بەرلووتی خۆی دەبینێت و ئامادە نییە بەرپرسیارێتی رابـردوو، بەو پێیەش بەرپرسیارێتی ئەمرۆو سبەینێی نزیک، هەڵبگرێت. ئەمە شتێک لە بابەت "راکردن بۆ پێشەوە".

کوردستان پێویستی بەچینێکی سیاسی تازەیە بـۆ دەورانێکی تـازەی بەڕێـوە. ئەمە تەحەددا گەورەکەیە نەک ئەم ململانێ وێناکراوەی چاپخانە سیاسییەکان و رۆژنـامە تابلیۆدییەکان سەرقاڵی نمایشکردنین.

کارەکتەرەکانی ئەو دەورانە کێن؟ نازانین! چونکە شرۆڤەکار ناو لەپ ناخوێنێتەوە، بەڵام وەک پێوەری رێختەر لەسـەرێتی بچـوکترین زەمـین لەرزە ببینێـت. ئەمە فەتـوا نییە لێ شەرع شەرمی تێدا نییە کە بڵێین دوای هەژدەساڵا لە تەجرەبەی سەروەری و کەموکورِی، توێژی نوێ و گروپی کۆمەڵایەتی نوێ پەیدا بوون کە لەناو سیاسـەتدا بەدوای نوێنەرایەتیــدا دەگەڕێــن و مامــانی چینێکــی سیاســیی نــوێن. ئەوەی دەرکەوتەکـانی ئەم پێـشهاتانە نە بینێـت ناچـارین پێـی بڵێـین هەر ئەو دەسکەوت و پاشکەوت، سەروەری و کەموکورِییەکانی هەژدە ساڵی رابردووە سەرووسەکوتی توێژو گروپە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی وێنەکێشاوە.

هەژدە ساڵ دوای راپەڕیـن، شـەش ساڵ دوای نەمـانی بەعـس، ئێـستا کوردسـتان گیرۆدەی سـەرکەوتن و شکستەکانی دەورانی رابردوویەتـی. بـا دەرفەتـی دەرکەوتنـی نەرمونیــانی چینێکــی سیاســی نــوێ برەخــسێنین. چینێــک کە ئــالودەی دەردە سیاسییەکانی چەند دەیەی گوزەشت نەبێت.

# ئەو تەرمە بنێژن، ئەم لاپەڕەیە بپێچنەوە*

بەڕێز سەرۆک وەزیرانی وڵات، نوری مـــالکی پێی ناخۆشە سیاسەتەکانی بەهی سەردەمی سەددام حسێن بچــــوێنرێت. لە رووی مۆراڵیشەوە پیاوێک لە حزبێکی دوژمنــی بەعــسەوە پێگەیــشتبێت، حزبـی دەعـوە، هەقـی خـۆیەتی نـاوو نـاتۆرەی سـەددامیزمی پـێ نـاخۆش بێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا تەجـرەبەی سـەددام بەشـێکە لە مێـژووی سـێ دەیە لە عیراقـی هـاوچەرخ و عیراقییەکـان، جگە لە زەمـانی سـەددام وەک چەقـی بەراوردکـاری لە گەلێـک بـواردا، هـیچ دەورانێکـی تریـان لە یـاد نیـیە، هەڵسوکەوتەکانی ئەمڕۆی سیاسەتی عیراقی پێ بپێون. بۆیە لێرە کە سیاسەتی مالکی لە بـواری "هاوپەیمـانێتییە جوڵاوەکـانی" هەڵدەسـەنگێنین، ناچـارین بڵێـین شـتێکە لە بابەت ئەوەی دەسەڵاتی عیراق لە هەفتاکاندا کردی. هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد بۆ گـــــوشارخستەنەسەر کۆمۆنیستەکان. راکێشانی کۆمۆنیستەکان بۆ "جەبهەی وەتەنی" تـا گەلەکـۆمەکێی دژی کـورد دەرەتـانی گەورەی لەبەردەم بکـرێتەوە. دواجـار پێچـانەوەی هاوپەیمـانێتی لەگەڵ کـورد و لەگەڵ کۆمۆنیـستەکان و هێـشتنەوەی لافیتەی "جەبهەی وەتەنی" وەک سایەیەک بۆ چەند حزبێکی کارتۆنی.

سـەیربکەن سـەرۆک وەزیـران لەگەڵ کـورد هاوپەیمـان بـوو تـا سـوننە لە پەلوپۆبخات. سوننەی هێنایە سەر رایە بۆ ئەوەی کورد لە دەرەوەی هێڵی هەرێم بێ چارە بکات. بە درێژایی تەمەنی کابینەکەشی عەللاوی بێ دێوەزمەبوو. ئێستاش بۆ خۆدزینەوە لە ئیستحقاقی بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسیی، دەخوازێت پێنج ساڵ ئێمە بباتەپاش و بەعسی ریشەکێشکراومان لێ قوتبکاتەوە.

## جاران، بەعسمان بۆچی بوو؟

لە سـەرەتای پرۆسـەی سیاسـیی عیراقـی نوێـوە دۆزیـنەوەی هەلومەرجێـک بـۆ پۆلێنکردنی بەعس بیرۆکەیەکی ژیرانە بوو. یاسای ریشەکێشکردنی بەعس چەندە سزا بـوو بـۆ بەعـس و بـۆ بەعـسییەکان، ئەوەنـدەش تـولە ریگـایەکی پێچـاوپێچ بـوو بـۆ

* گۆڤاری هەفتانە .

جیاکردنەوەی بەعسییە هەرە خراپ خراپەکان و بەعسییە "باشەکان"، یان هەندێک جار پۆلینی وادەکران: ئەوانەی دەستیان بە خوێنی ئەم میللەتە سوورە و ئەوانەی بۆ رایکردنی وەزیفە و خۆدەرباز کردن ئیمزایان کردبوو.

بەوحاڵەشەوە، لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتکردنەوەی نیشتمانیدا، یاسای ریشەکێشکردنی بەعس (ئەوی لە سەردەمی پۆل بریمەر دەرچوو بوو) لابراو دانەیەکی عیراقی جێی گرتەوە (یاسای لێپێچینەوەو دادوەری). ئەم یاسایە دەستکاریکردنێکی جەوهەریی ریشەکێشکردن بوو. لێ لە سەردەمی "یاسای ریشەکێشکردن" و هی سەردەمی "لێپێچینەوە و دادوەری"دا ئەو دەستەیەی کەم حەوسەلە بوو لە لێخۆشبوونی بەعسییەکان تەیفی حزبی دەعوە و لەناو دەعوەشدا رێزدار مالکی کە ئەوی دەمێ وتەبێژی ئیئتیلافی شیعی بوو. تەنانەت دەگوترێ بەڕێز مالکی گوتویەتی "عیراق دوو میللەتە: میللەتی بەعس و میللەتی نا بەعس. بێ لەوە باسی هیچ پێکاتەیەکی تر مەکەن". جا ئەم تێڕوانینە توندە بۆ کاتی خۆی خراپ بوو، ئەم شلەیەی ئێستاش بۆ گفتوگۆ لەگەڵا بەعس هەر خراپە. شتێکی نێوەنجیمان گەرەکە.

دۆسێی بەعس ئەگەر لەسەرەتای پرۆسەی سیاسییەوە بەجۆرێکی تر چارە بکرایە، کات و خوێن و فرمێسکێکی زۆر بۆ عیراقییەکان دەگەڕایەوە. ئەو کاتە قسە لەسەر ئاشتکردنەوەی بەعس شتێک رەوایی تێدابوو، چونکە:

- پێکهاتەی سوونە لە پرۆسەی سیاسییدا بزربوو. دەگوترێ زۆربەی بەعسییەکان لەوان بوون. ئەگەر بخوازرێت سوننە کەمەندکێش بکرێت، دەبێ لە بەعسییەکانیان خۆش بین.

— بۆ هەڵسوڕانی رەوڕەوەی دەزگای دەوڵەت پێویستیمان بە تەکنۆکراتە بەعسییەکان بوو.

- بۆ دەمکوتکردنی ناڕازییەکانی ئەفسەران و دەرەجەدارانی سوپای پێشوو، ڕێگامان پێویست بوو.

- بۆ رووتکردنەوەی تیرۆری قاعیدە و هاوشێوەکانی لە ژینگەی گەشەکردن و لێکردنەوەی هاوپەیمانێکی بە جەبەروتی وەکو بەعس.

- بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئامادە نەبوونی تەیاری ناسیۆنالستی عروبی لە پرۆسەی سیاسیی عیراقدا.

- بۆ سواخدانی کون و کەلەبەری سنوورەکانی عیراق بە دیوی سوریادا.

بەڵام بەداخەوە هیچ کام لەم تەنگەژانە هانی جەمسەرگیرییەکانی عیراقی نوێی نەدا، لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵا بەعس هەڵبدەنەوە. کەچی وا ئێستا شەخسی سەرۆک وەزیران "داکۆکییەکی" درەنگوەخت دەکات لە بەعسییەکان. ئەمە لەکاتێکدا:

- سوننە هاتوونەتە ناو پرۆسەکە و پێویستیمان بە گێڕانەوەی بەعسییەکان نەماوە.
- عرووبە لە هێز و حزبی تردا خۆی دەنوێنێ.
- تیرۆر پەکخراوەو رووی لە کزییە.
- دراوسێکانی عیراق، دیمەشق، لە دژی پرۆسەی سیاسی عیراق قسوریان نەکردووە و نایکەن، ئیتر بۆچی لەبەر وان دەرگا بۆ بەعس بکرێتەوە؟!
- جیهازی بیرۆکراسی دەوڵەت کەوتۆتەکار و لە بەعسمان کەم نییە.

ئەمانە هەمووی باعیسی بێ منەت بوونە لە بەرامبەر بەعس و هیچ جەدوایەک بۆ گفتوگۆ لەگەڵیان ناهێڵێتەوە.

## ئێستا، بەعسمان بۆچییە؟

ماشەڵڵای لێبێت عیراقی ئەمڕۆ لە شۆڤێنی و رەگەزپەرستی کەم نییە، تا بەعسیشی بێتەوە سەر. نزیکەی ساڵێکە ئەم وڵاتە ملی پێوە دەنرێت کە بەرەو ناوەندیێتی بگەڕێتەوە و نەفەسێکی عروبی نەشونوما دەکات. ئیتر لەم دۆخەدا بەعسییەکان چی وەزیفەیەکی تریان پێ دەگێڕدرێت، ئەوە نەبێت ببنە هاوپەیمانی توخمەکانی رەگەزپەرستی لە عیراقی تازەدا؟

راستییەکەی بە دووریش نازانرێت هەر لەبەر ئەمە جووڵە کەوتبێتە سیاسەتی گێڕانەوەی بەعسەوە. یانی نەفەسی شۆڤێنی پێویستی بە ئەزموون و قاڵبوونی بەعس هەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتیدا.

لەگەڵا ئەمەشدا جێی سەرنجە بپرسین، ئەوە کام جۆری بەعسە کە دەخوازرێت بێتەوە ناو پرۆسەکەوە؟

- بەعسی قیادەی قوتری عیراق، ئەوەی سەر بە سوریایە کە وەکو هەرهێزێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی دژی سەددام بوو؟ ئەم بەعسە دەبوو لەسەرەتای پرۆسەی سیاسییەوە لە بەغدا بوایە. جا جێی خۆیەتی بپرسین کێ نەیهێشت بێتەوە: دیمەشق یان "عیراقییە تازەکان"؟
- بەعسی قیادەی عززەت دووری کە یەکێک لە (55) تاوانبارە داواکراوەکەیە و ئەوی بۆ عەلی کیمیاوی دەشێ، پێویستە بۆ ئەویش جێبەجێ ببێت؟ نەک گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت.

ـ بەعسی قیادەی یونس ئەلئەحمەد کە وەکو ئەوی عززەت دووری دوسێیەکی تاوانی لە سەردەمی رژێم و لە سەردەمی تیرۆری دژی پرۆسەی سیاسیشدا هەیە؟

ئەم بەعسە بانگهێشتکراوە یان بەعسییە (بێ وەیەکانی) لەبەر وەزیفە بوونە بەعسی و لە ترسی پرۆسەی سیاسیی نوێ، ئەمڕۆ بەشێکیان پەرتەوازەی دراوسێکانمان بوون؟

بەداخەوە بانگەوازی حیوار کە سەرۆک وەزیر مەترەحی کردووە روونکردنەوەی لەسەر ئەم پرسیارانە نەداوە.

## کێ هەقدار ترە؟

لە جێی لاکردنەوە لە بەعس، هەق نییە ئەولەویەت بۆ قوربانییەکانی دەستی بەعس بێت؟

هەق نییە سەرۆک وەزیران ئاشتی لەگەڵ کورد، لەگەڵ سوننە تازەکان، لەگەڵ عەللاوی و دیموکراتخوازەکانی تەیفی عەلمانی بەرپابکات؟

لەجێی ناردنەوە بەشوێن ئەوانەی مێژوو دەستی لێ شتون، هەقیان نییە سەرۆک وەزیران تەنانەت لا لەو ناسیۆنالستە عەرەبانەی عیراق بکاتەوە کە دەخوازن لەگەڵ کاروانی دەست پێداهێنانەوەی بیری قەومی عەرەبیدا بە رێبکەونو رەخنەیان لە رەوتی چەندین دەیەی عروبە هەیە؟

لەجێی پێشێلی دەستوور، بە چاوپۆشین لە حزبی بەعسی قەدەغەکراو باشتر نییە، بەڵگەنامەی چاکسازی سیاسی جێبەجێ بکرێتو کەمێک دەست لە دەسەڵاتی فانی شل بکرێت؟

لەجێی گەڕان بە شوێن ئەو بەعسیانەی تائێستاش لە ئەدەبیاتو رەفتاری پێشوویان پەشیمان نین، هەق نییە فەزای سیاسیی، کلتووری و ئەمنی بەغدا وای لێبکرێت کە دەیانو سەدان هونەرمەند و راکردووی دەستی هەژموونی تەیفە دینییەکان بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان و لە ئاوارەییو دەربەدەری دەربازیان بێت؟

ئەمە زیندوویەتییە بۆ عیراق یان هەڵدانەوەی گۆڕی گۆڕبەگۆڕبووی بەعس؟ ئەوی تەنانەت خاوەنەکانیشی خۆیان لێ بێ خاوەن کردووە؟

# جێگۆڕکێ بە سروشتی ململانێی سیاسیی کورد کوردستان کەوتۆتە کوێی جیهانەوە؟*

لە قۆناغی ئێستاو و داهاتووی گەلی کورددا بابەتی سەرەکی تێکۆشانی سیاسیی لە باشووری کوردستان چی دەبێت؟ یان بە زاراوەی دێرینی ئەدەبیاتی کوردایەتی کامانە ناکۆکییە سەرەکییەکانن و کامانەش ناکۆکییە لاوەکییەکان؟ کامیان بۆتە باسی باو لەناو جموجۆڵی سیاسیی کوردستان و کامیان وادێتە بەرچاو کە فەرامۆشکراین و خوانەخواستە دەشێ ئەو فەرامۆشکردنە لە زەین و ئەندێشەوە بگوازرێتەوە بۆ کرداری سیاسیی لە ئەجینددای رۆژنامەکاندا؟

لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە لە رووی سەرەتاکانی کوردایەتییەوە کارێکی ئاسان بێت: ئەوانە ناکۆکی سەرەکین کە لەگەڵا نەیارانی ویستی ئازادیخوازانەی کورد هەمانەو بابەتە ناوخۆییەکانیش ناکۆکی لاوەکین. بەڵێ حیسابیان بۆ دەکرێ، بەڵام نەک تا ئەو ئەندازەی شوێن بەناکۆکییە سەرەکییەکە لەق بکەن.

**پلەی خوار سفر**

ئەمە لە رووی سەرەتاکانەوە، کەچی کە دەچینە وردەکاری رەوشی سیاسەتی کوردییەوە بەداخەوە شتی تر دەبینین. ململانێی ناوخۆیی و ملشکاندن و یەکتری خواردن و تلخواردنەوە بەدەست گرفتی نێوماڵەوە وای پێ کردوین تینوتاوی ململانێ لەگەڵا ناکۆکییە سەرەکییەکە لە پلەی خوار سفرەوە بێت. رەنگە ئەمەش یەک لە دەیان هۆکاری تربێت کەوای لە نەیارەکانمان کردبێت گەفمان لێ بکەن و لە ئەزێتدان و پاشەکشێ پێکردنمان سڵا نەکەنەوە.

بۆخۆم لە لایەنگرانی سووککردنی دۆخی ناوخۆیی نیم لەسەر حیسابی دۆخی دەرەکی، یانی پێموایە دەبێ حیساب بۆ ناکۆکی لاوەکی ناوخۆیی نێوماڵی کوردی، نێو حزبی کوردی و نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بکرێت. دەزانم جموجۆڵی سیاسی لە کوردستان وەک جموجۆڵی هەر کۆمەڵێکی تر میکانیزمی ململانێ و

* گۆڤاری هەفتانە.

هەڵسوڕانی ناوخۆی هەیە و کۆمەڵی کوردەواریش وەک کۆمەڵەکانی خەڵق و خوای ئەم دونیــایە چــین و تــوێژی جیــاو ئینجــا بەرژەوەنــدی جیــاوازی دژ بەیەک و ململانێکاری تێدایە.

بەڵام ئەم بـابەتە تـایتڵی سـەرەکی و لاوەکـی هەمـوو گفتوگـۆ، میتنـگو سـەرپەڕی ڕۆژنـامە و گۆڤـار و تەلەفزیۆنەکـان بێـت، ئەوەیـان گوزارشـتە لە تەنـگەژەیەک کە پێویستە وەک نەخۆشییەک موعایەنە بکرێت و بیر لە چارەسەرکردنی بکرێتەوە.

لاپەڕەی هەنـدێک ڕۆژنـامە و گۆڤـار هەڵـدەدەیتەوە ئەڵێــی کوردسـتان (نـصفی جیهان)ەو ناوەندی سەرگۆی زەوییە. لە سەرووی ئەمریکاوەیە لە کێبرکێی پێشکەوتن کە هەر ئەوەی ماوە گرفتە ناوخۆییەکانی چارەبکرێـت، ئیتـر دوژمنـی لە دەرەوە نیـیە. دەڵێی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی شیعەستان و سوننەستانی عیراقدا نییە. دەڵێی کێـشەی کەرکـوک و نەوت و غـاز و فیـدراڵی و پێـشمەرگەی چارەسـەر کـردووە، وا لەسەر ئەلفی مەقسورە و ئەلفی مەمدودە شەڕمانە.

## بۆ تانە لێدانە

میـدیاکانی کوردسـتان بـاس لە کوردسـتانێک نـاکەن کە بە دراوسـێی گرفتـدار و شـۆڤێنی دەور دراوە. باسـی دەسـتکەوتە دەڵەمەکـانی کـورد نـاکەن کە هەڕەشـەیان لەسەرە، بەڵکو باسی تر باسی جێی نەزەری وانە و ئەم ناکۆکییە سـەرەکییانەی کورد لەگەڵا نەیارەکانی تەنها ئەو کاتە دێـنە بەربـاس کە ببـنە دەسکەلا بـۆ تانەلێدان لە نەیارە سیاسییە ناوخۆییەکانمان.

یـانی ئەم نـاکۆکییە سـەرەکییانەی کوردسـتان کە دەیـان سـاڵە ئەدەبیـاتی سیاسـی کورد باسیان دەکا و شەهید و قوربانی بـۆ سەرخستنی دەدرێـت لەلای لایەنگرانی ناکۆکی لاوەکی دەبنە بۆنەیەکی تر بۆ بزواندنی ململانێ نەبڕاوەکانی ناوخۆ. لە جێی ئەوەی بـابەتی سـەرەکی تێکۆشـان و مـایەی کۆبـوونەوەی ناکۆکەکـان بـن لە دەوری یەک ئامانج، جارێکی تر بە قازانجی کێشە لابەلاکانی ناوخۆ تەوزیف دەکرێنەوە.

هەژموونی خراپی ئەم جۆرە میدیایە خەریکە کار لە نەسلێکی نوێی هەڵسوڕاوانی سیاسـی لە کوردسـتان دەکـات، ئەمـانە سیاسـەتی وڵات تەنهـا لە سیاسـەتی لۆکـاڵی گەڕەک و نــاوچە و شــارەکاندا کورتــدەکەنەوە. سیاســەتی لۆکــاڵی خەمخــواردوو لەململانێ لاوەکییەکان سیاسـەتی کارکردنە بە قتعەو تەجـزیئە.کە تـاجری مەوادی خوردە و سیاسەتکاری کوردبین نەشونوما پێدەکات، ئەوی لەبەرپێی خۆی زیاتر هیچ نابینێت.

ئەم جـۆرە سیاسـەتە لەبیـری دەچێـت کە مەسـافەی نێـوان سـلێمانی- کەرکـوک، هەولێـر- کەرکـوک کەمتـر لە کـاتژمێرێکە و ئەو پریـشکەی بەر کەرکوک و خانەقین دەکەوێت، زۆری پێناچێت کاردانەوەکەی وا بەسەرسـەری هەڵەبـجە و روانـدز و زاخـۆوە. واقیعـی وا لۆکـاڵی تەنـانەت ئەدەبیـاتی لۆکـاڵی وا نـاجۆر بەرهەم دێنێـت کەناوچەکانی ژێـر سایەی تەعریـب بە هۆکاری دۆخـی خراپی خۆی دەزانێـت: ئەگەر ئەم کەرکـوک و مەرکـوکە نەبوایە، ئێمە چیمـان دابوو لەبەزمو رەزمی ململانێ لەگەڵا بەغدا؟ وەک بڵێی سلێمانی و هەولێر بۆیە نابنە دوبەی، "مەخمور و کەرکوک و خانەقین" بەربەستن . لەکاتێکدا ئەم شارە تەعریبکـراوانە سـەرەنجام لەپـایەداری کوردایەتیـدا دەبـنە پەرژیـنو قەڵغـانی پاراستنی کوردستان.

**چاکسازیی راستەقینە**

جیاوازی ئەم سیاسـەتە لۆکاڵییە، ئەم جێگـۆرکێیە بە نـاکۆکی سـەرەکی و نـاکۆکی لاوەکی لەگەڵا خیتابی چاکسازیخوازی و دیموکراتیزەکردنی کوردەواری چییە؟

بە رای مـن جیـاوازییەکە هەر ئەوەیە کە هیچیـان ناخـاتە جێـی ئەویتریـان. خیتـابی چاکـسازیخوازانە بەوە لە خیتـابی چەواشـەیی جیـادەکرێتەوە کە لەگەڵا چاکـسازی و نوێبـوونەوەیە، چـونکە کوردسـتانییان شایـستەی ئەوەن، چـونکە کوردایەتیش بـۆ ئەوەی لە ململانێ سـەرەکییەکەیدا، لەگەڵا نەیـاران، براوەبێـت پێویستی بـــەوەیە لەناوخۆدا دیموکراسی تـرو چاکتر و نەرمونیـانتر بێـت. یانی بنچینە لێرەدا چــــــاکسازی و چاککردنە بـۆ کوردستان خـۆی و پتەوکردنی ریزبەنـدی ململانێـی سـەرەکیمانە بە چـارەکردنی نـاکۆکییە لاوەکییەکـان و گەشەپێدانی یەکرِیزی ناوخۆیی کوردەواری.

ئەم ویستە چەند جیاوازە لەو فەزا سیاسییە لۆکاڵییەی میـدیای تابلیۆد بەرهەمـی دێنێـت و بـۆ شکاندنی ئەویتـری بەرامبەر تەنانەت پەنا بـۆ قسەی نەیـار و دوژمـن دەبات و وەک بەڵگە و سەنەد مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. یانی مرۆڤی هەرە ئالودە بە جگەرەکێـشان داوای جـگەرە لە رێبـواری سـەرەرێش دەکـات. مرۆڤـی ئـالودەش بە خەفەت خواردن لە ناکۆکی لاوەکی لەکونی دەرزیـشەوە بێـت شتێک بـۆ مژوڵکـردن هەر دەدۆزێتەوە تابیکاتە باسوخواسی کۆڕ و مەجلیس گەرمکردن. بە جۆرێک مرۆڤ هەنـدێکجار دەکەوێـتە گومـانەوە، ئەرێ ئەمـانە بـۆچی خەبـات دەکەن و راسـتەرِێی تێکۆشان بەکوێدا گوزەر دەکات؟

## سڕکردنی ناکۆکی

بێگومان هەن ملی ئەم قسانە دەچەمێننەوە: دیسانەوە بەناوی نیشتمانپەروەرییەوە دەخوازن دیموکراسی و چاکسازی ئاودیو بکەن. ئێ خۆ لە بەرامبەر ئەم ملچەماندنەوەی شیکردنەوە و لێکدانەوەدا مرۆڤیش دەتوانێت چەندین بەڵگە بخاتە پێشچاو: دیسانەوە بەناوی دیموکراسی ناوخۆییەوە، چاکسازی نێومالّی خۆمانەوە دەخوازن چییەتی خەبات لە دژی نەیارەکانی کوردستان بشێوێنن و ململانێ لەگەڵ هاوسەنگەرەکانمان بکەنە ئەسڵ نەک ململانێ لەگەڵ بەرامبەرەکانمان!

یانی ئەی دیموکراسی، چاکسازیی و نیشتمانپەروەریّی چەند بەناوی ئێوەوە تاوان ئەنجام دەدرێت؟

ئەوانەی بەناوی ناکۆکی ناوخۆییەوە ناکۆکی دەرەکی سڕدەکەن، ئەوانە لە بیریان دەچێت هەندێکجار هۆی تیژکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکە ئەوەیە ئامانجە سەرەکییەکە، وێڵکراوە و ناکۆکییە سەرەکییەکە سڕبوە و چۆتە قۆناغی متبوونەوە.

بۆیە ناکۆکییە سەرەکییەکە بجوڵێنن، لە مەیدانی کارکردندا وردە وردە ناکۆکییە لاوەکییەکەش لەجێی خۆی دەجوڵێ و بەرەو چارەسەر دەڕوا.

# شەڕ لە بەغدا، تۆز لە بەسرە*

جارێکی تر بەغدا دەبێتەوە مەیدانی ململانێیەکی گەرم لەپێناو پرسی کوردستاندا. بەمەش سێ کوچکەی کارکردن بۆ مەسەلەی کورد بەناو تۆڕێکی ئاڵۆزی جوڵەی سیاسەتدا گوزەر دەکات. بەغدا دەبێتەوە مەیدانی ململانێیەکی گەورە لەسەر چییەتی ناسنامەی دەوڵەتی عیراق. لە وەختێکدا پێنج لیژنە بۆ هەمان تایتڵ دروستکراوە: لیژنەی حوکمڕانیو شەراکەت، لیژنەی یاسای نەوت و غاز، لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لیژنەی سوپاو هێزەکانی ئەمنییەت و لیژنەی ناوچەکانی جێی ململانێ.

لەم زەمینەدا کۆنگرەیەکی گفتوگۆ لەسەر سەڵاحیاتی پارێزگاکان دەبێتە مەیدانی نەبەردی لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە هەرێمییەکان. مالکی سەرۆک وەزیران هەڕەشە لە پارێزگاکانی خۆی دەکاو مەبەستێتی "حکومەتی هەرێم" بترسێنێ. د.بەرهەمیش کە نوێنەری کوردستانە لە دەسەڵاتی تەنفیزی عیراقدا، لە شوێنی خۆی، دەستوور دێنێتەوە مەیدان: تەجرەبەی سەدام لە بیرمەکەن. دەوڵەتی بەهێز هێزی خۆی لە هەرێمە بەهێزەکانییەوە وەردەگرێت.

ئەم شەڕە ململانێی ئیداریی نێوان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی نییە. ئەمە شەڕی سیاسی نێوان دوو ئاراستەیە لە بیرکردنەوە، ئاراستەیەک کورسی مەستی ناوەندێتی دەکات و ئاراستەیەکی تر بە پرۆژەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کە کوردستان پایەدارو عیراق سەربەز بکات، خۆی لە جیهازی بیروکراتی دەوڵەت ڕادەپسکێنێو ناهێڵێ وەزیفە بنەمای ئەو پرۆژەیەی کوردو دیموکراتخوازەکانی لە بەغدا کۆکردۆتەوە بنکوڵ بکات. جا ئەگەر وەزیفە تا سەربوایە خۆ سەدام خەیاڵی مانەوەی تاسەری لە کەللەدا بوو. هەر ئەو خولیایەی سەری بە فەتارەت دا.

## حەشری پێشێلکردن

دوو مانگ سەرکۆمار لەوێ نەبوو، سەرۆک وەزیران بە راستو چەپدا "شتی دەشکاند". لای لەهەر کێشەیەک دەکردەوە ئاڵۆزتر لە جاران لە دەستبەرداری دەبوو.

---

* گۆڤاری هەفتانە.

حەکیمەکانی وڵات هاتنەوە سەرخەت. تاڵەبانیو بارزانی، عەبدولمەهدیو هاشمی دەوری سـەرۆک وەزیرانیـان گـرت تـا هەوای "عیراقـی بەهێـز" سـەری وڵات نـەخوات. پێنج لیژنە پێکهات کە لە باریدایە نـەخشەی ڕێگا بۆ عیراق دابنێت. لیژنـەکان ئەویتر تەواو دەکەنو لەگـەڵا بڕیاری پێکهاتنیان مەسجی جۆراوجۆر دەرکەوتـن: مـالکی بە باسـی "حکـومەتی ناوەنـدیی بەهێـز" دەخوازێـت شـەراکەتی حوکمڕانی دیزە بەدەرخونە بکات، بە دروستکردنی "ئیسناد" لە دەورو خولی هەرێمی کوردستان باسوخواسی ڕێکخستنەوەی دۆسێی ئەمنیو سەربازی بێ بایەخ بنوێنێت. بە دەستی دەستی کردن بە ڕێککەوتننامەی ئـەمنی، ناردنی بۆ دراوسێ دوورو نزیکـەکانو گاڵـدانی شـاگردەکانی تـا لەدژی پێـشوازی هـەرێم لە بـنکەی ئەمریکایی قسە بکـەن، تەقریبەن دۆسێی پەیوەندییەکانی دەرەوەش دەخاتە لاوە. شەهرستانیش بەسە بۆ چـروککردنی ڕێککەوتـن لەسـەر یاسای نـەوتو غـاز لەکاتێکدا خـودی "ئەمـانەی عـامەی ئەنجـومەنی وەزیـران"ی بەغـدا کە ڕەشنووسی یاسـای نەوتو غـازی نـاردووە بـۆ پەرلەمـان ڕەشنووسـیی شوبـاتی 2007ی نەنـاردووە کـە هەرێـمو بەغـدا لەسـەری ڕێککـەوتوون. جـا پێـنج لیـژنەی تـازەپێکهاتوو ئـەمە چارەنووسیان بێت. ئیتر چی ماوە لە عیراقی دیموکـراتیو فیدراڵی؟ ئەگەر عادەتەن بۆ هەموو ناکۆکییەک دەستوور مەرجـەعە، کە دەستوور ببێتە بنێشتەخۆشەی بـن زاری مالکی، دەبێ چی مابێت کـە بنەمای پێنج لیژنەو بنەمای تەوافوقو یـەکێتی ئارەزوومەندانەی عیراق بێت؟ مـالکی بـەچی سەرۆک وەزیـرانو حکـومەتەکەی لـەسەر کـامە دینگەی یاسایی پاڵیداوەتەوە؟

### دەستوور دەستبەسەرە

کە دەستوور لە خـۆی دڵنیا نەبێت، ئیتر هاوڵاتیانی بـن سایەی دەستوور چـۆن لەخۆیان دڵنیابن؟

سـەرباری ئەوەش، لەهەر تەنگـژەیەک دەرفەتێـک هەیە. دەرفەتێـک بـۆ دەستپێکردنی ئەو شەڕە سیاسییەی دوودڵەکان هەوڵدەدەن خۆیانی لێ لابدەن. چیتر ئەم وڵاتە بە بەقوربـانو بەسـاقە ناچێـت بەڕێـوە. دەبـێ هەر کەسـە و نرخـی سیاسەتەکەی بدات. وەختێک سیاسەتی تاکڕەوانە مل بۆ پێکەوەسازان، دەستوورو شەراکەت نادات. دەبێ ئەو پەیژەیەی لەبن دەربهێنرێت کە پێیدا سەرکەوتووە.

ئێمە لەم حاڵەدا سەرۆک وەزیرانێکی تاکڕەومان هەیە کە لە دوومانگی رابردوودا خیتـابی ناسیۆنالـستی و ناوەنـدێتی خـۆی لەدژی هەرێـم ئاشـکرا کـرد. ئەمەی بـۆ

شــرۆڤەکردنێکی تــایبەتی دەســتوور گێــڕایەوە، ئێــستا وا دەبیــستین دەســتووریش دەداتەبەر خەنجەر. ئیتر پشت بەچی دەستوورێک گەمە لەگەڵا کورددا دەکات؟

مەگەر تەنها یەک دەستوور کـــە وشەکەی یەکسان بێت بە دابونەریت نەک "قـانوونی بنەڕەتـی" بە تــــاریفە یاسـاییەکەی.. سـەرۆک وەزیـران دژی دەسـتووری نـوێیە و لەگەڵا "دەسـتوور"ی ڕێـڕەوی سیاسـیی ئەم دەوڵەتەیە لەوەتەی دامەزراوە: غەدرو پاشقولگرتن، ڕێککەوتنو پاشگەزبوونەوە، سەلماندنو پێچکردنەوە لەوکاتەی ناوەند بەهێز دەبێتەوە.

## بۆچی دەبێ بەغدا هەمیشە پاوانی دیکتاتۆرەکان بێت؟

"بەغدا پایتەختی سیاسەتی کوردیشە" بۆیە ئەم شەڕە لە بەغدا دەکرێت: یان بۆ کەس نابێت یان بۆ کوردیش دەبێت. بچن عروبەچێتی لە رومادی، مەزهەبگەرایی لە نەجەف بکەن، بەڵام بەغدا بۆ هەموانە. گۆڕەپانی شەڕی سیاسیی هەموانە. کوردستان بەڕێوشوێنی خۆی، سوننەستان بەڕێوشوێنی خۆی، شیعەستانیش (جا لە بەسرەی فیدراڵا یان هەرێمی نۆ پارێزگایی) هەروا، لێ بەغدا تاپۆی هیچ سەرۆک وەزیرانێک نییە.

# کوردستان گیرۆدەی چییە؟*

1

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە وڵاتی ئێمە کوردستان، گیرۆدەی دەستەیەک کێشەی سیاسیی، ئابووری و ئیدارییە و بۆ چارەسەری ئەمەش پێویستمان بە دەسکێک هەنگاوی بوێرانە هەیە کە تایتڵە سەرەکییەکانی: چاکسازی، فراوانکردنی بازنەی بەشداریی سیاسیی، پەرەپێدانی توانای کارگێڕیی و تۆکمەکردنی دینگەکانی حکومەتێکی بەرپرس، یەکگرتوو، دیموکرات و نا نێوەندێتی لەخۆدەگرێت، یانی ئەمە ئەو نیازەیە کە دەبێت ڕێبازەکانی کارکردنی ڕۆژانەمان پێی بگات و هەرچی زووتر لێی نزیک ببێتەوە. ئەمەش، لە چوارچێوەی واقیعبینیدا، دەبێ ترۆمۆتەری هەڵسەنگاندنی ئەدائی سیاسەت و حوکمڕانی کوردی و دەستنیشانکردنی کێرفی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان و بەشەکانی دەسەڵات بێت.

قسەکردن لەسەر سەرکەوتنەکان لەو ڕێیەدا مانای نا دیدەگرتنی کەموکوڕییەکان نییە و هەڵبەتە باسکردنی کەموکوڕی و گەندەڵییەکانیش نابێ ئەو سەرنجە بدەن کە دانی خێر بە دەستکەوتەکاندا نانرێت.

بۆیە لەم سۆنگەیەوە کە قسە لەسەر دەسکەلاکانی گۆڕان دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوە بوێرانە مانای ڕازیبوون بەو دۆخەی ئێستای کوردستان نییە و ئەوی دەخوازێ وا بیخوێنێتەوە دیدێکی بەرتەسکی گروپداری هەیە و لەم زنجیرە ئەڵقەیەدا خەم بۆ وەدەستهێنانی سۆزی ئەوانە ناخۆین.

1

**قوربانی دەستی دەسکەوتەکانین**

ڕەنگە یەکەم ناونیشانی لاوەکی سەیر بێتە بەرچاو کە دەڵێین ئێمە وەکو کوردستانییان بە پلەی یەکەم گیرۆدەی سەرکەوتن، دەسکەوت و گەشەکردنی

---

* ئەم بابەتە لە گەرمەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی 2009، بەچوار ئەڵقە لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوبۆتەوە.

خۆمانین لە هەموو ئاستەکاندا، ئێمە گیرۆدەی فراوانبوونی بێ ڕێکخراوی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووریی خۆمانین، هەر لە ژیانی تاکە کەسێکمانەوە بۆ ژیانی دەستەجەمعی کۆمەڵ، دامودەزگا حکومەتی و مەدەنییەکان.

هەموو پێشکەوتنێک خواست و هیوا و خەون و تەماعی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت و پێویستە ئێمە بەدوای تاڵە دەزووی ئەم مەسەلەیەدا بچین، ئێمە دەتوانین هەژدە ساڵی تەجرەبەی ڕابردووی کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا بکەینە سێ قۆناغی سەرەکییەوە – 1. قۆناغی 1991 – 1998: لەم نێوەندەشدا شەڕی ناوخۆ و دووکەرتبوونی دەسەڵاتی سیاسی و دارِزانی ئابووریمان هەیە.

2-قۆناغی 1999 – 2003 کە قۆناغی ئاشتی کوردستان، دەستپێکی بوژاندنەوەیەکی ئابووری چڕ، هاوکاری ڕێکخراوەکان لەم بوارە و بەرزکردنەوەی گوزەران و ژیانی ماددی فەرمانبەر و مامۆستایان...هتد.

-قۆناغی 2003 -بۆ ئەمڕۆ: دەکرێ ئەم قۆناغە لە هەموو ئاستەکاندا ناوبنێین قۆناغی بازدانە گەورەکە، چونکە – لە باری توانای ئابووری و داراییەوە بودجە بۆ کوردستان تەرخانکرا، ئابڵوقەی ئابووری سەر وڵات نەما و کۆنتاکتی کوردستان لەگەڵ ئیقلیم و دونیا گەشەی کرد.

-لە بواری ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەی گەشەپێداندا پێشکەوتنی بەرچاو هەیە.

-لە بواری باشبوونی ژینگەی ژیانی هاوڵاتیان و دڵنیابوونیان لە ئەمڕۆ و ئایندەیان، گەشەکردنی توانای دارایی و توانای دروستکردنی خانووبەرە و فراوانکردنی خەیاراتی ژیانیان، هەروا پێشکەوتنی بەرچاو هەیە.

-ئەمە جگە لە بواری سیاسیی وەک دانپیانان بە قەوارەی سیاسیی کوردستان و کردنەوەی دەرگای دیبلۆماسێتی عیراقی و کوردستانیی بە ڕووی میللەتی کورددا.

ئێمە لەم زنجیرە وتارەدا سەرەتا تەرکیز لەسەر لایەنی گەشەی ژیان و ئابووری خەڵک و هی وڵات بە گشتی دەکەین و دواتر لە دەرفەتێکی تردا لەسەر پەرەسەندنە سیاسییەکانیش دەدوێین و ئەو لەمپەڕانەش هەڵدەسەنگێنین کە وایانکردووە دەسکەوتە سیاسییەکان هێشتا دەڵەمەبن.

دەگەڕێمەوە سەر دەستنیشانکردنی سەرەتا کە گوتمان کوردستان گیرۆدەی دەسکەوتەکانێتی.

وەختێک ئێمە دەزانین کوردستان لە یەک زانکۆی تاقانەوە دەگاتە قۆناغی سێ زانکۆی سەرەکی لە سلێمانی، هەولێر و دهۆک و چەندین زانکۆی ئەهلی و ئەمریکی و زانکۆی هاوبەش و زانکۆی تر لە کۆیە و چەندین کۆلیژی نوێش بە شارۆچکەکاندا

پەرتدەبن و پەیمانگەی هەمەجۆرەی ئاستبەرز دادەمەزرێن و ئەمانە هەزاران خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگە دەردەچووێنن و دەکەنە خاوەن بەڵگەنامە و ئامادەی مەیدانی ژیان و خزمەت دەبن، لەسەر دوو ئاستدا ڕووبەڕووی ئەرکی نوێ دەبینەوە:

-ئاستێکیان پێویستی دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی ئەو زانکۆ و پەیمانگە و ناوەندانە لە پێویستی ماددی و ئیداریی و توانای زانستی و لێکۆڵینەوەی جەدوای ئابووری و زانستی بەو ئیمکانیات و کەرەستانەی لەبەردەستدان.

ئاستێکیان خواست و ئاوات و هیوای ئەم هەزاران و دەیان هەزار دەرچووەی ئەم هەموو زانکۆ و ناوەندانەیە کە دەردەچن و بەنیازن لە بواری خزمەتی گشتیدا، لە ئیدارە، لە سیاسەت، لە ئابووری، لە بازاڕ و کۆمپانیاکاندا ئیشبکەن و ڕۆڵبگێڕن.

ئەمانە کە بەرهەمی فراوانبوونی ئاستی زانست و فراوانبوونی هەلی خوێندنن بۆ هەموو توێژ و چینەکانی کوردەواری لە شارە گەورەکانەوە بۆ شارۆچکەکان و بۆ ئاواییە دوورەدەستەکانیش، هەموویان جگە لەو هەموو پێداویستییەی دوای دەرچوونیان و دوای دامەزراندنیان دەبنە خاوەن دید و دونیابینی نوێی جیاواز لە دونیابینی نەوەی باوکەکانی دوێنێ لە پێش ڕاپەڕین و تەنانەت لە دەیەی یەکەمی ڕاپەڕینیشدا، ئەم گەشەکردنە لە بازنەی جوگرافیا و لە بازنەی توێژ و چینەکان و لە بازنەی جۆری خوێندن و ئاستەکانیدا هەمووی بەرهەمی گەشەکردنن و لە هەمانکاتدا دەردی ئەو گەشەکردنە دەردەخەن، ئەمما (دەردێکی تەندروست) کە دەبێ ڕەخنە لە شێوەی چارەسەرکردنەکەی بگرین، پێشنیاز بۆ چارەسەری هەڵاوسانی ئەو گەشەکردنە بکەین، کار بۆ نەخشە و پلانێک بکەین (کۆنترۆڵی) ئەو گەشەکردنە بکات و بەرنامەڕێژی بکات تا بچێتە جۆگەلەی گەشەکردنێکی هاوسەنگ و عەقڵانییەوە، چارەسەر ئەوە نییە نە ئەو خواست و دونیا بینییە تازەیە سەرکۆنە بکەین، نە ئەوەشە بڵێین کە واتا با ڕێ لە گەشەکردنی کوردستان بگرین و نە ئەوەشە لەسەر ورگی ئەو گەشەکردنە سەما بکەین و لەگەڵ دیاردەکانی وا مامەڵە بکەین کە ئاکامی (پاشەکشێن) نەک (گەشەکردن).

چارەسەر دیارە لە هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی هێمنانەیە.

2

## گیرۆدەی چانسی زۆرین

گیرۆدەبوون بە دەسکەوتەکانەوە خەسڵەتێکی تایبەتمەندی کوردستانیی نییە، بگرە خەسڵەتێکی جیهانییە لای هەموو ئەو کۆمەڵ و وڵاتانە تێبینی دەکرێ کە

به قۆناغی ئینتیقالیدا تێپەڕدەبن. هەموو گەشەکردنێکی ئەو کۆمەڵانە گرفتی قۆناغی ئینتیقالی دروستدەکەن، چونکە هەڵـــــومەرجی گـــوزەران و دۆخی ژیانی سیاسیی و ئابووری وڵات دەگۆڕێ. میدیاکان لەسەر دۆخی پاکستانیش شتێکی واهەیان گوتبوو کە بوژاندنەوەی ئـــابووری و گەشەکردنی تویژی ناوەڕاست خواستی جەماوەرێکی بەرینی بۆ نوێنەرایەتی و ڕۆڵگێڕانی سیاسیی نوێ کردۆتەوە.

ئەمە لە نیوەی دووەمی نەوەدەکان لە کۆمارەکانی پێشووی سۆڤێت و لە هەندێک وڵاتی جیهانی سێیەمیشدا قەومان، هەر وڵاتە و بەگوێرەی ئیجتهادی خۆی چارەی کرد. هەبوون سەرکەوتن لەوەدا و هەشبوون تێکەوتن.

لێ ئەوی چانسی سەرکەوتن مسۆگەر دەکات مامەڵەی شێنەییە لەگەڵ دەرکەوتەکانی ئەو جۆرە گەشەکردنە نەک مامەڵەی توند و بەریەککەوتن.

دەگەڕێینەوە سەر کوردستان، وڵاتەکەمان هەروەها گیرۆدەی بەرگەنەگرتنی ئەو چانس و دەرفەتە گەورە دارایی و ئابوورییەیە کە لە بەردەمیدا کراوەتەوە.

بەڕای بەندە بەشێک لە دەرکەوتەکانی خراپی ئەدائی ئیداری و ئابوورییمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هێشتا وزەی ئیداریی و توانا مرۆیی و زانستییەکانی کوردستان لە گەلێک بواردا دەرەقەتی ئەو چانسە ئابووریی و داراییە نەهاتووە کە خراوەتە بەردەمی، بەتایبەتی لە قۆناغی سێیەمدا کە قۆناغی 2003 بە دواوەیە، کە قۆناغی هاتنی بودجە و ڕژانی ئیمکانیاتێکی زۆری دارایی و لاچوونی ئابلۆقەی ئابووری سەر کوردستانە.

دەبێ لە پاڵ باسی گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی گشتی هەڵوێستە لە ئاستی ئەو مەسەلەیەش بکەین بۆ ئەوەی هیچ نەبێ دەرگای تۆژینەوە و بڕیار لەسەر بەرنامەیەکی چڕی پەرەپێدانی توانای مرۆیی و توانای ئیداری دامودەزگاکانی حکومەت و کارمەندەکانی بدەین، یانی لە دەرەوەی تەنگژە و چەلەحانێی سیاسیی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵاتی ئێمە ئەرکی دەوڵەتداریی خۆیان بە فراوانکردن و کەڵک وەرگرتن لەو چانس و دەرفەتە دووقات و سێ قات بکەنەوە، چونکە گرنگتر لە چانس و دەرفەتی زۆر پێویستە ئیدارەی دەرفەت و چانسە زۆرەکان بدەین. بێ لەوە. هەندێکجار لە غیابی دەزگای هەڵسوڕاوی ئیداری و دەزگای چاودێری و مۆنیتەری دارایی و هەڵسەنگاندنی ئیدارییدا توانا و دەرفەتی زۆر دەبێتە مایەی فیتنە و فەساد وەک لە هەندێک جومگەی کۆمەڵ و وڵاتەکەماندا دەیبینین.

گرنگە کوردستان، بە حکومەت و کۆمەڵگەیەوە، بە دەسەڵاتی سیاسیی و هێزەکانی تر و نێوەندەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە لە ئاستی ئەم هەموو توانا فراوانەی کە

قودرەتی ئیدارەدانیمان کەمە، هەڵوێستە بکەن. هەڵوێستەیەکی سلبی نا کە ئەو توانا و دەرفەتانە لەبار ببات و بەرگری لێبکەین کە نەیەنە ولآتمانەوە، بەڵکو هەڵوێستەیەکی ئیجابی وا کە سەرەنجام باش ئیدارەی ئەو دەرفەتانە بدەین و چاک کۆنترۆڵی بکەین.

گرنگتر لە قەبارەی بودجەی کوردستان، گرنگتر لە چانسی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنانی خۆماڵی و بیانی ڕێکخستنی توانای هەڵمژین و گرتنەخۆی ئەو تواناییانە گرنگن.

ئەوی لەبەردەستدایە لە توانای جێبەجێکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی، ئەوی لەبەردەستدایە لە توانای ئیداریی و وەزیفی و تەکنیکی کەم نین لە ڕێی ئیدارەدانی توانای زۆر لەوە زیاتر کە دێنە کوردستانەوە، بەڵام بێ ڕێکخستنەوەی ئەو توانایە ناتوانین بۆ قۆناغی داهاتوو ئەرکی ئینتیقالی تەواو بکەین، بۆیە هەر ئێستا گیرۆدەی دەستی گەشەکردن و چانسی زۆری خۆمانین.

3

## گیرۆدەی فراوانبوونی مەیدانەکانی خەباتین

ڕەهەندێکی تری گیرۆدەبوونی کوردستان، گیرۆدەبوونە بەدەست فراوانبوونی مەیدانەکانی خەبات لە کوردستان و عیراقدا، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک دیاردەی سیاسیی تازەی هێناوەتە کایەوە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە مەیدانی خەباتی کوردایەتی فراوانتر بوو. بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هاتەوە ناو جەستەی کۆمەڵی کوردەواری و بووەوە حوکمڕانی کوردستان.

ئەمە دەرکەوتێکی جیاوازبوو لە جاران. جاران کوردایەتی لە لادێ و شارەکاندا قەتیس بوو، لە ناو شارەکاندا نهێنی و مەگەریش لە موفاوەزە و کاتەکانی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا دەرفەتی دەبوو لە ناو خەڵک و جەماوەرەکەی بێت. لە ڕاپەڕینی 1991ەوە بۆ یەکەمینجار کوردایەتی و بزووتنەوەکەی بووە حوکمڕانی ئەو کوردستانەی چەند دەیەیەک خەباتی خوێناوی بۆ کرد. تێکەڵبوونەوەی کوردایەتی، یانی بزووتنەوە سیاسییەکە، لەگەڵ کوردەواری، یانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکە، هەم تێکەڵبوونەوەی شادی و شوکر بوو، هەمیش گرفتی لەگەڵ خۆی هێنا. داگیرکەران نەیاندەهێشت کوردایەتی لە کوردستاندا فەرمانڕەوا بێت، بۆیە دەزگای بیرۆکراتی دەوڵەت، کە ژیانی کۆمەڵی کوردەواری ڕێکدەخست، نە دەزگای کورد بوو، نە بە نەفەسی پێویستییەکانی کوردەواری کاری دەکرد. لە دەرەوەی شرۆڤەی

ئەدەبیاتەکانی جاران، کۆمەڵی کوردەواری هەر بە فیعلی کۆمەڵێکی پاشکۆی کۆمەڵی عیراقی بوو و هیچ ئیعتبارێک بۆ تایبەتمەندییەکانی ڕەچاو نەکرابوو. بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمڕانی بەعسدا کە کوردستان کرابووە موستەعمەرەی ناوخۆیی داگیرکەر.

کوردستان لە 1991دا بەجۆرێک لە جۆرەکان تووشی دۆخی شیزۆفرینا هاتبوو.

دامودەزگاکانی، ژێرخانەکەی، بۆ پێویستییەک دروستکرابوون، کوردایەتی و سیاسەتەکەشی هیوا و خواستێکی تری هەبوو کە هەمان خواستی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵام خەڵکەکەشی گیرۆدەی تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندی ئیداری و دارایی و ڕێکخراوەیی بوون. دڵ لە لای کوردایەتی و ژیان و بەرژەوەندی لە چوارچێوەیەکی دیکەدا ڕێکخرابوو.

قۆناغی یەکەمی تێکۆشانی شار بۆ ئەوە بوو ئەم دۆخی شیزۆفرینایە لە کوردایەتی، کوردەواری و لە تاک و کۆی کوردستان چارەسەر بکرێت. گرەو لێرە تێکۆشان و کوردایەتی و خواستەکانی خەڵکی بوو بۆ باوەشکردن بەم تێکۆشانەدا. ڕێک لەم هەلومەرجەدا کوردایەتی خاوەن تەجرەبەی کەمی حوکمڕانی و کوردەواری تازە ڕزگاربووی دەستی ستەمی بەعس وا دەهاتە بەرچاو کە لە یەک کاتدا لە ململانێ و لە دانوستاندانیشدا بن. ململانێ بۆ ئەوەی هەر لایە و بەشێک لە مەرج و خەسڵەتەکانی خۆی بەسەر ئەوی تردا ساغبکاتەوە و دانوستانیش بۆ گەیشتنە لێکگەیشتنی هاوبەش و نەخشەی ڕێگایەک کە بۆ دواجار کوردایەتی و کوردەواری وا ئاوێزان ببنەوە سەد داگیرکەر نەتوانێت لێکیان بکەنەوە. بەمە ئێمە ئیتر دەبێ بڵێین لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردایەتی ڕۆمانسی- شۆڕشگێڕی شوێنی خۆی بۆ کوردایەتییەکی نوێ چۆڵکرد کە کوردایەتییەکە لەناو تۆڕی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی شار، بەرژەوەندییە جیاجیاکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئیستحقاقاتە سیاسییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی کاریگەری لەسەر کوردستانی چوار ملیۆن کەسی دادەنێت. بەمە ئیتر دەبێ بڵێین لە دوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵی کوردەواریش لە ستەم و بندەستی دەرچوو و بووە خاوەنی ئیرادەی خۆی کە هەندێک جار لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا ئەم ئیرادەیەی تەنانەت لەگەڵ کوردایەتیشدا تاقی دەکردەوە. چیرۆکی حوکمڕانی کوردی و کوردستانی ئازاد ڕێک بریتییە لەم ئاوێتەبوونەوەی کوردایەتی و کوردەواری دوای زەمەنێکی زۆری دابڕانی ناڕەوا.

لەم سەرکەوتنە گرنگەدا کە کوردی کردەوە حوکمڕانی وڵاتی خۆی دیاردەگەلێکی خراپیش هەبوون کە ئەگەر یەک لایەنە سەیریان بکەین دیاردەی

خراپن، بەڵام دیاردەی دۆڕاون لە بەرامبەر سەرکەوتنە گەورەکەی کوردایەتی لە حوکمڕانیکردنی کوردستاندا:

1-ئیدارەی کوردستان میراتگری دوو جۆر ئەدەبیاتی ئیداریی دەوڵەتی ناوەندنی بوو: ئەوی خراپ و دواکەوتوو و دژی کورد بوو، ئەوی باش و چاک بوون و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات شیاو بوون. کۆشش بۆ لابردنی خراپەکان و بۆ پایەدارکردن و پەرەپێدانی چاکەکان هەندێک جار سەردەکەوتن و هەندێک جاریش پەکیان دەکەوت. هەندێک جاریش بەمەبەست ئەم دوو دەرکەوتە تێکەڵ دەکران. بەشێکی دیاردەی گەندەڵی ئیداری بۆ ئەم تێکەڵکردنە دەگەڕێتەوە. نە هەموو شتێکی ئیدارەی دەوڵەتی مەرکەزی چاک بوون وەکو هەندێک فەرمانبەری مەسلەکی لێی تێگەیشتبوون و نە هەموو شتێکیشی خراپ بوون وەکو هەندێک لە کارەکتەرەکانی کوردایەتی وێنای دەکەن.

ڕێگای دروست ڕاستکردنەوە و گەشەپێدانی ئیداری بوو، نەک قبوولکردن یان ڕەتکردنەوەی سەرتاپای ئەو کەڵچەرە ئیدارییە

2-بەریەککەوتنی کوردایەتی لەگەڵ کوردەواریدا هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە تۆران و زیزبوونی دروستکرد لای هەندێک کارەکتەر کە نەیانتوانی لەگەڵ کوردایەتی قۆناغی نوێدا هەڵبکەن و بەشوێن بزووتنەوە ڕۆمانسییە پاک و بێگەرد و پرۆفیشناڵەکەی جاراندا دەگەڕان کە قەت نەیاندۆزییەوە و ناشیدۆزنەوە.

لە ساڵی 1991 بۆ 2003، ساڵی ڕووخانی بەعس، کوردایەتی و کۆمەڵی ڕزگاربووی کوردەواریش پێکەوە خەباتێکی پڕ ئازاریان بەڕێکرد لە ڕێگای سەرکەوتن و هەندێک جاریش پەککەوتندا. لە 2003یشەوە کە ئەڵقەی داهاتوو باسی دەکەین، مەیدانەکە بە جۆرێکی تر فراوانتر بوو و گیرۆدەبوونەکەشی هەروا.

## 4

### چانسی تر، تەحەدای نوێ

ساڵی 2003 قۆناغێکی ترە لە فراوانبوونی دەرفەت لە بەردەم کوردستان، بەم پێیەش ساڵی ترە لە گیرۆدەبوونی کوردستان، چونکە دەزانین هەر پەرەسەندنێک تەحەددیات و ڕووبەڕووبوونەوەی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ، پەرەسەندنی خراپ دەرکەوتنی خراپ و هی چاکیش دەرکەوتی چاک دێنێ، بەڵام ڕووشدەدا

پەرەسەندنە ئیجابییەکە وا گەورە دەبێت تواناکان لە هەموو ئاست و بوارەکاندا دەرەقەتی نایەن.

دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین پەرەسەندنی ڕووداوەکانی کوردستان و عیراق لە گەلێک بواردا ئەوەندە گەورە و کاریگەر بوون تەنانەت بۆ میللەتی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەش هەژێنەر بوو، چ جای بۆ عیراقییەکانی تر کە وەک کورد تەجرەبەیەکی سیاسیی دامەزراویان نەبوو، وەختێک بە حوکمی دۆخی ساڵنی (1991 – 2003) لە کوردستانی ئازاددا دەرفەتی کەڵەکەکردنی ئەزموون و دەرفەتی ئامادەسازی بۆ تەحەددیاتی نوێ هەبوو.

کورد بەپێی تواناسازی خۆی و ئەندێشەی لەسەر گۆڕان کەوتە ساتوسەودا لەگەڵ دۆخی تازەی عیراقدا، دۆخی فراوانبوونی مەیدانی خەبات لە ئاستی کوردستان لە ڕێی بڵاوبوونەوەی حزب و هێزەکانی لە کوردستانی بندەست (کەرکوک و خانەقین و شنگال و ناوچەکانی سایەی تەعریب)، لە ئاستی عیراق (بەشداری لە بیناکردنەوەی دەوڵەتی عیراق و پرۆسەی سیاسیدا) لە ئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا کە کورد بووە نێوەندێکی گرنگی سیاسەتی عیراقی و ئیقلیمی و جیهانی بە حوکمی ڕۆڵی نوێی لە وڵاتدا.

ڕۆڵی کورد لە هەموو کایەکاندا هەم چانسی نوێی خستینە بەردەم، هەمیش بچڕانی توانا، کەموکوڕی و نائامادەگی ئێمەشی لە هەندێک بواردا دەرخست، دەبێ لێرە ڕەخنە لە خۆشم بگرم کە لە نووسینێکی پێش ڕووخانی بەعسدا ئیدعای ئەوەمکرد کوردستان توانای ڕۆڵێکی سۆپەرمانی هەیە لە عیراقی دوای سەددامدا، ئەم ڕۆڵەم لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەهاتە بەرچاو، بەتایبەتی بۆ بواری واوەتر لە کایەی سیاسیی وامزانی کۆمەڵی کوردەواری خۆی وەک کۆمەڵێکی زیندوو بەشی ئەوە گەشەی کردووە عیراق داگیربکات.

خۆشحاڵم بەوە وەک زۆرێک لە خەڵکی کوردستان گەشبین بووم بەوەی ئەم ڕژێمە دەڕوا، بەڵام ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسیی عیراق و بەردەم کوردیش لەناو ئەو پرۆسەدا گاڵتەیان پێناکرێت.

ساتەوەختی ڕووخانی سەددام ساتەوەختی تەحەددای نوێیە، بۆیە ئەمەشیان بووە بۆنەیەکی تر بۆ گیرۆدەبوون، گیرۆدەبوونێک گەشەی سیاسیی و فراوانبوونی مەیدانی خەباتی کوردایەتی دروستی کردووە، دەسکەوتی بۆ هێناوین، بەڵام تەحەددای تری دروستکردووە کە دەبێ کۆدی ئەو تەحەددایانەش بدۆزینەوە تا چارەی بکەین.

بەداخەوە لەم تەحەددا نوێیەشدا ئێمە قوربانی و تەڵەفی ڕێگامان هەبوو، چەند کارەکتەرێکی سیاسیی و تەنانەت توێژێک لە ڕووناکبیرە زیتوزیندووەکانیشمان تووشی شۆک، نامۆیی سیاسیی و تەزان هاتن، بەشێکی شڵەژانی سیاسیی ئەمڕۆ و دەرهاویشتە ناخۆشەکانی منمنۆکێ و ناکۆکی بەرهەمی ئەو نامۆ بوونە، ئەو شۆک و تەزانەیە.

ئەمە دەرهاویشتەیەکی بەداخە، بەڵام هی ترس و بیمیش نییە، هەمیشە ڕێی ئاوەدانی بەرەو پێشچوون وایە: لەوێ تەلەفێک، لێرە گرفت و دۆمەلێک، لێرە لە شارە گەورەکانی سیاسەتی کوردی جۆرێک لە پەستانی خوێن و لە شارە تازە ڕزگارکراوەکانیش کایەی زۆری کارکردن بە چۆڵی و بێ سەرپەرشت ماونەتەوە.

دیسانەوە ئەم تەحەددا نوێیانە مایەی ترس نین، بەڵکو مایەی وەئاگا هاتنەوەن کە دەبێ بە وزە و تینی ئەوی بەدی هاتوون دەستەمایە بۆ چارەی ئەو تەحەددا نوێیانە بدۆزینەوە.

تەحەددا ئاکامی گیرۆدەبوونە، بەڵام گرێ نییە نەکرێتەوە با بە دەست بیکەینەوە نەک بە ددان هەڵیپچڕین با نامۆبوون و شۆکی کردنەوەی چانسی نوێ بە پەرەپێدانی تواناکانمان لە قاو بدەین نەک بۆ خۆ خواردنەوە و قەتیس بوون لە قەڵا سەختەکانماندا.

# کێن ئەوانەی داوای هەرێمی کەرکوک دەکەن؟*

1

لەگەڵ هاتنەپێشەوەی هەلومەرجی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەدەستووری عیراق، ئەو لەمپەڕانەش (هاتنە پێشەوە) کە نەیارانی ئەو ماددە بەستەزمانە دەیانەوێت بیانخەنە بەردەم کۆششی ئەوانەی وا لەدەستووری وڵات دەڕوانن کە یەک پارچە ئیلتیزامی یاسایی پێکەوە بەستراوە، نەک چامەیەک شیعری بێ کێش و سەرواو بێناوەڕۆک کە هەر کەسەو ئەو کوپلەیەی لێ هەڵبژێرێت لەگەڵ سەلیقە، یان راستتر بڵێین لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیدا، بگونجێت. دەبێت ئێمە وا لەو رۆژو مانگە (زۆرانەی!) وەک سەقفی زەمەنی بۆ پراکتیزەکردنی ماددەی 140 دانراون بڕوانین کەچەند رۆژو مانگێکیشی بۆ تەگەرەو رێگری نەیارەکانیش حسابکردووە. ئێستا ئیتر لەڕێی ماددەی 140ـەوە ململانێ لەنێوان رۆحی خێرخوازانەی ناوەڕۆکی دەستوور کەنیەتی پاکی یاسا دارێژەری عیراقی لەپشتەوەیەو بۆ ئەوە لەچوارچێوەی دەیان بڕگەی دەستوورییدا دایڕشتووە کەماف و ئازادیی و دادپەروەریی و یەکسانی بۆ عیراقییەکان دابین بکات، لەلایەک و لەنێوان رۆحی شەڕانگێزیی ئەوانەی بڕگە لەدەستوور گوڵبژێر دەکەن، راستتر دڕک بژێری دەکەن، لەسیاقی گشتی خۆی لایدەدەن، لەپێناو بەرژەوەندیی نارەوای دەستەیەک دەیخەنەگەڕ کە لەباری مۆڕالییەوە بۆیان نییە دەست بۆ دەستوور ببەن چ جای ئەوەی دەستدرێژیی بکەنەسەر، چونکە ئەوان لەبنچینەدا دژی ئەو دەستوورە بوون، دەنگیان بۆ نەداو دژی ئەو پرۆسە سیاسییەش بوون کە ئەو دەستوورەی لێهاتەکایەوە. جا ئێستا ئەگەر ئەوان لەباری یاسایی و دەستوورییەوە بۆیان هەیە وەک من و تۆی (بەڕۆح و بەگیان دەنگدەر بۆ دەستوور) سوودی لێببینین، ئەمە دەبێ ئەو مانایە بدات بەدەستەوە کە ئەو عیراقییانەی ئەم دەستوورەیان نووسیوەتەوە، لەناویاندا کورد، هێندە بە ئەمانەتەوە نووسیویانە کە ئەو (عیراقییانەی) لەدژی بوون و بەشدارییان لەفۆرمەڵەکردنیدا نەکردووە ئەوانیش دەتوانن لێرەولەوێ خۆیانی تێدا بدۆزنەوەو خۆیانی پێوە بابدەن،

---

* ساڵی 2006 ئەم بابەتە بەچەند ئەڵقەیەک لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

بەڵام ئەی یاری عەزیز بەخودای هەڵخەڵەتاوی، ئەم دەستوورەی فیدراڵی و هەرێم و ماددەی 140ی لەخۆگرتووە خۆمان نووسیومانەو دەزانین چۆنمان نووسیوە؟ وامان نووسیوەتەوە ئەگەر رۆح و نیەتە باشەکەی رەچاو نەکرێت سیحری بەتاڵ دەبێتەوە. ئێمە بۆ ئەوەمان نووسیوەتەوە کەمافی ئێمەو ئەوانیش دابین بکات. ئەگەر وای لێبکرێت هی ئێمە قوتبدات ئەوا مەعلومە بەشی وانیشی پێوەنامێنێ. ئەوانەی هەنووکە باسی هەرێمی کەرکوکی سەربەخۆ دەکەن بەپشتبەستن بەماددەی 119 لەدەستووری عیراق لەو تایپە نارەوایەی خەڵکن کەدەخوازن برگەی هەق و رەوا بۆ مەبەستی نارەوا بەکاربێنن. پەندو ئیدیۆمە عەرەبییەکەی دەڵێ (کلمە حق یراد بها باگل) بۆ دەرکەوتی لەم بابەتەو لەهەمبەر دوو گروپی لەو چەشنەی گروپی عەرەبی و تورکمانی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتراوە. راوی برگەی 140 دەکەن بەبرگەی 119، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر برگەکانی دەستوورە خۆ ئێمە هەر لەئێستاوە برگەیەکی دیکەشیان بۆ قۆییە دەکەین کەدەشێ بەهەمان نییەتی خراپ، لەمپەر دروستکردن لەبەردەم ئاساییکردنەوە بەگوێرەی 140، بیخەنەگەڕ. ماددەی 23 لەدەستوور باس لەقودسیەتی موڵکداریێتی دەکات، باس لەوە دەکات، عیراقی مافی موڵکداریێتی هەیە لەهەر جێگەیەکی عیراقدا، دەیسا برا عەرەبەکانمان دەتوانن بڵێن (ئێمە لەکەرکوک نارۆین، چونکە ماددەی 23 ئەو مافەی پێداوین، ماڵەکانمان چۆڵناکەین، چونکە موڵکداریێتی موقەدەسە)، هەڵبەتە ئەمە بەشی (لاتقربوا الصلاە)یەو (وانتم سکاری)ەکەی ماوە. هەر ئەو ماددەیە دەڵێت: موڵکداریێتی بۆ مەبەستی گۆرینی دیموگرافی قەدەغەیەو ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی وایخواست دەشێ موڵکداریێتی لەو چەشنە وەربگیرێتەوە، پرسیار ئەوەیە (بەرژەوەندیی گشتی) لەوە باڵاتر هەیە کە لەپێناوی (یەکێتی نێو ریزەکانی گەلانی عیراق)دا، لەپێناو کۆتاییهێنانی فرمێسک و خوێن لەکەرکوکی جێی ململانێدا موڵکداریێتییەکی نارەوا کەموڵکداریێتی تەعریبەکانە، لەرێی قەرەبووکردنەوەیەکی رەواوە، پاکتاو بکرێت؟

## 2

ئەگەر قسە لەسەر برگەکان بێت خۆ برگەی 119 برگەیەکی بەردەوامی دەستوورەو دەشێ لەهەر ساتو زەمانێکدا عیراقییەکان بۆی برۆن و کارای بکەن، لەکاتێکدا برگەی 140 لەئەحکامی ئینتیقالیدا هاتووە، بۆ قۆناغی راگوزەرە لەتەمەنی عیراقدا، بۆ ئەوەیە کەرکوک وەک نەخۆشێکی پر برین و زام ببرێتە ژووری ئینعاشەوە، ساغلەم بکرێتەوەو ئینجا پێی بڵێین: ئەی کەرکوکی مایەی بەڵاو

گۆبەندی کوردو عەرەب و تورکمان، تۆ ئێستا تەنێکی تەندروستی دەتەوێت بۆ کوێ برۆی؟: -بۆ لای باوەشی کوردستان. -بۆ لای بەغداکەی جاران. -بۆ هەرێمەکەی (عەرەب و تورکمـان). -یـان لەداخـی عیـراق و ئێـران و تـوران سـەری خـۆت هەڵدەگری؟ بەڵام خۆ برایانی ئەنجومەن لەتورکمان و عەرەب و ئەوانەی لەپشتەوە هانیـان دەدەن، پـێش دروسـتکردنی هەرێمەکەیـان پێویـستییان بەپێـداچوونەوەی حیساب و کتابی خۆیان هەیە. (ئەوەی حسابی پاکە، لەموحاسەبە بێ باکە)، ئەی نـوێنەرانی تورکمـان و عەرەب لەئەنجـومەنی کەرکـوک! ئەم قـسەی سـەرەوە هـی نوێنەرێکی هەرە دێرینی میللەتی کوردە لەمەجلیسی نوابی عیراقی مەلەکیدا، هی رەوان شـاد ئەمـین زەکـی بەگـی خـاوەنی موحاسـەبەی نیـابی و تەقەلای پێکهێنـانی (هەرێمـی) کوردسـتانە بە لەباوەشـگرتنی کەرکوکیـشەوە. (چاوتـان لێـیە ئـێمە چەنـد قەدیمین لەداخوازیی کەرکوک)و دەبڕوانن ئێوەش چەند تازەو ناشیئن لەداخوازیی هەرێمی سەربەخۆی کەرکوکدا: -1ئەگەر فیدراڵی و هەرێمی سەربەخۆی کەرکوک باشە ئەی برایانی جەبهەی تورکمان لەئەنجومەنی پارێزگا بۆچی سێ ساڵە داوای نـاکەن و دەتـانەوێ کەرکـوک بەشـێک بێت لە(مەرکەز)؟ ئێوە بێگومـان هەر لەبەر کەرکوک و ئەوەی چاوەرێی دەکات تێبینیتـان هەیە لەسـەر پرۆسـەی سیاسیی، ئەی بـۆچی دەنگتـان لەدژی دەسـتوور دا مـادامەکی بـڕگەی وای تێـدایە بـۆ پێکهێنـانی هەرێمـی فیـدراڵی دەستدەدات؟ ئەوەتـا ئێـوە دەتـانەوێ بـۆ کەرکـوکی بەکـاربێنن. -2ئەگەر هەرێمی فیدراڵی شتێکی باشە ئەی بـرا عەرەبە سونییەکانمان لەئەنجـومەنی پارێزگـای کەرکـوک بـۆ بـرا عەرەبەکانمـان لەڕومـادی و سـەلاحەدین و موسـڵ هـان نادەن ئەوانیش هەرێم دروستبکەن و ئیتر بۆ دواجار بەیت و بالۆرەی (فیـدراڵی و هەرێمەکان عیراق دابەشدەکەن) کۆتایی پێبێت؟ ئەگەر پێکهێنانی هەرێم باشـە بۆ لەکەرکوکەوە دەستپێدەکەن کەجێی ناکۆکی و مشتومڕە؟ بۆ لەسێ گۆشەی سوننەوە دەسـتپێناکەن و ئینجـا بەرەو کەرکـوکی (فیـدراڵ) بکـشێن؟! بەڵام رووکەشـترین شرۆڤەکردنی سیاسی دەتوانێت بمانگەیەنێتە ئەو راستییە کەئەوان وشـەگەلی جوانی (هەرێم)و(فیدراڵ)یان تەنها بۆ پووچەڵکردنەوەی داخوازیی کوردستانێتی کەرکـوک دەوێـت؟ ئێـستا ئەوان باسـی تێـزی کەرکـوکی سـەر بەمەرکەز نـاکەن، ئەمەش بەجۆرێک لەجۆرەکان نەقلەیەکی باشە لەشـەترەنجی ململانێی کەرکوکدا کەتێزی کەرکـوکی سـەر بەمەرکەزی پاشەکـشەپێکردووە، ئەوان ئێـستا بـاس کەرکـوکێکی وادەکەن کە نەکەوێتە باوەشی کوردستانەوە، ئیتر چی لێ دێت قەیناکا؟ (قیروسیا با ئەم کاسە ژەهرەش بخۆینەوە! با داوای هەرێمـی کەرکـوک بکەیـن و زەرەر لەنیـوەی

بگەڕێتەوە هەر باشە). ئێمە لەمێژووچکەی سێ ساڵی رابردوودا ئەزموونی لەم جۆرەمان تاقیکردەوە کەدەشێ ناوی قوتکردنەوەی دژە تێزی لێ بنێین. دژە تێزێکی ئەوتۆ کە لەساتەوەختە هەستیارەکانی تێزی کوردیدا سەرهەڵدەداو بەسەرکەوتن یان شکستپێهێنانی ئەو تێزە کوردییە سەری خۆی کزدەکاو پایدۆزی لێدەکات. هەموومان لەبیرمانە لەسەروەختی باسوخواسی فیدراڵی لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، کە کورد داوای فیدراڵیەتی کوردستانیی جێگیرکراو لەسەر بنەمای راستییە مێژوویی و جوگرافییەکانی دەکرد، هەزار ناوو ناتۆرەیان بۆ دروستکرد، دەیانوت بلا فیدراڵی بێت، بەڵام با هی پارێزگاکان بێت. میرو گەدای هێزە عەرەبییەکان کەوتنە پێداهەڵگوتن بە فیدراڵی پارێزگاکان بێئەوەی کەس پێمانبڵێت شکڵ و ناوەڕۆکی ئەو شتە عاجباتییەی وا ناوی فیدراڵی پارێزگاکانیان لێناوە چۆنە؟ سەرکردەی تەیارێکی توندڕەو هەڕەشەی دەکرد (ئێمە هی پارێزگاکانمان پێ باشترە) لەسەر ریتمی تایتڵی فیلمی (البعج یفچلهن شقراو). کەلێی ورد دەبوویتەوە ئەوەی ئەوان وەک دژەتێز دەیانخستەروو هیچ نەبوو جگە لەئیدارەی محەلی بۆ 18 پارێزگاکەی عیراق (ئەم مای بارده هەر ئاوە ساردەکەی خۆمانە).

## 3

سەیر بوو لەبەغدا کەئەوانەی کەمترین زانیاریی و پشتخانی کەڵچەری ئیدارییان لەسەر بەڕێوەبردنی ناحیەیەک نەبوو، وا پێیان لەسەر چەمکی بۆ هەر پارێزگایەک فیدراڵییەتێک دادەگرت، بەڵام ئەم دژە تێزە تەنهاو تەنها بۆ پووچەڵکردنی تێزی فیدراڵی کورد بوو لەسەر بنەمای جوگرافیای کوردستان. بۆئەوە نەبوو پارێزگاکانی تریش لەمەرحەمەتەکانی فیدراڵی بەهرەمەندبن، بەڵکو بۆ ئیحتیواکردنی خواستی کوردستانییان بوو، کەزانیان کورد فیدراڵی چەسپاند بەو جۆرەی خۆی دەیخوازێ، ئیتر باسوخواسی دژەتێزی خۆیان پێچایەوەو نەگەڕانەوە سەری. بگرە ئێستا دژایەتی دەستوور دەکەن کەڕێی بەهەموو جۆرە فیدراڵییەک لەهەر پانتاییەکی جوگرافی داوە: بەو جۆرەی کورد دەیەوێ، بەو جۆرەی شیعە دەیانەوێ کەنۆ پارێزگای باشوور، بەپارێزگا بڤە نەوتییەکانیشەوە، لەخۆبگرێت، بەو جۆرەی هەندێک پارێزگا دەیخوازن کەببنە هەرێمێکی جیاواز یان خۆیان لەهەرێمێکدا رێکنەخەن و بەسەرداوێکی لامەرکەزی بە بەغدای پایتەختەوە گرێبدرێن. ئیتر کەس باسی تێزی پارێزگاکانی نەکرد، چونکە تێزەکەی کورد سەرکەوت. ئەو تەڵەیە بۆ کورد نرایەوە، کەکاروانی کورد گوزەری کرد بۆ خۆیانی تێبکەون؟ بۆ لاینەبەن؟! ئێستاش ئەم تێزی هەرێمی

کەرکوکە بۆ ئەوە نییە خەڵکی کەرکوک بەفیدراڵییەکی تایبەتی خۆیان شادو شوکر بن، بەڵکو بۆ لەناوبردنی تێزی کوردستانێتی کەرکوکە. جا بەپشتبەستن بەو مێژووەی کەداخوازیکارانی (هەرێمی سەربەخۆ) لەتورکمان و عەرەبی کەرکوک، سەر بەبەرەی تورکمـان و سـەر بەگردبـوونەوەی جەمهـوری، کـات و شـوێنی داخوازییەکانیـان بەچەوتـی هەڵـدەبژێرن، دڵنیـام ئەگەر شـارەکە خـرایەوە سـەر کوردسـتان ئەوان داوانـاکەن، هـیچ نەبێت لەبەرخـاتری میللەتـی تورکمـان و عەرەبـی کەرکـوک، لەنـاو کوردسـتاندا، کەرکـوک ئیـدارەیەکی خـاوەن تایبەتمەنـدی فرەیـی خـۆی هەبێـت، لەبەرئەوە دەبێـت کـورد خـۆی مـشووری ئەوە بخـوات ئەگەر کەرکـوکی وەرگرتـووە بەپـشتبەستن بەئەزمـوونی چەوسـاندنەوەی رابـردووی خـۆی پرۆژەیەکـی وا گەڵاڵە بکات تایبەتمەندیی کەرکوک لەناو کوردستاندا رەچاو بکات بەجۆرێک زۆرتـرین مافی ئیداریی و یاسایی و وەکیەکی بۆ تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشووریی شارەکە مـسۆگەر بکـات. لەکەینـوبەینی فەرمـانی ئیـدارەو فەرمـانبەردا ئەو فەرمـانبەرە سـەرکەوتووە کەچـاوی لەگەشـەکردنی خـۆی، لەئەرک و مافەکـانی خـۆیەتی، نەک ئەوەی بکەوێتە رکابەری دوژمنکارانە لەگەڵ هاوپیشەکەی و چاوی لەپێشکەوتن و دەستکەوتی ئەوبێت، نەک بـۆئەوەی بەمۆدێل وەریبگرێت و چاوی لێبکات، بەڵکو بـۆئەوەی کـار بـۆ لەمـپەڕ دروسـتکردن بکـات و کۆسـپ بخـاتەرێی، ئەمە رێـک لەنمـوونەی تێـزی هەرێمـی کەرکوکـدا دەبینرێـت. بەمجـۆرە دەبینـین (هەرێمـی سەربەخۆی کەرکوک) هەر بۆ تەگەرە خستنەبەر پرۆژەی کوردستانێتی ئەو شارەیە، ئەگینا برایانی عەرەب بەشیعەو سوننەوە، برایانی تورکمانی ئەنجومەنی کەرکوک بـاش دەزانـن ئەگەر هەرێمـی کەرکـوکیش پێکبێـت بەو حـاڵەی پـێش ئاسـایی کردنەوەشـەوە سـەرۆکی هەرێـمەکەو سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران و وەزیـرە گرنگەکـان لەکـورد دەبـن و مەگەر بـۆ راگرتنـی دڵـی وان سـەرۆکی پەرلەمـانی کەرکوکیان بەربکەوێت، جا باشە ئەو پرۆژەیەی ئەوان بۆ ئەوەیە کورد ئەو پلەوپایە سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیرانە لەکەرکوکیش بەدەستبێنێ؟ لەبەر ئەو واقیعەشە ئەوان هەر لەئێـستاوە داوای دابەشـکردنی پۆسـتەکانی هەرێـمەکە دەکەن لەنێـوان نەتەوەکاندا. واتا: یەکەم: لەلایەک داوا دەکەن کەرکوک تایبەتمەندێتییەکەی ڕەچاو نەکرێت کە ئەو تایبەتمەندییە ماددەی140ی بۆ دانراوە، بەڵکو دەیانەوێ وەک هەر پارێزگـایەکی تـر بەپێـی مـاددەی 119راسـتەوخۆ ببێـتە هەرێـم. دووەم: لەلایەکـی تریـشەوە داوا دەکەن کەرکـوک تایبەتمەنـدییەکەی ڕەچـاو بکرێـت لەگەڵ ئەوەی ڕاسـتەوخۆ دەبێـتە هەرێـم، وەک هەر پارێزگـایەکی عیـراق، بەڵام بـا پۆسـت و

پایەکانیشی دابەشبکرێت. هەڵبەت ئەوان دەزانن پێکهێنانی هەرێمی لەو جۆرەش پلەوپایەی دەوڵەتی وایان بۆ مسۆگەر ناکات بێ رێککەوتن لەگەڵ کورددا، بەڵام وەکو گوتمان پرۆژەکەیان بۆ تەگەرەیە نەک بۆ دابینکردنی ماف و دەستکەوتی میللی لەپێناو ئەو دەنگدەرانەی ئەوانەیان گەیاندۆتە ئەنجومەنی پارێزگا تا لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکوک بەجۆرێک پێکیانبێنن مافی مسۆگەریان بۆ دابین ببێت نەک ئەفسانەی(هەرێمی سەربەخۆ). دوور لەتوندوتیژیی و کردەوە زەرقاوییەکان، دوور لەئەجێندای حکومەتی مالکی لەبواری باشکردنی گوزەران و ئابووریی وڵات، هەر وەختێک سەیری نەخشەی پێکهاتنی دەزگا دەستوورییەکان و نەخشەی پرۆژە فیدراڵییەکانی هەرێم و پارێزگاکانی وڵات دەکەین، دەبینرێت کە کۆششی برا شیعەکان لەباشوور بەو ئاراستەیە کەهەرێمی باشوور نۆ پارێزگای باشوور بگرێتەوە نەک ئەوێ بکرێتە دوو یان زیاتر لەهەرێمێک. سەیری ناوەڕاست و رۆژئاوای عیراق دەکەیت، ناوچە سونیەکان، هەست دەکەیت ئەو ناوچانە درەنگ یان زوو روو لەپێکهاتنی یەک هەرێم دەکەن با ئێستاش دژی فیدراڵی بن، لەواقیعدا ئەوانە لەدژایەتیکردنی فیدراڵیدا خەریکن خۆیان دەبنە هەرێمێکی فیدراڵی بۆ دژە فیدراڵەکان! لەکوردستانیش دوای بەگیرهێنانێکی زۆر کەهەرێمی فیدراڵی لەسەر بنچینەی راستییە جوگرافییەکان پێکهات ئێستا ئەو هەرێمە دەیەوێت لەگەڵ کەرکوکدا تەکامول بکات، یانی چی برا سوننەکانمان بیرۆکەی هەرێمی فیدرالی نابەنە ناوەڕاست، ناوچە سونییەکان، و تەنها لەکەرکوکدا بەچاکی دەزانن؟ یانی چی برا شیعەکانمان خۆیان لەنۆ پارێزگای یەک هەرێمیدا رێکدەخەن کەچەندین شاری نەوتی تێدایە، کەچی پێیان سەیربێت هەرێمی کوردستانیش بەپارێزگای کەرکوکەوە ببێتە چوار پارێزگا؟ ئەی برایان لەبەرەی تورکمانی تاکەی نایەنە سەر هێڵی پێکهاتن لەگەڵ کوردو هەروا بەجیا لەگەڵ عەرەبی تەعریب خەریکی یاری رەتکردنەوەی دەستوور، ئینجا یاریکردن بەدەستوور دەبن؟ لەباسێکی جیادا قسە لەسەر هەرێمی کەرکوک وەک گریمانەیەکی کوردیش دەکەین ئەگەر کەرکوک نەهاتەوە باوەشی کوردستان، هەڵبەت روانگەی وا جیاوازە لەڕوانگەی تورکمان و عەرەب لەکەرکوک، بەڵام هەردوو روانگەکە لەشپرزەیی و نارِوونی روئیای سیاسییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

# نەورۆز، ڕەهەندی نوێ*

یادی نەورۆز خەریکە ڕەونەقی جارانی وەردەگرێتەوە، بەسەر بۆنە تایبەتییەکانی حزبەکان، تەنانەت بۆنە نیشتمانییەکانی قۆناغێکدا زاڵدەبێت، بۆ نموونە ئەمساڵ یادی نەورۆز بەسەر ترۆپکی یادەکانی ڕاپەڕیندا زاڵبوو، ڕاستە یادی ڕاپەڕینیش یادێکی میللییە، بەڵام لە زەینی خەڵکدا هەر بە یادی قۆناغێکی ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردستان، یان وێستگەیەک لە وێستگەکانی میللەتێکی ڕاپەریوو دەمێنێتەوە.

هەرچی نەورۆزە گوزارە لە ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی حزب تێپەڕ و زەمەن تێپەڕ دەکات.

لێرە قسەمان لەسەر ئەفسانەبوونی نەورۆز یان چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی مار لەشان نییە. هەروەها قسەش لەسەر ئەوە نییە کاوە کورد بوو کە حوکمێکی زاڵمانەی لابرد یان زوحاک کورد بوو و کاوەش بە بیانووی زوڵموزۆری حاکمێکی زاڵمەوە تەختی دەسەڵاتی کوردی ڕووخاند! لە شارستانی ڕۆژئاوای دێریندا بۆ ڕەگی هەر فەلسەفەیەک چیرۆکێکی زەمانی گریکەکان ئامادەیە، کەسیش ناپرسێ پاژنەی ئەخیل یان شەڕی تروادە و ئەسپی تروادە ڕاستن یان درۆ، کەس لە دروستی چیرۆکی سیژیف یان ئۆدیسە و گرێی ئۆدیب ناپرسێتەوە، لە حاڵی وەک نەورۆز و چیرۆکەکانی گریکدا سەد ڕاستی حوکمی کەمەندکێشی ئەفسانەیەکیان نییە.

لێرە قسەی ئێمە لەسەر نەورۆزێکە کە پێش ئەوەی خۆی چیرۆکی ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی کورد، یان ڕاپەڕینی چەند گەلێکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات و میللەتانی ئێران زەمین بێت، ڕێوڕەسمێکی گەورەی هاوشانی دوو بۆنەی گەورەیە:

*هاتنی بەهار وساڵێکی نوێ،

* تێکەڵبوونی ئەم یادە بە مەغزا سیاسییەکانی بەرەنگاربوون و موقاوەمەتی کورد لە دژی نەیارەکانی.

---

* بۆ جەژنی نەورۆزی 2009 نووسراوە.

نەورۆز خۆی بە تەنها لەوانەیە هێزێکی نەتەوەیی بدات، بەڵام کە لەگەڵ چەندین وێستگەی خەباتی نەتەوەیی کورددا تێکەڵ دەبێت ئەوا دەلالەتەکەی گەورەتر و کاریگەری لەسەر کۆنەستی کورد قووڵترە، لە چوار دەوڵەتی جێی بوونی کورد کە هەر یەکەیان بەشێکی کوردستانیان لایە سیانیان قینیان لە نەورۆز بووە، چونکە جۆرێک لە تایبەتمەندی کورد دەردەخات:

سوریا و عیراق دوو دەوڵەتی عەرەبین کە لە زۆر وێستگەدا ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان بە فێستیڤاڵی مەجوسە ئاگر پەرستەکان داناوە، تورکیا لە سێ دەیەی پەرەسەندنی خەباتی کورددا نەورۆز بە بۆنەی "ئاژاوەگێری" و خۆنمایشکردنی تایبەتمەندی کوردان دەزانن، تەنها ئێران گرێی دەروونی لە بەرامبەر نەورۆز نییە، ئەویش حەزی لەو جۆرە نەورۆزە نییە کە کوردانی ڕۆژهەڵات لە ئێرانێتی دابڕێت، بەڵکو حەزیان لە نەورۆزی بەهارە و ببڕێتەوە!

لە زەمانی سەرەتای ئیستبدادی بەعسییە قەومییەکاندا، نەورۆز لە چەند سەرێکەوە سەرئێشە و گرفت بوو. جارێک، چونکە دەرفەتێکە بۆ دڵخۆشبوونی "ئەو کوردانەی هی ئەوەنین زۆر دڵخۆش بن" جارێکی تریش، چونکە ئەم یادە ڕەهەندی نەتەوەیی هەیە، لە هەمووشی گرنگتر، چونکە یادکردنەوەی نەورۆز نمایشێکی کوردایەتییە بێ ئەوەی بەعسییەکان بتوانن ئەنجەت لە کورد بگرن.

بەعس کە زنجیرلێدان و گریانی شیعەکانی پێ تەحەمول نەدەکرا، چۆن حەوسەڵەی لەگەڵ بلێسەی نەورۆزدا هەڵدەکات؟

لە دوای ڕاپەڕینی 1991ەوە بۆنە و وێستگەی ئــــاشکرای نەتەوەیی ئەوەندە زۆر بوون کە نەورۆزیان پاشەکشێ پێکرد یان بووە دەرفەتێک بۆ جموجۆڵی سیاسیی هەنووکەیی، ئەوەی پەیوەندی بە ململانێی حزبییەکانەوە هەیە.

حاڵی واچوو تا ڕووخانی سەددام و ئەستووربوونی باسکی کورد و کوردستان لە عیراقی دوای زوحاکە هاوچەرخەکە: سەددام. وا چەند ساڵێکە نەورۆز بەو شێوەیەی پیرەمێرد نوێی کردبۆوە لە هەڵسانەوەدایە. نەورۆزی پیرەمێرد هەم بۆ زیندووکردنەوەی ڕێوڕەسمێکی فەرهەنگی دێرین، هەم بۆ زیندووکردنەوەی گردبوونەوەی کۆمەلایەتی و گەشەپێدانی گیانی پێکەوەیی و جەژن بوو، هەم، ئەمەش دیوە هەرە گرنگەکەیەتی، خەباتێکی نەتەوەیی مەدەنی و ڕیفۆرمخوازانە بوو کە پیرەمێرد بە سروشتی کەسێتی خۆی و تەجرەبەی ژیانی باوەڕی بەمجۆرە خەباتە مەدەنییە زیاتر بوو تا شێوەکانی تر.

ئێستا نەورۆز بۆتە بۆنەیەکی گشتگیر کە گەلی هەرێمی کوردستان یەکدەخات، یا دەوەری ساسیی و فەرهەنگی و مێژووییان دەکاتە یەک یادەورەی. ئەمەش بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورەیە دوای زەمانێکی زۆری ناکۆکی و گرفتی ناوخۆیی، لە بەشەکانی تری کوردستانیش هەمان تینوتاوی شۆڕشگێڕی هەیە، تەنانەت لە تورکیا نەورۆزی ئیمساڵ نمایشی کوردایەتی لە دیاربەکر دەمەزەرد کردەوە.

لە ساڵنی داهاتووشدا نەورۆز چاکتر دەگەشێتەوە، بەڵام پێویستە کۆششێکی سەربار بەرپابکرێت کە هیچ کام لە ڕەهەندەکانی نەورۆز پشتگوێ نەخات:

-ئێمە دەمانەوێ نەورۆز لە پیرۆزیی و پابەندپێوە بووندا وەکو جەژنی ڕەمەزان و قوربان حسێبی بۆ بکرێت. ئەمەش پێویستی بە تۆڕێکی نەخشەدانانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و حکومەتی هەیە، دەبێ نەورۆز نەورۆزی گەردەن ئازادی، پێدانی جەژنانە و بەسەرکردنەوەی خزم و دۆست و کەسەکان بێت، پێشوەخت ئامادەکاری بۆ بکرێت و ببێتە بەشێک لە دابونەریتی خەڵک لە بەهاردا.

-بڵێسەی نەورۆز بە ئیلهامبەخشی سیاسەت و کوردایەتی بمێنێتەوە، ئێمە تازە بۆنەیەکی وامان دەستکەوتووە کە یەکێتی نەتەوەیی کوردستانییان لە هەرێم دابینبکات پێوسیتە دەستمان پێوەبێت و لە مانا و مەغزا سیاسییەکانی بەتاڵی نەکەینەوە، نەورۆز سەری ساڵی کوردییە نەک هی زاینی یان کۆچی، واتا ڕۆژێکی سیاسییە، سەرەڕای دوورایی بەهار و سروشت، بۆیە دەبێ فێستیڤاڵ و ئاهەنگەکانی نەورۆز بچنە خزمەت سیاسەتی گشتی وڵاتەوە، نەک تەنها دەرفەتی گاڵتەوگەپ و گەشت بێت، بچنە سایەی دەستپێشخەری سیاسیی و بەرنامەڕێژی کوردایەتییەوە بۆ ئەوەی ئەم مەغزا نەتەوەییە لە دەست نەچێت، بەداخەوە لە هەندێک جومگەدا هەستدەکرێت یادی نەورۆز تەنها بۆنەیەکە بۆ هەڵپەڕین و ئیتر تەواو.

بەشی سێیەم

# یەکێتی نیشتمانی کوردستان
# پەرەپێدان... تا خەونی چاکسازی

# لەنێوان راپۆرتی سیاسیی‌و کۆنفرانسی فیکرییدا پەرەپێدانی هەیبەتی فیکرو سەنگی رێبازی پێشکەوتنخوازی*

راپۆرتی سیاسیی پەسەندکراوی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جگە لەوەی پەیامی داهاتووی یەکێتییە بۆ ئیدارەدانی رەوشی سیاسی کوردستان‌و پێشخستنی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان، هەروا پانتاییەکی زۆری بۆ مەسەلە فیکرییەکان تەرخانکردووە. پەرەسەندنی پرسی جیهانگیری‌و ئاراستەکانی رێبازی فیکریی یەکێتی‌و سەنگی سۆشیالیستی دیموکرات لەناویداو پێکەوە گرێدانەوەی هەموو ئەم مەسەلانە لەگەڵ ئامانجە میللییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەتێکڕایی نیشانەی گەڕانەوەی هەیبەتی فیکرو جۆشدانەوەی سەرەتاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن.

بەگشتی لەم کۆنگرەیەدا گیانی گفتوگۆو راوەستان لەسەر رێڕەوو ئاراستەی ئەدەبیاتی یەکێتی چ لەراپۆرتە سیاسییەکەو چ لەپەیڕەوو پرۆگرامەکەدا دەرکەوتنێکی درەوشاوەو زاڵبوو. هەموو هەڤاڵنی کۆنگرە هەستیان بەو مەیلە گشتییە بەرەو گفتوگۆکردن لەماهیەتی فیکری سەردەمەکەو ناسنامەی یەکێتی لەناویداو ئینجا شوێنی کورد لەو رێکخەرە فیکری‌و سیاسییەی پێی دەگوترێ جیهانگیری، دەکرد.

هەربۆیەش ئاماژەکانی راپۆرتی سیاسیی بەو مەسەلانە لەشوێنی خۆیدابوو. هەروەک تاودەرەوەی ئەو مەیلە گشتییە بوو کە دەیویست دوای نزیکەی هەشت ساڵ لەیەکگرتنەوەی باڵەکانی یەکێتی شکڵ‌و شێوەی ئەدگاری فیکری ئەم رێکخراوەی نوێنەرایەتی باڵی پێشکەوتنخوازی نێو کوردایەتی دەکات بچەسپێنێ‌و جێگیری بکات.

لەراستییدا بەراوردێک لەنێوان رەوشی سیاسیی ماوەی کۆنگرەی یەکەم‌و هی ماوەی کۆنگرەی دووەم دەتوانێ روونتر سەنگی ئەو مەیلە گشتییەو ئەو دەرکەوتە درەوشاوەی فیکرمان بۆ روونبکاتەوە هەروەک لەم کۆنگرەیەدا دیترا. واتا رەوشی

---

* دوای کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی 2001، ئەم بابەتە بەچەند ئەڵقەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

بەراوردکاری پێش هەر رەوشێکی تر دەتوانێ ئەو پەرەسەندنە فیکرییە، ئەو گەڕانەوە نوێو چۆنایەتییە بۆ سەرەتاکانی یەکێتییو بۆ سەنگی مەسەلە فیکرییەکانمان بۆ روونبکاتەوە. ئینجا لەوانەیە رەوتی ئاڵوگۆڕە فیکریو سیاسییەکانی لەدونیا قەومانو کاریگەرییان بەسەر کوردستانەوە هەبوو، ئەو دوای پرسەکەمان بۆ روونبکەنەوە.

یەکخستنەوەی باڵەکانی ناو یەکێتی لەهەلومەرجێکی فیکریو سیاسیی نوێدا بوو کە کوردستانو ناوچەکەو جیهانیشی گرتبۆوە. هەموو ئەو هەلومەرجە نوێیەش لەوڵاتی ئێمە پێش هەر شوێنێکی تر رەنگدانەوەی هەبوو. جارێ لەرووی سیاسییەوە رەوشی جەنگی دووەمی کەنداو لەسەرێکەوە بەغدای نەیاری دێرینی ئێمەی وا پەکخست کە دەرەقەتی راپەڕینێکی جەماوەریی بێینو ئاڵوگۆڕ لەرەوشی سیاسیی ململانێی کورد- بەغدا بێتەکایەوە. هەر ئەو شەڕەش بوو کە لەیەک کاتدا نیشانەی دەرکەوتنی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوو لەسیستمێکی نوێی جیهانیو هەروا نیشانەی پێچانەوەی لاپەڕەی ئیمپراتۆریای سۆڤێتی بوو. دەرکەوتەکانی ململانێی کوردو بەغدا لەراپەڕینی ئاداری 1991و دژەکرداری سوپای عیراق لەبەرپەرچدانەوەیدا کە کۆڕەوی خوڵقاند سەرەنجام لەو هەلومەرجە نێودەوڵەتییەدا پرەنسیپی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی هێنایەبوون کە کوردی پاراستو بڕیاری 688و ناوچەی ئارامی بۆ دابینکرد.

لەرووی فیکریشەوە رووخانی بلۆکی سۆشیالیستی باوو دەرکەوتنی ئەمریکا وەک تاکە زلهێزی دونیاو سەرکەوتنی خیتابی فیکریو سیاسیی رۆژئاوا کە بریتی بوو لەدیموکراسیو مافی مرۆڤ، ئەمانەش پێش هەموو شتێکو پێش هەموو شوێنێکیش لای ئێمە تاقیکرانەوەو دەسکەوتی بۆ کورد بەخێردایەوە. لەبەرئەوە لەهەلومەرجی وادا کورد پێش هەموو شتێک بۆ سەرخستنی پرسە نەتەوەییەکە کەوتەکار، لەم پێناوەشدا بزووتنەوەی کوردایەتی لەهەموو ئاستەکاندا پێویستی بەیەکێتی ریزەکانی هەبوو جا چ یەکێتیی ریزەکانی ناو خودی هێزەکانی یان یەکێتیی ریزەکانی هێزو لایەنەکانی لەگەڵ یەکتریدا. لەو هەلومەرجەی یەکێتی کۆنگرەی یەکەمی تێدا بەست بەرەی کوردستانی ریزەکانی کوردایەتی یەک خستبوو. بۆیە مابووە سەر ئەوەی یەکێتی خۆشی باڵەکانی یەک بخاو یەکێتی ناو یەکێتی لەرووی تەنزیمییەوە بەدی بهێنێت. ئەوەبوو یەکێتی ناو باڵەکانی یەکێتی بەدی هاتو دروشمە دێرینەکەی هەڤاڵ مامجەلال لەو کۆنگرەیەوە دەنگی دایەوە کە دەیوت: هەر سێ یەکێتییەکە یەکێتی ناو بەرەی کوردستانی (وەک رێکخەری هێزەکانی کوردایەتی) یەکێتی ناو رێکخراوەکان (وەک رێکخەری هێزەکانی کوردەواری) یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان (وەک ڕێکخەری هێزو توانای یەکێتی لەناو بزووتنەوەی کوردایەتییدا) وەک بیلبیلەی چاومان بپارێزین.

لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێتی لەپێناو سەرخستنی ئامانجە میللییەکەدا کە خۆی لەهەڵبژاردنێکی گشتیو چەسپاندنی حکومەتێکی خۆماڵیدا دەبینییەوە پێی باش بوو یەکێتیی نەتەوەییو نیشتمانیی ڕێنوێنیکارو ئەڵقەی ناوەندیی خەبات بێ، بەڵام لەو هەلومەرجە فیکریو سیاسییە نوێیەی لەناوخۆو لەدونیاشدا هەبوو کە وایکردبوو ورەی هێزە پێشکەوتنخوازو چەپو سۆشیالیستەکانی دونیا بێتە خوارەوە، کەچی ئەو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازو چەپە ژیرو زیندووەی کوردایەتی ناسنامەی فیکری خۆی، سەرەڕای گۆڕانی پێویست بەپێی سەردەمی خۆی، هەروا پاراستو لەجوغزی چەپو بیری سۆشیالیستی خۆیو بەپێی مەیلی دێرینی دیموکراتی لەناو یەکێتیدا، ڕێبازی سۆشیال دیموکراتی پەسەندکرد وەک ناوەندێکی پێکەوەگرێدانی سێ دەرکەوت:

-مەیلی باڵەکانی یەکێتی بەلای فیکری سۆشیالیستیدا.

-مەیلی حزبایەتی ناو یەکێتیو ناو کوردایەتی بەلای ڕێبازی دیموکراتییدا.

-مەیلی وەرگۆڕانەکانی دونیا بەلای نوێبوونەوەو پێداچوونەوەی ئەزموونی سۆشیالیستی شێوە سۆڤێتییدا.

زۆر سەیر بوو کە هێزە چەپو پێشکەوتنخوازەکانی زۆر شوێنی دونیا کە دەرفەتی سەرکەوتن لەبەردەمیاندا لەبارتربوو، هەروا ئەوان وەکو کوردی کوردستانی عیراق خێریان لەرەوشی نوێی دونیای سەردەمی (سیستمی نوێی جیهان) وەرنەگرتبوو کەچی ورەیان وا بەردابوو کە یان هەندێکیان وا گرمۆڵەببوون کە هیچ گۆڕانکێکیان پێ قبوڵنەکرێو تووشی دۆگماو نەخۆشی چەپڕەوی مندالآنە بن یان وا هەڵگەڕێنەوە کە بێهیچ سازشێک تەسلیمی رەوشی نوێی دونیا بن. لەکاتێکدا یەکێتی لەسەردەمێکدا کە هێشتا ئەدگاری دونیای نوێ رۆشن نەبوو، لەسەردەمێکدا رەوشەکە لەرووی میللییەوە دەستکەوتی پارێزگاری لەکوردو کوردستانەکەی پێبوو بەجورئەتەوە ناسنامەی فیکری خۆی وەک هێزێکی سۆشیال دیموکرات ڕاگەیاند کە دەخوازێ بەرێی گۆڕانی شێنەییو بەرەوچاوکردنی وەرگۆڕانە تازەکانی دونیا هەنگاو بەرەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بنێت.

بەڵێ ڕاستە بەهۆی هەلومەرجەگەلێکی دژوارەوە یەکێتی پێی نەکرا ئەدەبیاتی خۆی بەفیکرو ئاراستەکانی سۆشیال دیموکرات دەوڵەمەند بکاو بەپێی پێویست مێشکو دڵاو دەروونی هەڤاڵنی پێ زاخاو بدا جگە لەچەند نووسینێکی بەپێزی هەڤاڵ زانا لەژمارە بەراییەکانی ڕێبازی نوێو چەند نووسینێکی وەرگێڕدراو، بەڵام

تۆمـارکردنی ئەو ناسـنامە فیکـرییە خـۆی لەخۆیـدا هەڵوێـستو هەڵوەسـتکردنێکی شۆڕشگێڕانە بـووکە دواتـر، لەسـەردەمی کـۆنگرەی دووەمـدا، لەسـەردەمی گەڕانەوەی هەیبەتی فیکردا داخوازی لالێکردنەوەو روونکردنەوەی رەهەندەکانی وا پەرەی سـەند کە لەگفتوگۆکانی هەڤاڵنی لیژنەی گفتوگۆی راپۆرتی سیاسییو دواجار لەسـەروبەندی پەسـەندکردنی راپۆرتەکەشـدا (لەنـاو هـۆڵی کـۆنگرە) پتـر لەجارێـکو دوان تەئکیـد لەسەر بەستنی سیمنارو پانێلی تایبەت بەفکیری سۆشیالیستی دیموکراتیو مەسەلە فیکرییەکانی تر کرا.

تا ئەو ئەنـدازەی هەڤاڵ مامجەلال بیـرۆکەکەی بەئاراسـتەی کۆنفرانـسی فیکـری، شتێک کە هەر ئێستا ئامادەباشی بۆ دەکرێت، پەرەپێدا.

مـاوەی نێـوان کـۆنگرەی یەکەمو ئـی دووەم مـاوەیەک بـوو لەئاسـتی کوردستانییو لەئاستی نێودەوڵەتیشدا گۆڕانەگەلێک قەومانو هەندێک رێبازو چەمکی سیاسیی کە پێـشتر وەک نـاوو سـەرباس دەرکەوتبـوون، لەو مـاوەیەدا ئەدگـارو سـکێچی خۆیـان نیشاندا یـان روونبـونەوە. هەر بۆخۆشی زەمەنـی دوای کـۆنگرەی یەکەم هەلـومەرجی تێکۆشانی عەمەلی بوو بۆ جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی راپەڕینو بنیاتنانی ئەزمـوونی حـوکمڕانیی کوردسـتان. ئەگەرچـی ئەمە بەمانـای ئەوەنیـیە کە هەلـومەرجەکە بـۆ تێکۆشـانی فیکریـی دەسـتی نەدەدا یـان لەبـواری تێکۆشـانی فیکرییـدا هـیچ بەهـیچ نەکراوە، بەڵکو مەبەستمان لێی ئەوەیە کە بڵێین لەهەلومەرجێکدا بـۆ یەکەمـین جـار کـورد پانتـاییەکی فراوانـی کوردسـتانی کەوتەدەسـتو ئەو کوردسـتانەش بەهـۆی سیاســەتەکانی داگیرکــارییو وێرانکــارییەوە پێویــستی بەهەڵمەتێکــی گەورەی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوە هەبوو، ئا لەو هەلومەرجەدا پێویست بوو قورسایی بدرێتە چارەسـەرو هەنگـاوە عەمەلییەکانو بەم پێـیەش تێکۆشـانی عەمەلـی دەبێـتە شـێوەی باوی تێکۆشان بالەپاڵیدا لێرەولەوێ تێکۆشانی فیکریو هەوڵی گەشـەدارکردنی پرسـە فیکرییەکانیش هەبووبێ. بەشێکی زۆری راپۆتی سیاسیی کۆنگرەی یەکەم کە قۆناغی خەبـاتی یەکێتیـی لەنێـوان کـۆنگرەی یەکەمو ئەوەی دووەمـی دیـاریکرد، چارەسـەری عەمەلیی ئەو دەرکەوتو هەلومەرجەبوون کە کوردستانی رزگاری تێکەوتبوو، لەوانە دەرکەوتی شێوەی حوکمڕانیکردنو چۆنیەتی لەسەرپێ راوەستانەوەی کوردەوارییەکی داتەپیـو لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکانی ژیانـدا بەتـایبەتی لەدۆخـی تەفروتونـابوونی لادێـی کـوردەواریو ئـابلۆقەی هەمەلایەنەو کێـشانەوەی ئیداراتەکانـدا. بـۆیە لەراپـۆرتی سیاســیی یەکەمینــدا مــوژدەی هەڵبژاردنــی پەرلەمــانو حکــومەتێکی خۆمــاڵیو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری لەپێشەوەی ئەرکە هەرە هەنووکەییەکانی قۆناغەکەبوو

که خۆشبەختانە دەتوانین بڵێین تاوەختی بەستنی کۆنگرەی دووەم بەشێکی زۆری ئەو ئەرکە عەمەلییانە جێبەجێکران ئەگەرچی شەڕی ناوخۆ کردنی بەدوو هەرێم، بەڵام شەرتی راپۆرتی سیاسیی یەکەم شەرتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو کە ئەوکرا، شەرتی حکومداریی کوردبووە هەروا بەردەوامەو شەرتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کە هەرئێستا لەگەشەکردنی بەردەوامدایە، بەجۆرێک وای لێکردووین لەکۆنگرەی دووەمەوە بپەرژێینە سەر مەسەلە فیکرییەکانیشمان.

لەئاستی نێودوڵەتیشدا بەشێکی زۆری ئەدگاری پرسە فیکرییەکان روونبوونەتەوە، یان رووڵەروونبوونەوەن. کۆمەڵی مرۆڤایەتی پەرە بەکەلتوری دیموکراتیو مافی مرۆڤو چەمکەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەدات، هەروەک نموونە فیکرییەکانی لەدونیادا برەویان هەیە دەخوازن ئەوە بخەنە سەرباس کە مرۆڤ لەهەموو ئاراستەکانی تێکۆشانی فیکریدا دەیەوێ مۆدێلێکی چاکتری ژیان بباتەپێشو مەرج نییە دەرکەوتنی سیستمێکی نوێ لەجیهاندا مانای رازی بوون بێ بەهەموو دیاردەو دەرکەوتەکانی. ئێستا مەیلی زاڵ لەگفتوگۆ فیکریو سیاسییەکاندا ئەوەیە کە چاک نییە مرۆڤ لەتەبەنیکردنی فیکرو زاخاودانەوەی بیروباوەڕییدا هەموو رەهەندەکانی جیهانگیری رەتبکاتەوە یان هەموویان قەبووڵ بکات.

تەجرەبەی بەناو سۆشیالیستیی سۆڤێتی بەلانی کەمەوە دەبێ فێری ئەوەی کردبین کە کوێرانە بەدوای تەیاری فیکریی باو، یان سیستمی سیاسیی زاڵ لەدونیا نەکەوین، بەڵکو دیدێکی رەخنەگرانەمان بەرامبەر بەچەمکو دەرکەوتەکان هەبێو لەئاستی سەلبیاتو خاڵە ئیجابییەکاندا هەڵوەستە بکەینو شەنوکەوی بکەین. راپۆرتی سیاسیی هەڤاڵ سکرتێری گشتی لەدووەمین کۆنگرەدا دەیەوێ ئەمە نیشانبداو بێگومان باشیشی نیشانداوە:

1-دەرکەوتی یەکەم رەخنەگرتنە لەسۆشیالیزمی شێوە سۆڤێتی کەڕووخاندنی مایەی پێشکەوتن بوو بۆ بەشەریەت، چونکە رێگا لەبەردەم درەوشانەوەی راستەقینەی بیروباوەڕی سۆشیالیزمێکی دیموکراتو ئینسانیتر دەکاتەوە.

2-رەچاو کردنی ئەو سەرەتایەیە کە هەموو دیاردەیەک، هەموو شتێکی چاک یان هەموو شتێکی خراپ نییە، نموونەی ئەوەش روانینی راپۆرتەکەیە بۆ پرسی جیهانگیری کە خاڵی ئیجابیی تێدایەو هەروەک خاڵی سەلبی کە دەبێ روانینێکی ژیرانەمان بەرامبەر هەردوو ئاراستەکە هەبێو بەعەقڵێکی کراوەوە لێی بڕوانین نەئەوەبێ تەسلیمی هەموو شتێکی ببینو نەئەوەش بێ هەموو شتێکی رەتبکەینەوە بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد لەئاستی پرسە میللییەکەماندا توانیوومانەو دەتوانین سوود

لەچەمکـی مـافی مـرۆڤ وەربگـرین بـۆ روونکـردنەوەی پێـشێلکردنی جەمـاعی مافەکانمـانو دەتوانین سوود لەجیۆئیکۆنـۆمی وەربگـرین بـۆ دەربـازبوون لەنەخـشەی سیاسیی قفڵدراوی ناوچەکەو دواجاریش دەتوانین سوود لەسیستمی پەیوەنـدییەکانی سایەی شۆڕشی زانیاریو پەیوەنـدی لەزەمەنـی جیهانگیریـدا وەربگـرین بـۆ گەیانـدنی پرسەکەمان بەدەرەوەو ناساندنی دونیا بەکەلتوورو ناسنامەی نەتەوەییمان.

3-رەخنەگرتن لەڕەوتی سیاسیی ناو بزووتنەوەی سیاسیمان کەئازادی تـاکەکەسو پەروەردەو دابینکردنـی پێداویستییەکانی فەردی کـوردی لەبەرچـاو نەگرتـووەو تەنهـا لەئاستی پرسە گشتییەکاندا لەکوردی روانیوە.

4-هەروا راپـۆرتەکە لەگەڵێـک ئامـاژەی فیکریـدا دیـدی رەخنەگـرانەی کـردووەتە سەرمەشـق بـۆ روونکـردنەوەی سیاسـەتەکانی لەمەوپـێشو بـۆ دۆزیـنەوەی رێبـازی تێکۆشانی لەمەوپاشمان.

بێگومـان چ راپـۆرتی سیاسـیی کـۆنگرەی دووەمو چ ئەو گفتوگۆیـانەی لەبـارەیەوە لەناو کۆنگرەو لەڕۆژنامەکاندا کران وایان نەگوتـووە کەکورسـتان لەمـاوەی نێـوان دوو کـۆنگرەدا لەدەرەوەی پرۆسـە فیکرییەکـانو کـاریگەری فـاکتەری فیکـرو چەمکەکـانی بوون. بەڵکو وەکو ئاماژەمان پێدا کەکوردەواریو نوخبەی سیاسیی لەگەرمەی گفتوگۆ فیکرییەکانی ئەو ماوەیەدا بوون کەخۆشی ماوەی پاش رووخانی تەجرەبەی سۆڤێتیو وردەوردە دەرکەوتنی ئەدگاری جیهانگیریو پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵی مەدەنـیو مـافی مـرۆڤـو دیموکراسـیو هەروەهـا جـۆرێکیتر لەڕەوتـی سۆسیالیـستی بـوو کەدوور بێت لەدۆگماو لەکۆپیکردنو تێکەڵی پرۆسـەی دیموکراسـیو ئەرکەکانی قۆنـاغەکەی بێت، بەڵام ئەوەی کە لەو ماوەیەدا تێبینی دەکرا ئەوەبوو کەیەکێتیـی لەچوارچێـوەی رێکخەرەیەکی فیکری (منظومة فكرية)و هێڵی گشتی فیکری خۆیدا مامەڵەی لـەگەڵ دەرکەوتە فیکرییە کۆنو نوێکاندا نەدەکرد، بۆیە تەفاعولکردنی لەگەڵ ئەو دەرکەوتە فیکرییانە یان رەتکردنەوە یـاخود رەخنەلێگرتنیـان لەچوارچێـوەی ئیجتهـادی جیاجیـادا دەمایەوە.

ئەمەش رەنـــگە لەهەنـــدێک دەرکەوتـــدا نارۆشـــنی ناســـنامەی یەکێتیـــی لـێبکەوتـایەتەوەو لەهەنـدێک دەرکەوتیتریـشدا پێویـستی یەکێتیـی فیکـری لەنـاو یەکێتییدا دەکردە زەرورەتێکی لەدواخستن نەهاتوو.

کەوابێت کوردستانو یەکێتییەکەی لەکاریگەری پرسە فیکرییەکان دوور نەبوون، بەڵام ئەوەی دەتوانێت ئەم کاریگەرییە چالاکتر بکاتو ئاراستەو گوڵبژێریـان بکـات دەرکەوتنی وەحـدەی فیکـری نـاو یەکێتیـیو دڵنیـابوونی کـادیری یەکێتیـە لەوەی کە

لەکاتی ململانێی ئازادانەی فیکری لەگەڵ دەرکەوتو دیاردە فیکرییە کۆنو تازەکاندا خۆی بەتەنها نییە، بەڵکو (منظومە)یەک لەڕوانینو لەبنچینەی فیکری پشتیوانی دەکەنو وەک مەرجەعێکی کاریگەر لەو ململانێ دیموکراتییەدا حوجەو بەڵگەی دروستی دەدەنێو بۆی دابین دەکەن.

بێگومان یەکێتیی فیکر لەناو حزبێکی دیموکراتو پێشکەوتنخوازی وەکو یەکێتییدا نابێتە مایەی دۆگماو چەقبەستن، بەڵکو دەبێتە مایەی یەکێتیی ریزەکان، یەکێتیی ئەندێشەو کردار. ئەمەش رێ لەئیجتیهادی فیکری لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکەدا ناگرێ وەکو چۆن یەکێتیی کردار رێ لەسەلیقەی جیاجیای کارکردن ناگرێ.

لەراستیدا جۆشدانەوەی مەسەلەکانی فیکرو بایەخدان بەروونکردنەوەی رێبازی فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها بۆ ئەوە نییە کە ناسنامەی یەکێتیی لای دەوروبەری یەکێتییو ئەو هێزو توخمانەی کەموزۆر مامەڵە لەگەڵ یەکێتییدا دەکەن، روونبێتەوە. بەڵکو بۆ رێکخستنەوەو پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتییو بنەبڕکردنی دەستەگەری بەهەموو جۆرەکانیشییەوە پێویستن. ئەمەش بەروونی لەراپۆرتی سیاسی کۆنگرەی دووهەمو هەروا لەو پێشەکیو دیباجەیەدا تەئیکدی لەسەر کراوەتەوە کە هەڤاڵ مامجەلال لەکۆنفرانسی فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پێشکەشیکرد.

بەواتایەکی تر دیاریکردنی هێڵی گشتی فیکریی یەکێتییو جیهانبینی وی بۆ دیاردەو دەرکەوتەکانی لەدونیادا هەن، بۆ پرسی کوردو پەیوەندییەکانی بەدونیای سەردەمو چەمکە جیاجیاکانی تەنها بۆ ئەوە نییە کە یەکێتی شوێنی خۆی لەریزبەندی فیکریو سیاسیی لەکوردستان، لەناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دواجار لەجیهاندا، بناسێتەوەو بەخەڵکیش بڵێ ئەمە ئێمەینو فەرموون بماننناسنو نایشارینەوە کە ئەمە ماهیەتو پێکهاتەو ئامانجو ستراتیژی ئێمەیە لەخەباتو تێکۆشانماندا. بەڵێ ئەوە گرنگەو لەرابردووشدا یەکێتی ئەوەی کردووەو بۆخۆشی ئەوە بەشێکە لەنەریتی خۆناساندنی هەر دیاردەو هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر (ئەوانی تر)دا. ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستمان بەفیکرو جۆشدانەوەی ناسنامەو هێڵی گشتی فیکری یەکێتییە بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەو ئامانجە پیرۆزەی دروشمی سەرەکی کۆنگرەی دووهەم بوو. واتا ئامانجی یەکێتی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو ئامانجە لەکۆنگرەی یەکەمدا باڵەکانی یەکخستین، لەکۆنگرەی دووهەمدا بەئاقاری یەکخستنی تەواوەتی ریزەکانو لێرە بەدواشەوە چاوەڕێ دەکرێ یەکخستنی فیکر ئەو یەکێتییەی ناو یەکێتی تۆکمە بکاتو رەهەندێکی فیکریشی بداتێ. چونکە ئەگەر یەکێتی ناو یەکێتی لەئاستی فیکردا رەنگی دایەوە ئیتر تەنها لەئاستی مۆرالیکی

شۆڕشگێڕییدا نامێنێتەوەو پاکانەی فیکریو تیوری خۆشی دەبێ. ئەوەتا مامجەلال لەکۆنفرانسی فیکریی یەکێتییدا (2/16-قەلاچوالان) لەبارەی بایەخی جۆشدانەوەی بیروباوەڕو پێدانی سەنگێکی تەواو بە مەسەلە فیکرییەکان چەند خاڵێکی گرنگ دەست نیشان دەکا کە لێرەدا لە سێ خاڵی دەدوێین بەئومێدی ئەوەی هەڤاڵنی تریش گفتوگۆ لەبارەی ئەوانی تریەوە دابمەزرێنن:

خاڵی یەکەم: مامجەلال دەڵێ "شتێکی تریش کە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستە ئەویش ئەوەیە کە بیروباوەڕ لەناو یەکێتیدا هۆی یەکێتی ریزەکانە. ئەگەر بیروباوەڕمان یەک بوو، ئەوا ئەساسێکی فیکریی، تیۆری دروست دەکەین بۆ یەکێتی ریزەکانمان، بۆ یەکێتی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"

خاڵی دووهەم: هەروەها دەڵێ "بیروباوەڕ ئینسان دەکاتە ئینسانێکی تێکۆشەری راستەقینە. پاکی دەکاتەوە لە پیسو پۆخلی خۆویستی.. بۆ ئێمە بوونی بیروباوەڕ زۆر زۆر ئەهمیەتی هەیە. بۆ پاککردنەوەی دڵودەرونمان لەهەمو غەلو غەشێک."

خاڵی سێیەم: هەروەها: "ئەو کەسەی بیروباوەڕی نەبێت مومکینە ببێتە خۆویستو رەفاه تەڵەبو ببێتە ئینتهازیو هەر رۆژەی لەسەر پەتێک بەمەلاو بەولادا یاری بکات"

ئەم سێ خاڵە بەتێکڕایی پەیوەندییان بەویستی یەکێتییەوە هەیە کە دەخوازێ یەکێتی ناو یەکێتی، دوای بەدیهاتنی لەکۆنگرەدا، لەسەر بنچینەیەکی فیکریش جێگیر بکات. هەر سێ خاڵیش لەسەرێکەوە پێکەوە گرێدراوەنو لەسەرێکی تریشەوە رەنگدانەوەی بەرنامەی بنەبڕکردنی دەستەگەریین هەروەک لەراپۆرتی سیاسییدا روونکراوەتەوە. وا لێرەدا هەوڵدەدەین چمکێکی ئەم پێکەوەگرێدانەو ئەم رەنگدانەوەیە روونبکەینەوە.

دیاردەی دەستەگەری لەحزبە دەسەڵاتدارەکانی حوکمڕانی وڵاتەکەی خۆیان دەکەن لەبنچینەدا لەسەر پرسی فیکرو جیاوازیی روانینی سیاسیی روونادەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە لەئەنجامی پەراوێزکەوتنی فیکرو فەرامۆشکردنی سەرەتاو بەهاحزبییەکانو لەبەرامبەریشدا دەرکەوتنی ئیمتیازاتی زۆروزەوەندی دەسەڵاتو رەفاه تەڵەبی دێنەبوون.

لەرەوتی سیاسییو رێڕەوی حزبایەتی سەردەمی خەباتی شۆڕشگێڕییدا بیروباوەڕو هێڵی فیکری حزبو بزووتنەوە سیاسییەکان دەبێتە مایەی گردبوونەوە لەدەوری حیزبو مینبەرەکانی ناوی. بۆیە ئەو بیروباوەڕەی خۆی لەخۆیدا دەبنە مایەی ئەندامێتی کەسو کۆمەڵەکان لەحزبو بزووتنەوە سیاسییەکاندا هەر ئەو بیروباوەڕە

دەبێتە هەوێنی یەکێتیی ئارەزووومەندانەی ناو حزبو بزووتنەوە سیاسییەکان. لەحاڵی وادا بیروباوەڕ هەم یەکێتی ریزەکان دەپارێزێو هەمیش بەها حزبییەکانو نەریتە شۆڕشگێڕەکان پەرەپێدەداو دەیدرەوشێنێتەوە. لەحاڵی وادا بەها حزبییەکان بریتین لەرێوشوێنی هەڤاڵبەندیو نەریتە شۆڕشگێڕەکانیش بریتین لەتێکەڵییەکی باوەڕبوون بەمەسەلەیەکو هەڤاڵبەندیتی لەحزب یان بزووتنەوەیەکدا. بەڵام لەکاتی پەراوێزکەوتنی فیکر وەکو هەوێنی یەکێتی ریزەکانو لەفەرامۆشکردنی بەها حزبییەکان وەکو هەوێنی هەڤاڵبەندی، نەریتە شۆڕشگێڕییەکان نامێننو لەجیاتی وی کەسی بێ بیروباوەڕ (دەبێتە رەفاه تەڵەب) جا ئەمە لەحاڵی حزبێکدا کە دەسەڵاتی بەدەست بێو لەولاشەوە بیروباوەڕ بکەوێتە پەراوێزەوەو بەها حزبییەکان فەرامۆشبکرێ ئەوا دیاردەی دەستەگەری بەهەموو شێوەکانییەوە سەرهەڵدەدات کە راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی دووهەم سێ جۆری سەرەکی لێ دەست نیشانکردووە "دەستەگەری لەسەر ئیمتیازات، دەستەگەری هۆزگەریتی، دەستەگەری ناوچەگەریتی."

ئەم جۆرە دەستەگەریانە بە بیروباوەڕ (بوژاندنەوەی فیکری)+ سەرەتاکانی رێکخستن (بوژاندنەوەی بەها حزبییەکان) بنبڕ دەکرێنو لەناو دەچن. لەمەشدا دەبێ (بایەخی بیروباوەڕو هێڵە سەرەکییەکانی فیکری یەکێتی+ بایەخی بوژاندنەوەی سەرەتاکانی رێکخستنو کاری حزبی+ بایەخی بوژاندنەوەی بەها شۆڕشگێڕییەکان لەناو یەکێتییدا) روونبکەینەوە. چونکە پێکەوەیان چارەسەری جۆرەکانی دەستەگەریان پێدەکرێ.

-راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی دووهەم لەبواری چارەسەرکردنی پرسی (دەستەگەری ئیمتیازاتو رەفاه تەڵەبی)دا پێشنیازی "گۆڕینی پۆستی حکومەتی (3) ساڵ جارێک+ پلەی سەرکردایەتی بە (2) ساڵ جارێک کۆنگرە بەستن+ کەمکردنەوەی خەرجیو.. هتد.." دەکات. ئەمەش بۆ تەئکیدکردنەوە لەسەر بەهای شۆڕشگێڕی ئەوەی کە لەناو یەکێتییدا پلەو پایە بۆ ئیمتیاز نییە بەڵکو بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

-لەبواری چارەسەری دەستەگەری هۆزگەریتیو ناوچەگەریتیدا پێشنیازی گەڕانەوە بۆ سەرەتا فیکرییەکانو گەشانەوەی هێڵی فیکری یەکێتیی دەکات.

هێڵی فیکری یەکێتی لەپەیڕەوو پرۆگرامەکەیدا روونکراوەتەوەو لەشوێنێکی راپۆرتە سیاسییەکەی کۆنگرەی دووهەمیشدا (بەندی: ئەرکە گرنگەکانمان) ئا بەم شێوە جوانە گوزارشتی لێکراوە:

(گەشــەپێدانی پروگــرامو پەیــڕەوی ی.ن.ک و گەشــانەوەی جەوهەرەکەی کە ڕێکخستنی رەنجدەرانی بیروبازووی کوردستانە لەرووی چینایەتییەوەو هی هەموو خەڵکــی دڵــسۆزو بەشــەرەفی کوردســتانە لەرووی نیــشتمانییەوە، کە ڕێکخــستنێکی سۆسیالیــستە بــۆ عەدالەتــی کــۆمەڵایەتیو لەرەگوریــشەوە هەڵکەنــدنی ئــازاردانی نەتەوایەتیو چەوساندنەوەی چینایەتی هەوڵدەدات. بەڵام سۆسیالیستێکی دیموکراتە باوەڕی بەدیکتاتۆرییو خۆسەپاندنو زوڵموزۆرەملیو پاوانکردن نییە)

بێگومان رەنگە بگوترێ کە ئەم بیروبۆچوونانە لەمێژە لەناو یەکێتییدا سەرخەتی گشتی بیروباوەڕی یەکێتیین. بەڵام ئەوەی نوێبوونەوەیە لێرەدا کە گەشانەوەی ئەو بیروباوەڕانەو تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی بەمانای پاشەکشەی مەیلی هۆزگەرێتیو ناوچەگەرێتییە. چونکە ئەم سەرخەتانە ئەرکی نیشتمانیین کە لەئاستییدا پێکهاتەی هۆزو ناوچە دەکشێنەوە. ئەرکی فیکرییو ئەرکی کۆمەڵایەتیین کە لەئاستییدا مەیلی خۆمو خزمو (أنصر أخاک ظالماً ومظلوماً) دەکشێنەوە. بەواتایەکی تر گەشانەوەی فیکــر نەک هەر دەبــنە مــایەی یەکێتــی ریزەکــانی یەکێتــی بەڵکــو دەبــنە مــایەی رەوانــدنەوەی مەترســییەکانی ســەر خواســتی یەکێتــی نەتەوەیــی کــوردو ســەرەنجام بــزووتنەوەی کــوردایەتی شۆڕشــگێڕ لەدەروازەی ســەدو هەزارەی تــازەدا هەروا بەیەکگرتوویی‌و ئارەزووی یەکێتییبوون، دەبووژێتەوە.

بەڵام دواجــار هەر ئەم یەکێتــی فیکــرە خۆشــی کە هاوشــانی پەرەپێــدانی ژیــانی دیموکراســیو بوژانــدنەوەی بەهــا بەرزە ئەخلاقییەکــانی هەڤــاڵێتیو ژیانــدنەوەی ســەرەتاکانی ڕێکخــستنی حزبی، بەرەو پێــشەوە دەچــێ. هەر ئەمە خۆشــی بەشــێکی پرۆســەی گەشــەپێدانی هەمەلایەنەی یەکێتــی پێکــدێنێ. چــونکە لایەنێکــی گرنگــی بوژانــدنەوەی بەهــا حزبییەکــان دابینکردنــی هەلــومەرجی ململانێــی راســتو رەوایە. ئەمەش هەم دەور دەبینێ لەبنەبڕکردنی دەستەگەریو هەمیش روونی دەکاتەوە کە دیوێکی تری یەکێتی فیکرو یەکێتی ریزەکان "پێویستییو بەکەڵکی بیروڕای جیاوازو بۆچوونی جۆراوجۆرە لەناو ریزەکانی یەکێتیدا" هەروەکو لەراپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی دووهەمدا هاتووەو ئاوەهاش هۆکارەکەی روونده‌کاتەوە:

"چونکە دابینکردنی ئەم ململانێیە لەچوارچێوەی ی.ن.ک-داو بەپێی سەرەتاکانی ڕێکخستن نەک هەر پیادەکردنی دیموکراسییە لەناو ی.ن.ک-دا بەڵکو شەرتێکی سەرەکیشە بۆ نەهێشتنی دەستەگەریو پاراستنی بەها ئەخلاقییەکانی ژیانی حزبی، خۆشی لەململانێی ناڕاستو نادروستو لەدەستەگەری.. لەناو ی.ن.ک دا"

کەواتــا لایەنێکــی بوژانــدنەوەی فیکــر خۆناســاندنە بەوانــی تــرو لایەنە هەرە گرنگەکەشی یەکێتی ناو یەکێتیو پاراستنێتی. لەهەردوو بارەکەشدا فیکر چرای رووناککەرەوەی رێی رزگارییو دیموکراتییە.

# کۆنگرەیەکی نوێ بۆ زەمەنێکی نوێ*

1

ئەمە بـوێرییەکی جـوانە لە گۆڤـاری ڕێبـازی نـوێ-وە وەک گۆڤـاری مەکتەبـی ڕێکخـستنی یەکێتـی نیـشتمانی کوردسـتان کە لە تەوەرەکانیـدا ئامـاژە بەکەموکوڕییەکانی کـۆنگرەی رابـردوو بکـات. نـامەوێ بڵـێم کە ئێـستا کـاتی ئەوەیە بەبـوێرییەوە قسەبکەین. چـونکە ئەمە ڕەنـگە وابکەوێـتەوە کەدیـارە جـاران بـوێری و وێران نەبووەو ئێستا فاکتەرێکی دەرەوە وادەکات بـوێربین. لەکاتێکدا بۆخـۆم پێمـوایە بەرزبوونەوەی کێرڤی بوێری هۆکارەکەی ئەوەیە ئیتر ترسی فاکتەری دەرەکی، یان فـاکتەرە دەرەکییەکـانی دەرەوەی یەکێتیمـان، لەسـەر نەمـا و بەوەش دەتـوانین چ خۆمـان، وەک ئەنـدام، و چ یەکێتییەکەشـمان، وەک یەکەیەکـی تێکۆشـان بـێ پەروا لەخـستنە رووی ڕوانـین و خواسـت و ئاواتەکانمـان بـوێری بنـوێنین و لەدەرەوەی هەڕەشە سیاسییە هەمەجۆرەکانی دەوری یەکێتی و هەڵسوڕانی دابوو بەرنـامەی نـوێ بۆ قۆناغی نوێ دابنێین کە (هەم کەموکورتییەکانی کۆنگرەی رابردوو ببوێرێ و هەم لەئاستی بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیشیدا بێت).

ئینجـا لەتەوەرەکەشـدا واحـاڵیبووم کە بەرنـامەکە هەم ئامـاژەیە بـۆ بەرنـامەی کـۆنگرەی داهـاتوو و هەمـیش ئامـاژەیە بەو بەرنـامەیەی دەشـێ یەکێتـی پەسـەندی بکـات، بـۆیە بـابزانین کەموکورتییەکـانی کـۆنگرەی رابـردوو چ بـوو تارێوشـوێنەکانی بواردنی بدۆزینەوە.

یەکەم: هەمـوو گردبـوونەوەیەکی وەک کـۆنگرە زادەی هەلومەرجەکـانی پـێش خۆیانن. بۆیە راست وایە کە بڵێین کەموکوڕییەکانی کۆنگرەی رابردوو لەخۆیانەوە هەڵنەتۆقیون، بەڵکو ئاکامی کەموکوڕییەکانی پێشوون. ئەگەر تەمەنی حزبەکان قۆناغ بەنـدی بکـرێن ڕەوایە بڵێـین مـاوەی نێـوان کۆنگرەکـان ئەو قۆناغبەنـدییە پێکـدێنێت. بۆیە دەشێ مەودای نێوان کۆنگرەی گشتی یەکەم 1992 بۆ کۆنگرەی دووەم 2001

* ساڵی 2003، لە گۆڤاری ڕێبازی نوێ دا بڵاوبۆتەوە.

به قۆناغی دروستبوونی کەموکوڕییەکان دابنێین کە لەهەمان کاتیشدا، بۆئەوەی هەڵسەنگاندنەکەمان بابەتی بێت، قۆناغی دەسکەوت و بەدیهاتنی بەشێکی ئامانجەکانی یەکێتی و کوردایەتی و کوردەواری بوون. سێ حاڵەت وایان کرد کە کەموکوڕییەکان بەرێژەیەکی بەرچاوبن:

1. مەودای نێوان هەردوو کۆنگرە (1992-2001) مەودایەکی زۆربوون هی ئەوەبوون کێشە کەڵەکەبن بێ چارەسەر.

2. ئەو ماوە زەمەنییە، بەتایبەتی ماوەی حوکمڕانی دوای راپەڕین بوو کە هەم ئەزموونێکی پێشتر تاقی نەکراوە بوو بۆ یەکێتی و هەمیش حوکمڕانی کۆمەڵێک دیاردەو دەرکەوتی سەلبی لەگەڵ خۆی دەهێنێت کەلەسەردەمی شۆڕشدا بەدەگمەن یان لەسنوورێکی بەرتەسکدا، دەرکەوتی واسەلبی دەقەومێن.

3. هەرماوەی دوای راپەڕین کە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە بوو ماوەی بەرفراوانییەکی یەکجاری رێکخستنەکانی یەکێتی و بەجەماوەربوونی بوو کە کۆنترۆڵکردنی کاری حزبی و رێکخستنی حزبێکی شۆڕشگێڕو پوختەکراو ئاسانترە لەکۆنترۆڵکردنی حزبێکی پانوپۆڕی جەماوەری.

هەرسێ خاڵ بەسروشتی سیاسەت و حزبایەتی یارمەتی دروستبوونی کەموکورتی و ئینجا زەقبوونەوەشی دەدەن، بەتایبەتی بۆ حزبێکی گەورەی وەکو یەکێتی کە رکابەرو نەیاری کەم نین. دیارترین دەرکەوتەکانی ئەوسێ خاڵە مەسەلەی کوتلەگەرێتی و ئینجا دروستبوونی موقاتەعاتی جیاجیای حزبییە وەک دەرەنجامێکی ئەو کوتلەگەرێتییە. مەبەست لەموقاتەعاتی حزبی دەستکاری سروشتی حزبیانەی ئەو یەکە و دامەزراوانەی حزبە کە کاری حزبی و رێکخراوەیی و رێکخستنی پێ رایی دەکرێت. هەر کوتلە یان دەستەیەک موقاتەعەی خۆی جیادەکاتەوەو بۆخۆی ئیدارەی دەدا لە دەرەوەی هەماهەنگی لەگەڵ یەکەو دامەزراوە حزبییەکانی تردا. بەرای خۆم ئەم کوتلەگەرێتییە، سەرەرای هەوڵە باشەکانی چارەسەرکردن و ئیحتیواکردنی، هاتە ناو کۆنگرەی دووەمەوە، و کاریگەری خۆی هەرمابوو.

دووەم: ئالیەتی بوونە ئەندام لە کۆنگرە بەوشێوەی دانرابوو بووەمایەی مەحرومکردنی بەشێک لەکادیرە ناوەراستەکانی حزب کە نەیانتوانی ببنە ئەندامی کۆنگرە. کە ئەمەش کاریگەری سەلبی هەبوو لەسەروان و درێژەی ئەو رەوشەبوو کەبووە مایەی کزکردنی هەڵسوڕانی کادیری ناوەڕاست وەک ئەڵقەی گرێدانەوەی سەرکردایەتی بەبنکردایەتی و جەماوەری حزب. لەکاتێکدا وەک چۆن هیچ کۆمەڵێک بێ بوونی چینێکی ناوەرست ناتوانێ ئارامی کۆمەڵایەتی دابین بکات،

ئاوەهاش حزب وەک دەزگایەکی ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵگە بێ بوونی کادیری ناوەڕست ناتوانێ ئارامی ناوخۆیی و ڕێکخراوەیی مسۆگەر بکات.
سێیەم: لەناو کۆنگرەشدا، چاکتروابوو کە دەنگدان بۆ دوا ڕۆژی کۆنگرە دوابخرایە. ڕاستە لەو هەلومەرجەدا کە دوای چەند ساڵێک لەدواکەوتنی یەکێتی کۆنگرەی بەستبوو، دۆخەکە ناسک بوو، بۆیە ئەو دەنگدانە پێشوەختە بەچاک زانرا. بەڵام هەڵگرتنی وادەی هەڵبژاردن بۆ دوارۆژی کۆنگرە لەسەرێکەوە وادەکات هەموو هەڤاڵان بەپەرۆشەوە بەشداری بەرنامەو ئەجندای کۆنگرە بکەن و کۆنگرە لە هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتیدا کورت نەکەنەوە. لەسەرێکی تریشەوە ڕێڕەوی گفتوگۆکانی کۆنگرە ڕەنگە تواناو وزەی نوێ و خاوەنی نەزەری جوانیان دەربخستایە کە ئەگەر خۆی تەرشیح بکردبا ڕەنگە دەنگێکی سەنگینی مسۆگەر بکردایە.
چوارەم: ئەگەر کۆنگرەی دووەم بۆ پاراستنی یەکێتی ناو ریزەکانی یەکێتی، لەهەلومەرجێکدا کە نەیارانی دەرەکی پێیان وابوو یەکێتی دەرەقەتی سەرخستنی کۆنگرەکەی نایە، واپێویستی کرد هەندێک سەرکردایەتی بەدەنگدانی ئاشکرا بێنە سەرکردایەتی، ئەوا هەق نییە ئەوە ببێتە نەریتێک لەناو ڕێکخراوێکی دیموکراتخوازی وەک یەکێتی. بەتایبەتی کە ئێستا مەترسییە دەرەکییەکان کزو لاواز بوون و دەتوانین لەو بوارەشدا بوێرانە بڕیار بدەین بەشی بەرچاوی ئەو کەموکوڕییانەی ئێمە لێرەدا دەستنیشانمان کرد ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرە خۆشی لەسەرهەمان تەوەرە ڕەخنەی لە کەموکوڕییەکانی رابردووی نێوان (1992-2001) گرتووە. هەربۆیەش گوترا کە (شەرتی جوامێران سێ جارە) بەو مانایەی کە لەکۆنگرەی سێیەمدا ئەگەر ئەو هۆکارانەی بوونەمایەی دەرکەوتنی کەموکوڕی چارەسەربکرێن، ئەوا خۆی لەخۆیدا ئێمە شەرتی خۆمان لەسێیەم کۆنگرە دەبەینە سەر.

### بەم پێیە پێویستە بۆ کۆنگرەی سێیەم وابکەین کە:

یەکەم: بەرپرسیارێتی و سەرکردایەتیکردن لە قاوغی ئیمتیاز دەربچن بۆئەوەی دیاردەی کوتلەگەرایی بەرەو نەمان بڕوات. بەڕای بەندە کەمکردنەوەی مەودای نێوان کۆنگرە و کۆنگرەیەکی تر،دوو ساڵ مەودایەکی باشە، دەبێتە ئالیەتێکی گونجاو و کاریگەر لە پێناو گۆشەگیرکردنی کوتلەگەرێتی، ناشڵێم لەناوبردنی یەکجارەکی، هەڵبەتە بەزوویی کۆنگرەکردن واتا زوو بەزوو سەرکردایەتی گۆڕین و ناوبەناو بەرپرسیارێتی گۆڕین و ئەمەش ئیمتیازەکانی کوتلەگەرێتی ناهێڵێت.

دووەم: بوژاندنەوەی وزەو توانای کادیری ناوەڕاست و پۆلێنکردنی کادیر بۆئەوەی ئەڵقەی پێکەوەگرێدانەوەی سەرکردایەتی و جەماوەربن.
سێیەم: هاندانی بیرکردنەوەو دەستپێشخەری نواندن و دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا نەک تەنها ڕەخساندنی هەلومەرج بۆیان.
دەشـکرێ لە نـاو یەکێتیـدا کەشـێکی وا دیموکراسـی بخوڵقێنرێـت کە لـۆمەو ڕەخنەکـاری بێـت لەو هەڤـاڵانەی بیـروڕاو بۆچوونەکـانی خۆیـان دەرنـابڕن. واتـا سـڵکردنەوە لەدەربڕینـی بیـروڕاو دوودڵـی نوانـدن لەم بـارەیەوە سـەرکۆنە بکرێـت بۆئەوەی کەشی دیموکراسی لەناو یەکێتی تادێ گەشەتر بێت.
چوارەم: هاندانی شەفافیەتی زیاتر لەکارو هەڵسوڕاندا چونکە شەفافیەتی کارکردن هەلـومەرجی هەڵـسەنگاندنی کارەکـان، دەرفەتـی راسـتکردنەوەی هەڵەکـان لەکـاتی خۆیــداو ئیحتیــواکردنی، ستایــشکردن و دەستخۆشــانە کــردن لەکــاری چــاک و کارەکتەری حزبی چاک دەرەخسێنێ و گەشە بەئاگاداری هەڤاڵان دەداو پرۆسـەی ئــازادی بیــروڕا بەئاگــابوونی پێویــست لەوردەکــاری کــاری حــزب و وردەکــاری ڕووداوەکـــانی نـــاوەوەو دەرەوەی حـــزبەوە گرێـــدەداو بەشـــێوەیەکی ئۆرگـــانیکی پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخات.

## 2

ڕوانینی کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی و داڕشتنی سیاسەتی یەکێتی لەبارەی مەسەلە سیاسـییەکانەوە ئەگەرچـی لە هێڵـی گـشتیدا درێـژەی هەمـان پەیـام و بەرنـامەی تێکۆشـانی ی.ن.ک دەبێـت کە لەپێناویـدا هـاتۆتە کـۆڕی خەبـاتەوە، بەڵام سـەبارەت بەڕەوشی تازەی کوردستان و عیراق گۆڕانی بەرچاویشی تێدا دەقەومێت. ئەم واقیعە بەسەر دەرکەوتەی پەیوەندی نێوان ناوەند، دەسـەڵاتی ناوەنـدی حـوکمڕانی عیـراق، و کوردستانیشدا جێبەجێ دەبێت.
یەکێتی ئیتر بۆتە حزبێکی بەرفراوانی کوردستانی کە لەئاستی عیراقیشدا، لەناوەند و ئۆرگانە جیاجیاکاندا، دەستی دەرواو حوکم دەکات. بەکوردییەکەی ئێستا یەکێتی و کورد شەریکە حوکمڕانین لەبەغدا و خۆیان بەشێکی ئەو ناوەندە پێکدێنن کە ئێمە لەجـۆری پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ کوردسـتان دەکـۆڵینەوە. بـۆیە ئـێمە لەکـۆنگرە دیمـوکراتییە داهـاتووەکەی خۆمانـدا (پابەنـد دەبـین) بەجۆرێـک پـرۆژەو کـاری سیاسییەوە کە واقیعی سیاسیی عادەتەن بەسـەر حزبە دەسـەڵاتدارەکاندا دەیسەپێنێ. دەبێ ڕوانینـی یەکێتـی بـۆ پەیوەنـدی نێـوان کوردسـتان و ناوەنـد لەگەڵ ئەو ئیجماعە

سیاسییەدا یەکبگریتەوە کە لەنێو بزوتنەوەی کوردایەتیدا دروست بووە. بۆیە دیارە کۆنگرەی داهاتوو تەئکید لەسەر داخوازی فیدرالی و ویستی ئارەزوومەندانەی گەلی کوردستان دەکاتەوە. دەشبێ ئەو بڕگەیە بەروونی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات وەک پرەنسیپێکی هەقـانی و رەوا کە (ئەمـڕۆ) خەڵکـی کوردسـتان لەچوارچێـوەی یەکێتییەکـی ئارەزوومەندانەدا گوزارشتی لێ دەکەن. ئەمانە پەیوەندیمان بەناوەندەوە گرێدەدەن جا ئەگەر یەکێتی لەمەزیاتر، یان کەمتریش، دەست نیشان بکات دەبێ خەباتی بۆ بکات ئەو قەناعەتە تازانەی کە دەشێ لەکۆنگرە دروست ببن بیباتە ناو خەڵکی و گۆڕەپانی سیاسیی و هەڵمەتێکی پەسەندکردنیان لەپێناودا بباتە بەڕێوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین یەکێتی نەک تەنها لەکۆنگرەی داهاتوو، بەڵکو دەبێ لەهەمـوو کـۆڕو کۆمەڵێکدا تێکۆشـان بـۆ ئەوە بکـات عیـراق لەسـەر بنچیـنەی دەوڵەتێکـی ناوەنـدی تـۆکمەو بڕیـار لێـدەر لەهەمـوو وردەکارییەکـانی ژیـانی هەرێمەکان دانەڕێـژرێتەوە. بەڵکو عیراقێک بێت زۆرتـرین سـەربەخۆیی کارو هەڵسوڕان بدات بە هەرێمەکان بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان کەدەبێ لەسەر بنچینەیەکی فیدرالی و چوون یەک لەگەڵ هەرێمی عەرەبیدا مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

هەڵبەت رەچاوکردنی تایبەتمەندیتی کوردستان لەناو پێکهاتەی وڵاتی تازەی عیراق و هەوڵەکانی یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ پچڕانی زۆرترین دەسکەوتی کوردستانی مانای ئەوەنییە ئێمە ناوەند فەرامۆشبکەین و بەشێکی توانای کوردی بۆ تەرخان نەکەین. چونکە ناوەند دەتوانێت بڕیار لەسەر سیاسەتی ئایندەی عیراق بەکوردستانیشەوە، بدات. بۆیە هەمیشە دەبێ چاوێکمان لەبەغدا بێت بزانین لەوێ مەسەلەکان چۆن دەگوزەرێن و بڕیاری سیاسیی، لە بچووکترین مەسەلەی عیراقدا، چۆن دەدرێت؟

## 3

بۆ وەڵامی ئەوەی کۆنگرەی داهـاتووی یەکێتی چ جۆرە شێوازێکی رێکخستن بڕیار لێبدات سێ پرسیار زۆر بەجەوهەری دەزانم کەدەبێ لەخۆمانی بکەین.

- ئایا شێوازەکانی رێکخستنمان پێشتر چۆن بووە؟
- ئایـا هەمـوو ئەو وردەکـاری و سیـستمەی شـێوازی رێکخـستنی یەکێتیـان پێکدەهێنا بەهەڵسوڕانێکی باشەوە تاقیکراونەتەوە تا بزانرێت چاکن یان خراپ؟

- ئایا هیچ ئامارو توێژینەوەیەکمان لایە کەئەندازەو ڕێژەی سەرکەوتن یان ژێرکەوتنمان، لەشێوازی پێشووی ڕێکخستن نیشانبدات؟

زۆر گرنگە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بگەڕێین و لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئایا هیچ شێوازێکی نوێی بەکەڵک تر پێشنیاز کراوەو ئایا ئالیەتێکی ئەوتۆ هەیە کە سەرخستنی شێوازی نوێمان بۆ مسۆگەر بکات؟

لەڕاستیدا لێرەدا هیچ شێوازێکی نوێ شک نابەم کە بیخەمەڕوو. بەڵام پێشنیاز دەکەم، ئەگەر بەرنامەی شێوازی تری ڕێکخستنمان لەچەکمەجەدا نییە، با ئەو شێوازەی تائێستا ڕەچاوکراوە، چ لەهەیکەلی ڕێکخستن و چ لەئالیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕێکخستنەکان، گەشەپێبدەین و هەڵسوڕاوتری بکەین. بۆنموونە:

باکۆنگرەی ئەمجارەمان کۆنگرەی بە تەکنەلۆژیایی کردنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخستنەکان بێت لەسەرەوە بۆ خوارەوەو بەپێچەوانەشەوە.

واتا بەرنامەیەک دابنێین کە هیچ نەبێ لەڕێی تۆڕێکی تۆکمەی ئینتەرنێتەوە کۆمیتەکان بە مەڵبەندەکان و مەڵبەندەکان بەمەکتەبی ڕێکخستن و مەکتەبەکان بەیەکترییەوە پێکەوە گرێبدەین. دەشێ کۆنگرە بڕیار بدات کەبەلانی کەمەوە هەرکۆمیتەیەک لەکۆمیتەکان هێڵێکی ئینتەرنێتی هەبێ، ئیمێڵی خۆی هەبێ کەپەیوەندی بەمەڵبەندەوە بکاو ئاڵوگۆڕی نامەو بیروڕای لەگەڵدا بکات. دەکرێ ئەمە یەکەمین جار لەناو ناوەندی شارە گەورەکانەوە تاقی بکەینەوە.

بەچاکی دەزانم هەموو یەکەو دامەزراوێکی یەکێتی ئیمێڵی خۆی هەبێ و لەسەر هەموو موراسەلات و هەموو پەخشنامەو بڵاوکراوەیەکی خۆی دابنێت. بۆئەم مەبەستە پێشنیاز دەکەم ئەم تاقیکردنەوەیە لەمەڵبەندی سلێمانییەوە دەست پێ بکەین. دەکرێ مەکتەبی ڕێکخستن سایتێکی ئەلکترۆنی هەبێت کەبەرنامەو پەیرەو پرۆگرامی یەکێتی و بڵاوکراوە و نامیلکەکانی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە. دەکرێ لە ئاستێکی دیاریکراویشدا بێت. کۆڕو کۆڕبەستنی ئینتەرنێتی تاقی بکرێتەوە. هەڤاڵێک کۆڕ بگێڕێ و لەوادەیەکی دیاریکراودا کۆمیتەکان بچنە سەرهێڵی پەیوەندی یان ژمارەیەکی بەرچاوی هەڤاڵان تەشجیع بکرێن لەناوەندە جیاجیاکانی ئینتەرنێتی ناو شاردا بچنە سەر هێڵ و لەسەر بابەتی کۆڕەکە بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەمە شێوازێکی ساناو ساکارە بەڵام پێم وایە گوڕوتینێکی تازە دەدات بەکاری ڕێکخستن.

دەشێ هەرلەم چوارچێوەیەدا مەکتەبی ڕێکخستن پرسیاری مانگانە ئاڕاستەی مەڵبەندو کۆمیتەو کەرتەکان بکات و هانی هەڤالان بدرێت هەریەکەیان لەئاستی خۆیەوەو بەئیمێڵی خۆی، وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە و بیروڕای خۆی لەبارەوە

دەربڕێ. لەڕێی پرسیاری وا راستەوخۆوە مەکتەبی رێکخستن دەتوانێ بەشێوەیەکی بەردەوام ئاگاداری میزاجی سیاسی هەڤاڵەکان بێت لەهەموو ئاستەکانی رێکخستندا. هەروەها لەڕێی وەڵامی ئەو پرسیارانەوە بێ تێپەڕاندنی مەرجەعیەتی کاری رێکخستن، مەکتەبی رێکخستن یان ناوەندی رێکخستن لەئاست و توانا و رۆشنبیری هەڤاڵان لەهەموو بوارەکاندا ئاگادار دەبێتەوە. دەشێ وەڵامەکان بدرێنە لیژنەیەکی تایبەت تاوەکو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، راسپاردەو بەرنامەی لەسەر دابنێت. بزانرێت هەڤاڵان چۆن بیردەکەنەوە و خەمی رۆژانەی کاریان چۆن رایی دەکەن؟ هەروەها دەشێ هەڵبژاردەی وەڵامەکان وەک نامیلکە یان وەک فایلێک بەپێشەکییەکەوە لەڕێبازی نوێدا بڵاوببێتەوە.

# ستران عەبدوڵڵا: نابێ ئەرکی گۆڕان و نوێبوونەوە لەناو یەکێتی لەسەر ئەرکەکانی تری کوردایەتی پەک بخەین..*

*** ئەمڕۆ زۆر قسە لەسەر ئەوەدەکرێ دونیا گۆڕاوەو بەنەمانی رژێمی بەعس یەک دونیا گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کەلتوری بەڕێوەیەو دەستی پێکردووە. ئەو هێزانەی کە لەگۆڕەپانەکەدان تەئکید دەکەنەوە ئەوگۆڕانە بەحەدێک گەورەیە کەپێویستە هەموان لەگەڵی بگۆڕین و لەگەڵی بگونجێین، بەڕای ئێوە ئەدگارە سەرەکییەکانی ئەو گۆڕانە چییە چۆن بتوانرێ ئەو گۆڕانە بەعەمەلی بکرێ؟ ئەو گۆڕانە عەمەلییە لەهێزێکی وەکو (ی.ن.ک)دا بەرجەستەبکرێ؟**

- هەمیشە لە پرسی گۆڕان لەدونیاو کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستاندا بەراورد لەنێوان دووحاڵەت دەکەم. ئەگەر لەبیرتان بێ ئێمە لەکوردستانی عیراقدا شاهیدی دوو قۆناغی مێژوویی گۆڕانین، بەلانی کەم بۆ نەوەی ئێمە، یەکەمیان راپەرینی (1991)، دووەمیان ئەم گۆڕانە گەورەیەی کەهاتنی ئەمریکا لەناوچەکەدا خوڵقاندی، سەیر لەوەدایە کە کوردستان چەند دەیەیەک وڵاتێکی فەرامۆش کراوبوو، دوور لەکاریگەرییەکانی دونیا دەژیا، یان وڵاتێک بوو لەپەراوێزی رووداوەکاندا کەوتبوو، ئەم وڵاتە لەم دووقۆناغە گرنگی مێژووییدا کەوتە ناو چەقی رووداوەکانەوە.

قۆناغی ساڵی 1991 ئەم گۆڕانە گەورەیە لەئاستی دونیا بەسێ خەسڵەت دەرکەوت یەکەمیان لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە، بەڕووخانی بلۆکی رۆژهەڵات، دووەمیان گۆڕانێکی سیاسی گەورە لە شەڕی کەنداوی دووەم بوو، عیراق لەکوێت دەرکراو وەکو دەوڵەتێکی سەرکێش تەمبێ کرا، سێیەم: راپەڕینی خەڵکی کوردستان، کەم جار هەڵئەکەوێ کورد لەناو رووداوێکدا بژی کە گۆڕانکاری نەتەوەیی لەناوخۆیدا دروست بووبێت، گۆڕانکاری فکری و گۆڕانکاری سیاسیی و عەسکەریش دروست بووبێت لەدونیادا کەهەرسێکیان کاریگەریان لەسەر ئێمە بەجێهێشت، دووەمین جاریش، ساڵی (2003)، دیسانەوە ئێمە شایەدی گۆڕانکارییەکی نەتەوەیین کە بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، بەشەکەی تری کوردستان رزگارکراوە، مەسەلەی کورد چۆتە پێشەوە، هاتنی هێزی ئەمریکا بۆئەم ناوچەیە بۆتەواوکردنی ئەوئەرکەی کەهەندێ

---

* ئەم چاوپێکەوتنە بە دوو ئەڵقە لە کوردستانی نوێ لە ژمارەکانی (3160، 3161) بڵاوکراوەتەوە. دیدارەکە لەلایەن بەڕێزان توانا ئەحمەد و جەمال حسێنەوە سازکراوە.

کەس دەڵێن دەبوو لە (1991) تەواوبکرێ. لە ڕاستیدا هاتنی ئەمریکا تەنها هاتنێکی سەربازی نییە، بەڵکو هاوشانی کۆمەڵێ گۆڕانکارییە کەدەتوانم بڵێم گۆڕانکاری فکری قووڵیش دەخوڵقێنێ، لەدونیاو لەناوچەکەی ئێمەشدا، بەڵکو عیراق و ناوچەکەی ئێمە بووە بەسەرە رمی ئەوگۆڕانکارییە فکری و سیاسییەی پێشبینی دەکرێ لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووبدات. راستە لە (2003)دا وەکو نەوەدەکان یەکێتی سۆڤێتییەک نییە تا بروخێ و ئایدۆلۆژیایەک نەمێنێ، بەڵام لەبەرئەوەی لەئەمریکا (11)ی سێپتەمبەر خوڵقاوە دەبینین گۆڕانێکی فکری گەورە لەئەمریکاو لەتێکڕای دونیادا رووئەدا لەژێر ناوی شەڕی تیرۆر، پێم وایە شەڕی تیرۆر خۆی لەخۆیدا رەهەندێکی فکریشی هەیە. نەک ئەوە، بەڵکو ئەم وەزعە گۆڕانێکی دراماتیکی لەناوخودی ئەمریکاش دروست کردووە.

*** ئەمریکا تەئکید لەسەر ئەوەدەکات کەدوای ئەم سستەمە قۆناغێکی تازەیە لەئیشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ مەفاهیم بەتایبەتی لەگەڵ تیرۆر، ئەمە لەکاتێکدا کەکۆمەڵگای ئەمریکی کۆمەڵگایەکی دامەزراوەیی چەسپاوەو مێژوویەکی دوورو درێژیشی هەیە، لەوێ پێویستی بەهەندێ ئیجرائات کرد و ئەمریکا لەوێ هەندێ گۆڕانکاری کرد، ئایا کە گۆڕانەکە دێتە ناوچەی ئێمە پێویستی بەوەنییە ئێمە لەرووی دامەزراوەییەوە لەو پاشخانە دامەزراوەیی و حزبی سیاسیشمانەوە گۆڕانکاری بکەین؟**

- تەماشاکە، بۆیە دڵم بەم گۆڕانکارییە خۆشە چونکە تەجروبە نیشانی دا کەئێمە لەگۆڕانکاری (1991)دا کەڵکمان وەرگرت، ئەزموونێکی سیاسی و حوکمڕانیمان بەڕێ کرد، سەرەڕای هەموو کەم و کوڕییەکان دەسکەوتمان زۆرە. لەبەرئەوە تەصەورم وایە ئەم گۆڕانکارییەش ئەبێ کۆمەڵێ خواستی تر بۆ کورد جێبەجێ بکات.

لەباری نەتەوەییەوە بۆ یەکەمین جارە گۆڕانکارییەکی نوێ و گەورە کوردستان دەگرێتەوە لەکاتێکدا ئێمە دەسکەوتێکمان هەیە، هەمیشە کە گۆڕانکاری روویداوە ئێمە شتێکمان نەبووە و چاومان لەشتێک بووە وەریبگرین، بەڵام ئەمەیەکەمین جارە لەماوەی ئەم (12) ساڵەدا ئێمە شتێکمان هەیە دەمانەوێ گەشەی پێبدەین، بۆیە گەلێک جار دەڵێم کورد ئەمڕۆ نیگەرانییەکانی لەهەموو سەردەمێکی تر زۆرترە چونکە ئەمڕۆ شتێکی هەیە، هەم دەیەوێ بیپارێزێ و هەم تەماعی ئەوەشی هەیە گەشەی پێ بدات.

*** تۆئاماژەت پێدا کەبەگشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی گەورە دێتەئاراوە، لەئاستی ناوخۆ باسی ئەوەت کرد لەماوەی (12) ساڵدا ئێمە توانیومانە ئەزموونێک بەرێوەبەرین بەهەموو کەموکوڕییەکانیشەوە، لەنەتیجەی گۆڕانێکی لەوجۆرەی کەروویدا، بەڵام پێت وانییە ئەو گۆڕانەی ئێستا تەحەمولی ئەوکەموکوڕییەی ئەو (12) ساڵە ناکا، واتا ئەگەر ئەو کەموکوڕییانە لەماوەی (12) ساڵە**

**هەبـووەو چارەسـەر نەكرێن، هەر هێزێک بەو كەموكورییـانەوە مواجەهەی ئەو گۆڕانە تـازەیە بكـات پێت وانییە باجەكەی گەورەتر ئەبێ لەڕابردوو؟**

- بێگومـان بـاجەكەی گەورەتـر ئەبـێ لەبەرئەوەی ئـێمە شـتێكمان هەیە لەدەسـتی دەدەیـن، ئەگەر بـاش ئەم وەزعە نەبەیـن بەڕێـوە تەجـاوب لەگەڵ ئەوگۆڕانكارییـانە نەكەین و ئەو كەموكورییانەی كەهەن چارەسـەری نەكەیـن بێگومـان زەرەری گەورە ئەكەیـــن، زەرەری ئەوەی یەكەم: تێكـــشكاندنێكی تـــر، دووەم: لەو تێكـــشكاندنەش شتێكمان هەیە لەدەستی دەدەیـن، جاران رەنگە كورد لەگەڵ تێكشكاندندا راهـاتبێ، دەڵـێ شۆڕشـێكی كوردسـتان دەتـوێتەوەو تەواو. ئەم جـارە ئەگەر ئـێمە بیـدۆڕێنین، كـۆمەڵگەیەک دەدۆڕێنــین، وڵاتێـک دەدۆڕێنــین. سیــستمێكی سیاســی دەدۆڕێنــین، كێشەی كورد تەصەورناكەم بمرێ و هەردەمێنێ، هەتا بەچارەسەر دەگا، بەڵام ئێمە چانسێكی سیاسیی گەورە دەدۆڕێنین . كە چانسەكە نیوەیمان بردۆتە پێشەوە وهیوای هەیە نیوەكەی تریشی ببەین بەڕێوە، واتە ئێمە شتێک نییە بەتەنها چاومان لێ بێ و بێ ئومێـد دەبـین، بەڵكو شـتێكیش هەیە لەدەسـتمان كە ئەویـش لەدەسـت دەدەیـن كەئەم مەترســییەش مەترســییەكی زۆر گەورە دەبــێ، لەبەرئەوەی تاچەنــد شــت لەدەست بدەین پلەی زیانەكەش رەنگە گەورەتر بێ.

*** بەس ئێمە كۆكین لەسەر ئەوەی كەگۆڕانكاری روونەدا بـاجی گەورەیە، بەڵام تـائێستا قـسەكردنەكان لەئاستی تیۆری دایە، بەڕای تۆ زەمانەت چییە بۆ بەعەمەلی كردن؟**

- ئاســانە، ئــێمە بڵێــین هەمــوو كــۆمەڵگەیەک چــۆن گــۆڕان ئەكــا؟ دەمــانەوێ حوكمڕانییەكی كوردستانیمان هەبێ، دەمانەوێ لەم سەرزەمینەی ناوی كوردستانە ئەزمـوونێكی دیمـوكراتی سـەرخەین، ئەزمـوونەكە بـریتییە لەچـی؟ هەم ئەزمـوونێكی ناسیۆنالستییە، هەم ئەزموونێكی دیموكراسییە، هەم ئەزموونێكی گەشەكردووە لەباری كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی و ئاوەدانییەوە. سەرخستنی ئەمە زۆر ئاسانە، ئەویش ئەوەیە: تۆ بێی بزانی چی وادەكات كۆمەڵگەیەک سەركەوێ؟ یەكەم شت بگەڕێینەوە سـەر كرۆكی دیموكراسی، كرۆكی هەموو بزوتنەوەیەكی دیموكراسی لەدونیـادا هەڵبـژاردنە، تــۆ پێویــستت بەوەیە رێــگە بــۆ هەڵبــژاردنەوەی پەرلەمــان خــۆش بكەیــت ئەو دەزگایـانەی دەوڵەتێـک یـان نەتەوەیەک پێویـستی پێیـانە هەموویـان نـوێ بكەیـتەوە هاوبەشی و بەشداری سیاسی خەڵک زیاتر بكەیت، بۆیە، یەكەمین هەنگاو ئەوەیە تـۆ حكـومەتێكی یەكگرتــوو پێــک بێنــی، ئەم حكـومەتە كوردســتان ئامادەبكــات بــۆ هەڵبژاردنـی داهـاتوو، كە حكومەتێكی تـازەی لـێ ئەكەوێتەوە، ئەم هەڵبـژاردنە ئەبـێ تەنها بـۆ پێكهاتنی حكومەت نەبێت بەڵكو نـوێكردنەوەی پەرلەمان، واتە بەشداری

سیاسی خەڵکی ترە، بەشداری سیاسی هێزی ترە، بەشداری سیاسی نەوەی تازەیە چ لەخۆپاڵاوتن، چ لەدەنگدانا، تێگەیشتنە لەو تەزاریسە سیاسییەی کەلەکوردستاندا گۆڕاوەو ئێمە ڕەنگە پێمان نەزانیبێ. ئێمە پێمان وایە یەکێتی دەردەچێ و پارتی پێی وایە خۆی دەردەچێ، بەڵام لەوانەیە هێزێکی تر لەناکاو بێتە ناوگۆڕەپانەکەوە. کەپەرلەمانت هەڵبژاردەوە دوو شت رووئەدا: یەکەم نەوەیەکی تازە ئەچێتە ناو پەرلەمانەوە چ لەحزبەکەی خۆمان بێ یان لەهێزی تازە کە دێتە گۆڕەپانەوەو چ کەسی سەربەخۆ، کەئەبێ ئالیەتی هەڵبژاردنەکە وابێ خەڵکی تریش و خەڵکی سەربەخۆش بچنە ناو پەرلەمانەوە. ئەمڕۆ نەوەیەک هەیە هەست بە ئیغترابی سیاسی دەکات، نەبوی هەیە دەنگ بدات لەپەرلەمان و نەبوی هەیە خۆی هەڵبژێرێت. ئیتر بۆ گلەیی بکەین کەئەم نەوەیە سەری خۆی هەڵدەگرێ یان تۆڕی توندڕەوی ئوسوڵی پەلکێشی لای خۆی بکات یان جۆرێک لەبێ باکی لەخۆی نیشانبدات لەکاتێکدا پرۆسەیەکی سیاسیی نەبێت وزەو تواناو ئارەزووی ئەو نەوەیە لەبەشداریکردنی سیاسیی دابین بکات. کە هەڵبژاردنت کرد هەنگاوێکی گەورەت ناوە بۆ نوێ کردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان، چونکە راستە هەڵبژاردن هەمووشتێک نییە لەپرۆسەی دیموکراسیدا، بەڵام هەڵبژاردن ناونیشانی یەکەمی دیموکراسییە و دایکی هەڵبژاردنیش هەڵبژاردنی پەرلەمانە. چونکە تۆ بەوە دامەزراوێکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێ دەکەیتەوە و خوێنی بەبەردادەکەیتەوە، جا هێزە سیاسییەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەک رازی بن بەنوێکردنەوەی دامەزراوەیەکی واگەورە، من تەصەور دەکەم زۆر بەئاسانی رازیش دەبن بەنوێکردنەوەی دامودەزگای بچووکتر .رازی دەبن بەهەڵبژاردن لەئاستەکانی تردا وەکو هەڵبژاردنی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، ئەگەر کۆمەڵگەیەک ئامادەگی تیادابێت هەڵبژاردنی گەورەی وەکو هی پەرلەمان بکاتەوە کەپەرلەمانی تێدا نوێ ببێتەوەو حکومەتی نوێی بنکە فراوانی تیادادەمەزرێ ئاسانە ئەوەش قبوڵ بکا کەلە هەموو ئاستە جیاجیاکان پرۆسەی دیموکراسی نوێ بکرێتەوە.

بەندە پێشتریش بەنووسین گوتوومە لەوڵاتی ئێمەدا دیموکراسی ئاڵوگۆڕی بیروڕا هێندە زۆرە لێی دەڕژێ، بەڵام چونکە پەرلەمانمان نوێ نەکردۆتەوە دەتوانین بڵێین دیموکراسی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتمان نییە. ئەوی هەمانە بەشداریکردنی سیاسیی هێزەکانی ترە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و ڕەنگە بۆ وەرگرتنی بەشێک لە کێکی دەسەڵات بەڵام تا پەرلەمان نوێ ئەبێتەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نابێتە نەریتێکی سیاسی باو لەکوردستاندا.

دەمەوێ خاڵی تریش بڵێم لەسەر هەڵبژاردنی ڕێکخراوە پیشەییەکانی توێژە جیاجیاکان، بۆخۆم دڵنیام لەبەڕێوەچوونی دیموکراسییانەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەیی و پیشەیی توێژە جیاجیاکان، خوێندکاران و لاوان، ئەندازیاران، تەکنیکاران... بەڵام دڵنیانیم لەوەی ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی دیاریکراو لەدەسەڵات رووبدات، لەرێی هەڵبژاردنەوە، داخوا ڕێکخراوە پیشەییەکان ڕێژەی چەند دەهێنن و ئەوانەی دۆستی خۆمانن چەند دەهێنن؟

*** لەیادەوەری هەموو خەڵکی کوردستاندا وایە کە (ی.ن.ک) توانیویەتی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە رووبەڕووی هەلومەرجێکی گران و قورس بێتەوە و شۆڕش دەست پێبکاتەوە، تاساڵی (91) کۆمەڵێ ئیشی گەورەی کردووە، بەڵام کە تۆ ئەڵێی بۆئەوەی ئێمە بەعەمەلی ئەو گۆڕانکارییانە تەرجومەبکەینەوە و لەئیشوکاری رۆژانەی ئێمەدا رەنگ بداتەوە، پێویستە هەڵبژاردن بکرێ، یەکگرتنەوەی حکومەت هەبێ، گرنگی بەدیموکراسی بدرێ، بەڵام ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە چۆن یەکێتی وەکو هێزێکی سیاسی کاریگەر ئەو هەموو پێداویستییانەی ئەم قۆناغە دابین بکا و بیکاتە شتێکی زەروری و بیکاتە قەدەری کۆمەڵگای کوردی لەوقۆناغە سیاسییە دیاریکراوەدا؟**

- دەتوانین باشتر لەسەر یەکێتی قسەبکەین چونکە خۆمان کادری یەکێتین، یەکێتیش دەبێ گۆڕان بکا، پێش ئەوە یەک دێڕ ئەڵێم لەسەر مەسەلەی پەرلەمانەکە، نوێکردنەوەی پەرلەمان و یەکگرتنەوەی حکومەت نەک تەنها پرۆسەی دیموکراتی پێش ئەخەن، بەڵکو کورد ئامادە دەکەن کەباشتر بۆ بزوتنەوە نەتەوەییەکەشی تێبکۆشێ. باشتر ئەو حەقانەی بۆ مسۆگەر ببێ کەلەبەغدای داوائەکا، یان ئەو جوگرافیایەی کەئەیەوێ کوردستانی عیراق پێکبهێنێ. ئێمە دێین یەکەم شت لەئەڵقەبزرەکانی ئەو پرۆسەیەوە دەست پێ دەکەین. بەڕای من باشترین جۆرەکانی خەبات ئەوەیە کە نابێ هیچیان لەسەر ئەویتریان پەک بخەین، واتە نابێ گۆڕانکاری لەناو یەکێتی لەسەر ئەوە پەکبخەین کە باحکومەت یەکبگرێتەوەو پەرلەمان دروست ببێتەوە، هەروەها ناشبێ لەبەرئەوەی گوایا پەرلەمان نوێ نابێتەوە یان ئاسۆیەک لەبەردەمیدا نەبووە نوێ بکرێتەوە گۆڕان لەناو یەکێتیدا پەک بخەین، پێم وایە ئەوەی کە هەڤاڵ مام جەلال باسی کرد کەدەبێ ئێمە تاکۆتایی ئەم ساڵ کۆنگرەی خۆمان ببەستین بەشێکە لەو سیاسەتەی کەدەبێ گۆڕان لەسەر هیچ شتێک پەک نەخەین، جا لەکاتێکدا درێژە بەتێکۆشانی خۆمان دەدەین لەبەغدا، لەکوردستان و لە هەموو ئاستەکاندا، هەقە پرۆسەی گۆڕانکاریش لەناوخۆماندا پەک نەخەین. دیسانەوە وەک چۆن لەپرۆسەی دیموکراسی وڵاتدا هەڵبژاردنی پەرلەمان دایکی دیموکراتییە، لەناو حزبیشدا کۆنگرە دایکی دیموکراسییەکانە. لێرەوە راستی

ئەو بانگەشــەیە دەردەکەویٚ کە ســەرەڕای ســەرقاڵیمان بەئــاوەدانی لەکوردســتان، بەمەســەلەی کەرکــوک و مەســەلەی دەســتورو حــوکمڕانی ئاینــدەی بەغــدا، دەبــیٚ ئەجندای گۆڕان و گەشەکردنی ناوخۆشمان فەرامۆش نەکەین.

*** بەڵام هەندیٚ لەبرادەرانیش پێیان وایە کۆنگرە ناتوانیٚ ئەو گۆڕانکارییە گەورەو ریشەییانە بکات، تەجروبەشمان رەنگە زۆربیٚ؟**

-قسەیەک دەهێنمەوە لەکۆنگرەی جاری پێشوو کە هەڤاڵ مام جەلال کردی وتــی: شــەرتی پیــاو ســیٚ جــارە، پــیٚم وانیــیە کــۆنگرەی دووەم هەمــوو کێــشەکانی چارەســەرکردبیٚ، بەڵام یەکێتــی بــردۆتە پێــشەوەو لەئاســتی دامەزراوە جیاجیاکــانی خۆشیدا گۆڕانکاریش روویداوە. ئەتوانم بڵێم ئامادەگی ئێمە بۆ قبوڵکردنی گۆڕانکاری سیاسی لەعیراق هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکەو هەموو ئەمانە بەشێکە لەو پرۆسەی گۆڕانە کەلەناو بەرنامەی سیاسی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیدا روویداوە، بابچینەوە بۆســەر راپــۆرتی سیاسیی یەکێتــی، ئەو راپــۆرتە ئامادەکارییەکی فکــری و زەهنــی و مەعنەویــشی تیــادایە کەئــێمە ئەم گــۆڕانە قبــوڵ بکەیــن کەئەمــساڵ لەکوردســتان و لەعیراقــدا روویانــدا کەهــاتنی هێــزی ئەمریکــاو رووخــانی رژێمــی دیکتــاتۆرییە. ئەو پرەنسیپانەی کەلەکۆنگرەدا گفتوگۆی لەسەر کرا، عیراقی بوون و بەشداری سەنگینی کورد لەبەغدا بۆئەوەی کاریگەریمان هەبیٚ لەناو رووداوە سیاسییەکاندا، هەمــوو ئەم مەفاهیمانە دوای مەفاهیمی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی بووە و دەنگمان لەسەرداوە، ئیشمان لەسەر کردووە. بۆیە دەڵێم کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی دەتوانیٚ زۆرکێشە چارەسەر بکا، ئێستا زەرورییە بۆ قۆناغێکی نویٚ سەرکردایەتی نویٚ بکەیتەوە. با هەڤاڵانی خۆمان جورئەت پەیدا بکەن، جورئەت بەدوو ئاڕاستە: ئەوەی پێی وایە دەتوانیٚ دەور بگێڕیٚ لەقۆناغی داهاتوودا خۆی بپاڵێویٚ بەبیٚ شەرم، ئەویشی پێی وایە لەم قۆنــاغەدا پێویــستی بەپــشوویەکە جــورئەت لەخــۆی پەیــدا بکــاو بڵــیٚ کــاکە لەم دەورەیە لەریزێکی ترو بوارێکی تری تێکۆشاندا کاردەکەم. بۆ نموونە لەم قۆناغەدا یەکێتی دەیەویٚ لەبەغدا دەور ببینیٚ، هەڤاڵێک باوەڕی بەم پرەنسیپە نییە کە ئێمە دەورمــان هەبــیٚ لەبەغــدا، خــۆ ئەتــوانیٚ لەم کــۆنگرەیە خــۆی هەڵنەبژێــرێتەوە، لە کــۆنگرەی چوارەمــدا خــۆی هەڵبژێــرێتەوە کە یەکێتــی تێهەڵچــوونەوەیەکی تــر بکــا لەمەجالێکی تــری سیاسیدا. هەڤاڵێکمان ئەتوانیٚ لەئاستی پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا ئــیش بکــا، لەئاســتی پەرەپێــدانی پرۆســەی دیموکراســیدا ئــیش بکــا، ئەتــوانیٚ لەم کــۆنگرەیە یــان ئەوی داهــاتوو خــۆی هەڵبژێــرێتەوە، پــیٚم چــاکە کــۆنگرەی (ی.ن.ک) وەکو پێشبڕکێی ساڵانەی لیٚ بیٚ تاوەکو خۆشە دەبین، هەمووڵایەک خۆشە دەبیٚ،

تـرس لەمەسـەلەی سـەرکردایەتی بەدەرچـوون و دەرنەچـوون زادەی هەلـومەرجی دواکەوتنی کۆنگرەیە لە هیی یەکەمەوە بۆ دووەم (1992-2001).

*** یەکێ لەوکێشانەی کۆنگرە لەولاتی ئێمەدا ڕەنگە لەناو یەکێتیش ئەوەیە زیاتر تەرکیز ئەکاتە سەرئەوەی ئایا کێ هەڵئەبژێری یان کێ هەڵنابژێری، ئایا کێ دەچێتە سەرکردایەتی، کێ ناچێ؟**

- ئەمە واقیعەکەیە، بـۆ شـەرمی لـێ بکەیـن؟ چیتـر نـابێ سیاسـەتی کـوردی هەر گیـرۆدەی داوی شـەرمنی سیاسـی بێـت .دەبـێ هەموومـان ڕابێین،خۆشـە بـین لە پرۆسەی دەرچوون و دەرنەچوون .ئەمەش لە ڕێی پرۆسـەی هەڵبـژاردن و کۆنگرە و نوێکردنەوەی دیموکراسیانەی سەرکردایەتی یەوە دەبێت .لە تۆ دەپرسم ئایا دانانی وەزیر ئێستا ئەو مقۆمقۆیە دەنێتەوە کە ساڵی (1993) یان ساڵی (1994) دەینایەوە؟ جـاران دانـانی وەزیـر چەنـد بێـنەو بەردە و گفتوگـۆی دەویـست؟ چ ڕووداوێکـی سـەرنجراکێش بـوو؟ بەڵام ئێـستا لەبەرئەوەی زوو زوو وەزارەت ئەگـۆڕێ و وەزیـر ئەگۆڕێ، بابڵێین گۆڕانکاری ئەبێت لەوەزیفەدا تەماشادەکەی پرۆسـەیەکی ئاساییە. ئـێمە چـۆن سـێ سـاڵمان دانـاوە بـۆ وەزیرێـک لەحکومەتـدا هەقە وەکـو بڕیـار دراوە کۆنگرە دووساڵ جاریَک بکەیـن. بەڵام ئەگەر تـۆ (10) سـاڵ جارێـک ئەمە بکەی تموح و خواستی ئەو سیاسیە کاڵ دەبێتەوە. کە توانای خزمەتی هەیە دەرفەت نییەو کە تاقەتی چوو ئیتر چی پێ دەکرێ کە دوای دەساڵ بچێتە سەرەوە؟

*** ڕەنگە کێشەکە لەوەدا نەبێ کێ ئەچێتە سەرکردایەتی یـان نـاچێ، ڕەنگە پەیوەنـدی بەوە هەبـێ کە چۆن ئێمە لەو قۆناغە سیاسییەی ئێستا کەڕەنگە قۆناغێکی سیاسی قورستر بـێ لەجـاران، ئەگەر کۆنگرەی دوو کـۆنگرەی خۆئامـادەکردن بـێ بەو مانـایەی کەتـۆ باسـی ئەکەیت، ڕاپـۆرتی سیاسـی ئیـشارەتی پێـدراوە بۆئەوەی ئێمە لەوگۆڕانکارییانە ڕۆڵی گەورە ببینین، ئەبێ کۆنگرەی سێ کـۆنگرەیەک بـێ کە ئەو قۆنـاغەی دوای ڕوخانی ڕژێمی عیراق شیبکاتەوە.**

-یەکێتـی تەنهـا پەیـڕەو پرۆگـرام و بەرنـامە نیـیە، ئەمەش نـوێ ئەکـرێتەوە، ئەمەشیان شایستەی گفتوگۆیە. هەمیشە واسەیری یەکێتی ئەکەم پەیمانی شەرەفێک هەیە لەنێوان هەموو ئەندامانی یەکێتیدا، ئەم پەیمانە بریتییە لەبەرنامەی یەکێتی و ڕاپـۆرتی سیاسـی، کە هەمـوو جارێـک کۆنگرەکانی یەکێتـی پەسـەندی دەکات، ئەم میساقی شەرەفە دەڵێ، یەکێتی تێکۆشان ئەکا بـۆ ئەو دروشمانەی کەهەمانە، مافی چـارەی خۆنووسـین، ئاشتیی، دیموکراسیی، مـافی مـرۆڤ، هەمـوو ئەم پرەنسیپانەی کەیەکێتـی تێکۆشـانی بـۆ ئەکـا، مـن لەدوو شـتدا کـورتی دەکەمەوە، ڕزگـارکردنی کوردستان بەخاک و خەڵکەکەیەوە و دابینکردنـی ژیانێکی ئاسوودەو گەشـەپێدانێکی ئابووری کە هەمـوو خەڵـک لەکوردستاندا بەداد پەروەری بـژین کە ئەمە نـاوەڕۆکی

سۆشیال دیموکراتە، کە ئەمە ئەو تێڕوانینانەیە یەکێتی هەڵی گرتووە وەکو حزبێکی چەپ بەگــوێرەی هەلومەرجەکـانی کەدێــنە پێــشەوە گۆڕانکـاری لەخـۆی دەکـا، ئەوەشـمان لە بیرنەچێ کەیەکێتـی خـۆی بەحزبێکـی چەپ ئەزانـێ، ئـێمە بـووینەتە ئەندام لە سۆسیالست ئینتەر ناسیونال کەئەمەشیان ڕەهەنـدێکی سیاسی گەورە دەدا بەیەکێتـی لەبەرئەوە دەبـێ بـایەخی ئەوە بـزانین کەئـێمە ئەنـدامین لە سۆشیالـستی جیهانیـدا. ئەم پرەنـسیپانە لەوردەکاریـدا گەلێـک جـار گفتوگـۆ ئەنێـتەوە، دڵنیـات دەکەمەوە گرفتمـان لەوەدانـابێ، گرفتمـان لەوەیە ئـالیەتی جێبەجێکردنمـان چیـیە؟ ئالیەتی جێبەجێکـردن هەم سـەرکردایەتییەکی نـوێ، وەهەمـیش ئەو سـەرکردایەتییە شێوازی تری تێکۆشانمان بۆ بدۆزێتەوە، نوێکردنەوە نەفەسێکی تازەشە. تەنها شێوازی تری ئیشکردن نییە، تەنها پەی بـردن نیـیە بەوشـێوازانەی کەڕەنگە ئێستا هەڤاڵێک لەسەرکردایەتی پەی پێ نەبا، هەڤاڵێکی تر پەی پێ ببا، نەخێر مەسەلە ئەوەیە کە زەوق و شەوقێکی تر ئەداتە کارکردن، راستە شارەزایی پێویستە، بەڵام هەندێک جار رۆحی ئیشکردن، رۆحی نوێبوونەوە لەئیشکردندا رەنگە لەگەنجا هەبێ، چونکە گیـانی موغــــامەرەی هەیە و تووشـــــی ئیحبــــات نەهــــاتووە، ئەمەش خەســــڵەتە جوانەکەیە.خەسڵەتی ئەوەی کەئێمە رۆحی گەنجانە بهێنینە ناو شۆڕشەوە و بهێنینە ناوسەرکردایەتییەوە، خەسڵەتی ئەوەی کە خیبرەی تێکۆشەرانی دێرین لەگەڵ ڕۆحی گەنجەکان تێکەڵا بکەین. ئەم خەسڵەتە ئەبێ یەکێتی خۆی بیـدۆزێتەوە،خەڵک بـۆی نـادۆزێتەوە، یەکێتـی دەبـێ سـەرکردایەتییەکی هەبـێ تێکەڵـیـەک بـێ لەخیبـرە، و تێکەڵییەک بێ لەرۆحی نوی. ئەگەر گەنج نەیەتە سەرەوە ئەی چۆن سەرکردایەتی نوێ دەکەیتەوە؟ لەناکاو ؟خۆناکرێ گۆڕانێکی دراماتیکی بکەی، بەڕای خـۆم گـۆڕانی دراماتیکی بکەی و هەمو سەرکردایەتی یەکێتی بگۆڕی گوایە ئیللا گەنج بێتەپێشەوە، ئەم گەنجە بەدەست بەتاڵی هیچی پێ نـاکرێ کە خیبـرەی نەبـێ، ناشکرێ تـۆ نـوێی نەکەیتەوە، بڵێی هەرکاتێ گەنجەکە خیبرەی تیابێ ئینجا نوێی دەکەمەوە؟ باشـە ئەم نەوە نوێیە خیبرە لە کوێ پەیدا بکات ئەگەر دەرگای لێ داخـرا؟ لە جیـاتی گـۆڕانی دراماتیکی بەشێنەیی ژمارەیەکی سەرکردایەتی گەنج بچێتە سـەرەوە. بە ئـاوێتەبوونی رۆحـی گەنجـانە لەگەڵ خیبـرەی تێکۆشـەرە دێرینەکـان ئەتـوانین بەڵانـسی یەکێتـی رابگرین هەتا لەچەند کۆنگرەیەکدا بەفیعلی سەرکردایەتی یەکێتی نوێ دەبێتەوە.

***ئەزانی (12) سـاڵی لەڕووی گۆڕانکـاری ئەزموونی حزبـایەتی کوردسـتان تووشی وەسـتانێک هـاتووە. واتە بەیەک شێواز ئیش دەکات، گۆڕانکاری لە عیراق ئیتر هەموو حزبەکـان، هەمـوو پێکهـاتەو گروپەکـان تووشی جۆرێک لە صدمە کرد، کە پێویـستە بگـۆڕێن، بـۆ نموونە تـۆ باسـت لە وەرگیرانی یەکێتی کرد لە**

**سۆشیال ئینتەر ناسیونالّ، بەلاّم هەست ناکەی یەکێتی لەگەلّ وەرگرتنی لە سۆشیال دیموکرات، پێویستی بەئەرکی تازەیە کەرِەنگە وەرگیرانی هەر هێزێک یان حزبێک لەو کۆمەلّەیە ئەرکێکی ئەکەوێتە سەر، بۆ نموونە ئێستا تورکیا کەئەیەوێ ببێ بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپا کۆمەلّێ ئەرکی لەسەرە ئەبێ جێبەجێی بکا، ئەگەر یەکێتی قەرارە ببێتە ئەندام لە سۆشیال دیموکرات بەلاّم پێویستە یەکێتی هەندێ مەرج لەسەر خۆی دابنێ بۆئەوەی هێزێکی دیاربێ، چونکە بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەست ئەبێتەوە بەکەنالّێکی گەورەی جیهانی و ئەبێ کۆمەلّگەیەکی راقی و عەدالەت خواز دابنێ. من مەبەستمە بلّێم ئەگەر لە سەرکردایەتی یەکێتی هەست بەوەکرابێ، لە قاعدە لەناو خەلّکی یەکێتیدا هەست بە ئەهمیەتی ئەوەنەکراوە کە پێویستە شێوازی کارکردنی یەکێتی گۆڕانێکی جەوهەری بەسەردابێت، واتە پەیوەندی بەو ململانێیە سیاسییەوە نەمێنێ کە ڕەنگە لەگەلّ حزبێکدا یان گروپێک هەیەتی؟**

- جوانترین جۆرەکانی گۆڕان ئەوەیە داخوازی گۆڕان و ئیرادەی گۆڕان یەک بگرێتەوە. بۆ نموونە ئەندامێتی یەکێتی لەناو سۆشیال ئەنتەرناسیۆنال کەوەکو تۆ وتت کۆمەڵێ داخوازی لەئێمە دەوێ بۆئەوەی ببینە حزبێکی سپۆرتی سۆشیال دیموکرات، ئیرادەیەش دەبێ لەناو خۆشماندا هەبێ کە ئێمە بەڕاستی دەمانەوێ حزبێک بین کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بینا بکەین. بۆ ئەوەی هەنگاو بنێین بەرەو ئەو دادپەروەریە کۆمەلایەتییە دەبێ ئەو فاکتەرە زاتییە لە خۆشماندا هەبێ . بەدیوێکی تردا دیسانەوە ئارەزوویەکی تری گۆڕانیش هەیە لە ناوئێمەدا کە ئارەزوویەکە پەیوەندی بەپرۆسەی دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە، ئەمە لەلای ئێمە هەیە، لەهەمان کاتدا لەئاستی عیراق و لەدونیاشدا گۆڕانکاری هەیە کە چیتر ڕژێمە دیکتاتۆرییە سەرکوتکەرەکان قبوڵ ناکرێن، چیتر قبوڵ ناکرێ نەتەوەیەکی سەردەست نەتەوەیەکی بن دەست بچەوسێنێتەوە. چیتر ئەو نەتەوە گەورانەی ڕۆژهەڵاتیان کردووە بەجەهەنەمێکی گەورە ناتوانن وەکو جاران هەڵس و کەوت بکەن، فورسەتێکمان لەپێشە لەئاستی کۆمەڵایەتی کە وتم مەسەلەی ئەندامێتی ئێمە یە لە سۆشیال دیموکرات و لەئاستی دونیاش کەئەندامێتی ئێمە یە لەکۆمەڵەیەکی لە کۆمەڵگەی سیاسی وهاوکێشە سیاسییەکانی دونیادا، ئەم دووشتەی دەرەوە لەئێمەی دەوێ و خۆشمان ئەم ئارەزووەمان تیا هەبێ، من پێم وایە یەکێتیش دەبێ ئەم دەرفەتەی تیاهەبێ، چونکە وانەبێ دەری ناهێنێ بۆمان . ئومێدی من بەیەکێتی ئەوەیە کە زوو دەرک بەم مەسەلانە دەکات.

*** من مەبەستم ئەوەیە یەکێتی چۆن ئەتوانێ گۆڕانکارییەکی وابکات کە قەناعەتی ئەندامان و لایەنگران و سەرکردایەتی خۆی بگۆڕێ بۆئەوەی ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستا لەگۆڕێیە پێویستە بکرێ**

**وەهەندێ چاکسازی و ریفۆرم بکەی کە پەیوەندییان بەو ململانێیە سیاسیەی ئێستاوە نییە، ململانێی حزبایەتی، ئەگەر ئێمە حیسابی ئەوەبکەین رەنگە زەرەر بکەین.**

- ئێمە مەجالمان هەیە کاربکەین، کادرمان زۆرە، تێکۆشەرمان زۆرە، دەکرێ بمانبنێرن بەهەموو ئاراستەکاندا (ی.ن.ک) پاڵمان پێوە بنێ، ئەی ئێمە کادری ئەونین؟ فەرموو پاڵمان پێوەبنێ و بڵێ: ئەم دەستەیەتان لەسەر ئاستی ئەوە کاربکات کە روئیای گۆڕانکاری بۆ یەکێتی تەرح بکەن. ئەم دەستەیەتان ئیش بۆ پرسە سیاسییەکەمان بکات لەبەغدا و لەکەرکوک‌و موسڵاو لە تێکڕای کوردستاندا. گروپێکمان باخەریکی ئەوەبین کە گۆڕانکاری پێویست لەناو مەسەلەی پەرلەمان و حکومەت دا بکەین، لەراستیدا یەکێتی هەرکاتێ گۆڕانکاری لەناو خۆیدا کردبێ توانیویەتی بیکاتە هاجسێکی کۆمەڵایەتی. چونکە سەرەڕای هەر رەوشێک کەدێتە ئاراوە، سەرەڕای ئەوەی ئێمە هەندێک جار تووشی پەلامارداني ناڕەوا بووین لێرەو لەوێ،بەڵام ئێستاش خەڵکی کوردستان چ سەبارەت بەیادەوریان لەسەر تێکۆشانی یەکێتی، چ سەبارەت بەو ئەکتیڤیەی تا ئەمڕۆش لەناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عیراقداو لەناوچەکەدا هەیەتی، ئێستاش بەجۆرێک لەجۆرەکان بەمەرجەع دادەنرێت، خەڵکێکی زۆر هەیە ئەندامی دێرینی یەکێتییە، یان جەماوەری یەکێتی یان جەماوەرێکی بێ لایەنی کوردستانە بەکاری یەکێتی دەڵی: ئەشهەدوبیلا، شەرت نییە بێ بەتۆ بڵێ، بەڵام کابرا لەماڵی خۆی دانیشتووە کەیەکێتی و حکومەتەکەی بڕیارێکی چاک دەرئەکات دەڵێ ئەشهەدو مابیلا ئەمە بڕیارە گۆڕانکاری هەیە لەناو یەکێتیدا، گۆڕانکاری چاکن، خەڵکیش ئەم گۆڕانکارییانە بەپەسەند دەزانێ و پشتیوانی لێ دەکا، کەواتە ئێمە ئەگەر گۆڕانکاریمان کرد خەڵکی تریش گیرۆدەی ئەم گۆڕانکارییانە دەبێ، کە جەماوەرێکت هەبێ قسە لەسەر ئەم گۆڕانکارییانە بکا کەیەکێتی دەیکا، کە رۆژنامەگەرییەک هەبێ کەم و زۆر لەسەر ئەم گۆڕانکارییەی یەکێتی قسە بکا، بۆیە مەفاهیمی گۆڕان کەفرێی دەدەینە ساحەی کوردستانەوە خەڵکیش ناتوانێ دورە پەرێز بووەستێ لەم گۆڕانکارییانە، بەقسەش بێتە ناوەوە هەرنەوعێکە لە گۆڕان. بەقسەش نەیەتە ناوەوە ئێمە کاریگەری بەسەر جێدەهێڵین، هێزە سیاسییەکانی تریش گیرۆدەی ئەو تێڕوانینانە دەبن کە تێڕوانینی پێویستی گۆڕانن، سەیری مێژووی یەکێتیم کردووە هەر مەفاهیمێکی یەکێتی هەیبوو و فرێی دابێتە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان خەڵک تەجاوبی هەبووە لەگەڵیداو هێزە سیاسییەکانی تریش پێوەی گیرۆدە بوون. ئەمەوێ لێرە پێشنیاری شتێکی تریش بکەم، خەڵک کەداوای گۆڕان ئەکا بەڕاستی باقەتیس نەکرێ تەنها لە یەکێتی، هێزە

سیاسییەکانی تریش پێویستە بگۆڕێن، مەبەستم پارتی نییە بە تەنها، هێزەکانی تر بۆنەگـۆڕێـن..؟ بـۆ نمـوونە ئێـستا کەلە ڕۆژنـامەکەی ئێـوەوە قـسە دەکەیـن داوای گۆڕانکـاری دەکەیـن، بۆتەنهـا داوای گۆڕانکـاری لە (ی.ن.ک) بکەیـن..؟ ئەی حزبـی زەحمەتکێشان بۆنەگۆڕێ..؟ حسک بـۆ نەگـۆڕێ..؟ ئەی حزبـی شیوعی بـۆ نەگـۆڕێ؟ ئـێمە پێویـستە ئەم گۆڕانکـارییە بکەیـن بەگۆڕانکـارییەکی دەسـتە جەمعـی، پێویـستە تێکۆشەرەکانی حزبە سیاسییەکانی تریش هان بدەین کەئەوانیش لەئاستی خۆیـانەوە داوای گۆرنکــارای بــکەن، چــونکە ئەگەر وانەکەن نــاکرێ مــن داوای گۆڕانکــاری لەحــزبەکەی خــۆم بــکەم بگــۆڕێ و داوا بــکەم ســەرکردایەتی بگــۆڕێ، هەڤاڵێــک، کادرێـک، تێکۆشـەرێکی تـر لەحزبێکـی سیاسـی تـر دابنیـشێ لەدوورەوە سـەر بـۆمن بلەقێنێ کەرەخنە لەسەرکردایەتی خۆم دەگرم.

*** مەسەلەی ڕاکێشانی حزب و لایەنەکانی تـریش بۆنـاو ئەو گۆڕانکـارییە ڕەنگە شتێک هەبـێ کە ئەمە وابکا قورس بێتە بەرچاو، یان قورس بکەوێ لای ئەو حزبانە، بۆ نموونە دەرفەتی بەشداریکردن لەلایەن حزب و خەڵکانی تر دەرفەتێکی زەحمەت بێ،بۆ نموونە لەپەرلەمان نیسبەیەک دانرا هەنـدێ حـزب نەیـان توانی بچنە پەرلەمانەوە ئەمە ڕەنگە ئەو وەزعە سیاسییەی کە ئێستا هەیە ئەو حزبـانە بەشێکیان هەیە، دەستکەوتێکیان هەیە و مەوقیعێکی سیاسیان داگیرکـردووە لەوانەیە لەوە بترسـن کەبچـنە نـاو ململانێیەکی وا، ڕەنگە ئەوەشیان لەدەست بچـێ، ئەوا بەڕای من پەیوەسـتە بەو دوو هێـزە سیاسییە گەورەیە تاچەنـد فەزایەکی سیاسی دیموکراتی ئەکەنەوە، بـۆئەوەی بەلانـی کەم زەمانێک بـدەن بەو حزبـانە کەدێن قەراری گۆڕانکاری دەدەن، قسە لەسەر گۆڕانکاری قسەیەکی عامە و ناکرێ داوای یەک هێـز بکەی لەسیاقی دەیـان هێزو دەیان گروپی تر، بەڵام لێرە قسە لەسەر ئەوەیە گۆڕانەکان بەوجۆرەن ئەگەر هێزێک قەرارە بمێنێ، دەبێ بگۆڕێ واتە ئەوەنییە هێزێک بڵـێ من نـاگۆڕێم و دەمێـنم، وەکـو وتمـان ئەو گۆڕانـانە بەو جۆرەن کە هەرهێزێک لەهەموو گۆڕانکارییەکی ئاوا گەورە و ڕیشەیدا، تەنها ئەو هێزانە دەتوانن تەی بکەن و بمێـنن کەلەگەڵ گۆڕانەکەدا دەگۆڕێن؟**

-پێم وایە ئەگەر گۆڕانکاری بکەین لەقازانجمانە، ڕاستە یەکەم جار وادێتە بەرچاو کەهەست دەکەی مەسەلەن ڕەخنە لەخـۆگرتن و داوای گۆڕانگاری کـردن پـشێوی دروست دەکات، بەڵام وانییە بەڵکو ئەوە زیندویەتی حزبەکە نیشان دەدا. دواجار لە قازانجی یەکێتییە و ئامادەی دەکات بـۆئەوەی ئەو گۆڕانکارییـانە قبـوڵ بکات، دەبـێ داوا لەحــزبە سیاسـییەکانی تـریش بکەیـن بـۆ گۆڕانکـاری. دەبـێ ئەوانـیش دەرک بەوەبــکەن ئەگەر نەگــۆڕێن زەمەن لەگەڵیــان دەســت نــادا، لەڕاســتیدا داواکــاری گۆڕانکاری لەحزبەکان لەهێزە سیاسییەکانی تری کوردستان تەنها داوایەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو دەبێ لەو شتەوە سەرچاوەی گرتبێ کە بـزوتنەوەی سیاسی لەکوردستاندا

بەتاقە هێزێک سەرناخرێ بەڵکو ئەمە کارێکی دەستەجەمعییە. دەبێ هەموو هێزە سیاسییەکانی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی کاری لەسەربکەن، کافی نییە بەتەنها هێزی (ی.ن.ک) ئارەزووی گۆڕانی هەبێ، لەکاتێکدا هێزی تر هەبێ ئامادە نەبێ بگۆڕێو جەماوەری خۆی بەوە تەیاربکات کەنابێ بگۆڕێ، ئەو وەختە بزوتنەوەی سیاسیی سەرناکەوێ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێتی و پارتی ئیرادەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانیان نەبێ ئێ خۆتۆ هەڵبژاردن ناکەی؟ دوائەخرێ یان سەدان بیانووی بۆ ئەهێنرێتەوە، بەنەتیجە ئەو پرۆسەیە رووناداتت کە ئێمە ناومان نا دایکی دیموکراسی، واتا هەڵبژاردنی پەرلەمان. لەبەرئەوە داخوازی گۆڕان تەنها داخوازییەکی مۆرالی نییە، داخوازییەکە لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی سیاسی لەوڵاتی ئێمەدا بەتایبەتی لەدوی ئەو گۆڕانکارییانەی کەلەدونیادا روودەدات، ئەوەندە ئاڵۆزە، ئەوەندە ئاسۆکە فراوانەو ئەوەندە مەسەلەی کورد گەورە بووە کە تەصەورم وایە بەتەنها هێزێک هەڵناسورێ و دەبێ هەموو وزەو تواناکانت لەگەڵدا بێ.

***باس لەوە دەکەی کە پێویستە ئێمە ئەو هەموو چاکسازییانە بکەین، باسیشت لەوەکرد تەرکیبەی یەکێتی گۆڕانکاریی تێدا بکرێتو خەڵکی گەنج تێکەڵبێت لەگەڵا کادرە دێرینەکان یان ئەوانەی خیبرەیان هەیە، ئایا یەکێتی لەم قۆناغەدا بۆئەوەی قیادەی ئەو گۆڕانە بکات بەسەرکەوتوویی پێویستە قیادەیەکی گەنجی هەبێت؟**

-تێکۆشەرێکی دێرینی بەکەڵک لای من کە خۆم بەگەنج ئەزانم، زۆر باشترە لەگەنجێکی بێ کەڵک، چونکە ئەو تێکۆشەرە دێرینە لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا گەنجە، بەڵام مەعلومیشە گەنج بوون بەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەستە بەتەمەنەوە، بۆ؟ چونکە وزەیەکی فیزیکە، گەنجێک کە دێتە ناوەوە وزەیەکی هەیە، بەلانی کەم هیوایەکی هەیە، ئەم گەنجە تووشی شکست نەهاتووە لەبەرئەوە دەتوانێ موغامەرە بکات لەناو پرۆژە سیاسییەکاندا.

***لە کۆنگرەی دووەم هەندێک وەجهی تازە هاتنە ناو یەکێتی، بەڵام بە ئیعترافی خۆشیان هیچیان گۆڕانکارییەکی وایان نەکرد ؟**

-هەڵسەنگاندنی نەفەر نەفەری هەڤاڵان با ئەوە بۆ کۆنگرە جێ بێڵین، قسەمان لەسەر مەسەلە گشتییەکەبێ بەم شێوەیەیە: ئێمە لەناو (ی.ن.ک) کادرمان هەیە هەڵسوڕاوە، ئیشی سێ سەرکردایەتی دەکات. ئەو هەڤاڵە کادرە باشەمان کەئیش دەکاو هەڵسوڕاوە لەناکاو ئەپسێ، چونکە تۆ ناتوانی بەصەلاحیاتی کادرێکەوە ئیشی سەرکردایەتی بکەی. چونکە تۆ لەشوێنێ یەکەیەکی ئیداری ئەبەی بەڕێوە صەلاحیاتت نەبێ ناتوانی هەڵیسوڕێنی. لەناکاو پێت دەڵێن کاکە تۆ بەچ حەقێ

ئەمەدەکەی؟ لەهەمان کاتیشدا هەڤاڵێکمان هەیە ئەندامی سەرکردایەتییە، رەنگە صەلاحیاتی خۆی خستبێتە موجەمیدەیەکەوە بەکاری ناهێنێ. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرەنسیپەکانی حزبایەتی پێمان دەڵێ چوونە سەرکردایەتی ئیمتیاز نییە، بەڵکو ماندووبوونە، هەمیشە لەتەقالیدی سیاسی یەکێتیدا وابووە سەرکردایەتیت هەبووە شەهید بووە، سەرکردایەتی رووبەڕووی مەترسییەکان بۆتەوە، بێ گومان ئەمڕۆ مەترسییەکان فیزیکی نین، بەڵام مەترسی بڕیاری سیاسین، مەسەلە بەشداریکردنە لەبڕیاری سیاسیدا، گەنج ئارەزووی هەیە بەشداری بکا لەبڕیاری سیاسی، ئەگەر تۆ بتوانی لەئاستەکانی خوارەوە ئەمە دابین بکەی بۆ گەنج رەنگە هەرکەس نەیەوێ بچێتە سەرکردایەتی. مەسەلە بەشداریکردنە لەبڕیار، مەسەلە وەرگرتنی ئیمتیاز نییە، چونکە زۆر کەسیشمان هەیە سەرکردایەتیە بەڕاستی ئیمتیازیشی نییە، زۆر کادری ئیعتیادیمان هەیە ئیمتیازی لەسەرکردایەتی زۆرترە، با ئینسان ئەو راستییەش بڵێ.

***ئەی هەست ناکەی لەسەرکردایەتی هێزێکی وەکو (ی.ن.ک) ئەوەنییە کەچەند گەنج ئەندامی سەرکردایەتییە بەڵکو ئیشکالەکە سیستەمە. واتا پێویستە سیستەمێک هەبێ لەچواچێوەی ئەو سیستەمەدا مەسەلەن نابێ بگوترێ فلان سەرکردایەتی باشە یان خراپە، بەڵکو دەبێ کۆی سیستەمەکە قسەی لەسەربکەین؟**

-قسەم لەسەر ئەوە کرد پەیڕەو پرۆگرام دەستکاری بکە، ئەوە هیچ گرفتێک نییە، لەناوچەی ئێمە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرکردایەتی دەوری زۆر گەورە ئەبینێ لەدیاریکردنی چارەنووسی حزبەکەدا، حەزدەکەم شتێ بڵێم ئەویش ئەوەیە: ئێمە دەمانەوێ سیستەم بگۆڕین، سیستەمی پێشوومان، با پرسیارێک بکەین؟ تاچەند کارمان بەسیستەمی پێشووکردووە؟ دەرەجەی کارکردنمان بەسیستەمی پێشووی یەکێتی چەندبووە، سیستەمی ئیشکردنی یەکێتی بریتییە لەچی؟ هەڤاڵ سکرتێری گشتیمان هەیە، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، مەکتەبەکانو مەڵبەندەکانی رێکخستنمان هەیە کۆمیتەو کرت و پۆل و هەموو ئەوانەمان هەیە، چەند نوێنەرایەتییەکەشمان هەیە لەوڵاتانی دەرەوە، ئەمە سیستەمی یەکێتییە، هێزی پێشمەرگەمان هەیە، رێکخراوە دیموکراتییەکان هەیە، دەپرسم تاچەند کارمان بەو پرەنسیپانە کردووە لە ناو ئیشی خۆماندا، تاچەند مەکتەبەکان ئیشیان بەو پرەنسیپانە کردووە کە بڕیاری لێ دراوە.

***بەس پێت وانییە ئیشکالە گەورەکە لێرەدایە، ئەوە لەرابردوودا ئاوابووە، ئێستا بۆ داهاتوویەک دونیا یەک قسەدەکرێ، زەمانەت چییە بۆئەوەی ئەوقسانە هەر بەقسەیی نەمێننەوە؟**

-بەڕای مـن جـگە لەکـۆنگرەی گـشتی لەهەمـوو ئاسـتەکاندا (ی.ن.ک) پێویـستی بەکۆنفرانس وەکو چـۆن ساڵی پار کۆنفرانسمان کرد بـۆ پەیوەنـدییەکانی دەرەوەی (ی.ن.ک) کۆنفرانــسمان کــردووە بــۆ هێــزی پێــشمەرگە لەدوای کــۆنگرەی دووەم کـۆنفرانس کـرا بـۆ ڕێکخـستن، دەکـرێ کـۆنفرانس بکـرێ بـۆ ڕاگەیانـدن، دەکـرێ کۆنفرانس بکرێ بۆ ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، چۆن ئەم ڕێکخـراوە دیموکراسییانە لەگەڵ ئەم سەردەمە تازەیە بگونجێنن، بۆ نموونە ئێستا ئێمە بەهەر هۆیەک بێت لە ساڵی(1991)ەوە (ی.ن.ک) یارمەتی مانگانە بـۆ ڕێکخراوەکان ئەبـڕێتەوە، باڕێکخراوە دیموکراتییەکان بێ دارایی ڕێکخراوەکان بچێتە ناو گۆڕەپانی خەباتی دیموکراسییەوە. بــابزانین چیــان پــێ دەکــرێ، ڕێکخراومــان هەیە (12) ســاڵە مەکتەبــی ڕێکخــراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک) بەسەخاوەتەوە بەخێویان ئەکات، کاتی ئەوە هاتووە ئیتر بچێ (ئیستقلالیەتی خۆی وەربگرێ، خـۆی بژێنێ، ئەگەر ڕێکخراوێکی ئێمە نەتوانێ خۆی بژێنێ بەڕاستی چەمکی ئابوونە مانای نامێنێت، ئەی دەوری کۆمەڵایەتی ئەم ڕێکخراوە چییە؟ جەدوای دیموکراسی و جەدوای پیشەیی ئەم ڕێکخراوە چەندە؟

ئەمەیە ئەو شــتەی کەدەبــێ ئــێمە بــیخەینە بەردەم بەرپرســیاریێتی، بــائێمە کۆنفرانسێک بکەین بۆ ڕاگەیاندن، چی بکا بۆئەوەی نوێ ببێتەوە، کۆنگرەی گشتی فریای ئەوە ناکەوێ گفتوگۆی هەموو مەسەلەکانی ناو یەکێتی بکات، بەڵام ئەتوانێ کۆنفرانسی جیاجیا بگێڕێت. بەگشتی بەندە پێم وایە پرەنسیپەکانمان گرفتی تێدانییە، دەتوانین ئەو پەرنسیپانەش بگۆڕین، پێم وایە گرفتەکە لەتەکنیکی سیاسی یەکێتییە، لەئەوکەسانەیە کەئەم ئەرکە سیاسییە جێبەجێ دەکەن.

***ڕەخنەیەک کەدەگیـرێ لەیەکێتـی ئەوەیە کەیەکێتـی ڕەنگە بەقورسـی گـۆڕان قبـوڵ بکـا، لەبەرئەوەی گوایە یەکێتی هەمیشە لەسەر یادەوەری یان مێژوو دەژی، بۆیە ئامادەنییە دەست بەرداری ئەو سەرمایەیەی رابردوو بێ، بۆخۆشت دەزانـی هێزێک بـۆئەوەی گۆڕانکـاری بکـات بەر لەهەمـوو شتێ پێویـستە نەک دەست بەرداری ئەو رابردووە بێ بەڵکو دەبێ ئەو رابردووە دووبارە بەجـۆرێکی تـر بەرهەم بهێنـێ، تۆلەسەر ئەوە دەڵێی چی؟**

-لەسەر ئەمە سێ تێبینم هەیە، یەکێکیان: بەڕای خۆم یەکێتی ئێستا تەنها لەسەر یادەوەری ناژی، بەڵکو ڕۆژانە دەستکەوتی هەیە، جاران ئەگەر نەبەردی پێشمەرگە هەبوو، مامەڕیشە شەڕی تەعریبی بۆ دەکردین، ئێستا دەیان داستانی هەست پێ نەکـراوی بــواری کــۆمەڵایەتیو سیاســی و دیبلۆماســیمان هەیە، مەســەلەی ئەوەی کەیەکێتی یان کورد ببێتە هاوپەیمانێکی سیاسی ئەمریکا، مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە لەماوەی (12) ساڵدا پەناگەی ئارام بکەین بە قەوارەیەکی سیاسیی ڕێزلێگیـراو کە لە

ســـەرۆک بۆشـــەوە هەتـــا بچـــووکترین ئەنـــدامی ئیـــدارەی ئەمریکـــا، هەتـــا نەتەوەیەکگرتووەکان، هەتا رۆژنامەنووسە بیانییەکانی کەدێن قسەی لەسەر ئەکەن و حـورمەتی ئەزموونەکەمـان دەگـرن پـێم وانـیە ئەمە یـادەوەری بـێ. بەڵکـو ئەمە پرۆسـەیەکی بەردەوامەو تـۆ رۆژانە ئیـشی لەسـەر ئەکەی. ئەوەی کە هەمـوو رۆژێ خەڵـک دەڵـێ ئەو دیموکراسـییەی ئێـوە هەتـانە پێـشکەوتووە، ئەمە سـەروەرییەکی هاوچەرخە، کۆن نییە، هی سەردەمی هەشتاکان نییە، هی سەرەتای دامەزراندنی یەکێتـی نیـیە، هەمـووی چـوار مـانگە ئەوەمـان سـەلماندووە کە ئـێمە هاوپەیمـانی ئەمریکـاین، مانگێـک پـێش ئەوە داوائەکـرا پێـشمەرگەی کوردسـتان چەک بکـرێ، کەچی دوای ئەوە هەمووتان گوێتان لێ بوو سەرۆک بـوش گـوتی هێزەکانی ئـێمە لە بەرەی بـاکورەوە لەگەڵ پێـشمەرگەی کوردسـتاندا پـێکەوە تێکۆشـان دەکەن. ئەمە سەروەری تازەیە ئەوەی کەتۆ ئەمریکا قەناعەت پێ بێنی، کە فیعلەن (أنصار إسلام) هێزێکـی تیرۆریـستی نێـودەوڵەتییە، وەک لەرووداوەکـانی مـاوەی رابـردوو بۆمـان دەرکەوت تۆ قەناعەت بەهێزەکانی ئەمریکا بکەی بەڕای من ئەمە سەروەرییەکی دیبلۆماسیو سیاسییە، ئەوانەی پێیان وایە یەکێتی تەنها لەسەر سەروەرییەکان دەژی خراپ لەمەسەلەی سەروەری گەیشتوون، چونکە سەروەری تەنها خەباتی شاخ نییە، تەنها خەبـاتی شۆڕشـگێڕی هێـزی پێـشمەرگە نیـیە، سـەرەڕای بـایەخی ئەو خەبـاتە چونکە بەخـوێن ئـاو دەدرێ، بەڵکو سەروەری خەباتە لەهەمـوو ئاستەکاندا، کێ ئەو خەبـاتەی کـردووە کە یەکێتـی لە مـاوەی (12) سـاڵی رابـردوو کردوویەتـی؟ ئەم حکومەتە نمـوونەییەی کە یەکێتی هەیەتی ئایا ئەمە سـەروەری ئەمـڕۆیە یـان هـێ دوێنێیە؟ رۆژانە ئیشی تیا دەکرێت، ماوەی رابـردوو بـڕیار دەرچـووە لەسـەر قەرزی خـانوبەرە، بڕیـار لەسـەر هاوکاری مانگانە بـۆ کەمئەندام و نابینایـان و کورتەباڵاکان مـووچەی ئەنفـال و کیمیابـاران زیـاد دەکـرێ ئەمە بەشـێک نیـیە لەجێبەجێکردنـی بەرنامەی سۆسیال دیمـوکرات لەرێی حکومەتەکەی حزبی سۆسیال دیمـوکراتەوە؟ ئەمە سەروەری ئەمڕۆیە یان هی دوێنێ؟ پێم وایە ئەمە سـەروەری چەنـد هەفتەی رابردووە، نازانم شتی چەند هەفتەی رابردوو ئەبێتە سەروەرییەکی دیرێن و کۆن!؟

ئەمە یەک، دووەم: پـــــێم وایە ئەوانەی داوا لە یەکێتـــــی دەکەن باســـــی سەروەرییەکانی رابردووی نەکات، یان سەروەرییەکانی ئەمڕۆش بەجێ بهێڵێت، یان ئەو سەروەرییانە بەجێ بێڵێ کە بەتەمایە سبەی دروستی بکات کە من و تۆ دەزانین یەکێتـی بەدەسـتییەوەیەتی دەیـان سـەروەری تـر بـۆ کـورد بەدەسـت بێنـێ. ئەگەر ئەمەش بخەیــنە ئەولاوە و لەســەر ســەروەرییەکانی کــۆن قــسەبکەین، کــاکە ئەو

سەروەرییانە بۆ شانازی پێوەنەکەین؟ بۆ شەرمی لێ بکەین؟ کێ لەمەزیاتری هەیە باپێمان نیشان بدات؟ دڵنیام هەرکەسێک لە گۆڕەپانی ململانێی سیاسیدا، لەگۆڕەپانی ململانێی رۆشنبیری، لە گۆڕەپانی ململانێی کۆمەڵایەتیدا، ئەو سەروەرییانەی یەکێتی هەبێ، گوێمان کاس دەکاو پێمان دەفرۆشێتەوە. خەڵکێک هەیە رەنگە هەر سەروەری ئەمڕۆی هەبێ، ئێمە لەسەروەرییەکانی ئەمڕۆ، لەدوای راپەڕینەوە ئەوەندەمان سەروەری هەیە کە بڵێین ناگەڕێنەوە بۆ سەردەمی شەهید ئارام و مامەڕیشە، پێم وایە ئەوانەی کە دەیانەوێ ئێمە ناوی سەروەری نەهێنین، فێڵێکە لێمان دەکەن، خۆیان سەروەریان نییە، بۆیە دێن بەئێمە دەڵێن ئەو وزە یەدەگییە مەعنەویەی ناوی سەروەرییە مەهێنە ناو گۆڕەپانەوە، بەڵێ باشە ئێمە وزەی رۆحی هەموو سەروەرییەکانیش دەخەینە ئەولاوە، فەرموون بابێن بەبێ چەکی سەروەری بچینە ململانێی سیاسییەوە لەگەڵ هەرکەسێ یان هەر گروپێک کە دەیەوێ. بزانم بۆهەفتەی داهاتوو کێ سەروەری بەدەستەوە دەبێ، بۆ ساڵی داهاتوو کێ سەروەری بەدەستەوە دەبێ، بابەدەستی بهێنێ؟

ئەگەر هێزو گروپی تر پێیان وایە یەکێتی کۆنترۆڵی مەیدانی خەباتی لە سلێمانی و ناوچەکانی خۆی کردووە بابچن لەبەغدا سەروەری بۆ کورد بەدەست بێنن، بابچن لە کەرکوکو مەخموور بەدەستی بێنن، خۆ یەکێتی لەوێ باڵادەست نییە بەتەنها. خەڵکی کەشی لێیەو هێزی کەشی لێیە. بەڵام ئەمە فێڵێکە لەئێمەی دەکەن. دەیانەوێ ئێمە سەروەرییەکانی خۆمان نەهێنینە گۆڕەپانی بێ رەحمانەی ململانێی سیاسییەوە، چۆن ئەمڕۆ گەنجێک بەئومێدی ئەمڕۆوە ئیش دەکا، بۆئێمە بەئومێدی ئەمڕۆو دوێنێ و سەروەرییەکانی داهاتوومانەوە ئیش نەکەین؟ هەقی خۆمانە ئەو سەروەرییانە بەکار بێنین. سێیەمین شت: تێبینییەکم هەیە لەسەر خۆمان، لەڕاستیدا ئێمە شێوازی نیشاندانی سەروەرییەکانمان شێوازێکە هەی ئەوەیە کە خەڵک رەخنەمان لێ بگرێ، چونکە شێوازێکی راستەوخۆیە. حکومەتەکانی دونیا، هێزە سیاسییە جیاجیاکانی دنیا بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئەو سەروەرییانە پێشان دەدەن. ئێمە وەکو (ی.ن.ک) کۆمەڵێک سەروەریمان هەیە بەڵام با بەشێوەیەکی زەق و راستەوخۆ نەیدەینەوە بەخەڵکی، بەڵکو لە مێشک و هزری نەوەی نوێ ئەم سەروەرییانە بەشێوازی تازە بچەسپێنین. خۆتان ئەبینن لە وڵاتان سینەما یان زنجیرەی تەلەفزیۆنی دەور دەبینێ لەچەسپاندنی ئەو سەروەریانە، لەجیاتی ئەوەی بێم باسی ئەوەبکەم بڵێم خاڵە شەهاب وای کردو واتێکۆشانی کردووە، واچۆتە بەرپەتی سێدارە کە گەنجێکی ئەمڕۆ رەنگە بە دیکۆمنتیش پێی نیشان بدەم زۆر

هەستی نەجووڵێ. لەجیاتی ئەوە ئێمە دەتوانین دەیان زنجیرەی تەلەفزیۆنی دروست بکەین لەسەر ئەو تێکۆشانە. وڵات هەیە کەسایەتیی وەهمی دروست دەکات تا بیکا بە پاڵەوانی نەتەوەییخۆی، بۆ ئێمە ئەو هەموو سەروەرییە نەتەوەییانەمان، ئەو هەموو پاڵەوانە نەتەوەییانەمان هەیە نەتوانین تەکنیکی پێشاندانەوەی ئەو سەروەریانە بگۆڕین. زۆر وڵات ئەمەی کردووە، لەژاپۆن بەشێوازی هونەری جیاواز تراژیدیای هیرۆشیما بەخەڵک نیشان دەدەن. یەکێتی سۆڤێت دەیان فیلمیان بەرهەم هێنا لەسەر ئەو سەروەریانەی کەخەڵک لەجەنگی جیهانی دووەمدا، جەنگی نیشتمانیی گەورە،بەدەستیان هێناوە، گرنگ لێرە ئەوەیە ئێمە شێوازی پێشاندانەوەی ئەو سەروەریانە بۆ خەڵک بگۆڕین، چ قەرەباڵغییەک بوو لەسەر فیلمی خولە پیزە، خولە پیزە لەبیرەوەری خەڵکی کوردستان بیرەوەرییەکی سیاسی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی لەزاکیرەی خەڵکی ئێمەدا کەسێکە وەکو رۆبن هود، حەمە دۆک، بەرگریی لەخەڵکی هەژار دەکا، ئەو هەموو قەرەباڵغییەی دروست کرد. بەکورتی گۆڕینی تەکنیکی نیشاندانی سەروەرییەکانی یەکێتیش رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لەو بوارەدا.

# چاکسازیو نوێبونەوەی یەکێتی مۆدێلی "نەخشەی ڕێگایەک"*

**1**

بەم دوایـیە زۆر هەڤـاڵ بە پـرۆژەو بە نووسـین بیروبۆچـوونی خۆیـان لەسـەر پرۆسەی چاکسازییو نوێکردنەوەی یەکێتیو ئەنجامـدانی گۆڕانکاری لەناو سیاسـەتی نـاوخۆی کوردسـتانییدا دەربـڕی. زۆربەی نووسـین و پرۆژەکـان چەنـدین نووسـینو لێکدانەوەی تریان بەدوادا هات. ئەو تێزو پرۆژەو بیروڕایانەی گەڵاڵەکراون، لەهەمـوو ئاستەکاندا، مادامەکی بەنیەتی دڵسۆزی بۆ چاکسازیو نوێبـوونەوە دەربـڕاون، شایانی هەڵوەستە لەسەرکردن وبەدواداچوونن. بەندە لێرەدا هیچم نییە زیادی بکەم تەنها بەتێگەیشتنی ئاسایی خۆم هەوڵمداوە بەشوێن شتێکی تردا بـرۆم کە لێرەدا نـاوم نـاوە "نەخـشەی ڕێگـا" نەک بەو مانـایەی نەخـشەیەکی ڕێگـا دابنـێم و کەڵـکەڵەی ئەوەم لەخەیاڵدا بێت ڕەچەتەیەکی ئامادەکراوی هەموو دەردەکانی پێبێت، بەڵکو ئەمە زیاتر خستنەڕووی نمـوونەیەکی (کوردی- عیراقـی- نێـودەوڵەتی) نەخـشەی ڕێگـایەکە کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکەیـنو جومگە سـەرەکییەکانی دەسـت نیشان بکەیـن. ئەمە "نەخشەی ڕێگا"یەک نییە، بەڵکو خوردکردنەوەی مۆدێلی "نەخـشەی ڕێگا"یەکە کە عیراقییەکان- ئەمەریکاییەکان، بەبەشدارییەکی کارای کورد، لە پێناو چارەسەری پرسـی عیـراق لەدوای روخـانی سـەدامەوە، پێیـدا رۆیـشتوون. ئەم مـۆدێلە ڕێـی عیراقییەکانە بەرەو بونیادنـانی دیموکراسی بەپێـی ئەجینـدایەک. لەنێـو شـروڤەکردنی ئەو مۆدێلەدا پەندو بەراوردەکارییەکان دیارن تـا بتـوانین بـۆ مـۆدێلی چاوەڕوانکراوی خۆمان لە "نەخشەی ڕێگا" کەڵکی لێ وەربگرین.

دەمەوێ لێـرەدا هۆکـاری ئەوە باسـبکەم کە بـۆچی پێمـوایە پرسـی چاکسازیی نـاو یەکێتیی لەنەبوونی نەخشەی ڕێگایەک چڕبۆتەوە، نەک شتی تر:

1-پێموانییە گرفتی چاکسازییو نوێبـوونەوەی یەکێتی گرفتێکی فیکریـی مـوجەرەد بێت، یان بەلانی کەمەوە گرفتی فیکری سەرچاوەی سەرەکی گرفتەکانی نـاو یەکێتـی بێـت. نەک لەبەر ئەوەی فیکـر رۆڵـی نیـیە لەنـاو یەکێتـی یـان لەنـاو بـزوتنەوەی

* ساڵی 2006، ئەم بابەتە بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژنامەی چاودێر بڵاوکراوەتەوە.

کوردایەتی پێشکەوتووخوازدا، ئەدەبیاتی کوردایەتی لەقۆناغە جیاجیاکانی خەباتی یەکێتیشدا گەشکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. هیچ نەبێ لەو قۆناغانەدا تێری پێویستییەکانی خەباتی سیاسی کوردستانی کردووە، بۆیە کورد گەیشتە قۆناغێکی تەواو جیاواز لەدوای راپەڕینو ئینجا لەدوای روخانی رژێمی بەعس. لەم قۆناغە جیاوازەشدا بەهۆی پێشکەوتنی هۆیەکانی گەیاندن لەهەموو ئاستەکاندا بیروبۆچونی هەمەلایەن وەک "مدخلات"ێک هاتنە ناو یەکێتییەوە. ئەم بیروبۆچونانەش هیچ لەمپەرێکییان لەبەردەمدا نەبوو لەرەوتی ئاوێتە بوونیان لەناو یەکێتیدا. دەتوانم بڵێم کەس لەناو یەکێتی رێگر نەبووە لەوەی فیکر هامشۆ بکا، بێتوبراو ئەدەبیاتی یەکێتی پێ مۆتربە بکرێت. جا لەدڵفراوانی بێت یان لەوەدا بێت کە فیکر بە (مەترسی) نەزانراوە!

2-هەروا گرفتەکەش لە کەمی هەڵسوڕاوی سیاسیو کادیری ناو یەکێتییدا نییە، یەکێتی بەشی خۆی هەڵسوڕاوو کادیری هەیە کە بتوانێت بۆ قۆناغێکی دوورتر کارەکانی پێ هەڵسوڕێنێ (2). بەپێچەوانەوە:

3-گرفتەکە کەمی تەکنیکی سیاسییە کە ئەمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستن. دەتوانین بڵێین لەتەکنیکی سیاسیدا کەموکوڕی هەیە. واتا گرفتەکە لەفیکری تەکنیکدایە نەک لەناسنامەی فیکریدا. بەداخەوە یەکێتی پەیمانگە یان لقی پەیمانگەیەک و تەنانەت بەشێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەتەکنیکی سیاسیوڕێوشوێنی چارەسەری قەیرانەکان نییە.لەڕەوتی تێکۆشانی یەکێتیدا دەیان نەبەردی سیاسیو نەبەردی پێشمەرگانە هەیە کە دەشێت وەک ئەزموون پشتی پێ ببەسترێت. یەکێتی تەنانەت وردەکاری ئەو نەبەردانەشی تۆمار نەکردووە تا دواجار پەیمانگەیەک یان لقی پەیمانگەیەک یان بەشێکی لەو جۆرە کە تایبەت بێت بەئەزموونی تەنگژەکان بتوانێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، لایەنە باشەو خراپەکانیان دەستنیشان بکاتو فیکری تەکنیکی یەکێتی پێ دەوڵەمەند بکات. هەڵبەتە دیارە مەبەستم لە وردەکارییەکان گێڕانەوەی هەقایەتەکانی ئەو نەبەردیانە نییە، بەڵکو تەوزیفکردنی ئەو وردەکاریانەیە لە لێکۆڵینەوەو هەڵێنجانی دەرسو پەنددا. هونەری ئیدارەدانی تەنگژەکان، هونەری دۆزینەوەی رێگا چارە (نەخشەی رێگا) بۆ گیروگرفتەکان، هونەرێکە ئەمڕۆ وڵاتە جێگیرو بێ گرفتو خواپێداوەکانیش دەستبەرداری نابن، سەرەڕای جێگیریو بێ گرفتیو خواپێداویشییان، ئەی یەکێتیو بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ لەناو واقیعێکی ناجێگیری پڕ گرفتو "سێگۆشەی برمۆدا"دا دەستبەرداری دەبێت؟

"موفاوەزات، شەڕەکانی پێشمەرگایەتی، تەنگژەی ئەنفال، نەبەردی هەڵبژاردنی پەرلەمان" ئەمانە هیچیان لێکۆڵینەوەیەکی جیدیو تەنانەت ۆرک شۆپێکیان لەسەر نەکراوە تاوەکو ببنە ئەزموونێکی لەبەردەست کە نوخبەی سیاسی، هەڵسوڕاو و کادیری سیاسی یەکێتی کەڵکیان لێوەربگرێتو بۆ ئەزموونەکانی لەوەو دوای خۆیو یەکێتی لەبەردەستیدا بێت.

پێش چوونە ناو باسەکەوە دەخوازم سێ پرەنسیب دووپاتبکەمەوە:

1.باسکردن لە چاکسازیی ونوێبوونەوە مانای بوونی رەوشێکی ناجۆرە کە پێویستی بە چاکسازییە.

2.ئەو باسکردنە گەواهی دوو شتن کەدەکرێت بە دوو دەرکەوتی ئیجابی بزانین:

●یەکێتی وکادیرەکانی هەست بەو کێشەیە دەکەن.

●باسکردنی ئەو کێشەیە حاڵەتێکی تەندروستی بوونی دیموکراسییە لەناو یەکێتی و لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا

ئێستا دەمەوێ نموونە عیراقییەکەو پرەنسیبە سەرەکییەکانی باسبکەم:

***

جومگەکانی راستەڕێی ئاساییبوونەوەی عیراق لەدوای روخانی رژێمی بەعسو دوای دەورانێک لەحوکمی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عیراق کە لە (25) فەرمانڕەواو کابینەیەکی بێ سەرۆک وەزیران پێکهاتبوو، هی ئەوەن لەسەرەتاوە باسبکرێن. عیراقییەکان وەک خاوەنی ئەسڵی ئەم وڵاتەو ئەمریکاییەکان وەک شەریکە بەشی سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆرییدا کەوتنە بەردەم راستی ئەوەی چی بکەن تا عیراق بگێڕنەوە سەر شەمەندۆفەری ئاسایی گەشەکردنی سیاسیی بەجۆرێک ئەو گەشەکردنە دیموکراسییانە بێتو هەروا لەباری نیشتمانیشەوە وەلامدەرەوەی کەڵکەڵەی سەربەخۆخوازیو سەروەری دەوڵەتی عیراق بێت؟ بەتایبەتی کە هێزە عەرەبییەکانی عیراق دوای لەکۆڵبوونەوەی هەڕەشەی دیکتاتۆریی بەعس، مەسەلەی وەرگرتنەوەی سەروەری عیراقیان خستبووە رۆژەڤی سیاسییەوە. هەموو لایەک دەیانزانی ئەمریکا بەو ئاسانییە دەستبەرداری ئەم سەرکەوتنە (عیراق)یە نابێت، بەڵام ئەمریکاییەکانیش دەیانزانی تا سەر بەم ئامادەگییە سەربازییە زۆرو زەوەندە لەم وڵاتە نامێننەوەو عیراقییەکانیش دەیانزانیو تاڕادەیەکی زۆریش پێیان خۆشبوو وڵاتەکەیان بەشێک بێت لە بایەخپێدانەکانی ئەمریکا. دەشبوایە لەرێکخستنەوەی رەوشی عیراقدا هەردوو تێگەیشتنو لەپاڵیشیدا هەموو ئاڕاستە سیاسییەکانی، کە لە دوای روخانی سەدام دەرکەوتن، رەچاو بکرێن:

* سوننەکان دەیانگوت: ئەمریکا دەبێ بڕواتە دەرەوە، ئینجا، دوای وەرگرتنەوەی سەروەری، قسە لەسەر وردەکاری حوکمڕانی عیراق بکرێت.
* شیعەکان: دەیانویست لەرێی بوونی ئەمریکاوە لەعیراق هەناسەیەک بدەنو لەپاڵیشیدا وەزعی عیراق وارێکبخرێتەوە کە دڵنیاییان بداتێو ئەوەیان بۆ دەستەبەر بکات هەژموونیان بەسەر دەوڵەتی تازەدا هەبێت.
* بێگومان لایەنی کوردیش تێڕوانینی خۆی هەبوو: هەر تەگبیرێک لەرەوشی عیراق بێ مسۆگەرکردنی داخوازییە کوردستانییەکان سەرکەوتوو نابێتو کورد ناتوانێ بەجۆشو خرۆشەوە داکۆکی لێ بکات.
لەبەردەم کۆمەڵێک روانینو بەرژەوەندی جیاوازدا، عیراق دەبوایە نەخشەی رێگایەکی رێکوپێک دابنێت:
- وڵات نەگەڕێتەوە سەردەمی سەدامو روو لە دیموکراسی بکات.
-حکومەتێک هەبێت سەروەری لەئەمریکا وەربگرێتەوە.
-یاسایەک، یان تەشریعگەلێک هەبن لەقۆناغەی وەرگرتنەوی سەروەریشدا قەزاوەت لەنێوان عیراقییەکان بکات.
-باشە ئەم حکومەتە ئەگەر دانراوبێت کێ دایبنێت؟ ئەگەر هەڵبژێردراو بێت چۆنو بەکام ئالیەت هەڵبژێردرێت؟
-قۆناغی راگوزەر چەند بخایەنێت، بەو پێیەش ئەو حکومەتە دانراوە، یان هەڵبژێردراوە، تا چ ماوەیەک حوکم بکات؟
-کێ یاساکان بنووسێتەوە، یان دواجار کێ دەستووری ژیانی سیاسیی عیراقییەکان دابڕێژێو کێ ئەو مافەی هەیە؟
* مەرجەعیەتی سیستانی دەیگوت دەبێ هەڵبژاردن بکرێت، چونکە تەنها نوێنەرایەتی (ئوممە) دەتوانێت بڕیار لەچارەنووسی بداتو دەستووری بۆ دابڕێژێت. ئیسلامییە شیعەکان لەگەڵ ئەم تێزەدا بوون.
* ئەمریکاش لەباری پرەنسیبەوە دژی ئامرازی دیموکراسی هەڵبژاردن نەبوو، بەڵام گرفتی ئەوە هەبوو لەرەوشی نا ئارامی عیراقدا بەکام رێوشوێن هەڵبژاردن بکرێت؟ پشت بەکام ئامار ببەستێت؟ سیستانی دەیگوت هەڵبژاردن بەکۆبونی خۆراک بکرێت (الان، الان ولیس غدا). هێزە عیراقییەکانی تریش بەدوو دڵییەوە لەپرەنسیبی هەڵبژاردنیان دەڕوانی. نەکا هەڵبژاردنێکی بە پەلەو لەناکاو رێ بۆ هەژموونی شیعەی ئیسلامی خۆش بکات، یان، لەدەنگدانێکی عاتفیدا، نوخبەی

سیاسیی گەڕاوە لەمەنفای پێش روخانی سەدام لەگۆڕەپانەکە راماڵێ. بەتایبەتی هێزە غەیرە دینییەکان لەم ئاکامە دەترسان.

بۆ دەربازببون لەم تەنگژەیە دەبوایە هەر لایەنەو کەمێک دەستبەرداری هەندێک لەقەناعەتەکانی بێت. پێکهاتەیەک (تولیفە) لەهەمـوو هێزەکـان بێـتە کـایەوە. ئەم پێکهاتەیە لەرێککەوتنی نێوان بەڕێز مام جەلال، سەرۆکی ئەو کاتەی ئەنجومەنی حوکم، و پۆل بریمەر، سەرۆکی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان لەعیراق، رەنگیدایەوە. بەرێککەوت، یـان بە مەبەسـت بێـت، مـۆدێلی نەخـشەی رێگـای عیراقییەکـان سـەرکردەیەکی کـورد کە سـکرتێری گـشتی، لە ناونیـشانە گـشتیەکەشدا هەڤـاڵێکی یەکێتیە، لایەنـی سـەرەکی ئیمزاکردنێتی. بێگومـان بەشـی ئەو و کـورد و یەکێتـی لەو نەخشەی رێگایەدا هەیە.

ئەو رێککەوتنە خشتەیەکی زەمەنی دیاریکردووە بۆ:

-نوسینەوەی قانونی ئیدارەی دەوڵەت (وەک دەستورێکی کاتیی).

-وەرگرتنەوەی سەروەری عیراق.

-دانـانی پەرلەمـانێکی کـاتیو حکـومەتێکی کـاتیش کە ئەمـانەتەکە لەبـریمەر وەربگرێتەوە.

-پابەندبوونی ئەو حکومەتە بە قانونی ئیدارەی دەوڵەتو رێخۆشکردن بۆ یەکەمین هەڵبـژاردن کە، بەگوێرەی قـانونی ئیـدارەی دەوڵەت، پەرلەمـانی ئینتقالیو حکومەتی ئینتقالی دروست دەکات

-پەرلەمـانی هەڵبژێـردراوی ئینتقـالی دەسـتوری دائـیم دەنووسـێو حکـومەتی ئینتقالیش جگە لەراییکردنی ئەرکەکانی حکومەتایەتی کردن، رێ بـۆ ریفرانـدۆمی دەسـتوور خـۆش دەکـاو بەگـوێرەی ئـالیەتی دەسـتووری تـازەو یاسـای تـازەی هەڵبژاردنیش، هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی دائیمو حکومەتی دائیمی چوار ساڵە دەکرێت.

لەم پێناوەشـدا، بـریمەر بـۆ چەورکردنـی ئـامرازی هەڵبـژاردن، کە ئیتـر بـووە بە بەشـێک لەژیـانی دیموکراسـی عیراقییەکـان، کۆمـسیۆنی بـالای هەڵبژاردنـی دانـا و بەگوێرەی دوو یاسای هەڵبژاردن، کە دووەمیان دواجار پەرلەمانی عیراق (جەمعیەی وەتەنی) دایرشت، زنجیرە هەڵبژاردنەکان لەعیراق بەڕێوەچوون. واتا عیـراق گەیـشتە قۆناغی جێگیری سیاسییو هێشتا ئامارێکی زانستی نەکراوە کە ژمارەی دانیشتوانی عیـراقو ناسـنامە مەزهەبـی، یـان نەتەوەییەکانیـان دیـاری بکـات. لـەگـەڵ ئەوەشـدا ئیرادەی سیاسیی عیراقییەکان وایکرد پرۆسەی سیاسی بێ پەروا بەرەو پێشەوە بڕوا.

بەمشێوەیە نەخشەی رێگای عیراق بەسێ قۆناغو چەند تایتڵێکی جیاوازدا تێپەڕی:

-قۆناغی یەکەم: ڕێککەوتنی مام- بریمەر (ڕێککەوتنی 2003/11)
(پەرلەمانی کاتی- ناوەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق بوو) (حکومەتی کاتیی عەلاوی) (سەرۆکایەتی کاتی کۆمار).
-قۆناغی دووەم: قانونی ئیدارەی دەوڵەت
(پەرلەمانی ئینتقالی-ناوەکەی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق بوو) (حکومەتی ئینتقالی جەعفەری) (سەرۆکایەتی ئینتقالی کۆمار).
-قۆناغی سێیەم: دەستوری دائیم
(پەرلەمانی دائیم – ناوەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقە) (حکومەتو سەرۆکایەتی دائیمی چوار ساڵە).
ڕەنگە زۆرکەس ئەم هەقایەتەی لەبیر بێت، بەڵام گێڕانەوەی بۆ وەبیرهێنانەوە نییە، بۆ دەستنیشانکردنی پەندەکانێتی:

**بابزانین ئەم نەخشەیە چۆن جێبەجێکراو گەیشتە کوێ؟.**

1-لەنێوان پێداگری سیستانی لەسەر هەڵبژاردنو نەبوونی توانای لۆجیستی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، فۆرمەڵەیەکی مام ناوەندی دۆزرایەوە. ئەویش ئەوەبوو نوێنەرانی دیفاکتۆی خەڵکی عیراق (ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم)، بەتەفویزی ئەمری واقیع، قانونی ئیدارە بنووسن کە ئەم قانوونە ڕێوشوێنی (هەڵبژاردن) دیاری بکات: واتا نە ئەوەی (ئەنجومەنی حوکم) هیچی بەدەست نەبێتو نە ئەوەش لەجێی عیراقییەکان بڕیاری دەستورێک بدات. لەپێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق (پەرلەمانی کاتی)، بەگوێرەی ڕێککەوتنی (مام- بریمەر)، نەکرا ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بە هەڵبژاردن دیاریبکرێتو نەشدەکرا تێڕوانینی (دیموکراسیانەی) سیستانی ڕەچاو نەکرێت، بۆیە سەرەنجام:
ئەنجومەنەکە لەسەد کەس پێکهات، لەهەموو شارەکان چەند سەد کەسایەتییەک کۆبوونەوەو چەند نوێنەرێکیان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی، کە پێکهێنانی پەرلەمانی کاتی لەئەستۆ بوو، هەڵبژارد (یان دیاریکرد). ئەم نوێنەرانە لەکۆنگرەی نیشتمانی خەڵکیان هەڵبژارد بۆ پەرلەمانەکەو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمیش، ئەوانەی مابوونەوە وهیچ پۆستێکیان نەبوو، ڕاستەوخۆ بوونە ئەندامی پەرلەمانی کاتی.
واتا فۆرمەڵەکە گونجانێک بوو لەنێوان (هەڵبژاردنو تەعینکردندا)، لەنێوان داوای سیستانیو داوای واقیعی سیاسیدا. (ئەمە پێکەوە ژیانە لەنێوان دوو چەمکی جیاوازدا).

**2-بەگوێرەی نەخشەی ڕێگا (قۆناغی یەکەم)**

دەبوایە ئەنجومەنی نیشتمانیی (پەرلەمانە کاتییەکە)، سەرۆکایەتی حکومەتو سەرۆکایەتی کۆمار پێکبهێنێت. واتا وەک هەر پەرلەمانێک (حکومەت) لەهەناوی خۆیەوە هەڵبژێرێت. (قانونی ئیدارەی دەوڵەتیش خشتەی ئەوەی تەئکید کردەوە) بەڵام ئەخزەر ئیبراهیمی لەهەولێر، لەکۆنگرەی حیواری عەرەبی- کوردیدا، پێی وابوو دەبێت دامەزراندنی حکومەت پێش پێکهێنانی پەرلەمانی کاتی بکەوێت. ئەو دەیگوت چەند ڕۆژێکی تر بریمەرو دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان نامێنن، ئایا ئەوان کلیلی سەروەری تەسلیمی کێ بکەنەوە ئەگەر حکومەتێک نەبێت؟ واتا ناوبراویش دەستێکی تێوەردا!

ئیبراهیمی وەک نوێنەری (un) دەنگی (شەرعیەتی) نێودەوڵەتی پێ بوو. بریمەر دەنگی ئەمری دیفاکتۆی ئەمەریکای رزگارکەری (یان داگیرکەر بەئیستلاحی عیراقییە عەرەبەکان) پێ بوو. ئەنجومەنی حوکمیش دەنگی دیفاکتۆی عیراقییەکانی پێبوو. ئەمانە ڕێککەوتن کە بەڵێ دەکرێ حکومەت پێش (پەرلەمانە کاتییەکە) بکەوێت. ئەمە بە پێچەوانەی دەقی ڕێککەوتنەکەو تەوقیتی هەنگاوەکانی بوو (پاشوپێشی تێکەوت)، بەڵام لەگەڵ ڕۆحی ڕێککەوتنەکە، کە دەربازکەری عیراق بوو لەو قۆناغە، تەباو گونجاو بوو. واتا (دەشێ دەقی حەرفی ڕێکەوتنەکە دەستکاری بکرێت، بەڵام ڕۆحی ڕێککەوتنەکە هەر جێبەجێ دەکرێت).

3-بە گوێرەی واقیعی ئەو کاتەی عیراق بریمەر دەیتوانی خۆی بێ unو بێ عیراقییەکان حکومەت دروستبکات. بەتایبەتی کە un ڕۆڵی زۆر ئەکتیف نەبوو لەعیراقو لەئاستی ویژدانی میللیشدا عیراقییەکان زۆر لەئەدائی un ڕازی نەبوون، بەڵام بریمەر (ئەمریکا) بەدوای (شەرعیەتی) نێودەوڵەتی و ئاشتکردنەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا دەگەڕا، دوای ئەوەی بێ پرسی ئەو (شەرعیەتە) شەڕی ڕزگاری عیراقی کرد، چونکە دەویسترا لە تێچووی ئاوەدانکردنەوەی عیراقدا بەشداربن . بریمەر هەروا بۆ ئەوەی مسۆگەری بکات کە نوخبەی هێزە عیراقییەکان ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێدەکەن نەیدەویست، بێ عیراقییەکانی ئەنجومەنی حوکم، حکومەتەکە دروست بکات. unیش، بێ عیراقیو بێ ئەمریکا، نەیدەتوانی ڕۆڵێکی وابگێڕێت کە لەپرسی عیراقدا ناوبانگی بۆ بگێڕێتەوە. دواجاریش عیراقییەکانی ئەنجومەنی حوکم بێ ئەم تەگبیرە نەیاندەتوانی پرۆسەی سیاسیی پێش بخەن. نەشیان دەویست بێ چەتری un بچنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکاوە تا دونیای عەرەبیش بە جارێک لە

دۆزی عیـراق نەتـارێن. هەمـوو ئەم لایەنـانە لەم پرۆسـەیەدا پێویـستیان بەیەک بـوو. هەر لایەنەش دەیویـست، لەپـاڵ هاوبەشـیکردندا، ئیـرادەی خـۆی نیـشان بدات.

ئەلئیبراهیمـی بـێ وەفـا بەرامـبەر کـورد حکـومەتی خـۆی (حکـومەتەکەی عەلاوی) تەشـکیلیکرد. ئەو دەنگێـک بـوو، بـریمەر دەنگێـک بـوو. کەهـاتە سـەر دانـانی سـەرکۆمار عیراقییەکـان بـۆ ئەوەی بیـسەلمێنن خـاوەنی ئیـرادەن، دژی پـاڵێوراوی ئیبراهیمـی- بـریمەر وەسـتانەوە کە ئەو دەمە عەدنـان پـاچەچی بـوو. مەسەلەکە بووە شەڕی ئیرادەکان. لەوێدا بریمەر گوتی: ئێـوە ئەی عیراقییەکان دەنگـێکن (بەهەر 25 دەنـگەکەی ئەنجـومەنی حـوکمەوە)، ئـێمەش دەنگێـکو ئەلئیبراهیمیش دەنگێک، دەبینە دوو دەنـگ بەرامبەر دەنگێـک! دواجـار دەنگی یەکدەنگی (عیراقییەکان) سەرکەوت. غـازی یـاوەر وەک یەکەمـین سـەرکۆماری دوای روخـانی دیکتـاتۆری بەرهەمـی ئیرادەخـوازی عیراقییەکـانە لەبەرامـبەر ئیرادەی ئەمریکاو (un)دا.

لەبەردەم سـیناریۆی ئەمریکـا- unدا، عیراقییەکـان ئیرادەیـان خـستە کـارو ئەوانـیش هەنگاوێکیـان لەچوارگۆشـەی یـاری شـەترەنجەکە هاویـشت. واتـا (رێککەوتـن هەیە، لەهەنـاوی ئەو رێککەوتنەشـدا ململانـێ هەیە بـۆ نیـشاندانی ئیـرادە، بـێ ئەوەی ئەم نوانـدنی ئیـرادەیە کـار لە ئامـانجە هاوبەشـەکان و لەپرەنسیبی تەوافوق بکات).

4-دوای دەورانێک لەدەست بەکاربوونی حکومەتی عەلاوی، وا دەهاتە بەرچاو کە راستە ئەم حکومەتە پابەندی رێکەوتنێکە، راستە پابەنـدی هەڵبـژاردنێکە کە قـانونی ئیـدارە مـاوەکەی لە 2005/1/31 بـۆ دانـاوە، بەڵام لەوە ناچێـت هەڵبژاردن ببێت، چونکە عیراقییەکان سەرقاڵی شتی گرنگترن لەدیموکراسی کە بـریتین لەبژێـویو ئاسـایش. قـسەکەش مەنتیقـی تێـدابوو. بەشـداری سـوننە مـسۆگەر نەبـوو، چـونکە هەم ناوچەکانیـان نـا ئـارامو هەمـیش تـا ئەو کاتە دژی تەواوی پرۆسـە سیاسـییەکە بـوون، بەپرۆسـەی هەڵبژاردنیـشەوە. کوردەکـان ئامـادەبوون، بەڵام بەهـۆی ئاسـایی نەکـردنەوەی رەوشـی کەرکـوکەوە زویـر بووبوونو هەڕەشەی بەشداری نەکردنیان لەهەڵبژاردن دەکرد. باشوور، بەهۆی شەڕەکانی سوپای مەهدییەوە، وەک فەلوجەی لێهاتبوو. ئەمانە هەمووی هۆکاری مەنتیقـی بـوون بـۆ دواخـستنی هەڵبـژاردن. هەمووشـیان پاکـانەی چـاک بـوون بەدەست حکومەتی عەلاوییەوە تا هەڵبژاردن نەکرێت.

**بەڵام:**

أ-چونكە ئەمریكا وەک چاودێرێكی ئەكتیفی پرۆسەكە لەگەڵ هەڵبژاردن بوو. دەیزانی پاكانەی نا ئامادەگی ئەمنی دەتوانێت تا هەتایە پاكانەی دواخستنی دیموكراسیو ئیرادەی هەڵبژاردن بێت. بۆیە پێداگیری كرد. ئەمەریكا بۆ دیموكراسی هاتووە نەک بۆ قبوولكردنی ئەمری واقیعی ناجۆری ئەمنی. لەبەرئەوە دەگێڕنەوە كاتێک سەركۆمار یاوەر بەنیەتی دواخستنی هەڵبژاردن چووە واشنتۆن، سەرۆک بوش كە چاوی پێكەوت یەكسەر پێشیكەوتو پێی گوت:جەنابی سەركۆمار، دەزانم ئێوەش، وەكو من، لەسەر ئەوە كۆكن كە هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا بكرێت.ئەم وتەیەی بوش رێگەی پرۆتۆكۆڵیی لە یاوەرگرت كە ئەسڵەن باسوخواسی دواخستنی هەڵبژاردن بێنێتە گۆرێ.

بۆیە یاوەر و عەلاوی كەوتنە بەر وەزعیەتی ئەوەی، لەجێی خاوخلیچكی، چاكترە تەدارەكی هەڵبژاردن ئامادە بكەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەوانیش پابەندی رێككەوتنەكەن.

ب-چونكە شیعەی ئیسلامی (ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی، دعوە...)، لەپشت ئەمانیشەوە، سیستانی، سوور بوون لەسەر هەڵبژاردن، بۆیە ئەمانە وەک چاودێرێكی خاوەن پرۆژە هەمیشە بەگوێی حكومەتی عەلاویان دادەدا كە دەبێت هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا بكرێت. ئەمانە چاودێری گوشار بوون تا دەستی دەستی لەوادەی هەڵبژاردن نەكرێت.

هەڵبەت مومكینە لەقۆناغی دوای ئەوەشدا، قۆناغی حكومەتەكەی جەعفەری، حكومەتی ئینتقالی جەعفەریش لەدڵەوە حەزی لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی دووەم (هەڵبژاردنی 2005/12/15) نەكردبێت، بەڵام ئەمجارە عەلاوی+ سوننەی عەرەب، كە بڕیاری بەشداریان دابوو، لەسەر هێڵ بوونو ئەمان رۆڵی چاودێری گوشاریان دەگێڕا.

واتا لەم حاڵەتە چاودێری گوشاری ناوخۆیی (ئەو هێزانەی لەرەوشەكە رازی نەبوونو داوای هەڵبژاردنیان دەكرد)و چاودێری گوشاری دەرەوەیی (ئەمریكا) رۆڵی گوشاری ئیجابی خۆیان گێڕا لە پابەندكردنی حكومەتەكانی دوو قۆناغ بەو وادەی هەڵبژاردنەوە كە لە رێككەوتنەكەو لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتو ئینجا دەستووری هەمیشەییدا هاتووە.

ئەگەر تێبینی بکەین، لەم نەخشەی ڕێگایەدا، سەرەتا ڕەوشەکە نالەبار بوو، تەنانەت بۆ ئەنجامدانی سنووردارترین هەڵبژاردن، ڕەوشەکە نالەباربوو تەنانەت بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئاساییو سەرەتاییەی بۆ حکومەتێکی ڕاگوزەریش دەکرا، بەڵام بەهۆی تۆکمەیی نەخشەکەو پابەندبوونی لایەنەکان بەرۆحی ئەو ڕێککەوتنە، نەک بەدەقەکەی، دەبینین لەماوەی تەنها یەک ساڵدا (لە 2005/1/31 بۆ 2005/12/15) عیراقییەکان سێ جار چوون بۆ دەنگدان، دووجار بۆ هەڵبژاردنو جارێکیان بۆ ڕاپرسی دەستوور، لەدوو جاری هەڵبژاردنیشدا، لەسایەی دوو یاسای جیاوازو دوو دەستووری جیاوازی هەڵبژاردندا، بەشدارییان کردووە.

لەهی یەکەمیدا عیراقییەکان دەنگیان بۆ دوو هەڵبژاردن دا (هەڵبژاردنی پەرلەمانی سەرتاسەریو هەڵبژاردنی پارێزگاکان) و کوردستانیانیش کردیان بەسێ بەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشی هاتەسەر. دەشگوترێ ماوەیەکی کەم، دوای دەست بەکاربوونی حکومەتی نوێی عیراق، جارێکیتر هەڵبژاردنێکی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت.

سەرۆک تاڵەبانی لەبارەی ئەم چاوەڕوانییە بەئاکام گەیشتووەی دیموکراسی لەعیراق گوتویەتی "ئەمە وەک ئەوە وایە: ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی پاسی هاتووچۆ بکەینو لەناکاو سێ پاس بەجارێک دەربکەون!"

باشە حیکمەتی ئەم هەڵبژادنە لەسەر یەکانە چین؟ بۆ ئەوەی عیراقییەکان سێو چوار جار ئەزێت بخۆنو مەترسی تیرۆر تاقیبکەنەوە؟ پێم وایە دەرسەکان لەم زنجیرە هەڵبژاردنانە لەوەش تێپەڕدەبن کە بۆ ئەو هۆکارانەی سەرەوە بێت، یان بۆ ئەوە بێت گوایە دوو هەڵبژاردنەکە بەدوو یاسای جیاواز کراون، بەڵکو دەبێت ئەو خاڵانە بژمێرین:

یەکەم: وەزعی عیراق شێواوبوو، بەبنبەست گەیشتبوو، هاوسەنگی هێز پرۆسە سیاسییەکەی تووشی متبوون کردبوو. ئەم زنجیرە هەڵبژاردنەو ئەو حکومەتە کورتخایەنانەی براوەکانی هەڵبژاردن پێکیان هێنا درزی خستە بنبەستەکەوەو متبوونەکەی شڵەقاند. گەلێک مەترسیدار دەبوو ئەگەر بەیەک هەڵبژاردن مەسەلەکان یەکلابکرایانەتەوەو ئیتر تا دەورانێکی تر عیراق بێ هەڵبژاردن گوزەرانی بکردایە. عیراقییەکان، چونکە بێ ئەزموون بوون، دوای زەمەنێکی زۆری بێ هەڵبژاردنی، ئەوا زۆر جێی مەترسی بوو بەیەک هەڵبژاردن چارەنووسی چەند ساڵێکیان دیاری بکردایە.

دووەم: دوو هەڵبژاردنی وا پالێوراوەکان، قەوارە سیاسییەکانی لەبێژەنگ دا، هەیە بێ ئومێد بوو لەدەرچوون، هەیە جەولەیەک بردییەوەو جەولەیەکی تر رێژەکەی کەم بۆوە، یان تەنانەت دۆڕاندی. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی (یان دانانی) دەوڵەتەکەی ئەخزەر ئیبراهیمیدا د. عەدنان پاچەچی پۆستی سەرکۆماری دۆڕاند، لە هەڵبژاردنی (2005/1/31)دا لیستەکەی دەرنەچوو وخۆشی جێگری سەرکۆماری دۆڕاندو لە هەڵبژاردنی (2005/12/15)دا، لەچوارچێوەی لیستی ئەلعیراقیەدا، بۆتە ئەندامی پەرلەمان‌و هاتۆتەوە سەر گۆڕەپانەکە، د. چەلەبی بردیەوەو ئینجا بەلیستێکی جیا دۆڕاندی‌و هێزی سیاسی نوێش دەرکەوتن.. هتد.

سێیەم: سەرەڕای رەهەندی دیموکراسی ئەم پرۆسە دیموکراسییەی عیراق، بەڵام پرەنسیپی تەوافوق‌و پرەنسیپی دیاریکردنی چەند (قەدەغەکراوێک) بەئاشکرا دیار بوون‌و پێکەوە ئاوێتە کرابوون. واتا لێرەدا مەسەلەکان نموونەیی نەبوون وواقیعی سیاسیش رەچاو کراوە.

قەدەغەکراوەکان، سەرەڕای مشتومڕ لەسەریان، بەڵام هەر جێگیرکران لەوانەش: (هەژموونی مەعنەوی مەرجەعیەتەکان، فیدرالی، مەسەلەی ئاینی ئیسلام وەک سەرچاوەی یاسادانان، کەرکوک)، بەڵام ئەم قەدەغەکراوانە سنووردار بوون‌و رێیان لەرێژەی سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکە نەگرتبوو.

چوارەم: واتا لە حاڵی واشدا دەبێت رێژەی سەرکەوتن دیاری بکرێت. سەدی چەند پرۆسەی سیاسی عیراق سەرکەوتووە؟ سەرکەوتن یان ژێر کەوتن بەچی دەپێوین؟بە ژمارەی کەمی زیانەکان؟ بەزوویی یان درەنگ گەیشتن بە ئاکامەکان؟ بەعاقیبەتی کارەکان یان بە کەوتنە سەرپێی سیاسەت لەعیراق؟

## دەرەنجامی مۆدێلی نەخشەی رێگا

1-لەهەموو پرۆسەیەکی سیاسییدا، دەبێت چەتری رێککەوتنێک هەبێت کە چەند رێککەوتنێکی تێدایە بەگوێرەی قۆناغ‌و پەرەسەندنەکان دێنە پێشەوە. لەهەر قۆناغێکدا دەشێ پرۆژەی رێککەوتن، یان بیرۆکەی تازە، بۆ چارەسەری کێشەکان بێنە پێش، بەڵام لەژێر چەتری هێڵی گشتی رێککەوتنە سەرەکییەکەدا دەبن

2-هەموو لایەنەکان لەسەر ئەو رێککەوتنە کۆکن و دەبێت پێوەی پابەندبن. بەڵام ئەم پابەندبوونە پابەندبوونێکی وشک‌و برِگی برگەو دەقەکان نییە، بەڵکو پابەند بوونە بەرۆحی رێککەوتنەکانەوە، گرنگە هەمووان بزانین پرۆتۆکۆڵ‌و رێککەوتنەکان، چونکە لەنێوان بەنی بەشەرن، هەرگیز بەشێوەیەکی دەقاودەق جێبەجێنابن، شتێک زیاترو

شتێک کەمتر، گرنگ ئاکامی ئەو ڕێککەوتنانەیە. ئەمە دەشێ لەهەر پڕۆژەو ڕێککەوتنێکی چاکسازیشدا دووبارە بێتەوە.

نابێت کەس سەغڵەت بێت ئەگەر هەر پڕۆژەیەک، کەڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، دەقاودەق جێبەجێنەکرانوکەموکوڕییان تێدا بوو، گرنگ ڕۆحی پڕۆژەکەو دیاریکردنی ڕێژەیەکی لەسەدییە بۆ سەرکەوتن کە بەپێی ئەو ڕێژەیە دەتوانین بڵێین هەنگاوە پراکتیکییەکان تا چەند لەجێی خۆیاندا بوون؟

3-تەوقیتی ئەجینداکان، یان خشتەی زەمەنی، گرنگن، بەڵام ئەوانەش هەندێک جار دوادەکەون، یان تەنانەت پێشدەکەون. گرنگ ئەوەیە دواکەوتن یان پێشکەوتنەکە زۆر زەقو جیاواز نەبێت لەگەڵ خشتە زەمەنییە نوسراوەکە یان ئەجێندا پێشتر دیاری کراوەکە. بۆ نموونە بڕیار بوو بریمەر لە 2004.7.1 حوکم تەسلیمی عیراقییەکان بکاتەوە کەچی ئەو دوو ڕۆژ پێشتر، واتە لە (2004/6/28)دا ئەمانەتەکەی دایەوە دەست عەلاوی. بڕیار بوو قانوونی ئیدارەی دەوڵەت لەشوباتی 2004 ئیمزا بکرێت، کەچی کەوتە 8ی ئاداری 2004وە (هەڵبەت نەک لەبەر خاتری ڕۆژی ژنان، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێنج ئەندامە سەرەکییەکەی شیعە تەحەفوزیان هەبوو، تا قەناعەتیان پێکرا زۆری خایاند).هەروەها بڕیاربوو نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور لە (8/15)دا تەواو بێتو بدرێتە پەرلەمان، کەچی یەک دوو هەفتە دواکەوت. ئیتر بەم شێوەیە.

بێگومان لەهەر پڕۆژەیەکی چاکسازی ناو یەکێتیدا، کە خشتەی زەمەنی دادەنرێت، گرنگە لەچوارچێوەی زەمەنێکی دیار، یان نزیک لەزەمەنی بڕیارلێدراو، جێبەجێبکرێتو پاشەکشێی یەکجارەکیو پێچاوپێچی تێدا نەکرێت. کە وادە دیاری کرا بۆ کۆنگرە، بۆ نموونە، بەبیانووی ئامادەنەبوونی پێویستییەکانەوە دەشێت هەفتەیەک، یان مانگێک، دوابخرێت، بەڵام نەک بەبیانووی (هەلومەرجە ناسکەکەوە) چەند مانگو چەند ساڵ دوابخرێتو پێویستی سازکردنی مردار بکرێتەوە.

4-هەنگاوەکان دەشێت پاشوپێش بخرێن، بەڵام گرنگە هەموویان جێبەجێبکرێت، گرنگە دامەزراوەکانی یەکێتی، کۆنفرانس یان کۆڕو کۆنگرەو کۆنگرەکانی، کە خشتەیەک بڕیاری لێدەدات، سازبکەن جا ئەگەر ئەو هەنگاوانە پاشوپێشیشی تێدا بکرێت.

5-قەدەغەکراوەکان، یان شتە دەستلێنەدراوەکان، دەبێت سنووردار بکرێنو بایی ئەوەندە فراوان نەکرێنەوە کەدەست بۆ دەستکاری کردنی هەر شتێک ببەیت بە پیرۆز، یان قەدەغە کراو، بزانرێت، لەپڕۆژەی چاکسازیدا قەدەغەکراوە

دەستلێنەدراوەکان چین؟ دروشم، یان ئارم، یان ناو، یان ئاراستەی چەپ لەناو یەکێتی، ئەمانە شتە دەست لێنەدراوەکانن یان چی؟ مافی چارەنووس پیرۆزە، یان دەکرێت لێی کەم، یان زیاد، بکرێت؟

6-لەسیاسەتدا دووبارەکردنەوەی کردەیەکی سیاسیی، بۆ نموونە هەڵبژاردن، لەماوەیەکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەیە بەچەند فلتەرێک پرۆسەکە لەبێژەنگ بدرێت. رێککەوتن لەسەر چەند کۆنفرانس یان کۆنگرەو دیاریکردنی ماوەی زەمەنی چڕو پرو لێکنزیک بۆیان، بۆ لەبێژەنگدانی دیاردە سیاسییە خراپەکانی وەک تەکەتولو چانسی لەناکاو و مۆنۆپۆڵی سیاسییە هەروەها، بۆ خوێن بەبەراکردنی لەشێکە کە ماوەیەک، بەهۆی متبوونەوە، گرفتاری کەم خوێنیو ساردو سڕییە. لەبەر ئەوەشە کوردەواری دەڵێ شەرتی پیاو سێ جارە. ئەمەش بۆ ئەوەیە پرۆسەی چاکسازی، لەپاڵ بەئاکام گەیاندنی چاکسازیدا، لەرێرەوێکی دیموکراسیو بەفلتەر رۆیشتندا بتوانێت کادیری نوێ، دەمووچاوو توانای نوێ پۆلێن بکاتو لەم رەوتە، ئاڵۆگۆڕ لەدەسەڵاتی سیاسیی ناو دامەزراوە سیاسییەکە، کە لێرەدا حزبە، پێک بێنێت. دوای ئەوەی ئەم لەبێژەنگدانو بەفلتەردا گوزەرکردنە تەواو دەبێت، دامەزراوەی حزب تەندروستی خۆی بەدەست دێنێتەوەو ماوەی نەقاهەت تەواو دەکات. ئەو کاتە دەتوانێت رەوتی ئاسایی خۆی لەگرێدانی چالاکیو کۆڕو کۆنگرە وەربگرێتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوە نییە یەکێتی کۆنگرە بکات یان نا؟ کامیان چاکە، کردن، یان نەکردنی، لەم هەلومەرجەدا؟ بەڵکو پرسیار دەبێ ئەوە بێت بەچەند کۆنفرانس وکۆنگرە یەکێتی دەگاتە رێژەی سەرکەوتن لە چاکسازی و خۆنوێکردنەوە؟ پرسیار ئەوەیە بە چەند کۆر وسیمنار وئینجا بەکام کۆنگرەی ئینتقالی دەچینەوە سەر شەمەندۆفەری ئاسایی؟ و ماوەی نێوان ئەو کۆنگرە ئینتقالییە و کۆنگرەیەکی ئاسایی چەند بێت وبەرنامەی ئەو کۆنگرەیە و ئەجینداکەی بۆ نوێکردنەوەی یەکێتی وریێژەی ئاڵوگۆر لەپێکهاتەی سەرکردایەتیدا، چەند بێت؟

دەکرێ لەو ماوەیەدا یەکێتی لە هەموو پرۆسەیەکی سیاسیدا، کە دێتە پێش وئەو پرۆسەیەش خەسڵەتێکی چارەنووسسازانەی هەیە، راپرسی ناوخۆیی بکات، لەهەر پرۆسەیەکی دیاریکردنی کاندیدکراوەکانی یەکێتی بۆ حکومەتەکانی بەغدا وهەرێم وحکومەتە ناوچەییەکانی پارێزگاکان، پەرلەمانە عیراقی وکوردستانیی وناوچەیی وشارەوانییەکان، پرۆسەی هەڵبژاردنی ناوخۆیی ئەنجامبدات.ئەمەیان هەم ئیستحقاقێکی دیموکراسییە وهەمیش پرۆڤەیەکە بۆ چاکسازی لەناوەوەی یەکێتی.

7-لەهەر پرۆسەیەکی سیاسییدا زیانلێکەوتووی وا هەن کە قازانجیان لەگۆڕانەو خاوەنانی دەسکەوتەکانیش هەن کە حەزیان لە وەکو خۆی مانەوەی ڕەوشەکەیە.

لەم ململانێیەدا خاوەن قازانج لەگۆڕان باشترین چاودێرە بەسەر ئەو مەیلەی نایەوێت گۆڕان بکات. چاودێرەکانیش دوو جۆرن:

أ-چاودێری ناوخۆیی (ئەوانەی گۆڕانیان دەوێت، چونکە ڕەوتەکە لەقازانجی وانە).

ب-چاودێری دەرەویی کە ئەمانە، یان دۆستن، یان هاوبەشەکانی پرۆسە سیاسییەکەن. لەنموونەی عیراقدا، ئەمریکا چاودێرێکی چاوتیژی پرۆسەکەیە. لە نموونەی چاکسازی یەکێتییدا دەشێ لیژنەیەکی حوکما، یان هەڤاڵە ژیرو بێ مەسلەحەتەکانی یەکێتی، یان دۆستە هاوخەباتەکانی سۆسیال دیموکرات (هەر وەکو لە پرۆژەی سولحوئیسلاحدا هاتووە) ڕۆڵی چاودێری ئەجێندای چاکسازی بگێڕن.

8-لە مەسەلەکانی جێی ناکۆکیدا، دەشێت دەستکاری ئەجینداکە بکرێت بەگونجان، یان لەئەنجامی پەرەسەندنی پرۆسەی چاکسازی، یان لەئەنجامی ئەوەی زەمەن وەڵامی هەندێک پرسیار دەداتەوەو کەفیلە بەچارەسەرکردنی زۆر گرێی ئاڵۆز. بەمەرجێ ئەم دەستکارییە لادانێکی دراماتیکی نەبێت لەڕەوتی ڕێککەوتنو پرۆژەی چاکسازی.

ئەمانە هەندێک هێڵی گشتی بوونو نامەوێت لەم نووسینەدا بچمە ناو وردەکاری هەر پرۆژەیەک، یان ناوەڕۆکی پرۆژەکان تاوتوێ بکەمو "دەوڵەمەندی" بکەم. ئەوی بەتێڕوانینی بەندە گرنگە ڕەچاوکردنی مۆدێلی پراکتیزەکردنە.

دەزانم ڕەنگە هەبن بڵێین جا بۆ نموونەیەکی عیراقی، کە هێشتا لەم گێژاوەی دوای هەڵبژاردنی (12/15) ڕوون نییە بەکوێ دەگات، دەکرێتە مۆدێل بۆ مەسەلەیەکی ناوخۆیی هێزێکی کوردستانیی؟ منیش دەڵێم: ناڵێم ئەم نموونەیە بێ کەموکوڕییە وهەموو هیواکانی خەڵکی عیراق و کوردستانی بەتایبەتی هێناوەتە دی، بەڵام کەڵک وەرگرتن لەئەزموونی خەڵکی تر هیچ عەیب نییە. بەتایبەتی کە کورد خۆشی بەشداری نموونە عیراقییەکەیەو ئەم نموونە عیراقییەش، لەدوای ڕوخانی سەدامەوە، ئەمریکاییەکانو ڕۆژئاوا زۆر بەقووڵی کاری تێدا دەکەنو هەموو توانا دارایيو مرۆییەکانی خۆیانو هەموو شارەزایی شارستانێتیو تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایان بۆ خستۆتە خزمەتەوە و پشتیوانی دەکەن.

ئەم نموونەیە هەر هی عەرەبی عیراق نییە، هەر هی عیراقییەکانو تەنها بۆ ئەوانیش نییە، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکەیە.

بەوەندەوە دەوستمو ئەگەر گفتووگۆ هاتە کایەوە، دێمەوە کایەوە!

1.پـوختەی ئەم بـابەتە وەکـو کۆڕێـک لە هـۆڵی کۆبوونەوەکانی مەڵبەنـدی دووی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکەرکوک، پێشکەشکراوە.

2.لەنووســـینێکی جیـــاوازدا هەوڵـــدەدەم لەســـەر سروشـــتی ناکۆکییەکـــانی نـــاو یەکێتیـی:نـاکۆکی نێـوان نەوەکـان، نێـوان کارەکتەرەکـانی شـاخ وشـار، پـێش ودوای ڕاپەڕین، بدوێم.

# چ هەیکەیلێکی ڕێکخراوەییمان گەرەکە؟*

هەڤاڵانی پاشکۆی کۆنگرە چەند پرسیارێکیان ئاراستە کردم بە چاکم زانی لەرێی چەند نوسینێکەوە وەڵامیان بدەمەوە رئەمەی خوارەوە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە:

"هەیکەلـــی ریکخراوەیـــی (ی.ن.ک) لەدوای راپەڕیـــنەوە هێـــشتا تایبەتمەنـــدی شۆڕشـــگێڕیی هەیە، هەنـدێک پێیـانوایە پێویـستە ئەو هەیـکەلە لەسـەر بنەمـای ئایدۆلۆژی دروست ببێتەوە. هێندێکیان پێیانوایە کە هەیکەلەکە جەماوەری بێت و بێگومان بۆچوونی تریش هەیە، چی پێشنیار دەکەن و راتان لەمبارەیەوە چییە؟"

*هەیکەلی رێکخراوەیی ی.ن.ک یان هەر حزبێکی تر کە بە تەنگ رۆڵی سیاسی خۆیەوە بێت، جا پاراستنی ئەو رۆڵە یان پەرەپێدانی بێت، پێویستە لەدوو سەرەوە گرێدراوی ژینگەی سیاسیی کارکردنی بێت:

-لەسـەرێکەوە هەڵقـوڵاوی ئەو ژیـنگەیەو-لەسـەرێکی دیکەشـەوە وەڵامـدەرەوەی پێویستییەکانی خەبات بێت لەو ژینگەیەدا.

جا ئەگەر لەسەردەمی پێش راپەڕیندا هەیکەلی رێکخراوەیی یەکێتی تایبەتمەندی شۆڕشـگێڕیی هەر وەڵامـدەرەوەی ئەو هەلـومەرجە بـووە: دەبـێ ئـامرازی شـۆڕش لەکۆمەڵگەیەکی وادا کە جگە لەشۆڕشکردن هیچ دەرەتانێکی خۆنواندنی سیاسیی بۆ نەماوەتەوە، ئامرازێکی شۆڕشگێڕیی بێت، هەیکەلێکی شۆڕشگێڕیی هەبێت. بێگومان ئەمەش بێ بوونی ئایدۆلۆژیایەک، یا رێبازێکی فیکریی مەیسەر نەدەبوو، لەوانەیە لەئاستی ئەدەبیاتی فیکرییدا زۆر کەس جیاوازی بکات لەنێوان ئایدۆلۆژیاو رێبازی فیکرییدا،بەڵام ئەمە لە زهنییەتی گشتی سیاسەت لەکوردستاندا هەر بە یەک مانا بەکارهاتووە. جا لەبەرئەوەی یەکێتی رێکخراوێکی چەپ بووە، یان چەپی مارکسی لینینی، ئەوا "ئایدۆلۆژیا" بۆتە ناونیشانی چەپێتی یەکێتی، لەبەرئەوەش کە لەزهنییەتی گشتییدا ئایدۆلۆژیا مانای بیرو باوەڕێکی توندوتۆڵی بێ ئەملاو ئەولای گەیاندووە، وەختێک قسە لەسەر پاراستنی چەپێتی یەکێتی دەکەین، بۆ ئەمڕۆ کە رێبازی سۆشیالیست دیموکراتەکانی هەڵبژاردووە، ئەو موجادەلەیە دروست دەبێت ئایا

* ساڵی 2007، لە پاشکۆی کۆنگرە – رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

"ئایدۆلۆژیا"مان دەوێت؟ یانی ئایا ئێمەی سۆشیالیست دیموکراتی خاوەن نەرمی و میانڕەوی لەکاری سیاسیی لەژینگەیەکی دیموکراتیس یاسایی و ئاشتیخوازانەدا پێویستیمان یە ئایدۆلۆژیا هەیە کە بە مانای توندوتۆڵی بێ ئەملاو ئەولای فیکریی دێت؟

یانی لەشوێنێک ئایدۆلۆژیا یەکسان کراوە بە ڕێبازی فیکریی و لەشوێنێکی تریش بیروباوەڕێکی توندوتۆڵ. لەمەوە هەن داوای حزبێکی موتەزەمتی فیکریی دەکەن، چونکە ئەمە تێگەیشتنە لەئایدۆلۆژیاو هەشن دەخوازن حزبێکی بێ ڕێبازێکی فیکری-مان هەبێت، چونکە گوایە زەمەنی نوێ (ئایدۆلۆژیا)ی دەرکردۆتە دەرەوە.

بۆ دەرچوون لەم گرفتە دەشێ ئیتر ئێمە فەسڵ بکەین لەنێوان ئایدۆلۆژیا وەکو فیکرێکی موتەزەمیت، وەکو ئایدۆلۆژیای ئوسوڵی یان کۆمۆنیستی، جەغت لەسەر ڕێبازی فیکری بکەینەوەو هەیکەلی ڕێکخراوەیشمان وا لێ بکەین ئەو ڕێبازە فیکرییە بگرێتە خۆی. کە بۆ ئێمە ڕێبازی فیکریی سۆشیالیستی دیموکراتە.

*ئەگەر ئەسڵ لە دارشتنی هەر هەیکەلێکی ڕێکخراوەیی ئەوەبێت کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژینگەی خۆی بێت، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە لەدوای راپەڕینەوە ئێمە پێویستیمان بە چ هەیکەلێک هەبووە کە وەڵامدەرەوەی قۆناغی دوای راپەڕین بێت و ئێستاش، کە قۆناغی دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆرییە، پێویستیمان بە چ هەیکەلەیەک هەیە کە لەگەڵ ئێستا بگونجێت. لەماوەی (1991-تا 2003-قۆناغی راپەڕین- بۆ رووخانی بەعس) قۆناغێکە تازە بە تاڵ و شیرینییەوە رۆیشت. مەگەر لەرەوتی مێژوودا هەر بۆ هەڵسەنگاندن و راهێنانی فیکریی دەست دەدەن. بۆیە چەندی بڵێین (ئەگەر) لەدوای راپەڕین بەمجۆرە یان ئەو جۆرە خەباتی ڕێکخراوەییمان بکردبایە ئاکامەکەی وادەبوو یان بەجۆرێکیتر، هیچ لەوە ناگۆڕێت تازە ئەو قۆناغە رۆشت، ئەوەی لەو دەورانەدا باو بووە دەسکەوتەکانی زیاتر بوو لە "لە دەستچووەکانی"یان بە پێچەوانەوە؟

بەڵام ئەمەی بۆ ئێمە ئاشکرایە ئەوەیە لە (2003-بۆ 2008) لەدەورانێکی تازەی سیاسییدا دەژین، دەورانێکی وا کە دەسکەوتێکی بۆ پرسی کوردو دیموکراسی هەبووە، یانی بۆ دوانەی خەباتی ڕێکخراوەیی و هەمەلایەنەی یەکێتی، لەهەمانکاتدا دەورانێکە پڕ بووە لەکێشەو گرفت و ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر هەیکەلی یەکێتی و کاری ڕێکخراوەیی ئەم حزبە هەبووە.

یەکێتی پشکی شێری هەیە لەسەرکەوتنەکانی ئەم دەورانە تازەیە، هەروەها پشکی شێری هەیە لەکاردانەوەی سەلبی ئەو دەورانە لەسەری.

یەکێتی دەیتوانی (کاریگەر) نەبێ تا لەسەروەرییەکان بێ بەش بێت و لەکاریگەریی رەشەبای گۆڕانکارییەکانیش سەر رەحەت و سەر سەلامەت بێت، بەڵام ئیتر قەدەری ئەم حزبە وایە کارای (سەرکەوتن) و کارتێکراوی موزاعەفاتەکانی ئەو سەرکەوتنەش بێت.

ئێستا دەبێ بپرسین بۆ قۆناغی نوێ چ جۆرە هەیکەلێک؟ بۆ ئەمە وەسفەیەکی جاویدانی نییە کە هەرئەمەندە لەپەیڕەو و پرۆگرامی نوێدا چەسپێنرا ئیتر هەموو گرفتە ڕێکخراوەییەکانی یەکێتی چارەسەردەبێت. بەڵام دەکرێ لێرەدا چەند سەرەقەڵەمێک باس بکەین:

-دەبێ هەیکەلی نوێی یەکێتی هەم بە کەڵکی سەردەمی نوێ بێت (وەڵامدەرەوەی سەردەمی خۆی) و هەمیش گۆڕانێکی وا دراماتیکی نەکات کە ناسنامەی یەکێتی، وەک حزبێکی بنکە فراوانی جەماوەریی، ڕەوتی پێکهاتنی یەکێتی و ئەزموونە کەڵەکەبووەکەیەتی. مانای دروستبوونی ڕێکخراوێکی تر کە بەناوی (یەکێتی)یەوە کارێکی تر دەکات.

-هەیکەلی نوێ دەبێ بۆ تەفعیلکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەیی یەکێتی بێت لەژینگەیەکی تازەدا. ئامانج لێی تەنها گۆڕینەوەی دەستەواژەو ڕستە کۆنەکان نەبێت بەهی نوێی وشک و برنگە کە نە قۆناغی پێشوو تەجاوز بکات و نە دەرگا بەرووی قۆناغی نوێدا بکاتەوە. پرۆژەی گۆڕینی هەیکەلی یەکێتی دەبێ دیموکراتی بێت بێ ئەوەی ژینگەی ئاستی گەشەکردنی دیموکراسیی لەکوردستان فەرامۆش بکات. هەیکەلی نوێ دەبێ تۆکمە بێت بێ ئەوەی پەراوێزی بنکە جەماوەرییەکەی بەرتەسک بکاتەوە.

دەخوازم لێرەدا ترسێکی خۆم دەربخەم لەو نموونەو مۆدێلانەی هەڤاڵان لەزمانە بیانییە جیاجیاکانییەوە لەسەرپێکهاتەی حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا وەریدەگێڕن. هیوادارم ئەم نموونانە بۆ کەڵک وەرگرتن بن، نەک سەپاندنی. ژینگەی خەباتی سۆشیال دیموکراتی یەکێتی کوردستانە نەک شوێنێکی ترو هونەریش لەمەدایە لەو ژینگەیەدا یەکێتی بتوانێ کاریگەری لەسەر ڕەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگی دابنێت و بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو ژینگەیە گۆڕانی تێدا بکات. بەم لۆکال بوونە هەم خزمەتی کوردستان دەکات و هەم ئەرکی (نێودەوڵەتی)یش وەکو ئەندامێکی سۆشیالیست ئینتەرناسیونال جێبەجێدەکات.

نموونەی پێکهاتەی حزبەکانی ترو ڕەوتی گەشەکردنیان بۆ خۆیان باشەو بۆ ئێمە پەندە کە دەبێ لێوەی فێربین، بەڵام بەچی دەچێ ئێمە پێکهاتەی دیموکرات و

کـراوەی حزبـی سۆشیالیـست دیمـوکراتی سـویدی یـان ئەڵمـانی کـۆپی بکەیـنەوەو لەواقیشعیــشدا هەڤاڵبەنــدیتی نێــوان کادیرەکــانی یەکێتــی لەنێــو خۆیــان و لەگەڵ سەرووی خۆیاندا هی تابع و مەتبوع بێت؟. یان بەچی دەچێت دەرگای لیبرالترین ئاراســتەی کــارکردن بــۆ کــادیری یەکێتــی بکەیــنەوە لەهەیکەلــی ڕێکخراوەییــداو لەواقیعیشدا عەقڵییەتی کاریۆ حزبییمان هەمان کەلتوری حزبە چەپەکانی ئۆردوی ڕۆژهەلات بێت؟ ڕەنگە بوێرم پێشنیازی ئەوە بکەم ئەم کۆنگرەیە ئینتیقالی بێت و لەگەڵیشیدا هەیکەلی ڕێکخراوەییەکی وا نەرمونیان دابڕێژن کە لەقۆناغی پێشوەوە بمانگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ لەکاری ڕێکخراوەییدا. قۆناغێک هەیکەلی داڕێژراو لەگەڵ کەلتوری کارکردندا پلەیەکی گونجاوی بە یەکگەیشتنەوەیان هەبێت.

داوای بەندە ئەمەیە هیچ نموونەیەکی دەرەکی کۆپی نەکەین، بەڵکو نموونەکان بۆ ئــێمە ببــنە خەزینــی ئەزمــوون و لەدینــامیکییەتی کارکردنیــان تێــبگەین. یەکێتــی لەسـەردەمی ئایـدۆلۆژی خـاوەن هەژموونـدا سـەرەنجام بـووە خـاوەنی ڕێ و ڕێبـازی خۆی و کراسی کەسی لەبەرنەکرد، بۆچی لەم سـەردەمی فرە ئەزمـوونی و کراوەییـدا نموونە کۆپی بکاتەوە.

بــا نموونەکــان بــۆ فراوانکردنــی بژارەکــانی بەردەممــان بەکــاربێنین، نەک بــۆ تەسککردنەوەی.

# هاوکێشە قورسەکەی ناو یەکێتیی*

سیاسەتی کوردی تا کوێ بارگرانی ئەم تەنگژەیەی پێ هەڵدەگیرێ؟ کوردستان لە کام هەواری چارەنووسدا دەگیرسێتەوە؟ لەم ماوەیەدا کە یەکێتی دەستی بە چاکسازیی فیعلی کرد، تا چەند دەتوانێ ئەم پرسە سەربخات و ببێتەوە کارەکتەرە زیندووەکەی جارانی کوردایەتی؟

ئەگەر لە دەرەوەی ئینتیما، لایەنداریو دۆستداری سەیری هێزێکی سیاسیی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەین، رۆڵاو کاریگەری لە گۆڕەپانی کوردایەتیو عیراقیدا هەڵبسەنگێنین، بەلانی کەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خاوەنداریتی لە ئەمڕۆو چارەنووسی ئەم حزبە تەنها موڵکی ئەندام و هەڵسوڕاوانی ئاستە جیاجیاو سەرکردایەتییەکەی نییە، بەڵکو یەکێتیی لەبەر گەلێک هۆکار: دروستبوونی، پایەی لە شۆڕش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، تۆڕی فراوانی دامەزراوەکانی، سەنگی لە حوکمڕانی رەسمی کوردستانیو عیراقدا، دەریایەک لە خوێنو خەسارەت لە دڵۆپی فرمێسک و دڵۆپی ئارەقی ماندووبوون لەم رەوتەدا، هەموو ئەمانە شڤڵی دامەزراوەیەکی نەتەوەییانداوە بەم حزبە و بە ئەندازەی ئامادەگی سیاسیی لە دەرەوەی هەیکەلی حزبی تایبەت بە خۆیدا مافی بەدەنگەوە هاتنو لەسەر هاتنە جوابی داوە بە خەڵکی کوردستان. یانی خاوەنداریتی لە یەکێتیی خاوەنداریتییەکی گشتییە. خاوەنداریتییە لە باسکێکی گەورەی کوردایەتی کە بۆ ئەوە دروست بووە ئامانجەکانی کورد بێنێتە دی. بۆ ئەوە دروست نەبووە خۆی ببێتە کەرەستەیەکی ململانێ لەسەرکردن و هەڵپچڕینی بەش. بۆ ئەوە درووستبووە کەرەستەی دەستی کورد بێت لە مەیدانی ململانێی نەتەوەییو ململانێی پێشکەوتنی کوردەواریدا.

### مافی بەشداری مافی هەڵوەشانەوە نادات

شەرەفی ئەندامێتیو رۆڵگێڕان لە دروستکردنی ئەم تەلارە بەرزە نەتەوەییە، مانای ئەوە نییە مافی داڕوخاندن یان یاری ماڵەباجێنە یان مافی تیپ هەڵوەشاندنەوە،

* ساڵی 2009، لە گۆڤاری هەفتانە بڵاوبۆتەوە.

مافێکی ڕەوای هاوشانی مافی سەروەریتی ئاواکردنی تەلارەکە بێت. ئەم سەرمایە کەڵەکەبووە، تەنها موڵکی میللەتی کوردە. (خاوەنەکانی) دەتوانن سەرمایەگوزاری چاکتری تێدا بکەن بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەی دی، بەڵام ناتوانن لە گەمەی دەسەڵاتداریتیو پاوانکردنی ئەو بوارانەی دەسەڵات دەیانخاتە سەرپشت، بەفیڕۆی بدەن.

ساڵی 1999، ڕێک دە ساڵ پێش ئێستا، بەڕێز مام جەلال لە باسوخواسەکانی بەرنامەی (بژارو گەشەپێدان)ی ئەوی ڕۆژێدا ئاماژەی بەوە کرد "ئێمە کۆمەڵێک چەتە نەبووین لەسەر دەستکەوتەکان بەشەڕبێین، ئێمە پێشمەرگە بووین بۆ خەڵکی کوردستان." جا دە ساڵی تر لە تەمەنی مێژوو هەر هیچ نییە کە ئێستا ساڵی 2009یە، مەگەر ئەوە نەبێت رووخانی سەدام و رژانی پارەو بودجە بەسەر کوردستاندا وای بەسەر هێنابین تا دە ساڵ بە بازدانێک کاریگەری سەد ساڵی هەبێت.

خۆ ئەزموونی کوردستان نەبۆتە شارستانییەکی بێ وێنە و یەکێتیی یان هەر پارتییەکی تر، نەبوونەتە ئیمپراتۆریایەک کە سوری ژیانی خۆیان تەواو کردبێت، (درووستبوون، نەشونماکردنو داشکان بۆ خوارەوە) نزیکەی دوو دەیە لە تەجرەبە چییە بە بەراورد بە تەمەنی تەجرەبەی دەوڵەتی عوسمانی یان چەند سەدەی سەڵتەنەت لە ئێران یان تەنانەت هەشتا ساڵ لە ڕەوتی دەوڵەتی نوێی عیراق؟ دوکانی بەکرو دوو قاڵب سابونە، خەریکە دەشبێتە دووقاڵب سەهۆڵ، لەبەر تینوتاوی بچوکترین تەنگژەو ململانێدا قابیلی توانەوەو فەنابوونە. هەڵبەت فەوتانی وا نەمانی ئیمپراتۆریایەک نییە، بەڵکو بە جوانەمەرگی سەرنانەوەیە.

لەجێی ئەوەی ئەم تەلارەبەرزە لەسەر زەمینی واقیع بکەینەماڵەباجێنە، با لەسەر زەمینی شرۆڤەکردن، بۆ چاکترخوێندنەوەی ڕەوشەکە، وەک گەمەی میکانۆ هەڵیوەشێنینەوەو بیخەینە سەر توخمە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی. لە ئەسڵدا یەکێتیی بۆچی دروست بووە؟ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی)؟ بۆ ئەوە نەبوو باسکی هێزی شۆڕشی کوردستان بێت لە نەبەردی ڕزگاریو دەستکەلای دەستی کوردایەتی بێت بۆ سەرخستنی ئامانجە نەتەوەییەکان؟

بۆ ئەوە نەبوو دوای ڕزگاریی، کوردستانییان سەروەری وڵاتی ڕزگاری خۆیان بنو لە ئاوەدانیو ئازادیدا خاوەندار بن؟

لە کام شوێنی بەرنامەو ئەدەبیاتی قۆناغە جیاجیاکانی ڕەوتی یەکێتیدا هاتووە کە؛ ئەسڵ لە یەکێتیدا تێکۆشانە بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی نفوز، پایەکانی

دەسەڵاتداریتیو پچڕینی چەند کادیرو دەستەیەک هەڤاڵا کە کاریان راییکردنی ئەرکی خەدەم و حەشەم بێت؟ لە کام ئەساسنامەدا هاتووە جیاوازی لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئاستی دەسترۆیشتوویی و دەستپێداڕاگەیشتن لەنێوان سەرکردایەتیو بنکردایەتی، لەنێوان سەرەوەو کادیرانی ناوەنجی، لەنێوان قەبارەی گروپەکان وەک جیاوازی نێوان نوخبەیەک دەوڵەمەندو بەرینییەکی هەژاردا بێت لە کۆمەڵگایەکدا کە بالانسی ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکچووە و چینی ناوەڕاستی بەسەر دووبەرەدا، بە ناعەدالەتی، دابەشبووە.

## هەڵەکان لە کوێدان؟

سەیری میکانۆکە دەکەیت تا بزانین لەکوێ پارچەیەکی یارییەکە بە هەڵە دانراوەو وای کردووە یاری دروستکردنی تەلارەکە لەگەڵا نەخشەو خەریتەی بەردەستدا نەگونجێت؟ بۆتەدەردەکەوێت کە بۆ هەر خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی ناتوانی لە تەجرەبەی حزبایەتی شوێنەکانی تری جیهانەوە شتهەڵگریت، بەڵکو دەبێ لە تەجرەبەی دەوڵەتو دەسەڵاتەکان و ریگا چارەنووسییانەوە سەیری بکەین.

جا یەکێتیی بژاردە لەدەست خۆیەتی کە دەخوازێ (کوبا) ئاسا کە شەهید ریباز کاتی خۆی بە (نێرکە کاردی) وەسفی کردبوو، لە گۆرەپانەکەدا "تەکەلوس" بکات و هیچ چاکسازیی نەکات؟ یان چاکسازیی بکات کە گەڕانەوە بێت بۆ ئەساسنامە لەپێناو سڕینەوەی مەیلی لادان لە (بۆچێتی یەکێتیی)؟

چاکسازییەکەشی دوو نموونە و یەک بژاردەی سەرکەوتنی داناوە.

نموونەی یەکەم:

نموونەی چاکسازییەکی خراپە وەک ئەوەی هەوڵی چاکسازیی لە یەکێتیی سۆڤێت، ئەم ئیمپراتۆریایەی بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد، لەجێی ئەوەی بەرەو سەرکەوتنو ریفۆرمی ببات.

نموونەی دووەم:

1-حزبی کۆمەنیستی چینی، ئەگەر یەکێتیی وەکو جاران "چینچێتی" دەکات، ئەوا چاکسازیی سەردەمی (جیان زی مین) چینی کردە هێزێکی گەورەی جیهانی. ئەم نموونەیە هێزێکی گەورەیە، بەڵام لە دیموکراسیدا گرفتدارە و دەبێ هەنگاوبنێت.

2-نموونەی پارتی کرێکارانی بریتانیا کە لە هەناوی تەجرەبەی دیموکراسیدا ئەم حزبەی نوێکردەوەو نزیکەی چوار دەورەی هەڵبژاردن کردییە یەکەمی گۆڕەپانی بریتانیا (دەورانی تۆنی بلێر و گۆردن براون).

بـژاردەی بەردەمیـشی ئەوەیە؛ نمـوونەیەکی کوردسـتانیی پێـشکەش بکـات کە یەکێتیی جاران کەڵکی لە ئەزموونی دەرەکی وەردەگرت، بەڵام ڕێگاچارەی هەمیشە کوردستانیی بوو.

ڕێگـا کـراوەیە لە بەردەم یەکێتیـی، نمـوونەیەکی چاکـسازیی ڕەچـاو بکـات کە یەکێتیـی نـاو یەکێتیـی لەسـەر حـسابی چاکسازیی و دیمـوکراتیزەکردن نەبێـت. بە دیویێکی تریشدا چاکسازیی و گۆڕانیش لەسەر حسابی یەکێتیی ناو یەکێتیی نەبێت. ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکانی ئەم هاوکێشەیە هونەرە ڕاستەقینەکەیە. دەنا ئیتـر ئەم تەجـرەبە سیاسـییە دوورو درێـژەی سیاسـەتی کـوردی بـۆ چ باشـە ئەگەر فریـای ڕاگرتنـی هاوکێـشەیەکی وا نەکەوێـت؟ ئەگەر ئیـدارەی تەنگـژە بەم شـێوەیە بێت کە (چاکسازیی لەسەر حسابی یەکێتیی ناو یەکێتیی یان یەکێتیی ناو یەکێتیی لەسەر حیسابی چاکسازیی بێت).

# یەکێتی پێویستی بەچییە؟*

## 1

یەکێتی پێویستی بەچییە بۆ بەهێزبوونەوەو گەشەپێدانێکی لەدۆخێکی نوێ؟ ڕەنگە هەر یەکێک بدوێنیت شەرحی حاڵێکت بۆ بکات و بنچینەی پێویستی یەکێتی لەڕوانگەو پێگەو خەیاڵدانی خۆی لەسەر ئەم حزبە بەرەییە فراوانە بۆ دیاری بکات، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە یەکێتی یەک دیدی نییە، بەڵکو یەکێتی، یەکێتی دیدە جیاوازەکانە کە لەناو یەک قەوارەدا یەکێتییەکیان پێکهێناوە. بەڵام دەستنیشانکردنی پێویستی یەکێتی بەتەنها بەس نییە بۆ دەربازبوون لەدۆخی ئێستا، بۆ بەهێزبوونەوەیەکی چۆنایەتی ئەوی گرنگترە لەدەستنیشانکردن چەند بابەتێکی ترە کە هی مۆراڵی و هی دیاریکردنی ئەولەویاتەکانە، لەمەشەوە دەتوانین قسە لەسەر دانانی نەخشەڕێگایەک بۆ دەسپێکێکی نوێ بکەین. بابەتی مۆراڵی دەکەمە سەرەتا، چونکە بەڕای من ئەم بابەتە مافی خاوەندارێتیمان دەداتێ لەیەکێتی و مافی گفتوگۆو ڕەخنەگرتنیشمان بۆ تۆختردەکاتەوە. بابەتی مۆراڵی ئەوەیە ئێمە دان بەبەشی خۆماندا بنێین لەکەموکوڕی و کەمتەرخەمی، بە ڕای من هەر کادیرو هەر کارەکتەرێکی یەکێتی پێویستی بەساتەوەختێکی ڕاستگۆیی هەیە کەبەجۆرئەتەوە بەشی خۆی لەکەموکورتییەکان دیاریبکات و ڕەخنە لەخۆی بگرێت پێش ڕەخنە لە خەڵکی تر. مرۆڤ چەند بەدوای هەڵسەنگاندنێکی بابەتییدا بگەڕێت و هەوڵبدات هەموو دیوەکانی دیاردەی هەڵسەنگێنراو ببینێت، مادام خۆی کارەکتەرێکی بچووک یان گەورەی کایەکەیە هەڵسەنگاندنەکەی کامڵ نابێت و ناچێتە دڵەوە، ئەگەر دەست نەخاتە سەر کەموکوڕیی خۆشی، یان هیچ نەبێت لەڕووی پرەنسیپیشەوە بێت دان بەوەدا نەنێت کەدەشێ و بگرە بەفیعلی ئەویش بەشداربێت و بەشدارە لەهۆکارەکانی تەنگژەکە. بەڕای بەندە خاڵی جەوهەری لێرە کەیەکێتییەکان لەباڵی دەرچووی ناو یەکێتی جیادەکاتەوە هەر ئەمەیە کە ئەوان لەپرۆسەی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی یەکێتیدا خۆیان بێبەریکرد لەکەموکوڕییەکان و شانی خۆیان لەهەر بەرپرسیارێتی و دەستتێداهەبوونێک خاڵیکردەوە، بۆیە ئەگەر قەرارە یەکێتی بەجۆرێکی تر خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی لەم دۆخە متبووە دەربازبکات، دەبێت هەر یەکێک لەئێمە

* ساڵی 2009، لە کوردستانی نوێ دا بڵاوبۆتەوە.

دەستنیشانی بەشی خۆی بکات لەکەموکوڕییەکان، ئەمە پرسێکی مۆراڵییە، بەڵام لەهەمان کاتدا پرسێکی حزبی و سیاسی گرنگیشە. لێرە قسەم لەسەر ئەوە نییە زنجیرەیەک دانپیانانی جەماعی بخرێتەسەر پەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکان، یان لەشاشەی تیڤییەکانەوە هاووڵاتی ئاسایی بەپرسی رەخنە لەخۆگرتن و ئیعترافاتەوە مژوڵ بکەین، بەڵکو قسەم لەسەر ئەوەیە هەر یەکێک لەشوێن و پێگەی خۆیەوە، لەرێی کەناڵی حزبی و دامەزراوەیی حزبی خۆیەوە پرۆسەی رەخنە لەخۆگرتن بخاتە چوارچێوەی پرۆسەی رەخنەگرتنێکی گشتییەوە لەسەر ئەدائی یەکێتی، تا مەنزومەی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی یەکێتی مەنزومەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن بێت، نەک پرۆسەیەکی ناکامڵی وابێت هەر لایەنەو تۆپە ئاگرینەکەی بۆ باوەشی ئەویتر تێبگرێت، سەرەوە بڵێ خەتای خوارەوەیەو خوارەوەش خۆی بەفریشتەی بێدەسەڵات نیشانبدات، یان ئەم دامەزراوەیە ئۆباڵەکە بخاتە ئەستۆی ئەویترەوەو ئەوی دیش بڵێت خەتای ئەوی ئەولاترە. ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە وێنەی گشتی هۆکارەکانمان ناداتێ، مەسجێکی مۆراڵی ناگەیەنێت و دەروونی یەکێتی و هەڤاڵەکانی ناو یەکێتی لەسەلبیات و کەموکوڕیی پاکناکاتەوە. رەخنە لەخۆگرتن، لەسیاقی رەخنەیەکی گشتی لەئەدائی یەکێتی، رێگەخۆشکەرە بۆ پێداچوونەوەو تێهەڵچوونەوەیەکی نوێ، چونکە ئەوی رەخنە لەخۆی دەگرێت رێگا بۆ رەخنەگرتنی خۆی دەکاتەوە. رەخنە لەخۆگر دواجار هەڵسەنگاندنێکی بابەتیمان دەداتێ.

## 2

خاڵی دووەم لەنەخشەرێگای چاککردنی دۆخی یەکێتی دیاریکردنی ئەولەویاتەکانە، هەر دیاردەیەک بگرین بەدیاردەی حزب و کێشەکانیەوە، پتر لەڕەهەندو زیاد لەدەرفەتێکی هەیەو ئەگەر ئەولەویەتێک دیارینەکرێت یان ئەگەر پۆلێنێکی کێشەکان نەبێت بەگوێرەی مەودای کاریگەرییان لەدۆخی یەکێتی، بەئەندازەی هۆکاری زەفەربردنیان بەیەکێتی، زەحمەتە بتوانین لەشوێنێکەوە دەستپێبکەین. زەحمەتە بتوانین هەڕەمێکی مەعقول بۆ کێشەکان دیاری بکەین و ئەولەویەتەکانی قۆناغی داهاتوو بناسین. لەگەڵ هەر کەسێک گفتوگۆ دەکەین لەجیهانبینی خۆیەوە، لەئەزموونی بچووک، یان گەورەی خۆیەوە، یان راستتر بڵێین لەبەرژەوەندیی و هەڵسەنگاندنی زیان و قازانجی خۆیەوە، بۆ ئاکامی پێگەیشتووی دۆخی یەکێتی دەچێت، ئەگەر ئەولەویەتێک، پۆلێنێک نەبێت بۆ دەستنیشانکردن، سەرەنجام ئەم دۆخە شۆکە لەناو یەکێتی گوزەر دەکات و ئێمە نەمانتوانیوە هیچ بڕیارو ئیرادەیەک

ڕەچاو بکەین، دۆخی شۆک هەندێک جار دیوێکی ئیجابی هەیە کەئەنگێزەیە بۆ کردارو کۆشش و بڕیاری شۆڕشگێڕانە، ئەگەر لەساتەوەختی خۆیدا کاری پێنەکرێت لەدەست دەچێت، ئەگەر بەگەرموگوڕی باوەشی پێدا نەکرێت زەمەن وزەی کاریگەرییە ئیجابییەکەی هەڵدەمژێت. ئێمە پێویستمان بەپۆلێنکردنی هۆکاری کێشەکانە، پێویستمان بەدیاریکردنی ئەولەویاتەکانە، زیاتر لەوەش پێویستمان بەدیاریکردنی پێوەرێکی گشتی پەسەندکراوە لەهەموو لایەنەکانەوە تاسەرەنجام بڕیاری پەسەندکراوی یەکێتی هاو سەنگ و قابیلی کردن بێت، بۆنموونە: -هەن دەڵێن نەرمی نواندن لەبەرامبەر لادەرو نەیاران هۆکارێکی غەفڵەتگیرمانە. -هەشن دەڵێن سیاسەتی هەڵوێستی روون و راشکاوانەو لێبڕاوانە هۆکاری کاردانەوەی پەرچەکرداری خراپی لادەرو نەیارەکانی یەکێتییە لەچەند ساڵی رابردوودا. لێرەدا چەند پرسیارێک دروست دەبێت: -کێ دەڵێت توندی، یان شلی، لەمامەڵەی لادەرەکان ئەسڵەن هۆکاری دۆخی یەکێتییە لەهەڵبژاردنەکاندا؟ -کێ دەتوانێت پێمان بڵێ توندی خراپەو شلی باشە؟ یان بەپێچەوانەوە؟ -هۆکاری دۆخی ئێمە تیری کەوانی لادەرەکانە یان لەناوخۆماندایە؟ جەماوەر لێمان زویرە یان لادەرەکان جەماوەریان لێمان هاندا؟ ... هتد. -دەستکەوتمان کەمە بۆ خەڵک یان دەستکەوتەکانمان ژیانی کوردەواری بردۆتە قۆناغێکی گەشەکردووی واوە کە تویژو گرووپەکان بۆ قۆناغی تر خواستی تریان لادروست بێت؟ -باعیسی ئەم دۆخە ئەوەیە ئێمە حزبایەتییەکی تەسکمان کرد، یان لەسەر حزبەکەمان نەهاتینە جواب و ڕێگەمان بەهەموو کەسێکدا راست و چەپ بەسەر حزبەکەماندا بینێت؟ -نەمانی دیموکراسی ناوخۆییە یان بەربڵاوی دیموکراسی و هەر کەسێ بۆ خۆی بووە؟ بەمجۆرە من و ئێوەش دەتوانین کۆمەڵێک فاکتەرو پرسیار لەمبارەیەوە بوروژێنین و ئیدعا بکەین کەیەک یان دوو، سێیەم یان دوایین فاکتەر بوونەتە مایەی گرفت و ڕێگر لەبەردەم گەشەیەکی نوێی یەکێتیدا بۆچی؟ لەبەرهۆکارێکی ئاسان، چونکە هەڕەمێکی گونجاومان لەبەردەستدا نییە، پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی وامان نییە کەئیجماعی لەسەر بێت، بۆ دەربازبوون لەوە بەندە پێشنیاز دەکەم کەئەم پرسیارانەو دەیانی تری ناو سەرکردایەتی و کادیرەکان بنە دۆسێ کە شانەی تەنگژە، یان چەند لیژنەیەکی پسپۆڕی تەرخانکراو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوانە ببنە ڕێنوێنی چارەسەر بۆ هەر پلنیۆم یان (کۆنگرەیەکی کاتیی) یەکێتی. زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی وا هەم دەشێ ببێتە کۆمەڵێک ڕێنوێن و پێشنیازی نامولزەم و هەمیش ئەدەبیاتی حزبایەتی یەکێتی دەوڵەمەند دەکەن.

# گرەوی پلنیۆم*

1

پلنیۆمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، سەرکەوت، سەرکەوت بەهەموو رەهەندەکانی سەرکەوتن، چونکە توانی دوو ئامانجی هەرە سەرەکی کۆبوونەوەی گشتی، یان پلنیۆم و کۆنگرەی هەر حزبێک بەدیبهێنێت: پاراستنی یەکێتی ریزەکان و دابینکردنی بنمیچێکی بەرزی دیموکراسی لەگفوگۆو مشتومڕەکانی نێوان هەڤاڵاندا، گرەوی هەر حزبێکی سیاسی لەمەیدانی کارو خەباتدا ئەوەیە چۆن بتوانێت هاوسەنگییەک لەنێوان ئەم دوو چەمکە، ئەم دوو ئاراستەیە دروستبکات و بەسەرکەوتوویی بێتە دەرەوەو سیاسەتێکی نوێ لەقۆناغی داهاتوودا پەیڕەوبکات، ئەگەر جوڵەی حزبی، یان وێستگە جیاجیاکانی کاری حزبی بالانسی بەلای یەکێک لەچەمک و ئاراستەکاندا شکاندەوە لەسەر حسابی ئەویتریان، ئەوا ئاکامێک دێتە بوون کە جولەکە ئیفلیج دەکەن، وێستگە حزبییەکە دەکەنە وێستگەی پەرتبوون و دابڕان لەجێی ئەوەی وێستگەی تێهەڵچوونەوەیەکی نوێ بێت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتبەستوو بەژیریی کادیرەکانی سینگفراوانی سەرکردایەتییەکەی و ئیدارەی سەرکەوتووانەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ بیروڕاو تەوەرەکانی دۆسێ سەرەکییەکانی پلنیۆم، توانی ئەم گرەوە گەورەیە بباتەوەو هاوسەنگییەکی ئەقڵانی لەنێوان لەڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن لەلایەک و پێویستی پاراستنی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێنێتە کایەوە، خۆشی لەبنچینەدا ئیدارەی ئەقڵانی حزب، یان هەر دەزگایەکی مۆدێرن، ئەوەیە ئیرادەی یەکێتی و فرەیی بەرجەستەبکات و ئیدارەی بدات.

بۆ یەکێتییەکان و هەروا لای ئەوانەی ئەزموونییان هەیە لەچاودێریکردنی حزبایەتی، ئەم دەرکەوتە شانازییەکی حزبی و دیموکراتییە، بەتایبەتی لەچەندساڵی رابردوودا مەیلێک هەبوو بۆ زاڵکردنی خیتابی پەرتکردن و جەمسەرگیریی و کردنی

---

* تشرینی یەکەمی 2009، لە کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

جیاوازیی بیرکردنەوە بەجیاوازی لەئاڕاستەی کارو دابەشکردنی ئیرادەو توانستی حزبی و فرۆشتنەوەی ئەمانە بەناونیشانی پێویستی دیموکراسی، هەروەک لەچەند دەیەی ژیانی رابردووی تەجروبەی حزلی لەوڵاتانی مانەندی کوردستاندا چڕکردنەوەی دەسەڵات و یەکڕیزی یەکسان دەکرا بەخنکاندنی دیموکراسی و ئازادیی بیرکردنەوە.

یەکێتییەکان دیموکراسییان کردە ئامرازی ئیدارەدانی جیاوازییەکانی ناو هۆڵی پلنیۆم و گفتوگۆی لیژنەکانی و وەختێک لەهۆڵی پلنیۆم هاتنەوە بەر بارانی ناوەڕاستی ئەم پایزە بەیەکگرتوویی و بەڵێنی ژیاندنەوەی سەرەتاکانی یەکێتی گەرم بوونەوە.

## 2

نیشانەیەکی تریی سەرکەوتنی پلنیۆم باس و خواسی راپۆرتەکانیەتی، بەتایبەتی راپۆرتەکانی کە پەیوەندییانبەسیاسەتی یەکێتی لەئاستی کوردستان، عیراق و پەیوەندییەکانی دەرەوە هەبوو، لەم وێستگەیەدا تێفکرینی ئەندامانی یەکێتی و بەشداریی گەرموگوڕییان لەگفتوگۆی ئەو دۆسیانەدا جێی شانازین و سەرمایەیەکی یەدەکە بۆ تێکۆشانی داهاتووی یەکێتی لەگۆڕەپانی کوردایەتی و دیموکراتیدا. ئەم وێستگەیە پێویستی بەخوردکردنەوەی زیاترە: هەڵوەستەکردنی دوورودرێژی کادریرانی یەکێتیی لەئاستی مەسەلە نیشتمانیەکانی وەکو کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، رۆڵی کوردایەتی لەپرۆسەی سیاسیی عیراق و هاوپەیمانێتییەکانمان، سەنگی یەکێتی لەرایەڵەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، رۆڵی یەکێتی لەحکومەت و پەرەپێدانی خزمەت و ئاوەدانی، دەرخەری راستییەکی گەورەیە کە ئەندامانی یەکێتی ئەندامانێکی حزبیی وشک و روانین بەرتەسک نین و وا لەکۆبوونەوەو کۆنفرانسەکانی خۆیان ناڕوانن کە تەنهاو تەنها بۆنەیەکی حزبییە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی قودرەتمەندیی حزبی، رێکخستنەوەی حزب و دەمە زەردکردنەوەی لەپێناوی ئامانجی حزبی بەرتەسکدا، بەڵکو پلنیۆم ئەم راستییەی دەرخستەوە کە سەرەڕای زام و برینە ناوخۆییەکانی یەکێتی لەقۆناغی رابردوودا، ئەوی وزەو توانایەکی گەورەی بردو هەوڵیدا ئەم حزبە بەکێشەی لابەلاو سەرپاڵ بکات و لەئەرکە سەرەکییەکانی خۆی وەک ئامرازێکی خەباتی سیاسی دووریبخاتەوە، بەڵام ئەم یەکێتییە هەروەکو جاران دیدی رۆشنەو تێکۆشەرەکانیشی هەر هەمان تەرزی تێکۆشەرن

که دەزانن حزبەکەیان (بۆچی) دروستبووەو ئەوانیش وەک ئەندامی ئارەزوومەندی ناو یەکێتی لەپێناو چیدا هەڤاڵبەندی دەکەن و پێکەوە دەخەبتن؟

پلنیۆم لەم پێناوەدا تەنها بۆنەی تەگبیرکردن نەبوو لەڕێکخستنەوەی حزب لەپێناوی حزبدا، بەڵکو ڕێکخستنەوەی حزب بوو لەپێناو ئامانجە سیاسییەکانی کوردایەتی و کۆمەڵی کوردەواریی و دیموکراتیزەکردنی عیراقدا، بۆیە یەکێتییەکان قورساییان خستەسەر دۆسێ نیشتمانییەکان و وەک بەرپرسیارێکی ئەو دۆسێیانە ڕەخنەیان گرت، پێشنیازیانکردو لەئاستی ئەدائی نەبەردی کەرکوکدا، لەبەغدا، ستایشی ڕۆڵی نوێنەرایەتی کوردییان کرد، لەمەسەلەی خزمەتی کەسوکاری شەهیدان، ئەنفالکراوەکان و کەمئەندامانڕا پڕۆژەیان ئامادەو لەدۆسێی حکومەتداریی و خزمەتگوزاریدا هەڵسەنگاندنیان هەبوو.

ئەم وێستگە دڵخۆشە هەم ئاستێکی بەرزی نیشتمانپەروەری دەرخست، هەمیش ئەو پروپاگەندانەی لەقاودا کە پێیانوابوو یەکێتی لەبەر گرفتە ناوخۆییەکانی لەپلنیۆمدا ناپەرژێتە سەر ئەو ئەرکە نیشتمانییانەی حزب لەپێناویدا دروستدەبێت و دێتە کۆڕی نەبەردییەوە، ڕۆڵی کارای ئەندامانی پلنیۆم لەتاوتوێکردنی دۆسێ سیاسییە گشتییەکانی دەرەوەی حزب دەلەسەی نەیارانی یەکێتی و دوژمنانی ڕۆڵی حزبایەتی پوچەڵکردەوە کە لەمیدیا چەواشەکارییەکاندا حزب وەک حزبایەتی پوچەڵکردەوە کە لەمیدیا چەواشەکارییەکاندا حزب وەک دێوەزمە، نەک وەک ئامرازی خەبات و کادرانی حزبیش وەک مشەخۆر، نەک وەک تێکۆشەر، وێنادەکەن.

پلنیۆم و گفتوگۆکانی وەک پەرلەمانێکی حزبی بوون بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی رابردووداو ئیجتماعێکی حزبی لەسەرکردایەتی و بنکردایەتی دروستکرد بۆ ئەرکە نەتەوەیی، نیشتمانی و دیمکراتییەکانی یەکێتی لەقۆناغی داهاتوودا.

چیتر ناتوانن نانی موزایەدە بخۆن

چیتر ناتوانن بەپڕوپاگەندەی ژەهراوی متمانەی خەڵک مسۆگەربکەن

پرۆسەی بڕیاری سیاسی لەکوردستان بۆ پرسە چارەنووسسازەکان بەسەر چەند دامودەزگایەکدا دابەشکراوەو بەچەندن فلتەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هەڵسەنگاندنی بابەتیدا تێپەڕدەبێت پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا: لەئاستەکانی سەرۆکایەتی، فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان و نوێنەرایەتی لەحکومەتی ئیتیحادیدا، ئەم دامودەزگایانە لەشێنەیی و

لەکاتی رووبەڕووبوونەوەدا هەمیشە هەماهەنگی و هاوکاری یەکترین و ئەرکەکانی یەکتری تەواودەکەن.

لەسەرووی ئەم هەموو دامودەزگایانەشەوە، کە تێکڕای دامودەزگای شەرعین و بەڕێوشوێنی دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی کوردستاندا گوزەریانکردووەو هەڵبژێردراون، هەردوو سەرکردە، جەنابی مام جەلال و جەنابی کاک مەسعود بارزانی، شەرعییەتی ڕێبەرایەتییەکی مێژوویيان هەیە کە ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەو هەردووکیشیان جگە لەم ناونیشانە مێژوو کردەی ناو هەناوی جوڵانەوەی کوردایەتی، خۆشیان بەشدارن لەدامودەزگای حوکمڕانیدا.

بەمجۆرە دەبینین دەزگاگەلێکی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراو هەن کە ڕەنگە کەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی هەبێت لەدنیادا لەمجۆرە پێکهاتەیە بەهرەمەندبێت و پشتوانێت ئەندازەیەکی بەرزی هەماهەنگی و هاوهەڵوێستی لەنێوانیاندا دروستبکات.

یەکێتی و پارتی دوو هێزی سەرەکی پێکهێنەری هەموو دامودەزگاکانی کوردستانن و هێزکانی دیکەش بەقەبارەو جەماوەری خۆیان هەروا بەشدارن و ئاگایان لەکارو هەنگاوەکانی یەکترییە، پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی هەموو هێزەکانی تێدایە لەیەکێتی، پارتی، گۆڕان، یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامی، نوێنەرایەتی کورد لەبەغداش، هاوپەیمانیی کوردستان و لیستی یەمگرتوو لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقن، ئەوانیش هەروا. هاوپەیمانی لەچەند حزبێک پێکدێت و لایەنگرانی گۆڕانیش لەپەناو پەسێوی بەشەکەی یەکێتیدا خۆیان حەشارداوە، سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتی هەموو کوردستانیان دەکات بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، بەیەکێتی و پارتی و گۆڕانیشەوە، سەرۆک کۆماریش نوێنەرایەتی هەموو کوردستانیان دەکات لەدەوڵەتی ئیتیحادیداو نوێنەرایەتی هەموو عیراقییەکانیش دەکات. حکومەتی کوردستان و بەشی کوردیش لەحکومەتی ئیتیحادیدا نوێنەرایەتی کوردستان دەکات بەهەموو ئاڕستەکانییەوە.

کەوابێت ئەم دەزگایانە لەڕووی پێکهات و بەشدارییەوە گرفتیان نییەو هەموو چاودێرییەکی سیاسی دەتوانێت ئاستەکانی هەماهەنگی نێوانیان دەستنیشانبکات و تێبینی بڵێ و پێشنیازی بەجێش بکات لەسەر پەرەپێدانی کاری نیتۆرکی پێکەوەیان بۆ هەرچی زیاتری خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسیی کوردستان و داکۆکی لەمافەکانی کورد.

گرفت لەوەدایە ئێمە لەگەڵ ئەم دامودەزگا گرنگانەی نوێنەرایەتی کوردستان کە دەتوانن تەجرەبەی دیموکراتی وڵاتەکەمان پایەداربکەن، بەڵام دیوکراسییەکمان

هەیە کە بەقۆناغێکی ئینتیقالیدا تێپەڕدەبێت و دیموکراسی ئینتیقالیش، بەداخەوە، بێبەری نییە لەخەسڵەتی موزایەدەچییەتی و نوقورچی ژێر مێزو پلاری میللیگەرایی و ئەوی لەچەند رۆژی رابردوودا لەپرسی یاسای هەڵبژاردنەکاندا بینیمان بەشێکە لەدەرکەوتەکانی دیموکراسیی ئینتیقالی.

موزایەدەچییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەدوای وردە کێشەدا دەگەڕێن بۆ قەبەکردنی، مرخیان لەجیاوازییەکی بچووکی بیروڕا خۆشکردووە تا دزەی لێوەبکەن، دەنا لەهەموو ئەو دەزگایانەدا نوێنەرایەتییەکان هی تەیفی سیاسیی کوردستانەو دەزگایەکمان نییە لەدەرەوەی شەرعییەتی نوێنەرایەتی باڵاکانی کوردستان. ئەمەش شتێکە ناشێ موزایەدەچییەکان نەیزانن ئەگەرچی خۆیان لەگێلی بدەن، چونکە قازانجەکەیان لەوەدایە.

ئەوەی لەماوەی رابردوودا لەپرسی یاسای هەڵبژاردنەکاندا بینیمان بەشێک بوو لەشانۆگەریی موزایەدەی هەڵوێستی نەتەوەیی و هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی لەبایەخی نەبەردیی نەتەوەیی کەرکوک کە هاوپەیمانیی کوردستان کاری لەسەرکردو لەناو تەلبەندی دوژمنایەتیدا بەتولەڕێی تەوافوقدا بردی و ئەو یاسایەی لێدەرچوو.

کەچی موزایەدەچییەکان بۆ مەرامی دروستردنی جەمسەرگیری هەڵبژاردنی داهاتوو هەر لەئێستاوە کاریان لەسەر شێواندنی کرد ئیمزاکردنی یاساکەیان تێکەڵ بەمەسەلە تەکنیکییەکانی کردو دەیانەوێت هەر کەموکوڕییەکی هەڵبژاردن هەبێت بەسەر نوێنەرانی کورد لەبەغدا ساغیبکەنەوە، ئۆپۆزسیۆنی گۆڕانچی گالی هەندێک رۆژنامەی بەناو ئازادی دۆستی خۆیاندا کە زەقیبکەنەوەو مەسەلەکە وا نیشانبدەن ناکۆکی لەنێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، لەنێوان مام جەلال و کاک مەسعود هەیەو بیروڕای سەرۆکایەتی و پەرلەمانی کوردستان جیایە لەبیروڕای هاوپەیمانیی کوردستان لەبەغدا کە هەموو دەزگاکان گوزارشت لەسیاسەتی پارتی و یەکێتی و هێزە سیاسییەکانی تریش و ئەگەر جیاوازیش هەبێت هی پێگەی روانینەو ناگاتە ئاستی ناکۆکی قوڵی چارەسەرنەکراو کە مشەخۆرەکانی سیاسەت و میدیای کوردی بتوانن پێخۆری بن. ئەوەندە بەسە بۆ جەماوەری وشیاری کوردستان بزانن کە ئۆپۆزسیۆنی موزایەدەچی ئەرکە قورسەکانی بۆ نوێنەرایەتیی رەسمی کورد بەجێهێشتووەو هەر لەئێستاوە تەداروکاتی کورسییەکانی هەڵبژاردنیان دەستپێکردووەو سبەینێش هەر بەو یاسایەی هەڵبژاردن کە هەڵلای لەسەردەکەن دەچنە هەڵبژاردنەوەو بەدوای کورسی دەسەڵاتداریتیدا وێڵ دەبن.

بێگومـــان ئەم قۆنـــاغە ئینتیقـــالییەی دیموکراســـیش تێپەڕدەبێـــت و ئەوانەی بەرژەوەنـدیی و کورسـیخوازی بەرچـاوی لێـڵ کـردوون لەم هەڵـومەرجەدا دەزانـن ئەمجـارە ئەم گەمەیەیـان بـۆ ناچێتەسـەر کە بەمـوزایەدە سـواڵی دەنـگ بـکەن و کە چەند کورسییەکیشیان هێنا سیانی بە بەتاڵی جێبێڵن و پڕینەکەنەوە.

## بەشی چوارەم

# ئەندێشە لەسەر ئەفال

# کوردە ئەنفالکراوەکانمان دەوێتەوە*

لەبیرمە ساڵی 1999 و لەبیرەوەری (11) ساڵەی کارەساتی ئەنفالدا لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ مانشێت و سەروتارێکمان هەڵبژارد و نووسیی. سەروتارەکە کە گوزارشتێکی ڕەسمیی بوو لەسیاسەتی ڕۆژنامەکە ئەوەندەی ئێمە لێتێگەیشتبووین، لێ مانشێت و ناونیشانە هەڵبژێردراوەکان وابوون کە بە هەموو کەسێک پەسەند نەدەکران و لەڕەوتی نەریتی باوی مانشێت و ناونیشانە ڕەسمییەکان نەدەچوو. مانشێتەکە دەیگووت: "ئەنفال، 182 هەزار خەم و پەژارەی نیشتمانیی"، ناونیشانەکەش وابوو کە (182 هەزار کوردی خۆمانمان دەوێتەوە) !.

وایدەبینم کە دەستەواژەکانی (خەم و پەژارەی نیشتمانیی) و (خۆمانمان دەوێتەوە) ئەگەرچی زیاتر دەستەواژەی ئەدەبین، ئەمما پێویستە ئێمە لەتاوتوێکردنی بابەتی ئەنفالدا ڕەهەند و مانایەکی سیاسیی قووڵیشیان پێببەخشین.

بۆچی (خەم) و (پەژارە) بۆ ئەنفال و.. بۆچی فرمێسک و باوەکەڕۆ و پاڕانەوە نا؟ ئایا ئەم خوردکردنەوە ئەدەبییەی لێرەدا دەیکەین مەشقێکی فیکرییە، یان جۆرێکی دیکەی دیتنەوەی فەرق و جیاوازییە لەنێوان زمان و دەربڕینی کوردییدا هەروەکو ئەنفال و کردەوەکانی داگیرکەران فەرق و جیاوازییان خستە ڕیزی نەتەوەکەمانەوە و کردنی بەباشی ئەنفالکراو، جاشی ئەنفالچی؟

با لەسەرەتاوە دان بەوەدا بنێین کە فرمێسک و باوکەڕۆ و تەنانەت پاڕانەوەش لەزەمین و زەمانی خۆیاندا جۆرێکن لەهەڵوێستی جوامێری و ئەوەشی دەگرێت و باوکەڕۆ بۆ ئەنفالەکان دەپاڕێتەوە، بێگومان ئەوە لە جوامێری و پەرۆشی خۆیەوە وادەکات، بەڵام گریان جۆش و خرۆشێکی کاتییە و فرمێسکەکانیش دەبڕێنەوە و سەرچاوەکانیان وشک دەکەن. ئەوەی دەمێنێتەوە خەم و پەژارەی دوورخایانە، چونکە هەردووکیان خەسڵەتی گینگل خواردن و مانەوەیان هەیە. ڕێدەکەوێ مرۆڤی ئاسایی لەکۆستی ئازیزێکی تازە مردوودا بە خوڕ فرمێسک دەبارێنێ تا قەهری کۆست لەدڵی خۆی دەربێنێ. کەچی ڕێدەکەوێ مرۆڤی هوشیار لەکۆستدا فرمێسک لە

---

* بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئەنفال بەسەرنووسەرێتی ڕۆژنامەنووس مەجید ساڵح، بڵابۆتەوە.

چاوەکانیان قەتیس ببێ و نەتوانێ شین و شەپۆر بکا. ئەمما دواتر، دوای نیشتنەوەی شینی کۆستەکە، خەم و پەژارەی قووڵ لە هێکرا دایدەگرێ ویەخەی بەرنادا.
خەم جگە لەمانای حوزن، مانای تێڕامان لەکۆست و بیرلێکردنەوەشێتی. پەژارە: حەسرەت و ئاهێکی قووڵە بۆ ئەو کۆستەی تا ئەسباب و باعیسەکانی چارەسەرنەکرێ، هەروا لەدڵدا دەمێنێ.
لەبەرئەوە خەم و پەژارە بۆ کۆستی ئەنفال واتای تێڕمانی قووڵ و حەسرەتی قووڵ دێت بۆ ڕەوشی نەتەوەیەک کە هەروا بە تاک و بە کۆمەڵ خەڵکی لێ دەکوژرێ و کەس نییە لێی بپێچێتەوە.
دەبێ خەم و پەژارەی دامانبگرێ کە دیرۆکی ئەنفالمان وەبیردێتەوە، دەبێ ڕابچڵەکێین کەناوی ئەنفال دێت ویاد ویادەوەری دەکرێتەوە. (182) هەزار ئینسان بەواتای (182) هەزار خەون و ئەندێشە. چەند لەو ئینسانانەی ئەنفالکران خەونیان بەوەوە دەبینی ژن بێنن یان شووبکەن؟ چەند لەوانە بستێ منداڵبوون و حەزیان دەکرد گەورە ببن نەک بۆ ئەوەی قەوڵبدەن بە شوانێک یان بێرییەکی ڕەنجەڕۆ، بەڵکو خەونیان بەوەوە دەبینی کە بێنە شار و بخوێنن؟ چەند لەو (182) هەزار کەسە تێیاندا هەبوو کە خەونیان وابوو لەو خوێندنە سەرکەوتووبن و ببنە مامۆستا و ئەندازیار و دکتۆر؟ چەندیان لەوانە ئیمکانی ئەوە هەبوو زانا و بلیمەت یان تەنانەت هاوڵاتییەکی بەقەدەر و قیمەتیان لێ دەربچێ؟
ئەوانە کێ بردنی و بە چ هەقێک بردران؟ بۆچی کە بردران کورد لەشار و لەهەندەران، لە ئێران و توران ڕانەچڵەکین و خەم و پەژارە داینەگرتن؟ بۆیادەوەری دەستەجەمعی کورد نەیکێشا بە تەپڵی سەری خۆیدا و نەیگوت ئەرێ ئەم هەموو خەون و خەیاڵە، ئەم هەموو لاوە لەخەم ڕەخسیووە، بۆ کوێ دەبەن؟ بۆ شعووری میللی کورد نەیپرسی ئەم هەموو گۆشت و خوێنەی ئێمە ڕاپێچی کوێ دەکەن؟ لەبەرچی خەم و پەژارە نەیکوشتین؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێ لەوەڵامەکەی بگەڕێین.
من وای دەبینم ئێمە لەگەڵ کوشتن و بڕینی خۆمان ڕاهاتووین تا ئەندازەی ئەوەی تووشی ڕاچەنین نایەین کە دەبیستین کوردێک کوژراوە یان زیندەبەچاڵ کراوە یان زوڵموزۆری هاتۆتە ڕێ. ئێمە تووشی شۆک نایەین، چونکە هێندە کوشتن و بڕینی خۆمان. هێندە ڕاپێچانی براوباوکی خۆمان، هێندە مەرگی ناوادەی ئازیزانمان دیووە کە ئیتر خەم لە هیچ دامانناگرێ.
وا لەبەرچاوە کە کوردێک کوژراوە دەڵێی با خەفەتی بۆ بخۆین و خەمی مەرگی بمانکوژێ، دەگوترێ جا دوێنێ و پێرێ و ساڵی پار و لەوەتەی کورد کوردە لێمان

دەکوژرێ، ئیتر خەم لەچی، و خەفەت بۆچی بخوێن؟ ئەمە دروست ئەو ترسە لەدڵمان دەڕوێنێ کە دڵی ڕۆژئاوایی داخورپاندبوو. ڕۆژنامەنووسەکە لە گەرمەی شەڕی باڵکاندا گوتبووی (لە سەتەلایتەکانی دونیاوە وێنەی ئەو کوشتارەی کە سربەکان لەدژی بۆسنیَ و کۆسۆفییەکان ئەنجامی دەدەن تا بڵاوبێتەوە بۆ ئەوەی ڕای گشتی لەسەر بێنە جواب و خەم بۆ بۆسنیَ و کۆسۆفییەکان بخۆن و لەسربەکان تووڕەبن، بەڵام دەترسم ئەو وێنانە هێندە بڵاوببنەوە کە ئیتر کوشتار و مەرگ لای ڕای گشتی وڵاتانی پێشکەوتووش ببێتە کارێکی ئاسایی و تەنها وەک هەڵەیەکی ڕاگوزەری جەنگێکی بێ ئاکام تەماشای بکرێ!).

لەوە دەچێ ئێمەی کوردیش هێندە دیمەنی خوێن و دیمەنی کوشتارگەکانی خۆمانمان دیبێ کە لەیادەوەریماندا واجێگیربووە ژیان بێ کوشتاری کورد هەڵناسووڕێ و بەردەوام نابێت.

ئەمە دەرد و خەفەتێکی دوور و درێژە، دەرد و خەفەتی ئەو میللەتانەی تاکەکانی هێندە خودپەرستن کە دەڵێن ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە جایەڵڵای دەکرد دونیا گڕی تێبەردەبوو، هەڵەبجە کیمیاباران دەکرا، گەرمیان ئەنفال و کەرکوک پڕدەبوو لەقیرائەی خەلدونی. ئەمە دەردی خودپەرستییە کە وەک ئەفسانەیەکی قەرەجەکانی ئەوروپا دەگێڕێتەوە قەرەجێک دوژمن پەلاماری خێڵەکەیاندا گوتی: گرنگ ئەوەیە خێوەتی خۆم سەلامەتە با قەرەجەکان قڕیا تێبکەوێ. نەخێر پەلامار هاتە سەر خێوەتی قەرەجی بێ هەست و نەستی جەماعی کەچی خۆی لەبن بەتانی و لێفە شاردەوە و گوتی گرنگ جێ خەوم گەرم و نەرم بێ!. ئایا حەوجە بەوە دەکا کە بڵێم ئەو (قەرەجە) قەرەجە دواتر چی بەسەرهات و چۆن هەقایەتی مردنی لە ئەفسانەوە گەیشتە ئێمە؟ ئایا حەوجە بەوە دەکا کە بڵێم خۆ کورد دەڵێ من نەتەوەم نەک خێڵ و من نیشتمانم هەیە و قەرەج نیم؟ ئەدی برای شیرینم بۆ خەم و پەژارەت نییە کە دەکوژرێم و کە دەنێژرێم؟ ئەدی برا باشەکەم بۆ کە برا جاشەکەم دێتە سەرم و دەبێتە ڕێنوێنی داگیرکەرەکەم تۆ چ قسان ناکەیت و جەللاد و قوربانییەکە بەیەک چاو تەماشا دەکەی؟

دەبێ ئەم یادەوەرییە دەستە جەمعییەی کورد کە هیچی لەیاد نییە تیژبکرێتەوە. دەبێ ئەم ماشێنەی خەم و پەژارە کە ژەنگی هەڵهێناوە چەور بکرێتەوە. دەبێ کورد بە کوردەکەی تەنیشتییەوە بڵێ برا ئەوەی کوژرا گۆشت و خوێن بوو نەک مۆقەبا. ئەوانەی ئەنفالکراون و بۆ باشووری توونی مەرگ ڕەوانەکران کوردبوون، بە کوردی دەدوان، بە کوردی دڵدارییان دەکرد، بە کوردی دەژیان و واش بڕیاربوو بە کوردی بدەن وەڵامی قەبریان.

وەرە ڕاوەستە و هەڵوەستەیەک بکە تا جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە تا جارێکی تریەخەی خۆت و دایک و خوشک و ژن و منداڵت نەگرێ. وەرە لە خۆمان بپرسین کە چۆن وابکەین جارێکی تر کڵاونەکەنە سەرمان و گرەو لەسەریادەوەرییە کزولاوازەکەمان نەکەن؟ تەگبیری ئەمە لە دووتوێی کەرتی دووەمی دەستەواژە ئەدەبییەکەی لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا خۆی مەڵاس داوە. واتا لە ناونیشانی (182 هەزار کوردی خۆمانمان دەوێتەوە) دا دەیدۆزینەوە.

ئەو (182) هەزار کوردی ئەنفالکران کەسوکاری ئێمەن و دەبێ لێیان غافڵنەبین و بە دوای گێڕانەوەیاندا وێڵبین، دەبێ لەو گەڕانەدا یەک ڕێگامان لەبەرچاوبێ کە ئەویش ڕێگای دیتنەوەیانە.

کورد لەداخوازی ئەنفالکراوەکانیدا داوای دیاریکردنی چارەنووسیان دەکات نەک داوای گەڕانەوەیان کە جیاوازی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە وەک جیاوازی نێوان (کوردستان یان نەمانە).

ئێمە کوردستانمان دەوێ نەک نەمان. ئێمە کوردستانیان کوردستان قەدەرمانە. بۆیە لەکارەساتەکانیشدا وەرگرتنەوەی ئەوەی لێیان ستاندوین دڵمان ئاسوودە دەکا نەک تێگەیشتن لەوەی چارەنووسیانمان بۆ دەبکەوێ. ئێمە ئەنفالکراوەکانی خۆمانمان دەوێتەوە نەک چارەنووسیان. لێرەوە دەربڕینی (دەوێتەوە) لە (چارەنووسیان ئاشکرا بکرێت) جیادەبێتەوە. دەوێتەوە لە (دەوێت) ەوە وەرگیراوە و بەمانای ئەوەی ئەنفالکراون ئی خۆمان بوون و جارێکی تر دەبێ ببنەوە ئی خۆمان. هەروەک (دەوێتەوە) سەرسامی مندڵیمان وەبیردێنێتەوە. منداڵ بەوەی کە خەسڵەتی سەرسامیی و ڕاچەنینی بەرامبەر هەموو دەرکەوتێک هەیە، بەوەی کە لە دەرەوەی ڕەچاوکردنی زەمین و زەمان هەر ئەوەی دەوێ کە خۆی (دەیەوێ)، هەمیشە کائینێکی شۆڕشگێڕ و پێداگرە لەسەر داخوازییەکانی. منداڵ بووکە شووشەکەی خۆی دەوێتەوە کە لێیان دزیووە، شتە تایبەتییەکەی خۆی دەوێتەوە کە لێیان ڕفاندووە، هیچ بەدەردی منداڵی عیناد و پێداگر ناخوات. تەنانەت بووکە شووشەیەکی نوێ لەهەمان مارکە و لەوەش چاتر.

تەنانەت شتێکی چاکی لەوەی ڕفێنراوە قەرەبووی بووکە ئەسڵییەکە و شتە تایبەتییەکە ناکاتەوە. ئەو تێناگا بۆ دەبێ شتەکەی خۆی ببەن و نەیدەنەوە؟ بەو سەرسامی و عینادییەوە منداڵ گرەو لەژیرترین و بەهێزترین مرۆڤی گەورە دەباتەوە و بۆشی دەچێتە سەر.

ئەفسوس کە منداڵ گەورە دەبێ عینادییەکەی لەگەڵ دەوروبەردا خۆشە دەبێ و پێداگرییەکەی لەسەر داخوازییەکانی لەخزمەتی زەمین و زەمانەکاندا ڕام دەبێ. ئەفسوس منداڵ کە کامڵ دەبێ و دیاردەکان لەبەرچاوی دووپات

دەبنەوە و سەرسامی و ڕاچەنینەکەی منداڵی نامێنێ تا لە هەڵاتنی دەرکەوت و گۆڕانەکاندا ڕابچڵەکێ و لێی ڕابمێنێ. مرۆڤی کوردیش هێندە کارەساتەکانی لێ دووپات بوونەتەوە، گەلی کورد هێندە ئەنفالەکانی لێ دەپات بوونەتەوە کە تاوانی ئەنفال سەرسامیی ناکا و ڕایناچڵەکێنێ. ئێمەی کورد واپتر لەدوو هەزار ساڵە گەورەبووین و لەناو کارەساتەکاندا لە خەم ڕسکاوین، هیچ شتێک سەسامیی منداڵیمان بۆ ناگێڕێتەوە. لەبەرئەوە (داوای چارەنووسی) ئەنفالکراوەکانمان دەکەین نەک ئەوەی منداڵ ئاسا بڵێین (شتەکانی خۆمانمان دەوێتەوە)، کوردەکانی خۆمانمان دەوێتەوە.

ئەو (182) هەزار کوردەی خۆمانمان دەوێتەوە کە بە هیچ (182) هەزار نەفەرێکی دیکەیان ناگۆڕینەوە. ئێمە دەبێ بە سەرسامیی منداڵییەوە، بە ڕاچڵەکینی سەردەمی منداڵیەوە سەرمان لەو هەموو ئەنفال و لێقەومانە سووڕبمێنێ تا ئەو ئەندازەی سەرمان سپی بێت. دەبێ ئەو (182) هەزار کوردەی باڵایان واو ڕەنگی پێستیان واو شانوشەوکەوتیان وایە بدرێنەوە ئێمە و دەورو تەسلیمیمان لەگەڵدا بکەن. هیچ کەسێک جێی ئەو ئازیزانەمان بۆ ناگرنەوە تەنانەت ئەوەی کە پێشبینییەک هەیە گوایە لەساڵی ئەنفالەکانەوە تا هەنووکە پتر لەهەموو کە پتر لە (182) هەزار کورد لەدایک بوون یان کۆچیان کردووە.

بەو سەرسامییەوە ئێمە دەبێ بێینە مەیدانی داواکردنەوە و ببینە بەڵا بەسەر دوژمنانمانەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر زات نەکەن کوردێک ئەنفال بکەن یان تەنانەت بەشێوەیەکی نەشیاو بەیانی باشی لێبکەن. بەو پێداگرییەوە دەبێ بێیە مەیدانی هەوڵ و کۆششەوە کە قەدەرمان (کوردستان یان کوردستان) ـە و هەردەبێ کوردەکانی خۆمان وەربگرینەوە.

لەڕێگای هێشتنەوەی سەرسامیی منداڵی و ڕاچەنینی جاران، لەڕێگای پێداگری لەسەر داواکانمان گۆڤاری وای تایبەت بە ئەنفالمان پێویستە. لەم گۆڤارە و لەهەموو مینبەرێکی ئەنفالەوە دەبێ بڵێین چیتر لێتان قەبووڵ ناکەین قەترەیەک خوێن لە لوتمان بهێننە دەرێ.

پایتەختی وڵات هەیە کە ژمارەی دانیشوانی ناگاتە (182) هەزار کەچی دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و زمانحاڵێتی. چ دەبێ ئەم گۆڤارە هەبێ کە زمانحاڵی خەم و پەژارەی (182) هەزار ئینسانی ئەنفالکراوە. چ دەبێ ئەگەر خەم و پەژارەش پایتەختی خۆی هەبێ کەئەم گۆڤارەیە؟

با ئەم گۆڤارە دەنگی دلێری ئەو سەرسامە پێداگرتووانە بێت کە (182) هەزار کوردی ئەنفالکراوی خۆیانینا دەوێتەوە!.

# چۆن بەدڵۆبەگیان لەسەر ئەنفال بدوێین؟

دیداری گۆڤاری ئەنفال – لەگەڵ ستران عەبدوڵڵا*

*** تۆ زۆر لەبواری رۆژنامەگەریدا ئیشت کردووە، ئەگەر بتەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک بکەی لەسەر ئەنفال، یەکەم پرسیارت چی ئەبێت؟**

- کەبیرم لەم چاوپێکەوتنە کردەوە بڕیارم دا خۆمی بۆ ئامادە نەکەم، بۆچی؟ لەبەرئەوەی پێم وایە رەنگە ئینسان بتوانێت لەخۆئامادەکردندا وەڵامێکی رێکوپێک تر بداتەوە. بەڵام مەرگەساتەکانی وەکو ئەنفال، وەکو هەڵەبجە، وەکو هەر روداوێکی تری گەورەی نەتەوەیی پێش خۆ ئامادەکردن دەبێت ئینسان بەدڵ قسەیان لەسەر بکات، بەرۆح و بەگیان قسەیان لەسەر بکات. چۆن بتوانین ئەم هاوسەنگییە دروست بکەین لەنێوان ئەوەی تۆ بتەوێت قسەیەکی جددی لەسەر بابەتێک بکەیت و لەهەمان کاتیشدا بەدڵو بەگیانیش قسەی لەسەربکەی؟ لەبەرئەوە رەنگە من خۆم وەک رۆژنامەنووسێک ئەگەر بمەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک بکەم رەنگە یەکەم پرسیارم ئەوەبێت کەچۆن بتوانین بەدڵو بەگیان لەسەر ئەنفال قسەبکەین؟ ئەو کەسەی کەموقابەلە دەکات چۆن بتوانێت بەدڵو بەگیان قسەبکات؟ لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەئەوەی بەرامبەرت چۆن بزانێت کەتۆ بەدڵو بەگیان قسە دەکەیت؟ لەمەشدا رەنگە بپرسین ئایا ئەوە وشەکانە کەبەیانی ئەوە دەکەن ئێمە بەدڵو بەگیان لەسەر مەسەلەیەک قسەدەکەین یان ئەوە سیمای دەموچاوە کە پێمان دەڵێ قسەکان و دەبڕینەکانمان لە دڵەوە بۆ دڵە؟ بەهەرحاڵ خۆم ئەگەر یەکەم پرسیارم بکەم ئەو پرسیارە دەکەم کەچۆن وابکەین بەدڵو بەگیان لەسەر ئەنفال قسەبکەین و قسەکەش عەقلانی و بەجێبێت، نەک تەنها سۆزو عاتیفە.

***باشە، وەڵامی خۆت بۆئەم پرسیارە چۆن دەبێت؟**

- دەبێت پێش هەموو شتێک ئێمە لەوە بپرسین کە چ شتێک بیرەوەری ئینسانێک دروست دەکەن یان بیرەوەریەکانی لەسەر رووداوێکی دیاریکراو دروست دەکەن؟ بێگومان هەڵوێست نواندن مەسەلەیەکە پەیوەندی بەدەرکەوتێکی دیاریکراوەوە هەیە. بەڵام ئەم هەڵوێست وەرگرتنە بەدەرنییە لەهەست و سۆز. دواجار ئینسان کەهەڵوێست لەسەر شتێک وەردەگرێت لەسەر دووبنچینە وەری دەگرێت یەکێکیان بنچینەی ئەوەی کەبەڕوانینی خۆی ئەو هەڵوێستە حەق بێت و

پێی ڕەوا بێت، دووەمیش هەست و سۆز تەنها بۆ لایەنگیری دەبێت. پێم وایە قسەکردن بەدڵو بەگیان لەسەر ئەنفال، هەڵوێستی ئێمە لەسەر ئەنفال ئەوەیە کەپرسێکی ڕەوایە بۆیە دەبێ بەتەواوی هەست و سۆزمان لایەنگیری لێ بکەین. خۆت ئەزانی ئینسان لەبۆنە نەتەوەییە گەورەکاندا یان لەدانیشتنە گشتییەکاندا هەمیشە هەوڵ دەدات ئەو هەڵوێستانەی، بابڵێین هەڵەن یان زوعفی ئینسانی ئەو نیشان دەدەن، بشارێتەوە، بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێت لەسەر ڕووداوێک بەدڵو بەگیان قسەبکەیت دەبێ حاڵەتە لاوازەکانیش بهێنیتە بەرچاوی خۆت. ساڵی 1988، دروست لەنیوەی یەکەمی ئەو ساڵەدا کە لە (4/14) ئەنفال دەستی پێکرد، لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم. لەسەربان سەعیم دەکرد. دەمزانی و دەمانزانی هێز دەچێت بۆلادێکانی کوردستان و دەشمانزانی ئەو هێزە کورد دەکوژێ. بێگومان پێشمان ناخۆش بوو، کەچی سەعیشم دەکرد. دەبێت بپرسین ئێمە ئەوساتانە بۆ نەمردین؟ خۆی پرۆسەی لەناوبردنی نەتەوەیەک زۆرجار لەناو ڕووداوی ڕۆژانەشدا بزر دەبێت. بۆیە دەبینیخەمباری، کەچی ژیانیش بەردەوام دەکەیت. چۆن ئینسان ئەوە قبوڵ دەکات و چۆن قبوڵی کردووە؟ دوای ئازادکردنی کوردستان گەلێک جار دەمەوێت ئەو حاڵەتانە لەهزرمدا بەرجەستە بکەمەوە چۆن خەڵک توانیویەتی کەلەژێرسایەی داگیرکەردا بژی؟ چۆن توانیومانە بخەوین و بژین و نان بخۆین و ژن بهێنین و ماڵمان هەبێت و دڵنیابین لەوەی ئەم ماڵە هێمنی و ئاسایشی تێدایە؟ واتا چۆن توانیومانە ژیانێکی ئاسایی بژین؟ چۆن نەترساوین لەهەموو ساتێکدا داگیرکەر بێتە سەرمان؟ من زۆرجار ئەم پرسیارە لەخۆم دەکەم. ئەمە ئەمانباتە سەرئەوەی کەبڵێین هەمیشە ئینسان هەست بەزوڵم و سەرکوتکردن دەکات کاتێک ئیمکان هەبێت بەراوردی بکات لەگەڵ داد و ئازادیدا. بەراورد بکات لەنێوان دووڕەوشدا. ئێستا ئێمە سەربەست دەژین، لەبەرئەوە دێین بەروارد لەنێوان حاڵەتەکانی داگیرکاری و ژێردەستەیی دەکەین. ئێستا ئێمە لە سایەی ئازادیدا کەیادی ئەنفال دەکەینەوە و قسە لەسەر ئەنفال دەکەین، ئینجا دەزانین پێشتر لە چ داهێزران و داوەشینێکی کۆمەڵایەتیدا ژیاوین و بەخۆمان نەزانیوە. بەسەر ئێمەدا دەبابەو فڕۆکە ڕۆشتون بۆئەوەی ئەنفال بکەن، بێگومان ئێمە لەوکاتەدا هیچمان لەدەست نەدەهات و ئەو کەسەی لەبەرامبەر دەبابەیەک، کە دەچوو بۆ لادێکان، بووەستایە دیارە چارەنووسی چی دەبوو؟ بەڵام ئێمە چۆن نەمردین؟ چۆن لەقەهردا خۆمان فڕێ نەدایە ژێر زنجیری دەبابەکەوە؟بێگومان لەئاستی بەرخودان وخەباتی پێشمەرگە ناڵێم بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵدا چۆن ئێمە لەناخەوە نەمردین؟ ئەمە دەمانباتە سەرئەوەی هەمیشە دووحاڵەت هەیە کە ئینسان والێدەکات لەسەر پرسەکان بێتە جواب. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو پرسە پرسی شەخصی خۆت بێت، دووەمیشیان ئەوەیە کە تۆ ئیمکانی بەراوردت هەبێت لەنێو سەردەمی سەربەستی و سەردەمی ژێردەستیدا. بۆیە دنیادیتن دەرفەتی بەراوردمان دەداتێ، وامان لێ دەکات چاوکراوە

بین، دەرەوەی وڵاتان ببینین، مەڵبەندەکانی تر ببینین کەچۆن خەڵکەکانیان مافیان پارێزراوە و چۆن دەژین؟ ئەم حاڵەتانە وادەکات کەئینسان بیر لەئەنفال بکاتەوەو بەدڵو بەگیان لێی بدوێت. بۆیە پێم وایە سەرەتای ئەوەی تۆ بتەوێت بەزانستی و بەوردی لەیەک بەیەکی پرسی ئەنفال بکۆڵیتەوە، یەک بەیەکی کێشەی ئەنفالکراوەکان بخوێنیتەوە، یەک بەیەکی مێشکی ئەنفال کراوەکان بخوێنیتەوە، دەبێت بەهەست و سۆزەوە بچیتە ناو مەوزوعەکەوە، نەک تەنها بەئەدەواتی تەحلیلی.

*** خۆت ئەزانی حکومەتی بەعس لەوشەرانەی دەیکرد رای هێنابووین لەسەرئەوەی کۆمەڵێ ناوی عەرەبی یان ئیسلامی هەڵبژێرێ، بۆئەوەی کورد وشەی ئەنفالی هەڵبژارد. بەعس بۆئەو لەناو ئەو هەموو ناوانەی تر،ئەو هەموو ئایەتە قورئانیانەی تردا کەبۆ شەڕەکانی تر بەکاری دەهێنا، بۆناوی ئەنفالی هەڵبژارد؟**

- ئیستغلالکردنی وشە یان ئاماژە تەنها گەمەیەکی عێراقی و رۆژهەڵاتی نییە، ئەو جەنگانەی رۆژئاواییەکان بەرپایان کرد.ئەو شەڕە جیاجیایانەی بەدرێژایی مێژوو روویانداوە، بەتایبەتیش مێژووی شەڕی ئەم سەد ساڵەی رابردوو، پڕن لەئاماژەی وا، بەڵام ئەتوانم بڵێم پەنابردنە بەر ئاماژەی ((هێنانە قسەی مێژوو)) بۆ روداو گەلێک کەپەیوەندیان بەمرۆوە هەیە نەک بەمێژوو ئەتوانم بڵێم ئەمە داهێنانێکی عەرەبی و عێراقییە. حکومەتی عێراق لەبەکارهێنانی ئاماژە وەک مەنزومەیەکی دیماگۆکی وەستایەکی کارامە بوو، ئێمە دەبێت ئیعتراف بەم حەقیقەتە بکەین. ئەنفال وەک ئەوەی لەقورئان هاتووە مەعلومە دژ بەکۆمەڵە خەڵکێک کراوە کە جولەکەن. لەناو پرۆسەی ئەنفالیشدا مەسەلەی دابەشکردنی غەنیمەو پاکتاوکردنی ئەو کۆمەڵەش هەیە کە ئەنفال دەکرێت. یان توانەوەو لەناوبردنی ئەو کۆمەڵەی کەئەنفالەکەی لێدەکری. وەکو کورد دەڵێ ((سەری بۆمن وماڵی بۆ ئێوە)). ئەم سورەتە زیاتر لەهەر سورەتێکی تر خزمەتی رژێمی بەعسی کردووە. سورەتێکی تر رەنگە تەعبیر بکات لەجەنگ، بەڵام بەئەندازەی سورەتی ئەنفال نا. دواتر ئەم سورەتە لەیادەوەری مسوڵمانانی جیهانی عەرەب، کەئاگادارنین چ رەوشێک لەکوردستان دەچێت بەڕێوە، ئاسانتر جێگیر دەبێت. بیریشمان نەچێت بەعس لەشەڕی دژبە لەگەڵ ئێراندا ناچار بوو گەلێک لەموفردە عەرەبی و ئیسلامییەکان بەکاربهێنێت لەکاتێکدا خۆی رژێمێکی ئیسلامیی نەبوو. لەدرێژەی جەنگی ئاماژەکان ئەم موفرەدەیە بۆکورد بەکارهات کەشەرعیەت دەداتە قڕکردنی ئێمە. بەشێکی تری گەمەی بەعس لەبەکارهێنانی ئاماژەی ئەنفالدا ئەوە بوو ئەم حاڵەتە دروست بێت کەئێستا کوردی تێدایە:ئەمە ئەنفالە یان ئەنفالە بەدناوەکەیە؟ ئەنفال دژی کوردکراوە یان دژی موسڵمان کراوە؟ یان ئەو حاڵەتە غەریبەی کەئێمە چەندساڵێکە ناوی ئەنفالمان ساغ نەکردۆتەوە. بێگومان ئینسان بۆئەوەی هەڵوێست لەشتێک وەربگرێ دەبێ خەسڵەت و ناوەکەی بزانێ و ناوەکەی و تەعریفەکەی تەشخیس بکات. بەعس ویستویەتی

ئێمە ماوەیەکی زۆر بەناوەکە مەشغوڵ ببین بۆئەوەی لەبەرنگاربوونەوەی ئەنفالدا مودەتێکی زیاتر ئەو بپەرژێتە سەرخۆی و ئێمەش مودەتێکی زیاتر بەناوەکەوە خەریک بین. ئەتوانم بڵێم کوردیش وەک میللەتێکی موسڵمان ئەم ناوە گەلێک ئازاری داوە لەنێوان ئەوەی کە ئایا ئێمە کافر بووین بۆیە وایان لێکردین و ئەوەی ئایا ئێمە جولەکەین وامان لێ ئەکەن؟ تووشی گێژاو بووین و ئەم پرسیارانە لەناو میللەتانی موسڵماندا پرسیاری هەستیارن. دواجار گرفتی تر دێتە پێشەوە ئایا ئەگەر کورد بیەوێ لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی قسە بکات و بڵێ ئێمەیان بەجولەکە داناوە بۆیە ئەنفالمان دەکەن. خەڵک پێمان ناڵێن بۆ ئێوە ئەنفالکردنی جولەکە بەڕەوا دەزانن؟ لەناو ئەو حاڵەتانەدا بەعس پەراوێزێکی زۆری هەڵسوکەوتی داوە بەخۆی. من پێم وایە ئینسان پێش رووبەڕوبوونەوەی هەرحاڵەتێک و هەرگرفتێک پێویستە ناوی لێ بنێت. ئێستا کردەوەی ئەنفال گرفتێکی گەورەی بۆ ئێمە دروست کردووە. تەیارێکی فکری دەڵێ ئەنفالە بەدناوەکە، تەیارێک پێی دەڵێت بەناو ئەنفالەکان تەیارێکی تر داماوە ئایا ئەم پرۆسەی قڕکردنە وەک بەشێک لەپرۆسەی بەردەوامی قڕکردنی کورد لەمێژووی ناوچەکە لەقەڵەم بدات یان بەبەشێک لەپرۆسەیەکی فاشیانە کەناوێکی ئیسلامیانەی بۆ دۆزراوەتەوە؟ ئەم تێڕامان و ئەم مەشغوڵبوونەی کورد و تەیارە سیاسییە جیاجیاکانی کورد بەناوەکەوە خۆی لەخۆیدا پەراوێزێکی زۆری داوە بەبەعس کەمودەتێکی زۆر خۆی لە لێپرسینەوەو تاوانبارکردن دوور بخاتەوە. من خۆم رەئیم وایە دواجار ناوەکە هەرچییەک بێت پرۆسەیەکی قڕکردن هەیە لەدژی کورد جێبەجێ کراوەو هەموو ئەو ئاڵۆزییانەی کەدەوری کێشەکەی داوە خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە پرۆسەکە وەلێی جیانین.

*** بەدرێژایی دروست بوونی حکومەتی عێراقی،هەروەها لەماوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا تەرکیز زۆرکراوەتە سەرئەوەی کەعێراق یەک گەلە، یەک پێکهاتەیە پێکهاتەکەشی پتەوە.لەدەرەوەی عێراق هەمیشە بەعس ئەم قسانەی کردووە،بۆ وڵاتە عەرەبییەکان،بۆ جیهان بەڵام دێت پرۆسەیەک دەکات ئەگەر پرۆسەی ئەنفال لەمێژوودا وەک باست کرد پرۆسەیەکە دژی غەیرە ئیسلام،بەڵام پرۆسەی ئەنفالی کورد لەلایەن دەسەڵاتی عێراقەوە پرۆسەیەکە دژی خۆی ئەنجامی دەدات کەئەو ئیدیعا دەکات ئێمە بەشێکین لەو ئایا ئەمە بەمانای بێ سەرەوبەرەی لەئایدۆلۆژیایەتی بەعس و بەمانای دانپیانان نییە بەو حەقیقەتە کەعێراق گەلێکی یەکگرتوونییە.**

– وایە، بەڵام ئێمە ئەگەرمێژووی ئەوەی کەئێستا ناوی لێ دەنێن قەوارەی عێراقی لێکبدەینەوە دەبینین بەچەند پرۆسەیەکدا تێپەڕبووە. جارێ هەمیشە ئەو دەوڵەتانەی کەرەسەن نین گرێی رەسەنایەتیان هەیە. هەمیشە ئەو وڵاتانە قسە لەسەر رەسەنایەتی و کۆنینەیی خۆیان دەکەن کەکۆن نی.ن عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە کاری بۆئەوە دەکرد مەفهومی ئومەی عێراقی جێبەجێ بکات. مومکینیشە لەناو ئەو مەفهومی عێراقی بوونە دەست پیاداهێنانێکی عەرەبی بخەنەسەر. بەمانای عروبەی نا بەڵکو بەمانای ئاسایی وەک

چۆن شـەعبی ئـوردونی و شـەعبی میسری هەیە، ئیـدی شـتێکی لەم بـابەتە. یەعنـی کاتێک دەوڵەتە عەرەبییەکان دروست بوون ئیکتیفایان بەوەکردبوو وەک حکومەتێک هەبن و مەسەلەی وەحدەی قەومـی زۆر لەئارادا نەبـوو.شتێک لای تەیارە سیاسییە قەومییەکان نەبێت کەموعـاریزبوون.لەگەڵ هـاتنە سـەرکاری بەعـس ئەو مەفهـومەی گۆڕی تەیاری قەومـی لەعێـراق و بەعـس کەنوێنەریـان بـوو مەفهـومی عێراقیبوونیان کردە بەشێک لەمەفهـومی عەرەبـی بـوون. لەنـاو ئەوەشـدا عەرەبـی بـوون و ئیـسلامی بوونیـان ئـاوێتەکرد. بێگومـان ئەو ئیـسلامەی کەخۆیـان ڕیـوایەتی دەکەن نەک ئەو ئیسلامەی میللەتان دەیناسن و قەومییەکان پێی دەڵێن ئیسلامی((شعوبی)).

بڵاوکـردنەوەی مـوفرەدەی هەرێمـی عێـراق بەمانـای ئەوەدێ کەهەرێمێـک وەک بەشێک لەنیشتمانێکی گەورەتر هەیە کەبەحیساب نیـشتمانی عەرەبییـە، بەشێکە لەم هەوڵەی بەعـس. ئەوە دەستنیـشانکردنێکی دروسـتە کە تـۆ وتـت پرۆسـەیەکە دژی بەشێک لەخەڵکی عێراق دەکرێت. بەڵام خۆ داگیرکەران دەزانن چی دەکەن. ئەوان لە بەعێراقیبـوون و عەرەبـی بـوونی کـورد سـەرنەکەوتن، بەتـایبەتی عێراقیبـوون بەو مەفهـومەی کەسـەدام یـان حزبـی بەعـس لێـی تێگەیـشتووە، بـۆیە جێبەجێکردنـی پرۆسـەی ئەنفـال خـۆی لەخۆیـدا نیـشانەی شکـستی سیاسـەتەکەیانە. لەراسـتیدا حەرەکـاتی قەومـی تونـدڕەو هەتـابێ بازنەکەیـان داخراوتردەبێـت. لەوڵاتـانەی کەحەرەکـاتی قەومـی تونـدرەو بـاڵا دەسـتە هەمیـشە بـازنەی ئینتیمـابوون تەسـک دەکـرێتەوە. ئەمە عەرەبە بەڵام عەرەبێکـی رەسـەن نیـیە. ئەمەش بەپێـی گەمەی سیاسیی بڕیاری لێ دەدرێ و ئەو دەسەڵاتەی حوکمی بەدەستە خۆی بڕیاردەدا چی لەمەفهـومەکە دەکـات. بـۆ ئەمەش هەمیـشە پەنـا دەبـرێتە بەر مێـژوو. بـۆ نمـوونە دەیـانگوت لەجنـوبی عێـراق ئەم عەشـیرەتە وەختـی خـۆی تـێکەڵاوی لەگەڵ فـارس هەبووە کەواتە دەبێ ئەمە دەربکرێت لەبازنەی عەرەبی بوون ! تائەوکاتەی نەتەوە رووت دەبێـتەوەو کەس نـازانێ کـێ ئەنـدامی نەتەوەکەیە؟ بـۆیە بەعـس کە ئەم پرۆسـەیەی کـرد خـۆی پێش هەمـوو کەسێک دەیزانـی تەصفیەی گەلێـک دەکـات کەبەئاسانی نابێتە عەرەب. بەڵام بێگومان لەدەرەوە ئەنفال و قڕکردنی کورد وانیشان دەدات کەکۆمەڵێ کوردی خەڵەتاو هەن پێویستە ئەنفال بکرێن، ئەمـانە جیـاوازن لەو کـوردە بـاش و چـاک و موحتەرەمـانەی کەئامـادەن عێراقییەکـی بـاش بـن بەو مواصـەفاتەی بەعـس دەیەوێـت. رەنـگە خەڵـک لەدەرەوەی ئەم گەمەیە، خەڵکـی بێگانەو رای گشتی دونیا بخەڵەتێن، بەڵام هەردوو لایەنی ململانێکە، کوردو بەعس، چاک لەیەکتری تێگەیشتبوون.

راسـتییەکەی نـاتوانی پێـشبینی شـتێک بـکەی کەڕووی نەداوە، بەڵام دەتـوانی پێشبینی سیاسـەتێک بـکەی کە بـۆ کوێ دەچێ؟ ئەم سیاسـەتە مەعلـومە بـۆ کوێ دەچوو، سیاسەتی بەعس ئاشکرا بوو کە بۆ ئەوەیە شتێک نەمێنێ بەناوی نەتەوەی کوردەوە، بەلانـی کەمەوە لەعێراقدا. ئێمە دەبێت بپرسین ئایا ئەگەر ئەم پرۆسـەیە

بەردەوام بوایە دەگەیشتەقۆناغی قڕکردنی کورد؟ خۆ لەمێژوودا ئێمە قڕکردنی زۆرێـک لەنەتەوەکانمـان خوێنـدۆتەوە، زۆر نەتەوە لەسـەدەکانی رابـردوودا قڕکراون، بەڵام ئەتوانم بڵێم لەسەدەی بیستدا نەمان بینیوەو نەمان بیستووە کەنەتەوەیەک قڕکرابـێ و گەیـشتبێتە قەڵاچـۆکردن. ئەمەش بەهـۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئەتوانم بڵێم بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیای پەیوەنـدیش. مەسـەلەیەکی تـریش هەیە نـاوی حەق دارێتیـیە لەپرسـێکی دیـاریکراودا. ئـێمە هەمیـشە دەڵێـین کە ئەنفـال و هەڵەبـجە روویـدا کەس لەسـەرمان نەهاتە جـواب بێگومـان بەقەدەر قەبارەی هەردوو تراژیـدیا کەس نەهاتە وەڵام، بەڵام دەبێت دان بەوحەقیقەتەشدا بنێین کەئەنفال و هەڵەبجە خۆی خاڵی وەرچەرخانیش بـوو کەپێویـست بـوو ئیتر دونیا بێتە وەڵام یەعنی قەوارەی تراژیدیاکە ئەوەنـدە گەورەبـوو نەدەکرا لەوەزیاتر بێ دەنگی هەبێت بـۆیە دەتـوانم بڵـێم هەڵەبـجە زیـاتر لەقڕکردنەکـانی تـری کـورد لەکـاتی رووداوەکەدا چانسی دەنگدانەوەی هەبوو. ئەنفالیش دوای ئەوە دەنگدانەوەی بەنسیب بـوو. ئەمەش نیشانی دەدات کەمیـدیا دەوری خـۆی دەبینێت لەوەی نەتەوەیەک لەقڕکـردن، بەلانـی کەمەوە بـۆ مـاوەیەک، دەربازبکـات. مـن حەزدەکەم ئیشارەت بەوەبدەم کە بەدرێژایی مێـژوو ئیمبراتـۆریەتە گەورەکان دەیـان نەتەوەیـان لەنـاو خۆیانـدا قڕکـردووە. لاپەڕەکـانی مێـژوو بـۆئێمەی دەگێڕێتەوە چۆن قڕکراون؟ بۆپرسی کوردیش بەدرێژایی مێـژوو گرێی ئەوەی هەبـووە کە راگەیانـدنی دەرەوە بەقەد پێویـست موتەجـاوب نـیە لەگەڵـی یـان بابڵێین ئاگای لەپرسەکەی نییەو ئەو قڕکردنانەی کورد کەروویـداوە هەمیـشە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێی بێدەنگ بووە و هەڵوێستی لەئاستدا نەنواندووە. ئەمە گـرێیەک بـوو لەدڵـی بـزوتنەوەی سیاسـیی کوردسـتاندا لەمێـژوودا یەکێـک لەوقڕکردنـانەی دەنگـدانەوەیەکی گەورەی دروسـت کـردووە قڕکردنـی ئەرمەنەکـان بـوو. کتێبێکـی مێـژووی هەیە کەتەرجەمەکـراوە نـاوەکەی (فەرمانڕوایی قۆچی زێڕین)ە باسی ئەوە دەکات بەرێکەوت رۆژنامەنووسێک کەلەوێ بـوو قڕکردنەکەی بینیـوە و لەسـەری نووسـیوە. ئەمە نیـشانی دەدات کەراگەیاندن چ دەورێک دەبینێ لەنەهێشتنی قڕکردنـدا. پـێش گرتنی کوێت یەکێـک لەهۆیەکـانی تەنـگەژەی عێـراق لەگەڵ کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی هەڵەبجەبوو ئەگەر بیریشت بێت پێش ئەوەی عێراق کوێت بگرێت ئاراستە بەرەو ئەوە رۆیـشت کەسـزا لەسـەر عێـراق جێبەجـێ بکرێـت. یەکێـک لە هۆیەکانی سزادانی عێراق مەسەلەی هەڵەبجە بوو. بەڵام ئیتر وابوو کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر عێراق بێنە جواب و بڵێن لەهەڵەبجە هیچ نەکراوە! ئەمەش خـۆی لەخۆیـدا نیشانەی ئەوەبوو کەبۆنی هەڵەبجە چووبووە دەرەوەو چەند وڵاتێک ناچاربوون بەرلووتی دنیای پێ بگرن.

*** راستە بەڵام عێراق بەلانی کەمەوە توانیویەتی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان رابهێنیت لەسەرئەوەی کە لەهەڵەبجەو ئەنفال شتێک نەکراوە بەڵکو ئیمپریالیزم دەیەوێت وای نیشان بدات.**

- من پێم وانییە عێراق توانیبێتی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان قەناعەت پێ بهێنێت. بەڵکو وڵاتە عەرەبییەکان خۆیان هاو هەڵوێست بوون لەسەر ئەوەی کەلەم پرۆسەیەدا لەگەڵی دەبن. پێشم وایە کەگەلە کۆمەکییەکەی وڵاتە عەرەبییەکان و هەندێ لەوڵاتە ئیسلامییە نارەسەنەکان لەمەسەلەی هەڵەبجەو ئەنفالدا لەدژی کورد، خۆی لەخۆیدا یەعنی شتێک هەیە خەریکە لەدەستیان دەردەچێ و ئەوان گەلە کۆمەکی لێ دەکەن. گەلە کۆمەکی لەشتێک ناکرێت کەمردوو بێت، گەلەکۆمەکی لەشتێک دەکرێ زیندووە و خەریکی پەلەقاژەی دەربازبوونە. ئەم گەلەکۆمەکەی کە لەدژمان کرا پێم وایە نیشانەی وەرگۆڕانە لەدۆخی ئێمە.

ئەگەر ئێمە بەوردی تەماشای کێرفی دبلۆماسیەتی کوردی لە 89-وە بکەین دبلۆماسیەتی کوردی دوای ئەوە گەشەسەندنی بەخۆوە بینی کەکورد وەکو قوربانییەک نیشان درا، دبلوماسیەتی کوردی لەجیاتی ئەوەی ئەجندەیەک بەرێ و بڵێ ئەوەندە نەوتمان هەیە، ئەوەندە سامانی سروشتیمان هەیە، ئەوەندە شارەزایی بازرگانی و هێزمان هەیە، تەرمی عومەری خاوەرو تەرمی ئەنفالی بەدەستەوە بوو دەی برد لەسەرمێزی گفتوگۆی دەوڵەتانی دادەنا. نیشاندانی کورد وەکو قوربانییەک دەتوانم بڵێم دەسپێکی دبلۆماسیەتی کوردیش بوو. ئینجا شتێکی تریش: دابەش بوونی کورد وای کردووە ئەگەر کوردی پارچەیەکیش لەناوبچێ خەڵکانی تر هەن کوردی تر هەن لەپارچەکانی تر کەلەسەر ئەم پارچەیە بێنە جواب. سەرەڕای ئەم قڕکردنەی هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتۆتەوە بەڵام هەمیشە بزوتنەوەی کورد کە لەشوێنێک لەناو دەچێت لەشوێنێکی تر سەرهەڵدەداتەوە. ئەمە ئومێد دەدات بەبەشە سەرکوتکراوەکە، من لە زۆر تێکۆشەری کوردم بیستووە کەوتویانە ئەگەر مەسەلەی ئەنفال وەزعی لێ تێک داین ئاشبەتاڵ ناکەین، بەڵکو دەچینە پاڵ بزوتنەوەیەکی تری بەشەکانی تری کوردستان و درێژەی پێ دەدەین. زیندو راگرتنی بزوتنەوەی کوردایەتی لەهەر پارچەیەکی کوردستان واتا راگرتنی بوونی کورد و سەرلەنوی داواکردنی مافەکان و تێهەڵچوونەوەو تێپەڕاندنی دژوارییەکانی قڕکردن و ئەنفال.

*** بیروڕایەک هەیە کەکورد نەیتوانیوە ئەنفال بکاتە رەمزی تراژیدیایەک بەتایبەتی لەراگەیاندن و میدیا خۆماڵییەکاندا**

- ئەتوانم بڵێم ئێمە مۆدێلێکی تری نەتەوەی کوردمان لەبەرچاو نییە و هەڵەبجەو ئەنفالێکی تریشمان لەبەردەستدانییە تابزانین ئەم مۆدێلە لەشوێنێکی تر چۆن جێبەجێ بووەو ئێمە لەبواری واقعیدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەین؟ نەتەوەی تر هەن لەمێژوودا کەتوانیویانە ئەم قڕکردنە ئیستسمار بکەن و وەکو سەرمایەیەکی رەمزی، وەکو تراژیدیایەک ئیشی لەسەربکەن. بەڵام ئێمە

لەقسەکردن لەسەر ئەم پرسەش دەبێت رەچاوی ئاڵۆزییەکانی وەزعی سیاسی کوردستان بکەین، رەچاوی ئەوهەلومەرجە دژوارە ناخۆشەی دەوری کوردی داوە، بکەین. ئاخر خۆ دەزانین قەوارەی روداوەکە چەندگەورەیە؟ گەورەترە لە هۆلۆکۆست گەورەترە لەقڕکردنی ئەرمەنەکان، گەورەترە لەهەموو ئەوقڕکردنانەی لەمێژوودا روویانداوە، بەڵام دەبێت بەقەدەر ئەوەش بزانین کەحەجمی ئەم کارەساتە بۆیە ئەوەندە گەورەبوو چونکە کورد لەهەموو بوارەکاندا لاوازبوو ئێستاش سەرەڕای پێشکەوتنی پرسی کورد ئاسەواری ئەو لاوازییەمان پێوەدیارە. دەمەوێت بڵێم نەتەوەکان هەمیشە دوای کۆتایی هاتنی تراژیدیاکان توانیویانە ئیستسماری بکەن ئێمە فریانەکەوتین ئەوانەی ئەنفال کران بیان گێرینەوەو نەهێڵین ئەنفال بکرێن. بەڵام ئینسان کەوشیاری خۆپاراستن لەنەخۆشییەک بڵاودەکاتەوە بۆ دەربازکردنی ئەو نەخۆشانە نییە کەتازە تووش هاتوون، بەڵکو بۆ ئاگادارکردنەوەی تەندروستەکانە لەدژی ئەو نەخۆشییە. بەم پێیە ئیستسمار کردنی تراژیدیای ئەنفال زیاتر لەوەی بۆ مردووەکان بێت بۆ زیندووەکانە. بەپشت بەستن بەوقسەیەی کەوتم دوای تراژیدیاکان نەتەوەکان دەتوانن ئیستفادە لەتراژیدیاکان بکەن ئەوا ئێمە دوای راپەڕین کەوتینە کەڵکەڵەی ئیشکردن لەسەر ئەنفال. بەمانایەکی تر ئێمە دوای پشوودانێک و دوای پێکهاتنی نیمچە دەسەڵاتێکی کوردی خەریکین ئەم تراژیدیایانە ئیستسمار دەکەین بۆ دەسەڵاتی کوردی و قەوارەیەکی کوردستانی ئەمە بۆ نەتەوەکانی تریش هەروایە. هیچ نەتەوەیەک نەی توانیوە پرۆسەی لەناوبردنی خۆی بکات بەقەزییەیەک کەهەموو دنیا قسەی لەسەربکات مەگەر پاش ئەوەی کەتوانیبێتی دەسەڵاتی سیاسیی بۆخۆی پێکبهێنێت. جولەکەکان لەجەنگی جیهانی دووەمدا قڕکراون، بەڵام ئێمە نازانین ئەگەر جوولەکەکان لەپاش جەنگی جیهانی دووەم دەوڵەتیان نەبوایە چۆن ئیستسماری ئەم حاڵەتەیان دەکرد؟ کێ مەرحەبای دەکردن. سەرەڕای ئەوەی میللەتی جولەکە لەدنیادا دەستی دەڕوات و توانای سیاسیی و ئابووری و فەرهەنگی زۆری هەیە بەڵام ئەگەر دەوڵەتی ئیسرائیل نەبووایە کێ مەرحەبای تراژیدیاکانی جولەکەی دەکرد؟ من لەم بوارەدا قسەیەکی سیاسەتمەدارێکی جولەکەم لەبیرە کەدەڵێ باسی تراژیدیای جولەکەم بۆکرد گوێی لێ نەگرتم، کە باسی بەرژەوەندی وڵاتەکەیم کرد بەوردی بەری خۆی دایە من!

ژاپۆن نەیدەتوانی هێرۆشیماو نەکازاکی لەزاکیرەی میللەتی ژاپۆنیدا بچەسپێنێ ئەگەر دەوڵەت نەبوایە. ئەم دەوڵەتە ئەگەر ساڵنە بەرنامەی رادیۆو دەزگاکانی ئیعلام و هەموو وەزارەت و دامەزراوەکانی خۆی نەخستایەتە خزمەتی ئەوەی یادی هێرۆشیماو نەکازاکی زیندووە رابگرێ، پاش ماوەیەک لەبیر دەچۆوە. ئەوە دەوڵەتە ساڵنە پاس بۆخەڵک دەگرێ و دەیانباتە سەر شوێنی رووداوەکە ئەوە دەوڵەتە کەلەرۆژنامەکانی خۆی باسی تراژیدیاکە دەکات و خەڵکی هاندەدات کەلەیادەوەری خۆیاندا هێرۆشیماو نەکازاکی بەزیندوویی رابگرن. لێرەدا دەوڵەت عەقڵی بیرکەرەوەی

کۆمەڵگـایە. دەوڵەت دەتـوانێ خەڵـک بگەیەنێـتە ئەو قەنـاعەتەی ئەگەر خەڵکـی گەرمیـانیش نەبێ ئەنفال بەهـی خـۆی بزانـێ. ئەوەی کەگـوتم پاڵپـشتە بـۆ قەزیەی خۆمــان. دەوڵەت بەتەکنیکــی سیاســیی هەمەجــۆر دەرفەت دەدات بەخەڵــک کە وردەوردە تراژیـدیاکان بەهـی خۆیـان بـزانن.واتـا بـوونی دەوڵەت و پێکهـاتنی دەوڵەت یەکەم هەنگاوە بۆ چەسپاندنی نەتەوە وبۆچەسپاندنی سیاسییانەی تراژیدیاکانی.

*** حکـومەت ئێـستا ئیعلامـی لەبەردەسـتدانییە کـۆمەڵێ ئیعلامـی حـزب ئێـستا کـار بـۆئەوە نەکـراوە کەلەنـاوخەڵکی خۆمانـدا وەک تراژیـدیایەک ئەمـانە چـۆن سـەیردەکەیت ئەوانەی تۆبـاسـی دەکەیـت لەم هەلومەرجە دەکرێت؟**

- لەگەڵ قەومـانی راپەریـن و پـێش ئەوەی کـۆرەوەکە رووبـدات بەدەیـان کاسـێتی هەڵەبجە بڵاودەبوونەوە خەڵک هەبـوو گریـا، خەڵـک هەبـوو تـازە دەیزانی نەتەوەکەی وچی لێ بەسەر هاتووە خەڵک هەبوو تازە دەیزانی نەتەوەکەی ئەنفال کراوە. بێگومان کاسـێتی هەڵەبـجە هەیە بـۆیە خەڵـک تەماشـای دەکـرد لەکاتێکـدا کاسـێت، یـان کاسێتەکانی ئەنفال،دەست ناکەون. خەڵک تازە دەزانێ ئەنفال هەیە. ئەمەش تەبیعیە لەوڵاتـی تۆتالیتـاری عیـراق و لەنـاو کۆمەڵگایەکـدا کەلە رەوشـی دروسـت بوونـدایە (کوردەورای). هەڵبەتە لەماوەی ئەم 10 ساڵەدا مەسەلەی ئەنفال باش چۆتە پێشەوە سـەرەتا زەحـمەت بـوو بەڵام مـاوەیەکی تـر وای لـێ دێ هەرلەخـۆتەوە نـازانی ئەم پ.رسـە چـۆن بـۆتە پرسـێکی نەتەوەیـی گەورە. مـن زانکۆکـان بەنمـوونە دەهێنمەوە. زانکۆ هاوسۆزە لەگەڵ ئەم پرسە نەتەوەییەدا.

رەنگە سەیریش بێت بڵێم پرسی نەتەوەکان دوای دروست بـوونی قەوارەی نەتەوەیی دەگەشێنەوە. ئەمڕۆ لە زانکۆکانی کوردستاندا گیانی نەتەوەیی و گیـانی تێگەیشتن لەئەنفال و گیانی تێگەیشتن لەقڕکردنی کورد لەهەمـوو سـەردەمێک بەرزتــرە. لەســەردەمی خەبــات و تێکۆشــانی شــاخدا خەڵکــانێکی نــوخبە ئەم ئەرکانەیـان جێبەجـێ دەکـرد بەڵام ئێـستا پرسـە نەتەوایەتییەکانمـان خەریکـن دەبنە پرسی کۆمەڵی (جەماعی) دامەزراوەکانی تـریش بەشـێکن لەوپرۆسـەیە و کاریشی لەسەردەکەن. ساڵ بەساڵ مامەڵە کردن لەگەڵ پرسی ئەنفال وشیارانە ترو لەبارترو پێگەیشتووترە، بەڵام ئەمە دوو تەگەرەی لەپێشە یەکێکیـان ئەوەیە کە دامەزراوی میدیا لەکوردستان خۆی گرفتی تەکنیکی و گرفتی توانای هەیە. توانــاکەی ئەمەنــدەیە: توانــای بەرێــوەبردن، توانــای هەڵمەتــی ئیعلامــی و دروســتکردنی رای گــشتی لەپرســەکان. ئەمــانە گــرفتە گەلــێکن لەبونیــادی دامەزراوە ئیعلامییەکانـدا و پەیوەنـدی بەهەڵوێستی پێشوەختەوە نیـیە لەبـارەی ئەنفالەوە. گوایە بڕیاریان دابێ ئەنفال نەکەنە پرسێکی گەورەیـان ئەنفـال نەکەنە سەرمایە بۆکورد، بەڵکو پێم وایە مەسـەلە گرفتی بونیـادی ئەو موئەسەساتانەیە کە توانایـان نیـیە وەکـو پێویـست شـان بـدەنە بەرئەو ئەرکە وەکـو پێویـست لەبەرئەوە هەرتەکانی بۆئەدەن ئەوتەکانەش بۆخۆی، وەک رەئی خۆم،،گوزارشتە

لەدڵسۆزی، گوزارشتە لەوەی کەئارەزویان لێیە شتێک بکەن، بەڵام توانـاو دەسەڵاتەکە بەقەد قەوارەی کارەساتەکە و بەقەد ئەو ئارەزووە نییە.

لەراستیدا هەمیشە ئیعلامی دەسەڵات ئەم پرسە نەتەوەییانە ئەخاتە روو دواجار بۆئیعلامە ئەهلییەکانی بەجێ دەهێڵێت. ئیعلامی ئەهلی یان دامودەزگاکانی مەدەنی، بەتایبەتی دامودەزگا رۆشنبیرییەکان، ئەوان زیاتر لەدەسەڵاتی سیاسیی و ئیعلامەکەی دەتوانن کار لەسەر ئەوەبکەن تراژیدیایەکی نەتەوەیی بەزیندوویی رابگرن و بیکەنە سەرمایەیەکی رەمزی لەپرسە سیاسییەکاندا. بۆ؟ چونکە دەسەڵاتی سیاسیی دواجار مەحکومە بە پەیوەندی سیاسیی لەگەڵ دەوروبەردا. من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە: کۆریای باشوور لەبواری گەشەسەندنی ئابووری و لەبواری رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ژاپۆندا پێویستی بەوە بوو کە لەگەڵ تۆکیۆ دۆستایەتی باشتر بکات، لەکاتێکدا ژاپۆن لەباری مێژووییەوە زوڵمی لەکۆرییەکان کردووە. حکومەتی کۆریای باشوور هەنگاوی نا بۆئەو پەیوەندییە. میللەتی کۆریا داوای کرد بەرەسمی داوای لێبوردن لەگەلی کۆریا بکرێت ژاپۆنییەکانیش داوای لێبوردنیان کرد. پاش چەندین ساڵ ئێمە بیستمانەوە پاپاهات داوای لێ بوردنی لەموسڵمانەکان کرد. پاش چەندین ساڵ بیستمان کەسەرۆکی ئەمریکا داوای لێ بوردنی لەگەلی ئێران کرد، مەسەلەکە لێرەدا نیشانی دەدات کەدەوڵەتی سیاسیی دواجار مەحکومە بە پەیوەندی سیاسیی. لەکاتێکدا میللەت و دامەزراوەکان دەبێ تراژیدیاکان بەزیندوویی رابگرن.

*** حکومەتی بەعس پێش بەعسیش حکومەتەکانی بەردەوام لەهەوڵی تەعریب کردنی کەرکوک و ئەو ناوچانە و دەوروبەری کەرکوکن وەئەنفالیش بەگوێرەی هەموو ئەو دیراسانەی من بینیومن بەتایبەتی باسی ئەوەدەکات کەزۆرترین خەڵک لەناوچەی گەرمیان ئەنفال کران لەناوچەکانی نزیک کەرکوک تەنها لەو شوێنە حکومەتی عێراقی رێگەی بەدەربازبوونی خەڵک نەدا لەشوێ،ەکانی تر رێگەیەکی هێشتەوە کەبچێت بۆ ئێران یان تورکیا بەڵام لە ئەنفال 4-دا هەموو دەرگاکانی داخست وەخەڵکەکەی راپێچ کرد ئایا پرۆسەی ئەنفال 4 خۆی لەخۆیدا چ رەبتێکی بەتەعریبەوە هەیە و چۆن دەکرێت بەوشێوەیە سەیری بکەین؟**

- بێگومان داگیرکەران جیاوازی ناکەن لەنێوان ئەندامانی نەتەوەی کورد یان ئەو نەتەوەیەی داگیری دەکەن. لەراستیدا ژنانی گەرمیان جوانترنین لەژنانی سلێمانی و بادینان، گەنجی گەرمیان و کەرکوکیش قۆزترنین لەگەنجانی تری کوردەواری. بەڵکو ئەمە پەیوەندی بەشوێنی کەرکوک، شوێنی گەرمیانەوە هەیە لە پرۆسەی بەعەرەبکردندا. بەعس لەستراتیژی تەعریبکردندا قۆناغ بەندی هەیە بۆیە گرنگە لە وەڵام دانەوەشدا ئێمە قۆناغ بەندی بکەین. لەپرۆسەی بەعەرەبکردندا، کوردستانی خۆمان کە چۆتە پاڵ حکومەتی عێراق خۆی لەخۆیدا تەعریب کراوە، چونکە عێراق بەدەوڵەتێکی عەرەبی ناسراوە. ئەم پرسە درێژەی کێشاوە تاوەکو بەعس هاتۆتە

سەرحوکم. لەبەرنامەی بەعسدا عێراق بەبەشێک لەنیشتمانی عەرەبی دانراوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا تەعریبێکی رەسمیە، مابووە سەر وردەکارییەکانی جێبەجێ کردنی. ئەو تەعریبە لەبواری جێبەجێکردندا لەخوارەوە بۆسەرەوە بووە لەخوارەوە بە تەهجیرکردن و لەسەریشەوە بەتەهجیر و تەعریب و (دواجار ئەنفال).

***کاک ستران، لەهێرشەکاندا کورد لەپراکتیزەکردنی هێرشەکاندا بەشێوەیەکی زۆر باسکی وەک چەکدارەکان یان جاشەکان وەهەندێک لەپێشمەرگەکانی کەدابەزین پێش ئەنفالەکان بوون بەدەلیل بۆهێزەکانی حکومەت کەشوێنەکان داگیرکرانەوە ئەوبەشداری بوونەی کورد لەوکاتەدا لەوساتەدا دەچێتە زمنی ئەو بەشدارییە تەقلیدیانەی کورد کە زۆرجار کورد چووەتە پاڵ داگیرکەرەکەیەوە بۆتوانەوەی شۆڕشێکی کورد یاخود ئەم جارە شێوازێکی جیاوازی هەبوو شێوازێکی ئینتیحاری یان کەتۆدەزانی بەعس ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە ئەوەندە توانای هەیە چ وەک شۆڕشگێر تادوێنێ شۆڕشگێربوو چ وەک ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی خۆی تەسلیم بووە بەشێوەیەکی زۆر رەها بەشداری کردووە لەسەرەتادا تۆ باسی ئەوەت کرد کەئێمە بێدەنگ بووین بەلای کەمەوە ئایا ئەمە ناچێتە قالبی عەمەلییەیەکی ئینتحاری حەماسیەوە ئایا ئیتر باوەڕمان بەبوونی خۆمان بەژیانی خۆمان مابوو.**

- مەسەلەی رۆڵی جاشایەتی لەئەنفالدا دەبێت ئێمە وەکو خۆی تەحدیدی بکەین. ئەوەی کەپێویستە جاشایەتی مەحکوم بکرێت مەبەستمان لێی ئەوەنییە تازەبەتازە جاشێک بگرین لەناوی بەرین. ئەوە بەوە چارەسەرناکرێت. پێش ئەوەی خائینێک لەناوبەری دەبێت ماکی خیانەت و ئەو هۆکارانە چارەسەر بکەی کەئەمە دروست دەکات لەناو نەتەوەکاندا. من پێم وایە لەچوارچێوەی توێژینەوە لەئەنفال دوومەوزوع هەڵوێستەو گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرن: یەکەمیان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی کەباسم کرد و دووەمیان مەسەلەی جاشایەتییە لەپرسی ئەنفالدا. لەشوێنێکدا نامەی ئەو جەنگاوەرەم خوێندۆتەوە کەدەڵێ (ببورە کە بەشداری ئەوجەنگەم کردووە، من نامەوێ ئەمەبکەم) ئەم نامەیە باشترین گوزارشتە لەقەوارەی ئەو تراژیدیای کورد چەشتویەتی، لەهەمان کاتدا باشترین گوزارشتە لەسەر ئەوەی چۆن ئینسانەکان وایان لێ دێ تەنها خەریکی دەربازکردنی خۆیان بن و دوور لەکێشەی خەڵکی تر چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن.کۆڕەوەکە روویدا هەموو خەڵک لەوەدابوو ماڵەکەی خۆی دەربازبکات.تەنها خەڵکی نوخبەن لەخەمی ئەوەدان هەموو میللەتەکە رزگاربکەن، تەنها تێکۆشەری بواری سیاسەت و پێشمەرگەن کەلەخەمی دەربازکردنی میللەتەکەدان. گەورەترین تراژیدیا ئەوەیە کە لەکاتی تەنگەژەکاندا تەنها خەمی دەربازکردنی خۆمانمان بێت چونکە ئەمە نیشانەی ئەوەیە لەوساتە وەختەدا ئیتر هیوامان بەپێکەوە ژیان و بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان نەماوە. لایەنێکی ئەم مەسەلەی خود پەرستییەی تێدایە بەدیوێکی تردا مەسەلەی جاشایەتییە. بێگومان حاڵەتی ئەوکەسەی کەدەیەوێت ماڵەکەی دەرباز بکات جیاوازە لەحاڵەتی جاشایەتی، بەڵام لەم حاڵەتەش جاشایەتی بەدیوێک لەدیوەکان دەتوانین وای بخوێنینەوە کە دەرکەوتی بێ ئومێدبوونی جاشە لە بەردەوام بوونی ئەو پێکەوە

ژیـانەی کەجـاران لەگەڵ کۆمەڵـدا هەی بـووە. ئەو کـابرایەی جاشـایەتی دەکـات و دەچێتە سەرگوندەکەی خۆی بۆ ئەنفالکردنی، ئەوە بێ ئومێد بووە لەوەی جارێکی تـر ئەو ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییەی خۆی لەگوندەکە ببینێتەوە و جارێکی تر ئەو وەزعە ببینێتەوە کە سەردانی خزمەکەی خۆی بکات لەگوندەکە. ئیتر ئەو جاشـە بڕیاری داوە ئەو شێوازەی ژیانی خۆی لەناو بەرێت لەبەرئەوە بیرکردنەوەی بەم شێوەیە: نەتەوە لەناودەچێـت، ئەوخەڵـکە لەنـاودەچن، ئیتـر بـۆ مانگـاکەی نەبەم؟ هەرئەبـرێ بۆچی من نەیبەم؟ ئەم ژنە هەرئەنفال دەکرێت بۆمن زێڕەکەی نەبەم؟ حاڵەتەکە وای لێ دێت. دێتە سەر دەربازکردنی گیانی خۆی بەتەنها. ئێمە حیکایەتی ئەوەمـان بیستووە لەکۆڕەوەکەدا چەند کەس مناڵەکەی خۆی بەجێ هێشتووە بۆئەوەی خـۆی دەرباز بێت. لەعەملیاتی ئەنفالیشدا هەمان شت روویدا.

چـۆن؟ بـۆ نمـوونە بەڵـێن بەزۆر کەس درابـوو کەدەربـاز بکرێـت. جاشــەکان و سەرۆک جاشەکان بەتایبەت وەعدیان بەهەندێ خەڵک دابوو کەوەرن تەسلیم بـن ئەوان ژیانیان دەپارێزن. واتە پرسەکە پرسی مانەوە نەبوو لەشوێنی نیشتەجێی خـۆی کەلادێـکەی خـۆیەتی، پرسـی ئەوەنەبـوو کەمـن ئەسـڵەن لەسـەرچی دەردەکـرێم و دەگیـرێم؟ بەڵکـو پرسـی ئەوە بـوو کەمـن چـۆن رێگـا بـدۆزمەوە بـۆ خۆدەربـازکردن؟ لەمەدا جاش بەرپرسیارە کەئەوان خەڵکیان فریودا وتیـان وەرن تەسلیم بـن هیچتـان لـێ نـاکەن. واتە ئەوان رۆڵێکـی فریودەرانەیـان بینـی، نەیـان هێـشت خەڵـک رێـی چارەسـەر بـۆ خـۆی بـدۆزێتەوە بەس مـن پـێم خۆشـە شـتێک بڵـێم پرسـی جاشایەتی بۆئێمە پرسێکی گرنگە لەناوەوەی وڵات بۆ بیناکردنەوەی خۆمان، بۆپێداچوونەوەی زاتی کوردی کەڵکی لێ وەربگرین. نابێت ئێمە ئەوپرسی جاشایەتییە واگەورەبکەیـن لەئاسـتی نێودەوڵەتیـدا کەبڵێـین کـورد خـۆی ئەنفـالی کـردووە.تەنهـا لەبەرئەوەی جاشەکان کوردن. تۆ دەبێت لەنێو دەوڵەتیکردنی تراژیدیاکانی خۆتدا تەئکید لەسەر دوژمنەکەت بکەیتەوە بۆئەوەی خەڵک نەڵێت ئەم فەوزایە چییە؟ یەعنی مەسەلەکە وای لـێ بێـت کۆمەڵێـک کـورد چـوون کۆمەڵێـک کـوردی تریـان گـرت و کۆمەڵێـک کوردی تر هاوکاری کۆمەڵێکی تریان کرد. ئەم حیکایەتە رای گشتی دونیا ناتوانێ لێی تێبگات. لەبەرئەوە تۆلەئاستی نێودەوڵەتیدا تەئکید لەوانە بکەیتەوە کەبڕیاردەری پرۆسەی ئەنفالەکەن، واتە حکومەتی عێراق، لەناو خۆشدا هەقە لێپێچینەوەی زاتی خۆت بکەی، ئایا منی هاووڵاتی پاڵێوراو بووم کە رۆژێ لەرۆژان ببم بەجاش یان نەخێـر؟ دەبـێ ئەم پێـداچوونەوەیە بکەیـن بـۆئەوەی بینـای شەخـسیەتی کـوردی بکەیـنەوە. بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیـدا پێویـستە ئەم پرسـی ئەنفـالە وەک کـارێکی دوژمنی بێگانە کە بەرامبەر ئێمەی کردووە، نیشان بدەین

خـۆت دەزانـی هێرۆشـیما و ناکـازاکی لەسـەرچی رویـدا؟ لەسـەر ئەوە روویانـدا کەئیمبراتۆری ژاپۆن لەبەرەی وڵاتانی محوەردا بوو، واتە بەرەی تاوانکاری جەنگەکە. هەمـوو کـۆمەڵی نێـودەوڵەتی لەکـاتی جەنـگەکە دەیـان وت بەرەی ئـازادیخوازان

(هاوپەیمانەکان) و بەرەی شەڕمان هەیە (محوەر)، کەچی لەپرسی هێرۆشیماو ناکازاکی دا میللەتی ژاپۆن کەباسی ئەم تاوانە دەکەن باسی هەڵوێستی شەرخوازانەی ئیمبراتۆریەتی ژاپۆنی ناکەن کەحوکمی ئێستا درێژ بۆوەی ئەو ئیمبراتۆریەتەیە. نەمان بیستووە تائێستا کە میللەتی ژاپۆنی محاسەبەی ئیمبراتۆرەکان و سیاسەتمەدارەکانی خۆی بکات لەسەر هیرۆشیماو ناکازاکی. من گومانم لەوەنییە میللەتێکی وشیاری وەکو ژاپۆن کەتوانیویەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم خۆی بینا بکاتەوە بێگومان سیاسییەکانی خۆشی محاسبەکردووە لەسەر ئەوهەلومەرجە سیاسییەی کەوای کرد ئەوان بچنەبەرەی شەڕەوە و وای کرد تۆڵەسەندنەوەیەکی ئەمریکی بەوشێوەیە روویدا، کەڕوویدا بەڵام ئێمە هەمیشە لەپرسی هێرۆشیماو ناکازاکی چاومان لەیەک دوژمنە کەئەم کارەی ئەنجام داوە کەئەویش (ئەمریکییەکانن). لە تازەترین رووداوی قڕکردندا، یازدەی سیپتەمبەر، کەس باسی وردەکاری ئەوەناکات چۆن ئەم تیرۆریستانە هاتنە ناو فڕۆکەخانەکانەوە؟ ئایا رەشوەیان داوە یان چیان کردووە؟ ئێمە تەنها چاومان لەو دوژمنانەیە کە رۆژهەلاتین، ئیسلامیین و هاتوون رووداوی 11-ی ئەیلولیان قەوماندووە. نەتەوە وشیارەکان ئاوها لەگەڵ پرسە نەتەوەییەکانی خۆیاندا مامەڵە دەکەن. بەڵام دیسانەوە ئەوەگرنگە لەئاستی مەسەلەی جاشایەتی دا هەڵوەستە بکەین. ئەنفال ئەو پەرەسەندنەیە کە پرسی جاشایەتی لەکوردستان پێی گەیشت وەئەوکەسانەی کەجاش بوون و جاشایەتیان کردووە ئەتوانم بڵێم ئەوانیش کوڕی رەوشی داهێزراوی کۆمەڵگای کوردەواری بوون، چونکە ئەوان لەبازاڕەکان دەسوڕانەوەو دەموچاویان بۆخەڵک غەریب نەبوو. رەنگە لەباری سیاسییەوە خەڵک رقی لێیان دەبۆوە. بەڵام لەباری خزمایەتی و کەسایەتییەوە هەمیشە خەڵک مامەڵەی لەگەڵ کردوون، مەرحەبای کردوون، ئیدی بەم شێوەیە واتا ئێمە لەباری کۆمەڵایەتییەوە جاشمان رەت نەکردۆتەوە بەڵکو لەباری سیاسییەوە رقمان لێیان دەبۆوە ئەوەی کەگرنگە گفتوگۆی لەسەربکرێ ئەوەیە بۆچی کۆمەڵی کوردەواری بەو قەبارە جاش بەرهەم دەهێنێت؟ئەم شتەیە کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت پێش هەر تۆڵەسەندنەوەیکی شەخسی چونکە دواجار بزوتنەوەی سیاسیی موحتەرەم ئەو بزوتنەوەیە نییە کە بەقینی شەخسی، مامەڵە لەگەڵ ئینسانەکان دەکات، بەڵکو ئەو بزوتنەوەیەیە کەلێکۆڵینەوە لەئاستی دیاردەکان دەکات و ئەوشتانەی دەبێتە مایەی دەرکەوتنی دیاردەیەکی لەم بابەتە چارەسەر دەکات. کە دزییەک رووددەدات دادگا تاوانبار دەکاتە زیندانەوە و کێشەکە کۆتایی پێ دێت، بەڵام ئەرکی دەوڵەت و ئەرکی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوەیە لەوهەلومەرجانە بکۆڵنەوە کەبوونەتە مایەی دروستکردنی ئاوەها دزێک.

*** یەکەمین پرسیارمان ئەوەبوو چ پرسیارێک دەکەیت دواهەمین پرسیاریشمان چ شتێک هەیە بیڵێیت؟**

– من دەمەوێت شتێک بڵێم، هەمیشە لەناو تراژیدیاکان، لەناو گریاندا ساتێکی پێکەنین هەیە، ساتێکی گەشبینی هەیە. گەلێک جار ئینسان دەپرسێ بۆ حەزئەکات گوێی لە گۆرانییەکی غەمبار بێت لەکاتێکدا شتێکی خەماوی رووی نەداوە. مناڵێک کەلەدایک دەبێت دەگری، کەچی هەموو ئەندامانی ئەو خێزانەی کەمناڵەکەی دێتە دنیاوە پێ دەکەنن. یەکێک کەدەمرێ لەساتی مردندا رەنگە زەردەخەنەی لەسەر لێوبێت چونکە بەلانی کەمەوە ئەگەر بەمەفهومە دینیەکەش بێت رۆژی یەکەمی مردنی محاسەبە ناکرێ، کەچی هەرچی ئەندامانی خێزانەکەیەتی ساتەکانی حوزن دایان دەگرێت. من هەمیشە دەڵێم لەناو تراژیدیاکاندا تۆوی گەشبینییەک هەیە. رەنگە بۆ نەتەوە پرسی قڕکردن چەند ئازاری هەبێت ئەوەندە خۆشی لەحزەی زیندوو بوونەوەیەکی تریش بێت. وەک بڵێی ئەنفال، وەک بڵێی پرسی قڕکردنی کورد هەلومەرجێکی تازە بووبێ بۆ لەدایک بوونەوەی نەتەوەی کورد. من نازانم لەباری مەعنەوەیەوە لێکی بدەمەوە، بەڵام لەباری سیاسییەوە تەماشای بکەی پرسی ئەنفال کەروویدا وەک هەلومەرجێکی وەها هاتە پێشەوە بۆ کورد کەسەرلەنوێ زیندوو بێتەوە. نەتەوەی کورد بەسەر ئەو ئازارانەی کەروویاندا وازاڵ بێت. دەشبێ هەرزاڵ بێت گەرنا ئیمکانی نییە بژی. هەندێ جار بێعاری باشە. پێم وایە نەتەوەی کوردیش بەمانایەک لەماناکان (بێعارە). ئەم بێعارییە چۆن تەوزیف بکرێت لەحاڵەتی بێباکیەوە بیکەین بەحاڵەتی سووربوون و پێداگرتن. خۆی پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لەوشتانەی ئەتوانین بیکەینە دەسمایەیەک کەنەتەوەی کوردی پێ بەزیندوویی رابگرین و بیگەیەنینە مەنزڵگایەک وەک نەتەوە مافەکانی خۆی دابین بکات. واتا ئەنفال بکەین بەدەست مایە بۆ نەتەوەی کورد. بێگومان لەباری نەتەوەییەوە نەک کوردی سلێمانی یان هەولێر بەڵکو رەنگە کوردی تورکیا، کوردی کرماشانیش بتوانن ئیستفادە لەو دەستمایەیە وەربگرن و بڵێن ئێمە وامان لێ کراوە. ئەوانیش مافی خۆیانە کەڵک لەتراژیدیایەک بکەن کە لەنەتەوەی خۆیان قەوماوە، بەڵام لەوە نزیک تر کەسانێک هەن راستەوخۆ ئەم تراژیدیایە نەک تەنها لەباری نەتەوەیەوە بەڵکو لەباری خێزانییشەوە، لەبواری گوزەرانی و ژیانیشەوە زیانی پێ گەیاندوون و لێیان قەوماوە. من چاوەڕێم و ئومێدیشم وایە کەکاتی چنینەوەی دەسکەوتەکانی ئەنفال هات یەکەمین کەسانێک حەقیان بدرێتێ ئەوان بن. ئەخلاقی نەتەوەیی وادەخوازێ کەئەوان لەپێش هەموو کەسێکەوە، وەک کەسوکاری ئەنفالکراو، هاوکاری بکرێن ئەوان بێ گومان هەرچییەکیان بۆبکرێ ئازیزانیان بۆ ناگەڕێتەوە، بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمەن ئەو ئازیزانە وەک ئازیزی شەخصی ئەوان نامێننەوە و دەبن بەئازیزانی نەتەوە خۆی. بۆیە لەپێش هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە ئەوان تەئهیل بکرێنەوە بۆ ژیان داخڵی پرۆسەی ژیان بکرێنەوە. لەوپەراوێزەوە بخرێنەوە ناو ناوەندی ژیانی کوردەواری کەئێستا تیایدا دەژین. ئەورۆژەی کەسەرۆکی حکومەت چووە ئۆردوگای (شۆڕش) قسەی لەسەر ئەوەکرد کەحکومەتی

کوردی یەکەم حکومەتە قەرەبووی تاوانی قوربانییەکانی دەکاتەوە تەنانەت پێش وەرگرتنەوەی قەرەبوو لەدوژمنی تاوانکار. ئەم قەرەبووکردنەوەیە بۆئەوەنییە کەئەرکەکانمان لەباری نەتەوەییەوە فەرامۆش بکەین بەڵکو بۆئەوەیە کەژیانی خەڵکەکەی خۆمان لەسەرئەوە پەک نەخەین داخۆ کەی رژێم قەرەبوومان دەکاتەوە؟ من گوێم لەژنان بوو کەدەیان وت مەعاشمان ناوێت، کەسوکاری خۆمان دەوێتەوە، بێگومان ئەوژنەی ئەوقسەیەی کرد لەوانەیە دەساڵی تر بمرێ، بەڵام ئەوەی کەپێویستە نەمرێ ئەم قسەیەیە کە کەسوکاری خۆمان دەوێتەوە. بێگومان ناماندەنەوە، بەڵام ئەوەی کەداوای کەسوکارەکانی خۆمان بکەینەوە وادەکات کەس نەتوانێت جارێکی تر کەسوکاری تری ئێمە بەرێت. ئەم پێداگیرییە وادەکات جارێکی تر نەتوانن زەفەرمان پێ بەرن.

***رۆژنامەوان مەجید ساڵح ئەو دیدارەی سازکردووە.**